http://garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.165

# جینۆسایدی زمان
# زمانی کوردی بەنمونە

پ.ی. د. دارا حەمید محەمەد
کۆلێژی پەروەردە - زانکۆی گەرمیان

**پێشەکی :**

کۆمەڵکوژی (جینۆساید Genocide) یەکێکە لەسیما دیارەکانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی سەدەی بیستەم " کە زیاتر میللەتانی بندەستی کردووەتە ئامانج " ئەم تاوانە بەچەندین فۆرم و شێوازی جیاواز ئەنجامدراوە " قوربانی یەکەمی تاوانەکانی جینۆساید ژن و منداڵ و پیروپەککەوتوان بوون ئینجا تاوانەکان باڵیانکێشاوە بۆسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵی میللەتانی بن دەست .

لە ئێستادا جینۆساید سەرباری ئامانجی یەکەمی کە توانا مرۆییەکانی کۆمەڵگە ژێردەستەکانە "فراوان و فرەڕەهەندبووە بەشێوەیەک سەرجەم جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگە بن دەستەکان دەگریتەوە وەک جینۆسایدی( ژینگە " ئابوری " زمان " کلتور " شارستانییەت ....تد) . ئێمەش وەکو کورد سەرجەمی جۆر و شێوازەکانی جینۆسایدمان لەلایەن دەسەڵاتە یەکلەدوایەکەکان و داگیرکەرانی خاک و نیشتمانمانەوە بەرانبەر ئەنجامدراوە .

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەرووی جۆرێکی نوێ لە جینۆساید کە (جینۆسایدی زمان)ە "وێنەی ئەم جۆرەی جینۆساید لە مێژوودا هەن" بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە هەوڵەکانی دوژمنانی کوردە بۆ جینۆسایدکردنی زمانی کوردی و خۆڕاگری زمانی کوردییە لەئاست ئەو تاوانانەدا. بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی پەسنی شیکەرەوەیی و بەپێی پێویستیش ڕێبازی دایکرۆنی بەپەسەند زانرا " بۆ ئەو مەبەستەش توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بە سەر پێشەکییەک و دوو تەوەر بەم شێوەیە:

**تەوەری یەکەم :** باس لە جینۆساید وەک زاراوە و کورتەیەکی مێژوویی ئەو جۆرە تاوانە و جۆر و شیوازەکانی بەرانبەر بە زمان دەکات.

**تەوەری دووەم** تایبەتە بە جینۆسایدی زمان و ئەو یاسایانەی حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی عێراق بۆ لاوازکردن و دواتر لەناوبردنی زمانی کوردی دەریانکردووە.

**لە کۆتایشدا** ئەنجامەکانمان خۆستووەتەروو . دواتریش ئاماژەمان بۆ ئەو سەرچاوانەکردووە کە سوودمان لێوەرگرتوون.

**پاری یەکەم : جینۆساید وەک زاراوە**

جینۆساید وەک زاراوە لە دوو بەش پێکدێت "Genose ) وشەیەکی گریکییەو بەمانای رەگەز دێت Caeder وشەیەکی لاتینییە و بەمانای لەناوبردن دێت " لە هەر دوو وشەکەش وشەیەکی لیکدراو پیکهاتووە (Genocide)کە مانای کۆمەڵکوژی دەگەیەنێت (.Mish, Fredrick .2004 )بەم شێوەیەش جینۆسایدی زمان واتە لەناوبردن و کۆمەڵکوژی زمانەکانە"

بەو پێیەی زمان لە گرنگترین پایەکانی چییەتی مرۆڤە " ستراکچەری کۆمەڵی مرۆڤایەتی دوای گەلاڵەبوون و بونیادی زمان فەراهەمبوو " (زۆربەی شێوەکانی چالاکی مرۆیی پشتبەستوو دەبێت بە هاوئاهەنگی دووکەس دووگروپ یان زیاتر " زمانی هاوبەش کارئاسانی زیاتر بۆ بەرهەمهێنان و کاری زیاترفەراهەم دەکات " (**د. دارا جمید و د. محمد زەهاوی"** 2015.:228)هەر ئەمەش بۆخۆی هۆکارێک دەبێت بۆ ململانێی زمانەکان و هەوڵی زمانێک بۆ زاڵبوون بەسەر زمانەکانی دەوروبەری و بوونی بە زمانی سەردەست دێنێتە ئاراوە .

ململانێی زمانەکان لە کۆنەوە تائەمرۆ " لەوەتەی زمان پەیدابووە و کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێکهاتووە " بوونی هەیە ئەو ململانێیە زۆر جار گەیشتۆتە ئاستێک کە زمانیک یان چەند زمانێک لەناوچوون و مردون یان لەناو زمانیتردا تواونەتەوە " ململانێی زمان شێواز و جۆری زۆری هەن.

تایبەت بە ململانێی زمانەکان پێویستە ئاماژە بۆئەوە بکەین " کە خودی زمانەکان لەگەشە و گۆڕاندان و ئەوەش سروشتی زمانەکانە " زمانیش گەر لەشوێنی خۆی وەستا ئەوا لە مردن نزیک دەبێتەوە ( **لویس جان "** 2012 : 8 ) . گۆڕانیش مەرج نییە هەرِەشە بۆسەر زمان دروست بکات " هاوکات دووریش نییە لەهەرِەشەبۆسەرزمان و لەناوبردنی زمان گەر سیستماتیک نەبێت " هۆکارگەلیکی زۆر هەن دەبنە مایەی گۆڕان لەزماندا " لەوانە :( رامیاری " ئابووری " کۆمەلآیەتی . جوگرافی " ئاینی " رۆشنبیری ...تد) (**ئازاد عزیز "** 2014 : 27 ) " ململانێی نێوان زمانەکانیش یەکێکە لەهۆکارە سەرەکییەکانی گۆڕان لە زمانەکاندا " . چونکە زمان بەشێکە لەو ژینگەی تیدا بەکاردەهێنرێت هەر گۆرانکارییەک لەو ژینگەدا رووبدات راستەوخۆ لە زماندا رەنگدەداتەوە . بۆنمونە گۆڕان لە ئاستی وشەدا (لەئەنجامی هێرشی هیزێکی پەلاماردەردا دێتەئاراوە " یان لەئەنجامی بەپیرەوەهاتنی ئارەزوویەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان ) ( **لویس جان "** 2012 : 231 ).

لەپرۆسەی گۆڕان لە زماندا چەند راستییەک هەن پێویستە لەبەرچاو بگیرێن و لەبیرنەکرێن :

**1-** گۆڕان بەشێکە لە هەلکەوتی زمان " هەربۆیە هەموو زمانانی جیهان بەبەردەوامی لەگۆڕاندان و هیچ هێزێکیش نییە بتوانێت رێگریبکات لەرووودانی گۆڕانی زمان

گۆڕان لە زماندا بەپێی سستم و دەستوور روودەدات " بۆیە مەرج نییە ببێتە مایەی هەرەشە بۆسەر زمان (**محمد معروف فتاح "** 1990 : 160) .

سەرباری ئەو راستییانە کە دیاردەی ئاسایین لە گۆڕانی زماندا بەڵام هۆکارەکانی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ..تد رۆڵی دیاریان لە گۆرانی زماندا هەیە (هەر زمانێک جوگرافیای تایبەتی بەخۆی هەیە" (**هۆگر محمود"**2012: 129) سروشتی جوگرافی بۆ ژینگەی زمان کاریگەرییەکی گەورەی هەیە بۆ جۆری گۆڕان لە زماندا بەتایبەتی لە زمانە جیاوازە دراوسێکاندا .(**ئازاد عزیز:**2014: 27).

وەنەبێ باسی گۆڕان لە زماندا نوێبێت بەڵکو زانا و فەیلەسوفە کۆنەکان باسیان لێوەکردوە" بۆ نمونە پانینی و فەیلەسوفە هیندییەکان زیاتر لە چوار سەدە پێش زاین باسی گۆڕانیان لەهەردوو ئاستی دەنگ و وشەداکردووە . ئینجا فەیلەسوفە گریکی و بەدوایانیشدا رۆمانەکان و باسی گۆڕان لە قوتابخانە زمانییە عارەبییەکانیشداکراوە و شوینی دیاری هەبووە " بەتایبەتی قوتابخانەی بەسرە و کوفە " لەسەدەی هەژدەهەمیشدا یاکۆب گریم بەوردی باسی لە گۆرانی دەنگەکانکرد و چەند یاسایەکی گۆڕانی دەنگی دۆزیوەتەوە " کە دواتر بەیاساکانی گریم ناسران (**. دارا حمید "** 2010 : 29 ) .

هەندێک لە هۆکارەکانی گۆڕان لە زماندا لە ئەنجامی ململانێی زمانەکانەوە دەبێت وەک هۆکاری سیاسی (زۆرجار لەئەنجامی ململانێی سیاسی نێوان گروپەکان " یان شەڕ و داگیرکاریەوە زمانان تێکەڵدەبن و کاریگەرییان لەسەر یەکتر دەبێت " (**علی عبدالواحد "**2009: 247). هەندێ جار ململانێی نێوان زمانەکان جا بەهۆکاری سیاسی بێت یان ئاینی یان هەرکارێکیتر دەبێتە مایەی لەناو چوونی زمانێک یان زیاتر" ئەمە لە ململانێ سیاسی و ئاینییەکاندا زیاتر روودەدات چونکە هێزی دەسەڵاتدار و براوە لەو ململانێیانەدا بە هەموو شێوازێک هەوڵی سیڕینەوەی زمانانی بن دەستی خۆی دەدات " ئەمە بۆخۆی لەئەمڕۆدا دەچێتە قاڵبی جینۆسایدی زمانەوە .

لەمێژوودا لەئەنجامی ململانێی نێوان زمانەکان بە هەر هۆکارێک بووبیت زمانگەلیک لەناوچوون بۆنمونە :

1- بەکەم زانینی زمان لەلایەن خودی خاوەن زمان و قسەپیکەرانییەوە هۆکارێکی کوشندەیە بۆ لەناوچوون و لەناوبردنی زمان " " بەداخەوە ئەم دیاردە کوشندەیە ئاشکرا لە لایەن بەشێک لە کورد زمانانەوە بەدیدەکرێت " کە پێویستە زۆر بەتوندی و بەهەموو شێوازێک رووبەڕووی بوەستینەوە .

2- لەناوبردنی زمانێک یان تواندنەوەی زمانێک لەناو زمانیکیتردا لەئەنجامی دەسەڵاتداری زمانی سەردەست (**لویس جان** " 2012 : 140 ) . پەیوەست بەم خاڵە " ئەگەر سەیری زمانی قیبتی و کەنعانی " فینیقی " سریانی ...تد بکەین ئەوا ئاشکرا ئەو راستییەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ململانێی زمان چۆن دەبێتە هۆی لاوازبوون و دواتر لەناوچون و کوشتنی زمان .

3- توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە لە ئێستادا هەر دوو هەفتە جارێک زمانێک دەمرێت " هۆکارەکەشی خودی مرۆڤە واتە مردنی زمان یان کوشتنی زمان بەهەر هۆکارێک لەو هۆکارانە بێت " کە پێشتر ئامەژەمان بۆکرد لە کردەی مرۆڤ بەدەر نییە " بەمەش جینۆسایدی زمانەکان دروستکراوی مرۆڤن گەرچی هۆکارەکان جیاوازبن ( Crystal,D,2010 : 126) .

4- هۆکاری سیاسی و داگیرکاری رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە لەناوچوون و کوشتنی زماناندا " چونکە ئاشکرایە " گروپە سەردەستەکان هەوڵی راماڵینی زمانە بن دەستەکان دەدەن و زمانی خۆیانیان بەسەردا دەسەپێنن " بۆ نموونە لە سییەکانی سەدەی رابردوو زیاتر لە نیو ملیۆن کۆری گواسترانەوە بۆ سۆڤییەت و زمانەکەی خۆیان لێقەدەغەکرا ئێستا زمانی کۆری بەلای ئەوانەوە نامۆیە (**بیرنارد کامریێ** " 2007 : 102 ) . لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دەسەڵاتدارانی عوسمانی ژمارەکی زۆری کوردانی باکوریان گواستەوە بۆ وڵاتانی لیبیا و جەزایر، هەرچەندە بەشێکیان گەڕانەوە بەڵام زۆریان تا ئێستا لەو وڵاتانە دەژین و زمانی کوردی بەلایانەوە زمانێکی نامۆیە .

بەمەش دەردەکەوێت ، هەرچەندە هۆکارەکانی هەڕەشەی سەرزمان جیاوازبن " وەک هۆکاری سیاسی" کۆمەڵایەتی" ئابووری " جوگرافی " ئەدەبی " رۆشنبیری " تەکنۆلۆژی " بەڵام دەرئەنجامەکان یەکن " ئەوەش جینۆسایدی زمان و لەناوچوون و لەناوبردنی زمانەکانە " کە ئەمرۆ لەهەر کات زیاتر تەشەنەیکردووە " و توێژینەوەکان ئەوە دەخەنەروو کە تا نیوەی دووەمی سەدەی بیست و یەک نیوەی زمانانی جیهان لەناو دەچن .

## پاری دووەم : جینۆسایدی زمانی کوردی

لێكدانەوە و تێڕوانینەكان بۆ زمان بەپێی تیۆریی و گریمانەكان جیاوازن " دیارترین پێناسەیان ئەوەیە " زمان پێناسی نەتەوەیە بەتایبەتی بۆ نەتەوە ژێر دەستەكان" هەر ئەم راستییە وا لە نەتەوە بن دەست و بێدەوڵەتەكان دەخوازێت " كە خاوەنی ستراتیژێكی زمانی و پلان و سیاسەتێكی زمانی وردبن " بۆئەوەی زمانەكانیان لە جینۆساید و لە لەناوبردن بپارێزن ، هاوكات ئاسایشی نەتەوەییشیان لە هەڕەشە بەدوور بێت چوون ئاسایشی زمان بەشێكە لە ئاسایشی نەتەوەیی (**قەیس كاكل** "2007 : 7 ).

پەیوەست بە زمانی كوردی ئەوا زۆر لە مێژە دوژمنانی كورد هەوڵی لاوازكردن و لەناوبردن یان ئاستەنگدروستكردن لە گەشەكردنیان داوە " هەر بۆیە شاعیرێكی وەك ئەحمەدی خانی (1650-1707) ئاماژە بەوە دەكات " كە زمانی كوردی هیچی لە زمانانی دونیا كەمتر نییەو دەڵێت " من رێچكە دەشكێنم و بە كوردی دەنووسم تاكو میللەتان نەڵێن كورد خاوەنی زمان و ئەدەب و مەعریفە نییە . وەك لەم شیعرەیدا دەڵێت :

خانی ژ كەمالێ بێ كەمالی
مەیدانا كەمالێ دیتی خالی
یەعنی نە ژ قابیل و خەبیری
بەلكی ب تەعەسوب و عەشیری
حاسل ژ عیناد ئەگەر ژ بیداد
ئەڤ بیدهەتەكر خیلافی موعتاد
سافی شەمراند ڤەخواری دوردی
مانەندێ دەری لیسانێ كوردی
ئینانە نیزام و ئینتیزامێ
كێشایە جەفا ژ بۆ عەیامێ
دا خەلق نەبێژن كو ئەكراد
بێ مەعریفەتن بێ ئەسل و بنیاد
ئەنواعی میلەل خودان كتێبن
كرمانج تنێ د بێ حسێبن

**وەرگیراوە "لە مارف خەزنەدار"** 2002 : 348

دیسانەوە وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو کەس و لایەن و دەسەڵاتانەی زمانی کوردییان بە کەم زانییوە و بە زمانی ئەدەب و زانستیان نەزانیوە " حەزرەتی نالی فەرموویەتی :

تەبعی شەکەر باری من کوردی ئینشا ئەکا
ئیمتحانی خۆیە مەقسودی لە عەمدا وائەکا
کەس بە ئەلفازم نەڵی خۆ کردییە خۆ کوردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا ئەکا

**دیوانی نالی ل**106

ئەم دەقانە بەڵگەی ئەوەن " هەوڵی دژایەتیکردنی زمانی کوردی کۆنە " زۆر لە مێژە زمانی کوردی دراوەتە بەر نەشتەری دوژمنان بەڵام بتەوەی زمانەکە لەلایەک و پابەندبوونی کورد بە زمانەکەیانەوە وەک پیێناس بۆ ئەم میللەتە لەلایەکیترەوە وایکردووە " زمانەکەمان پارێزراو بیت .

دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دابەشکردنی زمانی کوردی بەسەر هەرچوار وڵاتی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریادا " زمانی کوردی تووشی دڕندانەترین جۆری جینۆسایدبویەوە " چ بە زەبروزەنگ چ بەیاسا و بەفەرمی ئەم زمانە لەو وڵاتانە قەدەغەکرا یان دژایەتی تەواو دەکرا . پەیوەست بەتوێژینەوەکەی ئێمەوە ئەوا تیشک دەخەینە سەر هەندێ لەو یاسایانەی کە لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە بۆ دژایەتیکردنی زمانی کوردی دەرکراون (**نەریمان خۆشناو** "2013 : 230 ) .

1- لە دوای پەسەندکردنی یەکەم دەستووری عێراقی لەساڵی 1925 بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بە زمانی کوردی نەکراوە . مادەی 17 ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زمانی عارەبی زمانی فەرمی وڵاتە بێ ئاماژەکردن بۆ هیچ زمانێکیتر ئەمە بۆخۆی گەورەترین هەڕەشەبوو بۆسەرزمانی کوردی ئاسایشی زمانی کوردی ئینجا ئاسایشی نەتەوەییمان . " کە وێڕای چەند جار داواکاری نوێنەرانی کورد لەبەغدا بۆ بەفەرمی ناساندنی زمانی کوردی بەڵام لەماوەی 1921 تا 1930 حکومەتی بەغدا هیچ هەنگاویکی ئەوتۆی نەنا بەرەو دانان بە زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە عێراقدا (**نەریمان خۆشناو** "2013 : 231 ) هەنگاوی یەکەمی جینۆسایدکردنی زمانی کوردی لە عێراقی دوای دەوڵەتی عوسمانی لەو دەستوورەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ترسناکترین قۆناغەکان لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم .

-2 دوای ئەوەی کە عێراق لە ساڵی 1932 داوایکرد ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان " داوا لەدەوڵەتی عێراقکرا " دان بە مافی نەتەوەکانیتری عێراقدا بنێت " لەئەنجامدا عێراق زمانی کوردی بە زمانێکی فەرمی ناساند (**محسن محمد** "2001 : 118 ) .

-3 لەدوای شۆڕشی 1958 لە یەکەم دەستووری کۆماری عێراقدا دان بە زمانی کوردیدا نرا و کوردیش وەک نەتەوەیەک بەهاوبەش لە عێراقدا هاتە ناساندن " بەڵام دواتر و دوای کودەتای 1963 و دووبارە نووسینەوەی دەستووری عێراق بەهیچ شێوەیەک باسی هەژمارکردنی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لە عێراقدا نەکرا .

-4 هەرچەندە دوای شۆڕشی تەمووزی 1968 و نووسینەوەی دەستوری نوێ کورد لە مافەکانی بێبەشکرا بەڵام سووربونی کورد و حزب و رێکخراوەکانی ئەو سەردەمە دەسەڵاتی نوێی عێراقی لە 1969 ناچارکرد دان بە مافەکانی کورد و زمانی کوردیدا بنیت و کورد چەند دەسکەوتێکی باشی هەبوو وەک خوێندن بە زمانی کوردی و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ...تد (**نەریمان خۆشناو** "2013 : 255 ) .

-5 لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرەتایەکی باش بۆ زمانی کوردی لە باشوری کوردستان لە ساڵی 1969 ەوە دەستپێدەکات بەڵام دواجار هەر سەرانی ئەو شۆڕشە گەورەترین مەترسی و هەڕەشەیان بۆ سەر زمانی کوردی و نەتەوەی کورد دروستکرد " بەتایبەتی لە ساڵانی هەشتا (بڕوانە بەڵگەنامەکانی ژمارە 2، 3،4)

-6 بەپێی دووبریاری حکومەتی بەعس پلانی لەناوبردنی تەواوی زمانی کوردی داڕێژرابوو " پلانەکەش بەشێوەیەک بوو کەسەرەتا دەست بەلاوازکردنی زمانی کوردی بکرێت وەک لەبڕیاری ژمارە (71) ی 1989/3/18 دا هاتووە هەوڵبدرێت لەنیوان ساڵانی 1989-1990 رێژەی لە 70% ی زمانی کوردی لەناوببرێت و لە ساڵانی 1990–1991 زمانی کوردی بەتەواوەتی لەناوببرێت و بسردرێتەوە. ( **بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە** (3) . ئاشکرایشە سڕینەوەی زمان واتە لەناوچوونی نەتەوە وەک چۆن چەندین نەتەوەی جیا لە عەرەب بەهۆی داگیرکاری و لەناوچوونی زمانەکەیانەوە لەناوچوون و خۆیان بوون بەعەرەب و زمانەکەشیان بوو بە عەرەبی .(**د. دارا حمید** "2015 : )

-7 دیارە ئەو بڕیارانە هەمووی لەپیناو لاوازکردنی زمانی کوردی بووەو هەوڵی دوژمنانبووە بۆ جینۆسایدکردنی زمانی کوردی " بەڵام ئەوەی جێێ سەرنج و تێبنییە کە دوای ڕاپەرینی 1991 و دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و حکومەت ئەفسوس زمانی کوردی لەئەنجامی کەم

شارەزایی دەسەڵاتی كوردی تووشی كێشە و گرفتبووە و تەنانەت ئەو هەرەشانەی حكومەتە یەكلەدوایەكەكانی عێراق بۆسەر زمانی كوردی دروستیانكردوە تا ئەمرۆش درێژەی هەیە .

8- یەكێك لەهەڕەشە گەورە و پڕ مەترسییەكان بۆسەر زمان هاندانی زارەكانی و دروستكردنی ململانییە لەنێوان زارەكانیدا " گرنگیدان بەزار لەسەربنەمایەكی سیاسی یان ناوچەگەرێتی مەترسی گەورە بۆسەر زمان دروست دەكات. لەمڕووەوە بەداخەوە حكومەتی هەرێم زۆر كەمتەرخەمانە كاریكردووە.(**كامیار سابیر** ،2010: 89) ئەوەتا وەك لە (بەڵگەنامەكانی ژمارە 5، 6) دا هاتووە راشكاوانە هاندانی زارەكان بەدیدەكرێت " ئەمە دەرئەنجامی تێنەگەیشتنە لە ماهییەتی زمان و نەبوونی سیاسەتی زمان و پلانی زمانە " كە بەداخەوە مەترسییەكی گەورە بۆسەر زمانەكەمان دروست دەكات و دواتر جینۆسایدی زمانەكەمانی بەدەستی خۆمان لێیدەكەویتەوە .

9- یەكێك لەو هەنگاوانەی دوژمنانی كورد زۆر بەوردی كاریان لەسەركردووە " بەكەم زانینی زمانی كوردی و دابڕینی منداڵانی كوردە لە زمانەكەیان هەر بۆیە دەبینین هاندانی خوێندن بە زمانی عارەبی زۆر بەوردی و بەچەندین شێوە كاری لەسەركراوە هەروەها تەرحیل و دەركردن و دوورخستنەوەی مامۆستایانی كورد ...تد بەشێك بووە لەو تاوانە وەك لە بەڵگەنامەكانی ژمارە(1-2 ) دیارە ئەوەی جێی نیگەرانییە ئێستا و لەسایەی دەسەڵاتێكی كوردی خۆماڵیدا ئەوە بەپلانێكی ستراتیجی دادەنرێت و وەزارەتی پەروەردە لەو جۆرە بڕیارانەی دەركردووە .

### پاراستنی زمان لە جینۆساید

1- بەستانداردكردنی زمانی كوردی هەنگاوێكی گرنگی پاراستنی زمانەكەمانە لە لەناوچوون و بەهێزبوون و پتەوبوونی زمانی كوردییە لە هەر رووبەرووبونەوەیەك و دژایەتیكردنێك .

2- پێڕەوكردنی سیاسەتی زمان و پلانی زمان و دواتر دانانی یاسای زمان لەبەر رۆشنایی ئەو پلانەدا بەشێوەیەك خزمەت بە زمانی كوردی بكات .(**ئازاد عزیز**" 2014 : 19) .

3- هەڵوەشاندنەوەی هەربڕیارێك كە لە دژی زمانی كوردی بێت و بایەخی زیاتر بدرێت بە زمانەكەمان لە بوارەكانی پەروەردە و فێركردن و خوێندنی باڵا .

4- بایەخدان بە وەرگێڕان بۆ زمانی كوردی و لە زمانی كوردیشەوە بۆ زمانانیتر (**ئەمین موتابچی**"2012: 54) هەروەها وەرگێرانی كتێب و سەرچاوەی زانستی بۆسەر زمانی كوردی بە شێوەیەكی گشتی و ئەو سەرچاوانەی كە لە پرۆگرامەكانی خوێندنی باڵا پێویستن بەتایبەتی .

5- کردنەوەی سەنتەری تایبەت بە خزمەتکردنی زمانی کوردی هاوشێوەی سەنتەرەکانی زمان لە وڵاتانی دراوسێ و هەرێمیی و نێودەوڵەتیش ، کە ئەرکیان گەشەپێدان و خزمەتکردنی زمانەکەیانە .

6- توێژینەوەی زیاتر بکرێت لە وشە و لە زاراوە و یاسا سینتاکسییەکانی زارەکانی زمانی کوردی بەمەبەستی سود لێوەرگرتنیان لە پرۆسەی بە ستانداردکردنی زمانی کوردیدا .

7- بەخورتیکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە نووسینی تابلۆی ڕێگاوبان و شوێنکارەکان ....تد چونکە هەموو کاتێک خەڵکی ناوخۆیی و بیانی دەیانبینن و دەیانخوێننەوە .

8- بایەخدانی زیاتر بە ئەکادیمیای کوردی وەک ناوەندیکی فەرمی بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی " بەمەبەستی کۆکردنەوەی پسپۆرانی زمانی کوردی و بیرو ڕا گۆڕینەوە و توێژینەوە ئەنجام دان و بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی تایبەت بە زمانی کوردی .

9- سوود وەرگرتن لە ئەزموونی میللەتان لە خزمەتکردنی زمانانی خۆیان " لەرێی بونیادنانی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ سەنتەر و ناوەندە ئەکادیمییەبالاکانی میللەتانی پێشکەوتوو خاوەنی زمانی ستاندارد و زمانی باڵا .

10-بایەخدانی زیاتر بە زمانی کوردی لە راگەیاندن و میدیاکانی کوردی بەهەموو جۆر و چەشنەکانییەوە بینراو " بیستراو . نووسراو ..تد

11-جەختکردنەوە لەسەر خوێندنی بابەتی زمانی کوردی لەو وڵاتانەی رەوەندی کوردییان هەیە " وەک ماف]کی منداڵانی کورد لەو وڵاتانە و ناساندنی زمانی کوردیشە لەو وڵاتانەدا ، بێگومان ئەمەش بەمەرجی پێڕەوکردنی شێوازی زانستی لە خوێندن بە زمانی دایک و زمانی بیانی لە وڵاتاندا دەبێت . بۆزیاتر بروانە(**ئەبوبەکرعومەر** "2012 : 323 ).

12-هەر پەیوەست بە خاڵی 11 پێویستە خوولی فێربوونی زمانی کوردی بۆ ئەو بیانیانە بکرێتەوە کە بە مەبەستی خوێندن یان وانەوتنەوە یان نیشتەجێبوون دێنە کوردستان . فێربوونی زمانی کوردی بۆ ئەو بیانیانە بەپێی یاسا ڕێکبخرێت و بە خورتی بێت .

13-پاراستنی دەستنووس و بەرهەمی کوردی کۆنی شاعیران و نووسەران وەک سامانیکی نەتەوەیی پڕ بەها" و بەڵگەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتی زمانی کوردی (**ئەمین موتابچی**"2012: 54).

**ئەنجامەكان :**

1- هەڕەشەكان بۆ سەرزمانی كوردی لەلایەن دوژمنانەوە بەمەبەستی لاوازكردن و لەناوبردنی ئەم زمانە بەردەامی هەیە " بۆ گەیشتن بەو ئامانجەیان شێوازی جۆراوجۆر هەر لە بەكارهێنانی هێز و بەپێی یاسا بەكار دەهێنن .

2- بۆ ڕێگریكردن لە جینۆسایدی زمانی كوردی پێویستە بایەخێكی زۆر بەم لایەنانە بدرێت :

ا- پلانی زمان و سیاسەتی زمان وەک زەمینە خۆشكردن بۆ دەركردنی یاسای زمان

ب- بەستانداردكردنی زمانی كوردی " وەک بناغەی پاراستنی زمانەكەمان .

ت- كردنەوەی سەنتەر و ناوەندی تایبەت بە توێژینەوە و خزمەتكردن و گەشەپێدانی زمانی كوردی .

3- چەند بڕیارێک لە لایەن وەزارەتەكانی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە دەركراوە " بەهیچ شێوەیەک خزمەت بە زمانی كوردی ناكەن " بەڵكو زیانێكی زۆریش بە زمانەكەمان دەگەیەنن " بۆیە پێویستە داوابكرێت سەرجەمی ئەو بڕیارانە هەڵبوەشێنرێنەوە .

4- داوا بكرێت زانكۆكان بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان وەک وەزارەتی پەروەردە " وەزارەتی رۆشنبیری " ریكخراوەكانی پەیوەندیدار ساڵانە كۆنفرانسی تایبەت بە زمانی كوردی رێكبخەن وتوێژینەوەی پێویست لە بوارەجیاجیاكانی زمانەوانی و گەشەپێدان و پێشخستنی زمانی كوردی ئەنجام بدەن .

5- راگەیاندن بە هەموو جۆرەكانییەوە رۆڵی بەرچاوی هەیە لە ناساندنی زماناندا " بۆیە دەبێت بایەخ بە زمانی راگەیاندنی كوردی بدرێت وەک شێوازیک بۆپاراستن و  بە جیهان ناساندنی زمانەكەمان .

6- وەرگێڕان لە زمانی كوردی و بۆزمانی كوردی هەنگاوێكە بۆ ناساندن و پاراستنی زمانی كوردی و ئاشناكردنی میللەتانە بە زمانەكەمان . پێویستە وەرگێڕان بەپێی بنەما و مەرجە زانستییەكان بێت " بەداخەوە لەئەمڕۆدا هەندێ وەرگێڕانی هەڕەمەكی دەبینین " كە نەخزمەت بە زمان دەكات و نە بەخوێنەر و نە بە ئاستی مەعریفی.

**سەرچاوەکان:**


1- ئازاد عزیز سلێمان "2014 "ململانێی زمان " نامەی ماستەر" ز. سەلاحەددین" کۆلێژی پەروەردە" هەولێر.

2- ئەمین موتابچی "2012" لەپێناو زمانێکی کوردی یەکگرتووی پوختە "، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کورد.

3- ئەبوبەکر عومەر "2012 " کورداندنی زانستەکان. توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ،هەولێر .

4- بێرنارد کەمریێ و...تد ،2007 ، زمان ، وەرگێرانی، کامیل محمد قەرەداخی، سلێمانی .

5- تاریق جامباز 2012، یاسای زمان ناسنامەی نەتەوە دەپاریزێت .. ، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ،هەولێر .

6- دارا حمید محمد "2010 " واتاسازی " هەندێ لایەن لە سیمانتیک و پراگماتیک " سلێمانی

7- د. دارا حمید محمد ، 2016 ،. زمانی کوردی لەنێوان سیاسەتی زمان وثلانی زماندا . گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ذمارە 53 ،

8- د. قەیس کاکل ، 2007 ، ئاسایشی نەتەوەیی و ثلانی زمان ، هەولێر.

9- کامیار سابیر ، 2010 ، ئەنسرۆپۆلۆژیای زمانی کوردی " سلێمانی .

10-لویس جان کالفی ،2012 ، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی ، و. بەهادین جەلال، هەولێر .

11-د. مارف خەزنەدار "2002 "مێژووی ئەدەبی کوردی" دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس" هەولێر

12-د. محمد زەهاوی و د. دارا حمید" 2015 " زمان و بیر " گۆڤاری الاستاد ژ " بەغدا

13-مەلاعبدالکریمی مودەریس و فاتح مەلا کەریم ،1976 ، دیوانی نالی ، بەغدا

14-د. محمد معروف فتاح ،1990، زمانەوانی ، هەولێر

15-د. نەریمان عەبدوڵاخۆشناو ،2013 ، زمانی ستانداردی کوردی ، هەولێر .

16-د. هۆگر محمود فرج " 2012 " چەردەیەک دەنگ و مۆرفیم و وشەی جودابیخواز لەنێوان کرمانجی باکور و ناوەڕاستدا " توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی " هەولێر .

17-علی عبدالواحد وافی " 2009 " علم اللغه " مصر للطباعة والنشر " اسکندریه

18-محسن محمد المتولی "2001 " کرد العراق منذ الحرب العالمیه الاولی 1914 حتی سقوط الملکیه فی العراق 1958 .بیروت لبنان

**19-** Crystal , D,( 2010), Allttle Book of Language , First published, Yale. University prees.

**20-** Mish, Fredrick C. ed. Merriam Webster's Collegiate Dictionary. 11th edition. Massachusetts: Merriam Websters, Incorporated . 2004

**بەڵگەنامەی ژمارە 1**



قرارات مجلس قيادة الثورة

رقم القرار : ٦٣٢

تاريخ القرار : ٧/ربيع الاول/١٤١٠ هـ

٧/١٠/١٩٨٩ م

استنادا الى احكام الفقرة ( أ ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور .

قرر مجلس قيادة الثورة ما يلي :ـ

اولا ـ لا يعتبر الطالب راسبا في مادة اللغة الكردية في المدارس المشمولة بتدريسها اذا لم يحصل على درجة النجاح المقررة لها .

ثانيا ـ لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار .

ثالثا ـ يعمل بهذا القرار ابتداء من السنة الدراسية ١٩٨٩ ـ ١٩٩٠ ، ولوزير التربية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذه .

صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة

قية ـ العدد ٣٢٧٨ ٦٤٥ ١٩٨٩/١٠/٢٣

**سەرچاوەی بەڵگەنامە (نەریمان خۆشناو ،2013 : 510)**

**بەڵگەنامەی ژمارە 2**



جمهورية العراق

وزارة الداخلية
الشؤون الامنية

العدد/ ٧٢٤٥
التاريخ/٢/٧/٢٠٠٠م

الى / محافظة التاميم / ك خ
م / تعليمات رقم /١٤/م/٦٥٤

بناء على ما جاء بتوجيهات ديوان الرئاسة المرقم ٨٤٦٩ في ٧/٦/٢٠٠٠ والمبلغ الينا كتاب مجلس الوزراء هيئة التخطيط المرقم ٦٤٢١ / ش ق في ٨/٦/٢٠٠٠.
وبعد دراسة الخطة السنوية لتطهير مدينة كركوك من العرق الدخيل فقد اصدرنا التعليمات التالية:
أولاً: المباشرة بترحيل المواطنين الغير العرب في الاقضية والنواحي والقرى التابعة لمحافظة التاميم على ضوء التوجيهات الخاصة والاسباب الموجبة لذلك.
ثانياً: يخول المواطنين المشمولين بالترحيل من التوجه الى محافظة الرمادي (الانبار) او المحافظات الشمالية (السليمانية) فقط.
ثالثاً: المرحلون الذين يختارون محافظة الانبار يسمح لهم بنقل جميع اثاث بيتهم وحتى الاجهزة الكهربائية، ومصادرتها للمتوجهين الى منطقة الحكم الذاتي.
رابعاً: ايقاف ترحيل المواطنين التركمان لاسباب عدم تصحيح قومياتهم وحتى اشعار اخر وبذل الجهود لارغامهم على تغير قومياتهم.
خامساً: ينفذ التعليمات اعلاه اعتبارا من ١٥/٧/٢٠٠٠.

موقع الفريق الركن
سعدون علوان المصلح
و/ وزارة الداخلية للشؤون الامنية

نسخة منه الى/
١- مجلس الوزراء هيئة التخطيط كتابكم المرقم ٦٤٢١ / ش ق في ١٨/٦/٢٠٠٠.
٢- ش ح س / الوزارة للحفظ
٣- مديرية الامن العامة للعلم والاطلاع

سەرچاوەی بەڵگەنامە (ئازاد عزیز ، 2014 : 148)

## بەڵگەنامەی ژمارە 3


حزب البعث العربي الاشتراكي
القطر العراقي
قيادة مكتب تنظيم الشمال

أمة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة

العدد / ٧١ /
التاريخ / ١١ / شعبان / ١٤٠٩ هـ
المصادف ٢٨ / ٢ / ١٩٨٩ م

سەرچاوەی بەڵگەنامە (نەریمان خۆشناو 2013 : 509 )

**بەڵگەنامەی ژمارە 4**

(٤)

بسم الله الرحمن الرحيم

حزب البعث العربي الاشتراكي
قطر العراق
تنظيمات محافظتي التأميم والسليمانية

سري وشخصي

امة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة

١٦٤/٥

٩ شعبان ١٤١٤ هـ
٢١/١/١٩٩٤ م

تحية رفاقية

الى / لجنة الشمال ـ السكرتارية

الموضوع : نقل معلمين ومدرسين وموظفين

اولا ـ اعلمتنا قيادة فرع التأميم ان وزارة التربية وجهت كتابها المرقم س/١٩ في ٨/١/١٩٩٤ المعطوف على كتابكم ٢٩/٢٤ في ٤/١/١٩٩٤ الذي تقرر بموجبه نقل ١٠٦ مدرس ومدرسة و ١٥٩ معلم ومعلمة و ١٥ موظفا و ١٤٦ موظف خدمي (حارس وفراش) الى خارج محافظة التأميم وهؤلاء جميعا من القومية الكردية ، وقد اصدرت الوزارة اعلاه تعليمات بصدد التنفيذ وكما يلي :ـ

١ . يتم البدء بتنفيذ النقل بالنسبة للموظفين من ديوان المديرية العامة لتربية التأميم بعد العطلة الربيعية .

٢ . معالجة الشواغر الناجمة عن ذلك بالنقل من المحافظات الاخرى .

٣ . يتم البدء بالتنفيذ بالنسبة للمعلمين والمعلمات والمدرسين والمدرسات نهاية العام الدراسي الحالي وخلال فترة التنقلات الاعتيادية وعلى وجبات وتعطى اسبقية النقل للعزاب والعازبات وبعدهم المتزوجون .

٤ . يتم سد الشواغر بالنقل من المحافظات الاخرى القريبة .

ثانيا ـ ان قيادة فرع التأميم كانت قد تقدمت بمقترحات بخصوص نقل موظفي الدولة والعاملين في جهاز التربية من الاكراد الذين تم تسفيرهم في حينه بشكل مؤقت من محافظات الحكم الذاتي والنازحين الى

التأميم ان تكون مواقع اشتغالهم في مدارس القرى والارياف ضمن محافظة التأميم وخاصة العربية منها والى حين تحرير محافظات الحكم الذاتي من العملاء انتهاء الفتنـة .

كما ورد في مقترحات الفرع اعطاء امتيازات للمعلمين والمدرسين من غير العرب وترغيبهم بالنقل الى خارج محافظة التأميم .

ثالثا- مدارس المحافظة تشكو من شواغر مستعصية حاليا " كالاتي :-

أ- المدرسون (٢٢٧) شاغر وفي حالة نقل الاكراد يصبح العدد (٣٣٣) .

ب- المعلمون (٦٠٢) شاغر في حالة نقل الاكراد يصبح العدد (٨١١) .

جـ- الخدميون (٧٠٠) شاغر في حالة نقل الاكراد .

وان هذه الشواغر سوف تؤثر تأثيرا " مباشرا " على سير العملية التربوية في مدارس المحافظة .

رابعا- في حالة تنفيذ عملية النقل من المحتمل ان الاغلبية منهم لا يلتزمون بالتنفيذ لانهم سيتركون وظائفهم ويبقون في المحافظة واحتمال التحاق قسما " منهم الى محافظات الحكم الذاتي وهذا يشكل عبء اضافي وجديد لعدم وجود ما يلزم هؤلاء بالالتحاق الى وظائفهم المنقولين اليها خاصة صغار الموظفين للظروف المالية ومسألة السكن .

وان نقل هذه الاعداد من المعلمين والمدرسين والموظفين من جهاز التربية يشكل حالة يمكن ان تستغل من قبل الجهات المعادية لتأجيج مواقف معينة نحن في غنى عنها في المرحلة الحالية . فقد اقترحت قيادة الفرع تأجيل عملية النقل في الوقت الحاضر .

نؤيد مقترح قيادة الفرع .

راجين التفضل بالاطلاع واتخاذ ما ترونه مناسبا " مع التقدير .

ودمتم للنضال .

الرفيق
خضر عبد العزيز الدوري
مسؤول التنظيمات
٢٠/٦/١٩٩٤

٢٠/١

((٢ـ٣))

سەرچاوەی بەڵگەنامە (ئازاد عزیز ، 2014 : 149 )

**بەڵگەنامەی ژمارە 5**



IRAQI KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
COUNCIL OF MINISTERS
MINISTRY OF EDUCATION
Private Office

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
نوسینگەی تایبەت

No:
Date: \ \

ژمارە:
ڕێکەوت:

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان

بابەت / خوێندن بە شێوە زاری کرمانجی

لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك و ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك کە خوێندن بکرێتە شێوەزاری کرمانجی لە دەڤەری بادینان بۆ پۆلەکانی ( ٩،٨،٧ ) بە نوسراومان ژمارە ( ٣٩١٨ ) لە ٢٠٠٩/٢/١٩ داوای ڕای ئەکادیمیای کوردیمان کرد بۆ ئەم مەبەستە . بەڵام بە نوسراویان ژمارە ( ١٥٩ ) لە ٢٠٠٩/٤/٨ ( کە هاوپێچە) داوای بەمەبەستی کۆنفراسێکی پەروەردەیی لە پسپۆران و شارەزایان دەکەین لە لایەن دەستە یەکی هاوبەشەوە ئامادەکاری بۆ بکرێت لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگە و پەیوەندی بە ئایندە و چارەنووسی کورد و ڕەوتی پەروەردە هەیە لە کوردستان و بە تایبەتی لەو دەڤەرە ... بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە لە ڕای خۆتان ئاگادارمان بکەنەوە بۆ دانانی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو بابەتە

لەگەڵ ڕێزدا........

د. دلشاد عبدالرحمن محمد
وەزیری پەروەردە

هاوپێچ /
نوسراوی ئەکادیمیای کوردی
ژمارە ( ١٥٩ ) لە ٢٠٠٩/٤/٨

وێنەیەك بۆ /
- نوسینگەی تایبەت.
- ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك .
- نووسینگەی ڕاوێژکاران .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك .
- هۆلاو

**سەرچاوەی بەڵگەنامە (ئەریمان خۆشناو 2013 : 485)**

**بەڵگەنامەی ژمارە 6**



د. نەریمان خۆشناو — ستانداردی کوردی

IRAQI KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
COUNCIL OF MINISTERS
MINISTRY OF EDUCATION
DIRECTOR GENERAL OF DUHOK

حکومەتا هەرێما کوردستانێ- عێراق
ئەنجومەنێ وەزیران
وەزارەتا پەروەردێ
رێڤەبەریا گشتی یا پەروەردا
پارێزگەها دهوکێ
رێڤەبەریا پلان دانانێ
دوپا / پروگرام

No: ژمارە: ٥٧
Date: / / رێکەفت: ٢٩/٧/٢٠٠٨

نهێنی

بو / وەزارەتا پەروەردێ / نڤیسینگەها بەرێز وەزیرێ پەروەردێ

ب / خواندن بزارێ کرمانجی

جەنابێ وە پێ ئاگادارە کۆ خواندن لقوتابخانێت پارێزگەها دهۆکێ بزارێ کرمانجییە ل پۆلێن (١ – ٦) ێ بنەرەتی و پۆلێن (٧ – ٩)ێ دبنە ئاستەنگ درێیا فێربوونا قوتابییان هۆیەکە بۆ نزمبوونا ئاستێ زانستی و رێژا دەرچوونێ و فەقەتیانا زۆر قوتابییان ژ خواندنێ و لدویف سیستەمێ نوی یێ خواندنا تەوژیمی گەهشتییە پۆلا (٩)ێ بنەرەتی داخوازێ دکەین رەزامەندی بهێتە کرن لسەر وەرگێرانا پروگرامێت بابەتێن خواندنێ ل پولێن (٧ – ٩)ێ بنەرەتی بۆ زارێ کرمانجی و هەر دەمەکێ رەزامەندی هاتە کرن لسەر بکارئینانا زمانەکێ ستاندەرد بۆ گشت کوردستانێ ئەم دێ پێگیرییێ پێ کەین.

دگەل رێزگرتنێ

وارتکیس موسیس سرکیسیان
رێڤەبەرێ گشـــــتی
٢٩/٧/٢٠٠٨

وێنەک بو :-
پروگرام
پێنووسێ نهێنی.

Silav Road - 37- 1009, Ab - Duhok

**سەرچاوەی بەڵگەنامە (نەریمان خۆشناو ، 2013 : 481 )**

**الملخص**

هذه الدراسة الموسومة ب(جينوسايد اللغة ، اللغة الكوردية مثالا) تبحث نوع من انواع الجينوسايد وهو جينوسايد اللغة ، و هذا النوع من جرائم الابادة الجماعية للغات كانت قد حدث سابقا الا انها تعاود الحدوث في عصرنا هذا ولكن باساليب و طرق جديدة ، هذة الدراسة محاولة لعرض ماتعرضت لها لغتنا الكوردية من محاولات الابادة ولكنها ظلت صامدة . وقد اعتمدنا في بحثنا المنهج الوصفي التحليلي ، وقسمنا البحث الى مقدمة و فصلين :

تتناول الفصل الاول تعريف الجينؤسايد لفظا ومعني، وملخص لجرائم الاباد الجماعية واساليبها ضد اللغات

الفصل الثاني حصص لدراسة مفهوم جينوسايد اللغات و القوانين التي اتخذت من قبل الحكومات العراقية السلبقة لاضعاف اللغة الكوردية و ابادتها .

وفي الختام عرض لاهم النتائج التي توصل اليه الباحث ، مع الاشارة الى المصادر و المراجع

## Abstract

The paper entitled " linguistic genocide: The Kurdish Language as an Example" is an attempt to clarify another kind of genocide which is ' linguistic genocide'. It exists in history, but we aim at the attempts exerted by the enemies of the Kurds to genocide its language, along with the resistance that the Kurdish language showed so far gainst such attempts. The study uses a descriptive analytical approach and for that purpose the paper is divided into an introduction and two sections:

The first section defines genocide as a word and as meaning along with the quick review of the mass crimes and their methods against the languages.

Section two is devoted to the concept of linguistic genocide and the laws issued by the pre-Iraqi governments to weaken and annihilate the Kurdish language.

At the end some of the significant conclusions are mentioned with the list of references.

# بونیادی زمان لەگێڕانەوەی مەرگەساتی ئەنفال لەڕۆمانی (هێلانە)ی (حسێن عارف)دا

د. دیار فایەق مەجید
زانکۆی گەرمیان/ کۆلێژی زمان و زاستە مرۆڤایەتییەکان/
بەشی زمانی کوردی

م.ی. سالار فایەق مەجید
زانکۆی گەرمیان/ کۆلێژی پەروەردە/
بەشی زمانی کوردی

## پێشەکی

زمان ڕۆڵی گرنگ و پڕبایەخی لەژیانی مرۆڤایەتیدا هەیە, لەبەرامبەریشدا زمان لەئەدەبدا بووە بەجێگای بایەخی توێژەران, لەم ڕووەیشەوە لەژانری ڕۆماندا زمانی گێڕانەوە دەروازەیەکی هونەرییە و لەڕێیەوە ڕۆماننووس دەتوانێت بەشێوازی جیاواز و جۆراوجۆر جیهانی ڕۆمانەکەی پێشکەش بەخوێنەرانی بکات. ڕۆمانی (هێلانە) کۆمەڵێك ڕووداو و بەسەرهاتی مەرگەساتی ئەنفال لەخۆدەگرێت کەتێیدا ڕۆماننووس (حسێن عارف) لەڕێی مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ زمانداو لەچوارچێوەی کارێکی ئەدەبیدا و بەپشت بەستن بەتەکنیکی گێڕانەوە تیشك دەخاتە سەر مشتێك لەخەرمانی مەرگەساتی ئەنفال, لەم سونگەیەوە ناونیشانی توێژینەوەکەمان دیاریکردووە.

گرنگی لێکۆڵینەوەکە: زمانی گێڕانەوە پێکهاتەیەکی گرنگی ژانری ڕۆمانە و دەکرێت لەڕێی مامەڵەی تایبەتی نووسەرانەوە بۆ زمانی گێڕانەوە هەمان باس و بەسەرهات بەچەندین شێوازی جیاواز پێشکەش بکرێت, لەڕۆمانی (هێلانە)دا ڕۆماننووس (حسێن عارف) لەجیهانبینی خودییەوە ئەزموونێکی هونەری لەگەڵ زمانی گێڕانەوەدا ئەنجامداوەو شایەنی توێژینەوەیە. هەروەها مەرگەساتی ئەنفال دۆسێیەکی پڕ لەتاڵی و نەهامەتی بووە بۆ گەلی کورد، بۆیە پێویستە ئەم کۆژانە نەتەوایەتییە زیندوو بکرێتەوەو ڕێگری بگیرێت لەدووبارەبوونەوەی لەئایندەدا.

ڕێبازی لێکۆڵینەوە: بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفیی شیکاریی ڕەخنەیی پەیڕەوکراوە.

توێژینەوەکە لە دەروازەیەك و دوو تەوەر پێکدێت:دەروازە لەدوو باسی تیۆری پێکدێت: (زمانی گێڕانەوە) و (ئاستەکانی زمانی گێڕانەوە). تەوەری یەکەم کە بەناونیشانی (زمانی گێڕانەوە لە ئاستی ئاخاوتن لە رۆمانی "هێلانە"دا)یە لە دوو باس پێکدێت: یەکەم/ زمانی گێڕەرەوە, دووەم/ زمانی دیالۆگ. تەوەری دووەم بەناونیشانی (زمانی گێڕانەوە لەئاستی پێش قسەکردن لە رۆمانی "هێلانە"دا)یە و لە دوو باس پێکدێت: یەکەم/ زمانی مۆنۆلۆگ, دووەم/ زمانی فلاشباك.

لەكۆتاییدا گرنگترین ئەنجام و سەرچاوەكان و كورتەیەك لە توێژینەوەكە بە زمانی عەرەبی خراوەنەتەڕوو.

**دەروازە/ كورتەیەك لەبارەی زمانی گێڕانەوە**

**یەكەم/ زمانی گێڕانەوە:**

گێڕانەوە بەیەكێك لەگرنگترین بونیادەكانی ڕۆمان دادەنرێت و تێیدا تایبەتمەندی و توانا و بەهرەی ڕۆماننووس دەردەكەوێت، چونكە لەبنەڕەتدا ((گێڕانەوە فۆرمی ناوەڕۆكە))[١٢], واتە ڕۆماننووس بەچ شێواز و فۆرمێك باس و بەسەرهات و ڕووداوەكان بەخوێنەر ڕادەگەیەنێت. شێوازی گێڕانەوەش لەڕۆماندا جۆراوجۆرە بەپێی ڕێباز و میتۆدەكانی ڕۆمان هەر لەسەرەتای دەركەوتنی ژانری ڕۆمان تاوەكو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان چەند شێوازێك دەركەوتوون، كەبەپێی جیاوازی كات و شوێن گۆڕاون، لەوانە شێوازی گێڕانەوەی ڕیالیزمی، شەپۆلی هۆش, ڕۆمانی نوێ. كەهەریەكە لەم شێوازانە خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن. یەكێك لەهۆكارە گرنگەكانی جۆربەجۆری لەشێوازی گێڕانەوە بریتییە لەزمان، واتە مامەڵەی تایبەتی ڕۆماننووس لەگەڵ زماندا, هەر لەم ڕووەوە ڕەخنەگری سعودی (ئامینە یوسف) دەڵێت: ((گێڕانەوە چنینی ئاخاوتنە))[١٣]، ئاخاوتن یان زمانی گێڕانەوە لەژێر كاریگەری و هەژموونی چەند ڕەهەندێكدایە، لەوانە ((رەهەندی واتایی، هونەریی، ئیستێتیكی. واتە گێڕانەوە لەپلەی یەكەمدا بەمەبەستی گەیاندنی واتا و مەبەستێك پێشكەش دەكرێت، لە پلەی دووەمدا پێویستی بە ئامراز و كەرەستەی تایبەتییە و جیا دەبێتەوە لەگێڕانەوەی ئاسایی، لە پلەی سێیەمدا خاوەن بەهای جوانكارییە و حەز و ئارەزووی خوێنەر دەبزوێنێ))[١٤], ئەم ڕەهەندانە لەڕۆماننووسێكەوە بۆ ڕۆماننووسێكی تر، هەروەها لەسەردەم و شوێنی جیاوازدا دەگۆڕێن، ئەویش بەپێی بارودۆخی ڕۆشنبیری ڕۆماننووس و خوێنەر و جۆری بابەت و باسی ڕۆمانەكە دەگۆڕێت، ڕۆماننووسە ڕیالیزمییەكان لەگێڕانەوەی جیهانی ڕۆماندا زیاتر پشتیان بەزمانی تۆكمە و خاوەن ڕێزمانی بەرز بەستووە, چونكە لەو جۆرە ڕۆمانەدا ڕۆماننووس هەوڵدەدات وێنەكانی ناو واقیع بۆناو جیهانی ڕۆمانەكەی بگوێزێتەوە، لەكاتێكدا ڕۆماننووسانی شەپۆلی هۆش هەوڵیانداوە زمانی زەین بكەن بەزمانی گێڕانەوە, كەزیاتر خۆی لەزمانێكی پچرپچر و ناڕێكخراو دەبینێتەوە، كەچی لەڕۆمانی نوێدا زمان ئەركێكی قورس ئەخاتە ئەستۆی خوێنەر بۆ بەدەستهێنانی واتا.

زمانی گێڕانەوە بەپێی بابەت و پەیامی ڕۆماننووس دەگۆڕێت و ((جاری وا هەیە (بابەت) چیرۆكنووس ناچاردەكات شێوازی گێڕانەوەی دیاریكراو هەڵبژێرێ))[١٥] , بەجۆرێك دەستنیشانكردنی ڕووداوی مێژوویی و واقیعی زۆرجار وا لەڕۆماننووس دەكات پابەند بێت بەواقیعەوە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس دەبێت بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ زمانی گێڕانەوە بكات و دەقەكەی نەبێت بەگێڕانەوەیەكی سادەی واقیع, بەڵكو لەڕێی مەزراندنی فەنتازیا و خەیاڵ و جوانكاری و ڕەچاوكردنی

لایەنی هونەریی بەئەدەب بوون لەڕۆمانەکەیدا بەرپابکات, زمانی گێڕانەوەش بەشێکی فراوانی بەئەدەبکردن لەئەستۆ ئەگرێت.

**دووەم/ ئاستەکانی زمانی گێڕانەوە:**

ڕۆماننووس بۆ گەیاندنی پێکهاتەی جیهانی ڕۆمانەکەی بەخوێنەر کۆمەڵێك شێوازی جۆراوجۆری لەبەردەستدا دەبێت، ئەمەش لەدوو ڕوانگەوە دەبێت، **یەکەم**: لەڕوانگەی ئەو بەرەوپێشچوونەی ژانری ڕۆمان هەر لەسەرەتای دەرکەوتنییەوە تاوەکو ڕۆگاری ئەمڕۆ بەخۆیەوە بینیویەتی، بەوەی ڕۆماننووس ئەزموونی جیاوازی نووسەرانی تری لەبەردەستدایەو ئەتوانێ لەمەزراندنی جیهانی ئەندێشەکراوی ڕۆمانەکەیدا سوودیان لێببینێت. **دووەم**: توانا و بەهرەکانی خودی ڕۆماننووس لەوەی شێوازی تایبەتیی خۆی لەگەیاندنی پەیام و بابەت و باس و بەسەرهاتەکان بەکاربهێنێ. لێرەوە ڕۆماننووس دەکەوێتە بەردەم بەرپرسیارێتی هەڵبژاردنەوە، مەبەست لە هەڵبژاردن دەستنیشانکردنی شێوازی گونجاوە لەتەکنیك و بونیادی هونەری لەچۆنێتی گەیاندنی پەیام و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو دەقی ڕۆمانەکەی بەخوێنەر, بەتایبەتی لەهەڵبژاردنی زمانی گێڕانەوەی دەقەکەیدا.

ئەگەر چاو بەنێو ئەزموونی ڕۆماننووساندا بگێڕین فۆرم و شێوازی جۆربەجۆر لەزمانی گێڕانەوەدا دەبینینەوە, کەدەتوانین بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو شێوازانە لەژێر چەتری دوو پۆل یان دوو گروپ و دەستەدا کۆبکەینەوە، بەم شێوەیە:

**دەستەی یەکەم**: زمانی گێڕانەوە لەئاستی پێش ئاخاوتن: مەبەست لە چۆنێتی زمانە لەناو زەینی مرۆڤ لەئاستی هەستدا (وعي)، ئەم ئاستەش ((هەستکردن و خەون و یادەوەری و بەدەستهێنانی وێنە لەخۆ دەگرێت)) ئەوەی لەم ئاستەدا بوونی هەیە لەشێوەی بیرۆکە و وێنەدایە و لەژێر کۆنترۆڵی هزری مرۆڤدا دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لەوێنە و بیرۆکەکان لەنەستەوە (لاوعي) سەرچاوەدەگرن، کەواتە لێرەدا مەبەستمان لەئاستی پێش ئاخاوتن هەست و نەستی مرۆڤە پێش ئەوەی بخرێتەسەر ڕێکخستنی زمان. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە ((ئاستی پێش ئاخاوتن لەژێر چاودێری نییە)) و لەهەموو فشار و کارتێکەرێکی دەرەکی دوور دەبێت، هەربۆیە ئەم ئاستە بەواقیعێتی تایبەتی و ڕاستەقینەی مرۆڤ دادەنرێت و بەشێك لەڕۆماننووسان ئەم ئاستە دەکەن بەزمانی گێڕانەوەی ڕۆمان, ئەویش بەپشت بەستن بەکۆمەڵێك تەکنیك لەگرنگترینیان (مۆنۆلۆگ) و (فلاشباك)ن.

**دەستەی دووەم**: زمانی گێڕانەوە لەئاستی ئاخاوتن: ئەو جۆرە زمانەیە کەمرۆڤ بەمەبەستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دەربڕین و گەیاندنی بیروبۆچوونەکانی پشتی پێدەبەستێت، واتە لەڕێی زمانەوە جەستە بەبیرۆکە و وێنە زەینییەکانی دەبەخشێت, بەواتایەکی تر گۆڕینی وێنەی زەینی بە وێنەی زمانی و

درکاندنی بۆ دەوروبەر، بەجۆرێك توانای ئەم ئاڵوگۆڕکردنە لەتاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێ. لەگرنگترین ئەو تەکنیکانەی لەڕۆماندا سوود لەو زمانە دەبینێت بریتییە لە(دیالۆگ)ی نێوان کارەکتەرەکان، هەروەها (زمانی گێڕەرەوە) کە ڕۆماننووس لەڕێیەوە جیهانی ڕۆمانەکەی پێشکەش بەخوێنەر دەکات.

## تەوەری یەکەم/ زمان لە ئاستی ئاخاوتندا:

زمان لەئاستی ئاخاوتندا بەشێوەیەکی نیمچە ڕەها لەئاستێکی بەرزی ڕێزمانی و تۆکمەیی واتا بونیاد دەنرێ، چونکە لەم ئاستەدا مرۆڤ بەمەبەستی گەیاندنی ئەوەی لەزەینیدایە بۆ دەوروبەر هەموو هەوڵەکانی بەگەڕدەخات، هەربۆیە زمانی ئاخاوتن وەکو پێناسێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئایدۆلۆجی تەماشادەکرێت و لەڕێی ئاخاوتنەوە خوێندنەوە بۆ کەسانی دەوروبەر دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێجار زمانی ئاخاوتن هەڵخەڵەتێنەر دەبێت, ئەوەیش بەهۆی زاڵبوونی ترس، یان شەرم، یان خۆدزینەوە لەڕاستییەکان لەبەر هەرهۆکارێك بێت، وەکو هۆکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی, تایبەتی هتد..., هەروەکچۆن هەندێکجار بەمەبەستی فریودانی بەرامبەر بکاربهێنرێ، هەموو ئەمانە بۆ ئاخاوتنی کارەکتەریش دروستن.

### باسی یەکەم/ زمانی دیالۆگ:

مەبەست لەدیالۆگ گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکانی ڕۆمانە. بۆ دروستبوونی کردەی دیالۆگ پێویستە دوو کارەکتەر یان زیاتر ئامادەبن و ((هەریەك لەم دوو کەسە لەیەك کاتدا هەردوو ڕۆڵی قسەکەر و گوێگریش دەبینن)). دیالۆگ بەیەکێك لەتەکنیکە گرنگەکانی گێڕانەوە هەژماردەکرێت، بەوەی لەڕێیی گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکانەوە خوێنەر زانیاری سەبارەت بەجیهانی ڕۆمان پێدەگات، هەروەها دیالۆگ کردەیەکی زمانییە و تێیدا کارەکتەرەکان لەڕێی دەربڕینی دەنگەوە وشە و ڕستە و پەیڤەکانیان ئاراستەی یەکتر دەکەنەوە.

ڕۆماننووسانی ڕیالیزمی هەوڵیانداوە زمانی دیالۆگی کارەکتەرەکانیان هاوشێوەی زمانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی بونیادبنێن, بەجۆرێك ((زمانی دایەلۆگ زۆر لەزمانی خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکار و فەرمانبەری بچووك نزیك خراوەتەوە بۆ ئەوەی لەڕێی ئەو زمانەوە گوزارشت لەخۆزگەو ئاوات و کێشەو گرفتەکانی ژیانی ئەوان بکەن))[٦], چونکە بەلای ڕۆماننووسی ڕیالیزمییەوە گرنگ ئەوە بووە وێنەی هاوشێوەی نێو ژیانی ڕاستەقینە لە ڕۆماندا نمایش بکەن، ئەوەش لە سۆنگەی گرنگی پەیامی

نووسەرەوە بووە. لەڕۆمانی شەپۆلی هۆشدا دیالۆگ لەبەرامبەر مۆنۆلۆگ و پرۆسە زەینییەكان پاشەكشێ دەكات، هەروەها لەڕۆمانی نوێدا زمانی دیالۆگ هەڵگری سیمای هێمایی دەبێت.

زمانی دیالۆگی كارەكتەرەكان دەگۆڕێن و لەیەكتر جیاوازن و ((هەریەكەیان جۆرە زمانێكی گونجاو لەگەڵ پێكهاتە و ڕۆشنبیری و جیهانبینیان بەكاردەهێنن))[نی], بەجۆرێك ئەو زمانە دەبێت بەناسنامەی هزرییان. ئەم جۆرە جیاوازییەش لەژیانی ڕاستەقینەدا دەبینرێتەوە, بەحوكمی ئەوەی ڕۆمان بەنزیكترین ژانری ئەدەبی لەژیانی ڕۆژانە دادەنرێت بۆیە ئاساییە لەنێو ڕۆماندا كارەكتەرەكان جیاوازییان هەبێت لەبەكارهێنانی زماندا, ئەویش بەپێی ((جیاوازی هزری كارەكتەر و كارتێكەری ژینگەی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و چینایەتی و تەمەن دەگۆڕێت))[برتر]، لەم ڕووەیشەوە ڕەخنەگران چەند جۆرێك لەدیالۆگ جیادەكەنەوە، وەكو دیالۆگی ڕۆشنبیر، دیالۆگی عامی، دیالۆگی منداڵ.

**زمانی دیالۆگ لەڕۆمانی هێلانەدا :**

دیالۆگ وەكو تەكنیكی گێڕانەوە لە ڕۆمانی هێلانەدا بۆ چەند مەبەستێك بەكارهاتووە، بۆ نموونە ڕۆماننووس لەڕێی دیالۆگەوە هەواڵی كیمیابارانكردنی هەڵەبجە ئاشكرا دەكات، بۆ نموونە كاتێك كارەكتەری سەرەكی ڕۆمانەكە (سوبحان) دەچێتە سلێمانی بەمەبەستی شتكڕین، دەچێتە كەبابخانەیەكی ناسیاویان و لەگەڵ (ئەمین)ی كەبابچی دەكەوێتە گفتوگۆكردن، كارەكتەر (ئەمین) پێی دەڵێ:

- هەواڵی لای ئێوە چییە؟ وەزعتان لە چیدایە؟

ئەم وتی:

- ئاساییە.

ئەو وەك بەو دوعایە نەڵێ ئامین، سەرێكی بۆ باداو وتی:

- خوا بكەم تا سەر ئاسایی بێ.

بەدەم نانخواردنەكەیەوە, بەقسەكەدا دەچووەوە. كە هەڵسا بڕوا لێی پرسی:

- بۆچی وات وت؟.

ئەو دیسان بە دەنگی نزم، وەك بچرپێنێ وتی:

- هەڵەبجە. خۆ بیستوتە.
- بەڵێ.
- دڕندە.. كە وترا دڕندە دەبڕێتەوە. ئێمە لەم شارە زەبەلاحەدا، ترسمان لێ نیشتوە بە دەردی ئەوێ ببڕێین، چ جایە ئێوە...))(هێلانە[ترتر]: ل35)

لەم دیالۆگەدا لەڕێی ئاخاوتنی هەردوو کارەکتەرەوە ئاماژەیەکی کورت بەمەرگەساتی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە دەکرێت، بەبێ ئەوەی ڕوونکردنەوەی وردی لەسەر بدەن, تەنها ئەوە نەبێت کە کارەکتەرەکان وەکو شایەتحاڵ زانیاری و هەواڵیان لەسەر ڕووداوی مەرگەساتەکە بیستووە، بەواتایەکی تر ((ئەوەی ڕۆمانی هێلانە لێی دەدوێت ڕووداوەکانی ئەنفالە لەتێڕوانینی دەرەوەی ئەنفال خۆیدا, یان تێڕوانینی کەسانێکە لەژێر کاریگەری لەدەستچوونی خۆشەویست و ئازیزەکانیاندا هەست و سۆزی پڕ لەکەسەری خۆیان بەو ڕووداوە دەردەبڕن))[٢٣]، هەربۆیە ڕۆماننووس بەشێوەیەکی گشتی خۆی بەدوور دەگرێت لە بەخشینی زانیاری لەسەر ڕووداوەکانی ئەنفال, ئەمەش لەژێر کاریگەری میتۆدی ڕۆمانی نوێی فەرەنسیدا بەئەنجام گەیەنراوە, لەم میتۆدەدا ڕۆماننووس خۆی بەدوور دەگرێت لەزمانی وەسفیی ورد بۆ ڕووداو و بەسەرهاتەکان، بەجۆرێك بونیادی زمان و وەسفکردنەکان ((وێنەیەکی وردی واقیعەکە ناکێشن و تاڕادەیەك تەمومژو لێڵیان پێوە دیارە))[٢٤]، ئەمەش بەمەبەستەوە دەکرێت بۆ ئەوەی ڕۆماننووس خۆی بەدوور بگرێت لەسەر سەپاندنی هەر بیروبۆچون و بیرکردنەوەیەك بەسەر خوێنەر, هەروەها بۆ ئەوەی خوێنەر والێبکەن خۆی بۆخۆی پرۆسەی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی زەینی بۆ باس و بەسەرهاتەکان ئەنجامبدات, یان تامەزرۆیی لەلا دروست ببێت بۆ ئەوەی لەڕێی سەرچاوەی ترەوە بەدواداچوون بۆ وردەکارییەکان بکات.

لە دیالۆگێکی تردا و لەڕێی وتووێژی نێوان هەریەك لە کارەکتەر (سوبحان) و کارەکتەر (کامەران)دا لێکدانەوەی زیاتر بۆ ڕووداوەکانی ئەنفال دەکەن، بەم شێوەیە:

**((... تۆ گوێت لە ڕاگەیەنراوەکەی بەسرپێرێیان نەبوو، سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتنی بارەگاکانی سەرکردایەتی لە دۆڵی جافایەتی؟ دەزانی شاڵاوی ئەم جارەیان بەچی ناوناوە؟**

- **نەء.. نەمبیستووە، بەچی؟**
- **ئەنفال.**
- **ئەنفال؟ ئەوە سورەتێکی قورئانە.**
- **ئا بەڵێ..**

**(فلم تقتلوهم ولكن الله قتلهم وما رميت اذ رميت ولكن الله رمى). خۆ تۆ عەرەبییەکەت باشە. تێ دەگەیت دەڵێن چی؟**

- **چاك.. ئەوان نین کە دەکوژن.. خوا دەکوژێ. ئەوان تەنیا فەرمانی خوا بەجێ دێنن.**
- **بێ کەم و زیاد.. بەرامبەر کێش؟ ئێمەی کافر(هێلانە: ل36–37)**

بەوردبوونەوە لەم بڕگەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ڕۆماننووس زمانی دیالۆگی کارەکتەرەکان کەزمانێکی ئاسایی نزیك لەزمانی ڕۆژانە بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی لەزمانی ئەوانەوە زانیاری سەبارەت بەهەندێ لایەنی ئەنفال ئاشکرا بکات.

هەندێکجار دیالۆگ وەکو پرۆسەیەکی ئاخاوتن, ئەگەر هۆکاری ترس هاتەپێشەوە وەکو قەڵغانێك بەکاردەهێنرێ بۆ فریودانی بەرامبەر، بۆ نموونە کاتێك کارەکتەر (سوبحان) لەلایەن سەربازی پاسگەیەك پرسیاری ئاراستەی شوێنەکەی لێدەکرێت:

**((– لەگەڵ تۆمە.. بۆ کوێ دەچیت؟**

**ئەوسا وتی:**

**- ئەڵلایی.**

**ئەویش تەنیا سەرێکی ناڕەزایی لێ بادا و وتی:**

**- بڕۆ**

**ڕۆیشت و لە دڵدا بە حیرسەوە وتی:"دەوەڵلایی درۆم کرد..." (هێلانە: ل41)**

بەپێچەوانەشەوە لەئاخاوتنی نێوان دۆست و هاوڕێیاندا دیالۆگ دەربڕی دیوی ناوەوەی کارەکتەر دەبێت، بۆ نموونە کاتێك دیالۆگ لەنێوان کارەکتەر (جافر) و کارەکتەر (حەمۆل) دروست دەبێت، هەردولا ناخی خۆیان بۆ یەکتر ئاشکرا دەکەن:

**((هیچ نەبێ وەك من بکە, سەرکز بگرەو ئەو چەکی جاشایەتییە فڕێدە. ئەو لە وەڵامیدا وتی: من وەکو تۆ ترسنۆك نیم.)) (هێلانە: ل22)**

لەم بڕگەیەدا دیالۆگ نزیك دەبێتەوە لەمۆنۆلۆگ و دەبڕی جیهانی ناوەوە دەبێت، ئەم حاڵەتە لەچەندین شوێنی تری ڕۆمانەکەدا دەبینرێتەوە، بۆ نموونە پاش ئەوەی کارەکتەر (سوبحان) تانەی (جاشایەتیکردن) لە کارەکتەر (حەمۆل) دەدات، لەبەرامبەردا کارەکتەر (حەمۆل) بۆ ماوەیەك بێدەنگی هەڵدەبژێرێ و دواتر ئەم دیالۆگە لەنێوانیان دروست دەبێت:

**((سوبحان بەخەمخۆرییەوە وتی:**

**- حەمۆل چییتە لەو دەچێ ناساغ بیت. بۆ زوو قسەت نەکرد؟.**

**- .....**

**- نا سوبحان نەخێر.. بە لەش لە گوێزی ساغ ساغلەمترم. بەڵام بە دڵ و بە دەروون بڕستم لەبەر بڕاوە. خەریکم پەتۆ دەبەم و لێ دەبمەوە. خۆم لە خۆمدا ئەوە حاڵم بوو کە هەبوو. تۆی نامۆبارەکیش.. تۆی هاوڕێکەی تەمەنم.. تۆی برادەرە گیانیبەگیانییەکەم کە تاقە کەسێکم**

**مابوویت دانێکی خێرم پێدا بنێی.. تۆش درێخیت نەکرد. چنگێکی باشت نایە سەر خەرمانی ئازارەکانم. سوپاست دەکەم هاورێکەی تەمەنم.. سوپاس)) (هێلانە: ل23)**

زمانی دیالۆگ لەژێر فشار و کارتێکەرییە دەرەکییەکاندا لە گۆڕانکاریدا دەبێت، بەوەی هەندێکجار ئاخاوتنەکان دەبڕی دیوی ناوەوەی قسەکەر دەبن، هەروەکچون هەندێکجاریش وەکو پەردەیەك بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان بەکاردەهێنرێن.

زمانی دیالۆگ لەژێر کۆنترۆڵی زەینی مرۆڤدا دەبێت، هەستی مرۆڤیش بەناڕاستەوخۆیی لەژێر هەژموونی نەستدا دەبێت، بۆیە مرۆڤ کە لەگەڵ دەوروبەردا دەدوێت بەناڕاستەوخۆیی وتەکانی لەنەستەوە سەرچاوەدەگرن، لەم ڕووەیشەوە ئەگەر لەیەکەمین دیالۆگی ڕۆمانی (هێلانە) وەردبینەوە کەتەنانەت دەستپێکی یەکەمین دەربڕینیشە لە ڕۆمانەکە پێکدێت لە گوزارشتی:

**((با بیشیانننێژین..)) (هێلانە: ل7)**

وەك لە دواتردا دەردەکەویٚ ئەم ڕستەیە بەشێکە لەوتەکانی نێوان کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە (سوبحان) و کارەکتەر (جافر), کەپاش تۆڵەسەندنەوە لەچەند کاربەدەستێکی ڕژێم بەناوی (کەریمە کەللە) و (معاون نوعمان), کارەکتەر (سوبحان) گوزارشتی (بابیشیانننێژین) دەردەبڕیٚ، بەڵام داواکارییەکە بەلای کارەکتەر (جافر)ەوە بەنامۆیی تەماشادەکریٚ و ڕەتدەکرێتەوەو لە ئەنجامدا کارەکتەر (سوبحان) ڕوونکردنەوە بە کارەکتەر (جافر) دەدات و دەڵێت:

**((منم کە ئاسودە دەبم و دڵم دەحەوێتەوە. منی زیندوو نەك ئەوانی تۆپیو.....)) (هێلانە: ل8)**

وتەکانی کارەکتەر (سوبحان) وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد لەنەستەوە سەرچاوەیان گرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بۆچوونە گوزارشت لەنەستی ڕۆماننووس دەکات، چونکە (سوبحان) کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە و هەڵبژاردەی یەکەمی ڕۆماننووسە، بۆیە ئەم وتەیە زادەی بیری ڕۆماننووسە و هەڵقوڵاوی نەستییەتی, ڕۆماننوسیش پەروەردەی نێو کۆمەڵی کوردەوارییە و دیسانەوە ئەو بیرۆکەیەی لەنەستی گشتی کۆمەڵەوە وەرگرتووە، بەوەی ئەو دەربڕینە بریتی دەبێت لەبیرکردنەوەی نیمچەڕەهای تاکی کۆمەڵی کوردەواری، مەبەستیش لەمنی زیندوو بریتییە لەزیندوویێتی ویژدان و زاڵبوونی هەستی مرۆڤانەیە بۆ بەخشین و لێبووردەیی، کە بەشێکە لەسروشتی تاکی کوردی.

## باسی دووەم/ زمانی گێڕەرەوە:

گێڕەرەوە دەنگێکە یان کۆمەڵە دەنگێکن و لەڕێیانەوە لەچوارچێوەی ڕۆماندا باس و ڕووداوەکان ئاراستەی خوێنەر دەکرێنەوە. بۆ گەیاندنی زانیارییەکان ڕۆماننووس کۆمەڵێك تەکنیك و شێوازی

جۆربەجۆری لەبەردەستدا دەبێت, كامەیان بەگونجاو بزانێت بۆ ئاشكراكردنی جیهانی ڕۆمانەكەی پشتی پێدەبەستێت. گێڕەرەوە جێنشین و زمانحاڵی ڕۆماننووسە, هەندێكجار ڕۆماننووس ڕۆڵی حیكایەتخوانی دەگێڕێ یاخود كارەكتەرێك یان چەند كارەكتەرێك بۆ ئەو كارە ڕادەسپێرێت، هەروەها دەتوانێت دەنگی خۆی و كارەكتەرەكان ئاوێتەی یەكتر بكات, لەهەموو بارەكاندا گێڕانەوە و ڕۆڵی گێڕەرەوە كارێكی هونەرییە و ڕۆماننوس هەر شێوازێك بەپەسەند و گونجاو بزانێت پەیڕەوی دەكات، هەربۆیە زۆرجار ڕەخنەگران دووپات لەسەر شێواز وچۆنێتی گێڕانەوەدەكەنەوە، بەوەی سەركەوتنی ڕۆماننوس یان هەر نووسەرێك بە چۆنێتی مەزراندنی زمانەوە بەندە ، بەواتایەكی تر كاری ئەدەبی بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی مامەڵەی تایبەت و جیاوازە لەگەڵ زمان, ئەمەش وامان لێدەكات بڵێین ((هەر بابەتێك یان هەر ناوەڕۆكێك دەشێ بەزۆر شێواز بگێردرێتەوە))، ئەم فرەشێوازیەش پەیوەندی بەجیاوازی شێواز و جیهانبینییەوە هەیە، واتە شێوازی تاكەكانی ناو كۆمەڵ لەیەك جیاوازن هەروەكو ڕەخنەگرو نووسەری فەرەنسی (جۆن بۆفۆن) لەوتە بەناوبانگەكەیدا دەڵێت: ((شێواز خودی مرۆڤە)) دیارە (بۆفۆن) لێرەدا مەبەستی لە شێوازی نووسینە، هەروەها پێی وایە كەسێتی مرۆڤ لەنووسینەوەكانیدا ڕەنگدەداتەوە.

## زمانی گێڕەرەوە لەڕۆمانی (هێلانە)دا

لەڕۆمانی (هێلانە)دا گێڕانەوەكان لەڕێی دەنگی گێڕەرەوە/ ڕۆماننووسەوە پێشكەش دەكرێ، كە گێڕەرەوەیەكی بابەتییە و لەدەرەوەی جیهانی ڕۆمانەكەوە لەڕێی بەكارهێنانی جێناوی قسەكەری نادیارەوە باس و بەسەرهاتەكان پێشكەشدەكات. زمانی گێڕەرەوە لەڕۆمانی (هێلانە)دا خاوەن بونیادێكی تۆكمە و ئەدەبییە, بۆ نموونە كاتێك گێڕەرەوە/ ڕۆماننووس شەپۆلە زەینییەكانی (سوبحان) كارەكتەری سەرەكی ڕۆمانەكە پێشكەشدەكات, بەزمانێكی ئەدەبی باری كارەكتەری سەرەكی دەكێشێت و دەڵێت:

**... جگەرەیەكی ئاگردا و یەكەم مژی لێ دا. بەڵام ئەم یەكەم مژەی ئێستا, بەپێچەوانەی ئەو جارانەوە, مژدانە لە ئەشكەنجەیەكی جەرگبڕی لە بننەهاتوو.. لە جەخارێكی هەناوقرچێنی بێ بڕانەوە. مژێك كە دەروون دەكاتە كوانووی جۆشدانی, رستێك بیرەوەری كورچكڕ. ئەگەرچی ئەم یەكەم مژە بەدەم و لێو, لە جگەرەكەی نێوان پەنجەكانی دەدا و بەچاو, بینایی بەسەر كەلاوەكەی سوبحانی خاپوردا دەگێڕێ, بەڵام بەبیر و هۆش بەخێرایی تیشك, بەزنجیرەی كارەساتەكاندا دەچێتەوە(هێلانە: ل9)**

لەم بڕگەیەدا گێڕەرەوە لەدوو ئاستدا مامەڵە لەگەڵ زماندا دەكات، ئاستی یەكەم زمانێكی پەخشانئامێزە و بەمەبەستی گەیاندنی زانیاری سەبارەت بەباس بەسەرهاتەكان بەكاربراوە. ئاستی دووەم زمانی وەسفكردنە لەڕێی بەكاربردنی زمانی شیعرییەوە ئەنجامدراوە بەمەبەستی وێناكردنی زەین و

دیوی ناوەوەی کارەکتەر، ئەویش لەڕێی کۆمەڵێك دەستەواژەوە: (**مژدانە لە ئەشکەنجەیەکی جەرگبڕی لە بنەهاتوو، لە جەخارێکی هەناوقرچێنی بێ بڕانەوە، مژێك کە دەروون دەکاتە کوانووی جۆشدانی، رستێك بیرەوەری کورچکبڕ**). ئەم زمانە لەوەسفی ئاسایی دوور کەوتۆتەوە، تەنانەت بەهۆی هونەری ڕەوانبێژییەوە لێکچواندن لەنێوان (دەروونی کارەکتەر) و (کوانووی جۆشدراو) دەروستدەکات ((لەبواری وەسفدا دەبێ ڕۆماننووس ڕەچاوی بەکارهێنانی چەند لایەنێکی ڕەوانبێژی بکات لە بینای وێنە هونەریەکانی نێو ڕۆمانەکەی بۆ ئەوەی ئەو وێنانە زۆر ساکار و فۆتۆگرافیانە نەبێ))، چونکە ڕاستە ڕۆمان بەزمانی پەخشان دەنووسرێتەوە بەڵام ڕۆماننووس مێژوومان بۆ ناگێڕێتەوە بەڵکو کارێکی هونەریی ئەدەبی فەراهەمدەکات کە واقیع بەشێك دەبێت لەسەرچاوەکەی.

بەئەدەبکردن یان شیعرییەت لەبونیادی زمانی گێڕانەوەدا بەتایبەتیش لەزمانی گێڕەڕەوەدا لەبەشێکی فراوانی ڕۆمانەکەدا بەدی دەکرێت، بۆنموونە کاتێك کارەکتەر (سوبحان) تانەی (جاشایەتیکردن) بەڕووی کارەکتەر (حەمۆل) دەدات، ئەوا زمانی گێڕەڕەوە دیمەنی کارەکتەر (حەمۆل) بەم شێوەیە نمایش دەکات و دەڵێت:

**((دیسان بەلاچاو دزە سەرنجێکی دایە. بەسەر تەختانی جامللغەکەوە, بووبووە پەیکەرێکی بەردین. کپ و خامۆش دەیڕوانییە دوورێکی نادیار.)) (هێلانە: ل22)**

لەم بڕگەیەدا گێڕەرەوە وەسفی دیوی دەرەوەی کارەکتەر سوبحان دەکات و دەیچوێنێ بە پەیکەر، بەڵام وەك ئاماژەیەك بۆ باری دەروونی کارەکتەر لەبێدەنگی و ماتی. دیسان لە نموونەیەکی دیکەدا دوای شاڵاوی ئەنفالکردنی لادێکەیان باری دەروونی هەردوو کارەکتەر (سوبحان) و کارەکتەر (جافر) وەسفدەکات و دەڵێت:

**((شەوەکەی بۆ سوبحان و جافر، شەوێکی دەیجوور بوو. لە حاڵی کەسێکدا بوون لە دواساتدا، لە هەڵدێری مەرگ گلیان خواردبێتەوە، ... لە کاتێکدا ئازیزترین کەسانیان، ڕاپێچی تونی بابا کرابن، یا درابن بەدەم ئاوی ئامونەوە)) (هێلانە: ل85)**

گێڕەرەوە لەڕێی زمانێکی هونەری و بەبەکارهێنانی هەندێ زاراوەی ئەدەبی و مێژوویی (**دەیجوور، هەڵدێری مەرگ, تونی بابا**، **ئاوی ئامون**)ەوە وەسفی کات و باری دەروونی کارەکتەرەکان و چارەنووسی نادیاری ئازیزەکانیان دەکات، بەم جۆرە مامەڵەکردن لەگەڵ زمان وای کردووە زمانی گێڕەرەوە دوور بکەوێتەوە لەزمانی ڕاپۆرت ئاسا، لەم ڕووەوە بەشێك لەڕەخنەگران پێیان وایە ((پێویستە ڕۆماننووس لەڕێی زمانەوە لەوێنەگرتنی ڕاستەوخۆ دووربکەوێتەوە))، چونکە ڕۆماننووس مێژوو نانووسێتەوە.

زمانی گێڕەرەوە لەڕۆمانی (هێلانە)دا بەشێوەیەکی بەرفراوان خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و لەزمانی کارەکتەرەکان جیادەبێتەوە، ئەویش بەپشت بەستن بەجوانکاری ئەدەبی. هەروەها بەگێڕەرەوە/ ڕۆماننووس خاوەنی زانیاری سنووردارە بەتایبەتی لەدرکاندنی باس و بەسەرهاتەکانی شاڵاوی ئەنفالدا، لەم ڕووەیشەوە زیاتر زانیاری کارەکتەرەکان دەخاتەڕوو, ئەمەش وا لەخوێنەر دەکات چالاك بێت بۆ ئەوەی تێڕامان و بەدواداچوون بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەبارەت بەمەرگەساتەکە بکات.

## تەوەری دووەم/ زمان لەئاستی پێش ئاخاوتندا:

مەبەست لەئاستی پێش ئاخاوتن ئەوەیە کەهێشتا بیر و چەمکەکان نەخراونەتە سەر باری ڕێکخستنی زمان، بەڵکو لەشێوەی وێنە و بیرۆکە لەناو زەیندان، بەواتایەکی تر ئەوەی لەناو زەینی کارەکتەردایە ((پێش ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ ئاستی ئاخاوتنی بیستراو بۆ پەیوەندیکردن، سەرەتا پێویستە لەهەستدا بخەملێ و بە قۆناغی ڕێکخستن تێپەڕێ پێش ئەوەی بۆ بوون دەرببڕێت))، ئەم ئاستە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی کارەکتەر و دوورە لەهەر فشارێکی دەرەکی لەترس و دڵەڕاوکێ و شەرم یان هەر حاڵەتێك کەپەیوەست بێت بەجیهانی دەرەوە. لێرەدا هەوڵدەدەین لەڕێی هەردوو تەکنیکی (مۆنۆلۆگ) و (فلاشباك)ەوە تیشك بخەینە سەر بونیادی زمانی کارەکتەر لە ڕۆمان بەشێوەیەکی گشتی و ڕۆمانی (هێلانە) بەشێوەیەکی تایبەت.

### باسی یەکەم/ زمانی مۆنۆلۆگ:

مەبەست لەمۆنۆلۆگ ئەو وتووێژە تایبەتەیە کە لەزەینی کارەکتەردا لەنێوان خۆی و دەروونی خۆیدا ئەنجامی دەدات، نووسەری فەرەنسی (ئیدوارد دوجاردن) دەڵێت مۆنۆلۆگ ((ئاخاوتنێکی دەرنەبڕاوە کارەکتەر لەڕێیەوە گوزارشت لەبیرە تایبەتییەکانی نزیك لەنەستی پێدەکات))، واتە ئەو وتانەی لەڕێی مۆنۆلۆگەوە پێشکەشدەکرێن هەڵقوڵاوی ناو دەروونی کارەکتەرن و بەبێ هیچ جۆرە فشارێك گوزارشت لەدیوی ڕاستەقینەی کارەکتەر بەرامبەر بە جیهانی دەرەکیدا دەکەن، مۆنۆلۆگ تەکنیکێکی گێڕانەوەیە و ڕۆماننووس پشتی پێدەبەستێت و لەڕێیەوە ((کارەکتەر دەروونی خۆی ئاشکرا دەکات و نهێنییەکانی بە زمانێکی جیاواز پێشکەش دەکات))، واتە مۆنۆلۆگ خاوەن زمانی تایبەتە، چونکە تاکەکان هەر لەڕەسەندا جیاوازن, هەروەها بەو پێیەی مۆنۆلۆگ لەگەڵ خۆ قسەکردنە, بۆیە زمانەکەشی جیاوازە، چونکە ئەو بیرۆکانە لەزەینی مرۆڤدا لەشێوەی وێنەی هەستی دەردەکەون نەك وێنەی زمانی, واتا ((وێنا دەروونییەکان و هەستییەکان و چەندلایەنێکی بیر بۆ خۆیان نازمانین، کەواتە نووسەر ئەو توخمانە تەنیا لەڕێی گۆڕینیانەوە بۆ جۆرێك هاوتای زمانی ئاراستە دەکات))، بەم شێوەیە ڕۆماننووس زمان

دەبەخشێت بەو وێنە هەستییانەی کە لەزەینی کارەکتەردا بەرامبەر بەکارتێکەرە دەرەکییەکان شەپۆل دەدەن بۆ ئەوەی خوێنەر لەپرۆسە زەینییەکانی کارەکتەر ئاگاداربکاتەوە, لەم ڕووەیشەوە (ئیدوارد دی جاردان) دەڵێت: ((مۆنۆلۆگ ئامرازیکە بۆ ئەوەی خوێنەر بەراستەوخۆیی ببرێتە ژیانی ناوەوەی کارەکتەر))[ییر], کە ژیانێکی شاراوە و نهێنییە، بۆیە بەشێك لەڕۆماننووسان هەوڵدەدەن مۆنۆلۆگ لەڕێی جۆرە زمانێکی جیاواز و ناڕێکخراو وەك ئاماژەیەك بۆ زمانی ناوەوەی کارەکتەر پێشکەشبکەن، چونکە دیوی ناوەوە یان ((هەست زمانی تایبەت بەخۆی هەیە و جیاوازە لەزمانی دەرەوەی هەست))[سمیر]، بەوەی زمانی دەرەوەی هەست کەزیاتر خۆی لەدیالۆگ دەبینێتەوە زمانێکی ڕێکخراو و تۆکمەیە.

## زمانی مۆنۆلۆگ لەڕۆمانی (هێلانە)دا:

مۆنۆلۆگ بەیەکێك لەگرنگترین تەکنیکەکانی ڕۆمانی شەپۆلی هۆش دادەنرێت کە باس و بەسەرهاتەکانی ڕۆمان لەڕوانگەی جیهانی ناوەوە (زەین)ی کارەکتەر پێشکەشدەکات. (حسەین عارف) لەڕۆمانی (هیلانە)دا جیهانی ڕۆمانەکەی لەڕوانگەی پرۆسە زەینییەکانی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە (سوبحان) پێشکەشدەکات، لەم ڕووەیشەوە کاتێك کارەکتەر (سوبحان) دەچێتە سەر گاشەبەردێك لەبەرامبەر دێیەکەیان و جگەرەیەك دادەگیرسێنیٚ ئیتر: ((**ڕستێك بیرەوەری گورچکبڕ. .... بەبیر و هۆش بە خێرایی تیشك، بەزنجیرەی کارەساتەکاندا دەچێتەوە**))(**ڕۆمانی هێلانە:ل9**). لەم نێوەندەدا گێڕەرەوە/ ڕۆماننووس لەڕێی پرۆسە زەینییەکانی کارەکتەر (سوبحان)ەوە ڕووداوەکانی شاڵاوی ئەنفال دەگێڕێتەوە بەپشت بەستن بە کۆمەڵێك تەکنیك لەنێویاندا (مۆنۆلۆگ). ڕۆماننووس بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەمۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ بەستووە, لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا ((نووسەر خۆی لەزمان ناخی شەخسیەتەکەوە دەدویٚ و شۆڕدەبێتەوە بۆ قوڵایی دەروونی و ئەگەرچی زۆر بەوردی و لەنزیکەوە ڕازو نیازو خواست و شتە نهێنییە حەشاردراوەکانی لەڕوودەخا، بەڵام خوێنەر هەست بەوجودی خۆی و نووسەر دەکاو کەم و زۆر لێی بەئاگایە))[یر]، هەروەها لەڕێی بەکارهێنانی جێناوی کەسی سێیەمی نادیارەوە مۆنۆلۆگەکان پێشکەش دەکات. بۆ نموونە کاتێك کارەکتەر (سوبحان) لێکدانەوە بۆ ڕەفتار و کردەوەکانی کارەکتەر (حەمۆل) کە پیشەی (جاشایەتیکردن)ە دەکات, سەبارەت بەداواکردنی خوشکەکەی کارەکتەر (جافر)، لەم ڕووەوە ئەم مۆنۆلۆگەی لەلا دروست دەبێت:

**((پرسیارێکی ناو مێشکی سەری هەڵدایەوە.."وەڵڵاهی ئەم حەمۆلە بێتو نهێنییەکی لەژێر سەردایە! وازنەهێنانی لەو جاشایەتییە لەخۆڕایی نییە. ئەو سوور دەزانیٚ بەوازهێنانی، کارەکەی مەیسەر دەبیٚ و نایکا.. بۆچی؟ ئەم ماستە مویەکی تێدایە"(هێلانە: ل29)**

لەم بڕگەیەدا کارەکتەر (سوبحان) لەڕێی ئەو وتانەی کە ئاراستەی خودی خۆی دەکاتەوە سەرسوڕمان و گومانی لەلادروست دەبێت، بەرامبەر بەهەڵویستی کارەکتەر (حەمۆل) بەوەی دەستبەرداری (جاشایەتی) نابێتەوە کەبووە بەڕێگر لەبەردەم بەدەستهێنانی ئەو ئافرەتەی کەخۆشی دەوێت، بۆیە زمانی مۆنۆلۆگ ئاوێتەدەبێت لەگومان و پرسیاردروستکردن لەزەینی کارەکتەر وەك ئاماژەیەك بۆ گومانەکانی، ئەمەش بەجۆرێك لەجۆرەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموون و شارەزایی ڕۆماننووس (حسەین عارف)، بەوەی گومانەکە بۆ زەینی خوێنەر بگوێزێتەوە و چالاکی بکاتەوە بۆ ئەوەی بیر لەبابەتەکە بکاتەوە.

لە نموونەیەکی تری مۆنۆلۆگدا دوابەدوای ئەوەی کارەکتەر (سوبحان) بۆ ماوەیەك لەگەڵ کارەکتەر (حەمۆل)ی هاوڕێی پێکەوەدەبن و دواتر (سوبحان) ڕوو لە شاری سلێمانی دەکات، لەوێ بۆی ڕووندەبێتەوە کەشاڵاوی ئەنفال دەستی پێکردووە، بۆیە ئەم زانیارییە نوێیە تەداعی (حەمۆل)ی هاوڕێی دەکات، بەم شێوەیە:

**((لەناکاو حەمۆلی بەبیر هاتەوە. وتی"ئەو قورمساغە بۆچی هیچی بۆ نەدرکاندم؟ خۆ ئەو دەبێ ئاگاداربێ ..... نا نەخێر.. کە وترا جاش ئیتر پێی ناوێ.. چاوەڕوانی چ مەردایەتییەك لە جاش دەکرێ"(هێلانە: ل35)**

لەم مۆنۆلۆگەدا لەڕێی کۆمەڵێك ڕستەی کورت و پرسیارئامێزدا گومان و دڵەڕاوکێی کارەکتەر (سوبحان) بەرامبەر بەهاوڕێکەی دەخاتەڕوو، وەك ئاماژەیەك بۆ باری دەروونی (سوبحان) کەبەلێشاو پرسیاری گۆماناوی لەناو زەینیدا شەپۆل دەدەن.

هەروەها کارەکتەر (سوبحان) کاتێك زانیای دەربارەی شاڵاوی ئەنفال دەبیستێت خێرا بەرەو گوندەکەیان بەرێدەکەوێت و لەگەڵ ناخی خۆیدا دەکەوێتە ئاخاوتن:

**"چێشتەنگاوێکی زوو زوو دەگەمە جێ. غوربەت دەحەپەسێ. بە پەلە کورتەیەکی بۆ باس دەکەم و دەڵێم خۆت ئامادەکە دەچین بۆ.. نا.. نا.. وانەکەم باشە. جارێ هیچ بۆ ئەو باس ناکەم. دەچم باوکم تێ دەگەیەنم......" (هێلانە: ل40)**

لەم مۆنۆلۆگەدا گێڕەرەوە لەڕێی ڕستەو پەیڤە کورتەکانەوە دەیەوێ ئەو بیرۆکە و وێنانەی ناو زەینی کارەکتەر (سوبحان) بۆ خوێنەر بگوێزێتەوە کەلەبارێکی دەروونی نائارامدایە، بەجۆرێك لەگەڵ خودی خۆیدا دەدوێ و لەهەمان کاتدا کەسی سێیەم (غوربەت) دەهێنێتە ناو خۆدواندنەکەوە و پاشان لەپڕ پچڕاندن ئەنجامدەدات و کەسێکی دیکە دەدوێنێ (باوکم). ئەم مۆنۆلۆگە یەکێکە لە مۆنۆلۆگە دوورو

درێژەكانی ناو ڕۆمانەكە, كە لەشێوەی پێشبینیكردنێك بۆ ئاینده لەزەینی كارەكتەر دروست دەبێت و هۆكارەكەشی ترسه و دڵڕاوكێیه، بۆیه دەبینین ئامرازی نەرێكردن بەشێوەیەكی بەرفراوان لەمۆنۆلۆگەكەدا دەربڕاوە.

پرسیاركردن لەخود لەڕێی ڕستەی كورتەوە, یەكێكە لەو شێوازانەی كەزمانی مۆنۆلۆگی تێیدا بونیادنراوەو لەڕێیەوە باری نائارامی دەروونی و شەپۆلە زەینییەكانی كارەكتەر بۆ خوێنەر نمایشدەكرێت, ئەم شێوازەش بەشێوەیەكی بەرفراوان لەڕۆمانەكەدا دەردەكەوێت، وەكو:

**"بە چ حالێكەوە بتوانم چاو لێك بنێم؟ لە خۆشیی سەرنگومبوونی غوربەت و بنار و چنار؟ دایك و باوك و كەسوكار؟ خەڵكی گوند؟ بە چ حاڵێكەوە؟"(هێلانە: ل86)**

بەهەمانشێوە كاتێ كارەكتەر (جافر) دەچێ بۆ سوراغكردنی كاسوكارەكەی و كاغەزێك بۆ كارەكتەر (سوبحان) بەجێدەهێڵێت، ئەوا كارەكتەر سوبحان مۆنۆلۆگێكی لەلا دروست دەبێت، وەك لە لاپەڕە (125)ی رۆمانی هێلانەدا هاتووە.

**باس دووەم/ زمانی فلاشباك:**

مەبەست لەفلاشباك ئەوەیە بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ ڕابردووی نزیك یاخود دوور، ڕێڕەوی بەرەوپێشچوونی باس و بەسەرهاتەكان لەكاتی ئێستای گێڕانەوەدا ڕادەگیرێت, بەجۆرێك ((گێڕەرەوە دەستبەرداری ڕێڕەوی چیرۆكی سەرەكی دەبێتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ هەندێك ڕووداوی ڕابردوو)) بۆ باسكردنی ئەو باس و ڕووداوانەی كە بەگرنگیان دەزانێ, وەك ئەوەی تۆماشفسكی ناویلێناوە: فلاشباك پێشكەشكردنێكی دواخراوە، هەروەها هەندێكجار فلاشباك بۆ ئەو مەبەستە بەكاردێت كە لەڕێیەوە تیشك بخرێتە سەر باس و بابەتە هەنووكەییەكانی جیهانی ڕۆمانەكە.

زمانی فلاشباك بەپێی شێوازی فلاشباكەكە دەگۆڕێ, هەندێكجار ڕۆماننووس لەڕێی دەنگی ئاشكرای گێڕەرەوە فلاشباك پێشكەشدەكات, هەروەها لەهەندێ حاڵەتدا لەرێی زەین و یادەوەرییەكانی كارەكتەرەوە ئەم پرۆسەیە بەشێوەی تەداعی پێشكەشدەكات، مەبەست لەتەداعی ((ئەوەیە جڵەو بدرێ بەدەست زەینەوە خۆی بۆ خۆی هەڵرێژێ... واتە هەموو بیرۆكەیەك بیرۆكەیەكی ترت دەداتێ))، یاخود فلاشباك هەندێكجار لەرێی هەستەكانی كارەكتەرەوە پێشكەشدەكرێت ((ئەمەش وەكو ئەوەیە بەبۆنێك بۆنێكی ترت بێتەوە یان دەنگی كەسێك یان شتێك دەنگی كەس و شتی ترت وەبیربخاتەوە كە پێشتر ئاشنایەتیت لەگەڵدا هەبووە))، هەربۆیە لەم بارەدا زمان ئاوێتەی پرۆسە زەینییەكانی كارەكتەر دەبێت

و تێیدا ڕابردوو و ئێستا ئاوێتە دەبن, واتە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕابردوو لەگەڵ ئێستای گێڕانەوەدا تێکەڵ دەبن.

## زمانی فلاشباك لەڕۆمانی هێلانەدا

زەمەنی دەرەکی یان فیزیکی لەڕۆمانی هێلانە ((بریتییە لە چەند خولەکێك، کاتێك کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە لەسەر گاشەبەردێك بەرامبەر بە دێکەیان دادەنیشێ و جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و تاوەکو دوا مژی جگەرەکەی هەموو یادەوەرییەکانی لە ڕێی زەینەوە هەڵدەڕێژێت))[٣٣], لەبەرامبەردا زەمەنی ناوەکی، یان دەروونی لەڕۆمانەکەدا پانتاییەکی فراوان دەگرێتەوە، هەربۆیە فلاشباك بەشێوەیەکی فراوان لەڕۆمانەکەدا دەبینرێتەوە، بەڵام بەحوکمی ئەوەی گێڕانەوەکان لەڕێی گێڕەرەوە/ ڕۆماننووسەوە پێشکەش کراوە، هەربۆیە لەپرۆسەی نمایشکردنی فلاشباکەکاندا زمانی گێڕەرەوە/ ڕۆماننووس دەبیسترێت نەك کارەکتەرەکان, بۆ نموونە کاتێك (سوبحان) پاش تۆڵەسەندنەوە لە کارەکتەر (معاون نوعمان) و کارەکتەر (کەریم کەللە) لەسەر گاشەبەردێك لەملەیەکی بەرامبەر دێکەیان دادەنیشێت, هەربۆیە بیرەوەرییەکان زەینی (سوبحان) بەرەو ڕابردوو دەبنەوە، بەم شێوەیە:

**((هەموو جار کە بەخۆی و تراکتۆرەکەیەوە دەگەیشتە ئاستی، ڕای دەگرت و بازدی دەدایە خوارەوە. دەچوو دادەنیشت و پاڵی دەدایەوە. جگەرەیەکی دادەگیرساند و بەدەم مژێدانییەوە. بەئاوایی و دەوروبەریدا هەڵیدەڕوانی. ماڵ بەماڵی....)) (هێلانە: ل9)**

ئەم فلاشباکە بریتییە لەبیرەوەریەکانی کارەکتەر (سوبحان) بەڵام لەڕێی دەنگی گێڕەرەوە/ ڕۆماننووسەوە نمایش دەکرێت بەبەکارهێنانی زمانی تۆکمە و ئاسایی بەمەبەستی گەیاندنی هەندێك زانیاری دەربارەی ژیانی کارەکتەر و زێد و دەوروبەرەکەی.

هەروەها فلاشباك لەڕۆمانەکەدا دەبێتە هۆکارێك بۆ ئاشکراکردنی بەشێك لەو دیالۆگانەی کە لەڕابردوودا لەنێوان کارەکتەرەکاندا ئەنجامدراون، بۆ نموونە کاتێك کارەکتەری سەرەکی (سوبحان) بڕیاردەدات تاوەکو دۆخی مەترسیداری شاڵاوی ئەنفال تێدەپەڕێ خێزانەکەی لەلادێکەیانەوە بۆ شاری سلێمانی ببات، ئەم بڕیارەش بیرەوەری (سوبحان) بۆ ڕابردوو ڕاپێچدەکات، بەم شێوەیە:

**((بەیانییەکەی بۆچی هات و ئێستا بۆچی دەشکێتەوە. شکاندنەوەکە گەڕاندییەوە بۆ ساڵانێکی پێشتر.. بۆ گفتوگۆیەکی لەگەڵ دلێردا..... "ئاخر باشە پێم بڵێ: ژیانی ناو ئەو کوێرەدێیە چ لەزەتێکی تێدایە؟ بۆ نایەیتە شارە حەیاتەکە؟.....))(هێلانە: ل38)**

ئەم فلاشباکە زادەی بیر و هۆشی کارەکتەر (سوبحان)ە و بریتییە لەدیالۆگی نێوان خۆی و کارەکتەر (دلێر) کەپێش چەند ساڵێك ئەنجامدراوە، بەڵام لەڕێی زمانی گێڕەرەوە/ ڕۆماننووسەوە بەشێوەی تەداعی پێشکەشکراوە.

زمانی فلاشباك لەڕۆمانی (هێلانە)دا تاڕادەیەکی فراوان لەڕێی بونیادێکی سادەوە پێشکەشکراون, چونکە زیاتر مەبەست لەو بڕگانە بەرچاوڕوونی و بەخشینی زانیارییە لەسەر ڕابردوو، یاخود ڕوونکردنەوەی بابەتە هەنووکەییەکانن.

## ئــــەنجــــــــام

- زمانی گێڕانەوە لەڕۆمانی هێلانەدا خاوەن بونیادێکی هونەریی و واتاییە، بەجۆرێك زمان لەڕێی دەنگی گێڕەرەوە/ ڕۆماننووسەوە بەدوو ئاست پێشەکەشکراوە، ئەوانیش ئاستی (جوانکاری) و ئاستی (پەیامگەیاندن)ن.
- گێڕەرەوە/ ڕۆماننووس زمانی دیالۆگی کارەکتەرەکان دەکات بەپردێك بۆ گەیاندنی زانیاری سنووردار لەسەر باس و بەسەرهاتەکانی مەرگەساتی ئەنفال بەپێی ئاگایی کارەکتەرەکان, دواتریش گەیاندنیان بەخوێنەر.
- پێکهاتەی ڕۆمانەکە پشتبەست بەدەنگی گێڕەرەوە/ ڕۆماننووس و لەڕێی پرۆسە زەینییەکانی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە پێشکەشکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆماننووس سوودی لەزمانی مۆنۆلۆگ و دیالۆگ و فلاشباك بینیوە.
- زمانی مۆنۆلۆگ لەڕۆمانی (هێلانە)دا خاوەن تایبەتمەندی خودییە و گوزارشتە لەئاستی پێش قسەکردنی ناو زەینی کارەکتەر، لەم بوارەشدا ڕۆماننووس دەستڕەنگینی و شارەزایی خۆی لە بونیادی زمانی مۆنۆلۆگ نواندووە، بەمەش ڕۆمانەکە دەچێتە خانەی ڕۆمانی شەپۆلی هۆشەوە.

## پەراوێز

1- آمينة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق, دار الحوار للنشر والتوزيع, سورية-لاذقية, 1997، ص27.

2- **سەرچاوەی پێشوو،** ل27.

3- **دیار فایەق مەجید، شەپۆلی هۆش لەڕۆمانی کوردیی باشوری کوردستاندا بەدیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست** (1972–2002), **تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی،** 2013، ل67

4- **نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، شیعریەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،** 2001، ل82.

5- تغريد عبدالخالق هادي، الحوار في الرواية العراقية 1965-1980، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة بغداد، 2000، ص58.

6- فاتح عبدالسلام، الحوار القصصي تقنياته وعلاقاته السردية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، 1999، ص40.

7- **جەلال ئەنوەر سەعید، گفتوگۆ لەڕۆمانی کوردیی کرمانجی خوارووادا** (1991ز–2003ن)، **تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی،** 2010، ل7.

8- **د. نەجم خالد ئەڵوەنی، تەکنیکی دایەلۆگ لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتەچیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی ئەرەبخا، کەرکوک،** 2006، ل11.

9- د.الصادق قسومة, الحوارخلفياته وآلياته وقضاياه, مسكيلياني للنشر، تونس، 2009، ص40.

10- تغريد عبدالخالق هادي, الحوار في الرواية العراقية (1965-1980)، ص94

11- **حسەین عارف, ڕۆمانی هێلانە کۆی بەرهەمەکانی 4, دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر،** 2011.

12- **عەتا قەرەداخی، گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی** 2003، ل188.

13- **دیار فایەق مەجید، بونیاتی وەسف لە ڕۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەولوود مەم)دا, نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد, زانکۆی بەغدا,** 2008، ل28.

14- **د. موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،** 2005، ل83.

15- جورج بوفون، الاسلوب، ، ترجمة: د. احمد درويش: النص البلاغي في الترث العربي والاوربي، دار غريب للطباعة، القاهرة، 1998، ص188.

16- **عادل مەجید محەمەد گەرمیانی - ریالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخ دا، نامەی ماستەر, کۆلێجی پەروەردەی ئیبن روشد, زانکۆی بەغدا,** 1996، ل70.

17- عبدالامير مطر فيلي الساعدي، الوصف في الرواية العراقية دراسة نقدية في تقنية بناء الوصف (1937 – 1990)، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة بغداد، 2000، ص39

18- د. محمود غنايم، تيار الوعي في الرواية العربية الحديثة دراسة اسلوبية، الطبعة الثانية، دار الجيل، بيروت، 1993، ص78

19- د. لطيف زيتوني ، معجم مصطلحات نقد الرواية (عربي ـ انكليزي ـ فرنسي)، دار النهار للنشر، بيروت، 2002، ص63

20- د. محمود غنايم، تيار الوعي في الرواية العربية الحديثة ، ص24

21- **بەختیار سەجادی و محەمەد مەحمودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی (ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی، تیۆری ئەدەبی) کوردی–ئینگلیزی، دەزگای ئاراس، هەولێر،** 2004، ل124

22- آمينة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق ، ص76.

23- د. محمود غنايم، تيار الوعي في الرواية العربية الحديثة ، 48

24- **حسێن عارف، شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی دوای ساڵانی 1970 دا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،** ژ (63)، 1977، ل14.

25- د. سيزا احمد قاسم، بناء الرواية (دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ)، الهيئة المصرية العامة للكتاب، قاهرة، 1984، ص40
26- د. سعيد علوش، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، دار الكتاب اللبناني، بيروت، 1985، ص98.
27- د. الأخضر بن السايح، سطوة المكان وشعرية القص في رواية ذاكرة الجسد – دراسة في تقنيات السرد، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، بيروت، 2010، ص13.
28– ئەردەڵان شوكر سابیر، تەكنیكی گێڕانەوە لەڕۆمانە شیعرییەكانی (شێركۆ بێكەس)دا، نامەی ماستەی, كۆلێجی زمان, زانكۆی سەلاحەدین, 2009, ل120.
29– دیار فایەق مەجید، شەپۆلی هۆش لەڕۆمانی كوردیی باشوری كوردستاندا، ل124

## لیستی سەرچاوەكان

### كتێب

**یەكەم/ كوردی:**


1– حسەین عارف, ڕۆمانی هێلانە كۆی بەرهەمەكانی 4, دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، 2011.
2– عەتا قەرەداخی، گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2003.
3– د. نەجم خالد ئەڵوەنی، تەكنیكی دایەلۆگ لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی كورتەچیرۆكی كوردیدا، چاپخانەی ئەرەبخا، كەركوك، 2006.
4– نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، شیعریەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2001.


**دووەم/عەرەبی:**


5- د. احمد درويش، النص البلاغي في الترث العربي والاوربي، دار غريب للطباعة، القاهرة، 1998.
6- الأخضر بن السايح، سطوة المكان وشعرية القص في رواية ذاكرة الجسد – دراسة في تقنيات السرد، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، بيروت، 2010.
7- آمينة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق, دار الحوار للنشر والتوزيع, سورية-لاذقية, 1997.
8- د. سيزا احمد قاسم، بناء الرواية (دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ)، الهيئة المصرية العامة للكتاب، قاهرة، 1984.
9- د. الصادق قسومة, الحوارخلفياته وآلياته وقضاياه, مسكيلياني للنشر، تونس، 2009.
10- فاتح عبدالسلام، الحوار القصصي تقنياته وعلاقاته السردية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، 1999.
11- د. محمود غنايم، تيار الوعي في الرواية العربية الحديثة دراسة اسلوبية، الطبعة الثانية، دار الجيل، بيروت، 1993.


### توێژینەوەی ئەكادیمی

**یەكەم/ كوردی:**


12– جەلال ئەنوەر سەعید، گفتوگۆ لەڕۆمانی كوردیی كرمانجی خوارووددا (1991ز–2003ن)، تێزی دكتۆرا، كۆلێجی زمان، زانكۆی سلێمانی، 2010.

13- دیار فایەق مەجید، بونیاتی وەسف لە رۆمانی (رێگا)ی (محەمەد مەولوود مەم)دا, نامەی ماستەر، كۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد, زانكۆی بەغدا, 2008.
14- دیار فایەق مەجید، شەپۆلی هۆش لەڕۆمانی كوردیی باشوری كوردستاندا بەدیالێكتی كرمانجی ناوەڕاست (1972-2002), تێزی دكتۆرا، كۆلێجی زمان، زانكۆی سلێمانی، 2013.
15- عادل مەجید محەمەد گەرمیانی - ریالیزم لە رۆمانی كوردی هاوچەرخ دا، نامەی ماستەر, كۆلێجی پەروەردەی ئیبن روشد, زانكۆی بەغدا, 1996.
17-ئەردەلان شوكر سابیر، تەكنیكی گێڕانەوە لەڕۆمانە شیعرییەكانی (شێركۆ بێكەس)دا، نامەی ماستەی, كۆلێجی زمان, زانكۆی سەلاحەدین, 2009.

**دووەم/عەرەبی:**

18- تغريد عبدالخالق هادي، الحوار في الرواية العراقية 1965-1980، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة بغداد، 2000.
19- عبدالامير مطر فيلي الساعدي، الوصف في الرواية العراقية دراسة نقدية في تقنية بناء الوصف (1937 – 1990)، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة بغداد، 2000.

**فەرهەنگ**

**یەكەم/ كوردی:**

20- بەختیار سەجادی و محەمەد مەحمودی، فەرهەنگی شیكارانەی زاراوەی ئەدەبی (ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی، تیۆری ئەدەبی) كوردی-ئینگلیزی ، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2004.
21- د. موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەكەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2005.

**دووەم/ عەرەبی:**

22- د. سعيد علوش، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، دار الكتاب اللبناني، بيروت، 1985.
23- د. لطيف زيتوني ، معجم مصطلحات نقد الرواية (عربي ـ انكليزي ـ فرنسي)، دار النهار للنشر، بيروت، 2002.

**گۆڤار:**

24- حسێن عارف، شێوەكانی تەكنیك لە چیرۆكی دوای سالانی 1970 دا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ (63)، 1977.

**کورتەی لێکۆڵینەوەکە:**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە کەناونیشانی (بونیادی زمان لەگێڕانەوەی مەرگەساتی ئەنفال لەڕۆمانی (هێلانە)ی (حسێن عارف)دا)یە، هەوڵدەدات بەشێوەیەکی پراکتیکی بونیادی زمان لەهەریەك لەتەکنیکەکانی: (گێڕەرەوە، دیالۆگ، مۆنۆلۆگ، فلاشباك) لەڕۆمانی هێلانەدا بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. پلانی لێکۆڵینەوەکە لەپێشەکی و دەروازە و دوو تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە:**

**لەدەروازەدا لەڕووی تیورییەوە باس لەچەمکی زمانی گێڕانەوە و ئاستەکانی زمانی گێڕانەوە کراوە. تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ دەستنیشان کردنی بونیادی زمانی گێڕەرەوە و دیالۆگ لەڕۆمانی هێلانەدا. تەوەری دووەمیش تەرخانکراوە بۆ دەستنیشان کردنی بونیادی زمانی مۆنۆلۆگ و فلاشباك لەڕۆمانی هێلانەدا. لەکۆتایشدا ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو کەلێکۆڵینەوەکە بەدەستی هێناون.**

**ملخص البحث**

ان هذا البحث الموسوم ( بناء اللغة في سرد فاجعة انفال في رواية (هيلانه) لروائي حسين عارف) يسعى من خلاله الباحثان الى دراسة موضوع بناء اللغة في رواية (هيلانه) بصورة تطبيقية وذلك من خلال تكنيكات (الراوي، حوار الخارجي، حوار الداخلي وارسترجاع الفني). وقد تم تقسيم البحث الى مقدمة، مدخل ومبحثين، و اضافة الى النتائج التى توصل اليها الباحثان. ففي المدخل عرضت مفهوم لغة السرد ومستوياتها بشكل نظري ، اما في المبحث الاول فقد تم تخصيصه لبناء لغة الراوي و الحوار الخارجي في رواية (هيلانه)، وفي المبحث الثاني تناول البحث موضوع بناء لغة الحوار الداخلي و الاسترجاع الفني في رواية (هيلانه)، وفي نهاية تأتي الخاتمة متضمنة أهم النتائج التي توصل إليها الباحثان.

http://garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.68

# ڕوماڵی چالاکیەکانی یادی( 29 ) ساڵەی ( ئەنفالی سێ ) لە ڕۆژنامەوانیی بیستراوی گەرمیان دا. ( توێژینەوەیەکی وەسفییە )

م.ی یادگار علی محمد
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی گەرمیان

## پێشەکی:

قۆناغی سێیەمی ئەنفال؛ بەربلاوترین شالاوی ئەنفال بو کە حکومەتی پێشوتری عێراق بەناوی (پرۆسەی ئەنفال)ـەوە بۆ سەر خاکی باشوری کوردستان ئەنجامیدا. لەم قۆناغەدا؛ زۆرترین هاولاتی بێتاوانی کورد بە دڕندانەترین شێوە ڕووبەڕووی مەرگ کرانەوە و زۆرترین کاولکاری بەر گوندەکان و سەرتاپای ژیاری کۆمەلایەتی و ئابوری ناوچەکە کەوت.

دوای بەرپابونی ڕاپەڕینی بەهاری (1991)ی کۆمەلانی خەلکی کوردستان بەرامبەر بە دەزگا و دامەزراوەکانی حکومەتی پێشوتری عێراق، سالانە لەلایەن دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەسوکار و واریسی ئەنفالکراوان و هاولاتیانەوە، وەك ڕێزلێنان لە گیانی قوربانیان و زیند و ڕاگرتنی یادەکە، بەشێوازی جۆراوجۆر یادی تاوانی ئەنفال دەکرێتەوە. هەرچی کەنالەکانی ڕاگەیاندنیشە، بەشێوازی جۆراوجۆر ڕوماڵی چالاکیەکانی پەیوەست بەو یادە نیشتیمانییە دەکەن. لەم توێژینەوەیەدا؛ هەولدراوە لەسەر بنەمایەکی زانستیی لێکۆلینەوە لەسەر سروشت و جۆری ئەو ڕوماڵە بکرێت کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بیستراوی گەرمیان لەڕێگەی ژانری (هەواڵ) ـەوە بۆ تاوانەکەیان ئەنجامداوە.

## کێشەی توێژینەوە:

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لەوەلامدانەوەی پرسیارێکی سەرەکی، ئەویش: ئایا میدیا بیستراوەکانی شاری کەلار بەچ جۆرو ئاستێك ڕوماڵی چالاکیەکانی یادی(29) ساڵەی تاوانی ئەنفال- (قۆناغی سێی)یانکردوە؟

## ئامانجی توێژینەوە:

لەپاڵ لێکۆلینەوە و بەدەستهێنانی وەلامی زانستیی بۆ کێشەی توێژینەوەکە، لەم توێژینەوەیەدا؛ هەولدراوە چەند ئامانجێکی لاوەکیش بەدەستبهێنرێت، گرنگترینیان:

1. زانینی ئامانجەکانی حکومەتی پێشوتری عێراق لە ئەنجامدانی شالاوی (سێی) ئەنفال لە گەرمیان.
2. دەستنیشانکردنی ئەو ناوچانەی کە حکومەتی پێشوتری عێراق لەمیانی پرۆسەی ئەنفالی ناوچەی گەرمیاندا ڕوبەڕوی کاولکردنی کردنەوە.
3. زانینی قەبارەی قوربانیە مالی و گیانیەکان لە پرۆسەی ئەنفالی (سێی) ناوچەی گەرمیان دا.

## بوارەکانی توێژینەوە:

دابەش دەبێت بۆ سێ بواری سەرەکی، ئەوانیش:

1. بواری شوێن: ڕادیۆی دەنگ– کەلار - ناوەندی ئیدارەی گەرمیان.

2. بواری كات: ڕۆژی(2017/4/14) – ڕۆژی تاوانی ئەنفال.
3. بواری بابەت: ژانری (هەواڵ) لە سامپڵی توێژینەوەكە.

**كۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە:**

كۆمەڵگەی توێژینەوەكە پێكهاتوە لە هەر هەشت قۆناغەكەی شاڵاوی ئەنفال كە لەسەر دەستی حكومەتی پێشوتری عێراق بەهەشت كاتی جیادا لە ناوچە جیاجیاكانی باشوری كوردستان پیادە كراوە. هەرچی سامپڵی توێژینەوەكەشە، بریتی یە لە (ڕۆژنامەوانی بیستراوی گەرمیان – ڕادیۆی دەنگ*)

**جۆر و میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەسفیەكانە. هەرچی میتۆدی بەكارهاتوشە، بریتیە لە میتۆدی ڕوپێو بەشێوازی شیكردنەوەی ناوەڕۆك بەمەبەستی دەرخستنی جۆر و ئاستی ڕوماڵی چالاكیەكانی یادی (29) ساڵەی تاوانی ئەنفالی(سێ) لە ڕۆژنامەوانی بیستراودا.

**زاراوەكانی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا؛ (پێنج) زاراوەی سەرەكی بەرچاو دەكەون و پێویستیان بە ناساندن هەیە، ئەوانیش:

1. **ڕوماڵ:** بریتیە لە پرۆسەی بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاری و ڕوداو لەشوێنی ڕودانیدا لەلایەن ڕۆژنامەوانانەوە، یان پرۆسەی گواستنەوەی ڕوداوە لە واقیعەوە بۆ هەواڵ و زانیارییەك كە شایستەی بلاّوكردنەوە بێت[1].
2. **ئەنفال:** بریتیە لە زنجیرەیەك هێرش و پەلاماری نەخشەبۆكێشراوی سەربازی سوپای عێراق بۆسەر بەشێك لەناوچەكانی باكوری ئەو وڵاتە، سەرجەمیان هەشت پەلامار بو، لە شەش ناوچەی جوگرافی جیاوازدا ئەنجامدرا، لەنێوان دوادوای شوبات و سەرەتای ئەیلولی ساڵی 1988دا[2].
3. **قۆناغی سێیەمی ئەنفال:** بەرفراوانترین شاڵاوی ئەنفال بو، لە (7ی نیسان – 20ی نیسانی 1988) لەلایەن حكومەتی پێشوتری عێراقەوە بۆ سەر گوندەكانی سنوری گەرمیان ئەنجامدرا. سەدان گوندی ناوچەكانی(جەباری، زەنگەنە، داودە و جافی ڕۆغزایی)كەوتنە بەر شاڵاوەكە. لەم قۆناغەدا؛ دەیان هەزار ژن، منداڵ و پیاو دەستگیركران و بێ سەروشوێنكران. سەدان و بگرە هەزارانی تریش هەر لەشوێنی گرتنەكەیاندا گوللەبارانكران. ئەوە بێجگە لە وێرانكردنی نزیكەی (1200) گوند، هۆبە، هەوار و ئاوایی[3].
4. **ڕۆژنامەنوسی بیستراو – ڕادیۆ:** بەمانای بلاّوكردنەوەی گشتیی دێت، جا ئیدی بابەتی هەواڵ، ڕۆشنبیری، پەروەردەیی، بازرگانی و هەر بابەتێكی تر بێت، كە لەیەككاتدا لەڕێگەی بەكارهێنانی ئامێری پێشوازی كردن لە شەپۆلەكانی دەنگ، هەموو گوێگرێك لەسەرتاسەری جیهان پەیامەكە وەردەگرێت[4].

---

*لەبەرئەوەی ( یەكەمین ڕادیۆی كۆمەڵگەیی ئەهلی ( 24كاتژمێر )ـیە لەناوچەی گەرمیان ).

([1]) ڕێبەر گۆران و كامیل عومەر: " ڕوماڵی شەڕی داعش لە میدیای ئەلیكترۆنی كوردیدا"، ژمارە( 10 )، گۆڤاری زانستیی زانكۆی گەرمیان، 2016، ل206.

([2]) میدلّ ئیست ووّچ: "جینۆساید لە عێراقدا – پەلاماری ئەنفال بۆسەر كورد"،و. لەئینگلیزییەوە: محمد حمەساڵح توفیق، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004، ل100.

([3]) شۆڕش حاجی ڕەسوڵ:ئەنفال-كوردو دەوڵەتی عێراق"، چاپی دووەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاپ و بلاّوكردنەوە، سلێمانی، 2003، ل99-100.

([4]) ابراهيم امام: "الاعلام الاذاعي و التلفزيوني"، ط2، دارالفكر العربي، القاهرة، 1985، ص256.

5. **گەرمیان:** ناوچەیەکە کەوتوەتە سنوری ئیداری و جوگرافی هەرێمی کوردستان. سنوری باشوری لەقەزای کفرییەوە دەستپێدەکات، تادەگاتە شارۆچکەی کەلار، لای ڕۆژهەلاتیشیەوە ڕێگای سەرەکی نێوان (کەلار- پێباز- دەربەندیخان)دەگرێتەوە تا دەگاتە زنجیرە چیای قەرەداغ، لەباکوریشەوە لە زنجیرە چیای سەگرمەوە دەستپێدەکات تادەگاتە کۆمەڵگەی(تەکیە) و ڕێگای سەرەکی نێوان (چەمچەماڵ - کەرکوك)، لە خۆرئاواشەوە، لەکەرکوکەوە دەستپێدەکات بەرەو ڕێگای سەرەکی (کەرکوك - دوزخورماتو) تادەگاتە شارۆچکەی کفری[5].

## -چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە-

### یەکەم: تاوانی ئەنفال و قۆناغی سێیەمی ئەنفالی گەرمیان

### - ئەنفال و قۆناغەکانی پیادەکردنی لە باشوری کوردستان

وشەی (ئەنفال) زاراوەیەکی ناو قورئانە و بە واتای (غەنیمە — دەستکەوت) دێت، زۆربەی زانایان ڕایانوایە؛ ئەنفال بەو ماڵ، سامان، ئاژەڵ و کەلوپەلانە دەوترێت کە لە سەردەمی خۆیدا شەڕکەرەکانی موسوڵمانان لە شەڕدا بەدەستیان هێناوە، وشەی (ئەنفال) ناوی سورەتی هەشتەمی قورئانی پیرۆزە، زەمینەی هاتنە خوارەوەی ئەم سورەتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی دوەمی کۆچی بەرامبەر ساڵی (623)ی زاینی، دوای جەنگی بەدری گەورە کە لە نێوان لەشکری موسوڵمانان و بێباوەڕاندا رویدا. لە دەقە قورئانیەکەدا ئەنفال مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵام لای بەعسیەکان مرۆڤ تاکە ئامانج بوە، ڕژێمی شۆڤینیزمی بەعس لەدوای پتر لە (1364) ساڵ جارێکی تر ئەو سورەتەی بە دیدێکی عەرەبیانەی بەعسیانەوە، لە بەرچاوی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، لەسەر میللەتی کوردی موسوڵمان جێبەجێی کرد[6].

حکومەتی پێشوتری عێراق بە هەشت قۆناغ شاڵاوەکانی ئەنفالی لە باشوری کوردستان ئەنجامدا. لە (1988/2/21 – 1988/9/6)، بەهاوکاری فەوجەکانی خەفیفەی "جاش"، پرۆسەکە سەراپای ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە و شۆڕشی گرتەوە، کە ئەوانیش بریتیبون لە ناوچەکانی: (دۆڵی جافایەتی، شارباژێڕ، مەرگە، پشدەر، قەرەداغ، تەواوی گەرمیان، شارەزوور، هەورامان، پێنجوێن، گۆپتەپە، عەسکەر، دەشتی کۆیە و دەشتی هەولێر، بالیسان، باڵەکایەتی و بادینان)[7].

لێردەدا بە کورتی ڕوناکی دەخەینە سەر هەریەك لە و قۆناغانە، پاشان بە شێوەیەکی وردتر لەسەر قۆناغی (سێیەم)ی شاڵاوەکە دەدوێین، کە بە ئەنفالی ناوچەی گەرمیان دەناسرێت.

### قۆناغەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال لە باشوری کوردستان:

### ئەنفالی یەکەم: ناوچەی دۆڵی جافایەتی

ئەم قۆناغە لە (23ی شوباتی تا 19 ی ئازاری 1988)ی خایاند، پێش دەستپێکردنی پەلامارەکە، سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی عێراق سەردانی ناوچەکەی کرد، بەمەبەستی دارشتنی دوا نەخشەی پەلامارەکە[8]. هێرشەکە کاتێك دەستیپێکرد کە حکومەتی بەعس بەبەشداری فەیلەقی یەك و فەیلەقی پێنجی

---

([5]) جاسم محمد محمد علی:" ئەنفالی گەرمیان"، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، 2002، ل22

([6]) ئەحمەد حەمە ساڵح: ئەنفال" زامێك لە زامە سارێژنەبوەکانی نیشتیمان"، ماڵپەڕی "سبەی"، ڕێکەوتی بلاوبونەوە (2017/4/13). (http://sbeiy.com/Article-38711)

([7]) عەبدوڵا کەریم: "هەشت قۆناغی ئەنفال لەماوەی سەدو نەوەدو هەشت ڕۆژدا"، بەبێ شوێنی چاپ، گۆڤاری عەرعەر، ژمارە (3)، ساڵی سێیەم، 2003، ل100.

([8]) یوسف دزەیی: "ئەنفال کارەسات – ئە نجام و رەهەندەکانی"، چاپی یەکەم، بەبێ شوێنی چاپ، هەولێر، 2001، ل84.

سوپاکەی و دەیان لیوای تایبەت و بەهاوکاری "جاش"، هێرشێکی بەرفراوانی بۆسەر ناوچەکانی مەرگە، دۆڵی جافایەتی و بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان- یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان ئەنجامدا، لەم هێرشەدا؛ رژێم چەندین جۆر چەکی کیمیاوی بەکارهێنا[9]. هێرشەکە لە (نۆ) قۆڵەوە بو، بەمشێوەیە[10]:

قۆڵی یەکەم: لەڕێگای سەرەکی کارێزە بەرە و گوندی گاپیلۆن.

قۆڵی دوەم: لە دۆڵی ڕوتەوە بەرە و قزلەر.

قۆڵی سێیەم: لەسەر ڕێگای سورداشەوە بەرە و زێوێ.

قۆڵی چوارەم: لەسەر ڕێگای سورداشەوە بۆ قۆڵی پوشێن- قوڵە سەوز- کلکەی سپیلك، لەوێشەوە بەرە و گوندی شەدەڵە.

قۆڵی پێنجەم: لەسەر ڕێگای دوکانەوە بۆ سورداشەی کۆن- هۆمەر- قەوم- شەدەڵە- شاخی دابان.

قۆڵی شەشەم: لەسەر ڕێگای دوکانەوە بەرە و گوندی قەمچوغە- سەرمۆرد.

قۆناغی حەوتەم: لە قەرەسرتەوە بەرە و قەڵەم پاشا- کلاۆوسپی.

قۆڵی هەشتەم: لەسەر ڕێگای بنگردەوە بەرە و قەرەهەنجیر- شارستێن- سێدەر- دۆڵەبی- هەوارە بەرزە.

قۆڵی نۆیەم: لە بنگردەوە بەرە و ئاوەژێ- چنارنە- سیروان.

لەم قۆناغەدا؛ بەشێك لە گوندنشینان ئاوارەی ولاتی ئێران بون و نزیکەی(200 – 250) هاولاتی بێتاوان لە ژن، منداڵ و پیاو ئەنفالکران و هەرچی گوندەکانی سنورەکەش بو، لەگەڵ خاکدا تەختکران.

## ئەنفالی دووەم: ناوچەی قەرەداغ

هێرشەکان بۆ سەر ناوچەی قەرەداغ، لە 22ی ئادار تا 1ی نیسانی 1988 بەردەوام بو، بەپێی چەند زانیارییەك ژمارەی ئەو کەسانەی لەم ناوچەیە دەستگیرکران گەیشتوەتە (2000) دوو هەزار کەس و دەسبەجێ ڕەوانەی ئەمنی سلێمانی کراون. سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکانی رژێمی عێراق لە 22ی نیسان بەیاننامەی ژمارەی (3109)ی بڵاو کردەوە، تیایدا؛ باسی لە پاککردنەوەی تەواوی ناوچەی قەرەداغ دەکات، دەڵێت: (خیانەتکاران) و تێکدانی بنەکەکانیان لە (تەکییە، بەلگجار، مێولی، بانی مورد، چرچەقەڵا، بەلەکان، دەبەندفەقیرە، قەرەداغ، ئۆقڵا، جافەران، باوەخشێن، سێوسێنان، زەردە، کلۆش، بێرکێ، کڵاو جومعە، بەخشێ، دەربەند باسەرە، سەرگرمە، قۆپی قەرەداغ و ئاژەداخ)[11].

## ئەنفالی سێیەم: ناوچەی گەرمیان

ئەم شالاۆەی ئەنفال ناوچەی گەرمیانی بە چڕی گرتەوە، بە بەرفراوانترین و بەربلاۆترین قۆناغی ئەنفال دادەنرێت، زۆرترین قوربانی ماڵی و گیانی لێکەوتەوە، لە باسەکانی دواتردا؛ بە وردتر و بەئاماژەدان بە سنورەکانی شالاۆەکە، هۆکارەکانی پەلامارەکە و زەرەر و زیانەکانی دەدوێین.

---

([9]) داود محمد حسین: " گەرمیان لەشالاۆەکانی ئەنفال دا"، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، بەبێ شوێنی بلاۆکردنەوە، 2012، ل31-32.

([10]) خەلیل سەرکانی: "ئەنفال لەیادەوەری پێشمەرگەیەکدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، 2009، ل34.

([11]) عەدالەت عومەر سالح: "پانۆرامای تاوانەکانی سەدام" –توێژینەوە، ماڵپەڕی ڕەسمی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێکەوتی وەرگرتن (2017/5/15).
(http://moma-krg.org/Default1.aspx?page=article&id=134&l=3).

**ئەنفالی چوارەم: ئەنفالی حەوزی زێی بچوك**

ئەنفالی حەوزی زێی بچوك 3ـی مایسی 1988 ناوچەیەکی فراوانی لەباکوری ئەو ڕێگا گشتیە گرتەوە کە شاری کەرکوك بە شاری سلێمانی دەگەیەنێ و هەروەها باشوری ڕێگای نێوان کۆیە- دەریاچەی دوکانیشی گرتەوە، کە بریتی بو لە ناوچەکانی (شوان، شێخ بزێنی، دەشتی کۆیە، گۆپتەپە، عەسکەر، دێگەڵە و ئاڵتون کۆپری)[12].

**ئەنفالی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم: ئەنفالی ناوچەکانی پارێزگای هەولێر**

لە (1988/5/24 – 1988/8/31) ئەنجامدرا، ئەم سێ شاڵاوە نزیکەی نیوەی پانتایی باشوری کوردستانی گرتەوە، بەشێوەیەکی گشتی گوندەکانی سەر بەناحیە و قەزاکانی (کۆیە، ناحیەی دێگەڵە) لەگەڵ هەندێك لە گوندەکانی دەوروبەری(هەولێر، شەقلاوە، ڕەواندز، چۆمان، چیای قەندیل، ڕانیە، چوار قوڕنە، هیزۆپ، زنجیرە چیای باواجی) و چەندین شوێنی تریشی گرتەوە[13]. قۆناغی (شەشەم و حەوتەم)، لەنێوان هەردوو مانگی (تەمموز و ئاب) بەدرێژایی ناوچەکانی(شەقلاوە، خۆشناو و ڕەواندوز) ئەنجامدرا و ناوچەکانی (سماقوڵی، دۆڵی ئالانە و بالیسانی) گرتەوە و پاکتاوکران[13].

**ئەنفالی هەشتەم: ئەنفالی بادینان**[14]

ئەم شاڵاوە لە 25ـی ئاب–6ـی ئەیلولی 1988ی خایاند، بەهێرشێکی کیمیاویی لەناوچەی(زێرەشکانی) نزیك سنوری عێراق و تورکیا دەستیپێکرد، لەم قۆناغەدا؛ چەند ناوچەیەك بەرکەوتن، لەوانە: (دهۆك، زاخۆ، کانی ماسی، زێوە، دێرەلوك، ئەتروش و زاوێتە).

**ئەنفالی گەرمیان:**

**قۆناغی سێیەمی ئەنفال: ئەنفالی ناوچەکانی گەرمیان**

سەختترین و سامناکترین قۆناغی ئەنفال بو، لە (7ی نیسان – 20ی نیسانی 1988) ناوچەکانی (کەرکوك، دوزخورماتو، کفری، کەلار، دەربەندیخان، زنجیرە چیای قەرەداغ، تەکیە، چەمچەماڵ و قەرەهەنجیر)ـی گرتەوە. حکومەتی پێشوتری عێراق ئەم شاڵاوەی لە (13) قۆڵەوە ئەنجامدا، قۆڵەکانیشی بەمشێوەیە دابەش کردبو[15]:

قۆڵی یەکەم: لە دوزخورماتوەوە بەرە و باشتەپە و ئاوەسپی.

قۆڵی دووەم: لە کفرییەوە بەرە و ئۆمەربل و عەزیز قادر.

قۆڵی سێیەم: لەکفرییەوە بەرە و دەراجی.

قۆڵی چوارەم: لە کەلارەوە بەرە و تیلەکۆ و کولەجۆ.

قۆڵی پێنجەم: لە پێبازەوە بەرە و شێخ تەویل.

قۆڵی شەشەم: لە پونگەڵەوە بەرە و بەکربایەف.

---

([12]) نازەنین محمد وهبی و ئەوانی تر:" مێژوی نوێ و هاوچەرخ – پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی وێژەیی"، چاپی دەیەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکان، 2014، ل214.

([13]) زەمان عەبدە: " مەرگەساتی ئەنفال"، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2010، ل 71.

([14]) هێمن کامیل ڕەشید: "ئەنفالی چوارو کاریگەرییە کۆمەلأیەتیەکانی لەسەر گە نجی کەسوکاری ئەنفال"، گۆڤاری هەشتاو هەشت، ژمارە (15)، 2009، ل62.

([15]) نازەنین محمد وهبی و ئەوانی تر:" هەمان سەرچاوەی پێشو"، هەمان لاپەڕە.

([16]) شۆڕش حاجی ڕەسوڵ: " سەرچاوەی پێشو"، ل99.

قۆڵی حەوتەم: لە دەربەندیخانەوە بەرە و درۆزنە.

قۆڵی هەشتەم: لە چیای قەرەداغەوە بەرە و تەپەکەروس.

قۆڵی نۆیەم: لە قادرکەرەمەوە بەرە و ئیبراهیم غولاّم.

قۆڵی دەیەم: لە چیای قەرەداغەوە بەرە و درۆزنە.

قۆڵی یانزەیەم: لە قەرەحەسەنەوە بەرە و هەنارە و مەحمود پەریزاد.

قۆڵی دوازدەیەم: لە لەیلانەوە بەرە و تازەشار.

قۆڵی سیازدەیەم: لە سەنگاوەوە بەرە و سەرقەڵاّ.

**پلانەکانی پەلامار لە ئەنفالی (سێ)ــی گەرمیان دا :**

حکومەتی پێشوتری عێراق هەمو قۆڵەکانی پەلاماری ناوچەجیاوازەکانی گەرمیانی بۆ سەر (سێ) پلانی سەرەکی دابەشکردبو، بەمشێوەیە:

**یەکەم: پلانەکانی پەلاماری خورماتو:**

بەرەبەیانی (7ی نیسان – 9ی نیسانی 1988) هێزەکانی ڕژێمی بەعس بە هاوکاری و بەرچاو ڕونی فەوجەکانی"جاشەکان"، لە کەرکوك، لەیلان، چەمچەماڵ و سەنگاوەوە بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی سنوری قەزاکە، بەرەو دوزخورماتو دەستیان بەجوڵەکرد، بۆئەوەشی بەباشترین شێوە پلانەکە جێبەجێبکەن، هێزەکانیان دابەشی (سێ) بەرەی سەرەکی کرد، ئەوانیش[17]:

**بەرەی یەکەم:** لە ناحیەی(نەوجول)ـەوە بەرەو (چەمی ئاوەسپی)، لەم هێرشەدا دانیشتوانی گوندەکان بێ ئاگابون، چونکە زۆر لەناکاو و کتوپڕ بو، لەئەنجامدا؛ سەرجەم گوندەکان خاپورکران و گوندنشینەکانیش ڕاپێچی کامپەکان کران.

**بەرەی دووەم:** هێرشێکی بەرفراوانتر لەوەی یەکەم بۆسەر گوندەکانی ئەمبەر و ئەوبەری چەمی ئاوەسپی دەستپێکرد، لەم هێرشەدا؛ 17 گوند بەتەواوی وێرانکران و گوندنشینانیش بە تراکتۆری خۆیان و ئیڤای عەسکەری، بەرەو خورماتو بران و تائێستاش چارەنوسیان نادیارە.

**بەرەی سێیەم:** هێرشەکە لەلایەن هێزێکی هاوبەشەوە بۆ سەر گوندی(تازەشار) ئەنجامدرا، کە تەنیا (20) ماڵی تێدابو، لەم هێرشەدا؛ هێزە هاوبەشەکەی بەعس دوچاری بەرگری هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان – یەکێتیی-شیوعی بویەوە، پێشمەرگەکان ژمارەیان تەنها (24) پێشمەرگە بو، (17)یان سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ئەوانی تریشیان سەر بە حیزبی شیوعی کوردستان بون، لەئەنجامی بەرگری هێزەکانی پێشمەرگە؛ سوپا پەنای بۆ چەکی کیمیاوی برد و لەئەنجامدا؛ (24) پێشمەرگە شەهیدبون و لەناوچەیەکی نزیك لە خورماتو، لەگۆڕێکی بەکۆمەڵدا خرانە ژێر گڵەوە.

---

([17]) زانا فەقێ محمد: " جینۆسایدلە باشوری کوردستان – ئەنفالی گەرمیان بە نمونە"چاپخانەی یاد، 2012، ل39 -40.

**دووەم: پلانەکانی پەلاماری قادر کەرەم و باکوری گەرمیان:**

ئەم پەلامارە ئەو ناوچانەی گرتەوە کە هەردو هۆزی(جەباری و زەنگەنە)ی لێ گیرسابونەوە و بەر ترسناکترین پەلامار لە شالأوەکانی ئەنفال کەوتن، پلانەکەش لەڕێگەی (سێ) هێرشەوە بەئەنجام گەیەنرا، بەمشێوەیە[18]

**هێرشی یەکەم:** لە (10ـی نیسانی 1988) هێزێکی تایبەتی سوپای عێراق بەسەرپەرشتی عەمید (بارق عبدالله حنتە) لەناوچەکانی (کەرکوك، چەمچەماڵ)ـەوە بەرەو ئاراستەی باشور جوڵەیان پێکرا، لەئەنجامدا؛ هەموو گوندەکانیان وێرانکرد.

**هێرشی دووەم:** لە (1988/4/11) هێزێکی چەکداری "جاشەکان" لە قادرکەرەمەوە بۆ تێکدانی گوندی(برایم غولأم)ـی هۆزی (زەنگەنە) جولەی پێکرا، سەرباری ئەوەی گوندنشینانی ناوچەکە ئاگاداری پلانی ئەنفالکردنیان بون و ناوچەکەیان جێهێشتبو، کەچی لەئەنجامدا؛ بەهۆی نەبونی هیچ دەرەتانێکەوە، خۆیان بەدەستەوەدا.

هێرشی سێیەم: لەبەردەوامی هێرشەکانیان بۆ کۆنترۆڵی تەواوەتی گەرمیان، هێزێکی هاوبەش لە سوپا و "جاش" لە قۆڵی (سەنگاو)ـەوە پەلاماری گوندەکانی (زەنگەنە)یاندا، ئەوە بێجگە لەوەی کە هێزێکی گەورەتری سوپا بەدەیان تانکەوە لە ناحیەی(سەنگاو)ـەوە بەرەو ڕۆژئاوا و بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتنی بنکەیەکی (پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) لە دۆڵی (گوڵباخ) جوڵەیان پێکرا، لەوێدا؛ شەڕێکی قورس ڕویدا و سێ پێشمەرگە لە (قەیتول) و حەوت پێشمەرگەی تریش لە (گەڕاو) شەهیدبون.

**سێ یەم: پلانەکانی سەنگاو و باشوری گەرمیان**[19]

لەلای باشوری گەرمیانەوە کە هاوسنورە لەگەڵ ناوچە عەرەبکراوەکانی دیالە، کاتژمێر(6:30)ـی سەرلەبەیانی 9ـی نیسانی 1988، ڕەتڵی یەکەمی هێزەکان بەسەرپەرشتی (عەمید سامی) - لەفەیلەقی یەکی سوپا، لەشارۆچکەی کفرییەوە کەوتەڕێ. هەر لەهەمان بەیانیدا؛ ڕەتڵەکانی تر لە پێگەکانیانەوە کە لەکەلار، پێبازو پونگڵە بو کەوتنە پێشڕەوی، ستراتیژی سەرەکیشیان هەمان ئەوەی باکوری گەرمیان بو، کەبریتی بو لە پرۆسەی ئابڵوقەدانێکی گەورە و فراوان لەچەندین لاوە، لەگەڵ دەستکردن بە ڕەشبگیری تەواوی ئەو خەڵکە مەدەنیەی گەمارۆیان داون و ڕوخاندنی گوندەکانیان و کۆزەکردنیان بۆ سەر ڕێگاوبانە سەرەکیەکان یان ئەو شوێنانەی پێشتر بۆ کۆکردنەوەیان دانرابون، هەروەها ناچارکردنی پێشمەرگە تا بەرە و شوێنە داخراوەکان برۆن و ڕێی دەربازبونیان لێبگرن، چونکە هەنگاوی یەکەم دەبو بنکە و سەنگەرەکانی (یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان) تێکبشکێنن. سەرباری بەرگری زۆری پێشمەرگە و تێکشکاندنی هێزەکانی سوپا و پاشەکشەیان، بەلأم دواجار پێشمەرگە بۆی دەرکەوت بەرگریکردن بێسودە و کشانەوە، خەڵکەکەش دەستیانکرد بە جێهێشتنی گوندەکان، بەلأم لەوکاتەدا سوپا بەمەی زانی و دەوریگرتن و دەستگیریکردن و بە ئیڤای سەربازی ڕەوانەی کردن.

---

([18]) زانا فەقێ محەمەد: "سەرچاوەی پێشو" ، ل43

([19]) میدڵ ئێست وۆچ: " جینۆساید لە عێراقدا.. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد"، و.لەئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق،چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004، ل206-212.

لە (11ی نیسانی 1988)، هێزی هاوبەشی دووەم بەفەرماندەیی (نەقیب عەبد عەواد) لەفەوجی پیادەی(417) لە ڕەتڵەکەی جیابویەوە، بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی گوندی دورشاجی کە ماوەی چەند میلێك لە ڕۆژئاوای هۆمەربلەوە بو، لەوکاتەدا؛ خەڵکەکە خۆیان ڕادەستی هێزەکە کرد و ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگایەك کە بەتایبەت ئامادەکرابو لەنزیك فیرقەی پیادەی بیست و یەك، بەپێی ڕاپۆرتی ئیستیخبارات مەبەست لەو شوێنە تایبەتە قەلاَکەی قۆرەتوە. هێزەکەی عەودای ئەو شەوە لە دوراجی مایەوە و بۆ بەیانیەکەی گەڕایە دواوە و لەگەڵ هێزە سەرەکیەکەدا یەکیگرتەوە و لەڕێگاکەشیدا؛ هەردو گوندی بەلەگەی گەورە و بچوکی سوتاند.

سەرلەبەیانی 9ـی نیسانی 1988 هێزێکی تری سوپای عێراق بە فەرماندەیی ڕائید (منذر ابراهیم یاسین) لەکەلارەوە بەرەو هەردو گوندی تیلەکۆی خوار و سەرو جولێنرا، لەبەیانی زووی 11ـی نیساندا؛ هەردو گوندی کولەجۆیان ڕوخاند، لێرە هێزەکە ڕووبەڕوی بەرگری بویەوە و چوار سەرباز برینداربون، ئەو گوندانە ڕێگایان نەبو سوپا ناچاربو فڕۆکە بەکاربهێنێت، هێزەکە بەهەرکوێدا گوزەری دەکرد گوندەکانی دەڕوخاند، پاش ئەوەی گوندی کولەجۆیان ڕوخاند، هێزەکە لەوێوە بەرەو باکورد پێشڕەوی کرد، کاروانێك بلدۆزەر و ئیڤای بەتاڵی شوێن خۆی خستبو، زۆری پێنەچو گەیشتە هەوارە بەرزە، دواتر بەرەو گوندی کونەکۆتر پێشڕەویانکرد، ئەم گوندە شەش ماڵی لێبو هەر بە پەلامارەکەیان زانی گوندەکیان چۆڵکرد و هەڵهاتن، بەلاَم دواتر کەوتنە نێو دەورێیەکی سوپاوە، ئەفسەرێك بەڵێنی پاراستنی پێدابون، بەلاَم وادەرنەچو، (36) کەسی ئەو شەش خێزانە بێسەروشوێنکران.

(هێزێك تر لە خۆرهەلاَتەوە بەسەرپەرشتی (محمد نازم حەسەن) لە (پێباز و پونگڵە)بەڕێککەوتن و گوندی (شێخ تەویل)یان وێرانکرد. پاشان خەڵکی ئەم ناوچەیە کە بەهەزاران کەس دەبون، لە گوندی(فەقێ مستەفا) بەسەرباز و "جاش" دەورەیان گیراو هەموویان ڕاپێچی قەلاَ سەربازییەکەی قۆرەتو کران)[20].

گوندنشینانی بەر شالاَوەکانی ئەنفال، دوای گەیشتنی دەستی سوپا و جاشەکان بە گوندەکانیان و تەختکردنی ماڵ و باخ و بەتالاَنبردنی سەروەت و سامانەکانیان، بە ئۆتۆمبیلی خۆیان و سوپا، ڕاپێچی چەند سەنتەر و کامپێك دەکرانەوە، تاوەکو بەپێی بەرنامەیەکی پلان بۆدانراو لەیەکتریان جیابکەنەوە و ڕەوانەی چارەنوسێکی نادیار بکرێنەوە، لێرەدا ئاماژە بەگرنگترین ئەو سەنتەر و کامپانە دەدەین[21]:

1. سەنتەری ملەسورە.
2. سەنتەری عەلیاوا.
3. سەنتەری لەیلان.
4. سەنتەری قادر کەرەم.
5. سەنتەری مەرکەز شەباب و دواناوەندی ڕەشید - دوزخورماتو.
6. سەنتەری چەمچەماڵ.
7. کامپەکانی(دبس، تکریت و تۆپزاوا).

(20) مەلا تەحسین گەرمیانی: "بیرەوەرییەکانم و بەشێك لە تراژیدیاکانی ئەنفال"، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، 2003، ل16.

(21) زانا فەقێ محمد: "سەرچاوەی پێشو"، ل47-48.

## ئەنجامەکانی شاڵاوی قۆناغی سێیەمی ئەنفال – ئەنفالی ناوچەی گەرمیان و کاریگەرییەکانی:

بەپێی ئەو ئامارە نافەرمیانەی تائێستا لەسەر زەرەر و زیانەکانی شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ سەر باشوری کوردستان ڕاگەیەنراون، ناوچەی گەرمیان زۆرترین قوربانی گیانی و ماددی بەرکەوتوە، کە ئەمانەن[22]:

1. 45 هەزارو 777 خێزان ئاوارەو بەندو بێ سەروشوێن کران.
2. 871 گوندو شەش ناوەندی ناحیە سوتێنران و لەگەڵ خاکدا یەکسانکران.
3. 39 هەزارو 178 خانو، 381 قوتابخانە، 657 مزگەوت و 69 نەخۆشخانە وێرانکران.
4. 52 عەماری ئاو و ماتۆڕی ئاو، 47 مەکینەی ئاش و 135 کارێز و ئەستێڵ تەقێنرانەوە.
5. 157 تەکیە، خانەقا، مەرقەد و شوێنەواری پیرۆز وێرانکران.
6. 1435 ڕەز سوتێنران، 570 هەزار تۆن گەنم و جۆ و دانەوێڵە لەگەڵ 17 هەزار و 220 تراکتۆر و مەکینەی جۆراوجۆر بەتاڵان بران.
7. 472 هەزار و 770 سەر مەڕو بزن، لەگەڵ 15 هەزار سەر ڕەشەوڵاخ بەتاڵانبران.
8. لەبارەی زیانە گیانیەکانەوە، هەندێك سەرچاوە ئاماژە بە بێسەروشوێن بوونی (70 – 80) هەزار مرۆڤی کورد دەکەن لەم قۆناغەدا[23].

## هۆکارەکانی پشت ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال: ئەنفالی ناوچەی گەرمیان

توێژەران و پسپۆرانی بواری جینۆساید و ئەنفال ئاماژەیان بە گەلێك هۆکار کردوە کە حکومەتی پێشوتری عێراقی والێکردوە، پەنا بباتە بەر ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال لە باشوری کوردستان بەگشتی و ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی، کە ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیانن:

1. نیازو مەرامی پرۆسەی ئەنفال لە گەرمیان دا زۆر ڕون و ئاشکرایە، بەتایبەتی لەوەدا بو کە دەبو تەواوی شوێنەواری نیشتەجێبوونی مرۆڤی کورد لەناوچەکە بسڕێتەوە[24]
2. بەعس پێیوابوە پێویستە دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك کەمەبەستی ناوچەکانی ئەنفالی سێی گەرمیانە کەمبکاتەوە، وەك عەلی حەسەن ئەلمەجید، دەڵێت: تۆ دەتوانی نیو ملیۆن کورد لە هەولێر بکوژی، بەڵام ئەوە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت، چونکە هەولێر هەر بە کوردی دەمێنێتەوە، بەڵام کوشتنی 50 هەزار کورد لە کەرکوك بۆ هەتا هەتایە کۆتایی بەکێشەی کەرکوك دەهێنێت"[25]
3. هەر لەسەرەتای دروستبونی دەوڵەتی عێراقەوە ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت، لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و دنیای دەرەوە (نەوت) فاکتەری سەرەکی ناکۆکیەکان و چەوساندنەوە و پاکتاوکردنی گەلی کورد بوە[26].
4. هۆکارەکانی وەك (سنوری جوگرافی، تۆبۆگرافیا، سیاسیی، ئابوری) گەرمیان، بەمشێوەیە[27]:

**جوگرافی:** نزیکی سنوری ناوچەی گەرمیان لە سنوری دەسەڵاتی بەعس، کە بەئاسانی دەیتوانی هێرشبکاتە سەری و پرۆسەی ئەنفالی تێدا ئەنجام بدات.

---

(22) زانا فەقێ محمد:" هەمان سەرچاوەی پێشو" ، ل49.

(23) نازەنین محمد وەبی و ئەوانی تر:" سەرچاوەی پێشو"، ل213.

(24) عومەر محەمەد:" ئەنفالی گەرمیان – سیاسەتێك و دوو ئامانج"، چاپخانەی هێڵ، سلێمانی، 2010، ل111.

(25) هەمان سەرچاوەی پێشو، ل 53.

(26) هەمان سەرچاوەی پێشو، ل27.

(27) زانا فەقێ محمد:" سەرچاوەی پێشو"، ل53-57.

**تۆپۆگرافیا:**ناوچەی گەرمیان بەشێوەیەكی گشتی(200 – 1000)مەتر لەسەر ئاستی ڕوی دەریاوە بەرزە، ئەمەش وادەكات ناوچەیەكی بەرزو ئاڵۆز نەبێت بۆ جموجوڵی سەربازی، دەرفەت دەدات بە دوژمن تا لەهەمو پەلامارەكانیدا سەركەوتوبێت.

**سیاسی:** ناوچەی گەرمیان مەڵبەندی شۆڕشی نوێ بو، ئەمەش بەهۆی پەیوەستبونی خەڵكی ناوچەكە بوە بە شۆڕش، چونكە دانیشتوانی ناوچەكە لەمێژە پەیوەندی پتەویان بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردەوە هەبوە، ئەوەش وایكردوە بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەو پەلامار و ماڵوێرانیدابن.

**ئابوری:** ئەمەیان لەسەر دوو ئاست بەدەردەكەوێت، یەكەمیان هەبونی نەوت لەناوچەكە كە لەپێشوتردا باسمان لێوەكرد، دوەمیشیان؛ بەرهەمهێنانی كشتوكاڵی و ئاژەڵداریە، ئەم ناوچەیە بەهۆی بەپیتی خاكەكەی و لەباری ئاووهەواكەی، زۆرترین جۆری بەروبوم و دانەوێڵەی لێ دەچێنرێت، هەروەك لەوەڕگایەكی باشیشە بۆ بەبەخێوكردنی ئاژەڵ و مەڕومالآت.

لەسەر ئاستە گشتیەكەش، هۆكارەكان بریتیبون لە: دابڕینی بەشێك لە جوگرافیای هەرێمی كوردستان لەلایەن هێزی پێشمەرگەی كوردستانەوە، بۆ نمونە زۆربەی ناوچە شاخاوییەكانی كوردستان كەناوچەی سەخت و یاخین بۆ بەرەنگاری و شەڕ، لەبەرژەوەندی پێشمەرگەدا بو. هەروەها نەتەوەی كورد لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە، وەك كۆسپ و ڕێگرێك لەبەردەم یەكێتی نەتەوەیی عەرەب بینراوە. ئەوە بێجگە لە مەبەستی ڕژێم لە تێكدانی هاوسەنگی تەمەن لەنێوان گەنجانی كورد و گەنجەكانی ناوەڕاست و باشوری عێراق، چونكە لەڕێگەی شەڕەوە بەشێكی زۆری توێژی گەنجان دەكوژرێن، هەرچی بارودۆخی سیاسی و سەربازی ئەوسای كوردو عێراق بو یەكێكی تر بو لەهۆكارەكانی ئەنجامدانی شالآوەكانی ئەنفال لە باشوری كوردستان، چونكە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یارمەتی سیاسی و سەربازی و دارایی پێشكەش بە عێراق دەكرد، دەبێت ئەوەشمان بیرنەچێت كە سایكۆلۆجیەتی سەركردایەتی حكومەتی عێراق و فەرهەنگە سیاسیەكەی سەرانی ڕژێمی عێراقی لەبەر گەلێك هۆكاری سیاسی، كۆمەلأیەتی و سەربازی هەر لەسەرەتاوە عەقڵیەتێكی شەڕەنگخوازانەیان لادروست ببو[28].

**دووەم: ڕۆژنامەوانی بیستراو – ڕادیۆ**

**تایبەتمەندیەكانی ڕۆژنامەوانی بیستراو**

دەتوانین تایبەتمەندیەكانی ڕادیۆ، وەك سەرەكیترین ئامرازێكی ڕۆژنامەوانی بیستراو لەم لایەنانەی خوارەوەدا كورت بكرێتەوە[29]:

1. ڕادیۆ دەتوانێت بیرو ئەندێشەی گوێگر بكاتەوە و بەبێ بەربەست بیجولێنێت.
2. گوێگرتن لە ڕادیۆ پێویستی بە هەوڵ و ماندوبون نیە، بەپێچەوانەی خوێندنەوەی ڕۆژنامە و سەیركردنی تەلەڤزیۆن.
3. ڕادیۆ دەبێتە دەرفەتێكی باش بۆ هەمو ئەو كەسانەی كە ناتوانن بخوێننەوە و بنوسن، تا لەڕێگەیەوە دەستیان بەزانیاری ڕۆشنبیری گشتی و ئەو چالاكیانە بگات لەناوەوە و دەرەوەی وڵات ئەنجام دەدرێن.

---

([28]) **نازەنین محمد وهبی و ئەوانی تر:" سەرچاوەی پێشو"، ل**210 – 211

([29]) عبدالله محمد زلطة: "الكتابة للراديو و التلفزيون"، دارالفكر العربي، القاهرة، 2003، ص72.

4. ڕادیۆ هونەرێكی ویژدانی سۆزئامێزە، هەر بۆیە حكومەتەكان هەستیان بەم گرنگیەی كردوە و زۆرجار لەكاتی ڕودانی قەیرانەكان و جەنگەكان، بۆ هێوركردنەوەی لایەنی عاتیفی ڕایگشتی، گۆرانی و سرودی نیشتیمانیی و حەماسی لەڕێگەی ڕادیۆوە پێشكەش دەكرێت.
5. گوێگر دەتوانێت لەكاتی گوێبیستبونی ڕادیۆدا، چالاكی تریش ئەنجام بدات.
6. ڕادیۆ دەتوانێت كەشێكی ڕاستگۆیانە لەنێوان خۆی و وەرگرانی دروستبكات، هەربۆیە كاتێك گوێگر گوێ لە ڕادیۆ دەگرێت، هەستدەكات ئەوەی لەڕێگەیەوە پێیدەگات ڕاستیی و حەقیقەتە.
7. ئەوەی لە ڕادیۆوە پەخشدەكرێت ئەو هەستە بە وەرگر دەدات كە ڕاستەوخۆیە، واتە: هەستی گوێگر بۆ بەرنامەو بابەتەكانی ڕادیۆ وایە كە تەنانەت بەرنامە تۆماركراوەكانیش سەرجەمیان زیندو و ئێستایین.
8. ڕادیۆ هەمیشە ڕاپۆرتەكانی لەسەر دوا پێشهات و گۆڕانكاریە، نەك گەڕانەوە بۆ ڕابردوو.
9. لەكاتی گوێگرتن لە ڕادیۆ تەنها هەستی بیستن سەرقاڵە و هەمو هەستەكانی تر دەتوانن بەباشی ئەركەكانی خۆیان ڕاپەڕێنن.
10. ڕادیۆ قەبارەی بچوكە و هەڵگرتن و گواستنەوەی لەشوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر ئاسانە.
11. ڕادیۆ لەبواری ریكلام بۆ كاڵا و بەرهەم، كاریگەری گەورەی هەیە و شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن بە ئامرازێكی گرنگ لەبواری كڕین دایدەنێن.
12. بۆ ڕیكلامكاران و سازێنەرانی بواری ڕاگەیاندن، ڕادیۆ ئامێرێكی خێرایە و دەمودەست دەتوانرێت تێكستی بۆ بنوسرێت و بگەیەنرێت بە گوێگر، دەشتوانرێت تا خولەكەكانی كۆتایی، گۆڕانكاری لە تێكستی ئەو بابەتانەیدا بكرێت كە بڕیارە لە ڕادیۆوە پێشكەش بكرێت.

### ڕادیۆی دەنگ(30)

ئەم ڕادیۆیە ڕۆژی(2010/2/6) لە سەنتەری شاری كەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان دامەزراوە. ڕادیۆیەكی ئەهلیی كۆمەڵگەییە، ئامانجی بریتیە لە پەرەپێدانی دیموكراسیی، بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامە، هەواڵ و بابەتانەی كە بەدواداچونیان بۆ دەكات.

رادیۆكە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆكە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی كاركردنی وەرگرتوە. لەئێستادا ڕۆژانە (24)كاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی(FM 99.9) پەخشی بەرنامەكانی دەكات.

لەڕوی داراییەوە، ڕادیۆی دەنگ قازانج نەویستە، بۆ بەڕێوەبردنیشی پشت بە داهاتی ریكلامی بازرگانیی، پرۆژە و هاوكاریی رێكخراوە ناحكومیی و نا حزبیەكانی ناوخۆ و دەرەوە و هەروەها پیتاكی هاوڵاتیان دەبەستێت، بەو مەرجەی كاریگەریی نەكاتە سەر رێڕەویی ئیشكردنی رادیۆكە.

(30) ماڵپەڕی ڕادیۆی دەنگ: "دەربارە"، ڕێكەوتی(2017/11/3) (http://radiodang.org/drezha.aspx?code=75).

رادیۆی دەنگ، خاوەنی خزمەتگوزاریی ئۆنلاینی ڕادیۆكەیە، تیایدا هەمو ئەو هەواڵ، بەرنامە، راپۆرت، دیدار و بەداواداچونانە بڵاودەكرێتەوە، كە رادیۆكە لەسەر شەپۆلی زەمینی خۆی پەخشی دەكات. هاوكات، هەندێك بەرهەم و بابەتی دیكەش تایبەت بە ماڵپەڕەكە بڵاودەكاتەوە. ئەم ماڵپەڕە، بە هاوكاریی دارایی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموكراسیی(NED) دروستكراوە و كاری تێدا دەكرێت.

## ئەنجامی شیكاری توێژینەوە:

ڕادیۆی دەنگ بە درێژایی ڕۆژێكی تەواو، واتە لە (24) كاتژمێردا، دوو گەشتی سەرەكی هەواڵەكانی هەیە، گەشتی یەكەمیان كاتژمێر (10)ی سەرلەبەیانی بلاۆدەبێتەوە و لەكاتژمێر (12) ی نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ دوبارە دەبێتەوە. هەروەها گەشتێكی تری سەرەكی هەواڵەكان لەڕادیۆی دەنگ كاتژمێر (4)ی پاشنیوەڕۆ بلاۆدەبێتەوەو لەكاتژمێر (6)ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ بلاۆدەبێتەوە. لەگەڵ دوو گەشتە سەرەكیەشدا؛ ڕادیۆی دەنگ لەكاتژمێر (11)ی نیوەڕوان و كاتژمێر (5)ی ئێواران دوو كورتە گەشتی هەواڵی هەیە، ئەوە جگە لە كۆبەندی هەواڵەكان كە بریتیە لە كۆكراوەو پوختەی گرنگترین هەواڵە پێشكەشكراوەكان كەلە دوو گەشتە سەرەكیەكەی ڕۆژدا پەخشكراون، ئەم كۆبەندە؛ لە كاتژمێر (8:30)ی شەو بلاۆدەكرێتەوە.

لێرەدا توێژەر تەنها (دوو) گەشتە سەرەكیەكەی هەواڵی لە ڕادیۆی (دەنگ) بەنمونە وەرگرتوە، چونكە سامپڵی ڕاستەقینەی ڕوماڵی هەواڵ و بابەت و پێشهاتەكانن و كورتەی هەواڵەكان و كۆبەندی هەواڵەكان ناتوانن ئەو ڕۆڵە ببینن، چونكە یەكەمیان تەنها كورتەی هەواڵە و دووەمیشیان؛ پەخشكردنەوەی هەردوو گەشتەكەیە بەشێوەیەكی دووبارە و بەتۆماركراوی.

### 1. هەواڵە پەخشكراوەكان

**خشتەی(1)**

| بڕگەكان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| **گشتی** | 5 | ٪45 | **دووەم** |
| **ئەنفال** | 6 | ٪55 | **یەكەم** |
| **تێكڕا** | 11 | ٪100 | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (1)، ڕادیۆی دەنگ لەماوەی (24)ی كاتژمێری ڕۆژی (2017/4/14) كە دەكاتە ڕۆژی تاوانی ئەنفال، بەتێكڕا (11) هەواڵی بلاۆكردوەتەوە، لەو ڕێژەیەش ئەو هەوالآنەی تایبەت بوون بە پرسی ئەنفال ژمارەیان (6) هەواڵ بوە و پلەی یەكەمیان گرتوە بەڕێژەی(55٪)، ئەو هەوالآنەشی كە گشتیین و پەیوەندیان بەو پرسەوە نەبوە، ژمارەیان(5) هەواڵ بوە و پلەی دوەمیان بەڕێژەی(45٪) گرتوە.

## 2.جوگرافیای هەواڵەکان

خشتەی ( 2 )

| پلە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | بڕگەکان |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ٪63.63 | 7 | گەرمیان |
| دووەم | ٪36.36 | 4 | کوردستان |
| سێ یەم | ٪0 | 0 | جیهان |
| | ٪100 | 11 | تێکڕا |

لەئەنجامی خشتەکەی سەرەوە دەردەکەوێت، ڕادیۆی دەنگ لەڕووی جوگرافی (بەهای هەواڵ- جوگرافی) زیاتر گرنگی بەو هەواڵ و بابەتانە داوە کە پەیوەستن بە ناوچەی گەرمیان بەڕێژەی (63.63٪) بەپلەی یەکەم، هەرچی هەواڵەگشتیەکانی کوردستانیشە لەپلەی دووەمدا دێت بەڕێژەی(36.36٪)، هەواڵە جیهانیەکانیش بەهیچ شێوەیەك گرنگی پێنەدراوە. بەپێی ئەنجامەکان دەردەکەوێت ڕادیۆی دەنگ سەرکەوتو بوە لەوەی کە وەك کەناڵێکی بیستراوی ناوچەیی بەپلەی یەکەم گرنگی و بایەخی بەو پرسانە دەدات کە لەناوچەکە ڕودەدەن.

## 3.سروشتی هەواڵەکان

خشتەی ( 3 )

| پلە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | بڕگەکان |
|---|---|---|---|
| سێ یەم | ٪9.09 | 1 | سیاسیی |
| دووەم | ٪18.18 | 2 | کۆمەلأیەتی |
| سێ یەم | ٪9.09 | 1 | ئابوری |
| سێ یەم | ٪9.09 | 1 | هەمەڕەنگ |
| چوارەم | ٪0 | 0 | وەرزشیی |
| یەکەم | ٪54.54 | 6 | ئەنفال |
| | ٪100 | 11 | تێکڕا |

لەخشتەی ژمارە(3) دەردەکەوێت، ڕادیۆی دەنگ لەگرنگیدان بەبوار و بابەتە جۆراوجۆرەکان، بەپلەی یەکەم گرنگی بە پرسی(ئەنفال) داوە، بەڕێژەی (54.54٪)، لەپلەی دوەمیش گرنگی بە بواری کۆمەلأیەتی داوە بەڕێژەی(18.18٪)، هەرچی بواری ئابوری ، سیاسیی و هەمەڕەنگیشە لەپلەی سێیەمدا دێن بەڕێژەی(9.09٪) و بواری وەرزشیش لەپلەی چوارەم و کۆتاییدایە و هیچ گرنگیەکی پێنەدراوە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە پرسی ئەنفال لەو ڕۆژەدا پێش هەر پرس و بابەتێکی تر بوە بەلای ئەو کەناڵەوە.

## 4.سەرچاوەی هەواڵەکان

خشتەی (4)

| پلە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | برگەکان |
|---|---|---|---|
| دووەم | ٪33.33 | 2 | سەرچاوەی ڕەسمی |
| سێ یەم | ٪0 | 0 | سەرچاوەی نارەسمی |
| سێ یەم | ٪0 | 0 | میدیاکان |
| یەکەم | ٪66.66 | 4 | بێ سەرچاوە |
| | ٪100 | 6 | تێکرا |

ئەنجامی خشتەی ژمارە(4) دەریدەخات، ئەو هەواڵانەی کە ڕادیۆی دەنگ لەمیانی ڕۆژی تاوانی (29)ساڵەی ئەنفالدا بلاّویکردونەتەوە، زۆرینەی هەرە زۆریان سەرچاوەیان نیە و لەپلەی یەکەم و بەرێژەی(66.66٪) هاتون، ئەو هەواڵانەشی کە سەرچاوەی ڕەسمی و باوەڕپێکراویان هەیە لەپلەی دوەمدان بەرێژەی(33.33٪) و هیچ هەواڵێکیش بەپشتبەستن بە سەرچاوەی نارەسمی یان میدیاکانی تر لەو ماوەیەدا بلاّونەکراوەتەوە. پشتبەستن بەسەرچاوەی ڕەسمی یەکێکە لە لایەنە بەهێزو پیشەییەکان کە پێویستە کەناڵەکان لەکاتی گواستنەوەی ڕووداو و زانیاریدا پشتی پێببەستن و ئاماژەشی پێبدەن.

## 5.ژانرە بەکارهاتوەکان

خشتەی (5)

| پلە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | برگەکان |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ٪100 | 6 | هەواڵ |
| دووەم | ٪0 | 0 | را پۆرت |
| دووەم | ٪0 | 0 | ریپۆرتاژ |
| دووەم | ٪0 | 0 | چاوپێکەوتن |
| | ٪100 | 6 | تێکرا |

لە ڕوماڵکردنی ڕوداوەکانی پەیوەست بە پرسی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان، ڕادیۆی دەنگ بەپلەی یەکەم و کۆتایی پشتی بە ژانری(هەواڵ) بەستوە، بەرێژەی (100٪) و هەموو ژانرەکانی تری لە نێو گەشتی هەواڵەکان پشتگوێخستوە. ئەوەش دەریدەخات کە ئەو کەناڵە زیاترە کەناڵێکی هەواڵییە و لەگواستنەوەی ڕوداو و پرسەکاندا ئەوەندەی پشت بەو ژانرە دەبەستێت، پشت بەوانی تر نابەستێت، لەکاتێکدا؛ دەکرێت لەنێو گەشتی هەواڵەکان و بەپێی سروشتی بابەت و ڕوداو جۆری تری ژانریش بۆ ڕوماڵکردن بەکاربهێنرێت.

## 6.قۆناغەكانی ئەنفال

خشتەی (6)

| بڕگەكان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| قۆناغی یەكەم | 0 | 0٪ | دووەم |
| قۆناغی دووەم | 0 | 0٪ | دووەم |
| قۆناغی سێیەم | 6 | 100٪ | یەكەم |
| قۆناغی چوارەم | 0 | 0٪ | دووەم |
| قۆناغی پێنجەم، شەشەم و حەوتەم | 0 | 0٪ | دووەم |
| قۆناغی هەشتەم | 0 | 0٪ | دووەم |
| تێكڕا | 6 | 100٪ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (5)، لە ڕومالكردنی شالاوەكانی ئەنفالی باشوری كوردستاندا، ڕادیۆی دەنگ بەتەنها و بەپلەی یەكەم گرنگی بە چالاكی و بابەتەكانی پەیوەست بە ئەنفالی(سێ)- ئەنفالی ناوچەی گەرمیان داوە و بەهیچ شێوەیەگ گرنگی بە حەوت قۆناغەكەی تری ئەنفال نەداوە. ئەوەش بەلگەی ناوچەییبونی پەخشی ڕادیۆكەیە كە جگە لەبەشێكی زۆری ناوچەی گەرمیان، ناگاتە ئەو ناوچانەی تر كە ڕوبەڕوی قۆناغەكانی تری ئەنفال بونەتەوە.

## 7.ڕومالْ بە پێی شوێن:

خشتەی (7)

| بڕگەكان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| قەزای كەلار | 6 | 100٪ | یەكەم |
| قەزای كفری | 0 | 0٪ | دووەم |
| قەزای چەمچەمالْ | 0 | 0٪ | دووەم |
| قەزای خورماتو | 0 | 0٪ | دووەم |
| كەركوك | 0 | 0٪ | دووەم |
| قەزای قەرەداغ | 0 | 0٪ | دووەم |
| تێكڕا | 6 | 100٪ | |

خشتەی ژمارە(5) دەریدەخات، ڕأدیۆی دەنگ بەپلەی یەكەم و بەڕێژەی (100٪) ڕومالی ئەو چالاكی و بابەتە پەیوەندیدارانەی پرسی ئەنفالی سێ كردوە كە لەسنوری قەزای كەلارو ناحیەكانی ئەنجامدراون، بەپێچەوانەوە چالاكیەكانی هەموو ئەو قەزایانەی تری ڕومالنەكردوە كە لەهەمان قۆناغ بەر شالاوەكانی ئەنفال كەوتوون. هۆكارەكەشی نەگەیشتنی پەخشی بەرنامە و هەوالەكانی ڕادیۆكەیە بە زۆربەی ئەو قەزایانە، جگە لە قەزای كفری.

**8.ئاراستە**

**خشتەی (8)**

| پلە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | برگەكان |
|---|---|---|---|
| دووەم | ٪16.66 | 1 | بێلایەن |
| دووەم | ٪16.66 | 1 | لایەنگر |
| یەكەم | ٪66.66 | 4 | دژ |
| | ٪100 | 6 | تێكرا |

ڕادیۆی دەنگ لە ڕومالّكردنی ڕووداو و چالاكیەكانی پەیوەست بە یادی (29)ساڵەی تاوانی ئەنفالی سێی ناوچەی گەرمیان، هاوشان لەگەلّ ڕومالّكردنیان، بەلاّم بەپلەی یەكەم و بەرِێژەی (66.66٪) ڕەخنەی لە شێوازی كردنەوەی یادەكە، چالاكیەكان، وتاری بەرپرسانی حكومی و كەسوكاری ئەنفالكراوان نێو یادەكە بوە، لەپالّ ئەوەشدا؛ بەپلەی دوەم و بەرِێژەی (16.66٪) ڕوداوەكانی وەك خۆی و بەبێ هیچ ڕایەك لەسەریان ڕومالّكردوە، وەكچۆن بەهەمان پلە و ڕێژەش هاوسۆز بوە لەگەلّ چالاكیەكانی یادەكە.

**9.هاوسەنگی**

**خشتەی (9)**

| پلە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | برگەكان |
|---|---|---|---|
| یەكەم | ٪66.66 | 4 | دیدێك |
| دووەم | ٪16.66 | 1 | زیاتر لە دیدێك |
| دووەم | ٪16.66 | 1 | هیچ دیدێك |
| | ٪100 | 6 | تێكرا |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە(7)، ڕادیۆی دەنگ لەڕومالّی هەواڵەكانیدا؛ بەپلەی یەكەم تەنها لە دیدو ڕەهەندێكەوە لە چالاكیەكانی ڕوانیوە و لایەنی بەرامبەری بۆ پرسەكان وەرنەگرتوە، لەپالّ ئەوەشدا؛ بەپلەی دوەم و بەرِێژەی(16.66٪) لەڕومالّی چالاكیەكاندا زیاتر لەدیدێكی وەرگرتوە، بەهەمان ڕێژە و پلەش هیچ دیدێكی وەرنەگرتوە و تەنیا زانیاریەكانی گواستوەتەوە بەبێ ئەوەی هیچ دیدو بۆچونێك ئاماژە پێبدات.

**10.سەردێڕەكان**

**خشتەی (10)**

| پلە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | برگەكان |
|---|---|---|---|
| یەكەم | ٪66.66 | 4 | ئەنفال |
| دووەم | ٪33.33 | 2 | گشتی |
| | ٪100 | 6 | تێكرا |

ئەنجامی خشتەی ژمارە(8) ئەوەی دەردەخات کە ڕادیۆی دەنگ لە ناونیشان یان سەردێڕی هەواڵەکانیدا، بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی(66.66٪) ئەو هەواڵانەی کردوە بە سەردێڕ کە تایبەت بوون بە پرسی ئەنفال، لەپاڵ ئەوەشدا؛ بەپلەی دوەم و بەڕێژەی(33.33٪) ئەو هەواڵانەی کردوە بەسەردێڕ کە بابەتی گشتین و پەیوەندیەکیان بە پرسی ئەنفالەوە نییە.

**ئە نجام:**

1. حکومەتی بەعسی عێراقی لە ئەنجامدانی شاڵاوی سێیەمی ئەنفال لە ناوچەی گەرمیان، بێجگە لەوەی مەبەستی سەرەکی سڕینەوەی نەتەوەی کورد بو، مەبەستیشی بوە ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکانی سەر بە پارێزگای کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت کەمبکاتەوە، ئەوە جگە لە گرنگی ناوچەی گەرمیان لەڕوی سیاسی، تۆبۆگرافی و جوگرافیەوە.
2. ئەنفالی سێی ناوچەی گەرمیان هاوشێوەی قۆناغەکانی تری ئەنفال بە پلان و بەرنامەی ورد و نەخشە بۆ کێشراو و لەچەندین قۆڵەوە ئەنجامدراوە، ئەوەی جیای دەکاتەوە لە قۆناغەکانی تری ئەنفال؛ لەم قۆناغەدا زیانە ماددی و گیانیەکان زۆرتر مەترسیدارتر و سامناکترن.
3. کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بیستراوی گەرمیان بەشێوەیەکی بەرچاو لەڕووی چەندێتی یەوە گرنگیان بەڕوماڵی هەواڵەکانی پەیوەست بە چالاکیەکانی تایبەت بە یادی(29) ساڵەی تاوانی ئەنفالی سێی گەرمیان داوە و زۆرترین هەواڵەکانیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکردوە.
4. لە گرنگیدان بە سروشتی هەواڵ، ڕادیۆی دەنگ بەپلەی یەکەم گرنگی بە هەواڵەکانی پەیوەست بە ئەنفالی سێی ناوچەی گەرمیان داوە، دواتر هەواڵە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، هەمەڕەنگەکان.
5. لەگواستنەوەی هەواڵەکانی پەیوەست بە قۆناغی سێیەمی ئەنفال – گەرمیان، ڕاگەیاندنی بیستراوی گەرمیان بەڕێژەیەکی زۆر کەم پشتی بەسەرچاوە بەستوە.
6. ژانری (هەواڵ) تەنها ژانری هونەری ڕۆژنامەنوسییە کە ڕادیۆی دەنگ هەواڵەکانی پەیوەست بە ڕوماڵی چالاکیەکانی تایبەت بە پرسی ئەنفالی گەرمیانی لەڕێگەیەوە ئەنجامداوە.
7. ڕادیۆی دەنگ هیچ گرنگی و بایەخێکی بە چالاکیەکانی پەیوەست بەیادی (29) ساڵەی قۆناغەکانی تری ئەنفال نەداوە و ئەو هەواڵانەی کە پەیوەستن بە ئەنفال و ڕوماڵیکردون، بەڕێژەی ڕەها (100٪) پەیوەستن بە ئەنفالی ناوچەی گەرمیان.
8. ڕادیۆی دەنگ بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (100٪)، ئەو چالاکیانەی ڕوماڵکردوە کە لەسنوری شاری کەلارو دەوروبەری بۆ یادی (29) ساڵەی تاوانی ئەنفال ئەنجامدراون، لەکاتێکدا؛ ئەنفالی سێ سنوری قەزاکانی(کفری، چەمچەماڵ، قەرەداغ، پارێزگای کەرکوك، دوزخورماتو)یشی گرتوەتەوە.
9. لەزۆربەی ئەو چالاکیانەی کە ڕادیۆی دەنگ، وەك هەواڵ لەسەر قۆناغی سێیەمی ئەنفال بلاّویکردونەتەوە، تێڕوانینی دژو نەرێنی بەرامبەریان هەبوە، لەگەڵ ئەوەشدا؛ تەنها یەك دیدی لەهەواڵەکانیدا وەرگرتوە و لایەنی بەرامبەری پشتگوێخستوە.
10. ڕادیۆی دەنگ بەپلەی یەکەم و ڕێژەی (66.66٪)ی سەردێڕی هەواڵەکانی لە ڕۆژی تاوانی ئەنفال(4/14)، بۆ هەواڵەکانی پەیوەست بە ئەنفالی سێی ناوچەی گەرمیان تەرخانکردوە.

**ڕاسپاردە:**

1. لەگواستنەوەی هەواڵ بەگشتی و هەواڵەکانی پەیوەست بە پرسە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان پشت بە سەرچاوەی ڕەسمی ببەسترێت بۆ ڕوماڵکردن.
2. دەکرێت بۆ خستنەڕوی پرس و بابەتەکان پشت بە زیاتر لە ژانرێکی ڕۆژنامەنوسیی ببەسترێت بەپێی سروشتی بابەتەکان.
3. قۆناغەکانی تری ئەنفال تەواوکەری تاوانی ئەنفالی سێیەمی گەرمیانن و دەکرێت کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بیستراوی گەرمیان گرنگی بە ڕوماڵکردنی چالاکیەکانی ئەو قۆناغانەش بدەن و بە هاولاَتیانی ئاشنا بکەن.
4. دەکرێت لە ڕوماڵکردنی چالاکیەکانی یادی (29) ساڵەی تاوانی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان دا، ڕوماڵی چالاکی ئەو ناوچانەی تریش بکرێت کە بەرشالاَوەکانی ئەنفالی ئەم قۆناغە کەوتون، بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە پەخشی کەناڵە بیستراوەکانی گەرمیان دەیگاتێ.
5. دەکرێت ئەم توێژینەوە لەسەر کەناڵەکانی تری نوسرا و بینراویش پراکتیزە بکرێت. هەروەك توێژینەوەی هاوشێوە لەسەر ڕەنگدانەوەی قۆناغەکانی تری ئەنفال لە راگەیاندنەکاندا بەئەنجام بگەیەنرێت.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم : سەرچاوە کوردیەکان:**

أ. **کتێب**

1. میدڵ ئیست ووچ: "جینۆساید لە عێراقدا – پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد"، و. لەئینگلیزییەوە: محمد حەمەساڵح توفیق، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004.
2. شۆڕش حاجی ڕەسوڵ: ئەنفال- کورد و دەوڵەتی عێراق"، چاپی دووەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاپ و بلاَوکردنەوە، سلێمانی، 2003.
3. جاسم محمد محمد علی:" ئەنفالی گەرمیان"، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، 2002.
4. یوسف دزەیی: "ئەنفال کارەسات – ئەنجام و رەهەندەکانی"،چاپی یەکەم،بەبێ شوێنی چاپ، هەولێر، 2001.
5. داود محمد حسین:" گەرمیان لەشالاَوەکانی ئەنفال دا"، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، بەبێ شوێنی بلاَوکردنەوە،2012.
6.خەلیل سەرکانی: "ئەنفال لەیادەوەری پێشمەرگەیەکدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، 2009.
7.نازەنین محمد وهبی و ئەوانی تر:" مێژوی نوێ و هاوچەرخ – پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی وێژەیی"، چاپی دەیەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکان، 2014.
8.زەمان عەبدە:"مەرگەساتی ئەنفال"،بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر، 2010.
9.میدڵ ئێست ووچ:" جینۆساید لە عێراقدا.. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد"، و.لەئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق،چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004، ل206 – 212.
10.مەلا تەحسین گەرمیانی:"بیرەوەرییەکانم و بەشێك لە تراژیدیاکانی ئەنفال"،چاپخانەی ڕەهەند،سلێمانی، 2003.
11.عومەر محەمەد:" ئەنفالی گەرمیان – سیاسەتێك و دوو ئامانج"، چاپخانەی هێڵ، سلێمانی، 2010.
12.زانا فەقێ محمد: " جینۆساید لە باشوری کوردستان – ئەنفالی گەرمیان بەنمونە"چاپخانەی یاد، 2012.

**ب: گۆڤار**

1.هێمن کامیل ڕەشید: "ئەنفالی چوارو کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر گەنجی کەسوکاری ئەنفال"، گۆڤاری هەشتاو هەشت، ژمارە (15)، 2009.

2. عەبدوڵا کەریم: "هەشت قۆناغی ئەنفال لەماوەی سەدو نەوەدو هەشت ڕۆژدا"، بەبێ شوێنی چاپ، گۆڤاری عەرعەر، ژمارە (3)، ساڵی سێیەم، 2003.

3. ڕێبەر گۆران و کامیل عومەر: " ڕوماڵی شەڕی داعش لە میدیای ئەلیکترۆنی کوردیدا"، ژمارە(10)، گۆڤاری زانستیی زانکۆی گەرمیان، 2016.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

1.ابراهيم امام: "الاعلام الاذاعي و التلفزيوني"، ط2، دارالفكر العربي، القاهرة، 1985.

2.عبدالله محمد زلطة: "الكتابة للراديو و التلفزيون"، دارالفكر العربي، القاهرة، 2003.

**سێ یەم: ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکان:**

1. ئەحمەد حەمە ساڵح: ئەنفال؛ زامێك لە زامە سارێژنەبوەکانی نیشتیمان"، ماڵپەڕی "سبەی"، ڕێکەوتی بلاّوبونەوە (2017/4/13).

(http://sbeiy.com/Article-38711)

2. عەدالەت عومەر ساڵح: "پانۆڕامای تاوانەکانی سەدام" –توێژینەوە، ماڵپەڕی ڕەسمی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێکەوتی وەرگرتن (2017/5/15).

(http://moma-krg.org/Default1.aspx?page=article&id=134&l=3).

3. ماڵپەڕی ڕادیۆی دەنگ: "دەربارە"، ڕێکەوتی(2017/11/3)

(http://radiodang.org/drezha.aspx?code=75).

# جینۆسایدکردنی گەرمیان - ئەنفالی ناوچەی (داووده) بەنموونه

زانا فەقێ
کۆلێژی پەروەردە - زانکۆی گەرمیان

## پێشەکی:

جینۆسایدکردنی کورد له باشووری کوردستان، یەکێکی تر بوو له هەوڵەکانی حکومەتی بەعسی عێراقی، به مەبەستی لەناوبردن و فەوتاندنی یەکجارەکیی کورد له باشووری کوردستان و عێراقدا، که له پرۆسەی (ئەنفال)دا بەرجستەی کرد، له بەرنامەیەکی دیاریکراو و پلان بۆ دارێژراودا بەسەر هەشت قۆناغ و شەش ناوچەی جیاوازدا جێبەجێی کرد، که له ٢٣/ شوبات/ ١٩٨٨ دەستی پێ کرد، له ٦/ ئەیلوول/١٩٨٨ کۆتایی هات، هەموو جۆرەکانی جینۆسایدی تێیدا پەیڕەو کرا، هەر قۆناغێک تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، قۆناغی سێیەمی ئەنفال (ناوچەی گەرمیان) ٧-٢٠/ نیسان/ ١٩٨٨، پڕ مەرگەساتترین قۆناغەکانی ئەنفال بوو، لەم قۆناغەدا، ناوچەی (داووده)یش، یەکێک بوو له ناوچەکانی گەرمیان، زۆرترین زیانی بەرکەوت، نزیکەی نیوەی دانیشتوانی ناوچەکە ئەنفال کران، دیمۆگرافیای ناوچەکە تێک درا و شێوێندرا، بۆیه به پێویست زانرا توێژینەوەیەک به ناونیشانی (جینۆسایدکردنی گەرمیان، ئەنفالی ناوچەی (داووده)، ئەنجام بدەین، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستیی چۆنێتی ئەنفالکردنی ناوچەکه و جینۆسایدکردنیان بخەینەڕوو.

## هۆکاری هەڵبژاردن و گرنگیی بابەتەکە:

گرنگیی و بایەخی توێژینەوەکە، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، که تائێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی، لەسەر ناونیشانی (جینۆسایدکردنی گەرمیان، ئەنفالی ناوچەی (داووده) نەکراوە، بەڵکوو بەشێوەیەکی گشتی له هەندێک پەرتووک و گۆڤاردا هاتووە، نەک لێکۆڵینەوەی تایبەت و زانستی، ئەمەش هۆکار بوو، بۆ ئەوەی توێژینەوەیەکی زانستی لەبارەی ئەنفالی ناوچەی (داووده) بگەیەنینه ئەنجام، تا بەشێوەیەکی زانستی، چۆنێتیی ئەنفالکردنی ناوچەکه و بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی جینۆساید لەلایەن حکومەتی بەعسی عێراقی دەرهەق به خەڵکی ناوچەی داووده بخەینەڕوو.

## ئەمانجی توێژینەوەکە:

ئامانج له توێژینەوەی (جینۆسایدکردنی گەرمیان، ئەنفالی ناوچەی (داووده)، له پلەی یەکەمدا، خستنه ڕووی چۆنێتیی ئەنفالکردنی ناوچەی داووده، ئاماری ئەنفالکراوەکانیان،

جینۆسایدکردنیان لەلایەن حکومەتی عێراقی بەعسەوەیە، پاشان خستنەڕووی چەمکی جینۆساید و جۆرەکانییەتی، هەروەها ناساندنی قۆناغەکانی ئەنفال ئامانجێکی تری ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان بووە.

## میتۆدی توێژینەوە:

ئەو میتۆد و ڕێبازەی لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێ بەستراوە، بریتییە لە میتۆدی (مێژوویی- بەراوردکاریی)، کە لەسەر بنچینەی هەڵێنجانی سەرچاوەکان، سەرچاوەی گرتووە، بۆ توێژینەوەکەیشمان پشتمان بە چەندین سەرچاوە بەستووە.

## گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە:

هیچ توێژینەوەیەکی مێژوویی، بێ کێشە و گرفت نابێت، چونکە پێویستی بە سەرچاوەی پەیوەستدار هەیە بە ناونیشانی توێژینەوەکە، ئەم توێژینەوەی ئێمەش (جینۆسایدکردنی گەرمیان، ئەنفالی ناوچەی (داوودە)، ڕووبەڕووی چەندین کێشە و گرفت بووەتەوە، لە گرنگترینیان نەبوونی سەرچاوەی تایبەت دەربارەی توێژینەوەکەمان لەلایەک، نەبوونی ئامارێکی دروستی ژمارەی ئەنفالکراوانی ناوچەی داوودە لەلایەکی تر، هەروەها کەمیی کات، گرفتێکی تری توێژینەوەکەمان بوو، لەگەڵ ئەمانەیشدا توانیومانە توێژینەوەکەمان بە بەرهەم بهێنین، کە بەدڵنیاییەوە هەندێک کەلێن و لایەن ماوە قسەی لەسەر بکرێت.

## گرنگترین سەرچاوە بەکارهاتووەکان:

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سوود لە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر وەرگیراوە، هەندێک لەو سەرچاوانە بریتین لە پەرتووک، نامەی ماستەر، گۆڤار، نەخشە، ئەمانەش لە کاتی پێویست بەکارهێنراوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی بخرێنە بەرباس، بەڵام چەندین سەرچاوە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان پێ بەستراوە، ئەوانیش بریتین لە: (زانا فەقێ: جینوساید لە باشووری کوردستان، ئەنفالی گەرمیان بەنموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٢؛ مارف عومەر گوڵ (دکتور): جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٣؛ ئاوارە حسێن: جینۆسایدی کورد لەڕوانگەی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی؛ سالار باسیرە (دکتور): جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەنێودەوڵەتکردنی (کورد وەک نموونە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی،٢٠١٣؛ سهیل خورشید عزیز: پاکتاوی ڕەگەزیی لە ناوچەی کفری، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٣؛ هاوار عەباس (مەلا هاوار): بەشێک لە حیکایەتەکانی ئەنفالی

سێ، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٧؛ گولاڵەی گەرمیان: گوندی زینانەی داوودە "بەرگریی، ئەنفال، ئازادیی"، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازادی، ٢٠١٥).

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکەمان پێک هاتووە لە (پێشەکی، دووبەش، ئەنجام، لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆی بەڵگەنامەکان)، بە جۆرێک ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە دووبەش پێک دێت، کە بەم جۆرە دابەش کراوە:

بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ باسکردن لە چەمکی جینۆساید و جۆرەکانی، کە دووباس لەخۆدەگرێت، ئەوانیش بریتین لە:

باسی یەکەم: چەمکی جینۆساید: لەم باسەدا (چەمکی جینۆساید) ڕوون کراوەتەوە، بەپشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی پەیوەستدار، بە چەمکی جینۆساید.

باسی دووەم: جۆرەکانی جینۆساید: لەم باسەدا جۆرەکانی جینۆساید (جینۆسایدی جەستەیی (فیزیکی)، جینۆسایدی بایلۆژیی، جینۆسایدی کەلتووریی، جینۆسایدی ئابووریی) ڕوون کراوەتەوە، تیشک خراوەتە سەر ئەو تاوانانەی، کە دەچنە چوارچێوەی هەریەک لە جۆرەکانی جینۆساید.

بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (قۆناغەکانی ئەنفال، ئەنفالی ناوچەی (داوودە) لەخۆدەگرێت. لە دوو باس پێک دێت، ئەوانیش بریتین لە:

باسی یەکەم: قۆناغەکانی ئەنفال، لەم باسەدا قۆناغەکانی ئەنفال ڕوون کراوەتەوە، بەپێی بەرواری دەستپێکردن و کۆتاییهێنان بەو قۆناغە، لەگەڵ ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، لەڕێگەی نەخشەوە چۆنێتیی پلان و هێرشەکان ڕوون کراوەتەوە.

باسی دووەم: ئەنفالی ناوچەی داوودە، ئەم باسە تەرخان کراوە، بۆ تیشکخستنە سەر جوگرافیای ناوچەی داوودە، چۆنێتیی ئەنفالکردنی ناوچەکە، ئاماری ئەنفالکراوان، جێبەجێکردنی جۆرەکانی جینۆسایدکردنیان، لەلایەن حکومەتی بەعسی عێراقییەوە.

**بەشی یەکەم: چەمکی جینۆساید و جۆرەکانی**

**باسی یەکەم/ چەمکی جینۆساید:**

جینۆساید وشەیەکی لێکدراوە، لەڕووی زمانەوانییەوە، لە دوو وشە پێک هاتووە، ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: (GENOS)، وشەیەکی گریکییە، بە مانای ڕەگەز، بنەچە، وەچە، نەوە، دێت.

دووەم: (CIDER)، وشەیەکی لاتینییە، بە مانای کوشتن، لەناوبردن، فەوتان دێت.[١]

هەردوو وشەکە پێکەوە (GENOCIDE)، بەکوردی بە مانای نەوەکوژیی یان وەچەکوژیی یان ڕەگەزکوژیی دێت، لە هەریەکە لە زمانەکانی فارسی و ئوردوودا چەمکی (نسل کشی) بەکار دەهێنرێت، ئەم چەمکەش بە کوردی بە مانای نەوە یان وەچە یان ڕەگەزکوژیی دێت.[٢] چەمکی جینۆساید بۆ یەکەم جار لەلایەن یاساناسی پوڵەندیی(ڕافیل لیمنکن- RPHAELEMKIN)[٣]، لەساڵی(١٩٤٤) لەکتێبێکدا بەناوی (یاسای میحوەری لە داگیرکردنی ئەوروپا) بەکارهێنرا،[٤] هۆکاری بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لەلایەن لیمنکن، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زۆرێک لە ئەندامانی خانەوادەکەی لەلایەن (نازییەکان)[٥]ەوە لەسەردەمی دەسەڵاتی(هیتلەر)[٦]دا کۆمەڵکوژ کران.[٧]

دوای بەکارهێنانی چەمکی (جینۆساید) وەک چەمکێکی کۆمەڵکوژیی، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨، لەژێر ڕۆشنایی ئەم چەمکە، بڕیارێکی دەرکرد سەبارەت بە ڕێگەنەدان بە کۆمەڵکوژیی و سزادانی بکەرەکانی، ئەم بڕیارە لە یاساکانی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا لە (٩/ کانوونی یەکەم/ ١٩٤٨) تومار کراوە، بە بڕیاری (٢٦٠) پەسەند کراوە،[٨] دوای پەسەندکردنی وەک یاسایەک لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٢/ کانوونی دووەم/ ١٩٥١)، (١١٠) دەوڵەت ڕەزامەندییان لەسەر یاساکە دەربڕیوە، بەوەی جینۆساید بریتییە لە لەناوبردنی کۆمەڵگاکانی مرۆڤ و لەناوبردنی مافی ژیانی تاکەکانە لە هەموو توخم و ڕەگەزەکانی مرۆڤایەتی.[٩]

جینۆساید تاوانێکە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و سیستماتیکە، کاریگەریی لەسەر نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی وڵاتانی جیهان هەیە، ئەم تاوانە (جینۆساید)، کە تاوانی کوشتن و فەوتاندنە، هیچ پاساوێکی سیاسیی هەڵناگرێت، بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت، ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: سەرەتا لەناوبردنی ئەو کۆمەڵە نەتەوەییە یان ئایینی یان ئەتنیکییە.

دووەم: پاش پروسەی لەناوبردن، سەپاندنی ئەو سیستمەی کە خودی تاوانکاران مەبەستیانە، لە ئەنجامدانی جینۆسایدکردن،[١٠] سەرەڕای ئەمەش، چوار (شێوە یان مەرج) بۆ تاوانە نێودەوڵەتییەکان دیاری کراوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١/ تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی.

٢/ تاوانەکانی جەنگ.

٣/ تاوانەکانی دوژمنکاری.

٤/ تاوانەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ.[١١]

هەموو ئەمانەش بەکەمی و زۆریی ژمارەی تاوانەکان و کوژراوەکان ناناسرێن، بۆ ئەوەی بکەرەکانی پێ سزا بدرێن، بەڵکوو هەندێ جار جینۆساید ئەنجام دەدرێت، بێ ئەوەی تەنیا مرۆڤێکی تێیدا بکوژرێت، ئەوە بە جینۆساید (کومەڵکوژیی، گەلکوژیی) دانانرێت، ئەگەر ئامانجەکە لەوەدا نەبێت، گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان بەشێکی گەل و کۆمەڵەکە وێران نەکرێ، بە مەرجەکانی جینۆسایدکردن، ئیتر ژمارەی قوربانییان هەرچەندێک بن، کە دەبنە قوربانی،[١٢] ئەو بکەرانەی شیاوی سزدانن، بەپێی ماددەی (٣)ی ڕێکەوتننامەکە بریتین لە:

١// پلاندانان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٢// سەرپەرشتیکردن و هاندان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٣// هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٤// پیلانگێڕیی لە چوارچێوەی جینۆسایددا.[١٣]

لەدوای دەرکەوتنی زاراوەی جینۆساید، بە مانای چەندین کردەوەی تری هات، کە بەنیتی (INTETH) لەناوبردنی تەواوی یان بەشێکی کەم لە گرووپێکی نەتەوەیی (ETHNIE)، ڕەگەزیی یان ئاینی (AS SUCH) ئەنجامدرێت،[١٤] بەپێی ماددەی (٢)ی ڕێکەوتننامەکە بەم شێوەیەی لای خوارەوە باس لە جینۆسایدکردن دەکات:

یەکەم: کوشتنی ئەندامانی گرووپێک.

دووەم: دەستدرێژکردنە سەر ئەندامانی ئەو گرووپە، لەڕووی جەستەیی یان دەروونی.

سێیەم: پەلکێشکردنی گرووپێک و ناچارکردنی ئەندامانی گرووپەکە، لە دۆخێکی وادا بژین، کە ببێتە هۆی لەناوبردنی بەشێکیان یان تەواوی گرووپەکە.[١٥]

چوارەم: سەپاندنی سزا بۆ ڕێگرتن لە زاوزێکردن (منداڵبوون) لەناو گرووپەکە.

پێنجەم: بەزۆر ڕاگواستنی منداڵ لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی تر و جیاکردنەوەیان لە خێزانەکانیان.[١٦]

لە ئامانجی نەخشەی جینۆسایدکردن، وێرانکردنی دامودەزگا سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانە، کەلتوور و زمان، هەستی نەتەوەیی، ئاین، ژیانی ئابووریی گەلێک، هەروەها وێرانکردنی ئاسایشی کەسی، ئازادیی، باری تەندروستی و کەرامەتی تاک... تاد،[١٧] بۆیە دەتوانین بڵێین، جینۆساید، بە مانای لەناوبردنی ڕەگەزی مرۆڤ دێت، بە مەبەستی لەنێوبردنی یەکجارەکییان، ئەمەش بۆ خۆسەپاندنی گرووپێکی باڵادەست یان گرووپێکی دیاریکراوە، لەسەر گرووپێکی کەمینە و کەم دەسەڵات، بە ئامانجی چەوساندنەوە و تواندنەوەیان و سەپاندنی باڵادەستیی گرووپی دەسەڵاتدار بەسەریاندا.

**بەشی یەکەم: چەمکی جینۆساید و جۆرەکانی**

**باسی دووەم/ جۆرەکانی جینۆساید:**

دوای دەرکەوتنی چەمکی جینۆساید، وەک چەمکێک بۆ کۆمەڵکوژیی، چەندین جۆر لەلایەن، توێژەران و یاساناسان و مێژوونووسان، بۆ جینۆساید دیاریی کرا، چونکە جینۆساید تەنیا فەوتاندن و لەنێوبردنی فیزیکیی کۆمەڵە خەڵکێکی نەتەوەیی ئیتنیکی، ڕەگەزیی یان ئاینی نییە، جۆرەکانیش بریتین لە:

**یەکەم: جینۆسایدی فیزیکی (بەدەنی) جەستەیی:** کوشتن بەهەر جۆرێک بێت، لەسێدارەدان، گوللەبارانکردن، هێرشی سەربازیی و بەکۆمەڵ کوشتن و بەکارهێنانی چەکی قڕکردن، وەک چەکی کیمیاویی، چەکی فسفۆر... تاد.[١٨]

**دووەم: جینۆسایدی بایۆلۆژیی:** بریتییە لە ڕێگرتن لە زۆربوون و پەرەسەندنی گرووپێکی مرۆیی، لەڕێگەی دانانی سزا بۆ لەدایکبوونی منداڵ (زاوزێ)، زیادکردنی ژمارەی خێزان، لەیەک جیاکردنەوەی منداڵ لە خێزانەکانیان، جیاکردنەوەی ژن و مێرد لەیەکتر.[١٩]

**سێیەم: جینۆسایدی کەلتووریی:** بریتییە لە قەدەغەکردنی زمان و کەلتور و شێواندنی مێژوو و سڕینەوەی تایبەتمەندێتیی نەتەوەیی و سڕینەوەی خاڵی و هاوبەش و یەکگرتنی نێوان گرووپێکی مرۆیی دیاریکراو، وێرانکردن و لەناوبردنی شوێنەوار و شارستانییەتی کۆنی نەتەوەیەک، کە گوزارشت لە تایبەتمەندێتیی نەتەوەیی دەکەن.[٢٠]

**چوارەم: جینۆسایدی ئابووریی:** مەبەست لێی گەمارۆی ئابوورییە، بۆ سەر گرووپێک یان کۆمەڵەیەکی دیاریکراو، وێرانکردنی سامانی سرووشتی و بەروبوومی ناوچەکان، تاڵانکردنی ماڵ و سامانی خەڵکی، هەر لە شتوومەکی ناوماڵەوە تا دەگاتە مەڕوماڵات و کەرەستەکانی ژیان، مەبەست لە جینۆسایدی ئابووریی، برسیکردنی خەڵکە بەهەر جۆرێک بێت، کە ببێتە هۆی فەوتاندنی ژیانیان بەشێوەیەکی لەسەرخۆ، هەروەها لە پرۆتوکۆڵی دووەمی ساڵی (١٩٧٧)ی پاشبەندی ڕێکەوتننامەی (ژنێڤ)ی ساڵی (١٩٤٤)، بەندی (١٤) برسیکردنی خەڵکی مەدەنی و وێرانکردنی سەرچاوەکانی ژیان قەدەغە دەکات.[٢١]

**بەشی دووەم: قۆناغەکانی ئەنفال و ئەنفالی ناوچەی (داوودە):**

**باسی یەکەم// قۆناغەکانی ئەنفال:**

دوای نزیکبوونەوە لە کۆتاییهاتن بە جەنگی هەشت ساڵەی نێوان (عێراق- ئێران)، کە هەردوو وڵاتی تووشی شەکەتی و قەیران کردبوو، بەتایبەتی وڵاتی عێراق،[٢٢] دروستبوونی (بەرەی کوردستانی)[٢٣] لەنێوان سەرجەم پارت و ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان،

بەپشتگیریی ئێران، ئاراستەی شەڕەکانی حکومەتی بەعسی عێراقی لە شەڕکردنی لەگەڵ وڵاتی ئێران، بۆ شەڕی کورد لە نێوخۆی وڵات گۆڕی، بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە، بە هەموو توانایەکی سەربازیی و سیاسییەوە کەوتە وێزەی کورد، بە ئامانجی لەنێوبردنی یەکجارەکییان.[٢٤]

حکومەتی بەعسی عێراقی بە نییەتی تواندنەوەی کورد، سڕینەوەی یەکجارەکیی کورد لە باشووری کوردستان، پرۆسەیەکی سەربازیی لە دژی کورد ڕاگەیاند، پرۆسەکەیشی ناونا (ئەنفال)،[٢٥] کە بەوپەڕی دڕەندەییەوە، بە قێزەونترین شێوازی کوشتن و لەناوبردن پرۆسەی (ئەنفال)ی ئەنجام دا،[٢٦] پرۆسەی ئەنفال بە یەکێک لە گەورەترین تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی دادەنرێت، بەتایبەتی لە مێژووی نەتەوەی کورددا؛ ئەم پرۆسەیە بەسەر هەشت قۆناغدا دابەش کرا زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە لە ١٧/ شوباتی/ ١٩٨٨ دەستی پێ کرد، لە ٦/ ئەیلوول/ ١٩٨٨ کۆتایی هات،[٢٧] بەسەر شەش ناوچەی جۆگرافیای باشووری کوردستان جێبەجێ کرا،[٢٨] ناوچەکانی (دۆڵی جافایەتی، شارباژێڕ، شارەزوور، گەرمیان، قەرەداغ، مەرگە، پشدەر، دەشتی کۆیە، گۆپتەپە و عەسکەر، ئاغجەلەر، شوان و شێخ بزێنی، دەشتی هەولێر، دۆڵی بالیسان، وەرتێ و ئالان، ناوچەی خۆشناوەتی، باڵەکایەتی، ئامێدی، ئاکرێ، شێخان و زاخۆ)ی گرتەوە.[٢٩] حکومەتی بەعس بە هەموو توانایەکی سەربازییەوە، ئەم پرۆسەیەی ئەنجام دا، بە ئامانجی سڕینەوەی کورد، دروستکردنی کێشەی جۆراوجۆر لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بەتایبەتی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی.[٣٠] بە هۆی پرۆسەی (ئەنفال)ەوە، بنەماکانی ژیان لە باشووری کوردستان، هەڵتەکێنران، زۆرێک لە گوندەکانی باشووری کوردستان بە ڕێژەی (٩٠%) لەنێوبران، ژمارەیەک لە شار و شارۆچکە و شارەدێی خاپوور کران، زۆرێک لە ناوچەکان مینڕێژ کران، چالاکیی کشتوکاڵی لە ناوچە ئەنفالکراوەکان بەتەواویی کۆتایی هات، ئەمەش وای کرد ژیان لە ناوچەکاندا نەمێنێت.[٣١]

پرۆسەی (ئەنفال) وەک کردەیەکی سەربازیی، لەلایەن حکومەتی بەعسی عێراقی کرایە سەر باشووری کوردستان، بە مەبەستی لەنێوبردنی کورد لە باشووری کوردستان-کوردستانی عێراق، بەو هۆیەشەوە (١٨٢٠٠٠) مرۆڤی بێتاوانی کورد، بەبێ ڕەچاوکردنی (ڕەگەز، تەمەن)، ڕاپێچی مەرگ کران، (٤٥٠٠) گوند وێران کران، دیمۆگرافیای باشووری کوردستانی گۆڕی، پرۆسەکەیش بەسەر هەشت قۆناغدا جێبەجێ کرا، لە زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستان، هەر قۆناغێک تایبەتمەندێتیی خۆی هەبوو، قوناغەکانیش بریتی بوون لە:

**قۆناغی یەکەمی ئەنفال:** ئەنفالی دۆڵی جافایەتی، یەکەمین قۆناغی ئەنفال، لە ٢٣/ شوبات/ ١٩٨٨ بۆ سەر ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی دەستی پێ کرد،[٣٢] لەم قۆناغەدا حکومەتی بەعسی عێراقی، بە هەموو توانایەکی سەربازیی هێرشی کردە سەر ناوچەکانی سەرگەڵوو و بەرگەڵوو،[٣٣] ناوچەی سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، ناوچەیەکی شاخاویی سەختە، دەکەوێتە سنووری ناوچەی

سووورداش، سەر بەشارۆچکە دووکان، گوندەکانی ئەم شاروچکەیە نزیک لە (١٥٠) گوند، پێک دێت، زۆرێک لە گوندەکان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن،[٣٤] هێزەکانی بەعس لەلایەن لیوا ڕوکن(سولّتان هاشم) سەرکردایەتی دەکرا[٣٥]، بەشێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو، پلانەکانی شاڵاوی قۆناغی یەکەمی ئەنفال جێبەجێ کرا،[٣٦] لە ١٩٨٨/٣/١٩، بەلاغی کۆتایی قۆناغی یەکەمی ئەنفال، لەلایەن حکومەتی بەعسی عێراقی ڕاگەیەنرا.[٣٧]

**قۆناغی دووەمی ئەنفال:** ئەنفالی ناوچەی قەرەداغ، لەم قۆناغەدا ناوچەکانی (بازیان، قەرەداخ، دەربەندیخان)ی گرتەوە، ئەم قۆناغە بەشێوەیەکی فەرمی لە ٢٢/ ئازار/ دەستی پێ کرد، تا ١ نیسانی هەمان ساڵی خایاند،[٣٨] هێزەکانی حکومەتی بەعسی عێراقی لەلایەن، لیوا ڕوکن (أیاد خلیل زکی) سەرپەرشتی دەکرا، کە فەرماندەی فەیلەقی دووی ناسراو بە هێزی (یەرمووک)، هەموو پێداویستییە سەربازییەکانی بۆ شاڵاوی قۆناغی دووەم ئامادە کردبوو،[٣٩] لەم قۆناغەدا حکومەتی بەعسی عێراقی چەکی قەدەغەکراوی (کیمیاویی) دژ بە دانیشتوانی ناوچەکە بەکار هێنا،[٤٠] ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی گوندەکان ئەنفالکران و زۆرێک لە وگرافیای ناوچەکەی گرتەوە، دیموگرافیای ناوچەکەی گۆڕی.[٤١]

**قۆناغی سێیەمی ئەنفال:** ئەنفالی ناوچەی گەرمیان: پاش کۆتاییهاتنی قۆناغی یەکەم و دووەمی ئەنفال، قۆناغی سێیەم بۆ سەر ناوچەی گەرمیان دەستی پێ کرد، بە ترسناکترین هەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفال دادەنرێت، گەورەترین و بەرفراوانترین پرۆسەی ئەنفال بوو، زۆرترین ژمارەی جینۆسایدکراوی کورد لە قۆناغی سێیەمی ئەنفالدا کران،[٤٢] شاڵاوەکانی ئەم قۆناغە لە ٧/ نیسان/ ١٩٨٨ دەستی پێ کرد، کە هاوکات بوو لەگەڵ یادی (٤١)ساڵەی دامەزراندنی حزبی (بەعس[٤٣])[٤٤]، هێزەکانی بەعس بەسەرکردایەتیی عەمید ڕوکن ( بارق عەبدوڵڵا حاجی حنتە) سەرپەرشتی دەکرا[٤٥]، ژمارەیەکی زۆر لە یەکە سەربازییەکانی وەک (فیرقە، لیوا، مستەشار) تێیدا بەشدار بوون[٤٦] شاڵاوەکانی ئەم قۆناغە بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمە و پلان بۆ داڕێژراو دەستی پێ کرد، بەشێوەک لە (١٣) قوڵەوە[٤٧]، هێرش کرایە سەر گوندەکانی ناوچەکانی (سەنگاو)[٤٨]، (کەلار و تیلەکۆ) [٤٩]و ناوچەکانی (چەمچەماڵ)[٥٠]، زۆرێک لە گوندەکانی گەرمیان تەخت کران و دانیشتوانی گوندەکان، بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و تەمەن، ڕاپێچی مەرگ کران[٥١]، بەشێوەک لە ماوەیەکی کەمدا بە هۆی داناني پلانێکی تۆکمە لەلایەن حکومەتی بەعسی عێراقی، کە خۆی لە سێ پلان دەبینییەوە ئەوانیش بریتی بوون لە:

یەکەم// پلانی ئەنفالکردنی ناوچەکانی (خورماتوو)، هێرشەکانی ئەم پلانە پێک هاتبوون لە سێ هێرش، هێرشی یەکەم، لە شارۆچکەی (نەوجوول) بەرەو ئاراستەی (چەمی ئاوەسپی)[٥٢]، هەرچی هێرشی دووەمە گوندەکانی ئەمبەر و ئەوبەری چەمی ئاوەسپی گرتەوە[٥٣]، لە هێرشی

یەکەم و دووەمی پلانی یەکەمی حکومەتی بەعسی عێراقی گوندەکانی ناوچەی (داوودە)ی بەتەواوی گرتەوە، هەرچی هێرشی سێیەم بوو، بە هێزێکی گەورە هێرشیان کردە سەر گوند (تازە شار)[٥٤].

دووەم// پلانی ئەنفالکردنی ناوچەی قادر کەرەم و باکووری گەرمیان: پلانی ئەنفالکردنی ناوچەکانی (قادر کەرەم و باکووری گەرمیان)، ناوچەکانی هەر هۆزی (جەباری و زەنگەنە)ی گرتەوە، لە سێ قۆڵەوە حکومەتی بەعسی عێراقی هێرشی کردە سەر ناوچەکان، لە هێرشی یەکەمدا هێزێکی زۆری لەسەر ڕێگای سەرەکی (چەمچەماڵ- کەرکووک) بە ئاراستەی باشوور بڵاوکردەوە،[٥٥] هێرشی دووەمی لە (١١/ نیسان/ ١٩٨٨، گوندی (برایم غولامی) گرتەوە،[٥٦] پاشان گوندەکانی (زەنگەنە)، بە هۆی هێرشی سێیەمەوە، کە لە ناوچەی (سەنگاوە)وە دەستی پێ کردبوو، بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن[٥٧]، هەرچەندە پێشمەرگەکانی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) ڕووبەرووی سوپای بەعس بوونەوە، سەرئەنجام بەهۆی لاسەنگیی هێز و زۆریی ژمارەی سەربازەکانی بەعس، چەندین پیشمەرگە لە ناوچەکانی (قەیتوول، گەڕاو) شەهید بوون.[٥٨]

سێیەم// پلانی ئەنفالکردنی ناوچەی سەنگاو و باشووری گەرمیان: پلانی ئەنفالکردنی ناوچەکانی سەنگاو و باشووری گەرمیان، سەختترین و مەترسیدارترین پلانەکانی حکومەتی بەعس بوو لە قۆناغی سێیەمی ئەنفال (ئەنفالی ناوچەی گەرمیان)، چونکە زۆربەی گوندەکانی گرتەوە، زۆرێک لە دانیشتوانی گوندەکان لەنێوبران، وەک گوندەکانی (دەرەوا، بانەمۆرد، پێنج ئەنگوستی حاجی محمد ئاغا، پێنج ئەنگوستی شێخ مستەفا، هەنجیرە، سێگومەتان، کێلەبەرزە، دەرزیلە، قەڵاگە، داربەڕوو)، هەموو جۆرەکانی جینۆسایدیان تێیدا بەرجەستە کرا،[٥٩] بە جۆرێک لە١٤/ نیسان/ ١٩٨٨ لە چوارچێوەی پلانی ئەنفالکردنی ناوچەی سەنگاو و باشووری کوردستان، لە هەردوو گوندی (کوڵەجۆی حەمەجان و ملەسوورە) زیاد لە(٢٠) هەزار مرۆڤ، بەبێ ڕەچاوکردنی (تەمەن، ڕەگەز)، ئەنفالکران[٦٠]، پلانەکانی ئەنفالکردنی ناوچەکانی سەنگاو و باشووری گەرمیان، لە چوار هێرشی جیاواز لە چوار قۆڵەوە ئەنجام دران، لە هێرشی یەکەم، لە ناوچەکانی سەنگاوەوە بەرەو خۆرئاوای شارۆچکەی دەربەندیخان دەستی پێ کرد[٦١]، هێرشی دووەم، لە شارۆچکەی کفرییەوە لە ٩/ نیسان/ ١٩٨٨، بەرەو گوندەکانی دەوروبەری دەستی پێ کرد، زۆرێک لە گوندەکان ئەنفالکران[٦٢]، لە هەمان ڕۆژدا واتە لە ٩/ نیسان/ ١٩٨٨، هێرشی سێیەم بە فەرماندەیی (ڕائید مونزیر ئیبراهیم یاسین)، بە هێزێکی سەربازیی لە شاروچکەی کەلارەوە دەرچوون، هێرشیان کردە سەر گوندەکانی هەردوو (تیلەکۆی ژوور، تیلەکۆی خواروو)، لە ڕۆژی ١١/ نیسان/١٩٨٨، هەردوو تیلەکۆ و گوندەکانی وێران کران[٦٣]،

هەرچی هێرشی چوارەمە، لە ڕۆژهەڵاتی گەرمیانەوە لە (پێباز، پوڵونگە) بە ئاراستەی شێخ تەویل دەستی پێ کرد، هەرچەندە هێزەکانی بەعس لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە، تووشی ڕووبەڕووبونەوە بوون، بەڵام توانییان تەواوی گوندەکان وێران بکەن، دانیشتوانەکانیان ئەنفال بکەن[٦٤]، ئەم هێرشانە بووە هۆکارێک بۆ لەناوبردنی زۆرێک لە گوندەکانی ناوچەی گەرمیان، هەموو بنەماکانی ژیان و ژیاری تێیدا لەناوبرا.[٦٥]

دوای جێبەجێکردنی پلانی ئەنفالکردنی ناوچەکە، حکومەتی بەعسی عێراقی چەندین، سەنتەر و شوێن و کەمپی تایبەتی دانا بۆ کۆکردنەوەی ئەنفالکراوانی ناوچەی گەرمیان[٦٦]، کە ژمارەیان نزیکەی (٨٠٠٠٠) مرۆڤی بێتاوان بوون، کە بەبێ جیاوازیی (ڕەگەز، تەمەن) و (ئاین)، ڕاپێچی مەرگ کران[٦٧]، ژمارەیەکی زۆر لە ڕووبەری جوگرافیای ناوچەی گەرمیانی گرتەوە، کە بەهۆیەوە، دیمۆگرافیای ناوچەکەی گۆڕی[٦٨]، لە ٢٠/ نیسان/١٩٨٨ کۆتایی بە قۆناغی سێیەمی ئەنفال (ئەنفالی ناوچەی گەرمیان) هات.[٦٩]

**قۆناغی چوارەمی ئەنفال:** ئەم قۆناغە ناوچەکانی کۆیە، کەرکووک، قەڵاسێوەکە، شێخ بزێنی گرتەوە[٧٠]، لە ٣/ مایس/ ١٩٨٨ دەستی پێ کرد، بە شێوەیەک حەوزی زێی بچووک، بوو بە گۆڕەپانی شاڵاوی قۆناغی چوارەم، سەرەڕای ئەوەی ناوچەیەکی فراوانی لە باکووری ئەو ڕێگا گشتییەی گرتەوە، کە شاری کەرکووک و سلێمانی بە یەک دەگەیەنێت، هەروەها باشووری ڕێگای نێوان کۆیە- دەریاچەی دووکانی گرتەوە[٧١]؛ بەتایبەتی ناوچەکانی (ئاغجەلەر، ناوشوان، چەمی ڕێزان، دەشتی کۆیە، تەقتەق)، بەر شاڵاوی ئەم قۆناغە کەوتن[٧٢]، حکومەتی بەعسی عێراق هێرشەکانی ئەم قۆناغەی لە چەندین قۆڵەوە دەست پێ کرد، هەموو توانایەکی سەربازیی تێدا بەکار هێنا[٧٣]، بە جۆرێک گوندی (گۆپ تەپە) بە چەکی کیمیاویی بۆردومان کرا، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییانی گوندەکە بوون بە قوربانی[٧٤]، لە ٨/ مایس/ ١٩٨٨ کۆتایی بە شاڵاوەکانی ئەم قۆناغە، قۆناغی چوارەمی ئەنفال هات.[٧٥]

**قۆناغی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی ئەنفال:** شاڵاوەکانی ئەم قۆناغە، پارێزگای (هەولێر)، نزیکەی نیوەی جوگرافیای باشووری کوردستانی گرتەوە، بەگشتیی گوندەکانی سەر بە ناوچەکانی (کۆیە، دێگەڵە، شەقڵاوە، ڕەواندز، چۆمان، چیای قەندیل، ڕانیە، چوارقوڕنە، هیزب، چیای باواجی، نازەنین، سماقوڵی، وەری، کاموسەک، ئەسپیندەر) و چەندین شوێنی تری گرتەوە[٧٦]، شاڵاوەکانی قۆناغی پێنجەم لە ٢٣/ مایس/١٩٨٨ بە شێوەیەکی کردەیی دەستی پێ کرد، کە چەکی کیمیاویی تێدا بەکارهێنرا، کە بە هۆیەوە هەزاران لە دانیشتوانی ناوچەکە بوون بە قوربانی، حکومەتی بەعسی عێراقی لە ٧/ حوزیران/ ١٩٨٨ کۆتایی بە قۆناغی پێنجەم هێنا[٧٧]، شاڵاوەکانی قۆناغی (شەشەم، حەوتەم) لەنێوان هەردوو مانگی (تەمموز و ئاب)دا دەستی پێ

کرد، ناوچەکانی (شەقلاوە، خۆشناو، ڕەواندز، سماقوڵی، دۆڵی ئالانە و بالیسان)ی گرتەوە[٧٨]؛ حکومەتی بەعس بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو پلانەکانی جێبەجێ کرد، چەکی کیمیاویی لە دژی دانیشتوانی ناوچەکە بەکارهێنا، بە مەبەستی لەناوبردنی یەکجارەکییان[٧٩]، لە ٢٦/ ئاب/ ١٩٨٨ قۆناغەکانی (پێنجەم، شەشەم، حەوتەم) کۆتاییان هات.[٨٠]

**قۆناغی هەشتەمی ئەنفال:** ئەنفالی ناوچەی بادینان: ئەنفالی ناوچەی بادینان، دوای کۆتاییهاتنی جەنگی (عێراق- ئێران) لە (٨/ ئاب/ ١٩٨٨)، بە یەک ڕۆژ پێش کۆتاییهاتن بە قۆناغەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی ئەنفال، دەستی پێ کرد[٨١]، واتە لە ٢٥/ ئاب/ ١٩٨٨ بە شێوەیەکی کردەیی ئەنفالکردنی ناوچەی بادینان دەستی پێ کرد[٨٢]، بە جۆرێک سنووری ئەم شاڵاوە لە ڕۆژئاواوە لە زاخۆوە تا ئامێدیی درێژ بۆوە، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە شێخان و ئاکرێی گرتەوە، بۆ ئەنجامدانی ئەم شاڵاوە حکومەتی بەعسی عێراقی، چەندین فەیلەقی سەربازیی بەکارهێنا[٨٣]، بەکارهێنانی ئەو هێزە زۆرە، بەهۆی گرنگیی شوێنی ستراتیژیی ناوچەی بادینان بوو، کە سنووری نێوان (عێراق- تورکیا) بوو، کە بەلای حکومەتی عێراقی بەعسەوە ناوچەیەکی گرنگ بوو لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە بەهۆی کۆتاییهاتنی جەنگی هەشت ساڵەی (عێراق- ئێران) بوو[٨٤]، ئەم هێزانە بەپێی بەرنامە و پلانێکی دیاریکراو، ئەنفالکردنی ناوچەکەیان ئەنجام دا، چەندین چەکی جۆراوجۆری تێیدا بەکارهێنرا، بەتایبەتی چەکی (کیمیاویی)، هەروەها چەندین سەنتەر و کەمپی تایبەت بۆ ئەنفالکراوانی ناوچەکە دانرا[٨٥]، لە ٦/ ئەیلوول/ ١٩٨٨، کۆتایی بە قۆناغی هەشتەمی ئەنفال هات، بە کۆتاییهاتن بەم قۆناغەش سەرجەم قۆناغەکانی ئەنفال لەلایەن حکومەتی بەعسی عێراقییەوە کۆتایی پێهێنرا.[٨٦]

**بەشی دووەم: قۆناغەکانی ئەنفال و ئەنفالی ناوچەی (داوودە):**

**باسی دووەم/ ئەنفالکردنی ناوچەی داوودە:**

یەکەم: جوگرافیای ناوچەی داوودە، پرۆسەی ئەنفالکردنی:

داوودە، ناوچەیەکی بەرفراوانە لە ناوچەی گەرمیان، کەوتووەتە سەر لێواری زێی بچووک، لە خوارووی ڕووباری (ڕۆخانە)، لە نزیک شارەدێی (قادرکەرەم، دووزخورماتوو)، لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی (کفری)، ئەو دەشتانەی درێژ ئەبێتەوە بۆ ڕووی چیاکانی حەمرین[٨٧]، سنووری ناوچەی داوودە، دەکەوێتە ڕۆژئاوای باشووری کەرکووک و باکووری ڕۆژئاوای کفری و باکووری شارەدێی خورماتوو، هەروەها دەکەوێتە نێوان دۆڵی (هۆمەربل)، (ڕووباری ڕۆخانە)[٨٨]، ئەمەش بە شوێنێکی ستراتیژیی گرنگ دادەنرێت لە ڕووی بازرگانی و ئابوورییەوە، لە باشووری کوردستان و وڵاتی عێراقدا، چونکە چەندین پارێزگا بە یەک

دەگەیەنێت و كەوتووەتە نێوانیانەوە، بەشێوەی لاكێشەیی سنووری جوگرافیاكەی كەوتووە، كە لەم نەخشەی لای خوارەوە زیاتر ڕوون دەبێتەوە:




ناوچەی داوودە، چەندین گوند دەكەوێتە سنووری جوگرافیاكەیەوە، ئەوانیش بریتین لە: (حەیدەرەسوور، ئومەرسۆفی، لفتی ئاغا، عارەب ئاغا، گومەتەبۆر، چەچان، نامق ئاغا، ڕۆمی، ڕەزا ئاغا، شێخەوازی، قوشەلان، لەک، جەرەس، خدر وەلی، شۆراو، سنگوور، نەوجوول، تالاو، گۆمەیی، دارا بەگ، مەنسوور بەگ، فەریق بەگ، شەشەکان، سومماقە، عەلی ئاغا، كولی تەپە، تەپەسەوز، جنگلاو، پارەپارە، شاسەیوان ئەلبوسەباح، وارانیی سەرو، وارانیی خواروو، زنانەی ژوور، زنانەی خواروو، پەڵكانەی سادە، پەڵكانەی كوردی، پەڵكانەی سالم، شۆراو مەحەمەد غەریب، چەوریی، ساڵەیی، باش تەپە، مەحموود بەگ، قەڵا، غەرە، نەهرەوان، قورپچای)[٨٩]، جگە لەوەی هەریەكە لە گوندەكانی (قەواڵی، پیرەمەنی، قەڵا چەرمەڵە، عەلیان، عەزیز قادر، چوار شاخ، تووكن) سەر بە ناوچەی (داوودە)ن، بە داوودەی كوردستانی ناسراون، بە هۆی ئەوەی ئەم گوندانە بەپێی بەیاننامەی (١١/ ئازار/١٩٧٠)، لە چوارچێوەی

خـاکی کوردسـتان هەژمـار کـراون، ژمـارەی دانیشـتوانی ئەم گونـدانە بە زۆریـی لە هـۆزی (داوودە)ن، سـەرەڕای بـوونی چەنـد هـۆزێکی تـر لە نـاوچەکەدا، تەواوی گونـدەکان نـاوچەی داوودە، دابەش کـراون بە (دوایـی کوردسـتان، داوودەی ناوەڕاسـت، داوودەی سـەرجادە)، لەم نەخشەی خوارە بە دیار دەکەون:




پرۆسەی جینۆسایدکردن و ئەنفالکردنی ناوچەی داوودە:

حکومەتی بەعسی عێراق بە مەبەستی جێبەجێکردنی سیاسـەتەکانی (ڕاگواسـتن، بەعەرەبکردن، بەبەعسـیکردن)، لەنـاوبردنی کـورد لە ناوچەکـانی باشـووری کوردسـتان، پرۆسـەی کوشـتن و جینۆسایدکردنی ناوچەکانی باشووری کوردستان، لەژێر نـاوی (ئەنفال)دا ڕاگەیاند، کە لە٢٣/ شوبات/ ١٩٨٨ دەستی پێ کرد، تا ٦/ ئەیلوول/ ١٩٨٨ی خایاند، بەسەر هەشت قۆناغدا دابەشـی کرد، شەش ناوچەی جیاوازی لە باشووری کوردستان گرتەوە، تێیدا قۆنـاغی سـێیەم (ئەنفالی ناوچەی گەرمیـان) (٧/ نیسـان/١٩٨٨ - ٢٠/ نیسـان/ ١٩٨٨)، بە ترسـناکترین قۆناغەکانی ئەنفال دادەنرێت، چونکە بەقێزەوەنترین شێواز، هەمـوو جۆرەکانی جێنوسـایدی تێیدا بەرجەسـتە کرا، زۆرینـەی ژمـارەی دانیشـتوانەکەی بەبـێ جیـاوازیی ڕەگەز تەمەن ڕاپێچـی مەرگ کـران[٩٠] لە شـاڵاوەکانی قۆنـاغی سـێیەمدا نـاوچەی (داوودە)، بەر شـاڵاوی ئەنفـال کەوت، بەپێـی ژمـارەی

دانیشتوانی، بە بەراورد بە ناوچەکانی تری گەرمیان، زۆرترین ژمارەی ئەنفالکراوی هەیە، چونکە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی ناوچەی داوودە ئەنفالکران، حکومەتی بەعسی عێراق، لە چوارچێوەی پلانی ئەنفالکردنی ناوچەی گەرمیان، ناوچەی (داوودە)یشی ئەنفال کرد، پرۆسەی ئەنفالکردنی گەرمیان بە دوو ڕێگای جیاواز لەیەک بوون، ئەوانیش بریتی بوون لە:

یەکەم: چەواشەکاریی (بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست): حکومەتی عێراقی بەعس، بە مەبەستی ئەنفالکردنی خەڵکی ناوچەکانی (داوودە)، لە مانگی نیسانی/١٩٨٨، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و چەواشەکاریی، بەوەی حکومەت بڕیاری داوە خانوو و سامانێکی زۆر ببەخشێت بەو کەسانەی کە ناوی خۆیان تۆمار دەکەن لە شارۆچکەی (کفری)، لە بینای (قاعەکەی کفری)، بۆیە هەندێک لە دانیشتوانی ناوچەی داوودە، بڕوایان بەم هەواڵە کرد، بە ئۆتۆمبێلی حکومی لە جۆری (پیکاب)، هەندێک لە دانیشتوانیان بردە (کفری) پاشان، (قۆرەتوو)، دواتر (توپ زاوا و نوگرە سەلمان)، بەم جۆرە دانیشتوانی ناوچەکەی بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و تەمەن ئەنفالکران.[٩١]

دووەم: ڕێگای سەربازیی: حکومەتی بەعسی عێراقی لەچوارچێوەی پلانی ئەنفالکردنی ناوچەی گەرمیان، پلانی تایبەتی بۆ ئەنفالکردنی ناوچەی (داوودە) داڕشت، لە چەندین قۆڵەوە هێرشی کردە سەر ناوچەکە بە مەبەستی ئەنفالکردن و لەناوبردنیان، قۆڵەکانیش بریتی بوون لە:

قۆڵی یەکەم: لە شارۆچکەی (خورماتوو)ەوە بەرەو سەرووی چەمی ئاوەسپی.
قۆڵی دووەم: لە شارەدێی (نەوجوول)ەوە بۆ گوندەکانی پاشتەپە و تالاو.
قۆڵی سێیەم: لە گوندی (کۆرمۆر)ەوە بۆ گوندەکانی بنارگل[٩٢].
قۆڵی چوارەم: لە شارۆچکەی (کفری)یەوە بەرەو دوڕاجی، باش تەپە، ئاوەسپی[٩٣].

هێزەکانی حکومەتی بەعس عێراقی لە ٨/ نیسان/ ١٩٨٨ گەیشتنە ناوچەی داوودە، پرۆسەی ئەنفالکردنی گوندەکان دەست پێ کرد، لەلایەن پێشمەرگەکانی (یەکێتی- ی.ن.ک) و (حیزبی شیوعی- حشع) و خەڵکی ناوچەکە ڕووبەڕووی هێزەکانی بەعسی عێراقی بوونەوە، بەڵام بە هۆی کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، خەڵکی ناوچەکە بەناچاریی خۆیان دابەدەستەوە، بەتایبەتی لە گوندەکانی (لفتی ئاغا، بناری گل)[٩٤]، لەهەمان ڕۆژدا، سوپای عێراق، کە لە لیوای (٦٥)ی تایبەت، فەوجەکانی (٨٥، ٢٠٠)ی بەرگریی نیشتیمانی (جاش) پێک هاتبوون، ڕوویان کردە گوندەکانی تری ناوچەی داوودە، (١٧) گوندیان لە دەورووبەری (چەمی ئاوەسپی) وێران کرد، خەڵکەکەیان ئەنفال کرد،[٩٥] پاشان زۆرێک لە گوندەکانی ناوچەی

داوودەی گرتەوە، ژمارەیەکی زۆریان لە خەڵکەکەی ئەنفال کرد، لە خشتەی خوارەوە ناوی گوند و ژمارەی ئەنفالکراوەکانیان بەدیار دەکەوێت:

| ژ | ناوی گوند | ژمارەی ئەنفالکراو | ژ | ناوی گوند | ژمارەی ئەنفالکراو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەوجوول | ١٢٧ | ١٨ | حەیدەرە سوور | ١١٠ |
| ٢ | گەرمک | ٢٧٢ | ١٩ | ئیمام محەمەد | ٣٦ |
| ٣ | دووڕاجی | ١٥٩ | ٢٠ | چەوریی | ٩٤ |
| ٤ | زینانەی خواروو | ٢١٣ | ٢١ | قەڵا | ٢٣ |
| ٥ | زینانەی ژوور | ٢٠٧ | ٢٢ | ئۆمەر سۆفی | ٢٥ |
| ٦ | وارانیی ژووروو | ١٠١ | ٢٣ | لفتی ئاغا | ٥٣ |
| ٧ | تالاو | ٩٥ | ٢٤ | تازە شار | ٢١ |
| ٨ | وارانیی خواروو | ١٤٥ | ٢٥ | باش تەپە | ٢٢ |
| ٩ | ساڵەیی | ٩٣ | ٢٦ | قوم پەڵک | ٢٥ |
| ١٠ | مەحموود بەگ | ٦٤ | ٢٧ | سەرشۆراو | ١٣ |
| ١١ | قەواڵی | ١٠١ | ٢٨ | ئاوایی حەسەن | ١١ |
| ١٢ | پەڵکانەی سالم | ٤٧ | ٢٩ | عارەب ئاغا | ١ |
| ١٣ | باش تەپە | ٢٢ | ٣٠ | نامق ئاغا | ٢٨ |
| ١٤ | تووکن | ٣٧٨ | ٣١ | گومەتەبۆر | ١ |
| ١٥ | خدر وەلی | ٩ | ٣٢ | چەچان | ٥ |
| ١٦ | پیرەمەوەنی | ١٦٠ | ٣٣ | قەڵا چەرمەڵە | ١٩٣ |
| ١٧ | قوری چای | ١١ | ٣٤ | عالیان | ٦١[٩٦] |

بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو ئەنفالکراوەکانی ناوچەی داوودە ڕەوانەی سەنتەری کۆکردنەوەی ئەنفالکراون دەکران، ئەو سەنتەرانەیش تایبەت بوون بە ئەنفالکراوانی ناوچەی (داوودە) بریتی بوون لە:

یەکەم: سەنتەری (مەرکەز شەباب): ئەم سەنتەرە بریتی بوو، لە بینای سەنتەری لاوانی سەر بە حیزبی بەعسی عێراقی لە شاری (خورماتوو).

دووەم: سەنتەری (دواناوەندیی ڕەشید): ئەم سەنتەرە دەکەوتە شاری (خورماتوو)، تایبەت کرابوو، بە ڕەگەزی نێرینە، کە تەمەنیان لەنێوان (٢٥- ٥٠) ساڵ[٩٧].

پاش کۆکردنەوەیان لەم سەنتەرانەدا، ڕەوانەی کەمپەکان کران، بەتایبەتی کامپەکانی (تۆبزاو، نوگرە سەلمان، دبس)، هەموو جۆرەکانی جینۆسایدی وەک (جینۆسایدی بەدەنی، جینۆسایدی کەلتوریی، جینۆسایدی بایۆلۆژیی، جینۆسایدی ئابووریی)، دەرهەق بە خەڵکی ناوچەی (داوودە) کرد[٩٨]، وەک زیندەبەچاڵکردنیان، ئەشکەنجەدان و سوکایەتیپێکردنیان، لەسێدارەدان، گوللەبارانکردن، هێرشی سەربازیی بۆ سەریان و بەکۆمەڵ کوشتن و بەکارهێنانی چەکی قڕکردن لە دژیان، وەک چەکی کیمیاویی، هەروەها ڕێگرتن لە زۆربوون و

پەرەسەندنیان، لەڕێگەی جیاکردنەوەی منداڵ لە خێزانەکانیان، جیاکردنەوەی ژن و مێرد لەیەکتر، شێواندنی مێژوو و زمان و کەلتوور و سڕینەوەی تایبەتمەندێتییان، سڕینەوەی خاڵی هاوبەش و یەکگرتنی نێوانیان، سەرەڕای وێرانکردن و لەناوبردنی شوێنەوار و شارستانییەتیان، کە گوزارشتی لە تایبەتەمەندێتییان دەکرد، ژیانیانی وێران کرد، لە ڕێگەی وێرانکردنی سامانی سرووشتی و بەروبوومی ناوچەکان، تاڵانکردنی ماڵ و سامانی خەڵکی، هەر لە شتومەکی ناوماڵەوە تا دەگاتە مەڕوماڵات و کەرستەکانی ژیان، بۆیە پرۆسەی ئەنفالی ناوچەی داوودە، پڕ کارەساتترین، ناوچە بوو، لە قۆناغی سێیەمی ئەنفالدا، کە لە ٧/ نیسان/ ١٩٨٨ دەستی پێ کرد تا ٢٠/ نیسانی هەمان ساڵی خایاند.

**دەرئەنجام:**

**یەکەم:** جینۆساید وشەیەکی لێکدراوە، لەڕووی زمانەانییەوە، لە دوو بەش پێک هاتووە: (GENOS) وشەیەکی گریکییە، واتای ڕەگەز، بنەچە، وەچە، نەوە، دەگەیەنێت و (CIDER)، وشەیەکی لاتینییە، بە مانای کوشتن، لەناوبردن، فەوتاندن دێت. هەردوو وشەکە پێکەوە (GENOCIDE)، بەکوردی بەمانای نەوەکوژیی یان وەچەکوژیی یان ڕەگەزکوژیی دێت، چەمکی جینۆساید بۆ یەکەم جار لەلایەن یاساناسی پوڵەندیی (ڕافیل لیمنکن_ RPHAELEMKIN )، لە ساڵی (١٩٤٤) لەکتێبێکدا بەناوی (یاسای میحوەری لە داگیرکردنی ئەورووپا) بەکارهێنرا، پاشان چوار جۆری سەرەکی بۆ دیاری کرا، ئەوانیش: جینۆسایدی فیزیکی، جینۆسایدی بایۆلۆژیی، جینۆسایدی کەلتووریی، جینۆسایدی ئابووریی.

**دووەم:** حکومەتی بەعسی عێراقی، بەئامانجی لەناوبردنی کورد لە باشووری کوردستان، پرۆسەیەکی سەربازیی بەپێی بەرنامە و پلانێکی تایبەتی دیاریکراو لەژێر ناوی (ئەنفال)دا، کە لە ٢٣/ شوبات/ ١٩٨٨ دەستی پێ کرد و تا ٦/ ئەیلوول/ ١٩٨٨ی خایاند، هەر قۆناغێک تایبەتمەندێتیی خۆی هەبوو، تێیدا قۆناغی سێیەم (ئەنفالی ناوچەی گەرمیان) ٧_ ٢٠/ نیسان/١٩٨٨ کارەساتبارترین قۆناغەکانی ئەنفال بوو، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان، بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و تەمەن ڕاپێچی مەرگ کران، دیمۆگرافیای ناوچەکەش شێوێندرا.

**سێیەم:** ئەنفالی ناوچەی داوودە، کە لە ٨/ نیسان/١٩٨٨، لە چوارچێوەی قۆناغی سێیەمدا (ئەنفالی ناوچەی گەرمیان) بوو، بە بەراورد بە ناوچەکانی تری گەرمیان، کارەساتبارترینیان بوو، چونکە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی ناوچەکە ئەنفال کران، هەموو جۆرەکانی جیۆساید لە دژیان بەکارهێنرا، هەروەها حکومەتی بەعسی عێراقی بەپێی بەرنامە و پلانێکی تایبەتی

ئەنفالكردنی ناوچەی داوودەی ئەنجام دا، بە جۆرێك لە چەندین قۆڵەوە پەلاماری ناوچەكەی دا و بە چەند ڕێگایەك و بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و تەمەن دانیشتوانی ناوچەكەی ئەنفال كرد.

## پوختە

جینۆسایدكردنی كورد لەباشووری كوردستان، یەكێكبوو لەهەوڵەكانی سیاسەتی حكومەتی بەعسی عێراقی بۆ لەناوبردن و پاكتاوكردنی كورد لەباشووری كوردستان و عێراق، كە لەپرۆسەی ئەنفالدا بەرجستەی كرد، تویژینەوە دەربارەی پرۆسەی ئەنفال بەشێوەیەكی زانستی گرنكی وبایەخی خۆی هەیە، چونكە پرۆسەی ئەنفالكردنی كورد لەباشووری كوردستان، كە بەسەر هەشت قۆناغدا دابەشكرا، لەشەش ناوچەی جیاوازدا لەلایەن حكومەتی بەعسی عێراقی جێبەجێكرا، لە٢٣/شوبات/١٩٨٨ بەشێوەیەكی كردەی دەستیپێكرد، لە ٦/ئەیلوول/ هەمان ساڵ كۆتایی هات، هەموو جۆرەكانی جینۆسایدی تێدا جێبەجێ و پەیڕەوكراوە، هەر قۆناغێك تایبەتمەندێتی خۆی هەبووە، قۆناغی سێیەمی ئەنفال (ئەنفالی ناوچەی گەرمیان) پركارەساتبارترین قۆناغەكانی ئەنفال بووە، لەم قۆناغەدا ناوچەی (داوودە) وەك یەكێك لەناوچەكانی گەرمیان بەرشاڵاوی ئەنفال و جینۆسایدكردن بووەتەوە، لەم تویژینەوەی ئێمەدا بەناونیشانی (جینوسایدكردنی گەرمیان، ئەنفالی ناوچەی (داوودە) بەنمونە)، هەوڵماندداوە بەشێوەیەكی زانستی تویژینەوەیەك دەربارەی ناونیشانەكەمان ئەنجامی بدەین، پێكهاتەی تویژینەوەكەمان پێكهێناوە لە(پیشەكی، دووبەش، لیستی سەرچاوە، ئەنجام، پاشكۆی بەڵگەنامەكان)، بەم شێوەیە دابەشمانكردووە:

## پێشەكی:

بەشی یەكەم: چەمكی جینۆسایدو جۆرەكانی:

باسی یەكەم: چەمكی جینۆساید.

باسی دووەم: جۆرەكانی جینۆساید.

بەشی دووەم: قۆناغەكانی ئەنفال و ئەنفالی ناوچەی داوودە.

باسی یەكەم: قۆناغەكانی ئەنفال.

باسی دووەم: ئەنفالی ناوچەی داوودە.

ئەنجام:

لیستی سەرچاوەكان:

پاشكۆی بەڵگەنامەكان:

## Abstract

The genocide of the Kurds in Southern Kurdistan was one of the attempts made by the Iraq Ba'ath government to destroy and eradicate the Kurds in Southern Kurdistan and Iraq embodied in the process of Anfal. Researching scientifically about Anfal process in Southern Kurdistan has its own value and importance because it was divided into eight phases, and it is done in six different places by the Iraqi Ba'ath government. It practically started from Feb 23rd, 1988 and ended in Oct 6th, 1988. During this period, all types of genocide were performed and followed, and each phase had its own characteristics. The third phase of Anfal (The Anfal of Garmian province) was the most atrocious phase among all others. In this phase, Dawda province, for example, is one of the Garmian provinces that were subjected to Anfal and genocide. We tried to make a scientific research about our place (Garmian) and our research consists of (a preface, two chapters, list of references, conclusion, and appendix of evidences), we divided it as the following:


### پەراوێزەكان:

(١) مارف عومەر گوڵ (دكتور): جینۆسایدی گەلی كورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، چاپی دووەم، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی،٢٠٠٣، ل٩.

(٢) ئاوارە حسێن: جینۆسایدی كورد لەڕوانگەی یاسای تاوانكاری نێودەوڵەتییەوە، چاپی یەكەم، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٧، ل١١.

(٣) ڕافیل لیمنكن: هاوڵاتیەكی بەڕەگەز پوڵەندییە، لەساڵی (١٩٠٠) لەدایكبووە، پاش تەواوكردنی زانكۆ، لەساڵی ١٩٤١ بووە بەمامۆستای زانكۆ لە زانكوی(دیوك ویك) لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، مافی پەنابەرێتی سیاسی وەرگرتووە، لەساڵی ١٩٤٤، پەرتوكێكی بەناوی (یاسای میحوەری لەداگیركردنی ئەوروپا)، بۆ یەكەم جار چەمكی (جینۆساید) بەكارهێناوە، ئەمەش بەهۆی ئەوە بووە (٥٠)كەس لەخانەوادەكەی لە كۆمەڵكوژی (هۆلۆكۆست)ی نازییەكان، لەنێوچووە. (وەرگیراوە لە: زانا فەقێ: جینوساید لەباشووری كوردستان، ئەنفالی گەرمیان بەنموونە، چاپی یەكەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٤٦).

(٤) گۆران بابا عەلی: ئەنفال، وەك جینۆسایدێك لەئایندەدا بۆ ڕەوایەتی دەگەڕێت، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (٧)، ساڵی ١٩٩٩، ل١٤٨.

(٥) نازییەكان (NAZISM): كورتكراوەی "حزبی ناسیۆنالستی سۆشیالستی كریكارانی ئەڵمان _ NATIONAL SOZIALIS TISCHE DEUT SCHE ARBEITERPARTEI" لەساڵی ١٩٢٠ لەمیونیخ، لەلایەن ئادۆڵف هیتلەر دامەزرا، پاشان كۆرتكراوەكەی بوو بە (نازی)، ئەم حزبە لەنێوان ساڵانی (١٩٣٣_١٩٤٥)، بوو بەفەرمانڕەوای سەرتاسەری ئەڵمانیا، بەهۆی شكستی ئەڵمانیا لەجەنگی جیهانی دووەم، كۆتایی بەكاروچالاكییەكانی ئەم حیزبە هات. (وەرگیراوە لە:

داریوش ئاشوری، بەهائەددین نوری (دکتور): فەرهەنگی نویێ، وەرگێڕانی لەفارسییەوە/ چاپی دووەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣، لل٤٧-٤٨).

(٦)ئادۆلف هیتلەر: لە نیسانی ١٨٨٩ لە گوندی (برۆنۆی) وڵاتی نەمسا، نزیک لە شاری باڤاریای ئەڵمانی، لەسەردەمی ئیمراتۆر (فرانسوا جوزیف) لەدایکبووە، لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهان (١٩١٤-١٩١٨) وەک سەرباز بەشداریکردووە، پاش جەنگی جیهانی یەکەم، لەساڵی ١٩٢٠ بووە حزبی ناسیۆنالستی سۆشیالستی کریکارانی ئەڵمان، پاشان بەهۆی شکستی کۆدەتای لەدژی دژی دەسەڵاتی ئەڵمانیا لەساڵی ١٩٢٣، زیندانیکراوە، لەزیندانە پەرتووکی (خەباتی من)ی نوسیوە، هەموو تیرِوانینەکانی دەربارەی ڕەگەز پەرستی و نەژادی ئاری و فەلسەفە بخاتەڕوو، لەساڵی ١٩٢٤ بەهاوکاری( لۆندۆرف) ئازاد دەکرێت، ناوبانگی زۆر پەیدا دەکات، بەهۆی بەشداریکردنی لەپەرلەمانی وڵاتەکەی، لەناوبردنی هەموو حیزبەکانی تری وڵات، لەساڵی ١٩٣٣ دەبێتە سەرۆکی ئەڵمانیا، بەهۆی ڕەگەز پەرستی و فراوانخوازەکانی هیتلەر جەنگی دووەمی جیهان (١٩٣٩-١٩٤٥) هەڵدەگیرسێت، لەم جەنگەدا ئەڵمانیا توشی شکست دەبێت، ژیانی هیتلەر کۆتایی دێت. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نوار عبدالعزیز سلیمان: مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا، لەشۆڕشی فەرنسیەو تا جەنگی دووەمی جیهان، وەرگێڕانی خالد هەرکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕوشنبیری، هەولێر، ل٥٩٢-٥٩٦؛ مالیک موزەفەر: هیلتەر، دیکتاتور چۆن دەروست دەبن، وەرگێڕانی/سلێمان دڵسۆز، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦، لل ٢٩-٣٧).

(٧) زانا فەقێ: جینوساید لەباشووری کوردستان، ئەنفالی گەرمیان بەنموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٨.

(٨) سالار باسیرە (دکتور): جینۆساید لەیاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەنێودەوڵەتکردنی (کورد وەک نموونە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی،٢٠١٣، ل٢١.

(٩) تەها سلێمان: کورتەیەک لەمێژووی جینۆسایدی گەلان، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، لەبڵاوکراوەکانی دەزگایی ڕوشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٠.

(١٠) ئەحمەد فاتیح محمەمەد: کورتەیەک لەسەر جینۆساید و تاوانکاری نێودەوڵەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال،سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٥.

(١١)سالار باسیرە (دکتور): جینۆساید لەیاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەنێودەوڵەتکردنی (کورد وەک نموونە)، بەشی یەکەم، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٢)، ساڵی ٢٠١٣، ل٢.

(١٢)سالار باسیرە (دکتور): هـ ، س، ل٣.

(١٣) بیریڤان مەحمەد: جینۆسایدی گەلی کورد – باشووری کوردستان " وەک نمونە"، گوڤاری جینۆساید، ژمارە (٣)، ٢٠١٧، ل١٥٥.

(١٤) عەبدوللا كەریم محمود: رەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١١.

(١٥) گۆران شێخ مستەفا: كاریگەرییە ئابوورییەكانی جینۆساید لەگەرمیان، چاپی یەكەم، چاپخانەی هێڵ، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٦.

(١٦) زانا فەقێ : جینۆسایدكردنی باشووری كوردستان، ل٢١؛ حسین سۆران: ئەنفال لەمەنفاكانی ناسیۆنالیزمەوە بۆ كوشتنی زمان و جەستە، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی،٢٠١٠، ل٦٢؛ بیریڤان مەحمەد: س، پ، ل١٥٥.

(١٧) سالار باسیرە: س، پ، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، ل٢.

(١٨) مارف عومەر گوڵ (دكتور): س، پ، ل١١.

(١٩) زانا فەقێ : جینۆسایدكردنی باشووری كوردستان ، ل٢٢.

(٢٠) باوكی عومەر: تاوانی ئەنفال لەڕوانگەی یاسای گشتی نێودەوڵەتیەوە، وەرگێڕانی، دلاوەر عوسمان، گۆڤاری سەروەر، ژمارە (١٧)، ساڵی ٢٠٠٦،

(٢١) زانا فەقێ : جینۆسایدكردنی باشووری كوردستان ، ل٢٢؛ گۆران شێخ مستەفا: س، پ، لل ٣١_٣٢.

(٢٢) فاتیح رەسوڵ: بچینەی مێژووی بیرۆكەی چەپ لەكوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلیمانی، ٢٠٠٥، ل٣٦٧.

(٢٣) بەرەی كوردستانی: پاش گۆڕانكارییەكانی ناوچەكە و جەنگی نێوان (عێراق _ ئێران)، بەمەبەستی یەكخستنی توانای سەرجەم حیزب و ڕێكخراوەكانی باشووری كوردستان، لە دژی حكومەتی بەعسی عێراقی لە(٢٢/نیسان/١٩٨٧)، بانگەشەی (بەرەی كوردستان)ی دەستپێكرد، پاش چەندین دانوستان و كۆبوونەوەی نێوان حیزب و لایەنەكان، سەرئەنجام بەپشتیوانی وڵاتی (ئێران) پاش كۆبوونەوەی (جەلال تاڵەبانی، ئیدریس بارزانی) لە تهرانی پایتەختی وڵاتی ئێران، لە(١٩/حوزەیران/١٩٨٨)، بەرەی كوردستانی لەنێوان هەر یەكە لەحیزبەكانی (یەكێتی نیشتیمانی كوردستان_ ینك، پارتی دیموكراتی كوردستان_پدك، حزبی شیوعی عێراقی- حشع (لقی كوردستان) حزبی سۆسیالستی كوردستان_حسك، پارتی سۆسیالستی كورد_پاسۆك، پارتی دیموكراتی گەلی كوردستان_ پدگک) دروستبوو. ( بۆزانیاری زیاتر لەسەر بەرەی كوردستانی و چونێتی دروستبوونی بڕوانە: زانا فەقێ: پارتی سۆسیالستی كورد _پاسۆك (١٩٧٥_١٩٩١)، نامەی ماستەر، توێژینەوەیەكی مێژوویی_سیاسیە، بڵاونەكراوە، زانكۆی سلێمانی، ٢٠١٦، لل١١٦-١٢١؛ سروە قادر سمایل: ئەزموونی كاری بەرەی لەكوردستان(١٩٨٠_١٩٩١)، توێژینەویەكی مێژوویی سیاسیە، نامەی ماستەر، بڵاونەكراوە، زانكۆی كۆیە، ٢٠١٠، لل٦٦_٧٢؛

سەلام عبدولکەریم: ژیانی سیاسی لەباشووری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا، ٢٠١١، لل١٨٣_١٩٤).

(٢٤) گەراس ئاڕ . ڤی . ستانسلڤید: کوردستانی عێراق (پەرەسەندنی سیاسیی و پشکووتنی دیموکراس)، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە، پرۆفیسۆر. ی. د. یاسین سەردەشتیی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، ل٢٤.

(٢٥) ئەنفال: وشەیەکی عەرەبیە، پێش هاتنی ئاینی ئیسلام وقورئان بۆ ناوچەکە، لەنێو فەرهەنگی عەرەبیدا (سەردەمی جاهیلی) بوونی هەبووە، شاعیری دیاری سەردەمی جاهیلی (عنتری کوڕی شەداد)، لەیەکێک لەهونراوەکانیدا ئاماژەی بە ووشەی ئەنفال کردووە، نوسیویەتی :" إنا إذا حمس الوغی نرو القنا .. ونحن و عند تقاسم الانفال"، هەروەها ئەنفال لەقورئاندا هاتووە، هەشتەمین سورەتی قورئانە، کۆی (نفل)ە، بە واتای دەستکەوت هاتووە. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دەربارەی وشەی ئەنفال : قورئانی پیروز، سورەتی هەشتەمی قورئان؛ سۆزان کەریم مستەفا(دکتور): ئەنفال لەئایدولوژیای بەعسدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٢)، ساڵی ٢٠١٣، ل٩٦؛ زانا فەقێ: جینۆساید لەباشوری کوردستان، ل١٦ ؛ محمد عمر عبدالعزیز: ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجی یەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٧).

(٢٦) لەتیف فاتیح فەرەج: ئەنفال هیستریای توندڕەوی دەوڵەت، گۆڤاری پەیامی مرۆڤایەتی، سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە (٨)، ١٩٩٩، ل٩٩.

(٢٧) گۆڤار جینۆساید: جینۆساید لەباشوور کوردستان، ڕابردوو، ئێستا و ئاینده، ئامادەکردنی، گۆڤاری جینوساید، ژمارە(٣)، ٢٠١٧، ل ٢٦.

(٢٨) هۆشیار عەبدل عەزیز: جینۆساید لەعێراق (پەلامارە مەترسیدارەکان، کۆشتن و لەنێوبردنی کورد بەئەنقەست)، گۆڤاری جینۆساید، ژمارە (٣)، ٢٠١٧، ل٢١٩.

(٢٩) زانا فەقێ : جینۆساید لەباشووری کوردستان، ل٢٤.

(٣٠) عەدالەت عومەر صالح: ئەنفال و ئافرەتی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠،ل٤٩.

(٣١) محمد رئوف: پاکیزەکانی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای جەمال عیرفان، ٢٠١٤، ل٤٣.

(٣٢) ئاوارە حسێن: س، پ، ل١٦٦.

(٣٣) نامق هەورامی: ئەنفال کوشتنی جەستە و سڕینەوەی نەتەوە، گۆڤاری گوڵان، هەولێر، ساڵی سیازدەهەم، ژمارە (٥٩٨)، ٢٠٠٦، ل٥٣.

(٣٤) مێژووی قۆناغەکانی شاڵاوەکانی تاوانی ئەنفال: ئامادەکردنی سەرنوسەری گۆڤاری جینوساید، ژمارە (١)، ساڵی ٢٠١٥، ل١١٠.

(٣٥) هێرش مەغدید ئەحمەد، ڕزگارئەنوەر حزر: شالاوی ئەنفال لەکوردستان ساڵی ١٩٨٨، گۆڤاری جینۆساید ، ژمارە(٣)، ساڵی ٢٠١٧، ل١٣٨.

(٣٦) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنێتی ئەنجامدانی پرۆسەی قۆناغی یەکەمی ئەنفال روانە: نەخشەی ژمارە (١) لەپاشکۆی بەڵگەنامەکان

(٣٧) زانا فەقێ : جینۆساید لەباشووری کوردستان، ل٢٦.

(٣٨) تەها سلێمان: جینۆسایدی گەلی کورد (پشکنین .. ئامارو زانیاری .. دیکۆمێنت)، چاپی یکەم، چاپخانەی بینایی، ٢٠١٤، ل٥٠.

(٣٩) زەمان عەبدە: مەرگەساتی ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٣.

(٤٠) شۆڕش حاجی ڕەسول : ئەنفال _ کوردو دەوڵەتی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٣، ل٩٨.

(٤١) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنێتی ئەنجامدانی پرۆسەی قۆناغی دووەمی ئەنفال بڕوانە: نەخشەی ژمارە (١) لەپاشکۆی بەڵگەنامەکان.

(٤٢) ئاوارە حسێن: س، پ، ل١٧٠؛ تەها سلێمان: جینۆسایدی کورد "تاوانی ئەنفال" نوسین، دۆکۆمێنت، زانیاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی بنیایی، ٢٠١٦، ل٥٦.

(٤٣) حزبی بەعس: حزبی بەعس له لایەن هەر یەکە لە(میشل عەفلق، سەلام بەیتار، مەدحەت بەیتەر) دامەزرا، پاش بەستنی کۆنگرەی یەکەمی بەعس لە٤/نیسان/١٩٤٧ لە وڵاتی سوریا، دەرکردنی یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنیان لە ٧/نیسان/١٩٤٧، ئامانجی حزبی بەدیهێنانی یەکیتی نیشتیمانی عەرەب بوو، خۆی بەتاکە نوێنەری ناسیونالیزمی عەرەبی دەزانی، لەسەر بنەمای بەهۆی ئەوەی لە دەیویست هەموو عەرەب لە یەک دەوڵەتدا کۆبکاتەوە، بەدیهێنانی یەکێتی عەرەب لەدیدەی بەعس لەسەر سێ بنەمای سەرەکی بوو، ئەوانیش بریتیبوون لە (یەکێتی، ئازادی، سۆسیالزم). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە عەلی کەندی: سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزم و کورد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٧، لل٥٦-٥٨؛ ئەلبێرت عیسا (دکتور): خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوو،چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٤، لل١٥٣-١٥٥: مێژوونامە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٥٠٧.

(٤٤) مێدڵ ئیست ووچ: جینۆساید لەعێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد،وەرگێڕانی/ محمد حمە صالح تۆفیق، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٩٧؛ زانافەقێ: جینۆساید لەباشووری کوردستان، ل٣٦.

(٤٥) عومەر محمد: ئەنفالی گەرمیان، سیاسەتێک و دووئامانج، سلێمانی، چاپخانەی ڕەهێڵ، ٢٠١٠، ل٦٧.

(٤٦) شرۆش حاجی ڕسول: س، پ، لل ١٥٤_١٥٩.

(٤٧) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو قوڵانەی بەعس هێرشی لێوە کرد بۆ سەرناوچەی گەرمیان بڕوانە: زەمان عبدە: س، پ، ل٥٠؛ زانا فەقێ: جینوساید لەباشووری گەرمیان، ل٣٨.

(٤٨) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو گوندانەی لەناوچەی(سەنگاو) بەر شاڵاو پرۆسەی ئەنفال کەوتن، لەقۆناغی سێیەمی ئەنفال بڕوانە: نەخشەی ژمارە (٢) لەپاشکۆی بەڵگەنامەکان.

(٤٩) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو گوندانەی لەناوچەی(کەلار، تیلکۆ) بەر شاڵاوی پرۆسەی ئەنفال کەوتن، لەقۆناغی سێیەمی ئەنفال بڕوانە: نەخشەی ژمارە (٣) لەپاشکۆی بەڵگەنامەکان.

(٥٠) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو گوندانەی لەناوچەی(چەمچەماڵ) بەر شاڵاوی پرۆسەی ئەنفال کەوتن، لەقۆناغی سێیەمی ئەنفال بڕوانە: نەخشەی ژمارە (٤) لەپاشکۆی بەڵگەنامەکان.

(٥١) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو گوندانەی لەناوچەی گەرمیان بەر شاڵاوی پرۆسەی ئەنفال کەوتن، لەقۆناغی سێیەمی ئەنفال بڕوانە: نەخشەی ژمارە (٥) لەپاشکۆی بەڵگەنامەکان.

(٥٢) جاسم محمد محمد علی: ئەنفالی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٤.

(٥٣) ناهیدە تاڵەبانی و جاسم محمد محمد علی: ئەنفالی گەرمیان و ڕەهەندە دیموکراسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وشە، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣١.

(٥٤) ناهیدە تاڵەبانی و جاسم محمد محمد علی: س، پ، ل٣٦.

(٥٥) زانا فەقێ : جینۆساید لەباشووری کوردستان، ل٤١.

(٥٦) ناهیدە تاڵەبانی و جاسم محمد محمد علی: س، پ، ل٣٢.

(٥٧) حسن بارام: بەشێک لە ئەنفالی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی نەورۆز، کەرکووک، ٢٠٠٧، ل١٤١.

(٥٨) ڕێکخراوی مافی مرۆڤ_ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست: عێراق و تاوانی جینۆساید، شاڵاوی ئەنفال دژی کورد، وەرگێڕانی/ جەمال میرزا عەزیز، بەرلین، ٢٠٠٧، ل١١٥.

(٥٩) یوسف دزەیی: ئەنفال. کارەسات و ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، چاخانەی پەروەردە، هەولیر، ٢٠١١، ل١٠٨؛ زانا فەقێ : جینۆساید لەباشووری کوردستان، ل٤٣.

(٦٠) وەرگیراوە لە: مەلا تەحسین گەرمیانی: بیرەوەرییەکانم و بەشێک لەتراژیدیای ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٦؛ ویسف دزەیی: س، پ، ل١٠٣.

(٦١) جاسم محمد محمد علی: س، پ، ل٤٨.

[٦٢] فەرهـاد عبـدالرحمن و كرمـانج شـێرزاد: كـاریگەری شـاڵاوەكانی ئەنفـال لەسـەر چوڵبـوونی لادێیەكانی سەنگاو، گوڤاری عەرعەر، ژمارە(٤)، ساڵی چوارەم، ٢٠٠٩، ل١٤٣.

[٦٣] عومەر محمد: س، پ، ل١٥٥.

[٦٤] محمد رئوف عزیز: س،پ، ل٥٠.

[٦٥] بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ئەو گوندانەی، لەناوچەی گەرمیان بەر پرۆسەی شاڵاوی ئەنفل كەوتن، بڕوانە: نەخشەی ژمارە (٦)، لەپاشكۆی بەڵگەنامەكان.

[٦٦] حكـومەتی بەعسـی عێراقـی بەپێـی بەرنـامەیەكی دیـاریكراو و پـلان بـۆ داڕێـژراو، چەنـدین سەنتەری تایبەتی دانا بۆ كۆكردنەوەی ئەنفالكراوەكانی گەرمیـان تێیدا، ئەوانیش بریتـی بـوون لە(سـەنتەری ملەسـور، سـەنتەری علیـاوا، سـەنتەری لەیـلان، سـەنتەری قـادركەرەم، سـەنتەری دواناوەندی رەشید، سـەنتەری مەركەز شـەباب، سـەنتەری چەمچەمـاڵ)، پاشـان بەپـێ ڕەگەز و تەمەن جیاكرانەوە، ڕوانەی كامپە تایبەتییەكان كرا، وەك كامپەكـانی ( تـوپزاوا، دبس، تكریـت)، دواتر ژمـاریەكی زۆر لە ئەنفـالكراوانی نـاوچەی گەرمیـان، ڕەوانەی (نـوگره سـلمان) كـران. (بـۆ زانیـاری زیـاتر دەربـارەی سـەنتەر و كەمپەكـان بـڕوانە: زانـا فەقـێ: جینۆسـاید لەباشـووری كوردستان، لل ٤٦_٤٨).

[٦٧] مامۆسـتا داود: ئەنفـالی گەرمیـان و هۆكارەكـانی زۆری ژمـارەی قوربانییەكـانی، گوڤـاری ئەنفالستان، ژمارە(٨)، ل١٨٩.

[٦٨] بۆ زنیاری زیاتر دەربارەی چونێتی جێبەجێكردنی پلانی ئەنفالكردنی ناوچەی گەرمیـان، ئەو ڕووبەرەی گرتەوە، بڕوانە: نەخشەی ژمارە(٧) لەپاشكۆی بەڵگەنامەكان.

[٦٩] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پرۆسەی قۆناغی چوارەمی ئەنفال بڕوانە: نەخشـەی ژمـارە (٧) لەپاشكۆی بەڵگەنامەكان.

[٧٠] هێمن كامیل: ئەنفالی چوارو كاریگەرییە كۆمەڵایەتیەكانی لە سەر گەنجی كەسوكاری ئەنفال، چاپی یەكەم، چاپخانەی كارۆ، ٢٠١١، ل٤٨.

[٧١] خلیل عەبدول: بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال، گۆڤاری نۆڤین، سلێمانی، ٢٠٧، ل١٥٨.

[٧٢] زانا فەقێ : جینۆسایدكردنی باشووری كوردستان، ل29.

[٧٣] بـۆ زانیـاری زیـاتر دەربـارەی ئەو قـۆڵانەی حكـومەتی بەعـس، بـۆ جێبەجێكردنـی قۆنـاغی چوارەمی ئەنفال پەیڕەویكرد، بڕوانە: چنار نامق، س، پ، لل٧٤-٧٨.

[٧٤] مەلا شـاخی: ئەنفـالی چـوار لەدادگـای بـاڵای تاوانەكـانی عێـراق، چـاپی یەكەم، چاپخـانەی نەورۆز، ل١٦.

[٧٥] تەها سلێمان : جینۆسایدی كورد تاوانی ئەنفال، ل٦٠؛ میدڵ ئیست ووچ: س، پ، ل٢٤١.

(٧٦)بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو شوێنانە و چونێتی جیبەجێکردنی پرۆسەی ئەنفالی قۆناغەکانی (پێنجەم، شەشەم، حەوتەم)ی ئەنفال بڕوانە: نەخشەی ژمارە (٨) لەپاشکۆی بەڵگەنامەکان.

(٧٧) مەلای شاخی: ئەنفالی ڕەش، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی، ٢٠٠٧، لل١٩-٢٠؛ چنار نامق: س،پ، ل٨٠.

(٧٨) هێمن کامیل: ئەنفالی چوارو کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانی لە سەر گەنجی کەسوکاری ئەنفال، گۆڤاری (هەشتاوهەشت)، ژمارە(١٥)، ساڵی سێیەم، بەهاری ٢٠٠٩، ل٦٢.

(٧٩) زوهیر کازم عببود: دادگای ئەنفال، وەرگێرانی/ محمد گۆمەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٤٦.

(٨٠) ڕێکاریٚ مزویری: مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکووک، ٢٠١٣، ل٥٣.

(٨١)ئاوارە حسێن: س، پ، ل١٧٨.

(٨٢) سەرکەوت شریف ئیسماعیل: ئەنفال، گۆڤاری هەشتاوهەشت، ژمارە(٥، ٦)، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٨.

(٨٣)چنار نامق: س،پ، ل٨٦.

(٨٤)یوست هێڵتەرمان: کاریکی ژهراوی، وەرگێرانی/ محمد حمە صالح تۆفیق، چاپی یەکەم، چاپخانە و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨، ١٧٦.

(٨٥)بۆ زانیار زیاتر لەسەر چونێتی پلانی ئەنفالکردنی ناوچەی بادینان و سەنتەری کۆکردنەوە ئەنفالکراوان، کامپە تایبەتیەکان، بڕوانە: نەخشەی ژمارە(٩)، لەپاشکۆی بەڵگەنامەکان.

(٨٦) عەلی تەتەر نێروەی (دکتور): بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، لەکوردستانی عێراق لەساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێران دا، (١٩٨٠_١٩٨٨)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٥٥٥.

(٨٧) هاشم عاسی سەعید: کەرکووک و کوردستان و چەند سەرچاوەیەک، گۆڤاری کەرکووک، ژمارە(١٦)، ساڵی چوارەم، بەهاری ٢٠٠٣، ل٨١.

(٨٨) بورهان محمد: لیکۆڵینەیەوەیەک دەربارەی هۆزی داوودە، بڵاونەکراوە، ل٣.

(٨٩) وەرگیراوە لە: ئەحەد حەمید گەرمکی: شاری خورماتوو، کورتەیەکی جوگرافی، مێژوویی ئیداریی نەتەوەیی شاری خورماتوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٥، ل٩٣.

(٩٠)ئاوارە حسێن: س، پ، ل١٧٠.

(٩١) زانا فەقێ: جینۆساید لەباشووری کوردستان، ل٨٦.

(٩٢) سهیل خورشید عزیز: پاكتاوی ڕەگەزی لە ناوچەی كفری، چاپی یەكەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٤٠؛ محمود سەنگاوی: بیرەوەریەكانی سەنگاوی، چاپی یەكەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤، لل٣٠٧-٣٠٨.

(٩٣) هاوار عەباس(مەلا هاوار): بەشێك لەحیكایەتەكانی ئەنفالی سێ، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٦.

(٩٤) گولاڵەی گەرمیان: گووندی زینانەی داوودە " بەرگری، ئەنفال، ئازادی"، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئازادی، ٢٠١٥، لل ٩١-٩٢.

(٩٥)هاوار عەباس(مەلا هاوار): س، پ، ل٢٣.

(٩٦) ژمارەی ئەنفالكراوانی ئەو گوندانەی ناوچەی دواوودە، لەلیستەكەدا ناویان هاتووە، وەرگیراوە لە: محمد نوری زۆراب: سێ دێی ئەنفالكراوی داوودە لەكردەی ئەنفالدا، چاپخانەی ڕەهەند، ٢٠٠٨، لل ٦٣- ٩٥؛ گولاڵەی گەرمیان: س، پ، لل١٣١-١٧٨؛ هاوار عەباس: س، پ، لل١٩٥-٣٣٧؛ سهیل خورشید عزیز: پاكتاوی ڕەگەزی لە ناوچەی كفری، لل١٠٥_٢٧٢؛ زانا فەقێ: جینۆساید لەباشووری كوردستان، لل١٢٧-١٥٧.

(٩٧)حسن بارام: س، پ، لل١٧١-١٧٢.

(٩٨)زانا فەقێ: جینۆساید لەباشووری كوردستان، لل٤٦-٤٧.

**لیستی سەرچاوەكان:**


یەكەم : قورئانی پیروز، سورەتی هەشتەمی قورئان.

دووەم: پەرتووكەكان:

1. ئەحمەد حەمید گەرمكی: شاری خورماتوو، كورتەیەكی جوگرافی، مێژوویی ئیداریی نەتەوەیی شاری خورماتوو، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٥.
2. ئەحمەد فاتیح محەمەد: كورتەیەك لەسەر جینۆساید و تاوانكاری نێودەوڵەتی، چاپی یەكەم، چاپخانەی كەمال،سلێمانی، ٢٠١٢.
3. ئەلبێرت عیسا (دكتور): خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوو،چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٤.
4. ئاوارە حسێن: جینۆسایدی كورد لەڕوانگەی یاسای تاوانكاری نێودەوڵەتییەوە، چاپی یەكەم، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٧.
5. بورهان عادل: لیكۆڵینەیەوەیەك دەربارەی هۆزی داوودە، بڵاونەكراوە
6. تەها سلێمان: جینۆسایدی كورد "تاوانی ئەنفال" نوسین، دۆكۆمێنت، زانیاری، چاپی یەكەم، چاپخانەی بنیایی، ٢٠١٦.

7. تەها سلێمان: جینۆسایدی گەلی کورد (پشکنین .. ئامارو زانیاری .. دیکۆمێنت)، چاپی یکەم، چاپخانەی بینایی، ٢٠١٤.
8. تەها سلێمان: کورتەیەک لەمێژووی جینۆسایدی گەلان، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، لەبڵاوکراوەکانی دەزگایی ڕوشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥.
9. جاسم محمد محمد علی: ئەنفالی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢.
10. حسن بارام:بەشێک لە ئەنفالی گەرمیان،چاپی یەکەم، چاپخانەی نەورۆز، کەرکووک، ٢٠٠٧.
11. حسین سۆران: ئەنفال لەمەنفاکانی ناسیۆنالیزمەوە بۆ کوشتنی زمان و جەستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی،٢٠١٠.
12. خالد هەرکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕوشنبیری، هەولێر.
13. داریوش ئاشوری، بەهائەددین نوری (دکتور): فەرهەنگی نوێ، وەرگێڕانی لەفارسییەوە/ چاپی دووەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣.
14. ڕێکاری مزویری: مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکووک، ٢٠١٣.
15. ڕێکخراوی مافی مرۆڤ_ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست: عێراق و تاوانی جینۆساید، شاڵاوی ئەنفال دژی کورد، وەرگێڕانی/ جەمال میرزا عەزیز، بەرلین، ٢٠٠٧.
16. زانا فەقێ: جینوساید لەباشووری کوردستان، ئەنفالی گەرمیان بەنموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٢.
17. زوهیر کازم عببود:دادگای ئەنفال،وەرگێڕانی/ محمد گۆمەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠.
18. زەمان عەبدە: مەرگەساتی ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.
19. زیاد عبدولرەحمان: تاوونی مەرگ، چاپی دووەم، ٢٠٠٤،
20. سالار باسیرە (دکتور): جینۆساید لەیاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەنێودەوڵەتکردنی (کورد وەک نموونە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی،٢٠١٣.
21. سهیل خورشید عزیز: پاکتاوی ڕەگەزی لە ناوچەی کفری، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٣.
22. سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزم و کورد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٧.
23. سەلام عبدولکەریم: ژیانی سیاسی لەباشووری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا، ٢٠١١.
24. شۆڕش حاجی ڕەسول:ئەنفال- کوردودەوڵەتی عێراق،چاپی دووەم،چاپخانەی شڤان،٢٠٠٣.

25. عومەر محمد:ئەنفالی گەرمیان،سیاسەتێک و دووئامانج، سلێمانی، چاپخانەی ڕەهێڵ، ۲۰۱۰.
26. عەبدوڵلا كەریم محمود:ڕەشەبای ژەهروئەنفال،بەرگی دووەم،چاپی دووەم،سلێمانی،۲۰۰٤.
27. عەدالەت عومەر صالح:ئەنفال وئافرەتی كورد،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،۲۰۰۰.
28. عەلی تەتەر نێروەی (دكتور): بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی كورد، لەكوردستانی عێراق لەساڵەكانی جەنگی عێراق و ئێران دا، (۱۹۸۰_۱۹۸۸)، چاپی یەكەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ۲۰۰۸.
29. عەلی كەندی (دكتور):مێژوونامە،بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم،چاپخانەی منارە،هەولێر،۲۰۰۷.
30. فاتیح ڕەسوڵ: بچینەی مێژووی بیرۆكەی چەپ لەكوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلیمانی، ۲۰۰۵.
31. فەرید ئەسەسەرد: ئەتڵەسی هەرێمی كوردستان ۱۹۱٤_۲۰۰۵.
32. گوڵاڵەی گەرمیان: گووندی زینانەی داوودە " بەرگری، ئەنفال، ئازادی"، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئازادی.
33. گۆران شێخ مستەفا: كاریگەرییە ئابوورییەكانی جینۆساید لەگەرمیان، چاپی یەكەم، چاپخانەی هێڵ، سلێمانی، ۲۰۱۰.
34. گەراس ئارِ . ڤی . ستانسڵفید: كوردستانی عێراق (پەرەسەندنی سیاسیی و پشكووتنی دیموكراس)، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە، پ.ی.د.یاسین سەردەشتیی، چاپی یەكەم، ۲۰۱۰.
35. مارف عومەر گوڵ (دكتور): جینۆسایدی گەلی كورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا،چاپی دووەم، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی،۲۰۰۳.
36. مالیک موزەفەر: هیلتەر، دیكتاتور چۆن دەروست دەبن، وەرگێڕانی/سلێمان دڵسۆز، چاپی یەكەم، هەولێر، ۲۰۰٦.
37. محمد رئوف: پاكیزەكانی ئەنفال، چاپی یەكەم، چاپخانەی كەمال، لەبڵاوكراوەكانی دەزگای جەمال عیرفان، ۲۰۱٤.
38. محمد عمر عبدالعزیز: ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجی یەكان، چاپی یەكەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ۲۰۰۵.
39. محمدنوری زۆراب:سێ دێی ئەنفالكراوی داوودە لەكردەی ئەنفالدا،چاپخانەی ڕەهەند،۲۰۰۸.
40. محمود سەنگاوی:بیرەوەریەكانی سەنگاوی،چاپی یەكەم،چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ۲۰۰٤.
41. مێدڵ ئیست ووچ: جینۆساید لەعێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەركورد،وەرگێڕانی/ محمد حمە صالح تۆفیق، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ۲۰۰٤.
42. مەلا تەحسین گەرمیانی: بیرەوەرییەكانم و بەشێک لەتراژیدیای ئەنفال، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ۲۰۰۳.

43. مەلا شاخی:ئەنفالی چوار لەدادگای باڵای تاوانەكانی عێراق،چاپی یەكەم،چاپخانەی نەورۆز.
44. مەلای شاخی: ئەنفالی ڕەش، چاپی یەكەم، چاپخانەی كارۆخ، سلێمانی، ٢٠٠٧.
45. ناهیدە تاڵەبانی و جاسم محمد محمد علی: ئەنفالی گەرمیان و ڕەهەندە دیموكراسی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەكان، چاپی یەكەم، چاپخانەی وشە، سلێمانی، ٢٠٠٢.
46. هاوار عەباس(مەلا هاوار): بەشێك لەحیكایەتەكانی ئەنفالی سێ، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٧.
47. هێمن كامیل: ئەنفالی چوارو كاریگەرییە كۆمەڵایەتیەكانی لە سەر گەنجی كەسوكاری ئەنفال، چاپی یەكەم، چاپخانەی كارۆ، ٢٠١١.
48. یوست هێڵتەرمان: كاریكی ژهراوی، وەرگێرانی/ محمد حمە صالح تۆفیق، چاپی یەكەم، چاپخانە و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨.
49. یوسف دزەیی: ئەنفال. كارەسات و ئەنجام و ڕەهەندەكانی، چاپی یەكەم، چاخانەی پەروەردە، هەولیر، ٢٠١١.

**سێیەم: نامەی زانكۆیی:**

1. زانا فەقێ: پارتی سۆسیالستی كورد _پاسۆك (١٩٧٥_١٩٩١)، نامەی ماستەر، توێژینەوەیەكی مێژوویی_سیاسیە، بڵاونەكراوە، زانكۆی سلێمانی، ٢٠١٦.
٢. سروە قادر سمایل: ئەزموونی كاری بەرەی لەكوردستان(١٩٨٠_١٩٩١)، توێژینەویەكی مێژوویی سیاسیە، نامەی ماستەر، بڵاونەكراوە، زانكۆی كۆیە، ٢٠١٠.

**چوارەم: گۆڤارەكان:**

١. باوكی عومەر: تاوانی ئەنفال لەڕوانگەی یاسای گشتی نێودەوڵەتیەوە، وەرگێڕانی، دلاوەر عوسمان، گۆڤاری سەروەر، ژمارە (١٧)، ساڵی ٢٠٠٦.
٢. بیریڤان مەحمەد: جینۆسایدی گەلی كورد – باشووری كوردستان " وەك نمونە"، گوڤاری جینۆساید، ژمارە (٣)، ٢٠١٧.
٣. تاوانی ئەنفال: ئامادەكردنی سەرنوسەری گۆڤاری جینوساید، ژمارە (١)، ساڵی ٢٠١٥.
٤. خلیل عەبدول: بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال، گۆڤاری نۆڤین، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٥. سالار باسیرە (دكتور): جینۆساید لەیاساكانی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و بەنێودەوڵەتكردنی (كورد وەك نموونە)، بەشی یەكەم، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، ژمارە(٢)، ساڵی ٢٠١٣.

٦. سهیل خۆرشید: نەخشەی پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچەی گەرمیان، چاپی یەکەم، گۆڤاری کوردستان پۆست، ٢٠١١.
٧. سۆزان کەریم مستەفا(دکتور): ئەنفال لەئایدولوژیای بەعسدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٢)، ساڵی ٢٠١٣.
٨. سەرکەوت شریف ئیسماعیل: ئەنفال، گۆڤاری هەشتاوهەشت، ژمارە(٥، ٦)، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٩. فەرهاد عبدالرحمن و کرمانج شێرزاد: کاریگەری شاڵاوەکانی ئەنفال لەسەر چوڵبوونی لادییەکانی سەنگاو، گوڤاری عەرعەر، ژمارە(٤)، ساڵی چوارەم، ٢٠٠٩.
١٠. گۆران بابا عەلی: ئەنفال، وەک جینۆسایدێک لەئایندەدا بۆ ڕەوایەتی دەگەڕێت، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (٧)، ساڵی ١٩٩٩.
١١. گۆڤار جینۆساید: جینۆساید لەباشوور کوردستان، ڕابردوو، ئێستا و ئایندە، ئامادەکردنی، گۆڤاری جینوساید، ژمارە(٣)، ٢٠١٧.
١٢. لەتیف فاتیح فەرەج: ئەنفال هیستریای توندڕەوی دەوڵەت، گۆڤاری پەیامی مرۆڤایەتی، سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە (٨)، ١٩٩٩.
١٣. مامۆستا داود: ئەنفالی گەرمیان و هۆکارەکانی زۆری ژمارەی قوربانییەکانی، گوڤاری ئەنفالستان، ژمارە(٨).
١٤. نامق هەورامی: ئەنفال کوشتنی جەستە و سڕینەوەی نەتەوە، گۆڤاری گوڵان، هەولێر، ساڵی سیازدەهەم، ژمارە (٥٩٨)، ٢٠٠٦.
١٥. هاشم عاسی سەعید: کەرکووک و کوردستان و چەند سەرچاوەیەک، گۆڤاری کەرکووک، ژمارە(١٦)، ساڵی چوارەم، بەهاری ٢٠٠٣.
١٦. هۆشیار عەبدل عەزیز: جینۆساید لەعێراق (پەلامارە مەترسیدارەکان، کۆشتن و لەنێوبردنی کورد بەئەنقەست)، گۆڤاری جینۆساید، ژمارە (٣)، ٢٠١٧.
١٧. هێرش مەغدید ئەحمەد، ڕزگارئەنوەر حزر: شاڵاوی ئەنفال لەکوردستان ساڵی ١٩٨٨، گۆڤاری جینۆساید ، ژمارە(٣)، ساڵی ٢٠١٧.
١٨. هێمن کامیل: ئەنفالی چوارو کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانی لە سەر گەنجی کەسوکاری ئەنفال، گۆڤاری (هەشتاوهەشت)، ژمارە(١٥)، ساڵی سێیەم، بەهاری ٢٠٠٩.

# پاشكۆی بەڵگەنامەكان

**نەخشەی ژمارە (١)، قۆناغەكانی ئەنفالی (یەكەم و دووەم).**




وەرگیراوە لە: فەرید ئەسەسەرد: ئەتڵەسی هەرێمی كوردستان ١٩١٤_٢٠٠٥، ل١٥٣.

**نەخشەی ژمارە (٢)، نەخشەی ئەنفالكردنی گوندەكانی ناوچەی (چمچەماڵ):**



زیاد عبدولرەحمان: توونی مەرگ، چاپی دووەم، ٢٠٠٤، ل١٢٠.

**نەخشەی ژمارە (٣)، نەخشەی ئەنفالکردنی گوندەکانی ناوچەی (کەلار، تیلکۆ):**



زیاد عبدولرەحمان: س،پ، ل١٢٠.

**نەخشەی ژمارە (٤)، نەخشەی ئەنفالکردنی گوندەکانی ناوچەی (سەنگاو):**



زیاد عبدولرەحمان: س،پ، ل١٢٢.

**نەخشەی ژمارە (٥)، ئەو گوندانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، لەقۆناغی سێیەمی ئەنفالدا.**



وەرگیراوە لە: سهیل خۆرشید: نەخشەی پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچەی گەرمیان، چاپی یەکەم، گۆڤاری کوردستان پۆست، ٢٠١١.

**نەخشەی ژمارە(٦)، قۆناغی سێیەمی ئەنفال(ناوچەی گەرمیان).**




وەرگیراوە لە: فەرید ئەسەسەرد: س،پ، ل١٥٦.

**نەخشەی ژمارە (٧)، ئەنفالی قۆناغی (چوارەم)**




وەرگیراوە لە: فەرید ئەسەسەرد: س،پ، ل١٥٧.

**نەخشەی ژمارە (٨)، قۆناغەکانی ئەنفالی (پێنجەم، شەشەم، حەوتەم):**




وەرگیراوە لە: فەرید ئەسەسەرد: س،پ، ل١٥٨.

**نەخشەی ژمارە (٩)، قۆناغی ئەنفالی(هەشتەم):**




وەرگیراوە لە: فەرید ئەسەسەرد: س،پ، ل١٥٩.

http://garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.70

# دەستێوەردانی مرۆیی لە پرۆسەکانی جینوساید
# جینوسایدکردنی گەلی کورد بە نمونە

م.ی. ئاریان روف عزیز
زانکۆی گەرمیان
ماستەر لە زانستە ڕامیاریەکان

پشتیوان حمە سعید محمدامین
پەروەردەی گەرمیان
ماستەر لە زانستە ڕامیاریەکان

**پوختە**

ئەگەر پرەنسیپی دەستێوەرنەدان لە کاروبار نێوخۆی وڵاتان بۆ ڕاگرتنی نەزم و نیزامی جیهانی بێت، وە باسکردنی دەستێوردان بۆ ڕێگریکردن و کۆتایهێنانە بە تاوانەکانی دژبە مافەکانی مرۆڤ و جینۆساید ڕێگریکردنە لە رودانیان، ئەوا پرەنسیپی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بە پێچەوانەوە جەخت لە دەستێوەردان دەکاتەوە لە لایەن وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەولەتیەکانەوە، بەڵام لە دۆخی بەکارهێنانی ئەم پرەنسیپەدا چەند پرسیارێک دێتە پێشەوە وەک، کێ بە ئەکتی دەستێوەردانەکە هەستێ و کەی ئەنجام دەدرێت؟ کێ بڕیاری دەستێوەردان بدات؟ ڕەوایەتی و ناڕەوایەتی دەستێوەردان چۆن دیاریدەکرێت؟ ڕێگرییە یاسایی و سیاسیەکان چین لەبەردەم بەکارهێنانی ئەم پرەنسیپە؟ ئایا بۆچی لە پرۆسەی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە سەردەمی جەنگی سارد کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەنگ نەهات؟ ئایا بۆچی دوای کۆتایهاتنی جەنگی سارد پرەنسیپی دەستێوەردان بۆ پرسی پێشلکاری مافەکانی مرۆڤ دژ بەگەلی کورد کارادەبێت؟

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سیاقی سێ بەشدا هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، کە بەم شێوەیە.لەبەشی یەکەمدا چەمکەکانی دەستێوردان و جینۆساید لە ڕووی تیۆریەوە شیدەکرێتەوە، لە بەشی دووەمدا باس لە ڕێگریە یاسایی و سیاسیەکانی بەردەم دەستێوەردان دەکرێت لە تاوانەکانی جینۆسایدا، لە بەشی سێیەمدا تاوانەکانی جینۆسایدی گەلی کورد باس دەکرێن لەگەڵ ڕێگری و پاڵنەرەکانی دەستێوەردان و دەستێوەرنەدانی مرۆیی لە لایەن کۆمەڵگەیی نێودەوڵەتیەوە لە کەیسەکانی جینۆسایدکردنی گەلی کورددا لە باشوری کوردستان.

لە ئەنجامدا لێکۆڵینەوەکە بەوە گەیشتووە کە چەمکەکانی جینۆسایدو و دەستێوەردانی مرۆیی پێناسەکانیان بە پێی بەرژەوەندی و لە سیاقی ڕووداوەکاندا دیاریدەکرێت و جۆرێک لە دووفاقی هەیە لە بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی دەستێوەردانی مرۆیی لە کەیسەکانی جینۆسایددا، ئەمەش بە ڕوونی لە جینۆسایدی گەلی کورددا بەدیدەکرێت، کە بەرژەوەندی وڵاتانی گەورە بڕیاردەدات نەک قەبارەو دڕندەیی کەیسەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.

## پێشەکی

بابەتی دەستێوەردانی مرۆیی وەک رێکارێک بۆرێگریکردن لە پێشلکاری ترسناکی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ئەو مافانە، فرە رەهەند و هەمەلایەنە، و لەوە چوەتە دەروە کە یارمەتی پزیشکی و خواردەمەنی و هاوکاری ئەو گەلانە بێت کە لەدۆخێکی مەترسیداردان، بەڵکو شێوەی ئاڵوزی وەرگرتووە کە رۆڵی هەیە لە گۆڕینی سەروەری نیشتیمانی دەوڵەت و ئەو پرەنسیپانەی پەیوەندیان پێوەی هەیە وەک (دەستێوەرنەدان، بەکارنەهێنانی هێز لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا).

هەرلەبەر ئەمە مافی دەستێوەردانی مرۆیی گرنگیەکی تایبەتی بەدەستهێنا لە چوارچێوەی ئەو وەرچەرخانە سیاسی و یاساییانەی کە شانۆی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەخۆیەوە بینی لە ڕەهەندە مرۆییەکەیدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایش بەدوای دیاریکردنی سەرچاوەی دیکەوەبوو بۆ هەڕەشە لەسەر ئاسایش و ئاشتی جیهان، لەو نێوەندەشدا هەڕەشە بۆسەر مافی مرۆڤ و بەتایبەت تر ئەکتی( جینۆساید) کە یەک لەو هەڕەشە جدیانەیە، هەربۆیە نەتەوەیەگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی بڕیار وپرەنسیپ و رێکەوتننامەی جۆراو جۆردا هەوڵی رێگریکردن و نەهێشتنیان داوە لە رێگەی (پرەنسیپی دەستێوەردانەوە).

ئەوی جێگای بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە، ئەوەیە کەسەرەڕای گرنگی ئەم پرسە و زۆری تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە نێویشیدا (جینۆساید)هێشتا رێگری و کۆسپی یاسایی و سیاسیی لە بەردەم بەکارهێنان و جێبەجێکردنی ئەم پرەنسیپەدا هەیە، و سەلماندنی ڕاستیەکەش لە کەیسی ئەو تاوانانەی کە دژی گەلی کورد ئەنجامدراون و چونەتە خانەی جینۆسایدەوە بە ڕوونی بەدی دەکرێت.

نوسینی توێژینەوە سەبارەت بە پرەنسیپی دەستێوەردان گرنگە لە هەمان کاتدا ئاڵۆزیشە، بەڵام ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دەستپێکردن و وروژاندنی بابەتەکەیە، و دەیەوێت تیشک بخاتە سەر ئەو پێشکەوتن و گۆرانکاریانەی کە بەسەر مافەکانی مرۆڤدا هاتوە و شیان بکاتەوە ، لە هەمانکاتدا دەیەوێت ئەو گیرۆگازە شیبکاتەوە کە پرەنسیپی دەستیوەردان لە گەڵ خۆیدا وروژاندونی، لە هەمان کاتدا وەڵامی ئەم پرسیارانەش بداتەوە: سەرە رای ئەوەی لە چلەکانی سەدەی بیستەم شۆرشێی گەورە لە پرسی مافەکانی مرۆڤ بە دیهاتن، بەڵام بۆچی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی بێدەنگ بوو لە پاشلکاریە ترسناکەکانی مافەکانی مرۆڤ دژ بە گەلی کورد تا کۆتایی هەشتاکانی ئەو سەدەیە؟ ئایا لەمپەرەکانی بەردەم پرەنسیپی دەستێوەردان چین؟ و لە هەمانکاتدا ئەم توێژینەوەیە دووگریمانەیەک دەخاتە روو:

1- گریمانەی یەکەم : فاکتەری کات وشوێن و بەرژەوەندی رۆلی گرنگیان هەبووە لە دەستیوەردان بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ

2- گریمانەی دووەم : بونی لەمپەری یاسایی رێگریەکی گەورەیە لە بەردەم پرەنسیپی دەستیوەردان، بەڵام ئەم لەمپەرە یاسایانە هیچ نین جگە لە پاساویک بۆ لەمپەرە سیاسیەکان

**ڕێبازی لیکۆڵینەوە لە توێژینەوەکە شیکاری و ڕاڤەیی ڕووداوە مێژوویەکانە بە پشت بەستن بە میتۆدی سیاسی و مێژووی.**

**ئەم توێژینەوەیە لە سێ پار پێکهاتوە، لەپاری یەکەمدا چەمکەکانی دەستێوردان و جینۆساید لە ڕووی تیۆریەوە شیدەکرێتەوە، لە پاری دووەمدا باس لە ڕێگریە یاسایی و سیاسیەکانی بەردەم دەستێوەردان دەکرێت لە تاوانەکانی جینۆسایدا، لە پاری سێیەمدا تاوانەکانی جینۆسایدی گەلی کورد باس دەکرێن لەگەڵ ڕێگری و پاڵنەرەکانی دەستێوەردان و دەستێوەرنەدانی مرۆیی لە لایەن کۆمەڵگەیی نێودەوڵەتیەوە لە کەیسەکانی جینۆسایدکردنی گەلی کورددا لە باشوری کوردستان.**

## بەشی یەکەم

## چەمکی دەستێوەردان و جینۆساید لە ڕووی تیۆریەوە

### پاری یەکەم: چەمکی دەستێوەردانی مرۆیی

### دەستێوەردانی مرۆیی

**بۆ ڕونکردنەوە و تیشک خستنەسەر پرەنسیپی دەستیوەردان دەکرێت هەندێک لەو هەوڵانە پیشانبدرێت کە دراوە بۆ دیاریکردنی چەمکی دەستێوەردانی مرۆیی، وەک هەوڵێک لەلایەن ئێمەوە بۆ گەیشتن بە بەرچاوڕوونییەکی تەواو سەبارەت بە سنووری چەمکەکەو دیاریکردنی چەمکێکی ڕێککاری بۆی.**

**لە ڕووی زمانەوانیەوە وشەی(دەستێوەردان) لە وشەی لاتینی(**intervenir**)ەوە وەرگیراوە واتە ڕاوەستان لە نێوان دوو شتدا(**interposition**)، کە بەدوومانا بەکاردەهێنرێت، یەکەمی نێگەتیڤە(**interference**) کە ئاماژەیە بۆ هێرشکردنە سەر یان ڕووبەڕووبونەوەی ئەوانیتر یان پێشێلکردنی سەروەری (** Usurpation Of Sovereignty**) دووهەم مانایەکی پۆزەتیڤە کە نێوەندگیرییە لە نێوان دژەکان[1].**

**سەبارەت بە داڕشتنی زاراوەکەو بەکارهێنانی پرۆفیسۆر(لیلیچ-**Lillich**)پێیوایە کە زاراوەی دەستێوەردانی مرۆیی لەلایەن یاساناس (**wheaton**) داڕێژراوە، ئەمەش لەکاتی بەرگریکردنی لە دەستوەردانی وڵاتانی ئەوروپی لە یۆنان دژی دەوڵەتی عوسمانی ساڵی(1827)، هەندێکیتر پێیانوایە یاساناس (**Hill**) یەکەم کەسە ئەم زاراوەی بەکارهێناوە، هەرچۆنێک بێت ئەم زاراوەیە بەشێوەی جۆراو جۆر بەکارهاتووە لەوانە(دەستێوەردان لەپێناو مرۆڤایەتی) یان(دەستێوەردان بەهۆکاری مرۆیی)، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم زاراوەیە لە کۆتایی هەشتاکاندا بەڕوونی دەرکەوت بۆ ڕاڤەکردنی دەستوەردانی ڕێکخراوە حوکومی و ناحوکومیەکان لە کاروباری وڵاتان[2].**

[1] زردومی علاءالدين، التدخل الخارجی و دوره في اسقاط نظام القذافي، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة محمد خيضر بسكرة، الجزائر،2013 ، ص10

[2] عبداليزيد داودی، التدخل الإنساني في ضوء ميثاق منظمة الأمم المتحدة- دراسة حالة إقليم كوسوفو نموذجا، رسالة ماجستير غيرمنشورة، جامعة8مای 1945 –قالمة، الجزائر،2011-2012، ص19-20

**لەمیانی ئەو پێناسانەی کە بۆ چەمکەکە کراوە دوو ئاڕاستەی سەرەکی هەن، ئاڕاستەیەک جەخت لە ڕەهەندی سەربازی و بەکارهێنانی دەکات بەتەنها، ئەویتر لەپاڵ هێزی سەربازیدا هێزی ئابوری وسیاسی بەهەند وەردەگرێت. هەریەک لە** (adam robartis ،Michael Barnett ،jenniferm welsh،Richard flak) **پێیان وایە کە (دەستێوەردانی مرۆیی بریتییە لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەلایەن دەوڵەتێک یان کۆمەڵە دەوڵەتێک یان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بۆ ڕاگرتنی پێشێلکاری بەرامبەر بە مافی مرۆڤی هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتە کە دەستوەردانی تێدا دەکرێ)**[3]**. لەسەر هەمان ئاڕاستە (لاس ئوبنهایم) جەخت لە ڕەهەندی سەربازی دەکاتەوەو دەڵێت (ئەو دەستێوەردانەیە کە هێزی سەربازی تێدا بەکاردەهێنرێت بەناوی مرۆڤایەتیەوە بۆ وەستاندنی چەوساندنەوەو کاری نامرۆڤانەی دەوڵەتێک دژی هاوڵاتیەکانی خۆی**[4]**. وە جۆزێف نای (** Joseph Nye **) دەڵێت هەموو هەڵسووکەوتێکی دەرەکی کە کاریگەری دەبێت لەسەر کاروباری ناوخۆی وڵاتێکی دیکەی خاوەن سەروەری لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە دەبێتە دەستوەردانی مرۆیی.**

**لێکۆڵەرێکی دیکە لەسەر هێڵی ئاڕاستەی دووەم پێیوایە دەستێوەردان بریتیە لە پەنابردنی ئاکتەرێک یان زیاتری یاسای نێودەوڵەتی گشتی بۆ زۆرکردنی(اكراه) سیاسی یان ئابوری یان سەربازی دژی دەوڵەتێک یان زیاتر کە تێیدا مافی مرۆڤ بە شێوەی ڕێکخراو ودوبارە پێشێلدەکرێت بۆ ئەوەی ناچاربکرێت واز لەو ئەکتە پیادەکراوە بهێنێت**[5]**. یان وەها پێناسەدەکرێت کە ئەکتی دەستێوەردانە لە کاروباری ناوخۆی وڵاتێکی دیکە بە ئامانجی کۆتایهێنان بە ئازاری جەستەیی هاووڵاتیانی بەهۆی هەڵوەشاندنەوە یان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەو وڵاتە، وە هاوکاریکردن بۆ فەراهەمکردنی دۆخێک کە بتوانرێت ستراکتۆری دەسەڵاتێکی مەدەنی تێیدا بنیات بنرێت**[6]**.**

**لەلایەکی دیکەوە جیمس ڕۆسناو(** James Rosenau **) دوو تایبەتمەندی دیاریدەکات بۆ پێناسەی دەستێوەردان سەرەڕای شێوەو میکانیزمە بەکارهاتووەکان تێیدا:**

1- **کارەکە نوێبێت و ڕادەبەدەربێت لەکاری ئاسایی.**
2- **ئەکتی دەستوەردانەکە کاریگەری پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤی هەبێت لەسەر پێکهاتەی دەسەڵاتی وڵاتی دەستێوەردراو**[7]**.**

**بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە چەمکی دەستێوەردانی مرۆیی سێ ڕەگەزی سەرەکی دەگرێتەوە:**

1- **بەکارهێنان یان هەڕەشەی بەکارهێنانی زۆرەملێیانەی هێز.**
2- **بوونی پێشێلکاری ڕوون و بەرنامە بۆ دارێژراوی مافەکانی مرۆڤ.**

[3] محمد فيصل خولي، الامم المتحدة و التدخل الدولي الانساني، القاهرة، ص14
[4] محمد يعقوب عبدالرحمن، التدخل الانساني في العلاقات الدولية، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتيجية، الامارات،2004، ص20.
[5] محمد فيصل خولي، مصدر سبق ذكره، ص15
[6] Sabhan kardas, humanitarian intervention: the evolution of the idea and practice, journal of international affairs, june-july-2001, vol 2, p1.
[7] رياض حمدوش، تطور مفهوم التدخل الدولي في ظل عولمة حقوق الانسان، مجلة العلوم الانسانية، الجزائر، عدد41، سنة 2014 ، ص390

3- دەستێوەردان بە بێ ڕەزامەندی دەوڵەتی دەستێوەردراو دەکرێت و دژی ویستی ئەوە.

شایەنی ئاماژە بۆکردنە هەر هەوڵێک بۆ گەیشتن بە پێناسەیەکی ورد و دیاریکراو بۆ ئەم چەمکە پەیوەستە بە دیاریکردنی ماناو دەلالەت و مەبەستی هەریەک لەم سێ ڕەگەزە کە باسمانکرد.

2- چۆنییەتی و پێوانەکانی دەستێوەردان

چەمکی دەستێوەردانی مرۆیی بە چەمکێکی کۆن و نوێش دادەنرێت لەیەککاتدا[8]. بەبەڵگەی ئەوەی کەبە سەرنجدان لە مێژووی پێشکەوتنی چەمکەکە دەبینین لەسەدەی نۆزدەدا وڵاتانی ئەوروپی بەبیانوی پاراستنی کەمایەتیەئاینیەکان (مەسیحی) لە چەوساندنەوە دەستێوەردانیان کردووە لە هەندێک ویلایەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەک (لبنان، یۆنان، بەلقان)، دواتر ڕاستە لەگەڵ شەڕی سارددا ئەم ئەکتە خامۆش دەبێت و هەردوو پرەنسیپی سەروەری و دەستوەرنەدان بوار بۆ بەکارهێنانی ناهێڵنەوە، بەڵام بەکۆتا هاتنی ئەو قۆناغە دێتەوە ناو ئەجێندای نێودەوڵەتی و چەندین نموونەی پراکتیکی بەدیدەکەین لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا وەک(عێراق 1991، سۆمال1992، ڕواندا و هایتی 1994، کوسوڤۆ و تەیموری ڕۆژهەڵات 1999، عێراق 2014) [9].

بەهۆی ئەو گۆرانکاریە هاوچەرخانەی لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ڕویداوە، هاوکات لەگەڵ ڕاڤەی فراوانی بەشی حەوتی میساقی (UN) کە سەرچاوەکانی هەڕەشەی بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی جیهانی فراوانتر و جۆراوجۆرتر کردوو، چەمکی دەستێوەردان بووەتە ڕێسایەکی عورفی کارپێکراو و پرەنسیپی(دەستێوەرنەدان) کە یەک لە پرەنسیپە جەوهەرییەکانی یاسایی نێودەولًەتیە کەلە مادەی (2) برگەی(7)دا هاتووە تێپەڕاندووە[10]. ئەوەی دەستێوەردانەکانی دوای شەڕی سارد جیادەکاتەوە لە دەستێوەردانە مرۆییە کلاسیکیەکان لەکۆندا بریتییە لە[11] :

1- بیرۆکەی دەستێوەردانی مرۆیی ئاستەکلاسیکیەکەی کە دەوڵەت تاکە ئاکتەری یاسایی نێودەوڵەتی بوو تێپەڕێنراوە و چووەتە قۆناغێکی نوێ کە تیایدا ئاکتەری نوێ زیاد بوون بۆ دەستێوەردان وەک ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان.
2- کاری دەستێوەردان بەشێوەیەک زیادبووە کە هەموو تاکێک دەگرێتەوە بە بێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز و ئاین و ئاینزا و ناسنامە و تاد، هەروەها هەموو مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکان، واتە مەرج نیە ئەو کەسانەی دەستێوەردان لە پێناویاندا دەکرێت هیچ یەک لەو پەیوەندیانەی ناومان هێنان بیانبەستێتەوە بە دەوڵەتی یان دەوڵەتانی دەستێوەردەرەوە.

---

[8] محمد فيصل خولي، مصدر سبق ذكره ، ص1
[9] عبدالرحمن عبدالعال، مفهوم التدخل الانسانى و اشكالياته،: www. Bou4 w26 -notebook.blogpost.com
[10] خالد حسانى، بعض الاشكاليات النظرية لمفهوم التدخل الانسانى، مجلة المستقبل العربي، عدد 425،2014، ص42
[11] بوراس عبد القادر، التدخل الدولي الانسانى و تراجع مبدأ السيادة الوطنية، دارالجامعة الجديدة، الجزائر،2009، ص174-175

لەبابەت شێوازەكانی دەستێوەردان، پاڵپشت بەوەی كە پاراستنی مافی مرۆڤی كۆمەڵە وگروپە نەتەوەیی و ئاینی و ئەتنیەكان لە ئامانجە سەرەكیەكانی نەتەوەیەكگرتووەكانە باس لە دوو شێواز دەكەین[12]:

1- دەستێوەردان بۆ پاراستنی لە جینۆساید

لە مادەی(2)ی رێككەوتننامەی قەدەغەكردنی جینۆساید و سزادانی لە ساڵی 1948 جینۆساید بە یەكێك لەو گۆڕاوانە (متغیر) دادەنێت كە كە دەبێتە هۆی دەستێوەردانی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ رێگەلێگرتنی یان سوككردنی لێكەوتەكانی و سزادانی بكەرانی، وە لە مادەی(8)دا مافی ئەوەی داوەتە لایەنەكانی ئەم رێككەوتنە كە داوا لە نەتەوەیەكگرتووەكان بكات بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ رێگریكردن لە ئەنجامدانی تاوانەكە.

2- دەستێوەردان بۆ پاراستنی كەمایەتیەكان:

نەتەوە یەكگرتووەكان لە چوارچێوەی مافی مرڤدا جەختی لەمافی كەمایەتیەكان كردۆتەوە،وە كۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەكگرتووەكان لە بڕیاری47135لە 1992/1/18 بەڵگەنامەیەكی لەخۆگرت كە جەخت لە مافی كەمایەتیەكان دەكاتەوە،هەروەها ئەنجومەنی ئەوروپی رێكەوتننامەیەكی لەخۆگرت لە 1995 كە مافی كەمایەتیەكانی تێدا دیاریكراوە و جەخت لە جێبەجێكردن و رێزلێگرتنی دەكاتەوە .

ئەمە ئەگەر نەتەوە یەكگرتووەكان پێیهەڵسێت بەڵام گەر نەتەوە یەكگرتووەكان و ئەنجومەنی ئاسایش نەگەیشتنە بڕیار بۆ دەستێوەردان، چۆن دەكرێت دەوڵەتێك هەستێت بە كاری دەستێوەردان ؟

لەبارەی مەرجەكانی دەستێوەردانەوە كە دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێك ئەنجامی بدەن، دادوەر (ئە نطونیو كاسیسی) شەش مەرج دیاریدەكات[13] :

1- پێشێلكاری ترسناك هەبێت بەرامبەر مافی مرۆڤ كە ببێتە هۆی لەناوچونی سەدان و هەزاران كەس كە بگاتە ئاستی تاوانی دژی مرۆڤایەتی، وە ئەم كارەش لەلایەن حكومەتی وڵاتەكەوە بكرێت یان نەتوانێت رێگەبگرێت لە ڕوودانی.
2- تاوانی دژی مرۆڤایەتی لە وڵاتێك ڕوویدات لە ئەنجامی ئاژاوەوە، وڵاتەكەش ڕەتی بكاتەوە پەنا بباتە بەر نەتەوە یەكگرتووەكان.
3- ئەنجوومەنی ئاسایش نەتوانێت كاری پێویست بكات بە هۆی جیاوازی ڕای ئەندامەكانی یان بەكارهێنانی مافی ڤیتۆ.

---

[12]عبدالرحمن ناجی ملا یاس، الامم المتحدة و التدخل الانسانی في اطار الواقع الدولي واثره في حماية حقوق الانسان، مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة، عدد23،سنة 2010, ص8-9

[13]A group of researchers, Intervention: When, Why and How? From web: https://www.publications.parliament.uk/pa/cm201314/cmselect/cmdfence/writev/intervention/int10.htm

**4- هەموو ڕێگا ئاشتیخوازیەکان تاقیکرابنەوە و ئەنجامی نەبوويێت.**

**5- زۆرینەی وڵاتان پشتگیری بکەن یان هیچ نەبێت لە دژی نەبن.**

**6- هێز بەکاردەهێنرێت بۆ ڕاگرتنی پێشێلکاریەکان و گەڕاندنەوەی مافی مرۆڤەکان.**

**دیارە ئەمەش وەک (ئیفانز-Gareth Evans*) ئاماژەی پێدەکات حاڵەت هەبووە شایەنی دەستێوەردان بووە، بەڵام ئەنجومەنی ئاسایش بە پێی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕێگە بەبەکارهێنانی هێزی سەربازی نادات تەنها بۆ بەرگری لەخۆکردن(الدفاع عن النفس)نەبێت، لەم دۆخەدا دەبێت بەدوای مۆبۆلیزەکردنی ئیرادەی سیاسی پێویستەوە بین وەک لە(کۆسۆڤۆ1999) ڕویدا کە ڕوسیا ڤیتۆی دەستێوەردانی کرد، بەڵام لە ژێر ناونیشانی بەرپرسیاریەتی پاراستن (مسؤلية الحماية) کە پەیوەستبوون و بەرپرسیاریەتیەکی ئەخلاقی و سیاسیە نەک یاسایی دەستێوەردان کرا [14].**

**پاری دووەم: چەمک و ئە کتی جینۆساید**

**1- چەمکی جینۆساید**

**زاراوەی جینۆساید( GENOCOIDE ) لە هەردوو وشەی یۆنانی (GENOS- ڕەگەز یان کۆمەل) و (CIDE-کوشتن)پێکهاتووە[15]. دارشتنی زاراوەکە لەلایەن یاساناس (ڕافائیل لیمکین) بوە بۆ کەلە توێژینەوەیەکیدا بەکاری هێنا ساڵی 1944 بۆ باسکردن و ئاماژەکردن بەو کارەسات و تاوانانەی نازیەکان بەرامبەر مرۆڤایەتی لەوڵاتانی ئەوروپی کە کەوتبوونە ژێر داگیرکاری نازیەکانەوە[16].**

**دوای دارشتنی زاراوەکە لەلایەن(ڕافائیل لیمکین)وە بەکارهێنانی زوو بەرفراوان بوو هەندێک گۆڕانیش لە پێناسەکەدا کراو هەتا لە بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی وەک (ڕێککەوتننامەی جینۆساید1948) بۆ ڕێگریکردن لە جینۆساید و سزادانی پێناسەکەی جێگیرکراو، ئیتر چووە ناو گوتاری سیاسی و یاساییەوە لە زۆربەی زمانەکانی دنیادا، وە لەدوای شەڕی ساردەوە زاراوەکە تەکانێکی بەخۆوە بینی لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمیەکانی بواری زانستە کۆمەڵایەتی و مێژوویەکان چونکە لەو قۆناغە نوێیەدا سیاسەتی جیهانی زیاتر کرایەوە بەڕووی مافەکانی مرۆڤدا[17].**

* (ئیفانز-*Gareth* Evans ) لێکۆڵەرێکە بەناوبانگی ئوستورالیە،لەگەلێک لە زانکۆ بەناوبانگەکانی دونیاوەک(ئوکسفۆرد ،کامبریج ،ستانفورد ،زانکوکانی ئەوروپای ناوەڕاست وانەی وتوەتەوە،سەرۆکی گروپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان بوە،وە سەرۆکایەتی دوو لیژنەی نێودەوڵەتی کردووە تایبەت بە دەستێوەردان و سەروەری دەوڵەت،وە خاوەنی چەمکی نوێ ی(بەرپرسیارێتی پاراستن)ە (مسؤلية الحماية) .

[14] Edyta Kwiatkoska, Humanitarian Intervention Selected Aspects, 2014, p362-363

[15]بۆ زانیاری زیاتر بروانە:https://en.oxforddictionaries.com/definition/genocide

[16]زياد ربيع، جريمة الابادة الجماعية، مجلة السياسة الدولية، عدد59، ص101

[17]مارتن شو، الابادة الجماعية: مفهومها وجذورها وتطورها، واين حدثت...؟، ترجمة: محيي الدين حميدي، دار العبيكان، الرياض، ط1، 2017، ص20

**لە فەرهەنگی زانكۆی كامبریدج دا هاتوە كە جینۆساید بریتییە لە (كوشتنی كۆمەڵەیەكی تەواوی خەڵك، جا ئەگەر نەتەوەیەك یان ڕەگەزێك یان كۆمەڵەیەكی ئاینی بن بەتەواوی) [18].**

**لە مادەی(2) ڕێككەوتننامەی قەدەغەكردنی تاوانی جینۆساید و مادەی(6) سیستەمی بنەڕەتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هاتووە كە جینۆساید بریتییە لە (لەناوبردنی گشتەكی یان بەشەكی كۆمەڵەیەكی نەتەوەیی یان ئاینی یان ئەتنی بەهۆی یەكێك لە كارانەی كە لە مادەی(2)دا دیاریكراوە بە شێوەیەكی مەبەستدار وە كوشتنی تاكەكانی ئەو كۆمەڵە یان ناچاركردنیان بۆ دۆخێكی ژیانكردن كە دەبێتە هۆی لەناوبردی بەشێكیان یان هەموویان[19]. لەسەر هەمان بار (لیمكین) بە پێچەوانەی هەندێك كەلایان وابوو تەنها كۆمەڵەی نەتەوەییە لە پێناسەكانیدا، پێیوایە كە (جینۆساید) ئاڕاستەكردنی كۆمەڵە ئەكتێكە بەرامبەر تاكەكانی كۆمەڵەیەكی دیاریكراو نەك بە هۆی سیفەتە كەسییەكانیانەوە بەڵكو بەهۆی ئینتیمایان بۆ ئەو كۆمەڵە دیاریكراوە (ئاینی، نەتەوەیی، ئەتنی... تاد)، لە چوارچێوەی بەرنامەیەكی داڕێژراو وڕێكخراو، ئەكتەكان دەكرێت كوشتن بێت یان هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانیان بێت یان لەناوبردنی ئابوری و زمان و ئاین ...تاد ، بێت[20].**

**مەبەستی لیمكین لە جینۆساید لەناوبردنی دەستبەجێی تاكەكانی نەتەوەیەك یان كۆمەڵەیەكی دیاریكراو نیە تەنها ئەوكاتە نەبێت كە كۆمەڵكوژ كرابن، بەڵكو مەبەست لە جینۆساید دیاریكردنی پلانێكی ڕێكخراوە كە كۆمەڵێك كاری جیاواز لە خۆی دەگرێت ئامانجەكەی لەناوبردنی بنەما جەوهەریەكانی ژیانی كۆمەڵەكەیە، واتە مانای دووەم مەبەستی (لیمكین)ە[21].**

**2- ئەكتی جینۆساید:**

**ئەكتی جینۆساید بە سێ ڕێگەی سەرەكی ئەنجامدەدرێت كە هەرسێكیان ڕەهەندەكانی تاوانەكە لەخۆدەگرن،كە ئەمانەن[22] :**

1- **لەناوبردنی جەستەیی: ئەمەش كوشتنی هەر كۆمەڵەیك دەگرێتەوە بە گازی كوشندە یان شاردنەوە بەزیندویی یان هێرشكردن بە فڕۆكە یان مووشەك یان هەر میكانیزمێكی دیكە كە لەناوبەرببێت.**
2- **لەناوبردنی بایەلۆجی: ئەمەش بەرێگای نەزۆك كردنی پیاوان و لەباربردنی منداڵ لای ژنان و هەر رێگەیەكی تر ببێتە هۆی لەناوبردنی ڕەگەزی مرۆیی. ئەمەش لە بڕگەی(د)مادەی (2)ی ڕێككەوتننامەی(قەدەغەكردنی لەناوبردنی ڕەگەزو سزادانی)دا هاتووە.**
3- **لەناوبردنی كەلتوری: ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە بێبەشكردن لە قسەكردن بە زمانی دایك و هێرشكردنە سەر كەلتوری نەتەوەیی كەلە بڕگەی(ج)مادەی(2)ی هەمان ڕێككەوتننامەدا هاتووە. لەم بارەیەوە عەبدوڵا**

---

18 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Cambridge Advanced Learner's Dictionary & Thesaurus, Cambridge University Press

19 ليلى عصماني، التعاون الدولي لقمع الجرائم الدولية، اطروحة دكتوراه, غيرمنشورة، جامعة وهران، الجزائر،2012، ص51-52

20 سميرة عوينة، جريمة الابادة الجماعية في الاجتهاد القضائي، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الحاج خضر-باتنة،2012، ص25

21 مارتن شو، مصدر سبق ذكره ،ص35

22 اشرف احمد سلامة العدوان، جريمة الإبادة الجماعية، من موقع الالكتروني:http://elngdy.3arabiyate.net/t34-topic

**ئۆجالان لە کتێبێکیدا بەناونیشانی (دۆزی کورد وریگەچارەی نەتەوەی دیمکرات) ئاماژە بە جینۆسایدکردنی کەلتووری ئەکات و بە دووەم ڕێبازی جینۆسایدی ناودەبات کە زیاتر لەسەر ئەو گروپە ئایینی، چڤاتە ئەتنیکی و گەلانە پەیرەو دەکرێت کە بە گوێرەی کەلتوری دەوڵەت-نەتەوە و نوخبەی دەسەڵاتدار لاواز و گەشەنەکردون. وەک ڕێکاری لەناوبردنی تەواوەتی لە ناو زمان و کەلتوری دەوڵەت-نەتەوە و هێزی باڵا دەست دەخرینە ژێر فشاری هەرجۆرە دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی، بەمجۆرەش هەوڵی کۆتاییهێنان بە بونەکەیان دەدرێت[23].**

**لە مادەی (2)ی ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی جینۆساید ومادەی(6)ی سیستەمی بنەڕەتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا پێنج کار دیاریکراوە کە دژی هەرکۆمەڵەیەکی نەتەوەیی یان دینی یان ئەتنی بکرێت بۆ لەناوبردنیان دەبێتە (جینۆساید) کە ئەمانەن[24]:**

1- **کوشتن ئەندامەکانی کۆمەڵەیەک.**
2- **ئازاردانی جەستەیی و عەقڵی ترسناکی کۆمەڵەکە.**
3- **سەپاندنی دۆخێکی ژیانیی ئەوتۆ کە ببێتە هۆی لەناوچوونی فیزیکی کۆمەڵەکە بەهەمەکی یان بەشەکی(کلي، جزئي).**
4- **سەپاندنی ڕێوشوێنێک کە ببێتە هۆی قەدەغەکردنی منداڵبوون لە کۆمەڵەکەدا.**
5- **گواستنەوەی منداڵی کۆمەڵەکە بە زۆرە ملێ بۆ کۆمەڵەی تر.**

**ئەرکانەکانی جینۆساید دوو جۆرە[25]:**

1- **ئەرکانی مادی: کە تەنها ئەکتی فیزیکی دەگرێتەوە بۆ لەناوبردنی کۆمەڵە مرۆڤێک (کوشتنی بەکۆمەڵ) وەک جینۆسایدلردنی فەیلیانکان، بارزانیەکان، شاڵاوەکانی ئەنفال وە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە باشوری کوردستان.**
2- **ئەرکانی مەعنەوی: کەمەبەست لێی لەڕیشە هەڵکێشانی مەعنەوییە کە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر سایکۆلۆژیا و هەست و سۆزی مرۆڤ، وەک (گواستنەوە و بردنی منداڵانی کۆمەڵێک بۆ یەکێکی دیکە، یان ناچارکردنی بە ژیانێک دەرەنجامەکەی مردن بێت).**

**قۆناغەکانی پرۆسەی جینۆساید لە دە قۆناغدا دیاریکراوە، بەڵام ئەم قۆناغانە لە سەر هێلێکی ڕاست نین یەک لەدوای یەک ڕوو بدەن دەکرێ پێش و پاش بن، بەڵام لەهەمانکاتدا هەموو قۆناغەکان تائێستاش لە پرۆسەکەدا کاردەکەن، کە ئەمانەن:**

1- **پۆلێنکردن: هەموو کەلتوورەکان گروپ و کۆمەڵەی جیاوازی تێدایە کە زاراوە (ئێمە و ئەوان)ی بۆ بەکاردەهێنرێت بنەماکەش لەوانیە (ئاین، نەتەوە، ڕەگەز..تاد) بێت. لەم قۆناغە سەرەتاییەدا خۆپارێزی**

---

[23] عەبدەوڵا ئۆجالان، دۆزی کورد وریگەچارەی نەتەوەی دیمکرات: بەرگریکردن لە کوردانی ناو بەرداشی ژینۆسایدی کلتووری، وەرگێرانی: لوقمان عەبدوڵا ، چاپی سێیەم، سپاردنی چاپ ٢٠٠٩، ل٣٥.

[24] R.J. Rummel ,GENOCIDE, https://www.hawaii.edu/powerkills/GENOCIDE.ENCY.HTM

[25] اشرف فايز اللمساوى، المحكمة الجنائية الدولية، الطبعة الأولى، المركز القومي للإصدارات القانونية، مصر ،2006

لە ئەكتی جینۆساید بە كاركردن لەسەر قوڵكردنەوەی لێبووردەیی و لێكتێگەیشتن دەبێت لەڕێگەی دامەزراوەی تایبەتمەندەوە.

2- هێماگەری: واتە پێدانی ناووهێما بۆ پۆلێنە سروشتیەكانی نا كۆمەڵگە بە بەكارهێنانی هێمای(ڕەنگ، جل، ناو)، وەک (گێرەشێوێن) بۆ كورد(ئەستێرەی زەرد) بۆ یەهود لای نازیەكان)، وە جێبەجێكردن و چەسپاندنی ئەو هێمایە بەسەر هەموو ئەندامانی ئەو كۆمەڵەیە. هێما دانان نابێتە هۆی جینۆساید ئەگەر سەرنەكێشێت بۆ قۆناغی دواتر كە لێسەندنەوەی سیفەتی مرۆڤبوونە لە هەر كەسێكە هەڵگری ئەو هێمایەبێت.

3- جیاكاریكردن: واتە كۆمەڵێكی دەستڕۆیشتوو لەڕێگەی بەكارهێنانی یاسا و دەسەڵاتی سیاسی و عورفەوە كۆمەڵێكی دیكە لە مافەكانیان بێبەش دەكەن، بۆنموونە (بێبەشكردنی كورد لە ڕۆژئاوای كوردستان لە ناسنامە، ڕێگریكردن لە قۆناغە بەدەستهێنانی مافی هاووڵاتیبوونە بۆ هەموو گروپ و كۆمەڵەكان لەكۆمەڵگەدا [26].

4- لەمرۆڤ خستن: واتە كۆمەڵێک سیفەتی مرۆڤبوون لە كۆمەڵەكانی تر ڕەت دەكاتەوە و دەیكاتەبەشێک لە گوتاری بەرامبەر ئەوانی تر،ئەمەش ڕێگەخۆشكەرە بۆ لەناوبردن.

5- ڕێكخستن: بەگشتی جینۆساید لەلایەن دەوڵەتەوە ڕێكدەخرێت، بەڵام میلیشیا و هێزە چەكدارە تایبەتەكان جێبەجێی دەكەن.

6- جەمسەرگیری: بەبڵاوكردنەوەی ڕق و پروپاگەندە لە دژی كۆمەڵەكان و جەمسەر لەیەكگرتن، یان بە یاسا ڕێگە گرتن لە ژن و ژنخوازی لەگەڵ كۆمەڵەیەک یان تێكەڵاوی كۆمەڵایەتی.

7- ئامادەكاری: كۆمەڵە تاوانبارەكان هەندێک ئامادەكاری وپلان دەكەن بۆ پرۆسەكە وەک ئامادەكردنی هێزی چەكدار و كڕینی چەک و كەلوپەلی پێویست و ڕاهێنانی هێزەكان و بڵاوكردنەوەی ترس لە قوربانیەكان وەک ئەوەی كە(ئەگەر نەیان كوژین دەمانكوژن).

8- چەوساندنەوە: لەم قۆناغەدا قوربانیەكان دیاریدەكرێن ،بەهۆی ناسنامەی نەتەوەی بێت یان ئاینی، لیستی كوشتن ئامادەكرێت، دەستبەسەر ماڵ و موڵكی قوربانیدا دەگیرێت، دەنێردرێن بۆ زیندان و لەوێش برسیكردن، لەم دۆخەدا پێویستە حاڵەتی ناكاو ڕابگەیەنرێت و وڵاتانی زلهێز و ئەنجومەنی ئاسایش ئاگاداربكرێتەوە، وە دەستێوەردانی سەربازی بكرێت.

9- لەناوبردن: لەم قۆناغەدا ئەكتی كۆمەڵكوژی دەستپێدەكات و قوربانی بە مرۆڤ نازانرێت، دەبێت لەم قۆناغەدا دەستوەردانی خێرا بكرێت.

[26] Alan Whitehorn The Steps and Stages of Genocide, peace magazine, Jul-Sep 2010, p.16

10- نكۆلیكردن: قۆناغی كۆتاییە لە دوای لەناوبردنەوە دێت تاوانباران لە ڕێگەی شاردنەوەی بەڵگەكان و جەستەی قوربانیان لە گۆڕی بەكۆمەڵ و ترساندنی شایەتحاڵەكانەوە ئەنجامی دەدەن و ڕەتی دەكەنەوە تاوانی وایان ئەنجامدابێت[27].

**بەشی دووەم**

**لەمپەرەكانی بەردەم دەستێوەردانی مرۆیی**

كۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم كرانەوەیەكی گەورەی بە ڕەوتی گەشەیی مێژووی مافەكانی مرۆڤ بەخشی، بە شێوەیەك كە دەتوانین بە شۆڕشێكی گەورە ناوی ببەین لە بواری پاراستنی مافەكانی مرۆڤدا، چونكە ڕێكخراوێكی جیهانی (ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان)كە دوای جەنگی جیهانی دووەم دامەزرا، و كۆمەڵێك ئامرازی نوێی پەیرەوكرد بۆ پاراستنی مافەكانی مرۆڤ، دیارە ئەمەش بەهۆی ئەو پێشلكاریانەی دژ بە مرۆڤایەتی كرا لە نێوان هەردوو جەنگەكەدا، كە دەبوایە كۆمەڵگایی نێودەوڵەتی ڕێكار و ڕێسایی وەها تۆكمە دابێنێت كە زامنی ڕێگریكردن لەوكارانە بكات، دیارترین ئەو پێشلكاریانەش كۆمەڵكوژی جوەكان بوو لە لایەن نازیەكان كە بە هۆلۆكوست ناسێنرا، هەر ئەمەش كۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناچار بە پاپەندبون بە مافەكانی مرۆڤ كرد، ئەم قۆناغەی پێشكەوتنی مافەكانی مرۆڤ بە قۆناغی (دەوڵەتی دوای هۆلۆكۆست) لەلایەن هەندێك لە بیرمەندانەوە ناسێنرا، چونكە جینوسیادكردنی گەلان و ئەشكەنجەدان و پێشلكاری لە مافەكانی مرۆڤی قەدەغەكرد.

پرنسیپی پاراستنی مافەكانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ چلەكانی سەدەی بیستەم، لەوكاتەی تاوانەكانی دژ بەمرۆڤایەتی خرایە چوارچێوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی لە كاتی دادگایەكانی نورمبرگ كە سەركردەكانی نازی تیدا دادگای كران. كە بەم پێیەش پرسی دەستێوەردان لەپێناوپاراستنی مافەكانی مرۆڤ و كەمینەكان بو بەبەشێك لە یاسای نێودەوڵەتی، بە تایبەت تر لە ڕێگەی میساقی ڕێگریكردن لە تاوانی جینۆساید لە ساڵی ١٩٤٨ و میساقی جنێف تایبەت بە یاسای جەنگ لە ساڵی ١٩٤٩ [28].

ئەم پرنسیپە نوێیانە كە لەسەر بنەمای مرۆڤدۆستی دارێژران توشی بەریەككەوتن هات لەگەڵ كۆمەڵێك پرنسیپی بنەرەتی وەك( سەروەری و دەستێوەرنەدان) لە كاروباری وڵاتان. كە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە سەروەری و دەستێوەرنەدان لە كاروباری ناوخوی دەوڵەتان و بەكارنەهێنانی هێز(سەربازی) دژیان پایەكانی خۆی ڕاگرتبوو. لەلایەكی تریشەوە ، ئەو گۆڕانكاریە نێودەوڵەتییەی كە دواتر سەیان هەڵدا لەوانەش جەنگی سارد وای كرد كە ئەم پرنسیپ و ڕێساو یاسایانە جێبەجێ نەكرێن[29].

[27] Gregory.H. Stanton, President, Genocide Watch, http://genocidewatch.org/genocide/tenstagesofgenocide.html

[28] خليل حسين, قضايا دولية معاصرة:دراسة موضوعات في النظام العالمي جديد,دار المنهل اللبناني, الطبعة الاولى 2007, بيروت ، ص 395

[29] جون بليس و جون سميث، عولمة السياسية لعالمية، مركز الخليج للابحاث، دبی،2004، ص 816

دیارە جەنگی ساردیش دوای ئەوە هات جیهانی نوێی دوای جەنگی جیهانی دووەم بەسەر دوو بەرەی جیاوازدا دابەشبوو،بەرەی رۆژهەڵات بەسەرۆكایەتی یەكێتی سۆڤیەت و بەرەی رۆژئاوا بە سەرۆكایەتی ئەمریكا، هەر لایەكیان پاڵپشتی و پشتگیری ئەو وڵاتانەیان دەكرد كە لە سێبەری بەرەكەیان ببوایە، هەر بۆیە ئەمەش بوە ئاستەنگ بۆ كارابونی پرنسیپەكانی مافەكانی مرۆڤ بۆ رێگریكردن لە رودانی جینوسایدو تاوانی دژی مرۆڤایەتی.

هەربۆیە دەبینین سەرەرایی بونی رێكەوتنامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەكانی مرۆڤ و هەوڵەكانی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ جێبەجێكردنیان بەڵام هەر لەسەرەتاوە، جێبەجێكردنیان روبەروی تەنگوچەڵەمەو رێگرگی گەورە بویەوە بەهۆی ململانێی ئایدۆلۆژیی نێوان ئەم دووبەرەیە.

لە دوای كۆتایهاتنی جەنگی سارد رەوشی مافەكانی مرۆڤ گەشەیەكی گەورەی بەخۆوە بینی، وەک لە بەشی یەكەمدا ئاماژەمان پێكرد، بە تایبەت سەرهەڵدانی پرەنسیپی دەستێوەردان، بەڵام جیاوازی گەورە سەریان هەڵدا لەسەر دیاریكردنی ئەم چەمكە كە یەكێكە لەو پرەنسیپانەی كە زۆرترین مشتومری لەسەر بووە لە سایەی سیستەمی نوێی جیهانی، ئەمەش بەهۆی ئەو پێشكەوتنەی نوێیەی كە مافەكانی مرۆڤ بەخۆوەی بینی لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی لەقۆناغی دوای جەنگی سارد.

لەم بەشەدا هەوڵ ئەدەین ئەو لەمپەرە یاسای و سیاسیانە رون بكەینەوە كە بونەتە لەمپەر لەبەردەم دەستێوەردانی مرۆیی لەلایەن كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە بۆ ئەكتەكانی تاوانی دژی مافەكانی مرۆڤ و كومەڵ كوژی.

### پاری یەكەم/ لەمپەرە یاساییەكان

لەمپەرە یاسایەكانی بەردەم دەستێوەردانی مرۆیی ئەو رێسایانەیە كە خودی رێكخراوی نەتەوەیەكگرتوەكان (United Nation) ی لە سەر دامەزراوە لە ساڵی (١٩٤٨)، یەكێک لەو پرنسیپانە مافی حاكمیەتە، لایەنگرانی ئەم بۆچونە رێكەوتنامەی نەتەوە یەكگرتوەكان وەک بەڵگە ئەهێننەوە كە لە بەندی٢ هاتوە" هەمو دەوڵەتەكان مافی حاكمییەتی وەک یەكیان هەیە" هەروەها لە بەندی ٤ هاتوە" هەموو دەوڵەتەكان دەبێ خۆیان لە هەرەشە كردن، یان بەكارهێنانی چەک بە دژی خاک یا سەربەخۆی سیاسی ولاتانی دیكە یا هەرچەشنە كردەوەیەكی تر كە ناتەبایی لەگەڵ ئامانجەكانی نەتەوە یەكگرتوەكان دا هەبی، بپارێزن"[30] بەومانایە كە هیچ دەوڵەت ودەسەڵاتێكی بێگانەک مافی برینی سنورە زەمینی و ئاوی و هەواییەكانی ئەو وڵاتەی نیە. هەروەها بە گویرەی ئەو بنەمایە هیچ وڵاتێک مافی دەستێوەردانی راستەوخۆی لە كاروباری نێوخۆیی وڵاتانی

[30] خالد حساني، مصدر سبق ذكره ،ص41

**دیکەدا نیە. دەوڵەتێک کە مافی حاکمیەتی خۆی هەیە، دەتوانێ بۆخۆی ئازادانە بریار بدا کە کام ئەرکی نێونەتەوەیی لە ئەستۆی خۆی دەگرێت.**[31]

**هەردوو یاساناس(** lillich، stone **) پێیان وایە دەستێوەردان دژ نیە لەگەڵ ئەم بڕگەیە لە میساقی نەنەوە یەکگتووەکان چونکە ئەکتی دەستێوەردان لە بنەڕەتتدا نابێتە هۆی مەترسی بۆ سەربەخۆیی سیاسی وڵاتەکە،واتە پێچەوانەش نیە لەگەڵ مەبەست و ئامانجەکانی** UN.

**بەرەی دژی ئەم بۆچوونە پێیانوایە  کە دەوڵەتەکانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکان بە ئاشکرا ئەوەیان پەسەندکردوە کە مافەکانی مرۆڤ " بابەت و و پیوانەیەکن کە رەوابوونی نێونەتەوەی دروست دەکەن" وە ئەم تێروانینە لە ساڵی ١٩٩٣ لە کۆنفراسی جیهانی مافەکانی مرۆڤ  کە ١٧١ دەوڵەت بەشداربون سەرلەنوێ پەسەندکرایەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە هەرجێگایەکی جیهان مافەکانی مرۆڤ پێشێلبکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپەرچی بداتەوە هەوڵی رێگریکردن لەو پیشلکاریە لە مافەکانی مرۆڤ بدات**[32]**.**

**هەر لەم بەرەیەدا بانگەشەکارانی تێوری هاوسۆزی(**Theory of the international solidarity society**)** **دەستێوەردانی مرۆیی مرۆیی بە مافێکی یاسایی دەزانن بۆ ئەمەش دوو پاساوی سەرەکی دەهێننەوە** [33]:

1. **میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان دەوڵەتان پابەند دەکات بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بۆ ئەمەش ئاماژە بە پێشەکی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان و بەندەکانی (١،٣، ٥٥ و ٥٦)  هەمان میساق دەکەن. ئەم بەندانەش پایەیەکی یاسایی بۆ دەستیوەردانی مرۆیی توند دەرەخسێنن.**
2. **یاسایی گشتی نێودەوڵەتی رێگە بە دەستێوەردان ئەدات لە پێناو ئامانج و مەبەستی مرۆڤایەتی.**

**پاری دووەم / لەمپەرە سیاسیەکان**

**ئەو گۆرانکاریە سیاسیە نیودەوڵەتیەیانەی  کە لە قۆناغی جەنگی ساردا رویاندا وای کرد کە ئەم پرنسیپ و رێسایانەی کە باسکران بۆپاراستنی مافەکانی ودەستێوەردانی مرۆیی  جێبەجێ نەکرێن، چونکە کۆدەنگیان بۆ دروست نەدەکرا بەهۆی پەیوەست بوونی وڵاتان بە پاراستنی پەرژەوەندیە نیشتمانیەکانیان نەک پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ،بەڵام پاش کۆتایهاتنی قۆناغی جەنگی سارد دۆخەکە گۆرا بە ئاشکرا نەتەوەیەکگرتوەکان و وڵاتانی رۆژئاوا رەخنەیان لەو وڵاتانە ئەگرت کە ببونە مایەی هەرەشە لەسەر مافەکانی مرۆڤ،هەرچەندە ئەم رەخنەگرتنەش بە دەستیوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتەکانیان و پێشلکردنی سەروەری دەوڵەتەکانیان دادەنرا لەلایەن ئەو ولاتانەی کە مافەکانی مرۆڤی تێدا پێشێل دەکرا**[34]**، هەروەها لەم قۆناغە سازانی سیاسی گشتی لە نێوان هێزە نێودەوڵەتیە گەورەکان لە بارەی پرنسیپی دەستێوەردانی مرۆی لە**

[31] كنووت ڤ. بيرگم و ئەوانی تر، ناساندن و پێناسەی مافەكانی مرۆڤ. وەرگێرانی ابراهيم ساڵحی، چاپخانەی حاجی  هاشم، هەولێر ٢٠١١، ل٢٤٤

[32] كنووت ڤ. بيرگم و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٧

[33] جون بليس و جون سميث، مصدر سبق ذكره، ص 824

[34] كنووت ڤ. بيرگم و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٤

**ئەنجومەنی ئاسایش ئاسانتربوو هەرچەند لەم قۆناغەشدا ڕێگریەسیاسیەکان هەرمابوون. لەگرنگترین هۆکارەکانی زیابوونی گرنگیدان بە مافەکانی مرۆڤ و بەکارهێنانی دەستێوەردان بۆ پراستنی بریتی بوو لە[35]:**

1. **چالاک بوونی ڕێکخراوە حکومی و ناحکومیە نێودەوڵەتییەکان لە بواری چاودێری مافەکانی مرۆڤ.**
2. **خراپ بەکارهێنانی پرەنسیپی سەروەریان لەلایەن سیستەمی تۆتالیتارەکان .**
3. **بێتوانایی هەندێک ولات لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ناوخۆیدا.**
4. **پێشکەوتنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیایی پەیوەندیکردن کە رۆڵیان هەبوو لە بلاوکردنەوەی تاوانەکانی دژی مافەکانی مرۆڤ.**
5. **گەورەتر بوونی بەرژەوەندی ولاتانی زلهێز لە ولاتانی دەستێوەردراو.**
6. **زیاد بوونی هۆشیاری دیموکراسی لە وڵاتانی تازەگەشەکردوو.**

**ڕەوایەتی و نارەوایەتی دەستێوەردان لە پیناو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ (سنوردارکردنی سەروەری ) یەکێکە لەو پرسانەی کە جێگەی مشتومرە لە نیوان لایەنگران و دژبەرانی ئەم پرنسیپە.**

**لایەنگرانی ئەم پرنسیپە بروایان وایە یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی دەوڵەتی خاوەن سەروەری شەونخونی کردنە لە پیناو پاراستنی هاونیشتمانیەکانی،وە دەپرسن ئەگەر دەوڵەتێک هەستا بە ئەنجامدانی تاوان لە دژی هاولاتیەکانی،و دەسەلاتی بۆ کوشتنی ئەوان بەکارهێنا لە جیاتی پاراستنیان، ئایا ئەم دەوڵەتە مافی ئەوەی هەیە لە ژێر سایەی سەروەری و دەستێوەرنەدانی لە کاروباری ناوخۆی، کۆمالگەی نێودەوڵەتی لێی بێدەنگ بێت و دەستیوەردان نەکات بۆ ڕێگریکردن لە تاوانەکانی؟ لە کاتێکدا ئەرکی کۆمەلگەی نێودەوڵەتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤە لە هەرجێگایەکی ئەم جیهانەبێت[36].**

**ئەم بەرەیە لەنێوخۆیاندا دوو بەشن بەهۆی پەیرەوکردنی دوو میکانیزمی جیاواز بۆ ئەکتی دەستێوەردان، بەشێکیان بروایان وایە پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤ بە تایبەت کردەوەکانی جینۆساید پێویستن بەکارهێنانی هیزی سەربازی هەیە بۆ ئەوەی رێگری لە جینۆسایدکردن بکرێت، لایەنی دوەمیان بروایان وایە کە نابێت توندوتیژی بەکاربهینریت لە پێناو ریگریکردن لە توندوتیژی، بەمانایەکی تر دەبێت بۆ ڕێگریکردن لە پیشلکاری ریکاری ئاشتیانە بگیریتە بەر، چونکە بەکارهینانی هێزی سەربازی لیکەوتەی پێچەوانەی دەبێت. بۆیە بە پێویستی دەزانن سەرلەنوێ دارشتنەوە بکرێت بۆ چەمکی دەستێوەردانی مرۆیی بەشێوەیەک کە دوربێت لە توندوتیژی و هێزی سەربازی[37].**

**ژمارەیەک لە پسپۆرانی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەو بروایەدان کە بەبێ رەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایش، هیچ دەوڵەتێک نابێ ڕێگای دەستێوەردانی لەم چەشنەی بۆ چارەسەریی قەیرانە مرۆییەکان پێبدرێ چونکە**

---

[35] ریاض حمدوش، مصدر سبق ذکره، ص394

[36] جون بلیس و جون سمیث، مصدر سبق ذکره ، ص 816

[37] المصدر نفسه، ص 817

**بروایان وایە مەترسی ئەوە هەیە کە هەندێک دەوڵەت ئەمە بکەنە بیانوو بۆ بەدەستهێنانی قازانج و بەرژەوەندیەکانیان، بۆ ڕێگریکردن لەم خراپ بە کارهێنانە بروایان وایە دەبێت لە پێشدا ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکانی بۆ بەدەست بهێنرێت[38].**

**بەڵام بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بونی ناکۆکی لە سەر بەرژەوەندیەکان هەروەها بونی ڤیتۆ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، وەها دەکات، لە لایەک دەستێوەردانە مرۆیەکان لە لایەن هەندێک وڵاتی زلهێز بە بێ ڕەزامەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکرێن، لە لایەکی تریش دەستێوەرنەدانەکە ببێتە هۆکاری جینۆسایدکردنی گەلان وەک ئەو پرۆسانەی جینۆسایدکردن کە لە کوردستانی عێراق لە سەردەمی جەنگی ساردا ڕوویاندا، کەلە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوە باسی دەکەین.**

**دەرئەنجامی ئەو گیروگازەی سەرەوە دەکرێت ئاماژە بە تانەی ڕیالیستەکان بکەین کە پێنج تانەی گشتییان هەیە لەسەر ڕەوایەتیدان بە دەستیوەردانی مرۆیی کە ئەوانیش[39]:**

1. **دەوڵەتان دەستێوەردانی مرۆیی ناکەن لەبەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ڕێگریکردن لە ڕودانی جینۆساید بەڵکو پاڵنەری سەرەکی پاراستنی بەرژەوەندی وڵاتەکانیانە.**
2. **گەلانی ئەو وڵاتانە دەسەڵاتدارانیان سەپشک نەکردوە کە گیانی سەربازاکانیان بخەنە مەترسی لە پێناو بەرژەوەندیە مرۆیەکان لە وڵاتانی تر.**
3. **وڵاتە بەهیزەکان ئەم پرنسیپە وەک پاساوێک بۆ دژ بە وڵاتانی بێهز بەکار ئەهینن.**
4. **دەستێوەردانی مرۆیی یەکێکە لەو پرنسیپانەی کە دیاریکردنی زۆر ئاڵۆزە، هەر ئەمەش وەها دەکات کە دژ یەکی لە بارەی مانای پێشلکاری خراپی مافەکانی مرۆڤ لەلای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەر هەڵبدات، بەمەش کۆدەنگی دروست نابێت.[40].**
5. **دوو فاقی لەکاتی ڕودانی پیشلکاری لە مافەکانی مرۆڤ، بۆ نمونە هەمان پێشلکاریی لە دوو وڵات ڕوئەدات بەڵام وەڵام دانەوەکە وەک یەک نابێت بە هەمان ئامرازو دەستێوەردان لە بەر جیاوازی بەرژەوەندییەکانیان.**

**لە بەرامبەر ئەمانەشدا گروپێکی تر هەیە کە دەستیوەردانی مرۆیی بە ئەرکی ئەخلاقی دادەنیت بۆ ئەمەش کۆمەڵێک پاساوی هاوسۆزیان بۆ دەستێوەردانی مرۆی هەیە[41] :**

1. **کاری هەرە پیشینەی نەتەوە یەکگرتوەکان پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانە و پاراستن وبەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ دەبێت هاوشانی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان بڕوات.**

[38] کنووت ڤ. بیرگم و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٩
[39] جون بليس و جون سميث، مصدر سبق ذكره ، ص 820-823
[40] خليل حسين, مصدر سبق ذكره، ص 296
[41] جون بليس و جون سميث، مصدر سبق ذكره ، ص 823-826

2. دەستێوەردانەدان لە سەردەمی جەنگی ساردا و شكستی نەتەوە یەكگرتوەكان لە دانانی ریكاری كارا بۆ ریگریكردن لە جینوساید، وای كرد چەندین تاوانی گەورەی دژ بە مرۆڤایەتی لە جیهان روبدات.
3. دەستێوەردانی مرۆیی ئەركیكی ئەخلاقی و پێویستیەكی مرۆییە، چونكە ناكرێت ولاتێک هەستێت بە ئەنجامدانی تاوانی گەورەی دژ بە مافەكانی مرۆڤ لەوانە جینوساید، بەلام كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لێی بێدەنگ بێت،هەروەها پشتگوی خستنی وادةكات پێشلكاریەكان فراوانتر بن.[42]
4. دانانی كۆمەڵە ریكار وئامرازێک كە سازانی گشتی لەسەربێت باشترین رێگەیە بۆ رێگریكردن لەپێشخستنی بەرژەوەندی ولاتان لە كاتی دەستێوەردانی مرۆیی[43].

لە كۆتایدا دەتوانین ئەوە بڵێین لەمپەرە یاسایەكانی بەردەم دەستێوەردان لە پیناو رێگریكردن لە جینۆساید، هیچ نین جگە لە پاساو بۆ لەمپەرە سیاسیەكان، چونكە كاركردن و كارنەكرن لە ساتەوەختی تێخزاندنی ئەم پرنسیپە بۆ نێو یاسا ورێسا نێودەوڵەتیەكان ئەوەمان بۆ رون دەكاتەوە هەر كاتێک بەرژەوەندی سیاسی ولاتانی زلهیز و بە تایبەت ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش یەک بوە، رەوایەتی دراوە بە دەستێوەردان، بە پێچەوانەشەوە ئەوا بە دەستێوەردان لە كاروباری نێوخۆی ولاتان هاتوەتە هەژماردن.

ماوەتەوە بڵێین كە ئەگەر لە رابردودا سەروەری ولاتان لە پێشتر بوو، بەلام لە ئێستادا لە لایەن زۆرێک لە سیاسیەكان و چاودێران رەخنەی لێدەگیرێت پێداگری لەسەر ئەوەدەكەنەوە كە پێشینە بۆ (پرنسیپی بەرپرسیاریەتیە) نەک سەروەری، لەوبارەشەوە كۆفی ئەنان لە چوارچیوەی كارەكانی خولی پەنجاو وچوارەمینی كۆمەڵەی گشتی نەتوە یەكگرتوەكان لە ٢٠ ئەیلولی ١٩٩٩ وتی " دەوڵەتێک كە هەڵسوكەوتی تاوانكاری دەكات و وا دەزانێت سنورەكانی پاریزێكی رەهایە لە چوارچیوەی پرنسیپی سەروەری، ئەوا ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی رێكاری پێویست دەگرێتە بەر بۆ وەستاندنی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی[44].

**بەشی سێیەم**

**جینوسایدی گەلی كورد و دەستێوەردانی مرۆیی نێودەوڵەتی**

لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمەوە گەلی كورد چەندین جار توشی جینۆسایدكردن بوەتەوە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی كە دابەشكرابوو بەسەریاندا، بەلام زۆرتری پرۆسەكانی جینۆساید لە باشووری كوردستان ئەنجامدراون، دیارترین ئەو پرۆسانەش جینۆسایدكردنی فەیلی وبارزانیەكان وكیمیابارانكردنی هەڵەبجە وشالاوەكانی ئەنفال، جینۆسایدكردنی ئێزدیەكانە.

42 خليل حسين, مصدر سبق ذكره ، ص 297
43 المصدر نفسه، ص 298
44 غسان العزي، سياسية القوة: مستقبل النظام الدولي و القوة العظمى, مركز الدراسات الاستراتيجية و البحوث و التوليف, الطبعة الاولى ، بيروت 2000، ص63

لەكەیسەكانی ئەنفالی گەلی كورددا لە باشور دەستێوەردان هەندێك جار كراوەو هەندێك جار نەكراوە،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ململانێ سیاسیەكان و هاوكێشەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان لەكاتی ئەنجامدانی پرۆسەكانی جینوسایددا.

لەم بەشەدا بە پێویشتی ئەزانین بە دوو پار ئاماژە بە بەشێك لەو كەیسانە بكەین لەگەڵ هۆكارەكانی دەستیوەردان و ڕێگریەكانی دەستێوەرنەدان لە كەیسانەدا.

**پاری یەكەم : پرۆسەكانی جێنۆسایدكردن**

**ئەسكی یەكەم \ پرۆسەكانی جینوسایدی گەلی كورد لە 1980- 1990**

لە گەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەی لە عێراق، روبەروی پرسێكی بنەرەتی بویەوە ئەویش چەمكی هاوڵاتیبون ویەكسانی مافە بۆ هەمووتاكەكان، چونكە دەسەڵاتدارەكانی بەرنامەیان بریتی بوو لە دروستكردنی كۆمەڵگەیەكی یەك رەنگ، لە كاتێكدا كۆمەڵگەی دەوڵەتی عێراق فرە نەتەوەی وكلتوری بوو، بۆ سەرخستتنی ئەم كارەشیان دەبوایە لەمپەرەكانی بەردەم ئەم پرۆژەیان لا ببەن، ئەم روانگەی دەسەڵاتدارانی عێراق لە سەردەمی هاتنە دەسەڵاتی بەعسیەكان بە رونتر دەركەوت[45].

لە قۆناغی گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن بەعسیەكانەوە چەند پرۆسەیەكی جینۆسایدكردن دژ بە گەلی كورد پیادەكرا، دیارترین ئەو پرۆسانەش جینۆسایدكردنی بارزانی و فەیلیەكان و كیمیابارانكردنی هەڵەبجە شاڵاوەكانی ئەنفال، جینۆسایدكردنی ئێزدیەكان. شایەنی وتنە ئەم قۆناغە هاوكاتە لەگەڵ جەنگی سارد[46].

1. **جینۆسایدكردنی فەیلیەكان**

كوردانی فەیلی یەكەمین گروپی كۆمەڵگەی كوردستان بوون كە لەلایەن بەعسیەكانەوە بەر شاڵاوەكانی كۆمەڵكوژی وجینۆسایدكرد بونەوە، لە بەرئەوەی كوردبون وناوچەكانیان نزیكترین ناوچەی كوردستان بوو كە هاوسنوری ناوچە عەرەب نشینەكان بوون، لەلایەكی تریش لە بەرئەوەی شیعە مەزهەب بوون.

لەوساتەوەختەی كورد بەشداری لە بەرێوەبردنی دەسەڵات لە عێراقدا دەكرد لە سەر بنەمای بەیانی ١١ ئازاری ١٩٧٠ كەچی بەعسیەكان تاوانی گەورەی دە بە گەلی كورد پیادە دەكرد[47]، لە نێوان ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٢ لە چوارچێوەی یەكەمین پرۆسەی بە كۆمەڵ[*] دەركردن بە دیاریكراوی لە سیپتەمبەری ساڵی ١٩٧١ حكومەتی

---

[45] فريد هاليداي و اخرون, الإثنية و الدولة : الأكراد في العراق و ايران و تركيا, ترجمة: عبدالإله النعيمي, معهد الدراسات الاستراتيجية, الطبعة الاولى 2006, بغداد – بيروت, ص 304

[46] المصدر نفسه، ص 304

[47] زهير كاظم عبود, الانفال الترجمة العملية لفكر البعث، مجلة الانفال- تصدرها وزارة حقوق الانسان وشؤون المرحلين و المؤنفلين، , عدد6 ,2005, ص49 .

[*] پێش پرۆسەی بە كۆمەڵ دەركردنی كوردانی فەیلی ، لە نیوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٨ لە سەردەم حوكمرانی عبد سلام عارف و عبدالرحمن عارف دەیان خێزانی كوردی فەیلی وڵات بەدەركران بە بیانوی ئەوەی مافی مانەوەیان لە عێراق نیە. بۆ زانیاری زیاتر بروانە : فصل العاشر -كرد بغداد الفيليه و نظام البعث ، فی كتاب : فريد هاليداي و اخرون الإثنية و الدولة : الأكراد في العراق و ايران و تركيا.

بەعس ٤٠- ٥٠ هەزار کوردی فەیلی بۆ وڵاتی ئێران دەرکرد[48]. و دەیانیان لیکوشتن وخستە بەندیخانەکان، شاڵاوی دوەمیان لە ساڵی ١٩٨٠ دەستی پیکرد، پیلانەکانی لەناوبردن و پاکتاوی ڕەگەزی کوردە فەیلەیەکان بەشێوەیەکی فراوانتر ودرندانەتر دەستی پێکرد، لەسەرەتای مانگی 4 / 1980 (لە ماوەی 2 ی نیسان تا 10 ی نیسان )، دا بڕیاری ژمارە (666 )* دەرچوو لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقەووە، ئەم قۆناغەیان شاڵاوێکی چڕتر بوو تیدا نزیکەی ٢٠٠ هەزار کوردی فەیلی رەوانەی وڵاتی ئێران کران و زیاتر لە ٥ هەرار گەنجی فەیلیش خزێنرانە بەندیخانەکان، سەدانیشیان بێسەروشوێن کران، سەرجەم ماڵ وموڵکیان دەست بەسەریدا گیرا، لە گوندەکانیش عەرەب لە شوێنیان نیشتەجێ کران[49]. بە هەزاران لاوی کوردی فەیلی لە نیو کێڵگەکانی تاقیکردنەوەی کیمیایی و گۆری بە کۆمەڵ بەرەو مەرگ راپێچکردن، ئەوانەشی مانەوە خێزانەکانیان ناسنامەی عێراقیان لێسەندنەوە بە زۆر بۆ دەرەوەی عێراق کۆچبکەن لەهەندێ شوێن لەناو کێڵگەی لوغمدا بەڕێیان دەکردن کە سەدان کەسیان لێ دەکوژرا[50]. ودوابەدوای ئەوەش چەندین هەڵمەتی بە کۆمەڵ قڕکردنیان ئەنجامدا[51].

لە ڕاپۆرتەکەی دەستەی پارێزەرانی داکۆکیکار لە دۆسێی جینۆسایدی فەیلیەکان لە دادگای باڵای تاوانەکان لە عیراقدا، دوای رووخانی بەعس لە 2003 ئاماژەی بۆ جۆری ئەو تاوانەکردوە کە دژ بە کوردانی فەیلی کراون [52]:

یەکەم: سڕینەوەی ناسنامەو راگواستنی کوردانی فەیلی بۆ ئێران.

دووەم: دەستگرتن بەسەر سەروەت و سامان، گواستراوەو نەگواستراوە.

سێیەم: بێسەرو شوێنکردن و لەسێدارەدانی گەنجانی کوردی فەیلی.

چوارەم: بێسەرو شوێنکردنی «١٥» هەزار گەنج تا ئەم ساتەوەختەش چارەنووسیان نادیارە. بە پشت بەستن بە «٣٤» بەڵگەنامەی دام و دەزگا «ئیداری، سەربازی، هەواڵگری، ئەمنی، حزبی»یەکانی حزبی بەعسی. ئەو چوار ڕاستییەی سەرەوە سەلمێنراوەو خراوەتە بەردەست سەرۆکایەتی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق[53].

دوای روخانی ڕژێمی بەعس و گەرانەوەی زۆربەی کوردە فەیلیەکان بۆ زێدی خۆیان ،سەرەڕای ناساندن و دان پێدانانی تاوانی کوشتن و گرتن و کۆچی زۆرەملی فەیلیەکان وەک تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و تاوانی جینۆساید لەلایەن داداگای باڵای تاوانەکانە وە لەڕۆژی 2010/11/29 بڕیاری لەسەردرا ئەوەی

[48] ئەلبێرت عیسا، خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی میژوویی، چاپخانەی روون، ٢٠٠٤، ل ٥٩

* ئەم بڕیارە باس لەو کەسانە دەکات کە رەگەزنامەی عێراقیان نیە ،یان مامەڵەیان کردوە تا وەدەستی بهێنن، پێوستە بەزۆر بنێردرێنەوە بۆ ئێران بەبیانوی ئەوەی کە ئەمانە لە ڕیشەدا بیگانەن و عراقی نین واتە ئێرانین، و مەترسیان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب و عراق هەیە

[49] فريد هاليداي و اخرون, الإثنية و الدولة : الأكراد في العراق و ايران و تركيا, مصدر السابق،ص 314-316.

[50] ناجح گوڵپی، جینۆسایدی کوردی فەیلی, http://www.kurdpa.net/

[51] پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی- عیراق، پەرلەمانی کوردستان – عێراق،٢٠٠٩، ل ٣.

[52] تەها سلیمان، جینۆسایدی کوردی فەیلی لە عیراقدا، کوردستانی نوێ- دۆسێ ، ژمارە ٦٩٣٦ لە ٢٠١٦/٤/٤، ل٢-٣

[53] ناجح گوڵپی، جینۆسایدی کوردی فەیلی, http://www.kurdpa.net/

دەرهەق بەكوردی فەیلی كراووە لەعیراق (كۆچی زۆرەملێ ،گرتن وكوشتن، سەرنوگم كردن، زەوتكردنی ماڵ مولك، هتد، ئەمانە دەچنە خانەی تاوانی كۆمەڵكوژیەوە(جینۆساید) [54].

2. جینۆسایدی بارزانیەكان

لە (١٩٨٣/٧/٣١) دا، ڕژێمی بەعس ،لةئۆردوگا زۆرە ملێكانی پارێزگای هەولێر، (قوشتەپە، بەحركە، حەریر، دیانا) دةستیكرد بة دەسگیركردنی خەڵكی مەدەنی بارزانیەكان(نێرینەكانیان). لە هەڵمەتەكەدا بە دوو قۆناغ لە لە هەردوو ئۆردووگای(قودس و قادسیە)(8000) بارزانی لە ڕەگەزی نێر بردران و بە پێی بەڵگەنامەكان ئەو نێرینە بارزانیانەی كە تەمەنیان لە (١٥) پانزە ساڵ بەرەو سەرەوە بوو بۆ بەغدا گواستراونەوەو ڕەوانەی دادگای بە ناو شۆڕش كران و بەشێوەیەكی ڕەمەكی لە سێدارە دراون و هەندێكی تریشیان بەشێوازی جۆراو جۆر گواسترانەوە بۆ بیابانی (بوسەیە) لە باشووری خۆرئاوای عێراق زیندە بەچاڵكران[55].

دواتر صەدام حسێن لە گرتەیەكی ڤیدۆیدا لە كۆبونەوەكانی لەگەڵ ئەندامان و سەركردەی حزبەكەیدا زۆر بێباكانە وتی "بارزانیە دەسگیركراوەكان ئەوانە خیانەتیان لە پەیمانی خۆیان كرد بەرامبەر بە نیشتمان، سزای خۆیان وەرگرت و بەرەو جەهەنەم ڕەوانە كران"[56].

ئەم كەیسەش لە دادگای باڵای تاوانكاری عێراق یەكێك بوو لە كەیسەكانی جینۆسایدی كورد لە (٢٠١١/٥/٣) بە پێی ماددەی (١١) ی دادگاكە كە بەپێی یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠٠٥) پێك هاتبوو، بە جینۆساید ناسێنرا[57].

3. كیمیا بارانكردنی هەڵەبجە

ڕژێمی بەعس لە ١٩٨٨/٣/١٦ چەكی كیمیایی بەرامبەر خەڵكی سڤیڵ لە شاری هەڵەبجە بەكارهێنا كە دەرئەنجام پێنج هەزار هاوڵاتی شەهید بوون نزیكەی دە هەزاریش بریندار بوون، بە دەیان هەزاریشیان ئاوارەبون، دواتریش شارەكە بەتەواوەتی لەگەڵ زەویدا تەختكرا[58]. لە پرۆسەی كیمیابارانكردنی شاری هەڵەبجەدا ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی بایەخیان بە گەورەیی ئەم تاوانەی بەعسیەكان دژ بەگەلی كورد دا و نەتەوە یەكگرتوەكانیش یەكەمین نیردەی خۆی بە سەرۆكایەتی پرۆفیسۆر ( Aubin Heyndricks) بۆ لیكۆلینەوە لە تاوانكە نارد، و لە ڕێكەوتی ١١-١٩٨٨/٤/١٤ دەستیان بە لیكۆڵینەوەكرد، سەرئەنجام لە

---

[54] هەمان سەچاوە.

[55] ئاوارە حسین، لە نێوان خەمی بارزانیە قوربانی بەخشەكان و بێ باكی بارزانیە سیاسیەكاندا، ئەكادیمیای سیاسەت و هزری دیموكراسی، http://birkrdnawa.com/

[56] ناجح گوڵپی، قۆناغەكانی جینۆساید، سەرچاوەی پیشوو.

[57] ئاوارە حسین، لە نێوان خەمی بارزانیە قوربانی بەخشەكان و بێ باكی بارزانیە سیاسیەكاندا،سەرچاوەی پێشوو.

[58] كریستۆفەر هچنز، هەڵەبجە لەیاد مەكەن، گۆڤاری هەشتاو هەشت، ژمارە (٣) ساڵی یەكەم زستانی ٢٠٠٥، ل ١٠٢

١٩٨٨/٤/٢٧ راپۆرتێکی تێرو تەسەل بڵاو دەکەنەوە کە دانبەوەدا دەنێن کە کە حکومەتی عێراق چەکی کیمیایی دژ بە شاری هەڵەبجە بە کارهێناوە[59].

ئەوەی جێگای تێبینی کردنە هاتنی ئەو لیژنەی هاوکاتە لە گەڵ ئەنجامدانی تاوانێکی تری گەورەی جینۆساید لە لایەن رژێمی بەعس لە عێراق کە ئەنفالی گەرمیانە لە ١٩٨٨/٤/١٤، ئەمەش بەڵگەیەکی رونە کە بیدەنگ بونی کۆ مەڵگەی نێودەوڵەتی رێگە خۆشکەربوو بۆ ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال.

## 4. شاڵاوەکانی ئەنفال

شاڵاوەکانی ئەنفال پرۆسەیەکی بەرنامە بۆداریژراوی پێشوەختەی هەبوو[60]، بۆ ئەو مەبەستەش بە پێی بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی عێراق ژمارە ١٦٠ لە ٢٩ ی ئازاری ١٩٨٧ دا دەسەڵاتی تەواوی سەربازی و ئەمنی و مەدەنی درا بە عەلی حەسەن مەجید. وەک لە لایەن (middle east watch) پێناسەدەکرێت (زنجیرەیەک هێرش وپەلاماری چروپری سەربازی بوو کە سەرجەم هەشت پەلاماربوو لە شەش ناوچەی جوگرافی جیاوازدا بەرێوەچوو). بەئامانجی پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستانی- عێراق،کە تێیدا ( ١٨٢٠٠٠ ) لە ژن و منداڵ و گەنج و پیر بە قێزەونترین و وەحشیگەریترین شێوە لە ناوبران لە بیابانەکانی باشوری عێراق[61]، کە تێیدا منداڵەکان لە دایک وباوکیان جیاکرانەوە، مێرد لە هاوژینەکەی، گەنجەکان لە کەسوکاریان، دواتر زیندە باچاڵکران بەشێکیشیان لە برسان مردن کە ئامانج لێی لە ناوبردنی مرۆڤی کوردبوو[62]، لەگەڵیشیدا راستەوخۆ ٤٥٠٠ دێهات و چەند شارۆچکەیەکی کوردستانیان وێران کراو و ماڵ و سامانیشیان بەتاڵان برا، رێژەیەکی زۆری خەڵکەکەشی بۆ چەند شوێنێکی تایبەت راگویٌزران، لەوێش ژمارەیەکیان زیندە بەچاڵ و گولەباران کردان[63].

( زیندە بەچاڵ کردن) خالٌی هاوبەشی (جینۆسایدی فەیلیەکان، بارزانیەکان ،شاڵاوەکانی ئەنفال)ة لەلایەن تیمەتایبةتةکانةوة کةپێک هاتبوون لە ماشێنی گەورە بۆ گواستنەوەی قوربانیەکان لەگەڵ تیمی چاودێری، شۆفڵ و گرێ دەر تا لە بیابانەکان چاڵی قوڵ هەڵکەنن و دواتر قوربانیەکان لە لێواری چاڵەکاندا گولە باران دەکران لە لاین تیمەکانی مەرگەوە و ئینجا خۆڵیان بەسەردا دەکردن.[64].

### نەسکی دووەم / کورد لەبەردەم جینوسایدکردندا 1990- 2003

---

[59] سالار حمه سور باسيره، حلبجة و الانفال وصمتا عار في جبين الانسانية ، مجلة الانفال- تصدرها وزارة حقوق الانسان وشؤون المرحلين و المؤنفلين، , عدد6 ,2005, ص25-27 .

[60] زهير كاظم عبود, الانفال الترجمة العملية لفكر البعث،مصدر السابق، ص51 .

[61] رەشاد میران و یوسف مەعروف، تاوانی ئەنفال بەرامبەر بە کورد، گۆڤاری سەنتەرتی برایەتی، ژمارە١٩ ساڵی چوارەم بەهاری ٢٠٠١، هەولێر، ل ١٠-١١

[62] سالار حمه سور باسيره، حلبجة و الانفال وصمتا عار في جبين الانسانية ،مصدر السابق، ص25-27 .

[63] رەشاد میران و یوسف مەعروف، تاوانی ئەنفال بەرامبەر بە کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل 18

[64] ناجح گوڵپی، قۆناغەکانی جینۆساید، سەرچاوەی پێشوو.

لەدوای هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عیراق بەهۆی داگیرکردنی کویت لەلایەن ئەم ولاتەوە کە بەجەنگی کەنداو ناسرا، عیراق ناچاربوو بە ئیمزاکردنی ئاگربەست لە28شوباتی1991، سەرەرای تێکشکانی لەشەڕەکەدا [65].

یەک لە دەرئەنجامەکانی ئەم جەنگە رەخساندنی هەلێک بوو بۆ گەلی کورد لە کوردستانی باشور راپەرین بکات، کە توانرا بە پاڵپشتی هیزەکانی پێشمەرگە زۆرینەی شارە کوردستانیەکان بە کەرکوک و خانەقینیشەوە ئازادبکرێن بةهؤیةوة حکومةتی عیراق هێرشی چرو و پری کردە سەر شارەکانی کوردستانی عێراق چەندین کردەی کۆمەڵکوژی ئەنجامدا[66]. کە لە سەرەتادا تۆپبارانی شارەکانی دەکرد لەوانە تۆپبارانکردنی شاری کەلار لە ١٩٩١/٣/١٤ و چەند شارێکی تر، دواتر لە رێگەی سەربازی هێرشی کردە سەر دانیشتوانی مەدەنی و تەنانەت نەخۆشخانەکان[*]، بۆیە بە ناچاری و لەترسی کۆمەڵکوژی دیکە لە کۆتایی بەهاری ١٩٩١ خەلکی شارە رزگارکراوەکان رویان کردە ناوچە سنوریەکان، ئەم رووداوەش بە کۆرەوی جەماوەری لە مێژووی تاوان و کارەساتەکان دژ بە گەلی کورد ناسێنراوە.

لەگەڵ ئەمەشدا سوپای عێراق لە ناوچە سنوریەکانیش لە هێرشەکانی بۆ سەر خەڵکی مەدەنی بەردەوام بۆ نمونە لە ١٩٩١/٣/٢٥ هێرشی کردە سەر گوندی دێسوتوی سەر بە شارۆچکەی مەیدان لە خانەقین، کە هاوسنورە لەگەڵ ولاتی ئێران، دەرئەنجامی تۆپبارانکردن و هێرشی سوپای عێراق و تەقینەوەی (مین) سنورەکان ژمارەیەکی زۆر لە هاولاتیانی هەڵهاتو(ئاوارە) بونە قوربانی. ئەم رووداوانە لە زۆرینەی ناوچە سەر سنوریەکانی عێراق – ئێران و عێراق- تورکیا رویاندا.

هەرلەم قۆناغەدا جینۆسایدی کەلتوری کە وەک (ئۆجالان)دەڵێت جینۆسایدی باووبەردەوامی کوردە زەقبۆتەوە بەرامبەر گەلی کورد [67]. لەدوای ساڵی (١٩٩١)ەوە لە شارە کوردستانیە ئازادنەکراوەکان حکومەتی عیراق بەردەوام بوو لە سیاسەتی کۆچپێکردنی کورد وبەعەرەبکردنی کوردستان بەتایبەت لە کەرکوک و خانەقین وشێخان ، مەندەلی بەدرە ،بەبێ سنور رەفتاری تیرۆریستی خەستکردەوە لە کوشتن وخستنە بەندیخانەی خەڵکی ئەو ناوچانە، ئەم جۆرە لە جینۆسایدکردن تا نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوامی هەبوو [68].

**تەسکی سێیەم / جینوسایدکردنی کورد لە ساڵی 2014**

لەدوای داگیرکردنی شەنگال لەلایەن داعشەوە لە ئابی 2014 ئەو هێزە بەشێوەیەکی مەنهەجی دەستی کرد بە پرۆسەی جینۆسایدکردنی ئێزیدیەکان و هاولاتیانی کۆمەڵگەی ئێزیدی کردە ئامانج، کە بە هەزارانی

---

[65] ماتیو بوکۆڤاک، دەوڵەتە شکستخواردوەکان: وڵاتە ناسەقمگیرەکان لەسەدەی بیستویەکەمدا، وەرگیرانی: بایەزید حەسەن عەبدوڵا، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم،سلیمانی، ٢٠١٥، ل١٥.
[66] ماتیو بوکۆڤاک، دەوڵەتە شکستخواردوەکان: وڵاتە ناسەقمگیرەکان لەسەدەی بیستویەکەمدا، سەرچاوەی پێشوو ،ل١٧.
[*] هێرشی موجاهیدینی خەڵق بۆ کەلار باسبکریت
[67] عەبدەوڵا ئۆجالان، دۆزی کورد ورێگەچارەی نەتەوەی دیمکرات: بەرگریکردن لە کوردانی ناو بەرداشی ژینۆسایدی کلتووری، وەرگێرانی: لوقمان عەبدولا ، چاپی سێیەم، سپاردنی چاپ ٢٠٠٩، ل٣٥.
[68] ئەلبێرت عیسا، خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی میژوویی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٩

لێکوشتن و رفاندن، بە دەیان هەزاریشیان هەڵهاتن رویان کردە چیای شنگال و بەشێکیشیان رویانکردە شاری دهۆک کە بەنزیکەی ٣٦٠٠٠٠ هەرکەس دەربەدەر بوون [69].

دەرئەنجامی پرۆسەی جینۆسایدکردنی ئێزیدیەکان نزیکەی 430 چوار سەدو سی هەزار کوردی ئێزدی ئاوارەبوون ولە سەرەتای پرۆسەی "پەلامارو شاڵاوی داگیرکارییەکەدا، زیاتر لە "1800" هەزارو هەشت سەد کەس، دووچاری کوشتنی بە کۆمەڵ بونەوە، کە تەنها لە گوندی کۆجۆ"400" پیاوی ئەم گوندە لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ نێژراون. هەروەها زیاتر لە "3000" کچ و ژن و مناڵ رفێنراون، کە ناوی 1661 کەسیان پشڕاست کراوەتەوە[70]. هاوشێوەی شاڵاوەکانی ئەنفال پیاوان لە ژنان جیاکرانەوە ، کچەکانیان نارد بۆ سوریا بۆ فرۆشتنیان، کاری زۆرە ملێان پیدەکرا و مامەڵەی خراپیان لەگەڵ دەکرا، کە وەک کۆیلەی شەرکەرانی داعش بەکارهێنراون، هەروەها زیاتر لە "14" پەرستگاو شوێنی ئاینی کوردانی ئێزدی روخێنراون کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەها ساڵ پێش ئێستا کران، هەموو ئەمانە وەک هەوڵێکی بەرنامە بۆ داریژراوە بۆ سرینەوەی بونی ئێزیدیەکان [71].

لە راپۆرتی مانگی ئاب/٢٠١٦ کۆمیسیاری مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان و نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە یونامی ئاماژە بۆ ئەو پێشلکاریانە کراوە کە داعش دژ بە ئێزیدەیکان ئەنجامی داون کە بریتین لە:[72]

1. جینۆساید کردن
2. پرۆسەی کوشتنی بە بەرنامە و بەشێوەیەکی فراوان
3. مامەڵەکردنی توندوتیژی سێکسی و بەکۆیلەکردنی بۆ مەرامی سێکسی.
4. کۆچپێکردنی زۆرە ملێ
5. بەزۆر گۆرینی ئاین
6. رفاندن و بێبەری کردن لە ئازادی، مامەڵەی خراپ نامرۆیی وسەرزەنشتکردن

ئەم تاوانانەش هەمویان لە چوارچێوەی جۆری ئەو تاوانانەن کە دەچنە خانەی جینۆسایدکردن، چونکە کوشتن وئازاری ترسناکی جەستەی ودەرونی بەرامبەر کۆمەڵە کەسانێکی تێدایە کە سەر بە گروپیکی تری نەتەوەی وئاینین، کە ئامانج لیان لەناوبردنی گشتی یان بەشێکیانە.

هەروەها راپۆرتەکە بەوردی کۆکوژیی ئێزیدییەکان باس دەکات، جیهان و مرۆڤایەتی لە گەورەیی و سامناکیی ئەم تاوانە ئاگادار دەکاتەوە، داواش دەکات هێزە نێودەوڵەتییەکان ئەو ٣٢٠٠ ژن و منداڵەی، کە

[69] یان کوبیش و السید زید رعد الحسین، نداء من اجل المساءلة والحماية :الايزيديون الناجون من الاعمال الوحشية التي ارتكبها داعش، مكتب مفوض الأمم المتحدة السامية لحقوق الإنسان ومكتب حقوق الانسان في بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق، اب 2016، ص 4.

[70] راپۆرتی یەکەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان لە ٢٠١٥/٤/٣، http://www.kurdipedia.org/?lng=11&q

[71] يان كوبيش و السيد زيد رعد الحسين، نداء من اجل المساءلة والحماية :الايزيديون الناجون من الاعمال الوحشية التي ارتكبها داعش، مصدر السابق،ص٤.

[72] بۆ زانیاری زیاتر بروانە: يان كوبيش و السيد زيد رعد الحسين، نداء من اجل المساءلة والحماية :الايزيديون الناجون من الاعمال الوحشية التي ارتكبها داعش، مكتب مفوض الأمم المتحدة السامية لحقوق الإنسان ومكتب حقوق الانسان في بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق، اب 2016

هێشتا لەلای داعش راگیراون، رزگار بکەن. هەروا راپۆرتەکە داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش دەکات کە ئەم کەیسە رەوانەی دادگای تاوانی نێودەڵەتی بکات، تا ئەوان لەم تاوانە بکۆڵنەوە، سەرانی داعش و هەموو ئەو لایەنانەی دەستیان لە پلاندانان و کۆمەککردن بەم تاوانە هەیە راپێچی بەردەم دادگایان بکەن. چونکە داعش تەنیا لایەنیکی ئەنجامدەری ئەم تاوانەیە، لایەن و ئەکتەرە سەرەکییەکانی پشت پەردە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەتوانێت ئاشکرایان بکات[73].

نەتەوە یەکگرتووەکان، دوای لێکۆڵینەوە لە سروشت و ناوەرۆکی تاوانەکە، کوشتاری بەکۆمەڵی ئێزیدییەکانی وەک جینۆساید ناسی. لە هەمان کاتدا داوای لە ئەنجومەنی ئاساییشی نیودەوڵەتی کرد کە کەیسی جینۆسایدی ئێزیدییەکان رەوانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە هاگ بکات، بۆ ئەوەی ئەم دادگایە لەم تاوانە مەزنە بکۆڵێتەوە،هەرلەم ضوارضيَوةيةدا لة ٢٠١٦/٢/٤ پەرلەمانی ئەوروپا لە برۆکسل بة زۆرینەی دەنگ ئەوتاوانانەی کە دەرهەق بە ئێزیدی و ئاشوریەکان کەمینە ئاینی و ئەتنیکی و نەتەوەییەکانی تر کراوە لەسەر دەستی رێکخراوی تیرۆرستی بەناو داعش بە جینۆساید ناساند.

لە کۆتایدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین دانانی کوکوژیی ئێزیدییەکان، لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بە جینۆساید، دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ئێزیدییەکان و هەموو کورد، هەروا بە قازانجی داد و عەدالەتە لە جیهاندا[74].

**پاری دووەم / کەیسەکانی جینۆسایدی گەلی کورد لەبەردەم دەستێوەردان و دەستێوەرنەداندا**

**ئەسکی یەکەم / دەستێوەرنەدان لە جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە سەرو بەندی جەنگی سارد**

1. کات و شوێن رۆڵی گەورەیان هەیە لە روداوەکان، سەبارەت بە شوێنی رودانی تاوانەکانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا ئەم تاوانانە رویانداوە، کە شاراوە نیە،نەوت رۆلێکی گەورەی لە سیاسەتی جیهانیدا هەبوو، بە حوکمی ئەوەی عێراقیش خاوەنی سامانیکی گەورەی نەوت بوو، یارمەتیدەری گەشەی زیاتری ولاتانی خاوەن ئابووری گەورە بوو، هەربۆیە هەر وڵاتێک خاوەنی ئەم سامانە گەورەی نەوتبوایە بە ئاسانی سیاسەتی خۆی دادەرشت و لە هەمانکاتدا پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ سیاسەتەکانیشی بەدەست ئەهینا، بەمانایەکی تر کاتێک وڵاتانی زلهێز بەرژەوەندی ستراتیژیان هەیە لەگەڵ وڵاتێک، ئەگەر چی مافەکانی مرۆڤ تێیدا بە رادەیەکی ترسناک پێشێل دەکرێت، لێی بێدەنگ دەبن، بۆ نمونە دوای ئەوەی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٨١

---

73 رەفیق سابیر ، بریاری نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان، http://www.nrttv.com/birura-details.aspx?Jimare=3292

74 يان كوبيش و السيد زيد رعد الحسين، نداء من اجل المساءلة والحماية :الايزيديون الناجون من الاعمال الوحشية التي ارتكبها داعش،مصدر السابق،ص ٤.

پەیوەندیەکانی لەگەڵ عێراق باش دەبێت، بەدرێژایی ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٩ پاڵپشتی عێراق دەکات، جاوپۆشی لەو تاوانە گەورە دژ بەمرۆڤایەتیانە دەکرد کە عێراق دژ بە گەلی کورد ئەنجامی ئەدا[75].

ئەم پاڵپشتیکردنەی ئەمریکا بۆ عێراق بە درێژایی ساڵانی (١٩٨١-١٩٨٩) ئەوبۆچونەی بە دروست پیشان ئەدات کە ریالیستەکان ئاماژەی پێدەکەن لە کاتی دەستێوەردانی وڵاتان لە کاروباری وڵاتانی ئامانجیان بە دەستهێنانی بەرژەوەندیەکانیانە بەڵام پاراستن و رێگریکردن لە پێشلکاری مافەکانی مرۆڤ دەکەنە بەهانە،هةريؤية دةبينين کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی لە ئاست(شاڵاوەکانی ئەنفال)ی ئەوکاتەی دەوڵەتی عێراق بێدەنگ بوو کە بە پێی جاری گەردونی تاوانەکانی جینۆسایدکردن کە لە ١٩٤٨/١٢/٩ لە نەتەوە یەکگرتوەکان دەرچوە، تاوانێکی گەورەیە دژ بە مافەکانی مرۆڤە کە ئەویش جینۆسایدکردنی گەلی کوردە.

سەبارەت بە کاتیش بەشيَکی گەورەی تاوانەکان لە کاتی جەنگی نێوان عێراق – ئێران بووە کە لەوکاتەدا بەرەی رۆژهەڵات و رۆژئاواش پاڵپشتی عێراقیان دەکرد دژ بە دەوڵەتی ئەوکاتەی ئێران کە سیاسەتێکی دژ بە بەرژەوەندیەکانی بەرەی رۆژهەڵات و رۆژئاواش پیادەدەکرد[76]. هەربۆیە عێراق ئەم دۆخەی بە هەل زانی بۆ جینۆسایدکرد گەلی کورد لە چوارچیوەی بەرنامەیەکی چر وپر[77]. سەدام حسین سیاسەت وبەرنامەی جینۆسایدکردنی گەلی کوردی جێبەجێکرد وبەردەوام بوو لەسەری، هیچ بەربەستێک لەبەردەمیدا نەبوو. هەروەها هەلێک بۆ بەرەنگاری بونەوەی نەما تا دروستبوونی ناوچەی ئارام لە ساڵی ١٩٩١[78].

لە هەمان کاتدا ئەو کات جیهان لە قۆناغی جەنگی سارد بوو لە نێوان بەرەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا وهەر لایەکیان هەوڵیان دەدا ئەو وڵاتانەی خاوەنی سامانی گەورەی نەوتن بخەنە چوارچێوەی بەرەکەیانەوە، بۆ نمونە وڵاتە رۆژئاواییەکان چەک و تەقەمەنییان بە عێراق دەفرۆشت و چاویان لەو تاوانی جینۆساید و زوڵم زۆرییانە دەنوقاند کە سەدام دژی خەڵکی عێراق ئەنجامی دەدان لەو تاوانەش پرۆسەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کورد[79].

2- لەم قۆناغەدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە روی هۆشیاری پاراستی مافەکانی مرۆڤ پگەیشتوو نەبوو سەرەرای ئەوەی چەندین رێکەوتنامەی نیودەوڵەتی لە بارەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ هەبوون . لە کاتی ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدکردنی شاری هەڵەبجە ئەمریکا بێ دەنگ بوو چونکە هاوپەیمانی عێراق و دژ بە ئێران بوو بە فەرمی، هەرچەندە لەو کاتەدا سیناتۆر (کالیبۆرن بێڵ) بە هۆی راپۆرتیکی کارمەندەکانیەوە کە پێشکەشی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کردبوو، تێدا ئاماژەی کردبووبەوەی کە تەکنیکی لەناوبردن و قەڵاچۆکردن لە کوردستانی عێراق پەیرەو دەکرێت، هەروەها لە ئەنجومەنی سینات

75 كامران الصالحي, حقوق الانسان و المجتمع المدني بين النظرية و التطبيق, مصدر السابق، ص 120-121.
76 کنووت ڤ. بیرگم و ئەوانی تر، ناساندن و پێناسەی مافەکانی مرۆڤ. سەرچاوەی پێشوو، ل251
77 سالار حمه سور باسيره، حلبجة و الانفال وصمتا عار في جبين الانسانية ،مصدر السابق, ص37.
78 فريد هاليداي و اخرون, الإثنية و الدولة : الأكراد في العراق و ايران و تركيا, مصدر السابق،ص 61
79 کنووت ڤ. بیرگم و ئەوانی تر، ناساندن و پێناسەی مافەکانی مرۆڤ.سەرچاوەی پێشوو، ل252

پلانی ڕێگریکردن لە کاری جینۆسایدی پێشکەشکرد، بەڵام ئیدارەی ئەو کاتەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی ڕێگن فشاری خستە سەر و ڕیگەی نەدا ئەو کارە ئەنجام بدرێت[80]. تەنانەت دەبینین لەم قۆناغەدانەتەوە یەکگرتوەکانیش بێدەنگ بوو، هیچ ڕێکارێکی دژ بە دەوڵەتی عێراق نەگرتەبەر، دکتۆر سالار باسیرە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کاتێک پرسیار ئاراستەی (Aubin Heyndricks) سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە تاوانەکە دەکات، لە وەڵامدا تاکە پاساوێک بۆ ئەم بیدەنگیە ئەوەیە " کە هیچ دەوڵەتێک گازندەی فەرمی پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتوەکان نەکردوە"[81].

3- سەروەری ڕەها یەکێکی تر بوو لە ئەو لەمپەر و ڕێگریانە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە دەنگ بێت، چونکە تا کەوتنی بەرەی ڕۆژهەڵات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پابەند و پەیوەست بوو بەم پرنسیپە و تارادەیەکی زۆر ڕێزی لێدەگیرا بەو پاساوەی کە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی پێکهێنانی نەتەوەیەکگرتوەکان و هەروەها بنەمایەکی گرنگە بۆ هێشتنەوەی نەزم و نیزام و پاراستنی ئاسایشی جیهانی.

**تەسکی دووەم /دەستێوەردان وپاراستنی کورد لە جینۆسایدکردن لە سیستەمی نوێی جیهانیدا**

1. لە دوای کەوتنی بلۆکی ڕۆژهەڵات هەلو مەرجێکی نوێ لە جیهان هاتە پیش، بەو ئاراستەی جیهان خۆی لە تاک جەمسەریدا بینیەوە بە ڕابەرایەتی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، دەوڵەتی ئەو کاتەی عیراقیش دژ بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو هەڵسوکەوتی ئەکرد، ئەمریکاش بۆ لیدانی لە عێراق کە بە هەڕەشەی دەزانی بۆ سەر ئاسایشی جیهان، هەمیشە ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە عێراق چەکی کیمیای دژ بە گەلەکەی خۆی بە کار هێناوە.
2. بە هۆی ڕودانی جینۆسایدکردنکردنی گەلی کورد لە قۆناغی جەنگی ساردا کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی و بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوا، ترسی ئەوەیان هەبو لە بیدەنگیان بەرامبەر هێرشەکانی سوپاسی عێراق لە ١٩٩١ بۆ لە ناوبردنی ڕاپەڕین، گەلی کورد ڕوبەڕوی جینۆساید ببێتەوە. لە هەلومەرجێکی لەم جۆرەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە و ڕێگریکردن لە جینۆسایدکردنی بەرفراوانی گەلی کورد لە لایەن ڕژێمی ئەوکاتەی عێراق، بە باشی زانی بۆ یەکەمین جار دەستێوەردانی مرۆیی بکات، کە ڕای کۆی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەسەربوو لە ئاکامی ئەو دۆخەدا هاوپەیمانان زۆرینەی خاکی کوردستانی عێراقیان وەک ناوچەی پارێزراو دەستنیشانکرد[82].
3. ئەم هەنگاوەش وەرچەرجانێکی گەورە ببو، چونکە دەرکەوت کە سەروەری وڵاتان بەرەو پاشەکشکە دەڕوات لە بەرژەوەندی بەها مرۆڤایەتیە هاوبەشەکان، کە بڕیاری ٦٨٨ ی ساڵی ١٩٩١ ئەنجومەنی ئاسایش کە

80 کریستۆڤەر هچنز، هەڵەبجە لەیاد مەکەن، گۆڤاری هەشتاو هەشت، ژمارە (٣) ساڵی یەکەم زستانی ٢٠٠٥، ل ١٠٢
81 سالار حمه سور باسيره، حلبجة و الانفال وصمتا عار في جبين الانسانية ، ممصدر السابق, ص25-27 .
82 بورهان یاسین، لە قوولایی سیاسەتدا، ناوەندی ڕۆشنبیری وهونەری ئەندێشە، چاپی یەکەم،سێلمانی، ٢٠١٦، ل١٥٨

هاوکاری مرۆیی بۆ کورد لە عێراق سەپاند، کە ئەمەش ستراتیژیەتیەکی نوێ بوو، چونکە دەستێوەردانی بۆ پاراستنی بەها مرۆیە هاوبەشەکان کرد بە ئەرکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی[83].

4- لە دوای ئەم رووداوە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جارنامەی جیهانی مافی کەمینەکانی لە ساڵی ١٩٩٢ راگەیاند کە یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی پێدانی رۆڵە بە کۆمەڵگای نیودەوڵەتی کە پێویستە هەوڵەکانی بخاتە گەر هەرکاتیک کەمینەکان روبەرووی پێشلکاری خەتەرناک لە ماف و بەرژەوەندیە بنەرەتیەکان بونەوە[84]. لە ئاکامی ئەوەشدا پیشکەوتنی لە بواری مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی کەمینەکان زیاتر گەشیان سەند بەشێوەیەک کە پیشلکاری لەم بوارەدا بە تاوان دژ بە ئاسایشی مرۆیی و هەرەشە لە سەر ئاشتی وئاسایشی جیهانی و هەروەها پەرینەوە لە پرنسیپی دەستێوەرنەدان بۆ مافی دەستێوەردان بە پشت بەستن بە پرنسیپی دەستێوەردانی مرۆیی[85]،لةم جوارجيَوە يە شدا دەبینین لە کەیسی شەنگالدا نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەم پێشلکاریە ترسناکە هاتە دەنگ بۆ ئەوەی داکۆکی لە حەق و داد و ماف و کەرامەتی دەیان هەزاران کچ و ژن و منداڵ و سەدان هەزار قوربانی ئێزیدیەکان بکات. تاکو ئێستا چەند لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێناوە و ئەوانیش چەند راپۆرتێکی گرنگیان لەسەر پرسی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی بڵاوکردوەتەوە، هەردوو راوێژکاری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان "ئەداما دیینگ" بۆ کاروباری جینۆساید و "جینیڤر ولش" بۆ کاروباری پاراستن، لە ٢٠١٤/٨/١٢ بەیاننامەیەکی بە پەلە بڵاودەکەنەوە ئاماژە بە رودانی جینۆساید دژ بە ئێزدیەکان لە شەنگال لە لایەن داعش دەکەن و داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش دەکەن کە ئەولەویەت بدەن بە پاراستنی خەڵکی سڤیل هەروەها داوا لە کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی دەکەن دەست بەجێ رێکاری پاراستن بگرنەبەر بۆ ئەوەی جینۆسایدی تر روونەدات[86] و یەک لایەنە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ پاراستنی هاوڵاتیان ئێزیدی لە چیایی شنگال، فرۆکەکانی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هێرشی ئاسمانی کردە سەر هیزەکانی داعش لە دەوروبەری چیای شنگال، لە زەمینیشەوە هێزەکانی (YPG) توانر رێرەوێک بۆ رزگارکردنی ئەو هاوڵاتیانەی لە چیای شنگال بکرێتەوە[87].

ئەوەی لە م قۆناغە تازە یە دا پرسی بە جینۆساید ناسینی ئاسانتر کردوە ئەوەیە، کە بۆ یەکەمجارو لە ساڵی ١٩٩٨ بە پێی پەیماننامەی رۆما، دادگای تاوانی نیودەوڵەتی(ICC) پەسەند کراو و بەشێوەیەکی

[83] غسان العزي، سياسية القوة: مستقبل النظام الدولى و القوة العظمى, مركز الدراسات الاستراتيجية و البحوث و التوليف, الطبعة الاولى ، بيروت 2000، ص61

[84] نافي بيلاي, النهوض بحقوق الاقليات وحمايتها : دليل للمدافعين عنها, الامم المتحدة – مفوضية السامية لحقوق الانسان و جنيف و نيورك 2012, ص29

[85] پشتيوان حمه سعيد محمد امين، القومية في عصر العولمة: القومية الكردية نموذجا, مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية , السليمانية 2015، ص 143

[86] Marion Arnaud رقم, نشرة صحفية للامم المتحدة، 14-59118، Office on Genocide Prevention and the Responsibility to Protect

[87] مكتب تنسيق الشؤون الانسانية، ازمة النازحين في العراق، تقرير الوضاع رقم(7) 9ا- 15 اب/ 2014، ص 20-14

فەرمی لە ٢٠٠٢/٦/١ دروستبوو، کە یەکەم دادگایە لە ئاستی نێودەڵەتی دەسەلآتی سەیرکردنی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی وتاوانی جەنگی هەیە[88]

**دەرئەنجام**

**لەکۆتایدا توێژینەوەکە گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:**

1- چەمکی دەستێوردانی مرۆیی ئیشکالیەتی دیاریکردنی سنورور و رەهەندەکانی هەیە، ئەمەش لێکەوتەی نێگەتیڤی هەیە، بە جۆرێک کە ڕێکنەخستنی چەمکەکە ودیارینەکردنی ڕێساکانی دەستێوەردان ومەرجەکان و دۆخەکانی دەستێوەردان ئیشکالیەتی لە پراکتیک و پیادەکردندا دروستکردووە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

2- پرەنسیپی سەرەکی کە دەستێوەردانی مرۆیی لەسەر ڕادەوەستێت بەکارهێنانی هێزی سەربازیە بۆ پارێزگاریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و ڕێگریکردن لە روودانی تاوانە ترسناکەکانی دژە مرۆڤایەتی و جینۆسایدە.

3- سەرەڕای گیروگازی ڕەوایی و ناڕەوایی دەستێوەردان، بەئاشکرا لە ئەزموونەکانی دەستێوەردانی نێودەوڵەتیدا سەلمێنراوە کە دووفاقی هەیە لە جێبەجێکردن و بەکارهێنانی ئەم پرەنسیپە لە دەرەوەی ڕێساو بنەما گشتیەکانی دەستێوەردانی مرۆیی بەجۆرێک لە جێگەیەک دەستێوەردان دەکرێت و لەجێگایەکی دیکە کە هەر تاوان هەیە دەستێوەردان ناکرێت.

4- لەبەرامبەر ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی پرەنسیپی دەستێوەردانی مرۆیی دەکرێن بەوەی کە دژی سەروەری دەوڵەتانە، چەمکێکی نوێ بەناوی (بەرپرسیارێتی پاراستن) گەلآڵەکراوە، کە ئەگەر بەپێی ڕێساوبنەما ئەخلاقی و یاساییەکان جێبەجێبکرێت، دەسەبەری پاراستنی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ دەکات و سەروەری دەوڵەتانیش، ئەگەر بەتاوانی مرۆیی هەڵنەسێت نابەزێنێت.

5- دەستێوەردانی مرۆیی نێودەوڵەتی لە کەیسەکانی تاوانی دژی مرۆڤایەتیدا، گرنگ و یارمەتیدەرە بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەو تاوانانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، نمونەش دوو کەیسی گەلی کوردە لە باشور ئەنفال و ئێزیدیەکان.

6- سەرەڕای ئەوەی کە ڕێگریە یاساییەکانی بەردەم دەستێوەردانی مرۆیی لە بڕیار و میساقی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە سەرچاوەی گرتووە وەک مادەی( 27) بەلآم، لە هەمانکاتدا پەیماننامە نێودەوڵەتیە تایبەتمەندەکانی بواری جینۆساید و تاوانەمرۆییەکان و چەندین مادەی تری میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان وەک(55،56) ڕەوایی یاسایی بە دەستێوەردان دەدات بۆ پاراستن مافەکانی مرۆڤ.

7- لە کەیسەکانی جینۆسایدی گەلی کورد لەباشوری کوردستان دەستێوەردان و دەستێوەرنەدان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی باڵادەستەوە لە سیستەمی جیهانیدا، فاکتەری کات وشوێن و بەرژەوەندی ڕۆڵی گرنگیان هەبووە تێییدا، بەجۆرێک کە ڕەچاوی قەبارەی تاوانەکان و دڕندەییان نەکراوە و زۆرجار چاویان لێخەوێنراوە.

**سەرچاوەکان**

**-سەرچاوەی کوردی**

[88] کارزان عمر، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، مەکتەبی بیرو هۆشیاری، چاپی یەکەم ، سلێمانی ٢٠٠٧، ل١٠٠

1- بورهان یاسین،لە قووڵایی سیاسەتدا،ناوەندی رۆشنبیری وهونەری ئەندێشە،چاپی یەکەم،سێلمانی، ۲۰۱٦.
2- پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی- عیراق، پەرلەمانی کوردستان – عێراق، ۲۰۰۹.
3- تەها سلیمان، جینۆسایدی کوردی فەیلی لە عیراقدا، کوردستانی نوێ- دۆسێ، ژمارە ٦۹۳٦ لە ٤/٤/۲۰۱٦.
4- رەشاد میران و یوسف مەعروف، تاوانی ئەنفال بەرامبەر بە کورد، گۆڤاری سەنتەرتی برایەتی، ژمارە۱۹ ساڵی چوارەم بەهاری ۲۰۰۱، هەولێر.
5- عەبدەوڵا ئۆجالان، دۆزی کورد وڕێگەچارەی نەتەوەی دیمکرات: بەرگریکردن لە کوردانی ناو بەرداشی ژینۆسایدی کلتووری، وەرگێرانی: لوقمان عەبدوڵا، چاپی سێیەم، سپاردنی چاپ ۲۰۰۹
6- کارزان عمر، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، مەکتەبی بیرو هۆشیاری، چاپی یەکەم ، سلێمانی ۲۰۰۷.
7- کریستۆڤەر هچنز، هەڵەبجە لەیاد مەکەن، گۆڤاری هەشتاو هەشت، ژمارە (۳) ساڵی یەکەم زستانی ۲۰۰۵.
8- کریستۆڤەر هچنز، هەڵەبجە لەیاد مەکەن، گۆڤاری هەشتاو هەشت، ژمارە (۳) ساڵی یەکەم زستانی ۲۰۰۵.
9- کنووت ڤ. بیرگم و ئەوانی تر، ناساندن و پێناسەی مافەکانی مرۆڤ. وەرگێرانی ابراهیم ساڵحی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ۲۰۱۱.
10- ماتیو بوکۆڤاک، دەوڵەتە شکستخواردوەکان: وڵاتە ناسەقمگیرەکان لەسەدەی بیستویەکەمدا، وەرگیرانی: بایەزید حەسەن عەبدوڵا، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم،سلیمانی، ۲۰۱۵
11- ئەلبێرت عیسا، خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی، چاپخانەی روون، ۲۰۰٤.

-سەرچاوەی عەرەبی

1. اشرف فايز اللمساوى، المحكمة الجنائية الدولية، الطبعة الأولى ، المركز القومي للإصدارات القانونية ،مصر ،2006
2. بوراس عبد القادر، التدخل الدولي الانسانى و تراجع مبدأ السيادة الوطنية، دارالجامعة الجديدة، الجزائر،2009.
3. پشتيوان حمه سعيد محمد امين، القومية في عصر العولمة: القومية الكردية نموذجا, مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية , السليمانية 2015.
4. جون بليس و جون سميث، عولمة السياسية لعالمية، مركز الخليج للابحاث، دبى،2004.
5. خالد حسانى،بعض الاشكاليات النظرية لمفهوم التدخل الانسانى،مجلة المستقبل العربي،عدد 425،2014.
6. خليل حسين, قضايا دولية معاصرة: دراسة موضوعات في النظام العالمي جديد, دار المنهل اللبناني, الطبعة الاولى 2007, بيروت .
7. رياض حمدوش، تطور مفهوم التدخل الدولي في ظل عولمة حقوق الانسان،مجلة العلوم الانسانية ،الجزائر،عدد 41 ،2014،
8. زردومى علاءالدين، التدخل الخارجى و دوره في اسقاط نظام القذافي، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة محمد خيضر بسكرة، الجزائر،2013.
1- زهير كاظم عبود, الانفال الترجمة العملية لفكر البعث، مجلة الانفال- تصدرها وزارة حقوق الانسان وشؤون المرحلين و المؤنفلين، , عدد6 ,2005.

9. زياد ربيع، جريمة الابادة الجماعية، مجلة السياسة الدولية، عدد59.
10. سالار حمه سور باسيره، حلبجة و الانفال وصمتا عار في جبين الانسانية ، مجلة الانفال- تصدرها وزارة حقوق الانسان وشؤون المرحلين و المؤنفلين، , عدد6 ,2005 .
11. سمير عوينة، جريمة الابادة الجماعية في الاجتهاد القضائي، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الحاج خضر-باتنة-،2012.
12. عبدالرحمن ناجى ملا ياس، الامم المتحدة و التدخل الانسانى في اطار الواقع الدولي واثره في حماية حقوق الانسان، مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة، عدد23 ،2010.
13. عبد \اليزيد داودى، التدخل الإنساني في ضوء ميثاق منظمة الأمم المتحدة- دراسة حالة إقليم كوسوفو نموذجا، رسالة ماجستير غيرمنشورة، جامعة 8ىماى 1945 –قالمة، الجزائر،2011-2012.
14. غسان العزي، سياسية القوة: مستقبل النظام الدولى و القوة العظمى, مركز الدراسات الاستراتيجية و البحوث و التوليف, الطبعة الاولى ، بيروت 2000.
2- فريد هاليداي و اخرون, الإثنية و الدولة : الأكراد في العراق و ايران و تركيا, ترجمة: عبدالإله النعيمي, معهد الدراسات الاستراتيجية, الطبعة الاولى 2006, بغداد – بيروت.
15. كامران الصالحي, حقوق الانسان و المجتمع المدني بين النظرية و التطبيق, مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر, الطبعة الثانية ، اربيل- كوردستان,2000.
16. ليلى عصماني ، التعاون الدولي لقمع الجرائم الدولية، اطروحة دكتوراه غيرمنشورة، جامعة وهران، الجزائر،2012.
17. مارتن شو،الابادة الجماعية ،مفهومها،وجذورها،وتطورها،واين حدثت...؟،ترجمة:محيي الدين حميدي، دار العبيكان،الرياض،ط1 ،2017.
18. محمد يعقوب عبدالرحمن، التدخل الانساني في العلاقات الدولية، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتيجية، الامارات،2004.
19. معمر فيصل خولي،الامم المتحدة و التدخل الدولي الانساني، لعربي للنشر والتوزيع - القاهرة القاهرة،
20. مكتب تنسيق الشؤون الانسانية، ازمة النازحين في العراق، تقرير الوضع رقم 7 (9اب- 15اب/ 2014.
21. نافي بيلاي, النهوض بحقوق الاقليات وحمايتها : دليل للمدافعين عنها, الامم المتحدة – مفوضية السامية لحقوق الانسان و جنيف و نيورك 2012.
22. يان كوبيش و السيد زيد رعد الحسين، نداء من اجل المساءلة والحماية :الايزيديون الناجون من الاعمال الوحشية التي ارتكبها داعش، مكتب مفوض الأمم المتحدة السامية لحقوق الإنسان ومكتب حقوق الانسان في بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق، اب 2016.


## سەرچاوەی ئینگلیزی


1. A group of researchers, Intervention: When, Why and How? From web:https://www.publications.parliament.uk/pa/cm201314/cmselect/cmdfence/writev/intervention/int10.htm
2. Alan Whitehorn The Steps and Stages of Genocide,peace magazine, Jul-Sep 2010,
3. Cambridge Advanced Learner's Dictionary & Thesaurus Cambridge University Press)

4. Edyta KWIATKOWSKA, HUMANITARIAN INTERVENTION SELECTED ASPECTS, 2014
5. https://en.oxforddictionaries.com/definition/genocide
6. Marion Arnaud نشرة صحفية للامم المتحدة, رقم 14-59118، Office on Genocide Prevention and the Responsibility to Protect
7. R.J. Rummel ,GENOCIDE, https://www.hawaii.edu/powerkills/GENOCIDE.ENCY.HTM
8. Sabhan kardas ,humanitarian intervention :the evolution of the idea and practice,jornal of international affairs,june-july-2001,vol2.

**ئینتەرنێت**

1- ئاوارە حسین، لە نێوان خەمی بارزانیە قوربانی بەخشەکان و بێ باکی بارزانیە سیاسیەکاندا، ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراسی، /http://birkrdnawa.com
2- اشرف احمد سلامة العدوان، جريمة الإبادة الجماعية ، من موقع الالكتروني:-http://elngdy.3arabiyate.net/t34-topic
3- راپۆرتی یەکەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان لە ٢/٤/٢٠١٥، http://www.kurdipedia.org/?lng=11&q
4- رەفیق سابیر ، بریاری نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان، http://www.nrttv.com/birura-details.aspx?Jimare=3292
5- عبدالرحمن عبدالعال،مفهوم التدخل الانسانى و اشكالياته،لة وي بسايتى :- www. Bou4 w26 notebook.blogpost.com
6- ناجح گوڵپی، جینۆسایدی کوردی فەیلی, /http://www.kurdpa.net


## الملخص


**اذا كانت مبادىء عدم التدخل في الأمور الداخلية للدول تقتضي التدخل الأنساني بغرض منع وأنهاء عمليات الابادة الجماعية وانتهاك الحقوق الأنسان ،عكس ذلك ،فأن مبادىء احترام الحقوق الأنسان ،تأخذ بالعين أعتبار وتؤكد على عملية التدخل من قبل الدول و المنظمات الدولية،لكن في هذة الحالة نقع امامعديد من تساؤلات،على سبيل المثال، من قبل اي جهة او متى ينفذ التدخل؟ من يصدر القرار التدخل؟ كيف تحدد مشروعية او عدم مشروعية التدخل؟ ماهي العراقيل السياسية والقانونية في صدد استخدام تلك المبادىء؟لماذا المجتمع الدولي لم تحرك ساكنا امام عمليات الابادة الجماعية للكرد في مرحلة الحرب الباردة؟ويستخدم التدخل الانساني ضد انتهاكات الحقوق الانسان في كردستان الجنوبية في المرحلة اللاحقة؟**

**يحاول الباحثيين اجابة على تلك التساؤلات في سياق ثلاثة الفصول،في الفصل الأول ،يبين مفاهيم التدخل والأبادة الجماعية في اطارها النظري وتحليلي. في الفصل الثاني نتطرق لحديث عن العراقيل السياسية والقانونية امام عملية التدخل لغرض منع الجرائم الأبادة الجماعية.اما الفصل الثالث، فيتناول الأبادة الجماعية لشعب الكردي مع وخلفية دوافع تدخل او عدم تدخل بالاخص دراسة الحالات التي حصلت في جنوب كردستان.**

أن الباحثيين وصلوا الى الأستنتاج، بأنه يتم تحديد مفاهيم الأبادة الجماعية والتدخل الأنساني نظرا لسياق الأحداث، وهنالك الازدواجية في أستخدام او عدم أستخدام التدخل الأنساني قضايا وملفات الأبادة الجماعية ، ويمكن ملاحظة ذلك فعلياً في الأبادة الجماعية الشعب الكردي، حيث ان المصالح الدول العظمى، تقرر تدخل الأنساني او عدم تدخل وليس حجم ووحشية الأبادة الجماعية التي ترتكب ضد الأنسانية.


## Summary

If the principles of non-interference in the internal affairs of states require human intervention to prevent and end genocide and human rights violations, the opposite is true. The principles of respect for human rights take into consideration the process of intervention by states and international organizations. In front of many questions, for example, by which party or when the intervention is carried out? Who decides to intervene? How to determine the legitimacy or illegality of the intervention? What are the political and legal obstacles in the use of these principles? Why did the international community not take a stand against the genocide during the Cold War and use humanitarian intervention against human rights violations in southern Kurdistan in the next stage?

The researchers try to answer these questions in the context of the three chapters, in the first chapter, which shows the concepts of intervention and genocide in their theoretical and analytical framework. In chapter two we talk about the political and legal obstacles to the intervention process for the purpose of preventing the crimes of genocide. Chapter III deals with genocide For the Kurdish people with the background of the motives of intervention or lack of intervention, especially the case study that took place in southern Kurdistan

The researchers concluded that the concepts of genocide and human intervention are defined due to the context of events. There is duplication in the use or non-use of human intervention in cases and files of genocide. This can be seen in the genocide of the Kurdish people, it is the intervention of humanity and non-intervention, not the size and brutality of genocide committed against humanity.

http://garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.71

# لە نوگرەسەلمانەوە من شایەتحاڵم

د. سەرکەوت غازی سالار
بەشی جوگرافیا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان
sarkawt.ghazi@garmian.edu.krd

**پوختە**

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە جەور و ستەم و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، ئامانج لێی قڕکردن و لەناوبردنی میللەتێک یان گەلێکە بۆ هەرمەبەستێک بێت. سەدەی بیست بە سەدەی جینۆساید دادەنرێت کە زۆرترین تاوانی دژبەمرۆڤایەتی تێیدا روویداوە، نمونەی هەوڵدانە بۆ لەناوبردنی گەلی کورد، ئەمەش وایکردووە هەر تاکێکی کورد چیرۆکێکی تایبەتی خۆی هەبێت و لە هزریدا ئەو تاوانانەی تێدا تۆمارکرابێت. ئامانج لەم توێژینەوە خستنەروو بەدۆکیومێنتکردنی بەشێکی ئەو تاوانانەیە کە رژێمی بەعس ئەنجامیداوە دژ بە گەلی کورد و نووسەر بەچاوی خۆی بەشێکی ئەو تاوانانەی بینیوە.

ناوی تەواوم (سەرکەوت غازی سالار) و لەدایکبووی ساڵی 1978م لە دێی کارێز سەربە ناحیەی جەبارە لە قەزای کفری. هەتا تەمەنی 8 ساڵیم لە دێی کارێز لەگەڵ خێزانەکەم بەسەربردووە. دوای ئاشکرابوونی ناوی باوکم لە رێکخستنە نهێنییەکانی شۆرشدا لە لایەن رژێمی بەعسەوە، لە ساڵی 1986 خێزانەکەمان پەرتەوازەبوو و لە ساڵی 1987 بەشێکی زۆرمان بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دەرچوو و لە دێی بنەکە جێگیربووین.

لە ساڵی 1988 رژێمی بەعس قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال دەستپێکرد،کە هەشت قۆناغ بوو، هەر قۆناغێک تایبەت بوو بە ناوچەیەکی کوردستان، نووسەر لەگەڵ دایکی و هەژاری برای لە گەرمیان بەر قۆناغی سێی ئەنفال کەوتن و لە دێی ملەسورە لەلایەن جاش و سەربازەکانی رژێمی بەعسەوە دەستبەسەرکران. رەشبینی باڵیکێشابوو بەسەر خەڵکیدا و کەس نەیدەزانی چارەنووسی چی دەبێت! و تەنها گوێت لە دەنگی تراکتۆر و هاواری خەڵکی دەبوو، کە بە دەنگی فرۆکە و ئۆتۆمبیلی سەربازی تێکەڵبوو بوو. دواتر هەموو خەڵکەکە بۆ سەربازگە و بەندیخانەکانی ناوچەکە گواسترایەوە، نووسەر و دایک و براکەی لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەو خەڵکە گواسترانەوە بۆ بەندیخانەی قۆرەتوو و هەر لەوێ دایکی نووسەر بڕیاریدا ناوی سیانیان بگۆڕێت لە ترسی ئەوەی باوک و براکانی نووسەر پێشمەرگەبوون.

دوای ماوەیەک مانەوە لە بەندیخانەی قۆرەتوو، رژێمی بەعس بە ئۆتۆمبیلی سەربازی هەموو خەڵکی ناو بەندیخانەی قۆرەتوو گواستەوە بۆ بەندیخانەکانی تۆپزاوە لە پارێزگای کەرکووک، کە لە ناو سەربازگەیەکی

گەورە بوو و لەوێ هەموو خەڵکی لە کەسوکاری یەکتری دابڕان، کوڕە گەنجەکان رووتکرانەوە و جیاکرانەوە و پیرەمێردەکانیش بەجیا زیندانیکران و ژن و منداڵیش بەجیا زیندانیکران.

لەوێ، دوای چەند هەفتەیەک خەڵکی بەپێی تەمەن و رەگەز جیاکرایەوە، بەتەمەنەکان بە پیرەمێرد و پیرەژنەوە جیاکرایەوە و ئێمەش لەگەڵ دایکمدا بەر ئەو گروپەکەوتین گواسترایینەوە بۆ نوگرەسەلمان کە زۆرترین ماوەمان تێدا بەسەربرد.

## پێشەکی:

مێژووی مرۆڤایەت پڕە لە جەور و ستەم و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەمەبەستی قرکردن و لەناوبردنی میللەتێک یان گەلێک بۆ هەر مەبەست و ئامانجێ. سەدەی بیست دادەنرێت بە سەدەی جینۆساید کە زۆرترین تاوانی دژبەمرۆڤایەتی تێیدا روویداوە[1]، بەشێکی زۆری ئەو تاوانە دژبەمرۆڤانە بەر گەلی کوردی ستەمدیە کەوت لە هەر پارچەیەک لە پارچەکانی وڵاتە پارچەکراوەکەماندا. لە کۆتایی سەدەی رابردوودا رژێمی بەعس شاڵاوی جینۆسایدکردنی میللەتی کوردی دەست پێکرد بە خاپورکردن و سوتانی خاک و کیمیابارانکردن و ئەنفالکردنی گیاندار و بێگیان، بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی سوتماککردنی خاک لە کوردستان، ئەمەش وایکردووە هەر تاکێکی کورد چیرۆکێکی تایبەت بە خۆی هەبێ لە هزریدا و ئەو تاوانانەی تێدا تۆمارکرابێ و ببێ بە شایەتحاڵی کەیسێ لە کەیسەکانی جینۆسایدی کورد.

مێژوو جارێکیتر ئەوەشی تۆمارکرد کە دەستپێکی سەدەی بیست و یەک جینۆسایدکردنی گەلی کوردبوو و تێیدا هەزاران کوردی ئێزیدی جینوسایدکران و بە بەرچاوی هەموو دونیا و لە زوومی کامێراکانەوە و بە چاوی خۆیان تاوانەکەیان بینی و لە هزریان تۆماربوو و بوون بە شاهیدی ئەو تاوانە کە چۆن کورد جارێکیتر بوون بە قوربانی هەمان ئەقلییەتی رەگەزپەرستی و کۆنەپەرستی ئەو کەسانەی کە پێشتر لە کۆتایی سەدەی بیستدا تاوانەکانی جینۆسایدیان ئەنجامدا دەرهەق بە گەلی کورد، چونکە شوێن پەنجەیان کەوتووە لە دووبارە ئەنجامدانی تاوانەکەدا بەهەمان شێوە و کەرەستە و تائێستاش هەمان بیر و ئەقلییەت و پەیرەو بەردەوامە و کۆتایینەهاتووە.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوە ئەم دوو خاڵەی خوارەوەیە:

1. خستنەرووی بەشێک لە تاوانەکانی شاڵاوی جینۆسایدکردنی کورد (ئەنفال)
2. بەدۆکیومێنتکردنی بەشێک لەو تاوانانەی کە رژێمی بەعس ئەنجامیداوە دژ بە گەلی کورد ئەنجامیداوە لە چاوی نووسەرەوە وەکو شاهیدحاڵێک کە بەچاوی خۆی بەشێکی ئەو تاوانانەی بینیوە بەمەبەستی سودوەرگرتن لە زانیارییەکان بۆ کەیسی ئەنفال

## شێوازی توێژینەوە:

شاڵاوی جینۆسایدکردنی کورد (ئەنفال) هەرچی لەسەر بنووسرێ حەقی خۆی پێنادرێت، بەشاهیدحاڵێک یان زیاتر ناتوانرێت وێنای راستەقینەی ئەو تاوانە گەورەیە نیشان بدرێت، چونکە وێنای راستەقینەی تاوانەکە زۆر

زۆر لەوە گەورەترە، بەڵکو دەکرێ بگوترێ هێندەی قەبارەی تاوانەکە گەورەیە. لەبەر ئەوە ئەم کارە دەبێ لەلایەن سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە جینوساید پشت بە دۆکۆمێنت و بەڵگەنامەکان ببەستێت. لەم توێژینەوەیەدا نووسەر هەوڵی داوە بە چڕی وێنای بارودۆخی بەشێکی ئەو شاڵاوە بخاتەڕوو کە لە هزریدا تۆمار بووە و دیمەنی ڕەوشی ناو شاڵاوەکە بە درێژایی ئەو ڕێگە و سەربازگە و بەندیخانانەدا کە شاهیدحاڵ پێیدا تێپەڕیوە یەک لە دوای یەک بگوێزێتەوە و بگێڕێتەوە، بەم شێوەی لای خوارەوە:

1. گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە ڕەچاوکردنی شوێنی جوگرافیی و کات کە هەردووکیان هاوتەریبی یەک بوون.
2. کێشانی نەخشەی ئەو شوێنانەی نووسەر وەکو شاهیدحاڵ بەسەریدا ڕۆشتووە لە شاڵاوەکەدا

کێشانی نەخشەی پێکهاتەی بینای نوگرە سەلمان بە بەکارهێنانی وێنەی مانگە دەستکردەکانی کویکبێرد 2006 و Landsat 8 [2] و Google Earth[3] بەمەبەستی خستنەرووی بەشە سەرەکییەکانی بیناکە کە پڕبوون لە چیرۆکی تراژیدیا و زوڵمی ڕژێمی بەعس.

شێوەی ژمارە (1): فلۆچارتی ئەو شوێنانەی شاهیدحاڵ پێیدا تێپەڕ بووە لە شاڵاوی ئەنفال.




سەرچاوە: کاری توێژەر

**شوێنی لە دایکبوون:**

**ناوی تەواو (سەرکەوت غازی سالار)ە و لەدایکبووی ساڵی 1978م لە دێی کارێزی سەربە ناحیەی جەبارەی لە قەزای کفرییە. هەتا پۆلی چواری سەرەتای لە دێی کارێز خوێندویەتی و لەگەڵ خێزانەکەی ماوەتەوە. لە ساڵی 1986 دوای ئاشکرابوونی ناوی باوکی وەک ئەندامێکی رێکخستنە نهێنییەکانی شۆرش لە لایەن رژێمی بەعسەوە، خێزانەکەی پەرتەوازەبوو و هەر یەکەو لە ماڵی خزم و کەسوکارێکدا خۆی حەشاردابوو. بۆیە لە ساڵی 1987 بەشێکی خێزانەکەی دەرچوو بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی شۆڕش و لە دێی بنەکە جێگیربوون و بەشێکی دیکەی خێزانەکەی لە گەڕەکی گازینۆی قەزای کەلار نیشتەجێبوون کە ئەوکات مامی (عبدالسلام سالار) سەرپەرشتی دەکرد و رژێمی بەعس زوو بانگهێشتی لێکۆڵینەوەیان دەکرد.**

**دێی بنەکە:**

**لە هاوینی ساڵی 1987دا وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا بەشێکی خێزانەکەی دەرچوون بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی شۆڕش کە خۆشی لەگەڵیان بوو و لە دێی بنەکە جێگیربوون. بە درێژایی رێگەی چوونمان بۆ دێی بنەکە زاراوەی نوێ بە گوێیدا دەهات، لەوانە ناوی دێهاتەکانی گەرمیان وەکو (درۆزنە و سماق).**

**لە دێی بنەکە بۆ ماوەیەک لە ماڵی کوڕێکی خزمی مانەوە تا شوێنێکیان دەستکەوت و بوون بە دراوسێی ماڵی شێخ کاکە حەمەی بنەکە و کوڕەکانی و هەرزوو خۆی و براکانی بوون بە هاوڕێی کوڕ و کوڕەزاکانی شێخ کاکە حەمە، هەر ئەو پەیوەندییەش وایکرد تا بەندیخانەی نوگرەسەلمان و رۆژی دەرچوونیان لە بەندیخانە هەر پێکەوەبن کە بریتی بوون لە شێخ کاکە حەمە و دادە نەزیری خێزانی و هاجەری کچی کە لە تەمەنی نوسەردا بوو، لەو خێزانە گەورەدا تەنها هاجەر و دایکی لەژیاندا ماوە.**

**تا دەستپێکردنی شاڵاوی جینۆسایدی کورد (ئەنفال) لە دێی بنەکەبوون و بووە قوتابی پۆلی پێنجی سەرەتایی لە قوتابخانەی شۆڕش لای مامۆستا مەلا ئاوارە و بە سروودی نەتەوەیی و نیشتمانی ئاشنابوو وەکو سرودەکانی ئەی رەقیب و خوایە وەتەن ئاواکەی و .....هتد.**

**لە سەرەتای ساڵی 1988دا فشارەکانی سوپای رژێمی بەعس لەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی شۆڕش لە زیادبووندابوو و باسی شاڵاوی ئەنفالدەکرا و خەڵکی لە حاڵەتێکی دەروونی خراپ و ترس و دڵەراوکێی دەژیان. شاڵاوی ئەنفال هەشت قۆناغ بوو و هەر قۆناغێک تایبەت بوو بە ناوچەیەکی کوردستان(4) (بڕوانە شێوەکانی ژمارە 2 و 3)، نووسەر لە گەرمیان بەر قۆناغی سێی کەوت لە شاڵاوی ئەنفال.**

**لە ئازاری ساڵی 1988دا باسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکرا لە هەڵەبجە، لە هەمان کاتدا سوپای رژێمی بەعس لە چەندین ئاراستەوە شاڵاوی ئەنفالیان دەستپێکردبوو، دوو لەو ئاراستانە لە ناوچەی گەرمیان لە دێی بنەکەوە بەدیدەکرا، یەکێکیان لە قادرکەرەمەوە بۆ ناوچەی داوێ و ئەویتریان لە سەرقەڵاوە بۆ ناوچەی زەنگەنە کە لە هەردوو ناوچەکە دوکەڵی سوتاندنی دێکان بەرزبووبووەوە و بە روونی دەبینران، ئەوەش وایکرد بەرەبەرە خەڵکی دێکانی ئەو نزیکە و دێی بنەکە چۆڵدەبوون و بەرەو قوڵایی گەرمیان دەچوون.**

شێوەی ژمارە (2): نەخشەی قۆناغەکانی شالاوی ئەنفال لە کوردستان و عێراق.




سەرچاوە:*http://www.rightsmaps.com/html/anfalbeg.html*

شێوەی ژمارە (3): نەخشەی قۆناغی سێی شالاوی ئەنفال لە گەرمیان.




سەرچاوە:*http://www.rightsmaps.com/html/anfalbeg.html*

**دێی کاکەبرا و پەلەوشک:**

دوای ئەوەی سوپای ڕژێمی بەعس لە ئاراستەی ناوچەی داودە و سەرقەڵاوە دەستیکرد بە سوتاندنی دێهاتەکان و بەرزبوونەوەی دوکەڵ و نزیکبوونەوەی، خەڵکی دەستیکرد بە چۆڵکردنی دێی بنەکە و نوسەریش لەگەڵ ماڵی شێخ کاکە حەمەدا دەرچوون بەرەو قوڵایی ناوچەی گەرمیان و بەسەر چەندین دێدا تێپەڕین وەکو دێی عەلیانی گەورە و بۆ شەوێک لە دێی کاکەبرا مانەوە و لەگەڵ ماڵی مام جەلال مەسۆیی لە ماڵێکدا بوون و هەر لەو دێیە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت لەگەڵ کوڕەکانی شێخ حسێنی هەزارکانی ئاشنابوون و یارییانکرد، هەروەها بۆ دوایین جار دکتۆر ئاتێلای بینی کە بەمەبەستی خواحافیزی هاتبوو.

لە کاتی دەچوونی لە دێی کاکەبرا، باوکی بینی کە ماوەیەک نەیبینی بوو و ئەوکات تەندروستیشی باش نەبوو، لەگەڵ دایکی و کاک هەژاری برایدا لە باوکی پاڕانەوە بە مان و نەمان لەگەڵ خۆیدابن ، بەڵام باوکی گوتی "لەگەڵ ماڵی کاکە شێخدابن بە مان و نەمانتان" بۆیە هەر لەگەڵ ماڵی شێخ کاکە حەمە مانەوە و دواتر بەڕێکەوتن بۆ دێی پەلەوشک.

**دێی ملەسوورە:**

دوای شەوێک مانەوە لە دێی پەلەوشک، لەگەڵ ماڵی کاکە شێخدا بەڕێکەوتن بۆ دێی ملەسورە و پێش نیوەڕۆ گەشتن بە دێکە. زۆربەی خەڵکی گەرمیان لە دێی ملەسورە کۆبووبوونەوە و هەمووی چووبووە یەکدا بەشڵەژاوی و ترس و دڵەڕاوکێ و هات و هاوار و گریان، سوپای ڕژێمی بەعس جاش دەوری خەڵکیاندا لەسەر زەوی و فرۆکەش لە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕایەوە و کۆپتەرەکان زۆر بەنزمی دەسوڕانەوە و فرۆکەوانەکانی دەستیان بۆ خەڵکەکە ڕادەوەشان و لەو کاتەدا کوڕەکەی حەمەشڕە لەسەر تراتۆرەکەیەوە وتی "ئۆخەی ئۆخەی نەکردم، تەیارە سەلام بۆکردم".

بۆ دوای نیوەڕۆ و لە کەشێکی باراناویدا، سەرباز و جاش پێشڕەوی خەڵکیانکرد بۆ سەربازگە و بەندیخانەکانی ناوچەکە و هەر تراتۆرێک پاسەوانێکیان بۆ تەرخانکرد و بۆ تراکتۆرەکەی ماڵی شێخ کاکە حەمە کە نوسەر و خێزانەکەی تێدابوو سەربازێک دانرا بە پاسەوان بە مەبەستی دەربازنەبوونی خەڵکی بە درێژایی ڕێگەکەدا هەرچەندە خەڵکی هەبوو دەربازی ئۆدوگای زۆرەملێی ڕزگاری (صمود) بوون. سەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ گەشتنە بەندیخانەی قۆرەتوو دوای تێپەڕبوون بەسەر ئۆردوگار ڕزگاری و شاری کەلاردا.

**بەندیخانەی قۆرەتوو:**

دوای بڕینی ڕێگەی ملەسورە – ڕزگاری – کەلار، گەیشتن بە بەندیخانەی قۆرەتوو (بڕوانە شێوەی ژمارە 4) و لە دەروازەی بەندیخانەکە سەربازەکان تراکتۆرەکانیان کۆکردەوە و خەڵکیان داماڵی لە زۆربەی ئەو کەرەستە و خۆراکانەی پێیان بوو. سەربازەکان کەیف خۆشبوون و یاری و قۆچانیان دەکرد بە تراکتۆرەکان بە بەرچاوی خەڵکییەوە.

هەر لەو بەندیخانەیە پێش ناوتۆمارکردن دایکی ناوی سیانییانی گۆڕی و خۆیانکرد بە خەڵکی بنەکە کە سەربە قەزای کەلار بوو نەک کفری بەمەبەستی ئەوەی ڕژێمی بەعس نەزانێ کەس و کاری پێشمەرگەن و نەناسرێنەوە و

وەکو هەموو ئەو خەڵکەی کە دڵی منداڵەکانیان دەدایەوە، دایکی دڵی ئەدانەوە و دەیوت " مەترسن پشت بە خوا دەبەستین".

خەڵکی سودیان لە دەرگا و چوارچێوەی دەرگا دارییەکانی بەندیخانەکە بینی و بەکارهێنرا وەکو سوتەمەنی بۆ چای لێنان و چێشت لەو ماوەی کە لەو بەندیخانەیە مانەوە. لەو ماوەی کە لە بەندیخانەی قۆرەتوو بوون هەر لەگەڵ ماڵ شێخدابوون و جیانەبوونەوە. دوای ئەو ماوەیە بە ئیڤا و زیلی سەربازی هەموو ئەو خەڵکەی لە بەندیخانەکە بوو گواسترانەوە بۆ کەرکووک بە ڕێگای جەلەولا – جەبارە - مەفرەقی کارێز – دووز – کەرکوک و بە تەنیشت دێکەیاندا (کارێز) ڕۆشتین و تا ئەو کاتە خاپور نەکرابوو.

شێوەی ژمارە (4): پاشماوەی بەندیخانەی قۆرەتوو لە سنوری قەزای خانەقین.




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە بەرنامەی Google Earth

**بەندیخانەی تۆپزاوە لە کەرکوک:**

دوای ماوەیەک مانەوە لە بەندیخانەی قۆرەتوو، ڕژێمی بەعس هەموو خەڵکی ناو بەندیخانەکەی گواستەوە بۆ سەربازگەی تۆپزاوە لە کەرکوک. تا دەهات ترس و دڵەڕاوکێی خەڵکی زیادیدەکرد و کردەوە تاوانکارییەکانی ڕژێم توندتر دەبوو، لەم سەربازگەیەدا ناخۆشترین و دل هەژێنترین کاری پیاوانی بەعس ئەوەبوو لە گۆڕەپانی سەربازگەکە هەموو خەڵکی کۆکرایەوە و پیاوانی ڕژێم دەستیانکرد بە پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی خەڵکی بەپێی تەمەن و ڕەگەز، و لێرەدا خەڵکی کرا بە سێ گروپی سەرەکییەوە و بریتی بوون لە:

1. منداڵ و ژنان بە پیر و گەنجەوە
2. پیرەمێدەکان
3. گەنجان

هەرگروپێ بەجیا بەندکرا لە هۆڵەکانی ئەو سەربازگەیە و هەر هۆڵێک ئەوەندە پڕکرابوو لە خەڵکی کە هەناسەدانیشی ئەستەم بوو و بە زەحمەت خەڵکی دەیتوانی پاڵ بکەوێت، نوسەر لەگەڵ هەژاری برای و دایکی لەگەڵ منداڵەکانی بنەماڵەی شێخدا لە گەڵ گروپی یەکەمدا بەندکران و شێخ کاکە حەمە چونکە پیاوێکی بە تەمەن بوو لەگەڵ گروپی دووەمدا بەندکران و کوڕە گەنجەکان لە سەرووی پازدە ساڵەوە لەگەڵ گروپی گەنجان بەندکران. کوڕە گەنجەکان بە بەرچاوی خەڵکی و کەسوکاریانەوە لە جل و بەرگەکانیان داماڵران و روتکرانەوە و تەنها دەرپێیەکی کورتیان لە پێیان هێشتەوە و کرانە ناو هۆڵە روتەکانەوە و لەسەر زەوییەکی رەق دانران، تەنانەت قسەکردنیانیش لەگەڵدا قەدەغەکرا و خۆراکیشان پێنەئەدرا. یەکێ لەو کوڕە گەنجانەی نوسەر دەمناسیەوە و خزمی بوو عوسمانی مام خورشید بوو برای لوقمان و سامان کە ئێستا لە شاری هەولێر دەژین. جارێک ئەو کاک عوسمانە بە جوڵەی دەستەکانی ئاماژەی بەوەکرد کە برسییەتی و داوای خواردنی کرد و نوسەریش سەمونێکی بۆ برد و ویستی لە ژێر دەرگای هۆڵەکەیانەوە بیگەیەنێتە دەستی و نیوەی پێگەیاند و یەکێ لە سەربازەکان راوینا و لێم توڕە بوو کە ئەو کارە قەدەغەیە. سەمونەکە سەمونێ بۆری سەربازی (عەسکەری) و بازنەیی و خڕبوو کە لە لایەن پیاوانی سەربازگەکەوە بە ژن و منداڵەکان دەدرا لەگەڵ (قوصعە)ی سەربازی و لە ناو ئیڤاکانەوە دابەشدەکرا.

لەم سەربازگەیەدا ژنان بە پیر و گەنجەوە لە ترس و توقاندن و دڵەڕاوکێدا دەژیان و نەیاندەزانی بیر لە خۆیان بکەنەوە یان منداڵ و باوک و براو و مێردەکانیان و تەنانەت نەیان دەتوانی بە رۆژ سەرئاو بکەن لە ترسی پیاوانی بەعسدا و جێگەیەکی تایبەت نەبوو بۆ ئەو مەبەستە، بۆیە بە شەو دەردەچوون. لەو سەربازگەیەدا و لە هەمان هۆڵ جگە لە ماڵی شێخ کاکە حەمە کۆمەڵێ ناسیاری تری تێدا بوو، لەوانە بەشێک لە خێزانی وەستا شەریف (باوکی نازم و عەلی و یادگار و شەهید جاسم) هەروەها نەرمینی خێزانی مامۆستا ئیکرامی خزمی نوسەر (کە ئەو کات مامۆستابوو لە دێی عەلیانی بچووک)، سامانی کوڕیان لە تۆپزاوە پێی گرت و رەورەوهی پێدەکرد. هەر لە هەمان هۆڵدا فەزیيە (خێزانی حمە بچکۆلی کچەزای میم بەڵکیسی ئامۆزای باوکی)ی لێبوو لەگەڵ منداڵەکانی.

دوای نزیکەی هەفتەیەک مانەوە لەم سەربازگەیەدا، پیاوانی بەعس دەستیانکرد بە تۆمارکردنی ناوی خەڵکی و پرسیاری ناوی سیانی و تەمەنیان دەکرد. یەکێ لە پیاوانی بەعس کە کەسێکی باریک و درێژبوو و جلێ زەیتوونی لەبەر بوو، لە کورد دەچوو چونکە بە زمانی کوردی پەتی و پاراو قسەی دەکرد وبە شێوەی لای خوارەوە پرسیارەکانی لە دایکی نوسەر دەکرد و گفتوگۆیکرد:

پیاوە بەعسییەکە:میمی ناوت چییە؟

دایک (کە ناوی هەرسێکیانی گۆڕیبوو): "ناوم سەلمە احمد حسن"ە

پیاوە بەعسییەکە: میمی تەمەنت چەندە؟

دایک: تەمەنم 50 ساڵە

پیاوە بەعسییەکە: میمی هێواش لەسەرخۆت بەزەییەکت بە منداڵەکانتا بێتەوە

نوسەر و هەژاری برای و دایکی نەیاندەزانی بۆ پیاوە بەعسییەکە بەو شێوەیە قسەیکرد و دواتر و نوسەر و هەژاری برای چاویان لێبوو لە ناو دەفتەری تۆمارەکە (سجل) نووسی چل و پێنج (45) ساڵ.

ئەوەی جێی تێبینی بوو پیاوانی بەعس بە پێی جلەكانیان دەتوانرا جیابكرێنەوە، زۆربەی ئەمنەكان جلی زەیتونی و هەندێكیان جلی مەدەنیان لەبەربوو و كەسانی سەربازی جلی سەربازیان لەبەربوو و ئەفسەرەكانیان روتبەیان لەسەر شانبوو وەكو یەك ئەستێرە و داڵ و ئەستێرە و داڵیش پێكەوە بەڵام پۆلیس جلێكی خاكیان لەبەر بوو و رەنگی روتبەكانیان زیوی بوو و هەندێكیان روتبەكان بە یاخەكانیانەوە بوو.

بۆیە ئەو رۆژەی ژن و منداڵەكانیش بە پێی تەمەن لەیەك جیاكرانەوە ئەفسەرە سەربازییەكان و ئەمنەكان ئەنجامیاندا لە هۆڵەكان و بە شێوازێكی نامرۆڤانە، یەكێ لەو دیمەنانەی بیر ناچێتەوە و لە هەمووی زیاتر، كردەوەی ئەفسەرێكی سەربازی بوو كە داڵ و ئەستێرەی لە سەرشان بوو و كەمێك قەڵەو و دەنگ گڕبوو و هاتە ناو هۆڵەكە لەگەڵ كۆمەڵێ كەسی تردا و بە حەیزەرانەكەی دەستی و پۆستاڵەكانی پیرەژنەكانی جیادەكردەوە. یەكێ لە پیرەژنەكان كە ناسراوبوو و خەڵكی بنەكەبوو، ئەفسەرەكە بە شێوەیەكی زۆر دڕندانە بەربووە گیانی ئەو پیرەژنە و بە حەیزەرانەكەی دەستی دەیدا بە سەر و پشتی و دەریكردە دەرەوەی هۆڵەكە.

نوسەر و براكەی لە دایكی جیاكرانەوە و دواتر گەڕێنرانەوە بۆ لای دایكی و ئینجا لەگەڵ كۆمەڵێ خەڵك خرانە ناو ئۆتۆمبێلێكی داخراو و هیچ جامێكی پێوە نەبوو و رەنگی سپی بوو و لە شێوە ئۆتۆمبیلی فریاكەوتن بوو و ناوی زۆر گەرم بوو و عارەقیان كرد تێیدا. دوای ماوەیەك لەو ئۆتۆمبێلە دەرهێنران و خرانە ناو ئۆتۆمبێلێكی ترەوە كە پاسێكی زەرد بوو و جامی پێوەبوو و دەرەوەی جامەكە تەنرابوو بە ئاسن لە شێوەی تۆڕ و ئۆتۆمبێلەكە وەكو قەفەسی لێهاتبوو ئەوەش بە مەبەستی دەربازنەبوونی هیچ بەندكراوێك، هەر ئۆتۆمبێلێكیش سەربازێكی بۆ دانرابوو و لای دەرگاكەوە دانیشتبوو.

لای خەڵكی روونبووەوە كە لە سەربازگەی تۆپزاوە دەردەكرێن و دەگوازرێنەوە، كە بووبووە مایەی بەرزبوونەوەی ئاستی ترس و دڵەڕاوكێ لە نێویاندا. كە لە سەربازگەی تۆپزاوە بەرێكران ، خەڵكی دەترسان و دەیانگوت فڕێ دەدرێنە ئاوەوە (شەت) و دەمانكوژن، دوای ئەوەی كە لە كەركوك دەرچووین خەڵكی ناو پاسەكە باسی ئەوەیان دەكرد كە پاسەكان كام رێگە دەگرنەبەر و دەترسان بە رێگەی تكریتدا بڕوات و كە زانیان بە رێگەی تكریتدا نەرۆشتن پێیان خۆشبوو بەڵام كە رۆشتنی پاسەكان درێژەی كێشا ئینجا دەیانوت فڕێ دەدرێنە ئاوەوە (شەت) نوسەریش نەیدەزانی بۆ وا دەڵێن. چەندین كاتژمێر بە رێگەوە بوون و پێڵاوەكی لاستیكی لە پێدابوو و تێیدا پێی ئاوسابوو و تەسك بووبووە لە پێیدا. بگەشتنایەتە هەر شارێك خەڵكی دەزانی ئەوە كوێیە وەكو گەیشتن بە بەغدا و حلە و دیوانییە و سەماوە. لە یەكێ لەو شارانە وەستان بۆ ماوەیەكی كورت و وتیان ئەمە دیوانییەیە و بیری نایەت چۆن دەزانرا گەیشتوون بەچی شارێك، ئایا بە تابلۆكان بوو؟ ئەمنەكان ئەیانوت؟ بیرم نایەت.

بۆ دەمەوبەیان كە تازە ئاسمان رۆشن دەبووەوە گەشتن بە بینایەكی گەورەی هاوشێوەی بینای بەندیخانەی قۆرەتوو و لەسەر دەروازەكەی نووسرابوو (نقرە سلمان).

## بەندیخانەی نوگرەسەلمان:

دوای رێگەیەكی دوور و درێژ گەشتن بە بەندیخانەی نوگرەسەلمان كە هێشتا ئاسمان تاریك و رۆشن بوو و ناوی بەندیخانە هێشتا رۆشن نەبووبوو و لە یەكێ هۆڵەكانی بەندیخانەكە مانەوە تا رۆژبوونەوە. سەرەڕای تینوێتی و برسێتییەكی زۆر خەڵكی هەر لە ترس و بارێكی دەروونی خراپدابوو و تادەهات كردەوە نامرۆڤانەكانی بەعس

دەرهەق بە خەڵکی رووی لە زیادبوون بوو بێ بەزەییانە وەکو ئەوەی ئەم نامرۆڤانە خاوەنی نە دایک و باوک و براو و خوشک و منداڵ و کەسوکار نەبن و لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتبن و بەو شێوازە دڕندانە مامەڵە بکەن، هەموو قۆناغێکی گواستنەوە دابڕانی لەگەڵ دەبوو، دابڕانی ژن و مێرد، دابڕانی دایک و باوک لە منداڵ، دابڕانی خوشک و برا، دابڕانی کەسوکار، بۆ نموونە کوڕێکی هاوڕێی هەبوو لە قوتابخانەکەی بنەکە پێکەوە بووین و لە بنەچەدا خەڵکی کوڵەجۆ بوو و یەکێ لە براکانی ناوی مەردان بوو پێشمەرگە بوو و خۆشی ناوی گەیلان بوو، لە سەربازگەی تۆپزاوە بەجێما و دابڕا و دایکی گەشتبووە نوگرەسەلمان. هەندێ خەڵکی هەبوون لە شارەکانەوە هاتبوونە سەرجادە و ڕێگەکان بە مەبەستی بەپیرەوەچوونی کەسوکاریان بەڵام بەعس گرتبوویانی خسبوویانە بەر شاڵاوی جینۆسایدی کورد (ئەنفال) و گەشتبوونە نوگرەسەلمان، لەوانە پیاوێ خەڵکی کفری بوو بە ناوی مام احمد (باوکی حسن و حسین) وتا ئێستا لە ژیان ماوە و لەگەڵ کوڕەکانی لە ناو بازاڕەکە قەزای کفری کار دەکات.

کە رۆژبووەوە خەڵکی بە تەواوی بۆی روونبووەوە کە تووشی چی دابڕانێک بووە و بە چاوی خۆیان بینییان زۆربەی زۆری ئەو خەڵکەی هێنرابوونە نۆگرەسەلمان بەتەمەنەکان بوون، منداڵ بەشێکی زۆر کەمی خەڵکی پێکئەهێنا.

دوای ماوەیەک دایکی نوسەر دادە نەزیری هاوسەری شێخ کاکەحەمە و هاجەری کچی دۆزییەوە کە لەگەڵ دادە زەینەبی خوشکی شێخ حسێنی هەزارکانی بوون و شێخ کاکە حەمەش کەوتبووە هۆڵی پیاوان لە تەنیشتیانەوە و هەردوو هۆڵەکە کەوتبوونە ئەو دیوەی بینای بەندیخانە کە رووی لە قەزای سەلمان بوو و لە ناوەڕاستی قاتی دووەمی نزیک پلەکانەکان و چوون بۆ ئەوێ و لەوێ جێگیربوون (بڕوانە شێوەی ژمارە 5). هۆڵی پیرەمێردەکان جیابوون لە هۆڵی پیرەژن و منداڵەکان و هەر دوو هۆڵ و پیرەمێردێک لە بەندکراوان کرابوو بە سەرپەرشتیاریان، سەرپەرشتیاری ئەو دوو هۆڵەی خێزانی نوسەر و ماڵی شێخی تێدابوو، مام احمد بوو کە لەسەرەوە ئاماژە پێکراوە.

شێوەی ژمارە (5) شوێن و پێکهاتەی بەندیخانەی نوگرەسەلمان لە پارێزگای سەماوە.




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە وێنەی مانگی دەستکردی (Landsat8) و کویکبێرد 2006

هەموو خەڵک لە کۆستی گەورەدابوون و ڕۆژانە ئەوەی یەکی بناسیبایە سەردانی یەکتری دەکرد و هەریەکەو باسی چیرۆکی خەمناکی خۆی دەکرد و لەگەڵ ئەوەشدا دڵی یەکتریش دەدرایەوە و هەر دوعا و نزا دەکرا و لە خوا دەپاڕانەوە بۆ ئەوەی لەو میحنەت و زوڵم و زۆردارییە ڕزگاربن.

ئەو کاتەی گەشتن بە نوگرە سەلمان مانگی ڕەمەزان بوو و ئێواران چێشت دابەشدەکرا لە لایەن سەرپەرشتیاری هۆڵەکان و هاوکارانی. دابەشکردنی خۆراک بەردەوام بوو هەتا کۆتایی مانگی ڕەمەزان، بەتەواوبوونی مانگی ڕەمەزان پیاوانی بەعس پڕۆپاگەندەی ئازادکردنی خەڵکیان بڵاودەکردەوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی هەموو کەرستەیەکی چێشت لێنان و خواردن و خەڵکیان هاندا بۆ کۆکردنەوەی ئەو کەرەستانە. هەر دوای کۆکردنەوەی کەرەستەکان درۆکەی پیاوانی بەعس دەرکەوت و خواردن نەما و مەبەست لە کردەوەکەیان برسیکردنی خەڵکی بوو.

لە دوای مانگی ڕەمەزانەوە ڕۆژانە سێ سەمونی باریک و بێ خوێی جیرپیان پێدەدا و بە زۆر ئەجوێنرا و ئەچووە خوارەوە بۆ گەدە. ئاو بە تەنکەرە زەرد و پرتەقاڵییەکان دەهێنرا پیس و گەرمبوو و کەس نەیدەزانی لە کوێوە هێنراوە و جارجاریش لە چڵکاو دەچوو. بە تێپەڕبوونی کات برسێتی و ئاوی پیس و سپێ و ڕشک کاریگەرتر دەبوو و خەڵکی لاوازکردبوو و تەنها ئیسک و پێستە مابوو بە لەشەوە و پەراسو لە ژێر پێستەوە دەرکەوتبوو. تەندروستی خەڵکی تادەهات خراپتردەبوو و دەمردن. نوسەر لە نوگرە سەلمان سورێژەی گرت و ئەو کەسانەی شتێکیان لابووایە دەیاندا بە کەسە زۆر لاواز و نەخۆشەکان. کۆمەڵی کەس یارمەتی نوسەر و خێزانەکەیدا، لەوانە دادە نەزیری خێزانی شێخ کاکە حەمە و دادە زەینەبی خوشکی شێخ حسینی هەزارکانی و مام مەحموی هەوارەبەرزە و مام احمدی سەرپەرشتیار و کاک احمد و کاک پەروێزی هاوڕێیانی کاک هەژاری برای. کاک احمد کاسبە و ئێستا لە کەلارە و کاک پەروێزیش لە دەستەی پاسەوانەکانی مام جەلال بوو لە بەغدا.

زۆربەی ڕۆژەکان دەرگای ڕێڕەوی هۆڵەکان کراوەبوو تا کاتژمێری نۆی شەو. خەڵکی بە شێوەیەک گوزەرانی خراپبووبوو تاقەتی جوڵەشی نەمابوو. خەڵک هەبوو جلوبەرگیشی نەبوو لە بەریکات، حەمە جوجە جلوبرگی لەبەرنەما و خەڵکی گونییان لەبەریکرد.

تەندروستی و مردن باڵی کێشابوو بەسەر خەڵکیدا و هەر ڕووی لە زیاد بوون دەکرد. هەرکەس بمردایە بەپێی ڕێوڕەسمی ئیسلامی نەدەخرایەڕێ تەنانەت لە ناشتنەکەشیدا، ئەمانەش لەبەر کۆمەڵێک هۆکار:

1. لەبەر نەبوونی هۆکارەکانی پاککردنەوە و شۆردن، سپێ و ڕشک ببوون بە هۆکارێک بۆ گواستنەوەی نەخۆشی.
2. مردوو نە دەشۆرا و نە کفن دەکرا لەبەر نەبوونی ئاوی پێویست و سابون و قوماش، هەندێ جار ئەگەر تۆزێ ئاو بکرایەتە سەر لاشەی مردووکە ئەویش ئەگەر هەبوایە.
3. کەسی مردوو دەخرایە سەر عەرەبانەیەکی تەختەی (هاوشێوەی عەرەبانە دەستییە کۆنەکانی شاری کفری) و لە دەرگای باشوری ڕۆژهەڵاتەوە بە چەندکەسێک دەبرایە دەرەوە و کەمێ دووردەکەوتنەوە و دەیانێژا. ناشتنی مردووەکان نەک بە شێوازی ئیسلامیانە نەبوو، بەڵکو بە شێوەیەکی نامرۆڤانە دەنێژرا. سەرەڕای بێهێزی و لاوازی ئەو کەسانەی دەرۆشتن بۆ ناشتنیان ئەیانوت زەوییەکە زۆر ڕەقە و هەڵناکەندرێ و ناتوانرێت لە نیو مەترێک زاتر چاڵبکرێت بۆیە ئاژەڵ بە ئاسانی دەریدەهێنا و دەیخوارد. لەم کارەشدا بەعسیەکان هیچ هەستێکی مرۆڤایەتییان تێدا نەبوو و تەنانەت مردنێکی ئیسلامییانە بە خەڵکی بە ڕەوانەدەزانێ و هیچ یارمەتییەکیان نەئەدا نە بە دابینکردنی کەرەستەی هەڵکەندن و نە دیاریکردنی شوێنی گونجاو بۆ مردووەکان.

لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە ئەیانوت (مدیر امن) کە ناوی (عەجاج) بوو رۆژانە بۆ چەندین جار خۆی دەشۆرد لەترسی پیسی و نەخۆشی. عەجاج کەسێکی دڵ دەق و زاڵم بوو و خەڵکی بەسرە بوو و سۆپەرێ سووری پێبوو. لە سەرووی ئەم هەموو موعانەتەی خەڵکەوە لە بەندیخانەی نوگرەسەلمان، ئەمنەکان سزای خەڵکیشیان دەدا بە لێدان و بەستنەوەیان بە شیشی بیناکە و عەمودی گڵۆپەکان و لە بەیانییەوە تا ئێوارە لەبەر خۆر و ئەو کەشە زۆر گەرمە و بێ ئەوەی دڵۆپێ ئاوی پێبدرێت و بێ هێچ بەزەییەک. گۆڕەپانی بەندیخانەکە کرابوو بە چوار بەشەوە و بەزۆری خەڵکی لە بەشی باکوری خۆرئاوا دەبەسترایەوە چونکە زۆرترین تیشکی خۆری بەردەکەوت. دوای چەندمانگێک مانەوە لە بەندیخانەی نوگرە سەلمان، ئەوەی زۆر بەتەمەن و پەککەوتە بووایە ناوی تۆماردەکرا بەپێی پارێزگا و قەزا و دەیانوت ئازاد دەکرێ.

## گەڕانەوە:

وەکو لە بەشی سەرەوە ئاماژەی پێکرا دەستکرا بە ناو تۆمارکردن بەمەبەستی ئازادکردن بەپێی پارێزگا و قەزا. خەڵکی لەم ناو تۆمارکردنە دەترسان و سڵیان دەکردەوە و ئەیانگوت ئەمە بۆ لەناوبردنە. ئەوەی بە بیری نوسەر دێ لە وەجبەی یەکەم ناویان تۆمارنەکرا بەڵام لە وەجبەکانی دواتر ناوی خۆی و هەژاری برای و دایک تۆمارکرا و جیاکرانەوە و لە گەراجی ئۆتۆمبێلەکان بۆ ماوەیەک مانەوە و ئینجا بە هەمان شێوەی هاتنیان بۆ نوگرەسەلمان، پاس هات و لە هەمان رێگەی پێشوو گەڕێنرانەوە بۆ سەربازگەی تۆپزاوە. لە کاتی گەڕانەوەدا زۆر دەترسان و هەر سەیری دوواوەی رێگەکەیان دەکرد نەوەک عەجاج دوایانکەوێ و بیانگرێت، ئەو رۆژەی لە نوگرە سەلمان ئامادەکران بۆ دەرچوون، عەجاج و سۆپەرە سورەکەی لە شوێنی حەوانەوەی نەبوو و لە نوگرە سەلمان نەبوو.

کاتی گەیشتن بە سەربازگەی تۆپزاوە لە کەرکوک، سەربازەکان دەیانزانی خەڵکی زۆر برسییەتی لە پەنجەرەکانەوە هەندێک خواردنیاندا بە خەڵکی و خواردنەکە گۆشت و برنج بوو و بوو بە قەرەباڵغی لە دەوری. شەوێک لە سەربازگەکەماینەوە و بۆ بەیانییەکەی بە پاس گواسترایننەوە بۆ سلێمانی و لە یاریگای چوارباخ کۆکرایینەوە و خەڵکی سلێمانی هەر کە زانیان خەڵکی ئازادکراوە و بە خواردنەوە هاتن بۆ لایان. دوای ماوەیەکی کورت لە یاریگاش بەپێی قەزا رێکخران و خرانە ناو پاس و ئەمانیش خرانە ناو پاسەکانی کەلار بەپێی خواستی خۆیان. لە کاتی گەڕانەوەیان بە شاری دەربەندیخاندا، خەڵکی شوتییان دەکردە ناو پاسەکانەوە وەکو بەشێک لە دەربڕینی خۆشی.

لە کەلار لە بنکەی پۆلیس دانران و داوای کەفیل دەکرا بۆ ئازادکردنیان. خزمێکیان بە ناوی حەمە بچکۆلەوە (کە لە بەشەکانی سەرەوە ناوی هاتبوو و دایکی ئامۆزازای نوسەرە) بوو بە کەفیلیان هەواڵی هاوسەرەکەی و منداڵەکانی دەپرسی، دایکی نوسەر پێیگوت "هەتا تۆپزاوە بەیەکەوە بووین و دواتر لەیەک جیاکرایننەوە و ئێمەیان برد بۆ نوگرەسەلمان و ئاگامان لەیەک نەما". دوابەدوای دەچوون لە بنکەی پۆلیسی کەلار، گەشتنە ماڵی میمکی خالیدە (خوشکی باوکی) و دوای ئەوە لە ئۆردوگای رزگاری خۆیان شاردەوە.

**دەرئەنجام:**

**بینین و بەرکەوتنی شاڵاوی جینۆسایدی کورد (ئەنفال) کە هەموو چرکەیەکی چیرۆکێ تراژیدی تاکێکی کوردبوو و ئەم توێژینەوەی لێبەرهەماتووە، نوسەر گەشتووە بە دەرئەنجامێکی زۆر، بەڵام بۆ ئەم توێژینەوەیە پوخت دەکرێتەوە لە چەند خاڵێکدا:**

1. **لە کۆتایی سەدەی رابردوودا رژێمی بەعس شاڵاوی جینۆسایدکردنی گەلی کوردی دەست پێکرد بە خاپورکردن و سوتانی خاک و کیمیابارانکردن و ئەنفالکردنی گیاندار و بێگیان، بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی سوتماککردنی خاک لە کوردستان، ئەمەش وایکردووە هەر تاکێکی کورد چیرۆکێکی تایبەت بە خۆی هەبێت لە هزریدا و ئەو تاوانانەی تێدا تۆمارکرابێ و ببێت بە شایەتحاڵی کەیسێ لە کەیسەکانی جینۆسایدی کورد.**
2. **بەعسییەکان بە هەموو شێوەیەک قرکردن و پاکتاوی نەژادی و رەگەزیان ئەنجامدەدا دژ بە گەلی کورد دوور لە هەموو بەهایەکی مرۆڤانەوە، بەشێوەیەک لە دونیادا بێ هاوتابوو.**
3. **بەعسییەکان پیروپەکەتە و بەتەمەنەکانیان رەوانەی بەندیخانەی نوگرەسەلمان کرد، بۆ ئەوەی دووچاری مردنێکی لەسەرخۆ بکرێنەوە بە برسیکردن و نەخۆشی لە بیابانە گەم و وشکەکانی باشور عێراق، بە شێوەیەک چێژیان لە شێوازی مردنی خەڵکی دەبینی.**
4. **پیاوانی بەعس بەمردنی خەڵکیش دەستبەرداری دڕندەیی خۆیان نەدەبوون، تەنانەت ناشتنێکی موسڵمانانەشیان پێڕەوانەدەبینی.**
5. **ئەو کەسانەی ئازادکران لە چوارچێوەی سیاسەتی چەواشەکاری بەعسدا تێنەدەپەڕی، بەوەی کە کەسی ئەنفال نەکردووە و بگرە ئازادکراون و ژیانی شاری بۆ دابینکردوون.**
6. **ئەقلییەتی رەگەزپەرستی و کۆنەپەرستی ئەو کەسانەی کە پێشتر لە کۆتایی سەدەی بیستدا تاوانەکانی جینۆسایدیان ئەنجامدا دەرهەق بە گەلی کورد، لە سەدەی بیست و یەکدا بەردەوامی هەیە**
7. **خاپورکردنی ئەو بەندیخانە و سەربازگانەی کە رژێم بەکاریهێنا لە شاڵاوەکانی جینۆسایدی کورد (ئەنفال) و نەپارێزرا وەکو شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکانی بەعس بۆ ئەوەی پیشانی نەوە یەک لە وای یەکەکان بدرێت.**

**سەرچاوەکان:**


1. Weitz E. D., 2003, A Century of Genocide – Utopias of Race and Nation, Princeton University Press, New Jersey, 369p.
2. U.S. Geological Survey's (USGS), Earth Resources Observation and Science (EROS) Center.
3. Google Earth software 2017
4. Jones A., 2006, Genocide: A Comprehensive Introduction, Routledge Taylor & Francis Group, London, 457p.
5. http://www.rightsmaps.com/html/anfalbeg.html

http://garmian.edu.krd
https://doi.org/10.24271/garmian.72

# ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال و قەرەبوکردنەوەی زیانەکان
## توێژینەوەیەکی مەیدانی شیکارییە

خليل عبد القادر حسين
بەشی یاسا/زانکۆی گەرمیان

وريا علي خسرو
بەشی یاسا/زانکۆی گەرمیان

ڕێبوار محمد صالح
بەشی یاسا/زانکۆی گەرمیان

**پوختە**

پرۆسەی ئەنفال چەندین تاوان لە خۆ دەگرێت بە پێی یاساکانی مافی مرۆڤ و یاسا ناوخۆییەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان کەلە ساڵی 1988 دژ بەگەلی کورد ئە نجام درا کە بریتی بوو وێران کردنی (5000 )گوند وە ڕاگواستنی زۆرە ملێی گوند نشینەکان وبێسەرو شوێن کردن و کوشتن و زیندە بە چاڵ کردنی (182000 )کەس لە پیرو پەککەوتەو ژن و منداڵ وگەنج .

پرۆسەی ئەنفال یەکێکە لە تاوانە کۆمەڵکوژیەکان کە بەرامبەر بەگەلی کورد ئە نجام درا لەلایەن ڕژێمی بەعسی لە ناوچوو بە پێی پێوەرە یاساییەکان. چونکە هەرسێ پایەکانی تاوانی تێدایە (أركان الجريمه ) کەبریتین لە ڕوکنی مادی و مەعنەوی و ڕوکنی شەرعی ، وە لەم پرۆسەیەدا چەندین جۆر تاوانی تێدا بەدی دەکرێت وەك تاوانی دەست درێژی و پێشێل کاری بۆ مافەکانی ژیان و ئازادی وهاتن و چون وهەڵبژاردنی شوێنی نیشتە جێبوون و خاوەنداری لە پرۆسەی ئەنفالدا کەلە مادەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ ساڵی (1948 ) دان بەم مافانە نراوە و وەپێشێل کردنی ئەم مافانە بە تاوان دانراوە بەپێی مادەکانی ئەم جاڕنامەیە وە ئەنفال یەکێکە لەوتاوانانەی کەلەدەستوری عێراق ساڵی2005 ئاماژەی پێکراوە وە لە لایەن پەرلەمانی عێراق وکوردستان یاسای تایبەتی بە تاوانی کۆمەڵکوژی بۆ دەرکراوە.

### ڕەهەندە یاساییەکانی تاوانی ئەنفال

تاوانی ئەنفال یەکێکە لە تاوانە کۆمەڵکوژیەکان کە بەرامبەر بەگەلی کورد ئە نجام درا لەلایەن ڕژێمی بەعسی لە ناوچوو بە پێی پێوەرە یاساییەکان. چونکە هەرسێ پایەکانی تاوانی تێدایە (أركان الجريمه ) کەبریتین لە ڕوکنی مادی و مەعنەوی و ڕوکنی شەرعی ،وە یەکێکە لەوتاوانانەی کەلەدەستوری عێراق ساڵی2005 ئاماژەی پێکراوە وە لە لایەن پەرلەمانی عێراق وکوردستان یاسای تایبەتی بە تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال دەرکراوە.

وەئەم توێژینەوەیە کە توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە ئە نجامی دابەش کردنی ژمارەیەك لە فۆرم بەسەر کەس وکاری ئەنفال کراوان وئەوکەسانەی کە دوای ڕاگواستنیان بۆ ناوەراست و باشوری عیراق ئازادکراون ئە نجام دراوە لە ناحیەی

ڕزگاری و گوندەکانی دەوروبەری کەزۆرترین کەس وکاری ئەنفال کراویان تێدایە بە مەبەستی گەیشتن بەڕاستیەکان بەشێوەیەکی مەیدانی لەم بابەتانەی خوارەوە کە لە توێژینەوەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە کە لە دووباس پێك هاتووە وهەر باسێك دابەش دەبێت بۆ دوو تەوەر لەگەل کۆتایی بەم شێوەی لا خوارەوە

باسی یەکەم : بەجینوساید ناساندنی ئەنفال لە پەرلەمانی عێراق وکوردستان ومامەڵەی حکومەتی هەرێم وعیراق لەگەڵ کەسوکاری ئەنفال.

تەوەری یەکەم : بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال لە پەرلەمانی عێراق وکوردستان.

تەوەری دووەم: مامەڵەی حکومەتی هەرێم و عێراق لەگەڵ خاوەن ئەنفال.

باسی دووەم : تۆمار کردنی سکاڵا دژی تاوانبارانی ئەنفال و سزادانیان وە قەرەبوکردنەوەی کەس وکاری ئەنفال

تەوەری یەکەم :تۆمارکردنی سکاڵا دژی تاوانبارانی ئەنفال وسزادانیان

تەوەری دووەم :قەرەبوکردنی کەس وکاری ئەنفال.

## پێشەکی:

تاوانی ئەنفال یەکێکە لە تاوانە کۆمەڵکوژیەکان کە بەرامبەر بەگەلی کورد ئەنجام درا لەلایەن ڕژێمی بەعسی لە ناوچوو بە پێی پێوەرە یاساییەکان. چونکە هەرسێ پایەکانی تاوانی تێدایە ( أركان الجريمه ) کەبریتین لە ڕوکنی مادی و مەعنەوی و ڕوکنی شەرعی ،وە یەکێکە لەوتاوانانەی کەلەدەستوری عێراق ساڵی2005 ئاماژەی پێکراوە وە لە لایەن پەرلەمانی عێراق وکوردستان یاسای تایبەتی بە تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال دەرکراوە, وە هەروەها لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە بە تاوانی جینۆساید ناسێنراوە.

وەئەم توێژینەوەیە کە توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە ئەنجامی دابەش کردنی ژمارەیەك لە فۆرم بەسەر کەس وکاری ئەنفال کراوانی هەندێك لەوکەسانەی کە دوای ڕاگواستنیان بۆ ناوەراست و باشوری عیراق ئازادکراون ئەنجام دراوە لە ناحیەی ڕزگاری و گوندەکانی دەوروبەری کەزۆرترین کەس وکاری ئەنفال کراویان تێدایە بە مەبەستی گەیشتن بەڕاستیەکان بەشێوەیەکی مەیدانی لەم بابەتانەی خوارەوە کە لە توێژینەوەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە کە لە دووباس پێك هاتووە وهەر باسێك دابەش دەبێت بۆ دوو تەوەر لەگەل کۆتایی بەم شێوەی لا خوارەوە

باسی یەکەم : تاوانەکانی ئەنفال لە چوارچێوەی یاساکانی مافی مرۆڤ و یاساناوخۆییەکاندا و مامەڵەی عێراق و حوکمەتی هەرێم لەگەڵ کەس و کاری ئەنفالدا.

تەوەری یەکەم : تاوانەکانی ئەنفال لە چوارچێوەی یاساکانی مافی مرۆڤ و یاساناوخۆییەکاندا .

تەوەری دووەم: مامەڵەی عێراق و حوکمەتی هەرێم لەگەڵ کەس و کاری ئەنفالدا.

باسی دووەم : تۆمار کردنی سکاڵا دژی تاوانبارانی ئەنفال و سزادانیان وە قەرەبوکردنەوەی کەس وکاری ئەنفال.

**تەوەری یەکەم :تۆمارکردنی سکاڵا دژی تاوانبارانی ئەنفال وسزادانیان**

**تەوەری دووەم :قەرەبوکردنەوەی کەس وکاری ئەنفال.**

**باسی یەکەم**

**تاوانەکانی ئەنفال لە چوارچێوەی یاساکانی مافی مرۆڤ ویاسا ناوخۆییەکانی عیراق و هەرێمی کوردستاندا وە مامەڵەی عیراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ کەس وکاری خاوەن ئەنفال .**

**تەوەرەی یەکەم : تاوانەکانی ئەنفال لە چوارچێوەی یاساکانی مافی مرۆڤ ویاسا ناوخۆییەکانی عیراق و هەرێمی کوردستاندا.**

**تەوەرەی دووەم : مامەڵەی عیراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ کەس وکاری خاوەن ئەنفال .**

**تەوەرەی یەکەم**

**تاوانەکانی ئەنفال لە چوارچێوەی یاساکانی مافی مرۆڤ ویاسا ناوخۆییەکانی عیراق و هەرێمی کوردستاندا.**

**پرۆسەی ئەنفال چەندین تاوان لە خۆ دەگرێت بەپێی یاساکانی مافی مرۆڤ و یاسا ناوخۆییەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان کەلە ساڵی 1988 دژ بەگەلی کورد ئە نجام درا کە بریتی بوو وێران کردنی ( 5000 )گوند وە ڕاگواستنی زۆرە ملێی گوند نشینەکان وبێسەرو شوێن کردن و کوشتن و زیندە بە چاڵ کردنی ( 182000 ) کەس لە پیرو پەککەوتەو ژن و مناڵ وگەنج[1].**

**سەرەتای دەست پێ کردنی پرۆسەی ئەنفال بەدانانی ( علی حسن مجید ) دەست پێ دەکات بەفەرمانی کۆماری ژمارە( 160 ) لە بەرواری( 1987/3/29 )[2] لەلایەن ( صدام حسین ) وەك بەرپرسی سەربازی وئیداری و ئەمنی و هەواڵگری حزبی یەکەم لە هەرێمی کوردستان.**

**وە یەکەم بڕیار ( علی حسن مجید ) دەریدەکات بڕیاری ژمارە ( 4008 )[3] کەدەکرێت بە بڕیاری جینۆسایدی گەلی کورد دابنرێت وە ئەمە ناوەڕۆکی بەشێك لەبڕیارەکەیەتی :**

- **گوندەکان هەمووی بە ناوچەی قەدەغە کراو دادەنرێت لەلایەنی ئەمنیەوە ,کە شوێنی بەکرێگیراوی ئێران و تێکدەران و خائینەکانی عێراقن.**
- **لەو ناوچە قەدەغە کراوانەدا قەدەغەیە خەڵك و ئاژەڵ بمێنێت ,وەتەقە کردن لەو ناوچانەدا ئازادە بێ مەرج وەبەبێ ڕێنمای( تعلیمات ).**
- **قەدەغە کردنی هاتو چۆ لێرەوە بۆ ئەوێ وە قەدەغە کردنی کشتوکاڵ و پیشەسازی و ئاژەڵداری لەو ناوچانە وەلەسەر دەزگا پەیوەندیدارەکانە بە دواداچونی جدی بۆ ئەم مەبەستە بکات هەریەك بە پێی تاییە تمەندی خۆی.**

---

[1] ) بە پێی برگەی ( 4 ) لە مادەی ( یەکەم ) لە یاسای ژمارە ( 9 )ی ساڵی 2007 , ئەنفالکراو بریتیە لە هەرکەسێ ژیانی لەدەست دابێ یان زەرەری پێکەوتبێ یان تاکو ئێستا چارەنوسی لە ئە نجامی تاوانەکانی جینۆسایدکردن دژبە گەلی کوردستان نادیاربێ.

2 ) مرسوم الجمهوري المرقم(160) في (1987/3/29).

3 )قرار علي حسن المجيد رقم(4008)في(1987/6/20)

- حجز كردنی هەموو ئەو كەسانەی كە دەست گیر دەكرێت لەگوندەكانی ئەو ناوچانە وەلەلایەن دەزگا ئەمنیەكانەوە لێكۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەكرێت وە بڕیاری سێدارەیان بە سەردا جێ بەجێ دەكرێت.

وە لەجێ بەجێ كردنی ناوەرۆكی ئەم بڕیارەدا چەندین تاوان ئە نجام دەدرێت وە پێشێل كاری دەكرێت بەرامبەر یاساكانی مافی مرۆڤ ویاسا ناوخۆییەكان .

**یەكەم:- تاوانی دەست درێژی و پێشێل كاری بۆ مافەكانی ژیان و ئازادی وهاتن و چون وهەڵبژاردنی شوێنی نیشتە جێبوون و خاوەنداری لە پرۆسەی ئەنفالدا كەلە مادەكانی جاڕنامەی گەردوونی مافەكانی مرۆڤ ساڵی (1948)[4] دان بەم مافانە نراوە و وەپێشێل كردنی ئەم مافانە بە تاوان دانراوە بە پێی مادەكانی (17,13,9,5,3)**

بە پێی دەقی مادەی (3) (هەموو كەسێك مافی ژیان و ئازادی وئاسایشی خۆی هەیە).واتە بە پێیئەم دەقە هیچ كەس نابێت مافی ژیانی لێ زەوت بكرێت بەڵام لە پرۆسەی ئەنفالدا ئەم مافە گەلی كوردی لێ بێبەش كرا وە وە نزیكەی (182000)كەس كوژراون وە ئەمەش تاوانە بە پێی دەقی سەرەوەو وەبە پێی یاسای سزادانی عیراقی([5]) بە پێی ڕاپرسیەكە كە پرسیارئاراستەی كەسوكاری ئەنفالكراوان كراوە سەبارەت بە ڕێژەی سەدی ئەوكەسانەی كوژراون وبێ سەرو شوێن بوون لە پرۆسەی ئەنفالدا بەم ڕێیژیە بوو (25%) هەموویان كوژراون وەبێسەرو شوێنن، (75%) هەندێكیان كوژراون وبێ سەرو شوێنن.

بە پێی دەقی مادەی (5) (هیچ مرۆڤێك ئەشكە نجەو سزا نادرێت و ڕەفتاری توندو تیژ ودڕندانەی لەگەڵدا ناكرێت).

بە پێی دەقی مادەی (9) (نابێت هیچ مرۆڤێك بە شێوەیەكی ڕەمەكی بگیرێت ,دەست بەسەر بكرێت یان دوور بخرێتەوە).

وە بە پێی ڕاپرسیەكە دەركەوتوە كەسە ئەنفال كراوەكان كە گواستراونەتەوە بەزورەملێ بۆزیندان وئامێری گواستنەوەكەیان بریتی بووە لە (30%) زیل (ئیڤا) وە (55%) مەكینە ولە (15%) بەئامێری تر وەئەو جیگایانەی بو ڕاگوزراون بریتیە (25%) سەربازگە وە (5%) تەلبەن وە (75%) بۆ بەند یخانەی نوگرەسلمان.

وهەروەها بە پێ ڕاپرسیەكە ماوەی مانەویان لە زیندان وسەربازگەبریتی بووە (30%) سالیك كەمتر وە لە (5%) دووساڵ وە (10%) دووساڵ زیاتر بوە.

بە پێی دەقی بڕگەی (1) مادەی (13) (هەموو كەسێك ئازادی هاتن وچوون و هەڵبژاردنی شوێنی نیشتە جێبوونی هەیە لە نێو سنوری هەر دەوڵەتێكدا هەیە.

بە پێی دەقی بڕگەی (2,1) مادەی (17):

1. هەموو كەسێك چی بەتەنها یان بەهاوبەشی لەگەڵ خەڵكی تردا مافی موڵكداری هەیە.
2. نابێت بەزۆر موڵك لە هیچ كەسێك بسێنرێتەوە .

---

[4] ) مواد(17,13,9,5,3) من الاعلان العالمي للحقوق الانسان لسنة (1948)

[5] ) مواد(405)(406)من القانون العقوبات العراقي رقم 111لسنة 1969 المعدل.

**دووەم :-تاوانی ئەنفال لەیاسا ناوخۆییەكانی عیراق و هەرێمی كوردستاندا :**

**أ- لە دیباجەی دەستوری عیراقی ساڵی 2005 ( [6] )پرۆسەی ئەنفال بەتاوان دانراوە وە بە پێی مادەی ( 23 , 15 ) دان نراوە بەمافی ژیان ئازادی وئاسایش و خاوەنداریتی وە ئاماژەش بەوە كراوە كە هیچ كەسێك نابێت بێبەش بكرێت لەم مافانە تەنها بەیاسا نەبێت.**

**ب-وەبە پێی بڕیاری پەرلەمانی عیراق ژمارە( 26 )ساڵی( 2008 )وە بە پێی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق ژمارە( 1/ج2007/2 )( [7] )تایبەت بەتاوان ناساندنی ئەنفال كە بەتاوانی جینۆساید( كۆمەڵكوژی ) وتاوانی دژی مرۆڤایەتی وتاوانی جەنگ دانراوە.**

**ج-وەبە پێی ﴿بڕیارێكی پەرلەمانی كوردستان[8] )وەیاسای ژمارە( 9 )ی[9] ) پەرلەمانی كوردستان وە یاسای ژمارە( 37 )ساڵی ( 2007 ) ﴾[10] پرۆسەی ئەنفال وەك تاوان دانراوە.**

**تەوەری دووەم**

**مامەڵەی عێراق وحكومەتی هەرێم لەگەڵ كەسی خاوەن ئەنفال لەڕوی مادی و مەعنەوی.**

- **لایەنی مادی وەك( دابین كردنی پێداویستی ژیان وەك مووچە وخانووچارەسەركردنی نەخۆش بەبێ بەرامبەر بە پێی ڕا پرسیەكە حكومەتی عێراق هیچ پێداویستی ژیانی دابین نەكردوە لە ڕوی مادی بەڵام سەبارەت بە حكومەتی هەرێم ئەوا بە پێی بڕیاری ژمارە ( 32 ) ساڵی 1993 لەلایەن پەرلمانی كوردستان دەركراوە تایبەت بە دابین كردنی گوژمەیەكی مانگانە وەكو هاوكاری بۆ خێزانی شەهیدان تاكو ئەو كاتەی یاسایەكی گشت گیر دەردەكریت وەدواتر یاساكە دەركراوە كە یاسای ژمارە ( 9 )ساڵی( 2007 ) وە یاسای ژمارە37 ساڵی 2007 هاوكاری خانەوادەی شەهیدا وئەنفال كراوەاكەن لە ریگای سندوقیكەوە بەڵام تا ئیستا ئەم سندوقە دانەنراوە واتە یاساكە جێ بە جێ نەكراوە بەڵام حكومەتی هەرێمی كوردستان پیداویستی ژیانی وەك ( مووجە و خانوو ) بۆكەس وكاری ئەنفال دابین كردوە بە پێی ئەو یاسایانەی ئاماژەمان پێكرد بەڵام لەڕا پرسیەكەدا سەبارەت بەدابین كردنی پیداویستی ژیانیان لەلایەن حكومەتی هریم بەم شێوەیەی لای خوارەوە .**

  ( 0% ) **باش وە** ( 40٪ ) **ناوەند وە** ( 5% ) **خراپ وە لە** ( 5% ) **زور خراپ.**

- **وە لایەنی مەعنەوی وەك چارەسەركردنی دەرونی وە نەهێشتنی ڕەڤاندنی ئەوئازاارو نارەحەتیانەی كە بەهۆی پرۆسەی ئەنفالەوە توشیان بوە.**

---

6 ) ديباجة دستور العراق لسنة2005، ومواد (15, 23) من الدستور.

7 ) قرار محكمة الجنائية العليا المرقم (1/ج2007/2).

8 ) قرار برلمان كردستان رقم 32 لسنة 1993.

9 ) قانون برلمان كردستان رقم 9 لسنة2007.

10) قانون برلمان كردستان رقم(37)لسنة2007 .

**سەبارەت بە حكومەتی عێراق بە پێ ڕاپرسیەكە هیچ جارەسەركردنی دەرونی وە نەهیشتن وڕەفاندنی ئازارو ناڕەحەتی ئەنجام نەدراوە بەرامبەر بەكەس و كاری ئەنفال بەهۆی پرۆسەی ئەنفال وە رازی نین لە مامەلەی حكومەتی عیراق. بەلام سەبارەت بەحكومەتی هەرێم وە مامەلەكرنی لەگەڵ كەس وكاری ئەنفال لە ڕوی مەعنەوی ئەوا یاسای ژمارە (9 )ساڵی( 2007 ) تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی كەسو كاری شەهیدو ئەنفال كراوان دەركراوە ئاماژە كراوە بە قەرەبووكردنەوەی مەعنەوی كەس و كاری ئەنفال ([11])وەسەبارەت بەقەرەبو كردنەوەی مەعنەوی حكومەتی هەرێم بۆ كەس و كاری ئەنفال لە ڕاپرسیەكە بەم شێوەی خوارەوەیە**

( %5 ) **زۆر باش** ( %25 ) **باش** ( %25 ) **ناوەند** ( 25 ) **خراپ ولە**( %20 ) **خراپ**

## باسی دووەم

## تۆمار كردنی سكالاَ دژی تاونباران ئەنفال وسزادانیان وقەرەبووكردنەوەی كەس وكاری ئەنفال

**وەك پێشتر ئاماژەمان پێكرد كە پرۆسەی ئەنفال چەند تاوانێك لە خۆ دەكرێت بەرامبەر بەگەلی كورد ئەنجام دراوە، وە بۆسزادانی تاوانباران وقەرەبوكردنەوەی كەس وكاری ئەنفال پیویستە سكالاَ تۆمار بكرێت لە دادگا بە مەبەستی دادگای كردنی ئەنجام دەرانی تاوانەكەوە سزادانیان وە قەرەبوكردنەوەی كەس وكاری ئەنفال بۆیە ئەم باسە دابەش دەكریت بۆدوو تەوەر.**

## تەوەری یەكەم

## تۆمار كردنی سكالاَ دژی تاونبارانی ئەنفال وسزادانیان

**كاتیك كەهەر تاوانێك ئەنجام دەدریت مافی تاوان لی كراوە سكالاَ تۆمار بكات بەامبەر ئەوكەسەی كەتاوانەكەكی ئەنجام داوە**[6]

**بە پیَ ڕاپرسیەكە سەبارەت بە تۆمار كردنی سكالا دژی ئەنجام دەرانی ئەنفال بە شێوەی ڕیژەی سەدی بەم شێوەی خوارەوە ئەنجامەكەمان دەست كەوتوە** ( %50 ) **بەڵی سكالاَ تۆمار كراوە** ( %45 ) **نەخیر تۆمار نەكراوە وەلە** ( %5 ) **بە پیَ وەلاَم فۆرمەكە گەڕاوەتەوە.**

**وەسەبارەت بە و پەرسیارەی ئایا ئاگاداریت بەوەی كەدادگا بڕیاری دەست گیركردنی بۆ ئەوكەسانە دەركردوە لە پرۆسەی ئەنفالدا بەشداریان كردوە وەڵامەكان بەڕێژەی سەدی بەم شێوەی خوارەوەیە.**

( %30 ) **بە بەڵی وەڵامیان داوەتەوە وە** ( %50 ) **بەنەخێر وەڵامی داوەتەوە وە**( %20 ) **بەبیَ وڵام گەڕاوەتەوە و وەڵام نەدراوەتەوە.**

[11] ) **فقره** ( 2 ) **ماده** ( 7 ) **من قانون برلمان العراق رقم** ( 9 ) **لسنه** 2007.

6) فقرة 1 / مادة (1) من قانون أصول محاكمات الجزائية رقم 23 لسنة 1971 المعدل (تحرك الدعوى الجزائية بشكوى شفوية أوتحريرية تقدم الى قاضي التحقيق أو المحقق أو مسؤول في مركز الشرطة من أعضاء الضبط القضائي من المتضرر من الجريمة أو من يقوم مقامه قانوناَ أو اي شخص علم بوقوعها أو بإخبار يقدم الى اي منهم من الادعاء العام مالم ينص القانون على خلاف ذلك ....)

وە سەبارەت بەو ڕێژەیەی بە نەخێر وەڵامی داوەتەوە لەوانەیە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆئەوەی لایەنی پەیوەندیدار بە کەیسی تاوانی ئەنفال ئەم کەسانەی ئاگادار نەکردوەتەوە بەوەی دادگا بڕیاری دەست گیرکردنی بۆ دەرکردوون لە کاتێکدا کەبڕیارەکە دەرکرابێت بەدەست گیر کردنیان لەلایەن دادگا ، وەیان هۆکارکە ئەوە بیت بڕیاری دەست گیرکردنیان جێ بە جێ نەکراوە بەشێوەی کرداری (فعلی) بۆیە وەك ئەوە وایە کە بڕیاری دەست گیرکردنیان بو دەرنەکرابێت.

وەسەبارەت بەو پرسیارەی کە ئاراستەی کەس وکاری ئەنفال کراوان کراوە بەوەی ئایا ئاگاداربیت بەوەی تاوانبارانی کەیس ئەنفال سزادراون وەڵامەکان بەڕێژەی سەدی بەم شێوەی خوارەوە دیاری کراوە.

(5%) وەڵامەکان بەبەڵی گەراوەتەووە (95%) بەنەخێر وەڵام دراوەتەوە، وەئەم ڕێژەیەش ڕێژەیەکی چاوەڕوان کراو بوو جونکە ژمارەیەکی زۆر لەتاوانبارانی ئەنفال سکاڵایان لەسەر تۆمار کراوە وەبڕیاری دەست گیردنیان بۆ دەرچووە بەڵام دەست گیر نەکراون وەدادگای نەکراون وسزا نە دراون.

وەسەبارەت بەو پرسیارەی ئاراستەی کەس وکاری ئەنفال کراوە ئایا ئاگاداریت بەوەی کە سزاکەیان جێ بە جێ کراوە وەڵامەکان بەڕێژەی سەدی بەم شێوەیەی لای خواروە .

(5%) بە بەلی وەڵام دراوەتەوە وە (85%) بە نەخیر وەڵامی دراوەتەوە وە(10%) بەبێ وەڵام گەڕاوەتەوە وەڵام نەدراوەتەوە.

وە ئەو ڕێژەیە بە نەخیر وەڵام دراوەتەوە ڕێژەیەکی چاوەڕوان کراو بوو وەکو باسمان کرد پێشتر ژمارەیەك زۆر لەو کەسانەی بڕیاری دەست گیر کردنیان بۆ دەرکراوە بەهۆی بەشداری کرنیان لە پرۆسەی ئەنفال دەست گیر نەکراوەن وە سزا نەدراوەن تاکو ئیستا.

## تەوەری دووەم

### قەرەبوکردنەوەی کەس وکاری ئەنفال

بەشێوەیەکی گشتی هەموو تاوانێك دەرئەنجامێکی زیان بەخشی لێ دەکەوێتەوە , وە کەسی زەرەرمەند مافی بەرزکردنەوەی سکاڵای قەرەبووی هەیە لەسەر ئەو کەسەی تاوانەکەی ئەنجامداوە[13], واتە هەرکاتێك پایەکانی بەرپرسیارێتی هاتەدی کە بریتیە لە ( هەڵە و زەرەرو پەیوەندی هۆکاری نێوانیان ) ئەوا مافی قەرەبوو دروست دەبێت.

پشت بەست لەسەر ئەمە هەموو کەس و کاری ئەنفالکراوان بە گشتی مافی چەندین قەرەبوکردنەوەیان هەیە , ئەمەش بە پێی جۆری ئەو تاوانانەی کەلە پرۆسەی ئەنفالدا ئەنجام دراوە , پێشتر باسی ئەو تاوانانەمان کردووە و دووبارەی ناکەینەوە لەبەر خۆپاراستن لە درێژکردنەوە ی بابەتەکە .

---

13) تنص المادە (6) من قانون المرافعات المدنیە العراقیە رقم ( 83 ) لسنە (1969) علی ان (( یشترگ فی الدعوی ان یکون المدعی بە مصلحە معلومە وحالە وممکنە ... )).

له بنەرەتدا دوو جۆر قەرەبوومان هەیە له یاسادا , قەرەبووی مادی كه بریتیه له بڕێك پاره , و قەرەبووی نا مادی (غیر المادی) وەك داوای لێ بووردن كردن و یان ئه نجام دانی كارێكی دیاری كراو و یان گەرانەوەی بارودۆخ بۆ پێش رووداني تاوانەكه بەڵام لەم جۆرەدا دادوەر پابەند نیه به داوای داواكارەوه بەڵكو دادوەر سەرپشكه پێی وەربگرێت یان نا واته ( السلطةي التقديرية )ی هەیە , چونكه له بنەرەتدا قەرەبوو واته بڕێك پاره[14].

چەندین جۆری زیان له پرۆسەی ئەنفالدا رووی داوه زیانی مادی وەكو سوتانی ماڵ و موڵك و رووخانی خانوو و سوتاندنی گوندو و شارەكانو لەناوبردنی بەروبوومه كشتوكاڵیەكان و مەروماڵاتەكان, زیانی ئەدەبی وەكو كوشتن و لەدەست دانی كەس و كارو خزمان و جیاكردنەوه و دابرینی منداڵ و دایك وباوك لەیەكتری , لەگەڵ چەندین جۆری زیانی مادی و ئەدەبی تر .

شایەنی باسه كه هەموو ئەوانەی كه زەرەرمەند بوون له تاوانەكانی ئەنفالدا مافی بەرزكردنەوەی داوای قەرەبویان هەیه له بەردەم دادگای باڵای تاوانەكانی عێراقی بەشێوەیەكی پاشكۆیی بۆ داوای سزایی[15], یان له دادگای شارستانی تایبه تمەند ( محكمة المدنية المختصة ) , بەرامبەر بەو زیانانەی كه توشیان بووه[16], و تەنها كەسی زەرەرمەند مافی داواكردنی قەرەبووی هەیه چونكه مافێكی تایبەته به خۆیەوه[17].

دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق له بریارێكی دا ئاماژەی به مافی قەرەبووی زەرەرمەندانی تاوانەكانی ئەنفال كردووه , وەكو برگەی دوو له بریاری ژماره ( 1/ج2007/2 ) ی دا هاتووه كه (( داواكاران مافیان هەیه كه بگەرێنەوه بۆ دادگای شارستانی تایبه تمەند بۆ داواكردنی قەرەبوو بەرامبەر بەو زەرەره مادی و ئەدەبیانەی كه توشیان بووه له تاوانەكانی ئەنفالدا )).

سەبارەت به هەڵسەنگاندنی یاسایی هاوكاریه مادییەكانی حكومەتی هەرێم بۆ كەس و كاری ئەنفالكراوان , ئەوا دەتوانین بڵێین هەموو ئەو هاوكاریانه بەقەرەبوو دانانرێ بەڵكو بەئەركی یاسایی حكومەت دادەنرێ و ئەم ئەركەش بەیاسایی ژماره (9)ی ساڵی (2007) ی پەرلەمانی كوردستان دروست بووه , واته سەرچاوەی پابەندبوونی حكومەتی هەرێم یاسایه نەك كردەوەی زیانبەخش( الفعل الضار ).

14 ) ینظر : د.عبدالمجید الحكیم و ئاخرون , الوجیز فی نظریه الالتزام فی القانون المدنی العراقی, ج1, العاتك لصناعه الكتاب, القاهره, 1980, ص246.

15 ) نصت الماده ( 22 ) من قانون محكمه جنائیه العراقیه العلیا علی ان (( لذوی الضحایا والمتضررین من العراقیین الادعاء مدنیاً امام هذه المحكمه ضد المتهمین عما اصابهم من ضرر من الافعال التی تشكل جریمه بمقتضی احكام هذا القانون وللمحكمة الفصل في هذه الدعاوي وفقا لقانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (23) لسنة 1971 والقوانين ذات العلاقة)), و ينظر د.عبدالامير العكيلي و د.سليم ابراهيم حربة, شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية, ج1, مكتبة السنهوري, بغداد, 2012, ص52.

16) نصت المادة ( 1/37 ) من قانون المرافعات المدنية على ان (( تقام دعوى .....المحل الذي نشأ فيه الالتزام)).

17) ينظر: د.سليمان مرقس , الوافي في شرح القانون المدني, ج1 في الالتزامات ( في الفعل الضار و المسؤلية المدنية), ط5, دون سنة الطبع, ص5.

لە بنەرەتدا داوای قەرەبوو دەچێتە ژێر بنەمای بەسەرچوونەوە ( التقادم ) , بەسەرچوون ماوەکەی سێ ساڵە لەبەرواری ئاگاداربوونی کەسی زەرەرمەند بە کردەوە زیانبەخشەکە و ئەوکەسەی کردەوەکەی ئە نجامداوە , و 15 ساڵە لەبەرواریروودانی کردەوە زیانبەخشەکەوە [18].

داوای قەرەبوو لە تاوانەکانی ئەنفالدا ناچێتە ژێر بنەمای بەسەرچوونەوە ( التقادم ) پشت بەست بە مادەی 22 لە یاسایی ژمارە ( 10 )ی ساڵی ( 2005 ) ی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی کە مافی داوە بە زەرەرمەندانی تاوانەکانی ئەنفال داوای قەرەبوو بکەن [19],ئەمە لەلایەك , لەلایەکی ترەوە ئەو زەرەو زیانانەی کە لە تاوانی ئەنفالەوە دروست بووە بەشێکی زۆریان سیفەتی بەردەوامیان تێدایە ئەمەش وادەکات کە نەچێتە ژێر بنەمای بەسەرچوونەوە.

## کۆتایی

دوای تەواو کردنی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم دەرئە نجام و پێشنیارانەی خوارەوە :

**یەکەم: دەرئە نجامەکان :**

1. ئەنفال بە تاوان دادەنرێت بە پێی یاساکانی مافی مرۆڤ و یاسا ناوخۆییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.
2. دادگای تایبەت بە دادگای کردنی تاوانبارانی ئەنفال و سزا دانیان بریتیە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق
3. بە پێی ڕا پرسیەکە هیچ قەرەبویەکی مادی و مەعنەوی خانەوادەی ئەنفال نەکراوە لەلایەن حکومەتی عێراق.
4. کەس و کاری ئەنفالکراوان مافی بەرزکردنەوەی داوای قەرەبوویان هەیە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق وەکو داوایەکی پاشکۆی داوای سزایی, وە بۆیان هەیە راستەو خۆ لە دادگای شارستانی تایبەتمەند داوای قەرەبوو بەرزبکەنەوە.
5. داوای قەرەبووی تاوانەکانی ئەنفال ناچێتە ژێر بنەمای بەسەرچووونەوە ( التقادم ), چونکە زۆربەی زەرەرە زیانەکانی سیفەتی بەردەوامیان هەیە.

**دووەم/ پێشنیار:**

1. پێویستە هەموو ئەوانەی تاوانبارن لە تاوانەکانی ئەنفالدا سزا بدرێن و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەماهەنگی تەواو دروست بکرێت لە نێوان دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنی حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستاندا بۆ گرتن و سزادانی تاوانباران.

---

18) نصت المادة (232) من قانون المدني العراقي رقم 40 لسنة 1951 على ان (( لا تسمع دعوى التعويض الناشئة عن العمل غير المشروع بعد انقضاء ثلاث سنوات من اليوم الذي علم فيه المتضرر بحدوث الضرر وبالشخص الذي احدثه ولا تسمع الدعوى في جميع الاول بعد انقضاء خمس عشرة سنة من يوم وقوع العمل غير المشروع)). للمزيد ينظر: د.عبدالمجيد الحكيم و آخرون, ج2 , العاتك لصانعة الكتاب, 1980 , ص310.

19) نصت المادة المذكورة على ان ((لذوي الضحايا والمتضررين من العراقيين الادعاء مدنياً امام هذه المحكمة ضد المتهمين عما اصابهم من ضرر من الافعال التي تشكل جريمة بمقتضى احكام هذا القانون وللمحكمة الفصل في هذه الدعاوي وفقا لقانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (23) لسنة 1971 والقوانين ذات العلاقة)).

2. **پێشنیار دەكەین كە دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق داوای قەرەبووی كەس وكاری ئەنفال كراوان وەربگرێت و بە بریارێكی دادوەری حكومەتی عێراقی پابەند بكات بە قەرەبووكردنەوەی زیانەكانیان پشت بەست بە بنەمای ( توارث دولة ).**
3. **پێویستە حوكمەتی هەرێمی كوردستان بەشێوەیەكی باشتر و زیاتر هاوكاری كەس و كاری ئەنفالكراوان بكات لە رووی مادی و مەعنەویەوە .**

## لیستی سەرچاوەكان


1. الاعلان العالمي للحقوق الانسان لسنة (1948)
2. دستور العراقي لسنة2005.
3. قانون برلمان الكردستان رقم (9) لسنة 2007
4. قانون برلمان الكردستان رقم(37)لسنة2007 .
5. قانون أصول محاكمات الجزائية العراقية رقم 23 لسنة 1971 المعدل
6. قانون المرافعات المدنية العراقية رقم ( 83 ) لسنة (1969)
7. قانون المدني العراقي رقم 40 لسنة 1951 .
8. قانون العقوبات العراقي رقم 111لسنة 1969 المعدل
9. مرسوم الجمهوري المرقم(160) في (1987/3/29).
10. قانون محكمة جنائية العراقية العليا رقم( 10)لسنة المعدل.
11. قرار محكمة الجنائية العليا المرقم(1/ج2007/2)
12. قرار برلمان الكردستان رقم (32) لسنة1993
13. قرار علي حسن المجيد رقم(4008)في(1987/6/20)
14. د.سليمان مرقس , الوافي في شرح القانون المدني, ج1 في الالتزامات ( في الفعل الضار و المسؤلية المدنية), ط5, دون سنة الطبع.
15. د.عبدالامير العكيلي و د.سليم ابراهيم حربة, شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية, ج1, مكتبة السنهوري, بغداد, 2012.
16. د.عبدالمجيد الحكيم و آخرون , الوجيز في نظريةالالتزام في القانون المدني العراقي, ج1, العاتك لصناعة الكتاب, القاهرة, 1980.
17. د.عبدالمجيد الحكيم و آخرون , الوجيز في نظريةالالتزام في القانون المدني العراقي, ج1, العاتك لصناعة الكتاب, القاهرة, 1980.

http://garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.73

# ئەنفال و یادەوەریی

سمکۆ سابیر



**سەرنج :**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێکە لەلێکۆڵینەوەیەکی درێژتر،بەمەبەستی بەشداریکردن لەچوارەم کۆنفراسی زانستیی نێو دەوڵەتی زانکۆی گەرمیان، کورت کراوەتەوە، کە بەناونیشانی:تاوانی جینۆسایدی گەلی کورد و لێکەوتەکانی لەڕۆژانی 2-3 /2017/7لەشاری کەلار بەڕێوەدەچێت .**

**ئەو کۆمەڵگایانەی مێژووییەکی درێژیان لەگەڵ توندووتیژیدا هەیە،یادەوەرییەکی لاوازتریان لەکۆمەڵگاکانی دیکە هەیە .**

**بەختیار عەلی**

**بەشی یەکەم :**

**یادەوەریی**

**ئەو توانا مرۆییەیە کە لەڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت زانیاریی و وێنە و دەنگ و رووداوەکان بەبیر بهێنێتەوە،کەرۆژانە بەسەریدا تێپەڕ دەبن.بێگومان ئەم توانایەش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە،چونکە لەبنەڕەتەوە کردارەکە مێشک ئەنجامی دەدات (1).**

**مرۆڤ فێرنابێت ئەگەر لەزەینی، یاخود لە مێشکی خۆیدا ئەزموون وزانیارییە دوور،یان نزیکەکانی خۆی تۆمار نەکات،ئەگەر هیچ لەوانە لەمێشکیدا نەمێنێت، توانای جیاکردنەوەی رووداوەکانی نابێت ولەپەریشانیدا سەری لێدەشێوێت (2).**

**پێناسەکانی یادەوەریی**

1- **یادەوەریی و مێژوو و تۆمارکردنی رابردووە، گواستنەوەی بۆ ئاییندە**

**د.محەمەد سەنعەتی** (3)

2- **یادەوەریی ، بە یادهاتنەوەی تاک دادەندرێت ،کەتەنها لەڕێگەی چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا گەڵاڵە دەبێت ،بەپێچەوانەی ئەو بیرۆکە باوەی کەوای دەبینێ کەیادەوەریی و کرداری بیرهاتنەوە کردارێکی بایلۆجی تاکە کەسی تەواوە .**

**مۆریس هاڵبواکس** (4)

3- **یادەوەریی واتە موعجیزەی بچووک کاتێک کە روداوێکی دیاریکراومان بیر دەکەوێتەوە .ئەم موعجیزەیە بەردەوام بەژیانی ئێمەدا تێپەڕ دەبێت تارووداوێکی رابردوومان بەبیر دێنێتەوە.**

**پۆڵ ریکۆر .** (5)

4- **یادەوەریی راستەوخۆ دەمانبات بۆ مێژوو،چونکە لەهەناوی خۆیدا مێژووی هەڵگرتووە.بەبێ یادەوەریش زانستێک بەناوی (مێژوو) بوونی نەدەبوو.**

**پۆڵ ریکۆر.**(6)

5- **یادەوەریی یەکێکە لەو کردە سەرەکییە ئەقڵیانەی کەتاک لەگشت هەڵوێستێکی رووبەڕوودا ئەنجامی دەدات،چونکە واتا ئەو عەنبارکراوەی کەدەتوانرێ لەهەڵوێستە هاوشێوەکاندا بەکاربێت.**

**سایکۆلۆژیای پەروەردەیی.**(7)

6- **یادەوەریی یەکێکە لەتوانا زۆر و زەبەندەکانی مێشک،کەهۆشمەندیی و زیرەکی لێپێکدێت،ئەو مرۆڤەی توانای تێگەیشتن ،راڤەکردن، پێکەوە گرێدان،هەڵێنجان،خەیاڵو داهێنانی هەیە،خاوەن یادەوەرییەکی باشە.**

**د.قاسم هادی**(8 )

7- یادەوەریی کردارێک نییە تەنها پەیوەندی بەمرۆڤەوە هەیە،ئاژەڵیش یادەوەریی هەیە،بۆنمونە رۆژی پێشتر خواردنێکت بەئاژەڵێک دابێت،بۆ رۆژی دواتر بەئارامی و نەرمی لێت نزیکدەبێتەوە. ئەنەس شەکەک .(9)

8- یادەوەریی دەرخکردن و پاراستن و بیر هاتنەوە و گێڕانەوەی شارەزاییەکانی رابردووە. ئەنەس شەکەک(10) .

9- یادەوەریی رووداوەکانی رابردوو بەرهەم ناهێنێتەوە، بەڵکو بۆچوون و تێڕوانینی خەڵک بەرامبەر بەو رووداوە دەردەخات .

التاريخ والزاكره .محمد حبيده(11) .

10- فەرهەنگی فری دیکشنەری بەم شێوەیە پێناسەی میمۆری یان یادگە ئەکات و دەڵێت:

بریتی یە لە فاکەڵتی یان ناوەندی هزری بۆ مانەوەو پارستن و وەبیرهێنانەوی ئەزموونی رابردوو.(12) http://www.thefreedictionary.com

**یادەوەریی چەمک و ناساندن**

چەمکی یادەوەری دەگەڕێتەوە بۆ ئالیەت و زەمەنی رابردوو، و بەبیر هێنانەوەی ئەو رابردووە و ئەو رێچکانەی رۆڵی ئەو چەمکە دەبینن لەڕووی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە .

بۆیەکەم جار لەساڵی 1978بیر لەقسەکردن لەسەر یادەوەری کرایەوە،وەکو بابەتێکی مێژوویی .لەو ساڵەدا مێژوونووسی فەڕەنسی (پیر نورا) لێکۆڵینەوەیەکی بەناونیشانی (یادەوەری دەستەجەمعی ) یان کۆ یادەوەری لەدووتوێی کتێبی ( مێژووی نوێ ) و لەژێر چاودێری (جاک لۆگۆف ) بڵاوکردەوە.دوای ئەویش چەندین لێکۆڵینەوەو تێزی جیاواز پشت بەستوو بەچەمکە سەرەکییەکانی سایکۆلۆژیای یادەوەریی کەهەر بەو چەشنەی زانای کۆمەڵناسی فەڕەنسی (مۆریس هاڵبۆکس) بنچینەکەی بۆداڕشتبوو،بڵاوکرایەوە.وەگرنگترینیان(مێژوو و یادەوەری )جاک لۆگۆف و (شوێنەکانی یادەوەری ) بوو کەچەند لێکۆڵەرێک لەژێر چاودێری (پیر نورا) ئەنجامیان دابوو، وە ( یادەوەری و مێژوو و بیرچوونەوە) ی فەیلەسووفی فەرەنسی پۆڵ رێکۆر بوون (13). ئەگەرچی سەدەی بیستەم بەتەواوی ماناکەی،سەدەی توندوتیژی و کاولکاری بوو،بەڵام لەهەمانکاتدا مۆدێلێک لەبۆنە و یادکردنەوەی بۆنەکان هاتەئاراوە،بەشێک لە یادەوەرییەکان بۆ بەبیرهێنانەوەی ئەم مێژووە پڕ ئازارە بوو،بەڵام بەئامانجی لەبیرکردنی ئازارەکان و هێنانەکایەی یادەوەرییەکی هاوسەنگ لەنێوان تاکەکان بێتە کایەوە(14).

لەیادەوەریدا تەنها بەبیر هێنانەوەی رووداوەکان نییە،بەڵکودەکرێت لێبوردە بیت و کەسانێک ببوریت کە ئازاریان داویت،بۆئەوەی بەویژدانێکی ئاسوودەوە ئازارەکان لەبیربکەیت ولەمێژوویەکی ماندوو، سەخت و پڕ لەئازار دەربچیت وهاوکات وانەیەکی ئەخلاقی گەورە پێشکەش بکەیت لە لێبوردەیی.

**گرنگی یادەوەریی بۆداڕشتنەوەی شوناسی نەتەوەیی**

کورد بەهیچ شێوەیەک هەوڵی نەدا ئەنفال بەرێتە دەرەوەی خۆی،بەدەستی خۆی ئەم دۆسیە گرنگەی فەرامۆش و پشتگوێ خست.لەهیچ بۆنەو دانوستانێکدا ئەنفالی نەکردە مەرج و فشار و لەسەر مێزێک دایبنێت.بەدرێژایی 14 ساڵی رابردوو هەر کەسێک بەمەبەستی وەرگرتنی پۆست روویکردبێتە بەغدا هێندەی وەک عێراقیەک خۆی نیشانداوە،هێندە لەخەمی کورد و دۆسیەکانی نەتەوەکەی خۆی نەبووە،هەستی نەکردووە ئەوە بەرهەمی خوێن و قوربانی ئەوانە ئەوی گەیاندۆتە ئەم شوێنە.ئەم بێباکی و خەمساردییە لەزۆربەیان رەنگیداوەتەوە.

هەموو ئەو کەسانەی کراون بەنوێنەری هەرێم لەوڵاتان هێندەی لەخەم و هەوڵی ئەوەدابوون ژیانی خۆیان باش وبەختەوەربکەن هێندە لەخەمی رابردوو و ئێستای میللەتەکەیان نەبوون .

ئەمە ئەگەر کاری سیاسییەکان بێت،کاری هونەرمەندو ئەدیب و شاعیر و نوسەرەکانیش لەمان باشتر نەبوون،بۆنموونە:ئەگەر سەیری گەلی ئەرمەن بکەین،بەدەیان و سەدان شێوازی هونەری گوزارشت لە کۆمەڵکوژی ئەرمەن دەکەن .هونەرمەندە گەورەو ناسراوەکانیان هیچ نەماوە بۆ ئەو مێژووە نەیکەن، کۆمەڵکوژییەکە هەمیشە لەژیانیان رەنگدەداتەوە،بەگشتی هونەرو سیاسەت وکۆی کایەکانی کۆمەڵگە لەخزمەتی دۆسیەکەیاندایە .

جولەکەکان تەنانەت لەکاتی نانخواردنیش ئاماژە بەهۆلۆکۆست دەکەن، جگە لەمەش لەبواری کاری رێکخراوەیی و هونەری شانۆو سینەماو ئەدەب رەنگیداوەتەوە، لەبواری دیکۆمێنتیش کەم رێگا ماوە نەیگرنەبەر. بەڵام کورد ئەمەی بۆئەنفال و بۆهیچ دۆسیەیەکی تری تاوانەکان و جینۆساید نەکردووە لەکوردستان. تەنانەت ئەو سروود و گۆرانیانەی بۆ ئەنفال ودۆسیەکانی تری جینۆساید دەوترین زۆریان بەخراپترین شێوە ئەنجام دەدرێن،لاوازن لەهەموو روێکەوە، وەکو کورد دەڵێ ناوازەمان کەمە،چەند کەسێک ک بەپەنجەی دەستەکان دەژمێردرێن،وەک شێرکۆ بێکەس و جەماڵ غەمبار بۆ ئەنفال و رەفیق سابیر بۆ هەڵەبجە .رەنگەبەرهەمی تر هەبن ،کەبێگومان هەن و نوسراون بەڵام جگە لە گۆرستانی چراکانی شیرکۆ بێکەس بەگشتی کۆی بەرهەم و نوسینەکان زۆر لاوازن و لەئاستی گەورەیی دۆسیەکان نییە(15).

## یادەوەریی لەمێژووی گەلاندا

یادەورەیی لەمێژووی گەلاندا جۆرێک لەپیرۆزی وەر گرتووە، مەرجی سەرکەوتن و پێشکەوتنی ئێستایان بۆ یادەوەریی و رێزگرتن لەم مێژووە دەگەڕێنەوە،ئەزموون و سوودی زۆریان لەشکت و رابردووی پڕ لەستەم وڕۆژە سەختەکان وەرگرتووە، جەنگ و ماڵوێرانیەکان، رووداوە سرووشتییەکان .نەخۆشی و کۆمەڵکوژییەکان هەریەکەو بەجۆرێک لە یادەوەریی گەلانی دونیادا بوونی هەیە، ئەرمەنەکان دوای سەد ساڵ گەیشتن بەوەی کۆمەڵکوژی گەلەکەیان کەلەسەر دەستی تورکەکان ئەنجامدراوە، بەفەرمیی وەک جینۆساید بیناسێنن،ماوەی سەد ساڵە گۆرانی بەباڵای قوربانییەکانی خۆیان دەڵێنەوە کۆڵیان نەدا.جولەکەکان لەسەر ئاستی دونیا زۆرترین کاریان بۆ بەیادەوەریی کردنی هۆلۆکۆست ئەنجامداوە، تەنانەت لەدەیان وڵات قەدەغە کراوە کەبڵێیت؛هۆلۆکۆست جینۆساید نییە. ژاپۆنییەکان تائێستا بۆمبارانکردنی هیرۆشیماو ناکازاکی لەیادەوەرییاندا دەزرنگێتەوە، دوای ئەم تاوانە،بڕیاریاندا بەجۆرێکی تر بجەنگن بۆ سەرکەوتنێکی گەورەتر.بێگومان لەیەک کاتدا هەم

ڕووداوەکەیان خستە یادەوەریی جیهانییەو هەم سەرکەوتن و پێشکەوتن بۆ ئاستێکی باشترو شایستەتر. زۆر بەداخەوە مێژووی گەلی کورد،شارستانیەتی ناوچەکە لەزۆربەی وڵاتانی ناوچەکە کۆنترو ڕەسەنترە،بەڵام ئێمە لەیادەوەریی جیهانی پێگەیەکی لاوازمان هەیە،شەرمنین ،بێباک و کەمتەرخەمین لەئاست بەیادەوەریی کردنی کۆست و تاوانەکانی کەبەسەر میللەتی ئێمەدا هاتووە،تاڕادەیەک تاوانی هەڵەبجە لەچەند وڵاتێک لەڕووی مرۆییەوە ناسراوە،بەڵام سەرباری ئەم تاوانە گەورەیە هێشتا نەبۆتە بەشێک لەیادەوەریی جیهانی .ئەنفالیش وەک دۆسیەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەم مەبەستە چەند کارێکی کەمی بۆکراوە،دەبوو تاوانێکی وەک ئەنفال لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی یادەوەرییەکی باشتری هەبوایە،جیهان دوو ڕوو نەبوایە لەئاست ئەنفالدا،دەبوو دوای ناسینی ئەنفال وەک جینۆساید لەدوای ساڵی 2007لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە، جیهانیش مامەڵەی لەگەڵ ئەم دۆسیەیە بەجۆرێکی تر بووایە.ئەگەر چەند نمونەیەک وەربگرین لەشۆڕشی گەلان کەتائێستا سەرباری ئەنجامەکانی شۆڕشەکە بەڵام وەک یادەوەریی ماوەتەوە.شۆڕشی فەڕەنسا 1789-1799(8).شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 ی ڕوسیا کەلینین ڕابەرایەتی دەکرد بەماوەیەکی کەم لەیادەوەریدا جیهاندا پێگەی خۆی گرت و بوو بەڕووداوێکی جیهانی (16) .هەروەها جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی ،1914- 1918. 1939-1945 .لەگەڵ چەندین ڕووداو و شۆڕشی جیهان کەلەیادەوەریی جیهاندا ماونەتەوەو دەمێننەوە.

**جۆرەکانی یادەوەریی**

بەختیار عەلی لەدیمانەیەکدا پێیوایە لەکولتووری ئێمەدا سێ جۆر یادەوەریی بوونی هەیە :

یەکەم : یادەوەریی ئایینی ئەو بەشەیە لەیادەوەریی کەلتووری دینی و ڕەمزەکانی دەپارێزێت،بەحوکمی ئەوەی ئەنفال هەڵگری هەندێک ڕەهەندی دینیشە،ئەو بەشە لەپرسی ئەنفالدا چالاک نەبوو.ئەوەی ئەنفالی پاراستووەوهەڵیگرتووە یادەوەریی ناسیۆنالیستی ئێمەیە،کێشەکە ئەوەیە ڕەهەندە ئینسانییەکانی ئەم یادەوەرییە ناسیۆنالیستە زۆر لاوازە هاوکات ئەم یادەوەرییە باس لە کوشتن و قڕانکردن دەکات بۆ دەستکەوتێکی حیزبی وسیاسی دەگەڕێت .ئیدی قوڵکردنەوەی ڕەهەندە ئینسانیەکانی بۆ گرنگ نییە(17).

دووەم: یادەوەریی نەتەوەیی

بۆنە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی گەلی کورد، نەورۆز و سەری ساڵی کوردی .یادەوەریی دۆسیەکانی تاوان و کۆمەڵکوژییەکان .ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکان .زۆر جێگەی داخە ساڵانێکە بەمەبەست کار لەسەر کاڵکردنەوەی ئەم بۆنە نەتەوەییانە دەکرێت و گەیشتۆتە ئاستێک کە هەوڵی حەرامکردنی دراوە .ئەبێت لەوە کارەسات ترچی بێت،گەنجێکی کەسوکار ئەنفال لەئێستادا لەڕیزەکانی داعش تەقە لەمیللەتەکەی خۆی بکات و پێیوابێت ئەرکێکی پیرۆز و شەرعییە.

سێیەم: یادەوەریی گشتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی (یادەوەریی و کۆ یادەوەریی) (18)

چەندین خاڵی هاوبەشی نێوان گەلی كوردو چەندین نەتەوەی تری جینۆساید كراودا هەن، بەڵام ئەوە كوردە نەیتوانیوە لەیادەوەریی جیهانیدا پشكێكی باشتری هەبێت.كورد گوێبیستی دەیان بۆنەی جۆراو بووە كە وەک یادەوەریی جیهانیی تەماشاكراوە، بەڵام زۆر كەمن ئەو وڵات و نەتەوانەی یادەوەریی كوردیان وەک خۆی وەرگرتبێت و لەهیچ ڕوویكەوە وەک پێویست كاریان لەسەر كردبێت .. ئەگەر نمونەیەک وەربگرین لە یادەوەریی جیهانی ،ئێمە لەهەموو ساتێكماندا چ لەبواری پرۆگرامی پەروەردەیی ،چی لەرۆژانە هەواڵ وباسی میدیا جیهانیەكان و بەمیدیای كوردییەوە،باس لڕوداوە جیهانیەكان دەكات و بووە بەبەشێک لە یادەوەریی ئێمەو،جێگەی گرتووە،بەڵام بەپێچەوانەوە كورد هەرچەندە دۆسیەو پرسەكانی لەگەلانی تر گەورەترو و گرنگ تر بووە كەچی نەمانتوانیوە لەو یادەوەرییە جیهانیەدا پێگە وجێگە بگرین .

بەشی دووەم:

**ئەنفال لەیادەوەریی كوردیدا**

ئەنفال لەیادەوەریی كوردیدا پرسێكی ناجێگیرە،كۆمەڵگەیەكی دابەشبوولە ڕووی سیاسی ،جوگرافی ،ئایدەلۆژیی كاریكردۆتە سەر پرسی یادەوەریی دۆسیە و پرسە جیاوازەكان.هێشتا كۆمەڵگەی كوردی نەیتوانیوە ئەنفال لەنێو خودی خۆیدا بناسێنێت،نەیتوانیوە بیكاتە بە یادەوەرییەكی لۆكاڵی گشتی ،تاوەكو تاكەكانی لەیادەوەرییاندا هەستی پێبكەن،زۆرێک لەكۆمەڵگەی كوردی پێیوایە ئەنفال تەنها پرسێک وئازارێكی ناوچەییەو هیچی تر،چونكە ئێمە نەمانتوانیوە لەیادكردنەوەی ساڵانەی ئەم تاوانەو كۆی تاوانەكانی تر،ئەنفال وەک خۆی بناسێن،چونكە لەبنەڕەتدا كاری جددی دەكرێت بۆ ئەوەی ئەنفال لەیادەورەیدا كاڵتر بێتەوە.وەک بۆچوونی ئەو پیرژنەی كەسوكاری ئەنفال لە چەمچەماڵ وتی: ئەم یادكردنەوانە بۆزیندووهێشتنەوە نین، بەڵكو بۆ لەبیر بردنەوەن .لەسەر ئاستی كوردستانیش ئەنفال نەبووەتە خەمی گشتی ،نەبۆتە باسێكی هەمیشەیی .بەڵكو تەنها لەسات و كاتێكی جیاواز یادی دەكرێتەوە .زۆربەی گەلی كورد تەنها ناوی ئەنفالی بیستووە،بەڵام بەچەند دێرێک ناتوانێ گوزراشت لەتاوانەكە بكات .یان دارشتنێک لەسەر تاوانی ئەنفال بنوسێت . دەبێت دامەزراوەیەكی راستەقینەی نیشتیمانی ،نەک حیزبی بەم كارە گرنگە هەڵبستێتو ئەم بۆشاییە پڕ بكاتەوە.یادەوەریی خاڵیمان پڕبكاتەوە.هەمووومان تائێستا بەشێكی زۆری چیرۆک وسروودەكانی سەردەمی منداڵیمان لەبیر ماوە،ئەی چۆن دەبێت تاوانێكی وەک ئەنفال بەو قەبارەوە لەبیر بكرێت و پێگەیەكی شیاوی نەبێت لەیادەوەریماندا .سەنتەری دیكیۆمێنتەری ساڵانە بەرهەمەكانی خۆی نمایش بكات و شتی نوێ بخاتە بیرو هزری تاكەكانەوە.شیكاری نوێ بكات ،خوێندنەوەی بۆ ناسین و ناساندنی ئەنفال بكات.شرۆڤەی جددی هەبێت لەم بوارەدا.لەیەک كاتدا قسەی جددی هەبێت لەسەر كۆی ئەو پرسانەی پەیوەندی چیرۆک و حیكایەتە فەرامۆشكراوەكان هەیە و ئیتر نەهێڵێت كەمتەرخەمییەكان بەردەوام بن .بواری پەروەردەو فێركردنیش لەكۆی قۆناغە جیاوازەكانیدا ئەم مێژووەی تێدا هەڵبگیرێت و بكرێت بەپرۆگرام .یادكردنەوەی نیشتیمانی سەرتاسەری

بۆ تاوان و کۆمەڵکوژیی لە کوردستان پێویستییەکە ،بۆ ئەوەی چیتریادەکان تەنها لەناوچەیەکەوە قەتیس نەکرێت،تاناوچەیەک یادی ئازارو مەینەتییەکانی خۆی بکاتەوە،ئەو ئازارە هەر بەلۆکاڵی و ناوچەیی دەمێنێتەوە،خەمی ناوچەیەک و جوگرافیایەکی تایبەت دەبێت، لەکاتێکدا ئازارەکە هی هەموو میللەتەکەیە،بەجیاوازی پێکهاتەکانی .

**باسی یەکەم:چەردەیەک لەبارەی ئەنفال وجینۆسایدی کوردەوە.**

بەدرێژایی مێژووی ئێمە، لەگەڵ سەرهەڵدانی بیری شەڕانگێزی مرۆڤایەتی ،کورد پەلامار دراوە، جینۆساید و کۆمەڵکوژ کراوە،هەموو فۆڕمەکانی کوشتن و لەناوبردنی بەسەردا تاقیکراوەتەوە،هەرجارە و بیانوویەک پاساوێک بۆ لەناوبردنی هێندراوەتەوە .بەتایبەتی ئەگەر بەکورتی چاوێک بە ڕووداوەکانی سەدەی بیستدا بگێڕین،گەلی کورد نەک تەنها لەباشووری کوردستان،بەڵکو لەهەموو پارچە داگیرکراوەکان،دووچاری کۆمەڵکوژیی و قڕکردن و تاوانی گەورە بووەتەوە.لەباشووری کوردستاندا جینۆسایدی کوردانی فەیلی ، بارزانییەکان، تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و تاوانی ئەنفال ، نمونەی دڕندەیی ڕژێمی بەعس بوون، ئەمە جگە لەپرۆسەی بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردن و ڕاگواستنی زۆرەملێیی لەئاستی هەموو پارێزگانی هەرێمی کوردستان پیادەکراوە .بەعس خراپترین و ترسناکترین جۆری چەکی لەم پەلامارانە بەکارهێناوە، بەتایبەتی چەکە کۆکوژەکان،کەبەلایەنی کەم زیاتر لە 40 جاری بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان بەکارهێناوە. .ئەگەر بۆ مێژووی کۆنیش بگەڕێینەوە،شەڕی چاڵدێرانی 1514ی نێوان عوسمانی و سەفەوییەکان بەڵگەیەکی ترە بۆ چەوساندنەوەی کورد لەقۆناغێکی تردا.لەسەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و بەتایبەتیش دوای هاتنە دەسەڵاتی بەعسییەکان لەساڵی 1968-2003 وەبەتایبەتی تریش کاتێک سەدام حسێن لە 1979-2003 دەسەڵاتی ڕەهای کەوتە دەست،گەلی کورد لەباشووری کوردستان هەوڵی دا کۆی ئامانجەکانی حزبی بەعس کەلەساڵی 1947 دامەزرابوو،بیهێنێتە دی لەسەر سڕینەوەی نەتەوەکانی تر بۆ قازانجی عەرەبی سوونەنە،کە کارە شەڕتگێزەکانی بەپەلامارو گرتنی کوەیت لەساڵی 1990 تەواو بوو(19) .چونکە تێڕوانینی حزبی بەعس ئەوەبوو بۆ کورد،کەکوردیش وەک هەموو کەمە نەتەوایەتییەکانی تری وڵاتانی عەرەبی ،لەقۆناغێکی مێژوودا لەسەر خاکی عەرەب گیرساوەتەوە،هەرتاقمێک یان نەتەوەیەک لەگەڵ حزبی بەعس نەبێت بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی ،ئەوا لەدیدی بەعسەوە بەدوژمنی خاک و نەتەوەی عەرەب لەقەڵەم دەدرێت ( 20) .دەیان ساڵ پێش شۆڕشی ئەیلوولی 1963 شێخ عوبەیدوڵای نەهری و شێخ مەحمودی نەمرو شێخ سەعیدی پیران و شەهید قازی محەمەد داوای سەربەخۆییان دەکرد،چونکە کورد لەهەموو پارچەکان کۆمەڵکوژو جینۆساید کراوە، بۆیە لەهەوڵی کیانێکی سەربەخۆدابووە بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لەدەست ئەو هەموو جەورو ستەمەی بەردەوام لێیکراوە(21 ) . سەدەی ڕابردوو بەدیاری کراوی سەرەتای ساڵی 1980 تاکۆتایی ئەو دەیە تاوانی جینۆساید لەزیاد جارێک دژ بەگەلی کوردستان ئەنجامدراوە،ئەو پرۆسەی کورد کوژییە پێکەوە گرێدانی مەرگی نەتەوەیەک بوو،لەدەڤەری بادینانەوە بۆ دەڤەری گەرمیان ،خەڵکی بەجۆرێک کەوتنە

بەرپەلاماری سوپا كەمەرگی دەستەجەمعی نەتەوەیەک ئامانجی بوو،بەبێ ئەوەی نەکۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی‌ونەجیهانی ئیسلامی عەرەبی بەئەرکی خۆیان هەڵبستن ،بێ ئەوەی پەیماننامە نێو نەتەوەییەکان کەبۆ قەدەغەکردنی ئەو تاوانە هەبوون،بەفریادی کورد بکەون‌وڕێگە لەملهوڕییەکانی دەوڵەتی عێراق‌وحزبی بەعس بگرن ( 22).

**باسی دووەم:یادەوەریی ئەنفال ورەنگدانەوەی لەسەرناسنامەی نەتەوەیی**

ئەگەر ناسنامەی هەموو میللەتێک بریتی بێت لەکۆی ئەو پێکهاتە مێژوویی و کولتوریی وتایبەتمەندییەی کەهەر نەتەوەیەک هەیەتی (23)،ئەوا نەتەوەی کورد زۆر تایبەتمەندی هەیە تابیکات بەناسنامەی خۆی و شانازی پێوەبکات .بەڵام بەداخەوە سیاسەت و کولتووری کورد نەیتوانیوە ئەنفال بکات بە ناسنامەی نەتەوەیی ،دەیتوانی ساڵانە لەیادی ئەنفالدا بەچەندین فۆرم و ڕێگا ئەنفال بکرێت بەناسنامەی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە،لەڕێگەی کوردبوون و ئەو خەسڵەت وپێکهاتە هاوبەشانەی کۆمەڵگەو تاکەکانی ، ئەنفال بکرێت بەناسنامەی تاکەکان بەبێ جیاوازی و شوناسێکی نەتەوەیی پێببەخشین.بەداخەوە وەک بەختیار عەلی دەڵێت:کولتوور و ڕۆشنبیرو سیاسەتی کوردی لەتوانایدا نییە هەڵگری یادەوەریی ئەو کۆست و تاوانانە بێت.لەتوانیدا نییە ببێت بەنوێنەری ئەم دۆسیە نەتەوەییانە .کوردبوونی ئێمە بەس بوو بۆ ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆمانمان هەبێت بۆ داکۆکی کردنمان لەخۆمان لەرابردوو و ئێستا و داهاتوومان.ئەقڵی سیاسی نەیتوانی کوردایەتی بکات بەناسنامەو لەهەموو سەفەرێکی بیخاتە توێی جانتا دبلۆماسیەکەیەوە .بۆیە ئەگەر ئێمە بەدوای ناسنامەی خۆماندا بگەڕێین پێویستمان بەبڕیارێکی دەستە جەمعیە .ئینجا بەوردی کار لەسەر رابردوو بکرێت‌و هەموو شتێک زیندوو بکەینەوە تەنانەت یادەوەریی قوربانیەکانیش بەجۆرێک بێت کەفاکتەرێک بێت بۆ زیندووبوونەوەو ژیاندۆستی و پەرەپێدانی بیری لێبوردەیی و بەیەکەوە ژیان

**بەشی سێیەم :**

**باسی یەکەم : ڕەهەندەکانی یادەوەریی ئەنفال وکایەکانی کۆمەڵگەی کوردی**

جێگەی داخە لەدوای ساڵی 1992 و دروستکردنی یەکەم پەیکەری دامەزراوەیی لەهەرێمی کوردستان،کەدامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، گوتاری کوردی نەیتوانی گوتاری ئایینی لەکوردستان بەلای خۆیدا رابکێشێت لەپرسی ئەنفال .بۆ ئەوەی ڕەوتی ئایینی لەکوردستان لەچوارچێوەو سیاقی نیشتیمانی و نەتەوەیی دەرنەچێت و لەخزمەتی دۆزەکەیدا بمێنێتەوە.میللەتی کورد باجێکی قورسیدا بەم کارە،چونکە لەهەناوی ڕەوتی ئایینی لەکوردستان،بیری توندوتیژی سەری هەڵدا کەدوواجار بوو بەمایەی سەرئێشەو گرفتی مەترسیدار بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیان.کاتێک دەبینین کەسێکی کەسوکار ئەنفال لەگوندەکەیدا سەدان کەس ئەنفال کراوە بەڵام ئەو لەجێگەی ئەوەی داکۆکیکار بێت لەدۆسیەکەی خۆی و ڕێز لەقوربانیانی خۆی بگرێت،ریزەکانی داعش هەڵدەبژێرێت.کۆمەڵگەی ئێمە خۆی لەزۆر شت خەواندووە دەیەوێت هەموو شتێکی بێتە

بەردەست،لەو پرسەشدا هەروایکردووە، خۆی هەوڵی ئەوەی نەدا گوتاری ئایینی بخاتە ژێر رکێفی خۆی و بەئاراستەیەکی باش و گونجاو بەکاری بێنێت، لەئێستاشدا مەترسیەکان قوڵتر دەبنەوە،ئەم گوتارە ئاینییە ترسناکە تادێت رابردوومان لێدەکات بەوەهم ودەیەوێت ئەنفالیش لەیادەوەریی میللەتدا کاڵ بکاتەوە.گوتاری ئایینی لەکوردستان باش هەست بەوە دەکات کەبەشێک لە هۆکارەکانی ئەنفالکردنی کورد بۆ گوتارە ئاینییەکە دەگەڕێتەوە بۆیە هەوڵدەدەن خۆیان بێدەنگ بکەن و هەست وجوڵە لەخۆیان دەبڕن .نایانەوێت بەگژ زۆر شتدا بچنەوە کەقازانجی ئەوانی تێدا نییە،ئەگینا دەبوو هەرهیچ نەبێت فتوای ئەوە بدەن هەر وڵاتێک لە1988 کچ و ژنی لەئەنفال وەک غەنیمە وەرگرتبێت ئەگەر چارەنووسیان ئاشکرا نەکات،تاوانبارو گوناهبار دەبێت لەگەڵ زۆر لایەنی تر(24) .

**باسی دووەم:یادەوەریی ئەنفال وکارلەسەرکردنی لەلایەن میدیای کوردییەوە.**

**لە رووی میدیاییەوە چۆن کار لەسەر پرسی یادەوەریی ئەنفال و جینۆساید بکرێت:**

بە شێوەیەکی گشتی تا ئێستا میدیای کوردی پەیامی بۆ ناوخۆ بووە و نەیتوانیوە لە ئاستی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و ئەنفالدا پەیام بە زمانە زیندووەکانی جیهان بگەیەنێت و لە ناوخۆشدا کارێکی رووکارییانەی کردووە و قووڵ نەبووەتەوە بۆ بنج و بناوانی پرسەکانی پەیوەست بە تاوانەکانەوە و توانا و سەلیقەی بەدواداچوون و دۆزینەوەی چیرۆکە ئینسانییەکانی نەبووە.

دەکرێت شێوازی کاری میدیای لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:

یەکەم: تەنیا لە بۆنە و یادەکاندا بە پیشاندانەوەی وێنەدووبارەکان و بڵاوکردنەوەی تۆماری دەنگی و لاواندنەوە و شیعر کارکردن لەسەر بزواندنی هەستی خەڵک کار کراوە و لە رووی لۆژیکی و مەعریفییەوە کارێکی ئەوتۆ نەکراوە لانیکەم نەوەی نوێ لە قەبارەی ئەو تاوانانە تێ بگات و بزانێت نەتەوەکەی و خەڵکەکەی لە رابردووی نزیکدا رووبەڕووی چ مەرگەساتێک بوونەتەوە.

دووەم: جگە لە سازکردنی چەند بەرنامەیەکی سەرپێیانە تا ئێستا دۆکیۆمێنتاری و بەرنامەی فرە رەهەند و قوڵی ئەوتۆ پێشکەش نەکراوون کە ماهییەتی تاوانەکان روونبکەنەوە.

سێیەم: هێشتا نەتوانراوە رایگشتی لە بارەی بە سزاگەیاندنی تاوانباران و مستەشارە راکردووەکان لە یاسا یەکبخرێت بە جۆرێک خەڵک بە گشتی داوای سزادانی هەموو ئەوانە بکات کە تێوەگلاوون لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانەدا و ئەو کەسانە لە کۆمەڵگەدا جێیان نەبێتەوە و تەنانەت وایان لێبکرێت کە لانیکەم پەشیمانی دەربڕن و داوای لێبوردن بکەن، دیارترین نموونەیان قاسم ئاغای کۆیە بوو، کە تا ئێستاش بەرگری لەوە دەکات کە ئەنجامیداوە و پەشیمان نییە لەو تاوانانە و هێشتا سەدام حوسێن بە رابەر و سەرکردەی خۆی دەزانێت.

چوارەم: بۆ دنیای دەرەوە تا ئێستا میدیای ئێمە نەیتوانیوە وەبەرهێنان لەو بوارە بكات و لە ڕێی بەرنامە و بابەتە میدیاییەكانییەوە كارێک بكات لانیكەم وەرگرانی وڵاتانی دراوسێمان لە قەبارەی تاوانەكان و مێژوویان و چیرۆكی ئەو هەزاران ئینسانە كوردە تێبگەن كە بێ تاوان راپێچی گۆڕە بە كۆمەڵەكان كران.

پێنجەم: تا ئێستا میدیای كوردی نەیتوانیوە ببێتە سەرچاوەی زانیاری بۆ میدیای جیهانی و هیچ داتا و چیرۆک و راپۆرت و زانیارییەكی ئەوتۆی نەخستووەتە ڕوو كە میدیای جیهانی بتوانێت پشتی پێ ببەستێت(25) .

شەشەم: هێشتا میدیای كوردی نەیتوانیوە لە قاڵبی حیكایەتخوانی دەربازی بێت و كار بۆ ئەوە بكات وەک ئەرمەنەكان و جووەكان، پرسەكانی ئەنفال و جینۆساید بباتە ناوەندە میدیاییەكانی جیهان و كار بۆ ئەوە بكرێت چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە سپۆنسەری دەیان بەرنامە و فیلمی دۆكیۆمێنتاری و كورتە فیلم و فیلمی درێژی سینەمایی بكرێت بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە پەردە لە رووی ستەملێكراوی نەتەوەیەک لابدرێت و رایگشتی وڵاتانی جیهان و نێودەوڵەتی لە قازانجی دۆزی نیشتیمانی كورد بجوڵێندرێت (26).

## یادەوەریی ئەنفال ورەوتی ئایینی لەكوردستان

جێگەی داخە لەدوای ساڵی 1992 و دروستكردنی یەكەم پەیكەری دامەزراوەیی لەهەرێمی كوردستان،كەدامەزراندنی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، گوتاری كوردی نەیتوانی گوتاری ئایینی لەكوردستان بەلای خۆیدا رابكێشێت لەپرسی ئەنفالدا،بۆ ئەوەی رەوتی ئایینی لەكوردستان لەچوارچێوەو سیاقی نیشتیمانی و نەتەوەیی دەرنەچێت و لەخزمەتی دۆزەكەیدا بمێنێتەوە.میللەتی كورد باجێكی قورسیدا بەم كارە،چونكە لەهەناوی رەوتی ئایینی لەكوردستان،بیری توندوتیژی سەری هەڵدا كەدوواجار بوو بەمایەی سەرئێشەو گرفتی مەترسیدار بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیان.كاتێک دەبینین كەسێكی كەسوكار ئەنفال لەگوندەكەیدا سەدان كەس ئەنفال كراوە بەڵام ئەو لەجێگەی ئەوەی داكۆكیكار بێت لەدۆسیەكەی خۆی و رێز لەقوربانیانی خۆی بگرێت،ریزەكانی داعش هەڵدەبژێرێت.كۆمەڵگەی ئێمە خۆی لەزۆر شت خەواندووە دەیەوێت هەموو شتێكی بێتە بەردەست،لەو پرسەشدا هەروایكردووە، خۆی هەوڵی ئەوەی نەدا گوتاری ئایینی بخاتە ژێر ركێفی خۆی و بەئاراستەیەكی باش و گونجاو بەكاری بێنێت، لەئێستاشدا مەترسیەكان قوڵتر دەبنەوە،ئەم گوتارە ئاینییە ترسناكە تادێت رابردوومان لێدەكات بەوەهم ودەیەوێت ئەنفالیش لەیادەوەریی میللەتدا كاڵ بكاتەوە.گوتاری ئایینی لەكوردستان باش هەست بەوە دەكات كەبەشێک لە هۆكارەكانی ئەنفالكردنی كورد بۆ گوتارە ئاینییەكە دەگەڕێتەوە بۆیە هەوڵدەدەن خۆیان بێدەنگ بكەن و هەست وجوڵە لەخۆیان دەبڕن .نایانەوێت بەگژ زۆر شتدا بچنەوە كەقازانجی ئەوانی تێدا نییە،ئەگینا دەبوو هەرهیچ نەبێت فتوای ئەوە بدەن هەر وڵاتێک لە1988 كچ و ژنی لەئەنفال وەک غەنیمە وەرگرتبێت ئەگەر چارەنووسیان ئاشكرا نەكات،تاوانبارو گوناهبار دەبێت لەگەڵ زۆر لایەنی تر.

**ڕۆڵی زانكۆو ناوەندە مەعریفییەكان لەیادەوەریی ئەنفالدا**

**گومانی تێدا نییە بەگشتی زانكۆكانی كوردستان لەمەڕ تاوان و كۆمەڵكوژییەكان كەمتەرخەم و هەژارن،كەمزانیاری و بێباكن.زانكۆ وەک گرنگترین دامەزراوەی مەعریفی وئەكادیمی دەتوانێت كۆمەڵێک كێشەی رابردوو چارەسەر بكات،ئەویش لەڕێگەی سەنتەرێكی دیكیۆمێنتەری كارا،بەهۆی تیم و ستافێكی شارەزا لەناوچەكە چیرۆكە دابەشبووەكان كۆبكەنەوە،حیكایەتە پەرتەوازەكان لەیەكتری بدەنەوە،دیكۆمێنتێكی باش لەناوچەكە هەیە دەستی بۆبەرن و هەوڵی ئەوەبدەن لەڕێگەی داتابەیس و ئەرشیفكردنەوە تۆماربكرێن‌و دواتر لەساڵیادەكان نمایش بكرێن ،بەمشێوەیە دەتوانن سنووری كلاسیكی یادكردنەوە بگۆڕدرێت بۆ هەنگاوێكی باشتر و گرنگتر بۆ بەیادەوەریكردنی ئەنفال .ساڵیادەكانیش جیاواز دەبن و رزگارمان دەبێت لەم فۆرمە یادكردنەوەیە كەهیچ بەرهەمێكی نییە.بۆنموونە :زانكۆیەكی وەكو گەرمیان دەتوانێت لەرشێگەی سەنتەرێكی جینۆسایدەوە زۆرترین كار بكات بۆ ئەنفال،هێشتا بەسەدان و هەزاران چیرۆک هەیە تۆمارنەكراون،لەئەرشیفی ئەنفالدا نین.بەمجۆرە كارانەدەتوانین لەڕێگەی بوونی ناسنامەیەكەوە بەرگری لەئەنفال بكەین،زۆر رەمز هەن كەدەبێت تۆماربكرێن و قسەی جدیان لەسەر بكرێت، پیرژنێكی كەسوكار ئەنفال،كەسی نەماوە،بۆ ئەوەی بەتەنیا نەبێت چەند دانە قازێكی كڕیوە،قازەكانی بەناوی منداڵەكانیەوە ناوە،پیاوێكی تر هاوسەرومنداڵەكەی ئەنفال كراوە،لەهاوسەرگیری دووەمدا ناوی هەمان منداڵی لەمنداڵەكانی ناوە،ئەوە زیندووبوونەوەیە ،خۆراگرییە،بەردەوامییە بەژیان،بەچۆک دانەدان بەرامبەر بەو بیرەی كەئەنفالیكردین،ئەم هەموو چیرۆكانە شایەنی ئەوەن كاریان لەسەر بكرێت،چونكەی نموونەی گرنگی یادەوەریی زیندووی خانەوادەكانی ئەنفالن.هەروەهانمونەی بەرز راگرتنی شكۆی مرۆڤە،وانەیەكی گرنگن بۆ كۆمەڵگەو بەزیندوویی هێشتنەوەی ئەم یادەوەرییە لەبیری خانەوادەیەكدا .بۆیە دەبێت ئەو یادەوەرییە بگوازرێتەوە بۆ نەوەكانی تر.بۆ ئەوەی هەموو كۆمەڵگە ئیرادەی بەرزو بەهێز بێت و بڕوای بەوە بێت كەدەبێت خۆڕاگرو پتەو بێت(27) .**

**بەشی چوارەم:**

**ئەنفال لەیادەوەریی جیهاندا**

**بەو پێیەی ئەنفال تاوانێكی نێودەوڵەتیە دەتوانین یادەوەریەكەش بخەینە ساحەی نێودەوڵەتیەوە بەهەمانگی لەگەڵ نەتەوە جینۆسایدكراوەكان، لە فرۆشتنی نەوتدا، لە كاری لۆبی و دبلۆماسیەتدا، بەتایبەتی كوردانی ئەوروپاو ئەمریكا دەتوانن رۆلی گرنگ وكاریگەر بگێڕن، هاوشیوەی ئەوەی ناوەندی چاک لە سەرەتای ٢٠٠٠ ەكان دەستی دابووەیە، بەڵام بەدیوێكی زانستی وئەكادیمیدا(28) ،**

**وەكو لەسەرەوە ئاماژەمان پێكردووە، تاوانی ئەنفال،وەک تاوانێكی نێو دەوڵەتی وهەموو جۆرەكانی جینۆسایدی بەسەردا جێبەجێكراوە، تائێستا لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی وەک دۆسیەیەكی جینۆساید مامەڵەی لەگەڵدا ناكرێت،ئەمەش وایكردووە ئەنفال بێبەش بێت لەیادەوەریی جیهانی ،چەند وڵاتێک لەسەر ئاستی پەرلەمانەكانیان كەلەپەنجەی یەک دەستدا تێپەڕنابن،بەفەرمیی ئەنفالیان وەک جینۆساید ناساندووە وئەم**

لایەنەش تائێستا مشتومڕی زۆری لەسەرە.لەبەرامبەردا حكومەتی عێراق كەبەفەرمی ئەنفالی وەک جینۆساید ناسیوە،هیچ هەوڵێكی نەداوە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارەی لە2007 داویەتی سەبارەت بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال لەدنیای دەرەوەی خۆیدا بەجینۆساید بناسرێت.حكومەتی هەرێمیش دەیان هێندە كەمتەرخەمە لەئاستیدا.

**باسی یەكەم :ئەنفال لەیادەوەریی عەرەب وگەلانی دراوسێدا**

ڕەنگە هۆكاری لاوازیی یادەوەریی ئەنفال لەیادەوەریی نەتەوەی عەرەب و گەلانی دراوسێدا،زۆر هۆكاری هەبێت،بەڵام ئێمە لێرە تەنها كار لەسەر دوو ڕەهەندی دەكەین،ڕەهەندی ئایینی ،بەو پێیەی ڕژێمی بەعس ئایینی بەكار هێنا بۆ كۆمەڵكوژیی و جێبەجێكردنی شاڵاوەكە،بەمەش بەعس توانی بەیەک هەنگاو چەند ئامانجێكی ترسناک بەدەست بهێنێت.هاوكات بەشداربوونی وڵاتانی عەرەبی لەپرۆسەی ئەنفالدا بەهاوكاری لۆجستی و سەربازیی و دارایی .ئەمەش فۆڕمێكە لەڕەویەتیدان بەئەنجامدانی تاوانەكەو سەلماندنی بەشدارییان لەتاوانەكە .ڕەهەندێكی ترئەوەیە؛بیری شۆڤێنی و مەزهەبی لای عەرەب هێندە ترسناكە،وەک میشێل عەفلەق راشكاوانە هەموو نەتەوە بچووكەكانی بەخزمەتكاری نەتەوەی عەرەب لەقەڵەمداوە و لەفەرهەنگ و كولتووری بەعس بێ پێگەبووە .ئەم بیرە شۆڤێنییە تەنها عێراقی نەگرتۆتەوە،ئەوەتا دوای بیست و نۆ ساڵ لەئەنجامدانی تاوانەكە،هێشتا بیری شۆڤێنی عەرەب زاڵەو لەهەموو لایەكەوە دژ بەخەون و دەستكەوت و داخوازییەكانی گەلی كوردن.كەم وڵاتی عەرەبی هەیە لەئەنفالدا كچ و ژنی كوردی نەكڕیبێت،یاوەكو غەنیمە وەری نەگرتبێت،چەندین بەڵگەی روونیش لەمبارەیەوە هەیەو سەلمێنراوە .ئەوە جگە لەوەی لەشارەكانی خواروو و ناوەڕاستی عێراقیش ژنانی ئەنفالكراوی كورد وەک غەنیمەی جەنگ دراون بەئەفسەرەكانی سوپای عێراق و دارو دەستەكەیان .

**باسی دووەم:گرنگی بەجیهانیكردنی یادەوەریی ئەنفال**

هەتا نەبین بەبەشێک لەیادەوەریی جیهانی ،نابین بەبەشێک لەكۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ،هەتا دۆسیەگرنگەكانی رابردووی میللەتی ئێمە وەكو جینۆساید نەناسرێت و مامەڵەیەكی فەرمیی دوور لەبەزەیی لەگەڵدا نەكرێت،ئایندەمان مەترسی و هەڕەشەی لەسەرە.نەک لەلایەن وڵاتانی دراوسێیەوە،بگرە لەلایەن هێزە نێوخۆیی و شۆڤێنییەكانی نەتەوەی عەرەبەوە .یان هەر نەتەوەیەكی ترەوە.ئەبێت دان بەو راستیەدا بنێن كەلەئێستادا هیچ ئومێدێک،هیوایەک .لەئارادا نییە بەلایەنی كەمەوە بۆ هەوڵدان لەم نێوەندەدا.دامەزراوەیەک نییە كاربكات بۆ ئەوەی تاوانی ئەنفال بخاتە یادەوەریی جیهانییەوە،نەخشە رێگاكانی ونن،دیار نین و نابیندرێن.

بۆنموونە؛ئەگەر دۆسێی ئەنفال وهەڵەبجە ببێتە یادەوەرییەكی سەرتاسەری لەكوردستاندا، ئەوا دەتوانێ سنوری ناوخۆش ببرێت و لەسەر ئاستی دنیاش ڕەنگ بداتەوە، بەلای كەمەوە یەكێک لە ڕەگەزەكانی یادەوەریی بۆنمونە (لێبوردەیی) لەجیهاندا جێكەوتە ببێت.

## بەشی پێنجەم:

## دیكۆمێنت ویادەوەریی

زۆر وێنەو چیرۆک و حیكایەتی كاریگەرو تراژیدی ئامێز هەبوون،كەكاری لەسەر بكرێت،بۆ ئەوەی لەیەک كاتدا ئەنفال لەیادەوەریی خۆمان و ئەوانی دیكەدا بەزیندوویی بمێنێتەوە،ئەوەش لەبەر ئەوەنا كەرێگەی تۆڵە بگرێنە بەرو هەمان توندو تیژی بەعس بكەین بەرەفتاری خۆمان و نەوەكانی ئایندەمان،بۆ ئەوەی لەیادەوەریی ئێمە بۆ قوربانیان هەرهیچ نەبێت یادیان بەرز رابگیرێت،چونكە ئەوان دوواجار قوربانین و قوربانیش شایانی رێزگرتن و هاوكات كەسوكارەكانیشیان بەهەمان ئەندازە شایانی رێزو خۆشەویستی و ژیانێكی شكۆمەندن.

لەرێگەی وێنەوە چەند گوزراشتێک دەخەینەڕوو كەدەبوو لەرێگەی ئەم دیكۆمێنتە گرنگە كاری گەورەو بەنرخی لەسەر بكرایە،بۆ ئەوەی لەیادەوەریی كوردی و جیهانی پێگەیەكی شیاوتر و بەشكۆتری هەبووایە.

وێنەی یەكەم : شێخ حسێنی هەزار كانی لەیادەوەریی ئێمەدا زیندووە .؟



شێخ حسێن محمد-هەزاركانی 1957 لەدایك بووە
1988 بەرشالاوی ئەنفال كەوتووە

وێنەی دووەم :

ئەمە جل و بەرگی گوندنشینانی هەزار کانی یە. ئەو گوندەی شێخ حسێن تێیدا ژیاوە،رۆژانە شوانە عەرەبەکان شەقی تێهەڵدەدەن ..لەهەموو کوردستان تاکە گوندێکیشە کەئاوەدان نەکرابێتەوە...... هەرهیچ نەبوایە دەبوو وەک گەرمیانییەکان هەریەکەو وێنەیەکمان لەماڵەکانی خۆمان هەڵبواسیبوایە..بۆپەرستن نا،بەڵکو بۆ ئەوەی لەیادەوەریماندا بمێنێتەوە .



وێنەی سێیەم : مریەم ساڵەح کەرەم عەبدوڵڕەحمان .

ئەگەر چی ئێمە پێشتر بوخچەکەی مریەم مان بیستبوو کەتامرد چاوەڕێ ی دەستگیرانەکەی خۆی کردو ئامادە نەبوو بەوەی کەدەستگیرانەکەی لەژیاندا نەماوەو ئیتر ناگەڕێتەوە،بۆیە هەمیشە بوخچەکەی لەتەنیشت خۆی دانابوو .بەو هیوایەی بەدەستگرانەکەی شاد بێتەوە. زۆرن ئەوانەی وەکو مریەم بوخچەی دیاری کەسانی ئازیزو خۆشەویستیان تائێستا و دوای 29 ساڵ هەڵگرتووە .



**وێنەیەکی تر :مریەم لەکاتی مارەبڕینی .**



**وێنەیەکی تر : جل و بەرگەکانی مریەم بەشێکی لەئەمنە سورەکە پارێزراوە،بەشێکی لەئێستادا لای منە.ئەم وێنەیە بەکامێرای خۆم گیراوە.**



وێنەی چوارەم :

فەیمە سپێ سەر . هاوسەری ئەنفالکراوە. ئەم ژنە چەند ساڵێک لەبەر لەئەنفال هاوسەرگیری دەکات، تائێستا بوخچەکەی پاراستووە و ساڵی یەک جاریش جلەکان لەبەر دەکات وەک یادەوەریی بۆ هاوسەرە ئەنفالکراوەکەی ..ساڵی1984 هاوسەرگیری کردوە و فەیمە تەنها کچێکی هەیە بەناوی کوردستان ئەو جلانەی ساڵی 1985 لەلایەن هاوسەرەکەیەوە حسێن ئەحمەد سەمین لەکوڵەجۆی زەنگاباد کڕاوە، فەیمە لەکاتی ئەنفالدا مناڵێکی ساوا کەتازە لەدایکبووە ناوی ناوە کۆچەر بەناچاری لەشێوێکدا بەجێیدەهێڵێت،خۆی گوتەنی تائێستا نازانی مناڵەی لەبرسا مردووە ،یا سەربازەکان بردوویانە،یا ئاژەڵی کێوی خواردوویانە.



وێنەیەکی تری فەهیمە سپی سەری . لەکاتی پۆشینی دیاری هاوسەرکەی .



وێنەی پێنجەم : گوندی باشتەپە: ناوچەی داویە.خورماتوو. لەئێستادا سەر بە ناحیەی زینانەیە .منالێک ناوی ئەنفالکراوانی خانەوادەکەی لەسەر دیواری مزگەتی گوندەکە تۆمارکردووە.دوای ئەوەی مزگەوتەکە درووست دەکرێت،هێشتا دیواری مزگەوتە تەڕە،منداڵەکە داوای لەکەسوکاری خۆی کردووە کەژمارەی ئەنفالکراوانی پێبدەن .بەپەلە وەریدەگرێت و لەسەر دیوارەکە دەینوسێت .



وێنەی ژمارە شەش . میمکە شەوکەتی قەڵا چەرمەڵە،

میمکە شەوکەتی قەڵا چەرمەڵە،لەنوگرە سەلمان گەڕاوەتەوە،:هیچ کەسێکی لەخانەوادەکەی ژیاندا نەماوە،لەئێستادا لەلای برازایەکی دەژیت،ئەمەش کۆشک و تەلارەکەیەتی . ئەمە وەک پۆستێکی سەربەخۆ لەفەیسبووک مانگێگ بەر لەئێستا بڵاوکراوەتەوە یەکێک لەو کۆمێنتانەی بۆ میمکە شەوکەت نوسرابوو:ئەرێ ژیانی ئێستای هیچ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ نوگرە سەلمان ...میمکە شەوکەت هەتا خەوی لێدەکەوێت،خۆی گووتەنی:تاچاوم شەکەت دەبێت،سەیری وێنەی کوڕەکەم دەکەم و ئینجا دەخەوم ..



وێنەیەكی میمكە شەوكەت و ماڵەكەی .!



وێنەی حەوتەم : مەلا رەحیمی سەرقەڵا !

چیرۆكە فەرامۆشكراوەكانی پارتیزانەكانی گەرمیان لەنێوان مەرگ و ژیان،سەركەوتن و شكست،بەردەوامیی و رووخان .ئیرادەو بێهیوایی ...

مەلا رەحیمی سەرقەڵا زیاد لەچیرۆك و ئازارێكی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە . بەڵام پێینازانین.

- ساڵانێكە دوای بیستنی چیرۆكەكەی نەبات كەلەدووبز تاكە نەعلێكی سەوزی خستە دەمی مناڵەكەی تاگیانی سپارد،چونكە مناڵەكە خەیارێكی بینی بەدەست سەربازێكەوە .

- مەلا رەحیمی سەرقەڵا ساڵانە بەپێ لەكەلارەوە بەرەو گۆڕستانی دێبنە دەكەوێتە رێ و جارێك بەدەوری گۆڕستانەكە دەسورێتەوە و هەربەپێش دەگەڕێتەوە بۆكەلار.

- مەلا رەحیمی سەرقەڵا دەیان چیرۆكی دوای ئەنفال و سەردەمیی پارتیزانی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە .



**وێنەیەکی تری پێشمەرگەو پارتیزانێکی دوای ئەنفال . بەناوی حەمە رەشید توکنی .**
**ئەم وێنەیە یەکێکە لەو وێنانەی لەکاتی تۆمارکردنی رۆژانی سەردەمی پارتیزانی و پێشمەرگایەتی . نزیکەی 15 کاتژمێر دیمانەی لەگەڵدا کراوە ..**



**وێنەو یادەوەری**

**چینییەکان 3000 ساڵ وتویانە هەر وێنەیەک بەقەد سەدان وشەیە، بەڵام گومانی تێدا نییە لەئێستادا کاریگەری وشە بەقەد هەزاران وشەیە.بەتایبەتی لەدۆسیەیەکی وەکو ئەنفال . زۆر جار وێنەیەک دۆسیەیەکی گەورەی جیهانی درووست دەکات .. بەداخەوە بەختیار عەلی وتەنی :ئێمە دیکۆمێنتەکانمان تەنها بۆ ئەوە دەوێت بۆ ئەوەی بڵێین دەبینن بەعس چی بەئێمە کردووە لەکاتێکدا دەکرێت بینای یادەوەریی لەسەر ئەو بەڵگەنامە فەرامۆشکراوانە بینا بکەین .هاوکات رێز گرتنە لەقوربانی و کەسوکارەکانیان ئەگەر کەسێکیان لەژیاندا مابێت ..**

**وێنەی یەکەم: گوندی تەپە سەوز**
**بنەماڵەیەک بەر لەئەنفال لەگوندی تەپە سەوز – کفری 1986 جگە لە سێ کەس ، هەموویان ئەنفالکراون**



وێنەی دووەم:

گوندی عەلیانی گەورە. 1988لەلای راستەوە:حەمدیە فەرەج سەعید 1945.منالەکە نەناسراوە.پیرۆز خەڵکی ئۆمەرمل هاوسەرو منالەکانی ئەنفال کراون وخۆشی لەنوگرە سەلمان گەڕاوەتەوە.عومەر عەلی حەمید 1977 ئەنفالکراوە.



وێنەی سێیەم : گوندی سەر رەش . گەرمیان .1985. لەلای راستەوە: سامان عەبدولکەریم . سەبریە عەبدولکەریم. لیمۆ عەبدولکەریم .کامیل عەبدولقادر.هەموویان ئەنفالکراون



## ڕاسپاردە

1- کارکردن لەبواری ئەنفال لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن بەپێ ی ئاست بخوێندرێت.

2- سەنتەرە تەقلیدییەکان نەهێڵدرێن و سەنتەری نیشتیمانی کارا بکرێت.

3-گەڕانەوە بۆ پرۆسەی راستەقینە لەبواری بەدیکۆمێنت کردنی وردەکارییەکانی ئەنفال ،نەک وتار نووسین و پەخشان .

4- نابێت رێگە بدرێت بازرگانی بەدۆسیەی ئەنفالەوە بكرێ . بۆ سوودی خۆیان بەكاری بهێنن . ئەوانەشی هەتا ئێستا وایان كردەووەو بەبەڵگە لەسەریان ساغ بووەتەوە رێگەنەدرێن لە كەنالەكانی میدیاو سمینارو كۆنفرانسەكاندا قسەبكەن . هەرچییان لەسەر ساغ بووەوە بەیاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت.

5- دەزگایەكی سەرەكی وسەرتا سەری نیشتیمانی وچەندین دەزگای بچوكی سەربەو دەزگایە بۆ یادەوەریی بۆ كۆی دۆسیەكانی جینۆساید لەكوردستان پێكبهێندرێت.كەهەوڵ بدات كۆی رووداو و زانیارییەكان یاداشت بكات .

6- یادكردنەوەی تاوانی ئەنفال بەمشێوە كلاسیكی یە رێگەی لێبگیرێت و ببێتە هۆكاری بنیاتنانەوە و لێبوردەیی نێوان پێكهاتەكانی كوردستان.

7- هەر لێبوردنێكی گشتی دەربكرێت بخرێتە رۆژی دۆسیەیەكی جینۆساید لەكوردستان .

**ئەنجام :**

لەكۆتاییدا دەگەین بەو ئەنجامەی كە كۆمەڵگەی كوردی لەڕووی یادەوەرییەوە زۆر لاوازەو هەر ئەمەش وایكردوە تاوان و كۆمەڵكوژییەكان بەسەریدا چەند بارە ببنەوە ،نەدەبوایە دوای ئەنفال،شەنگال جینۆساید و كۆمەڵكوژ بكرێت،نەدەبوو هێزەكان لەدوای ئەنفالەوە بەرژەوەندی خۆیان بخەنە پێش میللەت و بێوەفابن بەرامبەر بەخوێنی شەهیدان و ئەنفالكراوانی كوردستان.نەدەبوو رۆژێك لەرۆژێك لەرۆژان ببینین سوكایەتی بەخەڵكی كوردستان بكرێت،بەتایبەتی درووستكردنی قەیرانی سیاسیی دەستكردو گوماناوی .لەگەڵ ئەم راستییەشدا ئەگەر میللەتێك بڕوای بەچاكسازیی و هەڵسانەوە هەبێت،ئینگلیز گووتەنی: هیچ كاتێك درەنگ نییە بۆ ئەوەی كارێك ئەنجام بدەیت.

**سەرچاوەكان**


1- پێگەی ئەلكترۆنی ئەنتەرنێت، www.almawdud.com

2- التزكر والنسیان د.قاسم هادی العوادی 1988ل 34

3- سایتی خاگرات.و/ لەفارسیەوە عومەر عەبدولكەریم

4- مۆریس هالبواكس توێژینەوەی هەورامان فەریق زانكۆی تاران 2017

5- الزاكره .التاریخ. النسیان پۆڵ ریكۆر .و/ د. جۆرج زیناتی 2009 ل 39

6- هەمان سەرچاوە ل 59

7- سایكۆلۆژی پەروەردەیی ،تیۆرویپادەكردنی سەرەكی ن/ دكتۆر عەبدوڵڕەحمان عەدەس،دكتۆر یوسف ئەلقتامی و/سەلاح سەعدی 2013 ل 365

8- التزكر والنسیان د.قاسم هادی العوادی 1988ل 64-68

9- ماهی الزاكره، انس شكك ،2010 ل 7

10- هەمان سەرچاوەی پێشوو

11- التاریخ والزاكره .د.محمد حبیده ،ئەنتەرنێت .پێگەی ئەلكترۆنی ئەنتەرنێت .ئیبن خەلدوون

-12 ئه نتەرنێت www. the freedicttion. Com

-13 التاریخ والزاكره .د.محمد حبیده ،ئەنتەرنێت .پێگەی ئەلكترۆنی ئەنتەرنێت .ئینبن خەلدوون

-14 هەمان سەرچاوەی پێشوو

-15 دیمانەیەكی تایبەت بەلێكۆڵینەوەكە لەگەڵ نووسەر ئاوات محەمەد 2017/6/23

-16 شۆڕشەكانی جیهان .ئا/و شێرزاد هەینی هەولێر 2013 ل 185

-17 گفتوگۆ لەسەر خوانێكی خوێنین ،كۆڕامانێک لەئەنفال حەمە كاكەڕەش،2007ل 9

-18 هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 9

-19 ئەنفال،كوردو دەوڵەتی عێراق .شۆڕش حاجی چ2003.3،ل 24

-20 هەمان سەرچاوەی پێشوول 23

-21 هەمان سەرچاوە 24

-22 دیدێكی نوێ بۆ یادكردنەوەی تاوانەكانی جینۆساید .عومەر محەمەد .سلێمانی،2014 ،ل 35

-23 الهویە الوگنیە والهویە د. عباس الجراری .ئەنتەرنێت

-24 دیمانەیەكی تایبەت بەلێكۆڵینەوەكە لەگەڵ دیمانەیەكی تایبەت بەلێكۆڵینەوەكە لەگەڵ نووسەر ئاوات محەمەد2017/6/23

-25 دیمانەیەكی تایبەت بەلێكۆڵینەوەكە لەگەڵ میدیاكار ئەرسەلان رەحمان 2017/6/23

-27 دیمانەیەكی تایبەت بەلێكۆڵینەوەكە لەگەڵ دیمانەیەكی تایبەت بەلێكۆڵینەوەكە لەگەڵ نووسەر ئاوات محەمەد2017/6/23

-28 ماڵپەڕی ناوەندی چاک

http://garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.74

# ئاستی بەشداری سیاسی کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان و گرنگترین ئەو هۆکارانەی کاریان لێدەکەن (ئیدارەی گەرمیان بەنمونە)

د. یاسین ئاشوور جەوهەر
زانکۆی گەرمیان کۆلیژی پەروەردە بەشی جوگرافیا

دلێر کەریم محەمەد
مامۆستا لەئامادەیی گەرمیان/ پەروەدەی گەرمیان

## پێشەکی

بەشداری سیاسی بەیەکێک لەگرنگترین کایەکانی ژیانی سیاسی کۆمەڵگا دادەنرێتو، ئاستی دیموکراسیو ئازادی گشتی ناو کۆمەڵگا دیاریدەکات، جگە لەوەی پێوەرێکی سەرەکیە بۆ ناساندنی چەمکی هاوڵاتی بوون. ئاشکرایە کە بەشداری سیاسی بەچەندین فۆرمو شێوازی جیاواز جیاواز لەسەر ئاستی تاکو کۆمەڵ خۆی دەردەخاتو، لەتەنها فۆرمێکدا خۆی نابینێتەوە. هەروەها چەندین ئاستو قۆناغی جیاوازی هەیە کە لەرێگەیانەوە ناوەرۆکو گرنگی خۆی بەدەستدەهێنێ.

لەم روانگەیەوە ئەم توێژینەوە هەوڵی ئەوە دەدات کە ئاستی بەشداری کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان دیاری بکاتو، ئەو هۆکارانەش روونبکاتەوە کە کاریگەری لەسەریان هەیە. ئامانجی هەڵبژاردنی ئەم توێژەی کۆمەڵگاش بۆ توێژینەوە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە کەسوکارو نەوی ئەنفالکراوان یەکێکن لەگرنگترین توێژەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی لەهەرێمی کوردستان بەگشتیو، ئیدارەی گەرمیان بەتایبەتی، زانینی ئاستی بەشداری سیاسیان لەکایە جیاجیاکانی ژیانی سیاسیدا لەسنوری ئیدارەی گەرمیان بایەخو گرنگی خۆی هەیە، ئەمەش لەو روانگەیەوە کە ئەم توێژە خاوەن گەورەترین قوربانیدانو، ئەنجامی ئەم قوربانی دانەش زۆرێک جێکەوتی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو دەروونی لەسەریان بەجێهشتووە.

ئەم توێژینەوە بەدوو ئاراستەی تەواوکاری یەکدیدا کاردەکات، ئاستی یەکەمیان دەستنیشان کردنی چەمکو ناوەڕۆکو قۆناغو ئاستەکانی بەشداری سیاسیە بەشێویەکی تیۆری، کەوەک دەسپێکێک بەکاردێت بۆ روونکردنەوەو تیشک خستە سەر لایەنی بەشداری سیاسی کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان لەسنوری ئیدارەی گەرمیان. ئاستی دووەمیش لایەنی پراکتیکیەو خۆی لەفۆرمێکی راپرسیدا دەبینێتەوە کە بەشێویەکی وردو ئەکادیمیو دوای پرسو راوێژکردنی بەچەند پسپۆرو شارازایەکی بواری راپرسی دارێژراوەو خۆی لە (18) پرسیاری سەرکیو چەندین پرسیاری لاوەکیدا دەبینێتەوە.

## کێشەی توێژینەوە

گرنگترین کێشەکانی توێژینەوەکە ئەوەیە کە ئایا بەرزی یان نزمی ئاستی بەشداری سیاسی کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان لەسنوری ئیداری گەرمیاندا پەیوەندی بەلایەنی سیاسی یان ئەدای یەکە کارگێرپە حکومیەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە لەئیدارەی گەرمیان؟ یاخود پەیوەندی بەئاستی هۆشیاری سیاسیوتایبەتمەندیە کەسیەکانەوە هەیە؟ یان پەیوەندی بەئاستی بژێوی کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوەکانەوە هەیە؟ هەروەها ئایا شوێنی نیشتەجێبوون پەیوەندی بەئاستی بەشداری سیاسیانەوە هەیە؟

**گریمانەی توێژینەوە**

گرنگترین گریمانەی ئەم توێژینەوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەگەر ئاستی بەشداری سیاسی کەس‌وکارو نەوەی ئەنفالکراوان لەسنوری ئیداری گەرمیاندا لەئاستێکی خراپدا بێت ئەوا بەپلەی یەکەم حزبە سیاسیەکانو، پاشان حکومەتو، دواتر رێکخراوەکانی داکۆکی کار لەکەس‌وکارو نەوەی ئەنفالکراوان، لەکۆتایشدا خۆدی خۆیان بەرپرسیاری ئەم خراپیەیان دەکەوێتە ئەستۆ. بەپێچەوانەوە ئەگەر ئاستی بەشداری سیاسیان لەئاستێکی باشدا بێت ئەوا ئەو لایەنانەی سەرەوە رۆڵی گرنگو بەرپرسیاریان لەو بارەیەوە گێڕاوە.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بتوانێت ئاستی بەشداری سیاسی کەس‌وکارو نەوەی ئەنفالکراوان لەسنوری ئیداری گەرمیاندا بزانێت تاوەکو وێنەکی روونو بەرجەستە بخاتە روو، لایەنە پۆزەتیفو نێگەتیفەکانی دیاری بکاتو، هەوڵبدات چەند راسپاردەیەکی گرنگ بخاتە بەردەست تاوەکو کەس‌وکارو نەوەی ئەنفالکراوان لەسنوری ئیداری گەرمیاندا رۆڵی زیاتر لەدروستکردنو بەشداری لەرووداوە سیاسیەکاندا بگێڕن.

**گرنگی توێژینەوە**

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کەبابەتێکی گرنگی وەک ئاستی بەشداری سیاسی کەس‌وکارو نەوەی ئەنفالکراوان لەسنوری ئیداری گەرمیاندا لەرێگەی فۆرمی راپرسیەوە دەردەخات، کە راستەوخۆ خۆدی کەس‌وکارو نەوەی ئەنفالکراوان لەسنوری ئیداری ئاستەکە دیاری دەکەنو، وێنەیەکی دروستو راستەقینە دەخەنە بەردەست. لەم روانگەیەشەوە دەکرێت گرنگترین ئەو هۆکارانە دیاری بکرێت کە کار لەسەر چالاکی کەس‌وکارو نەوەی ئەنفالکراوان لەسنوری ئیداری گەرمیاندا دەکات.

**میتۆدی توێژینەوە**

ئەم تویژینەوە پشت دەبەستێت بە دوو میتۆدی گرنگی بواری توێژینەوە لەزانستە مرۆییەکاندا ئەوانیش میتۆدی وەسفی و میتۆدی شیکردنەوەی ئامارییە.

**پێکهاتەی توێژینەوە**

توێژینەوەکە لە سێ بەشی گرنگ پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەناونیشانی (رەهەندەکانی بەشداری سیاسی و شێوازو میتۆدەکاني کارکردنە)، بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ (وەسفکردني زانیارییەکانی بەشداربووانی ناو فۆرمی راپرسیەکەیە)، بەشی سێیەمیش لەژێر ناونیشانی (شیکردنەوەي گرنگترین ئەو هۆکارانەی کار لەبەشداری سیاسی کەس‌وکارو نەوەی ئەنفالکراوان لەسنوری ئیداری گەرمیاندا) دەکەن. کۆتایی توێژینەوەکەش بەگرنگترین ئەنجامەکانو راسپاردەکانو لیستی سەرچاوەکان هاتووە.

**بەشي یەکەم: چەمک و رەهەندەکانی بەشداری سیاسی شێوازو میتۆدەکانی کارکردنە**

ئەم بەشە تەرخانە بۆ باسکردنی گرنگترین ئەو هەوڵانەی کەبۆ ناساندنی چەمکی بەشداری سیاسی لەلایەن ئەکادیمیستەکان و زانایانی بواری زانستی سیاسی و سۆسیۆلۆژیای سیاسیەوە دراون، لەگەڵ دیاریکردنی ڕەهەندەکانی بەشداری سیاسی، پاشان ئەو شێوازو میتۆدانەی کەلەناو توێژینەوەکەدا بەکارهاتوون، ئەمەش لەرێگەی ئەم دوو تەوەرەی لای خوارەوە:

## تەوەری یەكەم: چەمك و ڕەهەندەكانی بەشداری سیاسی

### یەكەم: چەمكی بەشداری سیاسی

بەشداری سیاسی لەلایەن زۆرێك لە نووسەرو ئەكادیمیستەكانی بواری زانستی سیاسی و سۆسۆلۆژیای سیاسیەوە پێناسەو ڕاڤەی بۆ كراوە، هەندێك لەوان لەسەر بنەمای سایكۆلۆژی لەبەشداری سیاسی دەڕوانن، هەندێكی تر لەسەر بنەمای ئینتیمابوون بۆ یەكێك لە ڕێكخراوەكان و چەندێتی كاریگەری لەسەر ژیانی سیاسی پێناسەی بەشداری سیاسی دەكەن، لە كاتێكدا نووسەرگەلێكی دیكە لەسەر بنەمای دابەش بوونی جوگرافی (شار/لادێ) پێناسەی بەشداری سیاسیان كردووە، هەندێكی دیكە ئاستی بەشداری سیاسی دەگەڕێننەوە بۆ پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی و ڕادەی هۆشیاری و بەهێزی چەمكی هاووڵاتی بوون.

لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵ دەدەین چەند پێناسەیەكی ئەكادیمی كە بۆ بەشداری سیاسی كراوە لەلایەن ئەكادیمیستەكانی بواری زانستی سیاسی و سۆسۆلۆژیای سیاسی بخەینە ڕوو :

(سامۆئیل هانتنگتۆن) بەم شێوەیە پێناسەی بەشداری سیاسی دەكات و دەڵێت :"ئەو چالاكیەیە كە هاووڵاتیانی ئاسایی پێی هەڵدەستن بە ئامانجی كاریگەری كردنە سەر پرۆسەی بڕیار دروست كردن، ئەو چالاكیەش چ لەسەر ئاستی تاك یان كۆمەڵ، ڕێكخراو یان هەڕەمەكی، بەردەوام یان پچڕ پچڕ، بەشێوەیەكی توندو تیژ یان ئاشتیانە، شەرعی یان نا شەرعی، چالاك یان ناچالاك بێت"[1] .

هەروەها (سیدنی فرباو نۆرمان نی) وەها پێناسەی بەشداری سیاسی دەكەن :" كە پەیوەستە بەو چالاكیانەوە كە هاووڵاتیان پێی هەڵدەستن بە ئامانجی كاریگەری خستە سەر هەڵبژاردنی كەسەكان لە ناو حكومەتدا یان ئەو چالاكیانەی كە پێی هەڵدەستن"[2].

بەڵام (جەلال عەبدوللا معەوز) دەڵێت :" بەشداری سیاسی بریتیە لە مافی هاووڵاتی لەوەی ڕۆڵی دیاریكراو لە پرۆسەی بڕیار دروست كردندا بگێڕێت، ئەمە لە فراوانترین مانایدا، بەڵام لەكەمترین مانایدا ئەوەیە كە هاووڵاتیان چاودێری بڕیارەكان دەكەن دوای ئەوەی لەلایەن فەرمانڕەواوە دەردەچێت"[3] .

هاوكات (محەمەد سویدی) وا پێناسەی بەشداری سیاسی دەكات: " كە پرۆسەیەكی سیاسی – كۆمەڵایەتیە لە ڕێگایەوە تاك ڕۆڵ لە ژیانی سیاسی كۆمەڵگاكەیدا دەگێڕێت، كاتێك كە هەلی بۆ دەڕەخسێت بەشداری لە داڕشتن و دانانی ئامانجە گشتیەكانی كۆمەڵگا بكات، لەگەڵ دۆزینەوەی باشترین میكانیزم بۆ بەجێهێنانی ئەو ئامانجانە"[4]. ئەم پێناسەیە بەشداری سیاسی وا ڕاڤەدەكات كە پرۆسەیەكە بۆ ئاڵوگۆڕكردنی ڕاو بۆچوون لە نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵاتدا دەربارەی ئەو پرسە نیشتیمانیانەی كە جێگای گرنگی پێدانی هەردوولان.

لەهەمانكاتدا، (عەبدل حەلیم زیات) پێی وایە بەشداری سیاسی:" پرۆسەیەكی فەرمی خۆبەخشانەیە لە ڕەفتارێكی ڕێكخراو و ڕەواو بەردەوامەوە دەردەچێت، گوزارشت لە ئاراستەیەكی ئەقڵانی دروست دەكات. لە

---

([1])Samauel P.Hantington and John M.Nelson, on easy, Political Participation in Developing countries, Harvard, University Press. USA, 1976. P.3.

([2])Verba Sidney, Norman Nie, American Citizen Participation Study (Internet Source, comment, statistical Labaratory, Website, UNCAT, 1990, p.2.

([3])جلال عبدالله معوض، ازمة المشاركة في الوطن العربي في: علي الدين هلال وآخرون، الديمقراطية والحقوق الانسان في الوطن العربي، سلسلة كتب المستقبل العربي، العدد (4) مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 1983، ص63.

([4]) محمد السويدي، علم الاجتماع: ميدانه وقضاياه، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائير، 1990، ص160.

درک پێکردنێکی قووڵ بە ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتی بوونەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ڕێگەی ئەو ڕۆڵە کاریگەرو کارایانەوە دەکرێت کە هاووڵاتیان لە ژیانی سیاسیدا دەیگێڕن"[5].

هەندێکی دیکە پێیان وایە بەشداری سیاسی ئەو فۆرمەیە لە پیادەکردنی سیاسەت کە بەبێ جیاوازی ڕێگا بە تاکەکان دەدات مافی بەشدارییان لە پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتی گشتیدا هەبێت لەوڵاتدا، هەروەها مافی بەشداری بداتە تاکەکان لە دروست کردن و دەرکردنی بڕیارەکاندا بەشێوەیەک کە ببێتە مایەی هێنانەکایەی ڕێکخستنی جەماوەری و وزەکانی ئامادە ساز بکات و هێزو توانا شاراوەکانی جەماوەر دەربخات بۆ بەجێهێنانی ئامانجە چاوەڕوان کراوەکان[6]. لەم پێناسەیەوە دەردەکەوێت کە بەشداری سیاسی پەیوەندیەکی پتەوی بە ستراکچەری سیستەمی سیاسیەوە هەیە، بەو واتایەی کە لەسەر سیستەمی سیاسی پێویست دەکات پرۆسەی بەشداری چوارچێوەدار بکات و وای لێ بکات بە ئاراستەیەکی دروستدا بڕوات.

بەشێوەیەکی گشتی بەشداری سیاسی ئاماژەیە بەو چالاکیە خۆبەخشە کە تاکەکانی کۆمەڵگا بەشداری تێدادەکەن وەک هەڵبژاردنی سەرۆک، بەشداری کردنیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە دروست کردنی سیاسەتی گشتیدا، ئەو چالاکیانەش بەشێوەیەکی سەرەکی دەنگدان و گەڕان بەدوای زانیاری و ئامادەبوون لە کۆڕو کۆبوونەوەکان و بەشداری ماددی و پەیوەندی کردن بە نوێنەرەکانی گەلەوە، دەگرێتەوە. بەڵام گەورەترین فۆرمی کاریگەری بەشداری سیاسی چوونە پاڵ حزبی سیاسی و ئەندامبوونە تێیدا بەشێوەیەکی فەرمی، و بەشداری هەڵبژاردن و کێبڕکێیە لەسەر بەدەستهێنانی ئەرکی حزبی[7].

لەهەموو ئەو پێناسانەی سەرەوەدا دەتوانین بڵێین کە بەشداری سیاسی ئەو فۆرمی چالاکیەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگا پێی هەڵدەستن بە ئامانجی کاریگەری کردنە سەر ڕەفتارو بیرکردنەوەی دەسەڵاتداران لە حکومەتدا ئەمەش لە ڕێگەی ئەندام بوون لە حزب و گروپەکانی فشارو بەرژەوەندیدا خۆی دەبینێتەوە کە لەڕێگەیەوە بەشداری لە پرۆسەی بڕیار دروست کردن و داڕشتنی سیاسەتی گشتیدا دەکەن، بێگومان ئەم بەشداری کردنەش پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ئاستی هۆشیاری و ڕادەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی هاووڵاتی بوونەوە هەیە، چەندە ئەم هەستە باڵاتر بێت هێندەش ئاستی بەشداری لەلایەن هاووڵاتیەوە کاریگەرتر دەبێت. بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. کەواتا دەکرێت بڵێین بەشداری سیاسی لەهەمانکاتدا ئەرک و مافە, چالاکیەکی خۆبەخشانەیە کە تاک بۆ بەرژەوەندی خۆی و کۆمەڵگا پێی هەڵدەستێت.

**دووەم: گرنگی بەشداری سیاسی**

پایەیەکی گرنگی ژیانی دیموکراسی و ئاستی شارستانی هەر کۆمەڵگایەک پەیوەستە بە چەندێتی ئەو ئازادیە گشتیەوە کە تیایدا فەراهەمکراوە، بەشداری سیاسی یەکێکە لەو پایە گرنگانەی ئازادی و پەیوەندیەکی دوو لایەنەو تەواوکاری لە نێوانیاندا هەیە، بەو مانایەی کە چەندە ئازادی زیاترو بەرجەستەکراو بێت ئەوەندەش بەشداری سیاسی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە فراوانتر دەبێت، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە. لە لایەکی

(5) السيد عبدالحليم الزيات، التنمية السياسية: الابعاد المعرفية والجامعية، ج2، دار المعرفة الجامعية، الجزائر، 2002، ص 86.
(6) عمر إبراهيم خطيب، التنمية والمشاركة السياسية في اقطار الخليج العربي، مجلة المستقبل العربي، العدد (40)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، حزيران 1982، ص 18.
(7) سامية خضر صالح، المشاركة السياسية والديمقراطية: اتجاهات نظرية ومنهجية حديثة تساهم في فهم العالم من حولنا، جامعة عين الشمس، القاهرة-مصر، 2005، ص ص 18-19.

دیکەوە، بەشداری سیاسی میکانیزمێکی گرنگی سیستەمە دیموکراسیەکانی فەرمانڕەواییە کە لەڕێگەیەوە فۆرمێکی ڕەوایەتی(الشرعيه) بۆ خۆی دەستەبەر دەکات.

لەم ڕوانگەیەوە بەشداری سیاسی بەداینەمۆی گەشەپێدانی بەردەوام و هەمەلایەنە دادەنرێت، چونکە جەخت دەکاتەوە لەسەر فاکتەری مرۆیی و چالاککردنی ڕۆڵ و کاریگەری تاک لەسەر ژیانی سیاسی و پرۆسەی بڕیار دروست کردن و دواجاریش جێبەجێکردن و چاودێری کردنی بڕیارەکان، واتا بەشداری سیاسی لەسەر ئاستی تاک گرنگی و بایەخی تایبەت بەخۆی هەیە، چونکە لەڕێگەیەوە بەشداری لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگاکەیدا دەکات و هەلی بۆ دەڕەخسێت بەشداری بکات لە داڕشتنی ئامانجە گشتیەکانی کۆمەڵگاکەی و پاشانیش دۆزینەوەی باشترین میکانیزم بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە.

لەسەر ئاستی سیاسەتی گشتیش بەشداری سیاسی دەکرێت وەک ئەرک و کارێکی گرنگ دابنرێت، چونکە دەسەڵاتداران ناچار بەگرتنەبەری سیاسەتێکی گشتی دەکات کە گونجاو و وەڵام دەرەوە بێت بۆ داخوازی هاووڵاتیان، جگە لەوەش ئەم بەشداریە دەبێتە مایەی دووبارە دابەشکردنەوەی دەرامەتەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی دادپەروەرانەتر(8).

گرنگیەکی دیکەی بەشداری سیاسی ئەوەیە کە ڕاستگۆی و شەرعیەت دەدات بە سیستەمی سیاسی و دەستەو فەرمانگەکانی، جگە لەوە بەشداری سیاسی پەرژینێکی ئارامە بۆ دیموکراسی و لەڕێگەیەوە مافی هاووڵاتی بوون بۆ هەمووان دەستەبەر دەبێت نەک بۆ دەستەو گروپێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگا. هەروەها حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیش لە داخران وپەراوێزبوون دوور دەخاتەوەو بواری فراوان لەبەردەمیدا دەکاتەوە بۆ زیاتر جوڵە کردن وخزمەتکردنی کۆمەڵگا(9). کەواتا بەشداری سیاسی پێویستیەکی هەمیشەیی و بنەڕەتیە بۆ هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی، چونکە دەبێتە مایەی هێنانەکایەوەی یەکێتی نیشتیمانی و هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان ڕۆڵەکانیدا، نەک هەر ئەمەش بەڵکو بەشداری سیاسی میکانیزمێکی گرنگە بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی دەرامەتەکانی کۆمەڵگا لە نێوان تاکەکانیدا بەشێوەیەکی دادپەروەرانەتر(10). هەروەها بەشداری سیاسی مافێکی گشتی گەلە بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە دیاریکردنی سیاسەتی گشتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکەی و دیاریکردنی هەڵوێستی خۆی لەبەرانبەر ئەو پرسانەی کە بەلایەوە چارەنووسسازن، جگە لەوە بەشداری سیاسی دەبێتە هۆی ئەوەی کە سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتی ناوخۆی کۆمەڵگا دووربخاتەوە لەهەر ئۆپۆزسیۆنێکی نهێنی و توندوتیژ کە ببێتە مایەی هەڕەشەو مەترسی بۆسەر مانەوەو بەردەوام بوونی(11). لەبەر ئەم گرنگیانەی بەشداری سیاسی دەبینین ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت لەسەر گرنگی بەشداری سیاسی دەکەنەوە لە ناو وڵاتانی جیهاندا، بۆ نموونە لە جاڕنامەی گەردوون مافەکانی مرۆڤ لەماددەی (21) بڕگەی (1+2) هاتووە :"1- هەموو کەسێک مافی بەشداری لەبەڕێوەبردنی کاروباری گشتی

(8) ثامر محمد كامل الخزرجي، السياسية العامة وأداء النظام السياسي، مجلة العلوم السياسية، العدد (33)، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، 2006، ص146.

(9) لعجان محمد لمين، إشكالية المشاركة السياسية وثقافة السلم، مجلة العلوم الانسانية، العدد (12)، جامعة محمد خيضر بسكرة، الجزائر، ص24.

(10) يوسف خليفة يوسف، المشاركة السياسية في دول الخليج العربي، مجلة المستقبل العربي، العدد (290)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، نيسان 2003، ص 125.

(11) هند قاسم، المشاركة السياسية للمرأة في دول الخليج العربي، دراسة حالة الكويت، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، 2005، ص 16.

وڵاتەکەیدا هەیە، بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان لەرێگەی نوێنەرەکانیەوە کەبەئازادی هەڵیدەبژێرن. 2- هەموو کەسێک لەگەڵ کەسانی دیکەدا، مافی بەدەستەوەگرتنی ئەرکە گشتییەکانی هەیە لەوڵاتەکەیدا"[12].

هەروەها لەماددەی (25) پەیمانی نێودەوڵەتی بۆ مافە سیاسی و مەدەنیەکان هاتووە :" هەموو کەسێک بەبێ هیچ جیاوازیەک مافی بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا هەیە. هەروەها مافی خۆ کاندیدکردن وهەڵبژاردنی هەیە لە هەڵبژاردنەکاندا کە بەشێوەیەکی بێگەردانەو خوولی ئەنجام دەدرێت لەسەر بنەمای یەکسانی لە نێوان دەنگدەران، هەروەها هەموو کەسێک هەلی بەدەستەوەگرتنی ئەرکە گشتیەکانی دەبێت هەبێت لە وولاتدا"[13].

بەکورتی گرنگی بەشداری سیاسی لەوەدایە کە بەرجەستەکەری مافێکی بنەڕەتیە لەمافەکانی مرۆڤ، ئەم مافانەش خۆی لە خۆکاندیدکردن بۆ بەدەستەوەگرتنی پۆستە سیاسی و فەرمیەکانی دامودەزگاکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا، پاشان خۆی لەمافی دەنگداندا دەبینێتەوە، کەواتا دەکرێت بڵێین بەشداری سیاسی ئەرکە لەسەر هاووڵاتیان، چونکە چەمکی هاوڵاتی بوون بۆ ئەوەی زیاتر کاریگەرو گەورەتر بێت لە کۆمەڵگادا پێویستی بەم ئەرکەیە، ئەوەش بە مانای دڵسۆزی بۆ نیشتیمان دێت لە نێوان هەموو تاکەکانی کۆمەڵگادا، بەمانایەکی تر بەشداری سیاسی ڕێگەیەکی چارەنووسسازە بۆ هاووڵاتیانی کۆمەڵگا، کە بتوانن لە نزیکەوە کێشەکانیان بزانن و هەرخۆشیان هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن ورێگەی شیاو لەگەڵ حکومەتدا بدۆزنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانە، واتا بەشداری سیاسی فەڵغانێکی گرنگە بۆ بڕیاری سیاسی، چونکە لە ڕێگەی بەشداریەوە بەرپرسیارێتی هەر دەرئەنجامێکی ئەرێنی یان نەرێنی هەر بڕیارێکی سیاسی لەنێوان جەماوەرو دەسەڵاتدا دابەش دەبێت، لەدواجاریشدا ئەم دابەشبوونەی بەرپرسیارێتییە سیستەمی سیاسیو دەسەڵات لەناسەقامگیریو پشێوی دووردەخاتەوە، کاتی پێویستو هەلی دیکەی دەخاتەوە بەردەست تاوەکو بەشێوەیەکی عەقڵانیترو واقیعانە رووبەرووی ئەو کێشەو گرفتانە بێتەوە کە رووبەرووی دەبێتەوە.

## سێیەم: پاڵنەرەکانی بەشداری سیاسی

هەموو کارێکی سیاسی وەک هەر کارێکی دیکەی مرۆیی، پێویستی بە پاڵنەرو مۆتیڤی سەرەکی هەیە کە هانی هاووڵاتیان بدات بەرەوپیری بچن، ئەو هاندانانەش وا لە تاک دەکات هەڵوێستی ئەرێنی یان نەرێنی بەرامبەر بە بەشداری وەربگرن.

ئارەزووی بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بەشێوەیەکی تەقلیدی لە ڕێگەی بوون بە ئەندام لە پارت و رێکخراوە سیاسیەکان و بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان، یان هەر جۆرێکی دیکەی بەشداری بەشێوە نا تەقلیدیەکەی لە ڕێگەی پەنا بردن بۆ توندوتیژی وشێوازەکانی دیکە پێویستی بە پاڵنەر گەلێک و بواری جیاجیا هەیە.

بێگومان مەبەست لە پاڵنەرەکانیش تەنها پاڵنەری سایکۆلۆژی نیە، بەڵکو مەبەست لێی هەموو هاندەرەکانی بەشداری سیاسیە چ لە سەر ئاستی سایکۆلۆژی بێت یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی.

---

([12])لأمم المتحدة، الاعلان العالمي لحقوق الانسان: متوفر على الموقع الرسيمي للامم المتحدة على شبكة المعلومات الدولية:
http://www.un.org/ar/universal-declaration-human-rights/index.html

([13]) العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية الذي اعتمد وعرض للتوزيع والتصديق بموجب قرار الجمعية العامة للامم المتحدة (2200 الف) (د. 21) المؤرخ في (16 ديسمبر 1966).

**بەپێی بۆچوونی (فلیپ برو) پاڵنەرەکانی بەشداری سیاسی دابەش دەبێت بۆ سەر سێ ئاست[14]، ئاستی یەکەم: خۆی لە ئارەزووی ئینتیما بۆ کۆمەڵ دەبینێتەوە، تاک هەست بە پەیوەستی دەکات کاتێک کە دەنگی دەچێتە پاڵ دەنگی ملیۆنان خەڵکیەوە، بە ئامانجی ئەوەی کاریگەرییەکی دیاریکراوی لێ بکەوێتەوە. ئاستی دووەم: ئارەزووی تاک بۆ بەشداری کاتێک دەردەکەوێت کە بەدوای پارێزاویدا دەگەڕێت بەرامبەر بە بارودۆخ و گرفتەکانی ژیان. ئاستی سێیەم: ئارەزووی تاک بۆ بەشداری سیاسی بۆ ڕزگار بوون لە هەستی چەپێنراوی دوژمنکارانە دەگرێتەوە.**

**هەروەها دکتۆر (عەبدول هادی ئەحمەد جەوهەری) پاڵنەرەکانی بەشداری چ سیاسی بێت یان کۆمەلایەتی بەم شێوەیە دیاری دەکات: کارکردن لە پێناو بەرژەوەندی گشتی، خۆشەویستی کارکردن لەگەڵ کەسانی تر، ئارەزووی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی جەماوەریی، بەدەستهێنانی پلەوپایە لەناو حزب یان ڕێکخراو و دەستەکان، بەدەستهێنانی ڕێزو خۆشەویستی هاووڵاتیان، بەرژەوەندی ماددی، پاڵنەری خوودی، بۆ بەشداری کارکردن لە پێناو پڕکردنەوەی کۆمەڵێک پێویستی لەوانە : پێویستی بۆ ئینتیما بوون، پێویستی بۆ پلەوپایە، پێویستی بۆ ڕێزو خۆشەویستی، بوونی هاندەری ماددی[15].**

**بەڵام (ئیسماعیل عەلی سەعد) پێی وایە پاڵنەرەکانی بەشداری سیاسی و ئامانجەکانی لە هەناوی ئەو ژینگە کۆمەلایەتی و سیاسیەوە سەرچاوە دەگرێت کە تاک لەناویدا دەژێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، یان لە ڕێگای بەرکەوتنیەوە لەگەڵ ژینگەی دەرەکیدا، ئەمە سەرباری کاریگەری هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەریی، هەروەها پاڵنەرەکانی تاک و ئارەزووی بۆ بەشداریکردن دەوەستێتەوە سەر چەندێتی و جۆرێتی ئەو هەڵوێستە سیاسیانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. هەرچەندە ئەم هەڵوێستانە فرەو جۆراوجۆربن ئەوەندە ئەگەری بەشداری تاک لە پرۆسەی سیاسیدا زیاد دەکات، بەمەش بوارو قوڵایی بەشداری سیاسی فراوانتر دەبێت[16].**

**بەشێوەیەکی گشتی پاڵنەرەکانی بەشداری سیاسی دابەش دەبن بۆ[17]:**

**یەکەم : پاڵنەرە گشتی یەکان: بەشێوەیەکی گشتی ئەمانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە**

**1- هەست کردنی تاک بەوەی کە بەشداری لەهەمانکاتدا ئەرک و پابەند بوونە بەرامبەر بەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژێت.**

**2- ئارەزووی بەشداری لەگەڵ ئەوانیتردا بۆ پێشخستن و باشتر کردنی کۆمەڵگا.**

**3- ئارەزووی بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگادا، بە ئامانجی بەجێهێنانی جۆرێک لەتەواوکاری و کارلێککردن لەنێوان ئەم چینانەدا، ئەوەش بۆبەدەست خستنی ئامانجە گشتییەکان.**

**4- ڕازیبوون یان نەبوون بەرامبەر سیاسەتی حکومەت بەجۆرێک کە هەندێک لە توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە لەگەڵ ڕازی بوون لە سیاسەتی حکومەت ئەوا بەشداری سیاسیش زیاد دەکات وبە پێچەوانەشەوە ڕاستە.**

---

([14]) فليب برو، علم الاجتماع السياسي، ترجمة: محمد عرب صاصيلا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، 1998، ص 338.

([15]) عبدالهادي أحمد الجوهري، درسات في علم الاجتماع السياسي، مكتبة نهظة الشرق، القاهرة، 1980، ص ص 25-26.

([16]) اسماعيل علي سعد، اصول علم الاجتماع السياسي: في السياسة والمجتمع،ج2، دار النهضة العربية، بيروت-لبنان، 1988، ص 169.

([17]) عبدالاله واردي، التأصيل الفقهي للمشاركة السياسية، الحوار المتمدن، العدد (*1994*) في (*1* آب *2007*)، على شبكة المعولمات الدولية: http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=104505 . ; تارا عمر محمد، المشاركة السياسية وتاثيرها على عملية التحول الديمقراطي: العراق المعاصر كحالة للدراسة، رسالة ماجستير، كلية القانون والعلوم السياسية، جامعة السليمانية، *2009*، ص ص *24-25*.

5- فەراهەم بوونی گەرەنتی یاسایی و دەستووری کە کەشێکی ئارام ودیموکراسی تەندروست وسەروەری یاسا وئازادی بیرکردنەوەو ڕادەربڕین بۆ هاووڵاتیان دەستەبەر دەکات.

6- فاکتەرەکانی پێگەیاندن و ڕۆشنبیری سیاسی لەچوارچێوەی خێزان یان قوتابخانە یان دامەزراوە ئاینیەکان یان خۆبەخشەکان یان حزبەکان یان هۆکارەکانی پەیوەندی کردن بەهای بەشداری لەلای تاک گەشە پێدەدات و وایلێدەکات هاووڵاتیەکی بەشداریکەر بێت.

**دووەم: پاڵنەرە تایبەتیەکان: بەشێوەیەکی گشتی ئەمانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە**

1- بەشداری باشترین میکانیزمە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تاک.

2-هەوڵی کاریگەرییە لەسەر دروست کردنی سیاسەتی گشتی لە کۆمەڵگادا، بۆ ئەوەی گونجاو بێت بۆ پێویستی و ئارەزووە تایبەتیەکانی تاک لە کۆمەڵگا.

3- بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان کە خۆی دەبینێتەوە لە کۆنترۆڵ و هەژموون و بەدیهێنانی سوودە ماددیەکان و بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی دیکەی تاک.

ئەمانەی لەسەرەوە باسکران گرنگترین ئەو پاڵنەرە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆژیانەیە کە وا لەتاک دەکەن بە شێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی ڕۆڵی خۆی لە ڕێگای بەشداری سیاسیەوە بگێڕێت.

**چوارەم: ئاستەکانی بەشداری سیاسی**

ئاستەکانی بەشداری سیاسی لە نێوان کۆمەڵگاکان و تەنانەت یەک کۆمەڵگادا و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاواز دەبێت، ئەوەش بەپێی جیاوازی نێوان سیستەمە سیاسیەکان، چونکە ئاستەکانی بەشداری سیاسی لەسەر سروشتی سیستەمی سیاسی دەوەستێت. بەشداری سیاسی بەچەندین قۆناغ و پلەی جیاوازدا تێدەپەڕێت، لە گرنگیدان بەکاروباری گشتی وسیاسیەوە دەست پێدەکات، پاشان پێشدەکەوێت بەرەو تێکەڵاوبوون بە سیاسەت دواتر دەگۆڕێت بۆ ئەنجامدانی چالاکی سیاسی، لە دواجاریشدا ئەم چالاکیە دەگۆڕێت بۆ هۆشیاری هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی سیاسی، دوا قۆناغی بەشداریش بریتیە لە بەدەستەوە گرتنی پۆست و پلەی سیاسی دیاریکراو[18].

چەندین ئەکادیمیستی بواری سۆسیۆلۆژیای سیاسی هەستاون بە دیاریکردنی ئاستەکانی بەشداری سیاسی، هەریەکەیان لە ڕوانگەی تایبەت بەخۆی و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەی کە تێیدا دەژێت ئاستەکانی بەشداری سیاسی دیاریکردووە، لێرەوە هەوڵ دەدەین بەشێوەیەکی کورت ئەو ئاستانە بخەینە ڕوو[19]:.

**ئاستی یەکەم:** بەشداری سیاسی فەرمیە کە کەسایەتیە فەرمیەکان و خاوەن پۆستەکان پێی هەڵدەستن.

**ئاستی دووەم:** بەشداری ڕێکخراو، بەشداری ئەو دەستە بژێرە سیاسیەیە کە لەدەرەوەی دەسەڵاتن و بەدوای دەسەڵاتدا دەگەڕێن، چونکە ئەمانە خاوەن سەرچاوەکانی هێزو توانان دەتوانن کار لە پرۆسەی بڕیار دروست

(18) عبد الحليم الزيات، مصدر سبق ذكره، ص 102

(19) بۆ زانياري زياتر دەربارەي ئاستەكاني بەشداري سياسي بڕوانە: 1- إبراهيم أبراش، علم الاجتماع السياسي، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان-الاردن، 1998، ص ص 25-251. 2- شعبان الطاهر الاسود، علم الاجتماع السياسي، دار المصرية للطباعة والنشر، القاهرة، 1997، 177-178. 3- اسماعيل علي سعد، مصدر سبق ذكره، ص ص 174-178. 4- Gold man, Berry, Jnnda, The Challenge of Democracy, Internet Source, New Java Ideology, Download Dos, Hougthon, Mifflen Company,1997, p.4.

کردنی سیاسی بکەن، ئەمانەش وەک گروپەکانی فشار، بەرژەوەندی، گروپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بەجیاوازی جۆرەکانیەوە.

**ئاستی سێیەم:** لەو کەسانە پێکدێت کە لەڕێکخستنە سیاسیەکاندا ئەندامن و داکۆکی لەبەرژەوەندی گشتی دەکەن.

ئەم جۆرە لە دوو جۆرەکەی سەرەوە کەمتر کاریگەرە.

**ئاستی چوارەم:** بەشداری کاتی، ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە مافی دەنگدانیان هەیە لە هەڵبژاردنەکاندا.

**ئاستی پێنجەم:** ئەوانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی چوارچێوەی یاساو دامودەزگا شەرعیەکانی حکومەت کارو چالاکی ئەنجام دەدەن.

**ئاستی شەشەم:** گروپە بێدەنگەکان ( خامۆشەکان) ئەمانەش ئەو گروپانە دەگرێتەوە کە بەشدارییان سنووردارەو ڕاستەوخۆ نیە، بەتەواوەتی دوورە پەرێزن لە گۆڕەپانی سیاسی و هیچ گوێ بە ماف و ئەرکی خۆیان نادەن لەم پرۆسەیەدا.

لەهەموو ئەوانەی سەرەوە کە باسمان کرد دەتوانین بڵێین کە ئاستەکانی بەشداری سیاسی خۆی لە دوو ئاستی سەرەکیدا دەبینێتەوە ئەوانیش ئاستی بەشداری فەرمی یە کە کەسایەتی و خاوەن پۆست و پلە باڵاکانی حکومەت پێی هەڵدەستن و دەتوانن بڕیاری سیاسی گەورەو چارەنووس ساز لە کۆمەڵگادا دەربکەن و هەوڵی ڕێکخستنی خواست و بەرژەوەندی خۆیان و کۆمەڵگایان بێت. ئاستی دووەم بریتیە لە ئاستی نافەرمی بەشداری سیاسی کە خۆی لە پارتە سیاسیەکانی دەرەوەی دەسەڵات و گروپەکانی بەرژەوەندی و فشار دەبینێتەوە، واتا هەموو ئەوانەی بەجۆرێک لە جۆرەکان بەرهەڵستکارو نارەزای بەرامبەر بە دەرهاوێشتەو بڕیارەکانی سیستەمی سیاسی باوی کۆمەڵگاکەیان دەکەن بەشداری کردنەکەیان بەشداریەکی سیاسی نافەرمیە.

## پێنجەم: تایبەتمەندیەکانی بەشداری سیاسی

بەشداری سیاسی بەکۆمەڵێک تایبەتمەندی دەناسرێتەوە لە گرنگترینیان ئەمانەن[(20)]:

1- ڕەفتارێکی خۆبەخش وچالاکیەکی خۆویستانەیە لەلایەن هاووڵاتیانەوە، بەهۆی هەستکردنیان بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە پرس و ئامانجە گرنگەکان.

2- بەشداری سیاسی بە ڕەفتارێکی ئەرێنی واقیعی دادەنرێت، بەو مانایەی کە دەگۆڕێت بۆ کرداری بەچاوبینراو و پراکتیکی کە پەیوەندیەکی توندوتۆڵی بەژیانی جەماوەرەوە هەیە.

3- بەشداری سیاسی لەهەمانکاتدا ئامانج و میکانیزمە، ئامانجە لەبەر ئەوەی ژیانی دیموکراسی تەندروست پێویستی بە بەشداری جەماوەری هەیە لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش مانای گۆڕانی ڕەفتارو ڕۆشنبیری هاووڵاتیانە بەرامبەر بە هەستکردنیان بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، لەهەمانکاتدا میکانیزمێکە بۆ تواناداركردنی جەماوەر لەوەی ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن لە ڕابوونی کۆمەڵگادا.

4- بەشداری سیاسی بەڕەفتارێکی وەرگیراو دادەنرێت بەو مانایەی کە ڕەفتارێکی سروشتی نیە لەگەڵ لەدایک بوونی تاکدا بێت یاخود لە باو باپیرانەوە بۆی مابێتەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی وەرگیراوە کە تاک لە ژیانیدا و لە ڕێگە هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ تاکەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگادا فێری دەبێت.

5- بەشداری لە سەر شوێنێکی دیاریکراو کورت نابێتەوەو نابەسترێتەوە بە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو.

---

(20) أمين عواد المشاقبة و دينا صبيح شقير، نظريات التنشئة السياسي والثقافة السياسية، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، القاهرة، 2017، ص ص 90-91; جلال معوض، مصدر سبق ذكره، ص 70; عبدالاله واردي، مصدر سبق ذكره.

6- بەشداری سیاسی بە سادەترین مافەكانی هاوولاتی دادەنرێت، مافێكی بنەڕەتیە كە پێویستە هەموو هاوولاتیەک لە كۆمەڵگادا سوودمەند بێت لێی.

7- بە پرۆسەیەكی كۆمەلایەتی گشتگیرو هەمەلایەنە دادەنرێت، وفرە ڕەهەندەو ئامانج لێی بەشداری پێ كردنی هەموو تاكێكی كۆمەڵگایە لەهەر قۆناغێک لە قۆناغەكانی گەشەپێداندا، وهەروەها لە زانیاری و تێگەیشتن و پلاندانان و بەڕێوەبردن و پێشكەش كردنی دەست پێشخەری و بەشداری كردنە لە سوودو قازانجەكاندا.

8- بەشداری سیاسی كورت نابێتەوە لەیەک بواردا، بەڵكو چالاكیەكی فرە ڕەهەندی ژیانی سیاسی و ئابووری و كۆمەلایەتیە، كە دەكرێت تاک لە ڕێگەیەوە بەشداری لە یەكێک یان هەموویدا بكات لە هەمان كاتدا.

**تەوەری دووەم: شێوازو میتۆدی كاركردن**

میتۆدی توێژینەوەی زانستی وادەخوازێت سەرەتا چوارچێوەیكی گشتی دیاری بكرێت بۆ ڕوونكردنەوەی چۆنێتی كاركردن وئەو شێوزاو ڕێگا زانستیانەی بۆ زانینو هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆكی توێژینەوەكە دەگیرێتە بەر، لەبەرئەوەش ئەم توێژینەوەیە لەبنەڕەتەدا توێژینەوەیەكی پراكتیكی مەیدانیەو بەپلەی یەكەم پشتی بەوەلامدانەوەی بەشداربووانی ڕاپرسیەكە بەستووە، بۆیە لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین چۆنێتی كاركردنو دیاریكردنی ئامانجو شێوازی كۆكردنەوەی فۆرمەكانی ڕاپرسیو دواتر شیكردنەوەی بخەینە ڕوو.

ئەو ڕێو شوێنە میتۆدیانەی لەتوێژینەوەكەدا گیراوەتە بەر:

**یەكەم: دیاری كردنی سنور توێژینەوەكە**

لەبەرئەوەی فۆرمە ڕاپرسیەكەی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی بەشداری سیاسی كەسوكارو نەوەی ئەنفالكراوەكانە لەسنوری ئیدارەی گەرمیان، لێرەدا هەوڵدەدەین سنوری جوگرافی ئەو ئیدارەیە دەستنیشان بكەین.

ئـیدارەی گەرمیان لەڕووی شوێنی جوگرافیاوە دەكەوێتە باشوری پارێزگای سلێمانیو باشوری ڕۆژهەلاتی هەرێمی كوردستانەوە، لە بەشی ڕۆژهەلاتیەوە هاوسنورە لەگەڵ كۆماری ئیسلامیی ئێران بەدرێژایی (153.716)كم، لە باشورەوە هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای دیالە، لە بەشی ڕۆژئاواو باشوری ڕۆژئاواوە پارێزگای سەلاحەدین دەنوێنێت، لە باكوری خۆر ئاوایشەوە هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای كەركوک. بڕوانە نەخشەی ژمارە (1).

سەبارەت بە یەكە كارگێڕییەكانی ئیدارەی گەرمیان، پێكهاتووە لە هەریەک لە قەزای كەلار: (ناحیەی سەنتەری كەلار، ناحیەی ڕزگاری، ناحیەی پێباز، ناحیەی شێخ تەویل)، قەزای كفری: (ناحیەی سەنتەری كفری، ناحیەی كۆكس، ناحیەی سەرقەلا، ناحیەی نەوجول، ناحیەی ئاوەسپی)، قەزای خانەقین: (ناحیەی سەنتەری خانەقین، ناحیەی قۆرەتوو، ناحیەی مەیدان)، كە كۆی گشتی ڕووبەرەكەی بریتیە لە (6589) كم2. سەرەتا ئەم ئیدارەیە بە بڕیارێكی ئەنجوومەنی وەزیران لە (2006/8/6) پێكهێنراو شاری دەربەندیخان كرایە سەنتەری ئیدارەكە، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو قەزاو ناحیانەی پێشتر سەر بە سنووری پارێزگای كەركووک بوون، پاشان هەر بە فەرمانێكی وەزاری لە (2007/2/25)، لە بەر بەرژەوەندیی گشتی بڕیاردرا بە گواستنەوەی سەنتەری ئیدارەی گەرمیان لە شاری دەربەندیخانەوە بۆ شاری كەلار/، كە پێكهاتبوو لە هەریەكە لە قەزاكانی (كەلار، كفری، چەمچەماڵ)، لەگەڵ ناحیەكانی (قۆرەتوو، مەیدان)

**نەخشەی (1) شوێنی ئیدارەی گەرمیان بە پێی هەرێمی کوردستان و عێراق**




سەرچاوە/ کاری توێژەر بەپشت بەستن بە: 1 ) هاشم یاسین وئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپخانەی تێنووس، چاپی یەکەم، 2009، ل81.
2 ) وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، بەشی GIS، 2010.

**کە سەر بەقەزای خانەقین بوون. دواتر لە (2011/8/1)، دیسان بە فەرمانێکی وەزاری سەرجەم یەکەو پێکهاتەکانی قەزای چەمچەماڵ لە ڕووی کارگێڕیو داراییەوە بەسترانەوە بە پارێزگای سلێمانیەوە[21].**

## دووەم: مەبەست لەکەسو کارو نەوەی ئەنفالکراوەکان

**لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان، وارسی پلەیەکی ئەوانە، واتا (دایک و باوک و کوڕو کچ و خوشک و برا) کە فۆرمی ڕاپرسیەکەیان بەسەردا دابەشکراوە، جگە لەمانە نزیکەی 10 بۆ 15 فۆرمی ڕاپرسیەکە دراوەتە ئەو کەسانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی خێزان و بنەماڵەکەیان ئەنفال کراون.**

## سێیەم: دەست نیشان کردنی ژمارەی بەشداربووان

**بێگومان سنووری ئیدارەی گەرمیان بەپێی قۆناغەکانی تاوانی ئەنفال ئەو شوێنە جوگرافیایەیە کە ئەنفالی سێی تێدا ئەنجام درا، کە گەورەترین و کارەساتبارترین قۆناغەکانی تاوانەکەیە، چونکە لەم قۆناغەدا ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی و گوندنشینی گەرمیان بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتن، وبێسەرو شوێن کراون. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئیدارەی گەرمیانە وەک سنووری توێژینەوەکە، نەک تەواوی گەرمیان وەک ناوچەیەکی جوگرافی. بۆیە بۆ بڕیاردان لەسەر ژمارەی ئەو فۆرمانەی کە پێویست بوو بەسەر بەشداربووواندا دابەش بکرێن پشتمان بە زانیاریەکانی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان وئەنفال کراوانی گەرمیان) لەناحیەی ڕزگاری سەر بەقەزای کەلار بەستووە. بەپێی ئامارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ژمارەی وارسی کەسوکاری ئەنفالکراوان واتا ئەوانەی مووچەی (منحە)ی مانگانە وەردەگرن نزیک دەبێتەوە لە (2500) وارس بەتێکڕا[22].**

---

([21]) محەمەد مەهدي کەریم، دابەشبووني شوێنیي نیشینگە مرۆییەکاني ئیدارەي گەرمیان، نامەي ماستەر، کۆلێژي ئاداب، زانکۆي گەرمیان، 2016، ل 3.
([22]) سەردانی مەیدانی توێژەران بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و ئەنفال کراوانی گەرمیان. لەبەرواری 2017/5/3 وچاوپێکەوتن لەگەڵ (جەبار عومەر ساڵح) بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتي گشتي شەهیدان وئەنفالکراواني گەرمیان لە (2017/5/3)..

لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانە و بەپێی پێوەری زانستی لەئامادەكردنی فۆرمی ڕاپرسیدا هەستاوین بە ئامادەكردنی (250) فۆرمی ڕاپرسی، واتا 10% ی وارسی ئەنفال كراوان لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو.

**چوارەم: ڕێكخستنی فۆرمی ڕاپرسی و داڕشتنی پرسیارەكان**

فۆرمی ڕاپرسیەكە بەشێوەیەكی ووردو زانستی وەها داڕێژراوە كە خزمەت بە ئامانج و تەوەرە سەرەكیەكانی توێژینەوەكە بكات. بۆ داڕشتنی پرسیارەكانی ناو فۆرمەكە دوو شێوزای جیاوازی وەلامدانەوە بەكارهاتووە: شێوازی یەكەمیان شێوەی پرسیاری داخراوە واتە وەلامدانەوەی بەشداربوو بە (بەڵێ) یاخود نەخێر دەبێت، شێوازی دووەمیان شێوازی پرسیاری كراوەیە واتە پانتاییەكی ئازادی فراوانتر بەخشراوەتە كەسی بەشداربوو كە گوزارست لەراوو بۆچوونی خۆی بكات. بەشێوەیەكی گشتی داڕشتنی پرسیارەكانی ناو فۆرمی ڕاپرسیەكە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

**1- داتا كەسیەكان**

لە پرسیاری ژمارە (1) تاوەكو پرسیاری ژمارە (6) دەگرێتەوە، پرسیارەكانی تایبەتن بە ڕەگەز، تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون، داهاتی مانگانە، ئاستی خوێندەواری، پیشە، دەگرێتەوە. بێگومان ئەم پرسیارانە باكگراوندی بەشداربووانی ڕاپرسیەكە دەردەخات كە یارمەتی دەرە لە زانین و دەستنیشان كردنی ئاستەكانی بەشداری سیاسی نەوەو كەسوكاری ئەنفالكراوان.

**2- بەشداری سیاسی**

ئەمەیان بڕگەی دووەمی فۆرمی ڕاپرسیەكەیە، كە خۆی لە (9) پرسیاری سەرەكی و چەند پرسیارێكی لاوەكیدا دەبینێتەوە. تەوەرە سەرەكیەكانی ئەم بەشە پرسیاركردنە لە گرنگی پێدانی كەسوكارو نەوەی ئەنفال كراوان لە ئەندام بوون لە پارتە سیاسیەكان و بەشداری كردن لە كۆڕوكۆبوونەوە سیاسیەكان و بەشداری لە هەڵبژاردنەكان.

**3- بۆچوونی كەسوكارو نەوەی ئەنفال كراوان دەربارەی ڕۆڵیان لە ژیانی سیاسی دا لە ئیدارەی گەرمیان**

ئەم پرسیارە لەگەڵ پرسیارەكانی بەشداری سیاسیدا دانراوە، هەروەها پرسیاری ئەوەی ئایا ڕێكخراوەكانی تایبەت بە ئەنفال بە نوێنەری خۆت دەزانیت، بەهەمان شێوە لە چوارچێوەی پرسیارەكانی بەشداری سیاسیدا هاتووە، ئەمەش بە پاساوی ئەوەی كە ئەم دوو پرسیارە دەبێتە تەواوكەری پرسیارەكانی دیكە، چونكە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەرهاوێشتەكانی پرسیارەكانی بەشداری سیاسیەوە هەیە، جگە لەمەش ئەو دوو پرسیارە بۆخۆی دەچێتە خانەی بەشداری سیاسیەوە بەوەی كە كەسوكارو نەوەی قوربانیانی ئەنفال خۆیان وەلامی ئەو دوو پرسیارە دەدەنەوە.

**4- پێشنیاری كەسوكارو نەوەی ئەنفال كراوان**

لە فۆرمەكە پرسیار لە بەشداربووان كراوە كە پێشنیاریان چیە بۆئەوەی خۆیان لە پرسە سیاسیەكانی ناو سنووری ئیدارەی گەرمیاندا ڕۆڵیان هەبێت، ئەمەش كۆتا پرسیاری فۆرمەكەیە كە تێیدا توێژەران (5) پێشنیاری سەرەكیان خستووەتە بەردەست بەشداربووان تاوەكو بۆ چوون و ڕای خۆیان لەو بارەیەوە دەرببڕن.

**پێنجەم: تاقیكردنەوەی پێشوەختەی فۆرمەكە**

لە راستیدا بۆ ئەم تاقیكردنەوەیە (15)بەشداربوومان لە ڕەگەزو تەمەن و شوێنی نیشتەجێبوونی جیاواز هەڵبژاردووە لە سنووری توێژینەوەكە، پاش وەرگرتنەوەی فۆرمەكان و هەڵسەنگاندنیان لە لایەن توێژەرانەوە، ئەم پرسیارانەی لای خوارەوەمان زیاد كرد.

1- پرسیاری ژمارە (2) لەبەشی بەشداری سیاسی، ئایا هیچ پۆستێكی حزبی یان حكومیت هەیە.

2- پرسیاری ژمارە (11) ئایا ڕێكخراوەكانی تایبەت بە داكۆكی كردن لە تاوانی ئەنفال بە نوێنەری خۆت دەزانی.

جگە لەمەش بۆ ڕاساندنی فۆرمی ڕاپرسیەكە بەشێوەیەكی ئەكادیمی تر تاوەكو پرسیارەكانی لەگەڵ ئامانجە گرنگەكانی توێژینەوەكەدا یەک بگرێتەوە، توێژەران هەستاون بە دەستنیشان كردنی (3) پسپۆڕی ئەكادیمی لە (بواری ئەنفال ناسی، پرسی بەشداری سیاسی، چۆنێتی داڕشتنی فۆرمی ڕاپرسی)، لەپاش هەڵسەنگاندنی فۆرمەكە لەلایەن ئەو سێ پسپۆڕەوە ئەم پرسیارانەی لای خوارەوەمان هەمواركردەوە :

1- هەر سێ پسپۆڕەكە كۆک بوون لەسەر ئەوەی ناونیشانی توێژینەوەكە (ڕادەی بەشداری سیاسی كەسوكارو نەوەی ئەنفالكراوان و گرنگترین ئەو هۆكارانەی كاریان لێدەكەن ئیداری گەرمیان بە نموونە) بگۆڕین بۆ (ئاستەكانی بەشداری سیاسی كەسوكارو نەوەی ئەنفالكراوان و گرنگترین ئەو هۆكارانەی كاریان لێدەكەن ئیداری گەرمیان بە نموونە).

2- پرسیاری ژمارە (3) لە زانیاری كەسی بڕگەی پارێزگامان لاداوە، چونكە توێژینەوەكەمان تەنها سنوری ئیدارەی گەرمیان دەگرێتەوە.

3- زاراوەی حزبی سیاسیمان هەمواركردەوە بۆ بەكارهێنانی تەنها چەمكی حزب.

4- پرسیاری ژمارە (1) لە بەشی بەشداری سیاسی خاڵی (6) لە (كەسوكاری ئەنفالكراوان خۆیان كەمتەرخەمن) گۆڕیمان بۆ (گرنگی بەسیاسەت نادەم) لەبەر ڕەچاوكردنی بارودۆخی سایكۆلۆژی كەسوكارو نەوەی ئەنفال كراوان.

**شەشەم: كۆكردنەوەی داتاو زانیاریەكان**

ماوەی كۆكردنەوەی داتا و زانیاریەكان بەشێوەیەكی گشتی یەک مانگی تەواوی خایاند، كە لە (2017/5/1 وە بۆ 2017/6/1) خایاند، لە ڕاستیدا بۆ كۆكردنەوەی داتاكان بەشێوەیەكی مەیدانی توێژەران خۆیان سەردانی زۆربەی ئەو قەزاو ناحیەو گوندانەیان كردووە كە لە سنووری توێژینەوەكەدان. لەبەر ئەوەی كە شوێنەكان تاڕادەیەک دوور بوون لەیەكتریەوە كاتێكی زۆری پێویست بوو تاوەكو فۆرمەكان دابەش بكرێن و كۆبكرێنەوە. لەكۆی (250) فۆرمی ڕاپرسی كە بەسەر كەس و كارو نەوەی ئەنفالكراواندا دابەشكراوان، (239) فۆرمی بەتەواوەتی وەرگیراوەتەوەو كاری لەسەر كراوە، ئەو (11) فۆرمەی تر نەگەڕاونەتەوە یان زانیاریەكانی بەهەڵە پڕكراونەتەوە.

**حەوتەم: ئاستەنگەكانی كاری مەیدانی كۆكردنەوەی داتاو زانیاریەكان**

لەم توێژینەوە مەیدانیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە كە كاری ئامارسازی و كۆكردنەوەی داتاو زانیاری فۆرمی ڕاپرسی كارێكی ئاسان نیەو پڕ گیروگرفتە، لەگرنگترین ئەو ئاستەنگانەی لە ئامادەكردنی ئەم توێژینەوەیەدا هاتووەتە پێشمان بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

1- لەبەر ئەوەی بەشێكی زۆری كەسوكاری ئەنفالكراوان نەخوێندەوار بوون نەیاندەتوانی وەڵامی پرسیارەكان بدەنەوە، بۆیە پەنایان دەبردە بەر كەسانی خوێندەوار تا پرسیارەكانیان بۆ بخوێنێتەوە، یان لە زۆربەی جارەكاندا توێژەران خۆیان ناوەڕۆكی پرسیارەكانیان بۆ دەخوێندنەوە. ئەمەش وایكرد كاتێكی زۆر بۆ پڕكردنەوەی فۆرمەكان تەرخان بكەین.

2- هەندێك لە بەشداربووان بە گومان و دوودڵیەوە لە فۆرمەكەیان دەڕوانی، یان بەلایانەوە گرنگ نەبوو ئەم فۆرمە بۆ چیەو چی پێدەكرێت، ئەوەش لەبەر ئەوەی كە كەسوكاری ئەنفالكراوان بێزاربوون لە زۆری ژمارەی ئەو فۆرم و زانیاری و چاوپێكەوتنانەی كە لەلایەن ڕێكخراوەكان و دەزگاكانی ڕاگەیاندن و حكومەتەوە خراوەتە بەردەستیان و لە ئەنجامیشدا شتێكی ئەوتۆیان لەم كارانە دەست نەكەوتووە.

3- لەكاتی دابەشكردنی فۆرمەكەدا هەندێك لەبەشداربووان ڕازی نەبوون فۆرمەكە وەربگرن و وەڵامی پرسیارەكان بدەنەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی ناونیشانی فۆرمەكە ووشەی (سیاسەتی) تێدا هاتووە، هەندێك لەو بەشداربووانە كە گوێیان لە دەستەواژەی بەشداری سیاسی دەبوون یان بەدوو دڵیەوە لێیان دەڕوانی یان بەچاوێكی كەم بایەخەوە تەماشاییان دەكرد. بۆزاڵ بوون بەسەر ئەم ئاستەنگەدا لەهەندێك جاردا توێژەران خۆیان هەڵدەستان بە ڕوونكردنەوەی ئەوەی كە مەبەستی سەرەكی ئەم ڕاپرسیە بۆ توێژینەوەیەكی زانستیەو دوورە لە هەر نیازێكی سیاسی و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە كاری ئەكادیمیەوە هەیەو زانیاریەكانی ناوی نهێنی و بەبێ ناوهێنانی ناوی بەشداربووانە.

## هەشتەم: شیكردنەوەی داتاو زانیارییەكان

بۆ شیكردنەوەی ئامارسازی بۆ داتاو زانیاریەكانی ناو فۆرمی راپرسیەكە پشت بەدوو ڕێگای سەركی بەستراوە ئەوانیش:

1- ڕێگەی ئاماری وەسفیە: كە لەڕێگەی بەكارهێنانی خشتەو شێوەی داتاییەوە ئەنجامدراوە، ئەم ڕێگەیە بەڕێگەكی گرنگی بواری شیكردنەوەی داتاو زانیاری دادەنرێت بەوەی كە وێنەیەكی گشتی لەسەر تایبەتمەندییە كەسییەكانی بەشداربووانو، پاشان راوبۆچوونیان دەربارەی ئەو پرسیارانەی پەیوەندی بەئاستی بەشداری سیاسیانەوە هەیە، دەخاتەڕوو.

2- ڕێگەی ئاماری شیكاری: لەم ڕێگەیەوە شیكردنەوەی پەیوەندی نێوان گرنگترین گۆڕاوەكانی ناو فۆرمی راپرسیەكە دەكرێتو، پەیوەندییەكانی نێوان بەشێویەكی ئاماری بە بەكارهێنانی خشتەو وێنەی داتایی دەخاتە روو ئەمەش بۆ مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەكی توێژینەوەكە كە بریتییە لە (ئاستی بەشداری سیاسی كەس‌وكارو نەوەی ئەنفالكراوان و گرنگترین ئەو هۆكارانەی كاریان لێدەكات- ئێدارەی گەرمیان- بەنمونە).

لەكۆتای ئەم بەشەدا دەتوانین بڵێین كە ڕوونكردنەوەی چۆنێتی كاركردنو خستنەرووی ئەو زانیاریو بەرچاو ڕوونیانەی كە پەیوەستە بەكۆی گشتی ئامانجی توێژینەوەكەوە، كارێكی پێویستی ئەكادیمیە ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەشەوە وەك پردێكی پتەوی بەیەكەوە بەستنەوەیە لەنێوان بەشی یەكەمو بەشەكانی دیكەی دواتری توێژینەوەگە كەخۆی لەشیكردنەوەو وەسفكردنی ئاستەكانی بەشداری سیاسی كەس‌وكارو نەوەی ئەنفالكراواندا دەبینێتەوە وەك لەبەشی داهاتوودا دێینە سەری.

## بەشی سێیەم

### شیکاری وەسفی بۆ داتاو زانیاریەکانی بەشداربووان

هەنگاوی سەرەکی بۆ زانینی ئاستی بەشداری سیاسی کەس‌وکارو نەوەی ئەنفالکراوان لەسنوری ئیدارەی شیکردنەوەی زانیاریو داتاکانی بەشداربووی فۆرمی راپرسی توێژینەوەکەیە، لەم بەشەدا هەوڵدەدەین وەسفی تایبەتمەندیو گرنگی پێدانو هەنگاوەکانی بەشداری سیاسی ئەو بەشداربووانە بکەین کە لەسنوری راپرسیەکەدا بەشداربوون. بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدەدەین ئەم وەسفکردنە لەرێگەی ئەو دوو تەوەرە سەرکیەوە دەربخەین کەتوێژینەوەکە لەخۆی گرتووە ئەوانیش:

### تەوەری یەکەم: باکگراوندی بەشداربووان لەرێگەی زانیاری کەسیەوە:

لێرەدا بەشێوەیەکی گونجاو هەوڵدەدەین لەرێگەی زانیاریە کەسیەکانەوە وەسفی ئەو بەشداربووانە بکەین کەوەڵامی پرسیارەکانی ناو فۆرمی راپرسی ئەم توێژینەوەیان داوەتەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1- رەگەز: بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی بەشداربووان دەگاتە (239) بەشداربوو، لەم ژمارەیەش (89) بەشداربوویان مێینەن واتا رێژەی (37%) هەموو بەشداربووان. بەڵام ژمارەی بەشداربووانی نێر دەکاتە (150) بەشداربوو، واتا رێژەی (63%) هەموو بەشداربووان. بە هەڵسەنگاندنی توێژەران ئەم جیاوازیەی رێژەی رەگەزی بەشداربووان بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەگەرێتەوە. بروانە شێوەی ژمارە (1).

شێوەی ژمارە (1): دابەشبوونی رێژەیی دابەشبوان بە پێی رەگەز




2- تەمەن: بەشێوەیەکی گشتی تەمەنی بەشداربووان دابەش کراوەتە سەر چوار ئاستی سەرەکی، ئەوانیش (18-30، 31-40، 41-50، 50 ساڵ بۆ سەرەوە)، هەرچەندە رێژەی بەشداربوونی هەموو تەمەنە جیاوازەکان تارادەیەک نزیکن لەیەکتریەوە بەم شێوەیە (ئاستی 18-30 ساڵ) رێژەی (21%)و، (ئاستی 31-40 ساڵ) رێژەی (24%)و، (ئاستی 41-50 ساڵ) رێژەی (26%) و، (ئاستی 50 ساڵ بۆ سەرەوە) رێژەیی (29%)، بەڵام کۆتا ئاستیان رێژەکەی لەهەمووی زیاترە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی ئەم ئاستی تەمەنە بەچاوی خۆیان تاوانەکەیان بینیوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ قوربانی تاوانەکەن. بروانە شێوەی ژمارە (2).

شێوەی ژمارە (2): دابەشبوونی رێژەیی تەمەنی بەشداربووان



3- **شوێنی نیشتەجێبوون:** شوێنی نیشتەجێبوونی بەشداربووان بەشێوەیەكی ڕێژەی لەسنووری توێژینەوەكەماندا، دابەش كراوە بۆ سێ شوێنی نیشتەجێبوونی جوگرافی سەرەكی ئەوانیش (قەزا، ناحیە، گوند)، زۆربەی بەشداربووانی ڕاپرسیەكە لە سنووری ناحیەكانی سنووری ئیدارەی گەرمیانە، كە دەكاتە ڕێژەی (47%) كۆی بەشداربووان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە ئەم ناحیەیانە بەتایبەتی ناحیەی ڕزگاری سەربەقەزای كەلار شوێنی سەرەكی نیشتەجێبوونی كەسوكارو نەوەی ئەنفالكراوانە. بە پلەی دووەمیش قەزاكان دێت، بەڕێژەی (30%)ی كۆی بەشداربووان، گوندەكانیش لە پلەی كۆتایدان بەڕێژەی (23%)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە گوندەكانی سنووری توێژینەوەكە لە ڕووی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەكانی ژیانەوە هێشتا كەموكورتی زۆریان هەیەو لە ئاستی ژیانی سەردەمیانەدا نیە. بڕوانە شێوەی ژمارە (3).

**شێوەی ژمارە (3). دابەشبوونی بەشداربووان بەگوێرەی شوێنی نیشتەجێبوون**




4- **داهاتی مانگانە:** داهاتی مانگانەی بەشداربووان بۆ حەوت ئاستی جیاواز دابەش كراوە، (كەمتر لە سێ سەد هەزار تا وەكو دواهەمین ئاست كە ڕێژەكەی دیاری نەكراوە دوومليۆن بۆ سەرەوە دەگرێتەوە).

لەم ئاستانەدا، ئاستی یەكەم كە سێ سەد هەزار كەمتر دەگرێتەوە، بە پلەی یەكەم دێت لە كۆی ئاستەكانی دیكە، كە دەكاتە ڕێژەی (38%)، دوای ئەویش داهاتی مانگانەی ئەو بەشداربووانەی كە لە نێوان سێ سەد بۆ پێنج سەد هەزارە بە پلەی دووەم دێت كە دەكاتە ڕێژەی (33%)، كەمترین بڕی داهاتی بەشداربووان هەردوو ئاستی لە ملیۆن و نیو تا دوو ملیۆن، هەروەها دوو ملیۆن بەسەرەوەیە كە دەكاتە ڕێژەی (0.5%) دەگرێتەوە. هۆكاری سەرەكی ئەوەش كە زۆرترین ڕێژە لەكەمترین ئاستی داهاتە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە لە خێزانی ئەنفالكراواندا منحەی ئەنفالكراوان دابەش دەكرێت بەسەر ئەندامانی خێزانەكاندا، ئەمە جگە لەوەی زۆربەی بەشداربووانی ئەم ئاستی داهاتە، هەر لەبنەڕەتدا هیچ مووچەیەك یان سەرچاوەیەكی داهاتیان نیە. هەروەها زۆرێك لە بەشداربووان لە ئاستێكی تەمەنی وەهادان كە ڕێگرە لەوەی كاربكەن یان بە پیشەیەكەوە خەریك بن. بڕوانە شێوە ژمارە (4).

**شێوەی ژمارە (4): دابەشبوونی ڕێژەیی بەشداربووان بەگوێرەی داهاتی مانگانە**



**5- ئاستی خوێندەواری:** ئاستی خوێندەواری بەشداربووانی فۆرمی ڕاپرسیەکە دابەشکراوەتە سەر دوو ئاستی سەرەکی کە نەخوێندەوارو خوێندەوار دەگرێتەوە، ئەمەی دوایشیان هەر لە خوێندەوارەوە تاوەکو هەڵگرانی بڕوانامەی باڵای تێدایە، بەڵام ئاستی نەخوێندەوار ڕێژەی (41%) کۆی بەشداربووانە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی بەشداربووان جگەلەوەی تەمەنیان پەنجا ساڵ بەسەرەوەیە، لەهەمانکاتدا لەکاتی نیشتەجێبوونیان لە لادێکاندا لە پێش تاوانی ئەنفال، هەلی خوێندنیان بۆ نەڕەخساوە.

لە ئاستی دووەمیشدا هەڵگرانی بڕوانامەی سەرەتایی بەڕێژەی (19%)ی لەکۆی بەشداربووان بە پلەی یەکەم دێت، هەڵگرانی بڕوانامەی باڵاش لە پلەی کۆتایدا دێت، بەڕێژەی (0.5%)، هۆکاری ئەوەش کە زۆربەی بەشداربووان لە ئاستی خوێندەواریدا هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایین، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە تاوانی ئەنفالدا لە خوێندن دابڕاون، یان لە دوای تاوانەکە نەیانتوانیوە درێژە بەخوێندن بدەن بەهۆکاری (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری). بڕوانە شێوەی ژمارە (5).

شێوەی ژمارە (5). دابەشبوونی بەشداربووان بەگوێرەی ئاستی خوێندەواری




**6- پیشە:** بۆدەست نیشان کردنی پیشەی بەشداربووانی فۆرمەکە توێژەران هەستاون بەدابەش کردنی پیشەکان بۆ سەر شەش ئاستی سەرەکی، ئەوانیش (بێکار، کاسب، فەرمانبەر، خانەنشین، خوێندکار، ئافرەتی ماڵ) لەگەڵ ئاستێکی تر بەناونیشانی (پیشەی تر). لەناو ئەم پیشانەدا پیشەی فەرمانبەر بە پلەی یەکەم دێت بەڕێژەی (28%)، ئەمەش لەبەر ئەوەی پیشەی فەرمانبەری (پۆلیس و کارگوزارو مامۆستاو پێشمەرگەو کادری حزبی) لەخۆگرتووە، لەدوای ئەمیش ئافرەتی ماڵ بەپلەی دووەم دێت بەڕێژەی (27%)، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە زۆربەی بەشداربووانی مێینە نەخوێندەوارن و هەلی کارکردنیان بۆ نەڕەخساوە. بڕوانە شێوە ژمارە(6).

شێوەی ژمارە (6). دابەشبوونی ڕێژەیی بەشداربووان بەپێی پیشە



**تەوەری دووەم: ئاستو شێوەکانی بەشداری سیاسی بەشداربووان**

بەمەبەستی دووبارە نەکردنەوەی ئاستو شێوەکانی بەشداری سیاسی کە لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا باسکراوە، لێرەدا هەوڵدەدەین وەسفی ئەو داتاو زانیاریانە بخەینە ڕوو کەبەشداربووانی کەسوکارو نەوی ئەنفالکراوان لەفۆرمی ڕاپرسیەکەدا خستویانەتە بەردەستی توێژەران. لەم بڕگەیەدا کۆمەڵێک پرسیار ئاراستەی بەشداربووان کراوە بۆ زانینی ئاستی چەندێتی گرنگیدانیان بە بەشداری سیاسی بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**1- ئەندام بوون لەحزبی سیاسیدا**

لەهەموو ئەو تیۆرە ئەکادیمیانەی لەبواری بەشداری سیاسیدا نوسراون، چالاکی تاک بۆ ئەندام لەهەر پارتێکی سیاسیدا بەیەکێک لەئاستە باڵاکانی بەشداری سیاسی دادەنرێت، چونکە تاک لە ڕێگەیەوە جگە لەوەی هەوڵدەدات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لەدروستکردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەتدا بکات، لەهەمان کاتیشدا یەکێکە لەپاڵنەرە سەرەکیەکان کە وا لەتاک دەکات بەدوا بەجێهێنانی بەرژەوەندی تایبەتیو پاشانیش گشتیدا بگەڕێت.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کەئایا ئەندامی لەهیچ حزبێکدا؟ لەکۆی (239) بەشداربوو، (73) بەشداربوویان بە بەڵێ (واتە ئەندامن لەحزبێکدا) وەڵامیانداتەوە واتە بەرێژەی (31%) کۆی بەشداربووان، لەکاتێکدا ئەوانەی بەنەخێر (واتە ئەندام نین لەهیچ حزبێکدا) ژمارەیان دەگاتە (166) بەشداربوو واتە بەرێژەی (69%) لەکۆی بەشداربووان. وبە پرسیارلێکردنیان لەوەی کەبۆچی ئەندام نین لەهیچ حزبێکدا؟ دەرئەنجامی ڕاپرسیەکە دەریخستووە کە ڕێژەی (41%) بەشداربووان گرنگی بە سیاسەت نادەن، دوای ئەمانیش ئەو بەشداربووانە دێت کەباوەڕیان وایە حزبەکان هیچ شتێک بۆ خەڵک ناکەنو تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەوڵدەدەن بەرێژەی (20%)، لەپلەی دواتریشدا بەرێژەی (15%) ئەو بەشداربووانە دێت کەباوەڕیان بەگرنگی حزب نیە. ئەمجار بەرێژەی (10%) ئەو بەشداربووانە دێت کەپێیان وایە پرسی ئەنفال لەناو حزبەکاندا گرنگی پێنادرێت. دوای ئەمانیش ئەو بەشداربووانە دێت کەهیچ حزبێک نادۆزنەوە گوزارشت لەبیروڕایان بکات بەرێژەی (6%). لەپلەی کۆتایشدا ئەو بەشداربووان دێت کەباوەڕیان وایە ئەوەی بچێتە ناو ئەو حزبانەی لەدەسەڵاتدا نین ڕووبەڕووی کێشەوگرفت دەبنەوە، لەگەڵ ئەوانەی باوەڕییان بەپەیڕەو پرۆگرامی حزبەکان نییە بەرێژەی (4%). ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێت ئەوەیە کە هەندێک لەبەشداربووان زیاد لەهۆکارێکیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ئەندام نین لەهیچ حزبێکدا. بڕوانە شێوەی ژمارە (7+8).

| شێوەی ژمارە (8): ڕێژەی سەدی دابەشبوونی هۆکارەکانی ئەندام نەبوون بەحزبدا | شێوەي ژمارە (7): ڕێژەی سەدی دابەشبوونی بەشداربووان لەحزبدا |
|---|---|







2- پۆستی حزبی یان حکومی: دەرئەنجامی ڕاپرسیەکە ئەوە دەردەخات کەژمارەیەکی زۆری بەشداربووان بەڕێژەی (90%) خاوەن هیچ پۆستێکی حزبی یان حکومی نین، لەبەرامبەردا تەنها ڕێژەی (10%) بەشداربووان پۆستی حزبی یان حکومیان بەدەستەوەیە. بڕوانە شێوەی ژمارە(9).

**شێوەی ژمارە (9): دابەشبوونی بەشداربووان بەپێی هەبوونی پۆستی حکومی یان حزبی**




3- دەربڕینی ڕاو بۆچوون لەکاتی هەبوونی قەیرانێکی سیاسیدا: وەک لەوشێوەی ژمارە (10) دەردەکەوێت زۆربەی بەشداربووان لەکاتی هەبوونی قەیرانێکی سیاسیدا بەڕێژەی (79%) کۆی بەشداربووان ئامادەن بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەو قەیرانە سیاسیە دەرببڕن کەڕوودەدات. لەوەڵامی ئەو پرسیارەشەدا کەئایا چ کەناڵێک بەگونجاو دەزانیت بۆچونی خۆتی لەڕێگەوە دەربڕی؟ (42%) بەشداربووان ڕێگای فشاری مەدەنیو، (23%) کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو، (20%) دامودەزگا ڕەسمیەکانی حکومەتو، لە پلەی کۆتایشدا (15%) لەڕێگەی لایەنە سیاسیەکانەوە بەگونجاو دەزانن تاوەکو لەڕێگەیانەوە بۆچونی خۆیان لەکاتی ڕوودانی قەیرانە سیاسیەکاندا بخەنە ڕوو. بڕوانە شێوە ژمارە (10+11) بکە.

شێوەی ژمارە (10):دابەشبوونی بەشداربووان بەپێی دەربڕینی بۆچونیان لەکاتی هەبوونی قەیرانی سیاسیدا




شێوەی ژمارە(11) دابەشبوونی بەشداربووان بەگوێرەی ڕێگاکان دەربڕینی راوبۆچوون




4- بەشداری کۆڕو کۆبوونەوە سیاسیەکان: ئاراستەکردنی ئەم پرسیارە بۆ بەشداربووان ئەنجامەکەی ئەوە بووە کە سێ لەسەر چوارییان بەشداری کۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکان ناکەن بەرێژەی (75%)، لەکاتێکدا تەنها ڕێژەی (25%) یان بەشداری دەکەن.

5- گرنگیدان بە بەرنامە سیاسیەکان: وەک لەشێوەی ژمارە(12) دەردەکەوێت ئەو بەشداربووانەی گرنگی بە بەرنامە سیاسیەکان دەدەن ڕێژەیان دەگاتە (52%) لەکۆی بەشداربووان، لەکاتێکدا تەنها (48%) گرنگی پێنادەن. ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم دوو ڕێژەیە نزیکن لەیەکتریەوە. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆ گرنگی بە بەرنامە سیاسیەکان نادەیت؟ ڕێژەی (38%) بەشداربووان پێیان وایە بەرنامە سیاسیەکان تەنها قسە کردنەو کرداری لەگەڵدا نییە بۆ دوور خستنەوەی خەڵکیە لەژیانی سیاسیو، ڕێژەی (32%)یشیان پێیان وایە بەرنامە سیاسیەکان چارەسەرو شتی نوێیان پێنیە. لەکاتێکدا ڕێژەی (30%)یان باوەڕیان وایە بەرنامە سیاسیەکان تەنها بابەت دووروژێنو گرنگی بەدەرخستنی ڕاستیەکان نادەن. بڕوانە شێوەی ژمارە(13).

شێوەی ژمارە (12):ڕێژەی دابەشبوونی بەشداربووان بەپێی گرنگیدانیان بەبەرنامە سیاسیەکان




شێوەی ژمارە (13): هۆکاری دابەشبوونی بەشداربووان بەگوێرەی گرنگی نەدانیان بەبەرنامە سیاسیەکان




6- بەشداری لەو هەڵبژاردنانەی لە ڕابردوودا ئەنجامدراون: ئەنجامی ڕاپرسیەکە ئەوەی دەرخستووە کە (208 بەشداربوو) لە کۆی (239 بەشداربوو) واتا بەڕێژەی (87%) بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، واتا بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە، لەکاتێکدا تەنها (31 بەشداربوو) بەشدارییان نەکردووە، واتا ڕێژەی (13%) کۆی بەشداربووان.

**7- بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوو:** وەک لە شێوەی ژمارە (14) دەردەکەوێت ڕێژەی (69%)ی بەشداربووان بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە واتا نیازی بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا هەیە، ڕێژەی (31%) بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە، واتا ئامادەی بەشداری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو نین. لەپرسیار کردن لە هۆکارەکانی بەشداری نەکردنیان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، ڕێژەی (51%) بەشداربووان پێیان وایە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هیچ گۆڕانکاریەک دروست ناکاتو، ڕێژەی (27%)یشیان بەشداری نەکردنیان لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەبەستنەوە بەوەی کە دیموکراسیەکی ناتەندروست هەیەو ساختەو یاریکردن بەدەنگی دەنگدەرانەوە دەکرێتو، ڕێژەی (22%)یشیان پێیان وایە دەنگدانیان کاریگەری نیە. بڕوانە شێوەی ژمارە(15).

شێوەی ژمارە(14): ڕێژەی دابەشبوونی بەشداربووان لەهەڵبژارنەکانی داهاتوودا




شێوەی ژمارە(15): ڕێژەی دابەشبوونی هۆکارەکانی بەشدارنەبوونی بەشداربووان لەهەڵبژارنەکانی داهاتوودا




**8- بەشداری لە ڕێپێوان و خۆپیشاندان:** ئەنجامی ڕاپرسیەکە ئەوەی دەرخستووە کە ڕێژەی (47%)ی بەشداربووان بەشدارییان لە ڕێپێوان یان مانگرتن یان خۆپیشاندانێکدا کردووە، لە کاتێکدا زۆربەیان بەڕێژەی (53%) بەشدارییان لەو چالاکیانەدا نەکردووە.

**9- ڕۆڵی کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان لە ژیانی سیاسی:** شێوەی ژمارەی (16) ئەوە دەردەخات کە لەکاتی ئاراستەکردنی ئەو پرسیارەی ئایا کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان ڕۆڵیان لە ژیانی سیاسیدا هەیە، زۆربەی بەشداربووان پێیان وایە ڕۆڵیان لە ژیانی سیاسیدا نیە، واتا ڕێژەی (85%) بەنەخێر وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە، لەکاتێکدا تەنها ڕێژەی (15%)یان بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، واتا ڕۆڵیان هەیە. پرسیاریش دەربارەی ئەو هۆکارانەی ڕێگرن لەبەردەم کەسوکارونەوەی ئەنفالکراواندا کە ڕۆڵیان لەژیانی سیاسیدا هەبێت، ڕێژەی(38%)یان پێیان وایە لەلایەن حکومەتەوە پەراوێزخراون و هەلی کارکردنیان بۆ نارەخسێت، وە ڕێژەی (36%)یشیان پێیان وایە حزبەکان گرنگیان پێ نادەن، ڕێژەی(14%)یشیان خۆیان گرنگی بەبەشداری سیاسی نادەن، وە ڕێژەی(10%)یان هیچ ڕێگەیەکی کاریگەر نادۆزنەوە بۆ بەشداری کردن، لە کۆتاییشدا تەنها ڕێژەی (2%) پێیان وایە مەترسیان هەیە لەدەربڕینی ڕاوبۆچوونی خۆیان و بەشداری سیاسی. بڕوانە شێوەی ژمارە (17).

شێوەی ژمارە (16): ڕێژەی دابەشبوونی بەشداربووان بەگوێرەی ڕۆڵیان لەژیانی سیاسیدا




شێوەی ژمارە (17): دابەشبوونی هۆکارەکانی کەمی ڕۆڵی کەس و کارو نەوەی ئەنفالکراوان لەژیانی سیاسیدا




**10- بەشداری کردن لەیادەکانی تاوانی ئەنفال: لە ئەنجامی ڕاپرسیەکەوە ئەوە دەرکەوت کە کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان بەڕێژەیەکی زۆر بەشداری لە یادکردنەوەی تاوانی ئەنفالدا دەکەن، بەڕێژەی(80%)، لەکاتێکدا تەنها (20%) بەشداری لەیادکردنەوەکاندا ناکەن. بڕوانە شێوەی ژمارە (18). لە پرسیاری هۆکاری بەشداری نەکردنیان لەیادەکاندا، ڕێژەی (28%) بەشداربووان پێیان وایە ئەو یادکردنەوانە لەبۆنەیەکی نیشتیمانیەوە کراونەتە بۆنەیەکی حزبی و بەرپرسان خۆیان تێدا نمایش دەکەن، هەروەها ڕێژەی(24%)یان پێیان وایە تەنها لەو ڕۆژەدا تاوانی ئەنفال یاد دەکرێتەوەو یادکردنەوەکان هیچ بەرهەمێکی کرداریيان نەبووە، ڕێژەی(18%)یش هۆکاری بەشداری نەکردنیان دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی تاوانبارانی ئەنفال هیچ سزایەک نەدراون، لەکۆتایشدا تەنها ڕیؘژەی (3%)ی بەشداربووان هۆکاری بەشداری نەکردنیان دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە لە ڕووی دەروونی و سایکۆلۆژییەوە ناتوانن بەرگەی ئەو یادە بگرن. بڕوانە شێوەی ژمارە (19).**

شێوەی ژمارە(18): ڕێژەی دابەشبونی بەشداربووان لەیادەکانی ئەنفال




شێوەی ژمارە(19): ڕێژەی دابەشبوونی هۆکارەکانی بەشداری نەکردن لەیادەکانی ئەنفال



11- رێكخراوەكانی داكۆكیكار لە ئەنفالكراوان: لەوەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا رێكخراوەكانی تایبەت بەداكۆكیكردن لەمافی كەسوكاری ئەنفالكراوان بەنوێنەری خۆت دەزانیت، رێژەی(50.3%) بەشداربووان بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوەو، رێژەی(49.7%) بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە.

12- پێشنیاری نەوەو كەسوكاری ئەنفالكراوان: لەكۆتا پرسیاری راپرسیەكەدا پێنج پێشنیاری سەرەكی خراوەتە بەردەستی بەشداربووان لەوەی كە لەداهاتوودا كامەیان بەگونجاو دەزانیت بۆ ئەوەی كەسوكارو نەوەی ئەنفالكراوان رۆڵی كاریگەرییان لە ژیانی سیاسیدا هەبێت، ئەنجامی راپرسیەكە ئەوەی دەرخستووە كە رێژەی(34%) بەشداربووان پێیان باشە نەوەی ئەنفالكراوان هەوڵی بەدەستەوەگرتنی پۆست و پلەی حكومی و حزبی بدەن، رێژەی(26%)یش لەگەڵ دروست كردنی گروپی فشاردان، لەهەمانكاتدا (17%)یشیان پێیان باشە رێكخراوی مەدەنی دابمەزرێنن تا لەرێگەیەوە رۆڵ لەژیانی سیاسیدا ببینن، هەروەها رێژەی(12%)یان كاركردن لە ناو دەزگاكانی راگەیاندن بەگونجاو دەزانن، كەمترین رێژەش كە(11%) لەگەڵ ئەوەن لە رێگەی لایەنە سیاسیەكانەوە هەوڵی گێرانی كاریگەری و رۆڵی سیاسی بدەن. بروانە شێوەی ژمارە (20) بكە.

شێوەی ژمارە(20): پێشنیاری بەشداربووان بۆ كەس كارو نەوەی ئەنفالكراوان لەداهاتوودا رۆڵی كاریگەر لەژیانی سیاسیدا ببینن




## بەشی چوارەم

## شیكرنەوەی زانیاریەكانو دیاریكردنی گرنگترین ئەو هۆكارانەی كار لەبەشداری سیاسی كەس‌وكارو نەوەی ئەنفالكراوان دەكەن

ئەم بەشە تەرخانە بۆ دیاریكردنی ئاستەكانی بەشداری سیاسی كەس‌وكارو نەوەی ئەنفالكراوان لەبەر رۆشنایی وەسفی ئەو داتاو زانیاریانەی كە لەبەشی سێیەمی توێژینەوەكەدا خراوەتە روو ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە هەوڵدەدەین سێ لەم ئاستانەی كە لەخوارەوە دەستنیشان كراوە (ئەندام بوون لەحزبێكی سیاسیدا، بەشداری هەڵبژاردنەكان، بەشداری نەكردن لەكۆڕو كۆبونەوە سیاسیەكان) وەك سێ ئاستی گرنگی بەشداری سیاسی بەنمونە وەرگرینو ئەو هۆكارانەش دەستنیشان بكەین كە كار لەبەرزو نزمیان دەكەن.

### تەوەری یەكەم: دیاریكردنی ئاستەكانی بەشداری سیاسی

وەك لەبەشی یەكەمدا ئاماژەی بۆ كراوە ئاستەكانی بەشداری سیاسی خۆی دەبینێتەوە لە:

ئاستی یەكەم: بەشداری سیاسی فەرمیە كە كەسایەتیە فەرمیەكان و خاوەن پۆستەكان پێی هەڵدەستن، لەم ئاستەدا كەس‌وكارو نەوەی ئەنفالكراوان ئاستێكی بەشداری سیاسی نزمیان تۆماركردووە، چونكە لەكۆی (239) بەشداربوو تەنها (24)بەشداربوو كە دەكاتە رێژەیی (10%) كۆی بەشداربووان پۆستی حكومی یان حزبیان

هەیە. (بڕوانە شێوەی ژمارە 9). ئەمە ئاستێکی نزمە لەبەشداری سیاسیو، هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە تائێستا پرسی ئەنفال وەک پێویست کاری لەسەر نەکراوە.

**ئاستی دووەم:** بەشداری ئەو دەستەبژێرە سیاسیەیە کە لەدەرەوەی دەسەڵاتن و بەدوای دەسەڵاتدا دەگەڕێن، چونکە ئەمانە خاوەن سەرچاوەکانی هێزو توانان دەتوانن کار لە پرۆسەی بڕیار دروست کردنی سیاسی بکەن، ئەمانەش وەک گروپەکانی فشار، بەرژەوەندی، گروپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بەجیاوازی جۆرەکانیەوە. لەم ئاستەدا کەسوکارو نەوەی ئەنفال هەرچەندە خاوەن چەند رێکخراوێکی داکۆکیکارن لەمافەکانیان، بەڵام ئاستی بەشداری سیاسیان مامناوەندیە، بەبەڵگەی ئەوەی کە لەکۆی (239) بەشداربوو، (120) بەشداربوویان واتە رێژەی (50.3%) بیان ئەو رێکخراوانە بەنوێنەری خۆیان دەزانن ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە تێکڕای ئەندامانی ئەو رێکخراونە لەخودی کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان پێکدێن. ئەمەش ئاستێکی تاڕادە باشە، بەڵام رەخنەی ئەوە لەم رێکخراونە دەگرێت کە بەردەوام لەچالاکیدا نینو، چالاکیەکانیان پچڕ پچڕەو، هەندێکیشان دەستی حزبی بەسەردا زاڵە.

**ئاستی سێیەم :** لەو کەسانە پێکدێت کە لەرێکخستنە سیاسیەکاندا ئەندامن و داکۆکی لەبەرژەوەندی گشتی دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان لەم ئاستەدا، ئاستێکی زۆر لاوازیان هەیە، چونکە لەکۆی (239) بەشداربوو تەنها (73) بەشداربوویان واتە بەرێژەی (31%)ئەندامن لەحزبدا. (بڕوانە شێوەی ژمارە 7). ئەم نزمی ئاستی بەشداری سیاسیە، کە یەکێکە لەرێگە گرنگەکانی بەدەستهێنانی مافە گشتیو تایبەتیەکان، زیانێکی زۆری لە کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان داوە.

**ئاستی چوارەم:** ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە مافی دەنگدانیان هەیە لە هەڵبژاردنەکاندا. ئەم ئاستە لای کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان ئاستێکی بەرزی تۆمارکردووە بەجۆرێک لە لەکۆی (239) بەشداربوو (208) بەشداربوویان واتە بەرێژی (87%) بەشداریان لەهەڵبژاردنەکاندا کردووە، بەڵام بۆ وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەشداری دەکەیت ئەو رێژەیەی سەرەوە دادەبەزێت بۆ (69%) هەموو بەشداربووان. ئەوەی مایەی سرنجە لێرەدا ئەم بەرزی ئاستەی بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا پەیوەندیەکی راستەخۆی بەهەستو بەرپرسیارێتی نەتەوەییەوە هەیە، بەوەی کە تێکڕای ئەو هەڵبژاردنانەی لەسەر ئاستی عێراقو هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون، هەڵبژاردنی چارەنوسسازو گرنگبوون بۆ هەموو دانیشتوانی هەرێم ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە گرنگ بوون بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دامەزراوەییو یاسایی ئەوتۆ کەمافو ئەرکی هاوڵاتیبوون لەئەستۆ بگرێت، شێوە ژیانێکی ئازادو دیموکراس بۆ هاوڵاتیان دەسەبەر بکات چی لەسەر ئاستی عێراق بێت یاخود هەرێمی کوردستان، واتە کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان لەم ئاستەدا رۆڵێکی نەتەوەیی گرنگیان گێڕاوەو بەشداریشان لەهەڵبژاردنەکاندا بەئەرکو بەرپرسیارێتی تەماشاکردووە. بەڵام بەتێپەڕبوونی کاتو دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانو ئەو جێکەوتە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیانەی لێیکەوتەوە ئەم ئاستە لای کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان دادەبەزێتو جۆرێک لەرەشبینی لایان دروستبووە بەوەی هەڵبژادن ناتوانێت دیفاکتۆی ژیانی سیاسیو ئابووریو باری گوزەرانو سایکۆلۆژی ئەوان بەرەو باشتر بگۆرێت.

هەروەها لەم بڕگەیەدا دەتوانین ئاستێکی دیکەی بەشداری سیاسی کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان دیاریبکەین ئەویش بەشداریانە لەیادەکانی ئەنفالدا، لەم ئاستەدا کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان ئاستێکی

بەرزیان تۆماركردووە بەجۆرێک كە لەكۆی (239) بەشداربوو (192) بەشداربوویان واتە بەرێژەی (80%) (بڕوانە شێوەی ژمارە 18) ، سالأنەو هەموو كاتێک لەو یادانەدا بەشداری دەكەن، ئەمەش ئاستێكی باڵایە، بەلأم ئەوەی تێبینی دەكرێت لێرەدا ئەوەیە كەپاڵنەری سەرەكی بەشداریكردن لەو یادانەدا زیاتر پاڵنەرێكی خودیو سایكۆلۆژییە، نەک ئامانجێكی سیاسی یان ئابووری، بەوەی كەسوكارو نەوەی ئەنفالكراوان ئەو باشداریەیان بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی تاوانی ئەنفالەو، وەک بەرپرسیارێتیش لێی دەڕوانن بەرامبەر بەكەسو كاری ئەنفالكراویان.

**ئاستی پێنجەم:** ئەوانە دەگرێتەوە كە لە دەرەوەی چوارچێوەی یاساو دامودەزگا شەرعیەكانی حكومەت كارو چالاكی ئەنجام دەدەن. ئەم ئاستە بەئاستێكی بەشداری سیاسی نێگەتیف دادەنرێت بەوەی هاوڵاتیان لەدەرەوەی یاساو رێنمایە كارپێكراوەكانی حكومەت چالاكی دەكەن. لەم ئاستەدا، كەسوكارو نەوەی ئەنفالكراوان هەرچەندە بەرێژەی (47%) كۆی بەشداربووان بەشداری مانگرتنو رێپێوانو خۆپیشاندانیان كردووە، بەلأم بەرێگایەكی ئاشتیانەو دوور لەتوندو تیژی ئەنجامیانداوە، زیاتریش بۆ داكۆكی كردن بووە لەچەند مافێكی ڕەوای خۆیان وەک بەسزاگەیاندنی تاوانبارانی ئەنفال، زیادكردنی مینحەی مانگانە بۆیان.

**ئاستی شەشەم:** گرنگی پێدانی سیاسی: واتە ئاستێكە تیایدا هاوڵاتی خۆبەخشانەو بێ هیچ زۆر لێكردنێک بەشداری دەكات، لەنمونەی ئەم ئاستە دەربڕینی راوبۆچوونە لەكاتی ڕوودانی قەیرانێكی سیاسیدا، لەم ئاستەدا كەسوكارو نەوەی ئەنفالكراوان ئاستێكی بەرزیان تۆماركردووە بەجۆرێک كە (190) بەشداربوویان واتە بەرێژەی (79%) (بڕوان شێوەی ژمارە 10)، راوبۆچوونی خۆیان لەكاتی هەبوونی قەیرانێكی سیاسیدا دەردەبڕن، ئەمە ئاستێكی باشەو دەكرێت لەلایەن حزبە سیاسیەكانو رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیو دەزگاكانی راپرسیەوە سودی لێوەربگیرێت بەتایبەت لەو بڕیارو چالاكیە سیاسیانەی كە پەیوەندی راستەوخۆیان بەكەیسی ئەنفالو گوزەرانو ژیانی كەسوكارو نەوەی ئەنفالكراوانەوە هەیە. هەروەها رێژەی (52%)یشیان (بڕوانە شێوەی ژمارە 12 ) گرنگی بە بەرنامە سیاسیەكان واتە (ئەو بەرنامە سیاسیانەی لەلایەن حكومەت، حزبە سیاسیەكان، كەناڵەكانی راگەیاندنەوە پێشكەش دەكرێن) دەدەن، ئەمەش ئاستێكی باشەو ئاماژەیە بۆ هۆشیاری كەسوكارو نەوەی ئەنفالكراوان.

**ئاستی حەوتەم:** گروپە بێدەنگەكان (خامۆشەكان) ئەمانەش ئەو گروپانە دەگرێتەوە كە بەشدارییان سنووردارەو ڕاستەوخۆ نیە، تەنها لەو كاتانەدا بەشداری سیاسیان بەرچاو دەكەوێت كە بەرژەوەندییەكانیان دەكەوێتە مەترسیەوە. بۆ ئەم ئاستە پرسیاری بەشداری كۆرو كۆبونەوە سیاسیەكان وەک نمونە وەردەگرین لەلایەن كەسوكارو نەوەی ئەنفالكراوانەوە. لەم ئاستەدا ئەوان ئاستێكی نزمیان تۆماركردووە، واتە ئەتوانین بڵێین دەچنە چوارچێوەی گروپە خامۆشەكانەوە، چونكە لەكۆی (239) بەشداربوو تەنها (59) بەشداربوویان واتە بەرێژەی (25%)یان بەشداری لەكۆڕو كۆبونەوە سیاسیەكان دەكەن.

بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین بڵێین دەستنیشانكردنی ئاستەكانی بەشداری سیاسی كەسوكارو نەوەی ئەنفالكراوان یەک جۆرو شێوە نیە، بەڵكو خۆی لەچەندین ئاستدا چڕكردووەتەوە، لەهەمان كاتیشدا جیاوازی زۆری لەنێوان ئەو ئاستانەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆ كراوە، هەیە. واتە لەئاستێكدا تێبینی ئەوە دەكرێت كە بەشداری سیاسی كەسوكارو نەوەی ئەنفالكراوان ئاستێكی بەرزی تۆماركردووە، بەلأم لەئاستێكی دیكە بەپێچەوانەوە. ئەوەی لەكۆتایی ئەم تەوەرەدا گرنگە بیخەینە ڕوو ئەوەیە كەدوو ئاستی یەكەمو دووەمی

**بەشداری سیاسی، کە گرنگترینو کاریگەرترینی ئاستەکانن، کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان بەشێوەیەکی زۆر تیایاندا ونن.**

**تەوەری دووەم:ئەو هۆکارانەی کار لەبەشداری سیاسی کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان دەکەن**

**لەم تەوەرەدا هەوڵ دەدەین سێ ئاستی گرنگی بەشداری سیاسی کەسوکارونەوەی ئەنفالکراوان دیاریبکەین کە بریتین لە (ئەندام بوون و نەبوون لەحزبێکدا، بەشداری لە هەڵبژاردن، بەشداری نەکردن کۆڕو کۆبوونەوە سیاسیەکان).**

**یەکەم: داتاو زانیاریە کەسیەکان وکاریگەریان لەسەر ئەندام نەبوون لەهیچ حزبێکی سیاسیدا:**

**1- ڕەگەز: هۆکارەکانی ئەندام نەبوونی کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان لە حزبێکی سیاسیدا، وەک لەبەشی سێیەمی توێژینەوەکەدا لە شێوەی ژمارە(7) ئاماژەمان بەڕێژەی ئەندام بوون و ئەندام نەبوو لەحزبێکی سیاسیدا کرد، لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامی فۆرمی ڕاپرسیەکەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە (166)بەشداربوو بەڕێژەی (69%) ئەندام نەبوون لە هیچ حزبێکی سیاسیدا، سەربارەی ئەوەی کە حەوت هۆکارمان دەسنیشانکردووە بۆ ئەندام نەبوون لە حزبدا، هەریەکە لەو هۆکارانەش بەڕێژەی جیا کاریگەریان کردوە. لە پاڵ ئەم هۆکارانەشدا، چەند گۆڕاوێکی دیکەی ناو فۆرمی ڕاپرسیەکە پەیوەندییان بەم ئەندام نەبوونەوە هەیە، لەوانە جۆری ڕەگەز، کە لەکۆی (166)ئەندامە نەبووی حزب، (90)بەشداربوو بەڕێژەی(54%) لەڕەگەزی نێرن، کەچی(76)بەشداربوو بەڕێژەی(46%) لەڕەگەزی مێن، واتا پەیوەندیەکی ناراستەوخۆ لەنێوان ڕەگەزو ئەندام بوون لەحزبی سیاسیدا هەیە. بڕوانە شێوەی ژمارە(21).**

**شێوەی ژمارە (21): پەیوەندی نێوان ڕەگەزو ئەندام نەبوون لەحزبی سیاسیدا**




**2- تەمەن: سەبارەت بە تەمەنیش وەک لەشێوەی ژمارە (22) دەرکەوتووە ڕێژەی (29%) ئەوانەی ئەندام نین لە حزبەکاندا تەمەنیان لە پەنجا ساڵ بەسەرەوەیە. دوای ئەمانیش ئەوانە دێن کەتەمەنیان لەنێوان (18-30) هەروەها (31-40) دێت بەڕێژەی (25%) بۆ هەریەکەیان، کەمترینیشان ئاستی تەمەنی (41-50) ساڵە بەڕێژەی (21%) لەکۆی ئەو بەشداربووانە ئەندام نین لەهیچ حزبێکی سیاسیدا. لەئەنجامی ئەمەشدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم چوار ئاستی تەمەنە لەبەرئەوەی ڕێژەکانیان لێکتریەوە نزیکە، ئەوا پەیوەندیەکی ناراستەوخۆ لەنێوان تەمەنو ئەندام بوون لەحزبی سیاسیدا هەیە، واتە هەرچەندە تەمەنەکان گەورەتر بن ئەوەندە ئارەزووی ئەندامبوون لەحزبدا کەمدەبێتەوە.**

**شێوەی ژمارە (22): پەیوەندی نێوان ئاستی تەمەنو ئەندام نەبوون لەهیچ حزبێکی سیاسیدا**



لەفۆرمی ڕاپرسیەكەدا ئەوە دەركەوتووە كەشوێنی نیشتەجێبوون تاڕادەیەک پەیوەندی بە هۆكاری ئەندام نەبوون لەهەر حزبێكی سیاسیدا لەلایەن كەس‌وكارو نەوەی ئەنفالكراوانەوە هەیە، بەجۆرێک كە ڕێژەی(53%) بەشداربووان نیشتەجێی ناحیەكانن، وە كەمترین ڕێژەش كە (22%) نیشتەجێی قەزاكانی سنوری توێژینەوەكەن. بێگومان ناحیەكانی سنوری توێژینەوەكە بەتایبەتی ناحیەی ڕزگاری لەبەرئەوەی ژمارەیەكی زۆری دانیشتوانەكەی لەكەس‌وكارو نەوەی ئەنفالكراوان پێكدێن، بۆیە تێبینی دەكرێت هەمیشە ئاستەكانی بەشداری سیاسی تێدا بەرزە. بڕوانە شێوەی ژمارە (23).

شێوەی ژمارە (23): پەیوەندی نێوان شوێنی نیشتەجێبوون و ئەندام نەبوون لەهیچ حزبێكی سیاسیدا




4- داهات: لەهەموو توێژینەوەكانی ئابووری و كۆمەڵناسیدا ئەوە سەلمێنراوە كەپەیوەندیەكی پتەو لەنێوان داهاتو ژیان‌و بیركردنەوەی سیاسی هاووڵاتیدا هەیە، وەک لەشێوەی ژمارە (24) دەردەكەوێت ئەو بەشداربووانەی كەداهاتی مانگانەیان لە (300) هەزار دینار كەمترە زۆرترین ڕێژەی ئەو بەشداربووانە پێكدەهێنن كەئەندام نین لەهیچ حزبێكی سیاسیدا، واتە لەكۆی (166) بەشداربووی ئەندام نەبوو لەهیچ حزبێكی سیاسیدا (75) بەشداربوویان واتە ڕێژەی (45%) كۆی گشتی ئەوانەی ئەندام نین لەهیچ حزبێكی سیاسیدا ئەوانە كەداهاتیان نزمەو لەخوار (300) هەزار دینارەوەیە، لەدوای ئەمانیش ئەو بەشداربوانە دێت كەداهاتی مانگانەیان لەنێوان (300-500) هەزار دینارادیە، واتە (53) بەشداربوو لەكۆی (166) ئەندام نەبوو لەهیچ حزبێک كەدەكاتە ڕێژەی (32%) كۆی گشتی ئەوانەی ئەندام نین لەهیچ حزبێكدا. بەكورتی لەئەنجامی ڕاپرسیەكەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كەپەیوەندیەكی ڕاستەوخۆ لەنێوان كەمی داهاتوو و ئەندام نەبوون لەحزبێكی سیاسیدا هەیە.

شێوەی ژمارە(24): پەیوەندی نێوان داهاتی مانگانەو ئەندام نەبوون لەهچ حزبێكی سیاسیدا




دووەم: بەشداری لەهەڵبژاردنەكاندا: بەپێی دەرئەنجامی فۆرمی ڕاپرسیەكە ئەوە دەركەوتووە كە (87%)كۆی بەشداربووان بەشداری هەڵبژاردنەكانی عێراقۆ كوردستانیان كردووە ئەمەش لە ئاستێكی باڵادایە، بەلام ئەوەی لێرەدا روونە ئەوەیە كەئەم ئاستی باڵای بەشداریە پەیوەندیەكی بەرچاوی بە ڕەگەزو ئەو ئاستی تەمەنانەی

**کە دیاریمان کردووە، لەگەڵ شوێنی جوگرافی و داهاتی مانگانەدا نیە، بەڵکو ئەو بەشداری کردنانە وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، زیاتر پاڵنەری هەستو سۆزی نەتەوەیی بووە، بۆ نموونە لە کۆی (166) بەشداربووی ڕاپرسیەکە کە ئەندام نین لەحزبدا، (139)بەشداربوویان بەرێژەی (84%) بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە، ئەمەش دەریدەخات کە ئەندام بوون و نەبوون لەحزبدا لای کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان پەیوەندی ئەوتۆی بە هەڵبژاردنەوە نیە.**

**سێیەم: بەشداری لەکۆرو کۆبوونە سیاسیەکان:**

**بەشێوەیەکی گشتی لەکۆی (239) بەشداربوو (59) بەشداربوو واتە ڕێژەی (25%) بەشداری لەکۆرو کۆبوونە سیاسیەکان دەکەن، لەکاتێکدا (180) بەشداربوو واتە ڕێژەی (75%) پیان بەشداری ناکەن، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە. بۆ دۆزینەوەی ئەو هۆکارانەی کەپەیوەندی بەم ئاستەوە هەیە، واتە بەشداری نەکردن لەکۆرو کۆبوونە سیاسیەکان، هەوڵدەدەین لەرێگەی پەیوەندی لەنێوان بەشداری لەکۆرو کۆبوونە سیاسیەکانو چەند گۆڕاوێکی فۆرمی ڕاپرسیەکە بخەینە روو بەم شێوەی لای خوارەوە.**

**1- پەیوەندی نێوان رەگەزو بەشداری لەکۆرو کۆبوونە سیاسیەکان: وەک لەشێوەی ژمارە (25) دەردەکەوێت، لەکۆی (180) بەشداربوو کەبەشداری کۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکان ناکەن (102) بەشداربوویان واتە ڕێژەی (57%) لەرگەزی نێرنو، (78) بەشداربویان واتە ڕێژەی (43%) لەرگەزی مێن. ئەمەش ئەوە دردەدخات کەرگەزی نێر ڕێژەیەکەی زیاترو پەیوەندیەکی مەعنەوی هەیە بەشداری نەکردنی ئەم رەگەزەوە لەکۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکان.**

**شێوەی ژمارە (25): بەشداری نەکردن لەکۆڕو کۆبوونەوە سیاسیەکان بەپێی رەگەز**




**2- پەیوەندی نێوان تەمەنو بەشداری لەکۆرو کۆبوونە سیاسیەکان: سەرباری هۆکارەکانی دیکە، تەمەنیش هۆکاریکە لەو هۆکارانەی کاریگەری هەیە لەسەر بەشداری نەکردنی کەس‌وکارو نەوەی ئەنفالکراوان لەکۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکاندا، بەڵام هۆکارێکی لاوازە چونکە لەکۆی ئەو چوار ئاستی تەمەنەی کە لەفۆرمەکەدا دەستنیشان کراوە جیاوازیەکی زۆر نیە لەنێوانیاندا، بەجۆرێک کە ئاستی (18-30 ساڵ) ڕێژەی (24%)و، (31-40ساڵ) بەرێژەی (23%)و، (41-50ساڵ) بەرێژەی (24%)و، (50 ساڵ بۆ سەرەوە) بەرێژەی (29%) گرتوەتەوە. بڕوانە شێوە ژمارە (26).**

**شێوەی ژمارە (26): پەیوەندی نێوان تەمەنو بەشداری لەکۆرو کۆبوونە سیاسیەکان**



3- پەیوەندی نێوان شوێنی نیشتەجێبوون وبەشداری لەکۆرو کۆبوونە سیاسیەکان: وەک لەئەنجامی راپرسیەکەدا دەرکەوتووە، تارادەیەک پەیوەندیەکی مەعنەوی لەنێوان شوێنی نیشتەجێبوونو بەشداری نەکردن لەکۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکان هەیە، وەک لەشێوەی ژمارە (27) دەردەکەوێت رێژەی (49%) ئەوانەی بەشداری ناکەن لەکۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکان نیشتەجێی ناحیەکانی سنوری توێژینەوەکەن، لەدوای ئەمیش نیشتەجێی گوندەکانی سنوری لێکۆڵینەوە بەرێژەی(28%)، لەبەرامبەر (23%) بۆ ئەوانە نیشتەجێی قەزاکانی سنور لێکۆڵینەوەکەن.

شێوەی ژمارە(27): رێژەی بەشداری نەکردن لەکۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون




4- پەیوەندی نێوان داهاتو بەشداری لەکۆرو کۆبوونە سیاسیەکان: وەک لەشێوەی ژمارە (28) دەردەکەوێت ئەو بەشداربووانەی داهاتی مانگانەیان لە خوار (300) هەزار دیناری عێراقیە بەرێژەیەکی زۆر بەشداری لەکۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکان ناکەن، واتە بەرێژەی (43%) کۆی گشتی ئەوانەی بەشداری ناکەن، لەدوای ئەمانیش ئەوانە دێن کەداهاتی مانگانەیان لەنێوان (300-500) هەزار دیناردایە بەرێژەی (32%) کۆی گشتی ئەوانەی بەشداری لەکۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکان ناکەن.لێرەوە دەردەکەوێت کەئاستی بژێوی کەسوکارو نەوەی ئەنفال پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەئاستی بەشداری سیاسیانەوە هەیە، هەرچەندە داهاتەکە نزمبێتەوە ئەوەندە بەشداریکردنەکەش کەمتر دەبێتەوە.

شێوەی ژمارە(28):پەیوەندی نێوان بەشداری نەکردن لەکۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکانو داهاتی مانگانە




5- پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواریو بەشداری لەکۆرو کۆبوونە سیاسیەکان: وەک لەشێوەی ژمارە (29) دەردەکەوێت، ئاستی خوێندەواری یەکێکە لەگەورەترین ئەو هۆکارانەی کەلەپشت بەشداری نەکردنی کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوانەوە هەیە، بەجۆرێک کە لەکۆی (180) بەشدارنەبوو لەکۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکان (80) بەشداربوویان بەرێژەی (44%) نەخوێندەوارن، دوای ئەمانیش ئەو بەشداربووانە دێت کە بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە بەرێژەی (18%)، ئەوانەش کەتەنها توانای نوسینو خوێندنەوەیان هەیە بەرێژەی (14%). لەبەر رۆشنایی ئەم ئەنجامانەدا دەتوانین ئەوە دەستنیشان کەین کە پەیوەندیەکی راستەخۆ لەنێوان ئاستی خوێندەواریو بەشداری لەکۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکاندا هەیە.

شێوەی ژمارە (29): پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواریو بەشداری نەکردن لەکۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکاندا




6- پەیوەندی نێوان پیشەو بەشداری لەکۆڕو کۆبوونە سیاسیەکان: بەشێوەیەکی گشتی پیشەی تاک یان هاوڵاتی کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر بەشداری سیاسی جا ئەو کاریگەریە لەهەر چی ئاستێکدا بێت. لەم توێژینەوەدا وەک لەشێوەی ژمارە(30) دەردەکەوێت لەکۆی (180) لەوانەی بەشداری لەکۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکان ناکەن (56) بەشداربوویان واتە ڕێژەی (31%) کۆی گشتی ئەوانەی بەشداری لەکۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکاندا ناکەن ئافرەتی ماڵەوەن واتە لەڕەگەزی مێن، لەدوای ئەمانیش پیشەی فەرمانبەر بەرێژەی (24%)و، پیشەی کاسب بەرێژەی (17%). لێرەوە دەردەکەوێت کەرەگەزی مێ زۆرترین پشکیان لەم ئاستەدا بەردەکەوێت، هۆکاری بەرزی ئەم ڕێژەیەش بۆ نەبوونی هەلو دەرەفەتو باری کۆمەلایەتیو ئاستی خوێندنو باری ئابووری ڕەگەزی مێی کەسو کارو نەوەی ئەنفالکراوان دەگەڕێتەوە.

شێوەی ژمارە (30): پەیوەندی نێوان پیشەو بەشداری نەکردن لەکۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکان




## ئەنجام

**لەدوای تەواوبوونی توێژینەوەکە چەند ئەنجامێکی گرنگ بەدەرکەوتن لەوانە:**

1- بەشداری سیاسی بەهەموو ئاستەکانیەوە یەکێکە لەتایبەتمەندیە سەرەکیەکانی هەر ژیانێکی سیاسی، چەند ئەم بەشداریکردنە فراوان بێتو هەلی زیاتر لەبەردەم هاوڵاتیاندا بڕەخسێنرێت ئەوەندە ئەگەری زاڵبونی بەسەر ئەو کێشەو قەیرانە جۆربەجۆرانەدا هەیە کە لەهەر کاتو شوێنێکدا بێت ڕووبەڕووی سیستەمی سیاسی دەبنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە شەرعیەتی مانەوەی دەسەڵاتی سیاسی دەسەبەر دەکات، ئەمە جگە لەوەی فەراهەمکردنی مافو ڕێگاکانی بەشداری سیاسی لەهەر کۆمەڵگایەکدا هۆکارێکی سەرەکیە بۆ زیادبوونو گەشەکردنی زیاتری گەشەپێدانی هەمەلایەنەی بەردەوام.

2- ئاستەکانی بەشداری سیاسی کەسو کارو نەوەی ئەنفالکراوان، ئاستەگەلێکی جیاوازن، بەجیاوازی چالاکیە سیاسیەکان دەگۆڕێن، بۆ نمونە لەسەر ئاستی بەدەستەوەگرتنی پۆستو پلەی حکومی ئەم چینە کەمترین بەشداریان هەیە کە ڕێژەی (10%) کۆی گشتی بەشداربووانی فۆرمی راپرسیەکە تێپەڕناکات، هەروەها لەسەر ئاستی ئەندامبوون لەحزبی سیاسیدا بەهەمان شێوە ئاستێکی نزمەو ڕێژەی ئەوانەی ئەندامن لەحزبێکی سیاسیدا (31%) لەکۆی بەشداربووان تێپەڕ ناکات، بەڵام لەسەر ئاستی بەشداریکردنی لەهەڵبژاردنەکاندا، کەیەکێکە لەئاستەکانی بەشداری سیاسی، کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان ئاستێکی بەرزیان تۆمارکردووە کەڕێژەی (87%) تێدەپەڕێنێت. ئەم ئەنجامانەش ئەوە دەردەخات کە ئاستەکانی بەشداری سیاسی ئەوان جیاوازە، لەهەمان کاتیشدا ئەمە ڕێگری لەوە ناکات بگەین بەو ئەنجامەی کە ئەو ئاستانەی کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان تیایدا چالاکن لەرووی گرنگیەوە لەئاستێکی نزمدان.

3- بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر پەیوەندی هەیە لەنێوان ئاستەکانی بەشداری سیاسی کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوانو ئەو هۆکارانەی کاریان لێدەکەن، هەر یەکە لەرەگەزو تەمەنو شوێنی جوگرافیو داهاتی مانگانەو ئاستی خوێندەواریو جۆری پیشە، بەرێژەی جیاجیا کاریان لەسەر بەشداری سیاسیانی کردووە. لەپێشەوەی ئەوانە داهاتی مانگانەو ئاستی خوێندەواریو جۆری پیشە دێن، چونکە لەنێوان چالاکیەکانی بەشداری سیاسیو ئەم گۆڕاوانەدا پەیوەندیەکی راستەخۆ هەیە، بەجۆرێک چەند داهاتی مانگانە کەمبێت ئەوەندەش ئاستی بەشداری سیاسی کەمە، هەروەها نەخوێندەواریش بووەتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراواندا کەبەشێوەیەکی ئاکتیڤ بەشداری لەژیانی سیاسیو دروستکردنی بریاردا بکەن لەسنور توێژینەوەکە، ئەمە جگە لەوەی پێشەکانیش هۆکاری بەرچاون بۆ نزمی ئاستی بەشداری سیاسیان، لەمەشدا رەگەزی مێ زۆرترین رێژەی بەردەکەوێت بەوەی کەئافرەتی ماڵەوەنو هەلو دەرفەتی بەشداریان زۆر کەم لەبەردەستە ئەمە سەبارەت بەئاستی یەکەم. ئەوەشی پەیوەندی بەئاستی دووەمەوە هەیە ئەوەیە کەهەندێک جار نە تەمەن نەشوێنی نیشتەجێبوونو نەداهاتو.. بەشێوەیەکی راستەخۆ کاریان لەسەر ئاستی بەشداری سیاسی ئەوان نەکردووە، بۆ نمونە بەشداری کردن لەهەڵبژاردنەکاندا ئەوەندەی پەیوەندی بەهەست کردن بەلێپرسراوێتی دەستەجەمعیەوە هەیە بەرامبەر بەخاکو نەتەوە ئەوەندە پەیوەندی بەئەندامبوون لەحزب یان داهاتی مانگانە یان ئاستی خوێندەواری و پیشەوە نیە.

4- ڕێژەی (85%) کۆی بەشداربووان پێیان وایە کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان لەسنوری ئیدارەی گەرمیاندا نەرۆڵی سیاسی نەحکومی ئەوتۆیان نیە کەبتوانن خۆیان بڕیاربەدەستی کاروبارەکانی خۆیان بن. هۆکاری ئەمەش دەخەنە ئەستۆی حکومەت بەپلەی یەکەمو، حزبەکان بەپلەی دووەم. تەنانەت ئەوانەشی کەخۆیان ئەندامن لەناو حزبە سیاسیەکاندا کەرێژەیان دەگاتە (31%) لەکۆی بەشداربووان تەنها ڕێژەی (15%) پێیان وایە کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان رۆڵیان لەژیانی سیاسیدا هەیە لەسنوری توێژینەوەکە.

5- سەبارەت بەدەربڕینی راوبۆچوون لەکاتی رووداني قەیرانە سیاسیەکاندا، کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان بەرێژەیەکی زۆر کەدەگاتە (79%) کۆی بەشداربووان بەلایانەوە گرنگە راوبۆچوونی تایبەتی خۆیان هەبێت. باشترین رێگەیەکیش کەئەوان بەشیاوی دەزان لەرێگەیەوە بۆچونی خۆیان دەربڕن فشاری مەدەنیە کەرێژەی (36%) لەکۆی ئەوانە پێکدێنیت کە بەلایانەوە گرنکە رای خۆیان دەربرن، رێگای دووەمیش کەناڵەکانی راگەیاندنە بەرێژەی (19%)، کەمترین رێژەش رێگای حزبیە واتە لەرێگەی حزبەوە بۆچونی خۆیان دەربڕن

کەدەکاتە (13%). ئەمەش مانای وایە کەس‌وکارو نەوەی ئەنفالکراوان زیاتر گرنگی بەدروستکردنی گروپی فشار دەدەن‌و پێیان وایە ئەمە گرنگترین ڕێگایە بۆ کاریگەری کردنە سەر بەرامبەر.

6- کەس‌وکارو نەوەی ئەنەنفالکراوان بەرێژەیەکی بەرچاو کەدەگاتە (49.7%) کۆی بەشداربووان پێیان وایە ئەو ڕێکخراوانەی بەناوی داکۆکی کردن لەمافی ئەوانەوە دامەزراون بەنوێنەری خۆیان نازانن، لەبەرامبەردا ڕێژەی (50.3%) بەنوێنەری خۆیانیان ئەزانن. کەواتە ئەم ڕێکخراوانە بەشێوەکی زۆر لەئاست ئامانج‌و پێویستی کەس‌وکارو نەوەی ئەنفالکراواندا نین.

7- بەشداریکردن لە یادەکانی ئەنفال لەلایەن کەسوکارونەوەی ئەنفالکراوانەوە، ڕێژەیەکی بەرزە کە دەگاتە (80%) کۆی بەشداربووان، وەک لە ئەنجامی ڕاپرسیەکەشدا دەرکەوتووە ئەم بەشداریکردنە ئەوەندەی پەیوەندی بەرزڕاگرتنی ئەو یادەو خۆشەویستی و دەربڕینی هەست و سۆزی خۆیان بۆ قوربانیان هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە هیچ یەکێک لەو گۆڕاوانەوە نیە کە لەناوفۆرمەکەدا هەیە.

8- کەس‌وکارو نەوەی ئەنەنفالکراوان بەرێژەیەکی بەرچاو کەدەگاتە (34%)ی کۆی بەشداربووان پێیان باشە نەوەکانیان هەوڵبدەن پۆستی حکومی حزبی بەدەستەوە بگرن تاوەکو لەڕێگەیەوە مافەکانی خۆیان بەشێویەکی باشتر دەسەبەربکەن. (26%) رایان وایە کە جگە لەدروستکردنی گروپی فشار هیچ ڕێگەیەکی دیکە نیە بۆ داکۆکی کردن‌و بەدەستهێنانی مافەکانیان.

## ڕاسپاردە

بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ئەنجامانەی کە لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتن بە پێویستی دەزانین ئەم ڕاسپاردانەی لای خوارەوە بخەینە ڕوو :

1- حزب و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەتایبەت ئەوانەی لەبواری پێگەیاندن و هۆشیارکردنەوەی ئافرەتاندا چالاکی دەکەن، گرنگی زیاتر بە کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان بەتایبەت ئافرەتان بدەن، چونکە ئەم ڕەگەزە نزمترین ئاستی بەشداری سیاسیان هەیە.

2- پێویستە دامودەزگا فەرمیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جگەلە دابین کردنی ژیانێکی شایستەو بێکەموکوڕی بۆکەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان، بایەخی زیاتر بدەن بە لایەنی سایکۆلۆژی ئەوان، چونکە ئەوەندەی پێویستیان بە دڵنەوایی و بەرز ڕاگرتنی هەست و سۆزیان هەیە، کەمتر پێویستیان بەلایەنەکانی دیکە هەیە.

3- هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری سیاسی کەسوکارو نەوەی ئەنفالکراوان، تا وەکو بەشدارییەکی کاریگەر لە ژیانی سیاسی و بەڕێوەبردندا بکەن.

4- گەیاندنی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان و ئاوڕدانەوەی خەمخۆرانە لە گوندو ناحیەکانی سنووری توێژینەوەکە بەتایبەت ئەو گوندو ناحیانەی کە زۆرترین کاریگەریی تاوانی ئەنفالیان بەرکەوتووە.

5- حزب و حکومەت پێکەوە گرنگی بەوە بدەن کە هەلی زیاتر لەبەردەم نەوەی ئەنفالکراواندا بڕەخسێنن بۆ بەدەستەوەگرتنی پۆست و پلەی حزبی و حکومی، تاوەکو نەوەکانی قوربانیانی ئەنفال خۆیان ڕاستەوخۆ بەشداریی لە دروست کردنی بڕیارەکاندا بکەن.

6- یادو بۆنەكانی تاوانی ئەنفال لە یادوبۆنەی حزبی و ناوچەییەوە بگۆڕێت بۆ پرسێكی نیشتیمانی هەمەلایەنەو بكرێنە بزوێنەری چالاكی ڕێكخراوەیی و حكومی كە لە ئاستی گەورەی تاوانەكەدا بێت.

7- ئاوڕدانەوەی لێپرسراوانە لەو داواكارییانەی كەسوكارو نەوەی ئەنفالكراوان هەیانە بەتایبەت دادگایی كردنی ئەوانەی دەستیان لە تاوانی ئەنفالدا هەیە.

8- ڕێكخراوەكانی تایبەت بەداكۆكی لە مافی ئەنفالكراوان زیاتر چالاكبن و لە ئاستی گەورەیی بەرپرسیارێتی كەیسی ئەنفالدا بن.

## لیستی سەرچاوەكان

### سەرچاوەكان بەزمانی كوردی

**یەكەم: ئەتڵەس**

1- هاشم یاسین ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی كوردستانی عێراق: عێراق و جیهان، چاپخانەی تینۆس، 2009.

**دووەم: نامەی ماستەرو تێزی دكتۆرا**

1- محەمەد مەهدی كەریم، دابەشبوونی شوێنیی نیشینگە مرۆییەكانی ئیدارەی گەرمیان، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی گەرمیان، 2016.

**سێیەم: فەرمانگە حكومیەكان**

1- وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی كارگێڕی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، بەشی GIS، 2010.

**چوارەم: سەردانی مەیدانی**

2- وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و ئەنفال كراوانی گەرمیان. لەبەرواری 2017/5/3.

**پێنجەم: چاوپێكەوتن**

1- جەبار عومەر صاڵح، بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و ئەنفال كراوانی گەرمیان. لەبەرواری 2017/5/3.

### سەرچاوەكان بەزمانی عەرەبی

**یەكەم: كتێب**

1. إبراهيم أبراش، علم الاجتماع السياسي، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان-الاردن، 1998.
2. اسماعيل علي سعد، اصول علم الاجتماع السياسي: في السياسة والمجتمع،ج2، دار النهضة العربية، بيروت-لبنان، 1988.
3. أمين عواد المشاقبة و دينا صبيح شقير، نظريات التنشئة السياسي والثقافة السياسية، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، القاهرة، 2017.
4. جلال عبدالله معوض، ازمة المشاركة في الوطن العربي في: علي الدين هلال وآخرون، الديمقراطية والحقوق الانسان في الوطن العربي، سلسلة كتب المستقبل العربي، العدد (4) مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 1983.
5. سامية خضر صالح، المشاركة السياسية والديمقراطية: اتجاهات نظرية ومنهجية حديثة تساهم في فهم العالم من حولنا، جامعة عين الشمس، القاهرة-مصر، 2005.
6. السيد عبدالحليم الزيات، التنمية السياسية: الابعاد المعرفية والجامعية، ج2، دار المعرفة الجامعية، الجزائر، 2002.
7. شعبان الطاهر الاسود، علم الاجتماع السياسي، دار المصرية للطباعة والنشر، القاهرة، 1997.

8. عبدالهادي أحمد الجوهري، درسات في علم الاجتماع السياسي، مكتبة نهظة الشرق، القاهرة، 1980.
9. فليب برو، علم الاجتماع السياسي، ترجمة: محمد عرب صاصيلا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، 1998.
10. محمد السويدي، علم الاجتماع: ميدانه وقضاياه، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائير، 1990.

### دووەم: گۆڤارەكان

1. ثامر محمد كامل الخزرجي، السياسية العامة وأداء النظام السياسي، مجلة العلوم السياسية، العدد (33)، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، 2006.
2. عمر إبراهيم خطيب، التنمية والمشاركة السياسية في اقطار الخليج العربي، مجلة المستقبل العربي، العدد (40)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، حزيران 1982.
3. لعجان محمد لمين، إشكالية المشاركة السياسية وثقافة السلم، مجلة العلوم الانسانية، العدد (12)، جامعة محمد خيضر بسكرة، الجزائير.
4. يوسف خليفة يوسف، المشاركة السياسية في دول الخليج العربي، مجلة المستقبل العربي، العدد (290)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، نيسان 2003.

### سێیەم: نامەی ماستەرو تێزی دكتۆرا

1. تارا عمر محمد، المشاركة السياسية وتاثيرها على عملية التحول الديمقراطي: العراق المعاصر كحالة للدراسة، رسالة ماجستير، كلية القانون والعلوم السياسية، جامعة السليمانية، 2009.
2. هند قاسم، المشاركة السياسية للمرأة في دول الخليج العربي، دراسة حالة الكويت، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، 2005.

### سەرچاوەكان بەزمانی ئینگلیزی

1. Samauel P.Hantington and John M.Nelson, on easy, Political Participation in Developing countries, Harvard, University Press. USA,1976. P.3.
2. Verba Sidney, Norman Nie, American Citizen Participation Study (Internet Source, comment, statistical Labaratory, Website, UNCAT, 1990, p.2.
3. Gold man, Berry, Jnnda, The Challenge of Democracy, Internet Source, New Java Ideology, Download Dos, Hougthon, Mifflen Company,1997, p.4.

### سەرچاوەكانی تۆڕی زانیاری نێودەوڵەتی (ئینتەرنێت)

1. عبدالاله واردي، التأصيل الفقهي للمشاركة السياسية، الحوار المتمدن، العدد (1994) في (1 آب 2007)، على شبكة المعولمات الدولية: http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=104505 .
2. العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية الذي اعتمد وعرض للتوزيع والتصديق بموجب قرار الجمعية العامة للامم المتحدة (2200 الف) (د. 21) المؤرخ في (16 ديسمبر 1966).
3. لأمم المتحدة، الاعلان العالمي لحقوق الانسان:على الموقع الرسيمي للامم المتحدة على شبكة المعلومات الدولية: http://www.un.org/ar/universal-declaration-human-rights/index.html102.

..........................................................................................
..........................................................................................

# فۆرمی راپرسی

**بەرێز کەس و کارو نەوەی ئەنفالکراوانی بەرێز:**

**ئەم فۆرمی راپرسیە کە لەبەردەستتدایە بەناونشانی (ئاستی بەشداری سیاسی کەس وکارو نەوەی ئەنفالکراوان و گرنگترین ئەو هۆکارانەی کاریان لێدەکەن –ئیدارەی گەرمیان- بەنمونە) توێژینەوەیەکی زانستییە.**

**لەبەر گرنگی و بایەخی گەورەی ئێوە وەک کەس وکارو نەوەی ئەنفالکراوان، کەنمونەی قوربانیدانن لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، ئێوەمان دەستنیشان کردووە بۆ ئەم توێژینەوەیە، بۆیە ئومێدەوارین بەوردی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە لەناو ئەم فۆرمەدا هاتوون. هەموو زانیاریەکانی ناو ئەم فۆرمە بەئەوپەڕی نهێنی دەمێنێتەوەو تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوەکە بەکاردێت. بۆ ئەو مەبەستەش ئەوپەڕی سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی ماندووبوونتان دەکەین، وبەشداریتان بەرز دەنرخێنین.**

**هاوکاریتان جێگەی سوپاس و پێزانیە**

| | |
|---|---|
| **دکتۆر** | **مامۆستا** |
| **یاسین ئاشوور جەوهەر** | **دلێر کەریم** |
| **مامۆستای لەزانکۆی گەرمیان** | **مامۆستا لەئامادەیی گەرمیان/ پەروەدەی گەرمیان** |

**تکایە نیشانەی (✓) لەناو وەڵامی هەڵبژێردراو دابنێ.**

**زانیاری کەسی**

**یەکەم: رەگەز:** **نێر** ☐ **مێ** ☐

**دووەم: تەمەن** ☐

18**بۆ** 30 **ساڵ** ☐ 31**بۆ** 40 **ساڵ** ☐ 41 **بۆ** 50 **ساڵ** ☐ 50 **ساڵ بۆ سەرەوە** ☐

**سێیەم: شوێنی نیشتەجێبوون**

**قەزا** ☐ **ناحیە** ☐ **گوند** ☐

**چوارەم: داهاتی مانگانە**

1- **کەمتر لە** 300000(**سێ سەد**) **هەزار دینار** ---------------------------------- ☐

2- **لە**(300000) **تا** (500000)**دینار**------------------------------------------ ☐

3- **لە**(500000) **تا** (800000)**دینار**------------------------------------------ ☐

4- **لە**(800000) **تا** (1000000)**دینار**------------------------------------------ ☐

5- **لە**(1000000) **تا** (1500000)**دینار**------------------------------------------ ☐

6- **لە**(1500000) **تا** (2000000)**دینار**------------------------------------------ ☐

7- **لە**(2000000) **دینار بەسەرەوە**------------------------------------------ ☐

**پێنجەم: ئاستی خوێندەواری:**

1- نەخوێندەوار

2- أ- خوێندەوار ☐ ب- سەرەتایی ☐ ج- ئامادەیی ☐ د-دبلۆم ☐ ه- بەكالۆریۆس ☐

و-خوێندنی باڵا ☐

**شەشەم: پیشە**

1-بێكار ☐ 2- كاسب ☐ 3- فەرمانبەر ☐ 4-خانەنشین ☐ 5- خوێندكار ☐

6- ئافرەتی ماڵ ☐ 7- پیشەی تر:------------------------------------

**بەشداری سیاسی**

**یەكەم: ئایا ئەندامی لەهیچ حزبێكدا؟** بەڵێ ☐ نەخێر ☐

**-ئەگەر وەڵامی پرسیاری پێشوت بەنەخێرە، بۆچی ئەندام نیت لەهیچ حزبێكدا؟**

1- باوەڕم بەگرنگی حزب نییە.-------------------------------------------------------- ☐

2- هیچ حزبێك نیە گوزارشت لەبیروڕای من بكات.------------------------------------------ ☐

3- حزبەكان هیچ شتێك بۆ خەڵك ناكەنو تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەوڵدەدەن.--------------- ☐

4- بڕوام بە پەیڕەو و پرۆگرامی حزبەكان نییە.------------------------------------------ ☐

5- پرسی ئەنفال لەناو حزبەكاندا گرنگی پێنادرێت.-------------------------------------- ☐

6- ئەوەی بچێتە ناو ئەو حزبانەی لەدەسەڵاتدا نین ڕووبەڕووی كێشەو گرفت دەبێتەوە.------- -- ☐

7- گرنگی بە سیاسەت نادەم.--------------------------------------------------------- ☐

**دووەم: ئایا هیچ پۆستیكی حزبی یان حكومیت هەیە؟** بەڵێ ☐ نەخێر ☐

**سێیەم: لەكاتی هەبوونی قەیرانێكی سیاسیدا گرنگە بەلاتەوە بۆچوونی خۆت دەربڕی؟**

**بەڵێ** ☐ **نەخێر** ☐

**ئەگەر وەلامەكەت بە بەڵێ یە كام لەم ڕێگایانەی خوارەوە بەگونجاو دەزانێت كەبۆچۆنی خۆت دەربڕی:**

1- لەڕێگەی دامودەزگا رەسمیەكانی حكومەتەوە-------------------------------------------- ☐

2-لەڕێگەی كەناڵەكانی راگەیاندنەوە------------------------------------------------------ ☐

3- لەڕێگای فشاری مەدەنیەوە-------------------------------------------------------------- ☐

4- لەڕێگەی لایەنە سیاسیەكانەوە------------------------------------------------------------ ☐

**چوارەم : ئایا بەشداری كۆڕو كۆبونەوە سیاسیەكان ئەكەیت؟**

**بەڵێ** ☐ **نەخێر** ☐

**پێنجەم: ئایا گرنگی بە بەرنامە سیاسیەكان ئەدەیت؟**

(مەبەست لەبەرنامە سیاسیەكان ئەو بەرنامانەن كە لەرێگەی حكومەت- حزبە سیاسیەكان-كەناڵەكانی راگەیاندن).

**بەڵی** ☐ **نەخێر** ☐

**ئەگەر وەلامەكەت بەنەخێرە ئەوا بۆچی گرنگی بە بەرنامە سیاسیەكان نادەیت:**

1- تەنها قسەكردنەو كرداری لەگەلا نییەو بۆدوورخستەنەوەی خەڵكیە لەژیانی سیاسی.---- ☐

2-تەنها بابەت دەوروژێنن‌و گرنگی بەدەرخستنی راستیەكان نادەن.------------------ ☐

3-چونكە چارەسەرو شتی نوێیان پێ نییە.---------------------------------- ☐

**شەشەم: ئایا بەشداری هەڵبژاردنەكانی پێشووت كردووە كە لەهەرێمی كوردستان ئەنجامدراوە؟**

**بەڵێ** ☐ **نەخێر** ☐

**حەوتەم: بەشداری لەهەڵبژاردنەكانی داهاتوو دەكەیت؟**

**بەڵێ** ☐ **نەخێر** ☐

**ئەگەر وەلامەكەت بە نەخێرە ئەوا بۆچی بەشداری هەڵبژاردنەكان ناكەیت:**

1- چونكە دەنگدانم كاریگەری نییە.-------------------------------------------------- ☐

2-ئەنجامی هەڵبژاردنەكان هیچ گۆڕانكاریەك دروست ناكات.--------------------------------- ☐

3- دیموكراسیەكی نادروست هەیەو ساختەو یاری كردن بەدەنگی دەنگدەرانەوە دەكرێت--------- ☐

**هەشتەم: ئایا پێشتر بەشداری هیچ مانگرتن‌و رێپێوان‌و خۆپیشاندانێكت كردووە؟**

**بەڵێ** ☐ **نەخێر** ☐

**نۆیەم: ئایا باوەڕت وایە كە كەس‌وكارو نەوەی ئەنفالكراوان لەئیدارەی گەرمیان رۆڵیان لەژیانی سیاسیدا هەیە؟**

**بەڵێ** ☐ **نەخێر** ☐

**ئەگەر وەڵامەكەت بەنەخێرە ئەوا هۆكاری كەمی رۆڵی نەوەكانی ئەنفال لەژیانی سیاسیەدا چیە؟**

1- وانابینم لەلایەن حزبەكانەوە گرنگیمان پێدەدرێت.------------------------------------ ☐

2- لەلایەن حكومەتەوە پەراوێز خراوم‌و هەلی كاركردنم بۆ نارەخسێت.--------------------- ☐

3- مەترسیم هەیە لەوەی بەشداری سیاسی بكەم‌و راووبۆچوونی خۆم دەرببڕم.---------------- ☐

4- هیچ رێگەیەكی كاریگەر نییە لەرێگەیەوە بەشداری سیاسی بكەم.----------------------- ☐

5- گرنگی بەبەشداری سیاسی نادەم.------------------------------------------------- ☐

**دەیەم: ئایا ساڵانە بەشداری یادەكانی ئەنفال دەكەیت؟**

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

**ئەگەر وەلامەكەت بە نەخێرە ئەوا هۆكارەكەی:**

1- **لە بۆنەیەكی نیشتیمانیەوە كراوەتە بۆنەیەكی حزبیو بەرپرسان خۆیانی تێدا نمایش دەكەن.-**

2- **تەنها لەو رۆژەدا تاوانی ئەنفال یاد دەكرێتەوە**---------------------------------------- ☐

3-**یادكردنەوەكان هیچ بەرهەمێكی كرداری نەبووە.**---------------------------------------- ☐

4- **تاوانبارانی تاوانی ئەنفال هیچ سزایەك نەدراون.**---------------------------------------- ☐

5- **برینەكانم (ئازارەكانم) نوێدەبنەوە.**---------------------------------------------- ☐

**یازدەهەم: ئایا رێكخراوەكانی تایبەت بەداكۆكی كردن لەتاوانی ئەنفال بەنوێنەری خۆت دەزانیت؟**

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

**دوازدەهەم: بۆ ئەوەی ئەوەی ئەنفالكراوان لەسنوری ئیدارەی گەرمیان، لەداهاتودا رۆڵی بەرچاو وكاریگەریان هەبێت لەپرسە سیاسیەكاندا كام لەم رێگایانەی خوارەوە بەشیاو دەزانیت:**

1- **لایەنە سیاسیەكان.**------------------------------------------------------------------ ☐

2- **رێكخراوە مەدەنیەكان.**---------------------------------------------------------------- ☐

3- **دروستكردنی گروپی فشار.**------------------------------------------------------ ☐

4- **كاركردن لەناو كەناڵەكانی راگەیاندن.**---------------------------------------------- ☐

5- **هەوڵدان بۆ بەدەستەوە گرتنی پۆستو پلەی حكومی و حزبی.**--------------------------- ☐

https://doi.org/10.24271/garmian.75 http://garmian.edu.krd

# ئێمە و ئەنفال

رەخنەگرتن لە هەڵە بەکارهێنانی چەمک و دۆسیەی ئەنفال لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی کەلتووری جینۆسایدی گەلی کورد (لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکاری)

**پ.ی .مەهدی فاتیح عومەر**
**زانكۆی چەرمووم، كۆلێجی پەروەردە و زانستە سروشتییەكان، بەشی زمانی كوردی**

**پێشەکی:**

ئەم باسە، لە ژێر ناونیشانی (ئێمە و ئەنفال- ڕەخنەگرتن لە هەڵە بەکارهێنانی چەمک و دۆسیەی ئەنفال لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی کەلتووری جینۆسایدی گەلی کورد)، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەییە دەربارەی کارکردن و تێڕوانینی ئێمەی کورد بۆ ئەنفال وەک تراژیدیایەک کە بەشێکە لە مێژوومان، ئەوەی لەم باسەدا ویستوومانە کاری لە سەر بکەین، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی ئەو جۆرە بەکارهێنانانەی ئەنفال وەک چەمک و وەک دۆسیە لە لایەن کورد خۆیەوە لە ئاستی جیاجیا و بۆ ئامانجی جۆراوجۆر. لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە خوێندنەوەیەکی شیکارییانەدا هەوڵ دەدەین، لایەنە نێگەتیڤییەکانی پێوەندییەکانی تا ئێستای ئێمە و ئەنفال بخەینە بەر باس و گفتوگۆ، ئەویش بە زۆری ئامانج لێی ڕووبەڕووبوونەوەی کەلتووری جینۆسایدی گەلی کوردە .

بابەتی پێویستی و گرینگیی قسەکردن و توێژینەوە و وردبوونەوە لە کارەساتی ئەنفال و تەواوی ڕەهەندە جوداجوداکانی وەک ڕاستییەک لە ڕاستییە بەڵگەنەویستەکان لە پانتاییی ڕۆشنبیریی و سیاسی و ڕاگەیاندن و ئەکادیمیی ئێمەدا، ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت گەر بڵێین، پێویست دەکات بۆ هەتاهەتایە شوێنی پرسیار و مشتومڕ نەبێ، ئەویش بەو مانایەی زەحمەتە لەنێو مەنزڵی ڕۆشنبیرییەکی تەندروستدا بابەتێکی وەها هەرگیز پێگەیەکی پەراوێزی و لەیادکراو لە نێو ڕووبەری مەعریفی و ئەکادیمیدا بەخۆوە ببینێت. بابەتی قسەکردن و ئاخفتن لە سەر تراژیدیای ئەنفال و هەڵبژاردنی وەک کەرەستەیەک بۆ بیرکردنەوە و لێخووردبوونەوە و بەخۆداچوونەوە، بێ گومان لەوێشەوە و هەر لەو دەللاقەیەوە ڕوانین بۆ ئاسۆکان و داهاتووی ژیانمان. هەڵبژاردنی بابەتی کارەساتی ئەنفال بۆ قسەکردن و بیرکردنەوە کەرەستە و میتۆدی جوداجودا دەخوازێ و گرتنەبەری ڕێگای هەمەجۆری دەوێت بۆ تاقیکردنەوە، بۆئەوەی زەمینەی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم تراژیدیایە فراوانتر و بەرینتر بێت، چونکە بە بێ فرەیی لە بەکارهێنانی کەرەستە و میتۆدی

جیاواز جیاواز و بەبێ فرەڕەهەندی لە ئاستەکانی بیرکردنەوە و تێڕوانین، بە دڵنیاییەوە هەرگیز ناتوانین پرشنگێکی ڕووناکی وەرگرین، ڕووناکییەک تا بتوانین لەبەر ڕۆشناییەکەیدا هەم خۆمان و هەم دونیای پێ ببینین و ڕەخنە و بۆچوون و جیهانبینیی خۆمانی لەسەر بونیاد بنێین، سەرەنجام کەمێک تروسکەی دڵنیایی و ئومێدمان تێدا بژێننەوە .

هیچ کات ناکرێت بە بێ ڕۆشنکردنەوەی ڕەهەندی تازە و کردنەوەی پەنجەرەی نوێ لەسەر تراژیدیای ئەنفال، دڵنیا بین لەوەی کە ئێمە توانیومانە بابەتی ئەنفال وەک بابەتێکی جیدی و قووڵ لە دونیای بیرکردنەوەی نێو جیهانی ڕۆشنبیری و ئەکادیمیماندا شوێنێکی گرینگ و لەبەرچاو و هەستیاری هەیە یان لە داهاتوودا وەری دەگرێت. لەمەڕ قسەکردن و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە سەر ئەنفال و بۆ ئەوەی بتوانین بەرگەی وەها سەفەرێک بگرین، ئێمە هەمیشە پێویستمان بە ڕێبەری شارەزا و چاونەترس هەیە بۆ سۆراغکردن و عەوداڵبوون، هەمیشە چاو و دیدگای نوێمان گەرەکە بۆ بینین و پشکنین و هەستەوەری زۆر حەساس و ئێجگار وردمان پێویستە بۆ ناسینەوە و کەشفکردن، هەموو ئەمانەیش زۆر بەکەڵکن و دەبێت هەموو لایەنە تیۆرییەکان و مەعریفییەکان بگرنەوە و بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە و زانستییانە هەوڵ بدەن زەمینە و هۆکارەکانی ئەنجامدانی کارەساتی ئەنفال و ئەو فاکتەرانەی کە دەگەڕێن بەدوای ئەوەی بۆچی تراژیدیای ئەنفال بەو شێوەیە و لەو زەمینە و بارودۆخەدا ڕووی دا و ڕەهەندگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسی و جیۆگرافی و ئابووری و یاسایی...هتد، بخرێنە ڕوو، هاوزەمان شیکار و لێکدانەوە و بەدواداچوون بە شوێن خۆیاندا بهێنن و لەم کەناڵانەیشەوە بۆمان دەربکەوێ و پێمان بڵێن کە پێوەرە ئەخلاقی و سیاسی و فەلسەفی و یاسایی و نێودەوڵەتییەکان دەرهەق بەم تراژیدیا بێوێنەی کورد و بەرامبەر ئەم ڕووداوە گەورەیەی مرۆڤایەتی چییە و چۆنە و هەر لەم ڕێگەگەلەوە خۆمان بە بیرکردنەوە و توێژینەوە و دراساتی زانستی، ماسکەکانیان هەڵ بدەینەوە .

وەلێ زۆر بەداخەوە، زۆربەی ئەو ڕێگایانەی دەمانبەنەوە سەر خوێندنەوەیەکی ئەپستیمی و عەقڵانی و قووڵ بۆ تراژیدیای ئەنفال تاوەکو ئێستا تاقی نەکراونەتەوە و کەسی پێدا نەڕۆیشتوون و زۆربەی ئەو دەروازە میتۆدی و ئەکادیمییانەی کە لە سەر خوێندنەوەیەکی وردبینانە و قووڵ و زانستی و فرەڕەهەند دەشێت بخرێنە سەرپشت، تا ئەم ساتە بە دەست لێ نەدراوی ماونەتەوە و هیچ کەسێ نەچوە بە لایاندا و قەرەی نەکەوتوون. بەشێکی زۆر لەو ڕێگایانەی لەمەوپێش پێیدا ڕۆیشتووین کۆمەڵێک کوێرەڕێ و ئاراستەی چەوت بوون، کە بێ گومان زۆربەیشیان دەرەنجامی ترسناک و خراپیان بۆ سەر پرسی تراژیدیای ئەنفال خستوەتەوە و یان دەشێ و چاوەڕوانین

بیخەنەوە. زۆربەی ئەو باس و بۆچوون و تێڕوانینانەی لەمەڕ ئەنفالەوە، چ لە میدیای بیستراو و بینراو و نووسراودا سەریان دەرهێناوە و بەشێکی زۆری هەر ئەو کار و پڕۆژانەی لە ناوەندە ئەکادیمی و مەعریفییەکانەوە هەر لەم پێناوەدا هاتوونەتە ئاراوە، یان ئەو جێکەوت و بۆچوونانەی لە پانتاییی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا ئەم پرسە هەیبوە یان لە سەر ئەم پرسە دروست بوون، زیانی کاریگەر و قورسی بۆ سەر ئەم کارەساتە ئینسانییە هەبوە و بایەخی ئەم دۆزە ڕەوا و گرینگەی لە هەست ویژدانماندا کەم کردوەتەوە و تا هەنووکەیش کە ئێمە لەسەر ئەم باسە توێژینەوە دەکەین، دوای ئەو دەرەنجامانانەی لەم توێژینەوەیەدا بە دەستی دەهێنین دەتوانین بێ سڵکردنەوە بڵێین، تراژیدیای ئەنفال بەرەو خولقاندنی هەستی بەرگری و لێپرسراوێتتییەکەی تەنانەت زۆر سادەیشی نەبردووین .

**بواری لێکۆڵینەوەکە:**

وەک ئاماژەمان بۆ کرد ئەم لێکۆڵینەوەیە، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەییە دەربارەی کارکردن و تێڕوانینی ئێمەی کورد بۆ ئەنفال وەک تراژیدیایەک کە بەشێکە لە مێژوومان، کۆکردنەوەی کۆی ئەو تێڕوانین و کارکردنانەیش زیاتر لە مێدیای بیستراو و بینراو و نووسراوەوە دەردەکەون و بەشێکیان لە پانتایی مەعریفی و ئەکادیمی و سیاسی و کۆمەڵایەتییشدا دەتوانین بیانبینین و هەستیان پێ بکەن و بیانخوێنینەوە، بۆیە لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێت کە بواری لێکۆڵینەوەکە زۆر فراوانە و دەکشێ و چوارچێوەیەکی دیاریکراو بەخۆوە ناگرێت، بە شێوەیەک سنووری بەرجەستە و پانتاییی مادی تێدەپەڕێنێت و دەچێتە ناو ڕووبەری بێ سنووری هەست و نەستی خۆمانەوە، بۆیە ئەو بوارەی کاری تێدا دەکەین چەندە بەرجەستەیە، لە ڕاگەیاندن و نووسین و چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی... هتد خۆی دەنوێنێت، هێندەیش نابەرجەستەیە، کە لە نەستی تاک و کۆدا بە هۆشیارییەکی قووڵەوە پێویست دەکات هەستی پێ بکەین، چەندە ئایدیا و بیرکردنەوە و ئامانجەکانیان لە ناو ئەکتی سیاسی و ڕووبەری مەعریفی و مەیدانی ئەکادیمیا و پەروەردە و کۆمەڵگادا دەگیررێن، هێندەیش یان زیاتر و کەمتر ئەو ئایدیا و بیرکردنەوە و ئامانجانە لە ڕووبەری هەست و نەستی تاک و کۆی لە خەیاڵی ئەوانەی کار لە سەر ئەنفال دەکەن یان ئەنفال کاریان تێ دەکات بەرهەم دێن و بۆ بینینیان هۆشیاریی تایبەت و بوێر پێویستە و بێ ئەم هۆشیارییە هەست بە هیچ شتێکی ناو ئەم پانتاییە ناکرێت.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت و ناونیشان:**

هۆکاری هەڵبژاردن و گرینگیی ئەم بابەتە و ناونانی بە (ئێمە و ئەنفال- ڕەخنەگرتن لە هەڵە بەکارهێنانی چەمک و دۆسیەی ئەنفال لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی کەلتووری جینۆسایدی گەلی کورد) لەوەدایە، ئێمە وەک کورد لە زۆر ئاستی جیاواز و لە کات و شوێنی جۆراوجۆر، دەست بۆ چەمکی ئەنفال دەبەین و بۆ مەبەستی جیاواز جیاواز بە کاری دەهێنین، بە سەرنجدان لە دۆسیەی ئەنفال، چ وەک قەرەبووکردنەوەی زیانە گیانی و مادییەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوان و چ لە ڕووی بەسزاگەیاندنی تاوانبارانی ئەنفال و چ لە ڕووی بەکارهێنانی دۆسیەی ئەنفال بۆ خزمەتکردن بە دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد، تێدەگەین کە پێوەندیی ئێمە و ئەنفال لە دۆخێکی تەندروستدا نییە و خزمەتێکی ئەوتۆ بەو دۆسیەیە نەکراوە و کەسوکاری قوربانییانیش لە دۆخێکی ناهەمواردا دەژین، دەبینین زۆر جار بەکارهێنانی ئەم چەمکە و ئەم دۆسیەیە، ئاکامی نێگەتیڤیی لێ کەوتوەتەوە و زیانی زۆری لە دۆسیەکە و دۆخی قوربانییان داوە، بۆیە لەم باسەدا لە بریی ئەوەی لە ئەنفال خۆی بکۆڵینەوە، شیکاری ئەو ڕایەلانە دەکەین، کە ئێمە و ئەنفال بە یەکەوە دەبەستنەوە، یاخود چەمکی ئەنفال دەهێنێتەوە ناومان، ئەویش لە پێناو ئەوەی ئەو پێوەندییەی ئێمە و ئەنفال لە دۆخێکی ناتەندروستەوە بچێتە ناو دۆخێکی تەندروستەوە، کۆتایی بە ئەنفال و دەرەنجام و کاریگەرییە تاڵەکانی بهێنرێت.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو کار و بیرکردنەوە و چالاکییانەی لە ناوەند و لایەن و کەسی جیاجیاوە لە کات و شوێنی جیاجیاوە بۆ پرۆسەی ئەنفال هەبوون و قسەکردن لە سەر هەموو ئەو بەکارهێنان و هێنانەئارایەی ئەنفال وەک چەمک و تراژیدیا لە پانتاییی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کوردی، بێ گومان بەو تێگەیشتنەی دۆزی ئەنفال هەر لە قەرەبوونەکردنەوەی لایەنی کەمی زیانە گیانی و مادییەکان و خزمەتنەکردنی شایستە بە قوربانییانی زیندوو و ڕزگاربوانی پرۆسەی ئەنفال، تا چەقبەستنی ئەو دۆزە لە بەدادگایی نەگەیاندنی تاوانبارانەوە تا بە ڕەسمی و بە حەقیقی نەناساندنی ئەو تراژیدیایە بە جینۆساید لە جیهاندا، ئەو سیمایە بە لێکۆلینەوەکەمان دەبەخشێت، کە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەییی شیکاری بێت و ئەو دەرەنجامانەی دەمانەوێت لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێیان بگەین، ئەوە دەخوازن کە ئەم ڕێبازە بگرینە بەر .

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

هەر بە سروشتی ناسکی و هەستیاری و دۆخی پڕ ژان و ئازاری تراژیدیا، لێکۆڵینەوە لە هەر تراژیدیایەک گرفتاوی و ساتێکی بەتەنگوچەڵەمەیە، ئەویش بە هۆی ئەوەی نەکا دەرەنجامی پێچەوانە بخاتەوە و ئەو ناسکییە تراژیدیا زامدار بکات و مەترسی بێت بۆ سەر هەستیارییەکەی و خراپتر لە ژان و ئازاردا بیچەقێنێت، لێکۆڵینەوە لە تراژیدیای ئەنفالیش هەر وایە، ئەگەر هەموو ئەوانەی تا ئێستا دەستیان بۆ ئەم چەمکە بردوە و مەبەستیان بوە لە تراژیدیایەکی مێژووی کورد بدوێن، ئەم خاڵەیان ڕەچاو بکردایە و بە پارێزەوە باسیان لە ئەنفال بکردایە، ئێستا ئەو تراژیدیایە هەر لە کوورەی دۆزی خۆیدا نەدەسووتا و کاریگەرییە نێگەتیڤییەکانی بە سەر ڕزگاربوان و کەسوکاری ئەنفالکراوان و نەوەکانیان هێندەی تر و ڕۆژبەڕۆژ قورستر و تاڵتر نەدەبوو، گرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیە گرفتە لە ناو چوارچێوەیەکی گرفتاویدا، واتە بەو پێیەی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی باسی ئەنفال ناکات، بەڵکو باس لەوانە دەکات کە باسی ئەنفالیان کردوە و دەیەوێت بزانێت چۆن ئەم باسەیان هێناوە ئاراوە و کاریگەرییەکان چۆن بوە، بۆیە ئەو ڕووبەرەی کاری تێدا دەکات، ڕووبەرێکی پڕ گرفتە، بۆیە تا بکرێت بە پارێزەوە هەنگاومان و لێکۆڵیینەوەمان ئەنجام داوە، چونکە دەمانەوێت و کۆششێکی زۆرمان کردوە و خۆمان لەم گرفتانە بە دوور بگرین:

١- ئەو دۆخە مەترسیدار و ناڕەوا و نازانستی و خراپەی لە دەستبردن بۆ ئەنفال وەک چەمک و شاڵاوێکی دڕندانە هاتوەتە ئاراوە وەک خۆی بمێنێتەوە و هاوکات لێکۆلینەوە لەو شێوە بکارهێنانانە و ڕەخنەکردنیان دیسان ببێتەوە بەشێک لەو دۆخە.

٢- لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لەو شێوە بەکارهێنانانەی پرسی ئەنفال لە ڕووبەری سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی... هتد، کورددا، هەمیشە مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێت، برینێک بێت بە کراوەیی و تیمار نەکراوی بە جێ بهێڵرێت و زیدەتر ئازارەکانی ئەو تراژیدیایە بورووژێنێت.

٣- ڕێک نەخستن و شێواوی و هەمەڕەمەکییانەی کارکردن لە سەر پرسی ئەنفال لە هەموو ناوەندەکانی و لە کات و شوێنی جیاجیاوە، ئەو بارە دروست دەکات، کە هەر دەم بیرمان لە لای ئەوە بێت، کە ڕەنگە لە پانتاییی سیاسی و ڕۆشنبیریی و ئەکادیمی و کۆمەڵاتیدا شێوە بەکارهێنانی تر مابێت، ئێمە درکمان پێ نەکردبێت یاخود بیرمان چووبێت، ئایدیا و بیرکردنەوەی تر مابێت، شایەنی هەڵسەندگاندن و ڕەخنە بێت و ئێمە بیرمان چووبێت .

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا (ئێمە و ئەنفال- ڕەخنەگرتن لە هەڵە بەکارهێنانی چەمک و دۆسیەی ئەنفال لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی کەلتووری جینۆسایدی گەلی کورد) بەو پێیەی بەکارهێنانی چەمکی ئەنفال لە لایەن ئێمەی کوردەوە لە ئاستی جۆراوجۆر دایە و بۆ مەبەستی جیاجیا لە کات و شوێنی جۆراوجۆرە، لێرەدا دوو لایەنی ئەم پێوەندییەی ئێمە و ئەنفال هەڵدەسەنگێنین و دوو بەشی لێ دروست دەکەین لە هەر یەک لەو بەشانەیشدا کۆمەڵێک تەوەر دەخەینە بەر باس و ڕەخنە و گفتوگۆ، بەم جۆرە:

بەشی یەکەم، لە ژێر ناوی (کارکردن لەگەڵ ئەنفالدا) هەوڵ دەدەین بەکارهێنانی چەمک و دۆسیەی ئەنفال بخەینە بەر شیکردنەوەی ڕەخنەیی کە بەزۆری لەم ڕوانگانەوە یاخود بەو شێوانە کار لەسەر چەمک و دۆسیەی ئەبفال دەکرێت و، زیاتریش ئەم باسانە دەگرێتەوە: (یادکردنەوە، بەڵگەنامە، ئەرشیفکردن، ژمارە، شەرعیەت و دادگایی کردن، دوژمن و تاوانبار، مۆنۆمێنت، سیمینار و کۆنفرانس و فێستیڤاڵ سازکردن، ، پرۆگرامی خوێندن، ئەکادیمیا).

لە بەشی دوەمیشدا کە ناونیشانی (ئەنفال و چەند بۆچوون و دەرکەوتەیەک)ی بۆ دانراوە، ئاکامی نێگەتیڤی ئەو دەرکەوتە و بۆچوونە هەڵانە ئاشکرا دەکەین کە لە ئاست شاڵاوی ئەنفالدا لە بیرکردنەوەی ئێمەدا ئامادەن و زۆر جار لە کاتی بەکارهێنانی چەمک و دۆسیەی ئەنفالدا بە بەهێزی دەردەکەون، لەم ڕووەیشەوە لە تەوەرەکانی (ئەنفال و شانازیکردن، ژیانی شارستانی، کەمبوونەوەی دانیشتوان، ئەنفال و ناونان، ئەنفال و هاودەردی، ئەنفال و بەیاننامە) دەدوێین.

بە هیواین لەم لێکۆڵینەوەیەدا (ئێمە و ئەنفال) ئەو ئامانجەی کە بۆی تێکۆشاوین، کە بریتییە لە (ڕەخنەگرتن لە هەڵە بەکارهێنانی چەمک و دۆسیەی ئەنفال لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی کەلتووری جینۆسایدی گەلی کورد) پێی بگەین.

**بەشی یەکەم**

**کارکردن لەگەڵ ئەنفالدا:**

ئەگەر چاوێکی خێرا بە هەموو ئەو کار و چالاکی و بەرهەمانەدا بخشێنین کە لە مێدیای بینراو و نووسراو و بیستراوی کوردیدا لە سەر پرسی ئەنفال دەردەکەون و پەخش دەکرێن، ئەگەر سەرنج بدەینە دید و تێڕوانینی ناوەندە ئەکادیمی و مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد بۆ دۆزی ئەنفال و

لەو ئایدیا و بیرکردنەوانەیش بکۆڵینەوە کە لە سەر ئاستی تاک لە کۆمەڵگای کوردیدا بۆ تراژیدیای ئەنفال بەرهەم هاتوون و لەوەیش ورد بینەوە ئاخۆ لە پانتاییی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ئەم چەمکە چۆن دەرکەوتوە و بە کار هاتوە، ئیتر ئەمانە بۆ هەر مەبەستێک بووبێتن، وەک کەرەستەیەکی بەنرخ بووبێت بۆ میدیاکان و بابەتی ڕۆژنامەوانییان لێی دروست کردبێت، یان بووبێتە پڕۆژە و کەرەستەی دروستکردنی کۆڕ و سیمینار و کۆنفرانس بۆ ناوەندە ئەکادیمی و مەعریفییەکان و سیاسەتمەداران وەک بابەتێکی سیاسی و بۆ مامەڵە و سەوداکردن یان بۆ پیشاندانی سیاسەتێکی پاک و مرۆڤدۆستانەی خۆیان بە کاریان هێنابێت و چالاکانی مەدەنییش کردبێتیانە دەمامکێک بۆ داپۆشینی چالاکییە بێ ئامانج و ناکامەکانی خۆیان و بە باسکردنی ئەنفال و خۆدان لە قەرەی باسوخواسەکانی ئەو پرسە، ڕووی چالاکێتی و پڕۆژەداریی خۆیان بە کۆمەڵگا پیشان دابێت، کۆی ئەمانەیش دەکرێت ڕوویەکی نیشاندانی وەفاداری بێت بۆ قوربانییانی ئەو تراژیدیایە و دەرخستنی هەستی مرۆڤدۆستانە بێت و، ئەوانەی ئەنفال بە کار دەهێنن بیانەوێت قەرزێکی ویژدانیی خۆیان بدەنەوە و دەروونی خۆیان ئاسوودە بکەن، یان سیاسەتی ڕاگەیاندن و حزبایەتی و بەرژەوەندیی تایبەت وایان لێ بکەن پەنا بۆ بەکارهێنانی پرسی ئەنفال لە گوتارەکانیاندا ببەن، هەندێ جاریش وەک پڕۆژەیەکی سوودمەند چاوی لێ بکەن و کۆنفرانسە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی پێ گەرم بکەن.

بەکارهێنانی چەمکی ئەنفال زۆرتر بۆ یادکردنەوەی تراژیدیاکەیە و ئەوانەی یادی ئەنفال دەکەن دەیانەوێت ئەو تاوانە گەورەیەی مێژووی مرۆڤایەتی لە ویژدان و هەست و نەستی هەمواندا زیندوو بێت و بیر نەچێتەوە، بەمەیش خزمەت بە دۆزەکە و ویژدانی خۆیان ئاسوودە بکەن، لەم ڕێگەیەیشدا زۆر جار خەریکی بەڵگەنامە ڕیزکردن یان دۆزینەوەی بەڵگەنامەی نوێن لە سەر تراژیدیای ئەنفال و لە ڕاگەیاندن و کۆنفرانس و سیمینار و توێژینەوەکاندا دەیخەنە ڕوو، یان سەرقاڵی کاری ئەرشیفسازین و بەبەرنامە و بێ بەرنامە و بە شێوەیەکی زانستی و نازانستی گێڕانەوەکانی شایەتحاڵەکانی ئەنفال تۆمار دەکەن و دەنووسنەوە و هەر شتێک کە دەستیان بکەوێت و پێوەندیی بە ئەنفالەوە هەبێت ئەرشیفی دەکەن، ئەوەی کە دەبینرێت زۆربەی ئەم هەوڵانەیش تاکەکەسین و بێ پشتیوانیی پێویست دەکرێن، بۆیە زۆربەی ئەو ئەرشیفسازییە، کارگەلێکی نازانستی و بێ بەرنامەن. ئەوانەی کار لە سەر ئەنفال دەکەن، زۆرتر بە شوێن ئەوەوەن بزانن یان بیسەلمێنن ژمارەی ئەنفالکراوان چەندە، کۆششێکی زۆریش دەکەن ئەو ژمارەیە زۆرترین ژمارە بێت و بە هەر چەشنێک بووە گەورەترین ژمارەی ئەنفالکراوان بسەلمێنن

و دژی هەر ژمارەیەکی لەوەی خۆیان کەمتر بووەستنەوە، هەندێ جاریش تەنها دەیانەوێت شەرعیەت بە دەست بهێنن، ئیتر شەرعیەتی هەر شتێک بێت، تاوانبارکردنی ئەوانی تر یان پاکسەلماندنی خۆیان، شەرعیەتی بە دادگەیاندنی تاوانباران، یان وەرگرتنی شەرعیەتێک بۆ چوونە ناو باس و پرس و سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، لە شەرعیەتەوە بۆ تاوانبار و دوژمن دەگەڕێن، لەم پێناوەدا سیمینار و کۆنفرانس و فێستیڤاڵ ساز دەکرێت، لەو لایشەوە لایەنی بەرپرس و دەسەڵاتدار پشتیوانیی هەندێ لەو جۆرە چالاکییانە دەکات، لە لایەکی ترەوە مۆنۆمێنت بۆ ئەو تراژیدیایە دروست دەکات، هەندێ جار هەوڵ دەدات ئەو ڕووداوە تەنها لە بەرنامەی مێدیاکان و یادەکان و ناو بڵاوکراوەکاندا نەهێڵێتەوە و بیخاتە ناو چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندن لە ناوەندەکانی خوێندندا.

لێرەدا بەکورتی لە سەر هەر یەک لەو خاڵانە ڕادەوەستین و سەرنج و پرسیاریان ڕووبەڕوو دەکەینەوە، کە کارکردنی لە سەر ئەنفالی تێدا قەتیس کراوە:

**١- یادکردنەوە:**

زۆربەی جار کە وشەی ئەنفال دەبیستین، دەبینین کە مەبەست لەمە یادکردنەوەی ئەو تراژیدیایە، ئەوانەی باسی ئەنفال دەکەن دەیانەوێت یادی ئەو مەرگەساتە لە کۆیادەوەریی هەمواندا زیندوو بێت، بە قەناعەتی خۆیان مەبەستیانە ئەو ڕووداوە بیر نەچێتەوە و پێویستە و ئەرکێکی ڕەوشتی و مرۆڤایەتی و نەتەوەییشە کە یادی ئەنفال بکرێتەوە و بە سانایی فەرامۆشی نەکەین و هەموان بزانن لەو مێژووەدا چی بووە و چی ڕووی داوە و چ تراژیدیایەک کەی و لە کوێ و چۆن ڕووی داوە، قوربانییەکان کێن و تاوانباران کێن و لە کوێن و وردەکاریی ئەو ڕووداوە چۆن بووە، بەڵام پرسیارێک لێرەدا پێویستە بهێنرێتە پێشەوە، ئایا یادکردنەوە خۆی چییە و چۆنە و چ ئامانجێک لە پشتییەوە خۆی حەشار داوە؟ یان پرسیارێک لەوە جیدیتر ئەوەیە، ئایا خودی یادکردنەوە هەر ئەوەیە کە ئەمانە دەیکەن و هەر ئەوە جەوهەری یادکردنەوەیە؟

کاتێک دەتوانین یادی ڕووداوێک چ خۆش یان ناخۆش بکەینەوە، کە بووبێتە بەشێک لە ڕابردوو، واتە بووبێتە پارچەیەک لە مێژوو، بە هەموو قورسایی و ڕوودانێکییەوە لە ئێستادا نەمابێت و درێژ نەبووبێتەوە بۆ زەمەنی یادکردنەوە و خۆی نوێ نەکاتەوە، یادکردنەوە ئەگەر بۆ تراژیدیا بوو، بۆ ئەوە نییە، زامەکان بورووێژێنرێتەوە و سەری برینەکان هەڵ بدرێتەوە و ئازار و ژانەکان بهێنرێتەوە کوڵ، بەڵکو بۆ ئەوەیە بە هۆی سارێژکردنەوەی ئەو زامانەوە هەستی مرۆڤدۆستی و

خۆشبەختی بۆ مرۆڤ گەرمتر بکرێت و بە پەرۆشەوە بیری لێ بکرێتەوە، یادکردنەوەی تراژیدیا بۆ ئەوەیە، زام ببێتە هەوێنی لەدایکبوونەوە و ژیانێکی نوێ، نەک شیوەن و گریان لە ژێر کاریگەریی ئەو تاوانەدا، یادکردنەوەی ئازار و ژان بۆ ئەوە نییە بە هەستێکی ساختە و تەنانەت هەستێکی ڕاستەقینەیش وای نیشان بدەین دەروونمان ئەو ئازار و ژانانە دەچێژێت، بەڵکو ئازار و ژان دەبێت ببنە پاڵنەری ڕامان و خوێندنەوەی ڕووداوەکە و زەمینەسازان بۆ ڕوونەدانەوەی هەر ڕووداوێکی لەو جۆرە.

گەر کۆمەکیش لە دەروونشیکاری وەرنەگرین (کە دیارە پێویستمان بەم کۆمەکە و هەموو جۆرە کۆمەکێکی ترە بۆ خوێندنەوە و تێگەییشتن لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەو تراژیدیایە.) ئەوا هەر ئەوەمان لا ڕوونە کە ئەنفال، ترس و ئازار و کاریگەرییەکی زۆر خراپی بە تایبەت بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان و نەوەکانیانە و ئەم ڕووداوە تارماییەکە و هەمیشە بە شوێنیانەوەیە، بۆیە یادکردنەوەی ئەنفال دەبێت بۆ ڕەوینەوەی ئەم تارماییە بێت نەک ئەوەی هەمیشە ئەو تاریماییە بهێنێتەوە پێشەوە، بە شێوەییەکی گشتی پێویستە یادکردنەوە ئاوڕێک بێت لە ڕابردوو بۆ ئەوەی بەرەو ئەم ئاراستە و ئاییندانەمان بەرێت :

أ- یادکردنەوەی ئەنفال ئەگەر بۆ گەرمکردنی کایەی ڕاگەیاندن نەبێت و وەک بابەتێکی ڕۆژ بۆ نووسین و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان بە کار نەیەت، ئەوا گومانی تێدا نییە ئەم یادکردنەوەیە بەر لە هەر شتێک دەکرێت سیفەتێکی ئەخلاقی و مرۆڤدۆستی لە خۆ بگرێ و لە ڕێگەی ئەو یادکردنەوەیەشەوە کار بکرێت بۆ تێگەییشتن و قووڵبوونەوە و تێڕامان لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی تراژیدیای ئەنفال ئەویش بە بەکارهێنانی کەرەستە و میتۆدی جیاوازجیاواز بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم ڕووداوە تاڵەی مێژووی کورد، ئەم کارە جگە لەوەی بەرەو تێگەییشتن و ڕەخنەی جیدی لە ستراکتۆری ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەنگاو دەنێت، هاوکات ئەم پرۆسەیە ئومێدبەخشیش دەبێت لە ڕوونەدانەوە و ڕێگەگرتن لە نوێبوونەوەی تراژیدیایەکی لەو چەشنە لە ژیانی کورددا و وا دەکات ئاییندەی خۆیشمان بە جۆرێکی تر و ڕوونتر ببینین، چونکە بێ هەوڵدان بۆ تێگەییشتن و ڕامان لە سەرچاوە هەمەلایەن و جۆربەجۆرەکانی ئەنفال و بەدواداچوون بۆ ئەوزەمینە و هۆیانەی وەهایان کرد ڕووداوێکی دڕندانەی لەم جۆرە لە سەر واقیعی ژیانی کورددا ڕوو بدا و ببێتە مێژوویەکی تاڵ، هەروەها بە بێ بینین و شیکردنەوەی ئەو سەرزەمینەی بوونە هۆی ئەوەی لە تراژیدیای ئەنفال نەیەینە دەنگ ڕووداوێکی وا ترسناک و قوربانییەکانی ئەنفال و کەسوکاری ئەنفالکراوان بەرەو تێڕوانین و دونیابینیی تر ئاراستەمان نەکەن و گومان و پرسیار

نەخەینە سەر هەست و ویژدان و لێپرسراوێتیمان، بێ گومان ئەستەمە یان خۆدانە لە گێلی گەر وا بیر بکەینەوە، تراژیدیایەکی وەک ئەنفال تەنها لە مێژووماندا هەیە و کاری ئێمە هەر ئەوە دەبێت یادی بکەینەوە و، پێمان وا بێت ئەو تراژیدیایە لە ئاسۆکانی ئاییندەدا هەرگیز نایبینینەوە و مەزندەی ئەوە بکەین جارێکی تر ژیانی میللەتەکەمان بە ساتەوەختە تۆقێنەرەکانی ئەو تراژیدیایەدا هەرگیز تێ ناپەڕنەوە.

ب- یادکردنەوەی ئەنفال ئەگەر ئەنفال بکاتە بابەتێک بۆ تێرامانی قووڵ و جیدی و وەک کەرەستەیەکی فیکری و مەعریفی، بە دڵنیاییەوە دەکرێت کۆمەڵێک دەرئەنجامی گرینگمان بۆ بهێنێتە بەر دەست. بە دەم یادکردنەوەی تراژیدیای ئەنفالەوە کاتێک بە چەمکی نوێی ڕاڤەکردن و دیدی تازەوە بکەوینە نێو پرۆسەی گەڕان و پشکنینی تەواوی پانتاییە تاریک و ڕوونەکانی سەرجەم ڕووبەر و دیوارە دیار و نادیارەکانی ئەو دونیایەی تراژیدیایەکی هێندە دڕندانەی کردە بەشێک لە مێژووی میللەتەکەمان، وەختێک بە میتۆدگەلێکی جیاواز لە میتۆدە سواو و تەقلیدییەکان هەوڵی پێناسەکردنەوە و توێژینەوە و ڕاڤەکردنەوەی ئەو واقیعەی ئەنفالی تێدا ڕووی داوە، دەدەین، هەر کات پرسیاری نەترسانە و گومانی قووڵ و ڕەخنەی بوێرانەمان ئاراستەی سەرجەم خوڵقێنەرانی ئەو تراژیدیایە کرد، لەم ڕێگەیەیشدا لەمپەرەکانی بەردەم بیرکردنەوە و بینینمان خستە ئەو لاوە و بە ئازادییەکی ڕەها و بێ هیچ بڕیارێکی پێشوەخت و چاوەڕوانکراو دەست پێ بکەین و هیچ ئینتیمایەکی ئایدیۆلۆژی و ئاراستەیەکی دیاریکراوی شیکردنەوە و قسەکردن نەگرینە بەر، ئەو کات دەتوانین کە یادی ئەنفالمان کردەوە، چەمکێکی سامناکی وەک چەمکی ئەنفال لە گوتارە سیاسییە سەرپێییەکان و ئەو بۆنە و دروشمانەی هەرگیز ناگەنە نیوەی قووڵاییەکانی ئەو تراژیدیایە بسەنینەوە و میدیا و بەرپرسانیان لەوە حاڵی بکەین، بۆ لەمەولا تەنها ئێوە مافی بەکارهێنانی ئەم چەمکەتان نییە. ئێوە پێویستە لەم شوێنەدا بوەستن و چیتر مافتان نییە ئەم وشەیە هەر وا بە سادە و سانایی و بۆ مەبەستی دیاریکراو و تایبەتی بە کار بهێنن. دەبێت ئەو نووسەر و شاعیرانەی بێ هیچ سەرمایەیەکی مەعریفی ئەم چەمکە هەڵدەگرن و دەیخەنە تێکستە مردوەکانیانەوە، لەوە ئاگادار بکرێنەوە، ئەنفال وەک چەمک و وەک تراژیدیا هێندە مردوو و بێ گیان نییە تا تەنها لە بۆنە و ساڵڕۆژی تراژیدیاکەدا و لە ناو تێکستێکی سیاسی یان ئەدەبیی لاوازدا گیانی بە بەردا بکرێتەوە و گوزارشتی لێ بکرێت.

ت- یادکردنەوەی ئەنفال سەرەڕای ڕەهەندە ئەخلاقی و مرۆڤدۆستانەکەی، گەر ئەو یادکردنەوەیە ئاوێتە بێت بە خوێندنەوە و توێژینەوەیەکی گرینگ، کە تراژیدیای ئەنفال تەنها لە یەک لاوە نەبینێت

و ئەو خوێندنەوە و ڕاڤەکردنانە لە یەک ڕەهەندەوە و لە یەک گۆشەوە ئاراستە نەکرێن، یادکردنەوەی ئەنفال دەرکەوتەکانی تێڕامان بن لە تراژیدیای ئەنفال و ئەویش بریتی بێت لەو خوێندنەوە و ڕاڤەکردنانەی تەنها بە کەرەستە و چەمکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی نەخولقێنرێن و تەنها خوێندنەوە و ڕاڤەکردنێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی نەبن، بەڵکو هەموو ئەو میتۆدانەی کە دەکرێت ئاسانکەر و ڕێنیشاندەر بن بۆ فرەڕەهەندکردن و دەوڵەمەندکردنی گۆشەکانی بینین و تێڕامان و قووڵبوونەوە، سوودیان لێ وەربگیرێت و خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی تراژیدیای ئەنفال لەگەڵ دیوە سیاسییەکەیدا خوێندنەوە و ڕاڤەکردنێکی کولتووری و دەروونی و یاسایی و سۆسیۆلۆژی و... هتد بێت، تا لە ڕێگەی ئەم فرەڕەهەندییە لە قووڵترین و کاریگەرترین لێخوردبوونەوە و تەفسیر لانی کەم کەمێک دڵنیامان بکات و بە هۆی ئەم تەفسیر و خوێندنەوە فرەڕەهەند و ورد و قووڵانەیشەوە بتوانین جیهانبینی و دیدگایەکی نوێ دروست بکەین و بناغەی سیاسی و ئەخلاقی و سۆسیۆلۆژی و کولتووری و دەروونیی خۆمان بدەینە بەر پرسیار و ڕەخنەی بوێرانە و بە دیدێکی تر سەیری ئاییندە و ئاسۆکان بکەین و هەرگیز ئەو دۆخ و سەرزەمینە نەیەتەوە ئاراوە بۆ ڕوودانەوە و نوێبوونەوەی هەر تراژیدیایەکی چەشنی ئەنفال.

**٢- بەڵگەنامە :**

بەشێکی کارکردن لە ئەنفالدا بریتییە لە دۆزینەوە و کۆکردنەوە و پاراستن و خستنەڕووی بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە ئەنجامدانی شاڵاوی ئەنفال، بەشێکی ئەم بەڵگەنامانە ئەوە نیشان دەدەن، ئەنفال بە فەرمانی کێ و بە چ فەرمانێک ڕووی داوە، کەی ڕووی داوە، ماوەی چەندی خایاندوە و بە چەند قۆناغ ئەنجام دراوە و هەر یەک لەو قۆناغانە چەندیان خایاندوە و هەر یەکەیشیان چ ناوچەیەکی گرتوەتەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک زانیاریی گرینگی تر کە لەو بەڵگەنامانە دەست دەکەون .

بەڵگەنامە تەنها چەند پارچە کاغەزێک یان کاسێتێکی دەنگی یان ڤیدیۆیی یان تۆمارێکی شایەتحاڵان نییە بە تەنها، بەڵکو دەروازەیەکی گرینگن بۆ ڕوانین لە ڕابردوو و ئەو ڕۆژگارەی ئەو ڕووداوەی تێدا بووە، بەڵگەنامەکان گرینگن بۆ بینینی لانی کەمی گۆشەیەکی ڕووداوەکان، بۆ ڕوونکردنەوە و سەلماندنیان، بۆ ئەوەی وردەکاری و چۆنێتی و کات و شوێنی ڕووداوەکان لە لای خۆمان و ئەوانی تر بسەلمێنین و ڕاستییان وەک ڕووداوێکی حاشاهەڵنەگر لە لای خەڵکی تر جێگیر بکەین، ئەوەیش بکرێتە خاڵی دەستپێکردنی چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤدۆستی... هتد. بەو بەڵگەنامانە دەتوانرێت پەنجەی تاوان بۆ تاوانبار ڕابکێشرێت و ڕاپێچی دادگا بکرێت، هەر بەو

بەڵگەنامانەیش وردەکاریی تاوانەکە ڕوون دەکرێتەوە، مرۆڤ تا ڕادەیەک دەتوانێت تێ بگات چی ڕووی داوە و چۆن کاری لەگەڵدا بکات و چۆن ڕووبەڕووی ئاکامە مەترسیدارەکانی ببێتەوە، بۆ نموونە گۆڕە بە کۆمەڵەکەی حەزەر، کە تەرمی ژمارەیەک ئەنفالکراوی تێدا بوو، بە هۆی بەڵگەنامەیەکی سەردەمی سیستمی بەعسی فەرمانڕەوا لە عێراق دۆزرایەوە، ئەویش لە کاتی دادگاییکردنی سەرکردە تاوانبارەکانی ئەو سیستمە بە تاوانی ئەنجامدانی ئەنفال لە دادگای تاوانەکانی عێراق .

ئەمەی باسمان کرد ڕووی ئاشکرا و بێ پەردەی بەڵگەنامەن و هەر کەس پێناسی بەڵگەنامە بکات و باسی ئەوە بکات بەڵگەنامەکان چیین و گرنگییان چییە، بە شێوەیەکی گشتی بەم شێوەیە دەدوێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئایا هیچ دەلالەتێکی تر لە پشت ئەو بەڵگەنامانەوە هەیە، جگە لەمانە بەڵگەنامەکان دەتوانن هیچ کارێکی نهێنیی تر بکەن، کارێک یان کارگەلێک کە دەشێت و هەموومان بە ئاسانی نەیانبینین و یان بینینیان بیرکردنەوە و سەرنجێکی وردتری بوێت؟ پرسیارێکی تری گرینگتر ئەوەیە، وردەکاریی تەکنیکەکانی پاراستن و کارکردن و بەکارهێنانی ئەو بەڵگەنامانە چین؟ ڕێگە زانستی و عەقڵانییەکەی چۆنە؟

دۆزینەوە و کۆکردنەوە و ئاشکراکردن و پاراستنی بەڵگەنامە زۆر جار لای ئێمەی کورد بە تایبەت لە کەیسی ئەنفالدا تەنها بریتییە لە کاردانەوەیەکی میدیا، تەنها بووە بە بابەتی ڕاگەیاندنەکان و چەند ڕۆژێک یان لە بۆنە و یادەکاندا کردوویانەتە خۆراکی کەناڵ و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن، بێ گومان کاردانەوەی میدیایی و بابەتی ڕۆژنامەوانی چەندێک گەرم و توند و پڕ هەڵچوونیش بێت، یان چەندێک بابەتێکی گرینگ و هەستیار بێت، ئەگەر هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و جووڵانەوەی جەماوەری و ڕۆشنبیری و سیاسیی لێ نەکەوێتەوە، هەمیشە بابەتی ڕاگەیاندن لە سنووری دیاریکراوی میدیاکاندا دەبێتە کاڵای میدیایی، کاڵایش یەکێک لە سیفەتەکانی بەسەرچوون و پاشان فڕێدانە، بابەتی ڕۆژنامەوانی کە تەنها بۆ ڕاگەیاندن و کەناڵەکان بێت، دەبێتە بابەتێک بۆ بیرچوونەوە و بازدان بە سەریدا و دواتر فەرامۆشکردنی، بۆیە بابەتی دۆزینەوە و کۆکردنەوە و ئاشکراکردن و پاراستنی بەڵگەنامەکان هەڵەیەکی گەورەیە تەنها بۆ کاردانەوەی میدیایی بێت، ئاکامە خراپەکانی لە باشەکانی زۆرتر دەبێت ئەگەر تەنها وەک بابەتێکی ڕۆژنامەوانی سەیری بکرێت، لەوەیش گرینگتر نابێت ئەو بەڵگەنامانە تەنها ئاراستەی لایەنە گەورە و جیهانی و نێودەوڵەتییەکانی وەک نەتەوەیەکگرتوەکان یان دادگای نێودەوڵەتی و پەرلەمانی وڵاتان بکرێت، چونکە ئەوان تەنها کارێک دەکەن لە چوارچێوەی پێڕەو و پرەنسیپی خۆیان، بەڵام ئەوەی گرینگە

ئەو بەڵگەنامانە چەندە ئاراستەی دونیای دەرەوە دەكرێن، هێندەیش ئاراستەی دونیای ناوخۆ بكرێن، چەندە بە نیازی دروستكردنی هەڵوێست بین لە سەر ئاستی دەرەوە بە هۆی ئەو بەڵگەنامانەوە هێندەیش گرینگ بێت لامان كە هەڵوێست لە سەر ئاستی ناوخۆیش دروست بكەن، بەڵگەنامەكان پێویستە ئەو دیوەیان بگەشێنرێتەوە كە خەڵك دەجووڵێنن و هۆشیاریی جەماوەری دروست دەكەن، بۆ ئەوەی هەر تاكێك لای خۆیەوە ئەو هەڵوێستەی لا دروست ببێت كە چۆن ڕووبەڕووی ئەو تراژیدیایە ببێتەوە و چۆن دژی تێكدانی ئەو زەمینەیە كار بكات كە تراژیدیای لەو چەشنەی لە سەر ڕوو دەدات و چۆنیش كار بۆ كەمكردنەوەی كاریگەرییە نێگەتیڤییەكانی بكات و خزمەت بە كەیسەكە بكات. بەڵگەنامەكان دەتوانن چەندین كەیسی كاریگەر بخوڵقێنن، ئەو كەیسانە دەكرێت بكرێنە ئاوێنەی لەخۆڕوانین و چالاكیی كۆمەڵایەتی و سیاسی و دژوەستانەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو نادادپەروەرییەكی ئێستایش، چونكە ئەگەر تا ساتی ئاشكرابوونی بەڵگەنامەكان هۆكارێك هەبێت بۆ بێ ئاگایی و ئەوەی كە مرۆڤ بڕوا بە ڕاستێتیی تاوانێك نەكات و خۆی لە هەموو هەڵوێستێكی ڕادیكاڵ و چالاكییەكی سیاسی و ڕۆشنبیری بدزێتەوە، ئەوا لە دوای ساتی بڵاوبوونەوەی بەڵگەنامەكانەوە دەكرێت مرۆڤ ئەم بیانووەی نەمێنێت، واتە بەڵگەنامەكان دەتوانن ببنە هەوێنی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە و بەگژداچوونەوەی نادادی و ستەمكاری .

كاری زانستی و عەقڵانییش لە ڕووی تەكنیكییەوە لەگەڵ بەڵگەنامەكاندا، بە هاوكاریی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا و ئامانجە سوودبەخشەكانی پێشكەوتنی زانست بەدی دێت، ئەویش بەوەی ئەمڕۆ تۆڕی ئینتەرنێت و دەزگا گەورەكانی مێدیا و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان كۆمەڵێك ئاسانكاری و خزمەت بە ئامانجەكانی بەڵگەنامەكان دەكەن، ئەویش بە هۆی ئەوەی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا لەم بوارانەوە، هاوكار دەبێت لە خێرایی گەیاندنی پەیامی ئەو بەڵگەنامانە و دەتوانرێت وردبینیی زانستییان بۆ بكرێت و بەڕێگەی زانستی هەڵبگیرێن و بپارێزرێن و بە ئاسانترین شێوە و كەمترین كات بە دوایاندا بگەڕێین، بەردەوامیش لە نوێكردنەوەیاندا بین، بێ گومان هەموو ئەمانەیش ئاسانكاریی باشن بۆ پێكانی ئامانجی ئاشكراكردنی بەڵگەنامەكان و ناساندنی تاوانی ئەنفال بە جیهان و دروستكردنی هەڵوێستی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری... هتد .

پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا، بە دیاریكراوی بوونی تۆڕی ئەنتەرنێت هۆكارێكی باشە بۆ دروستكردنی بنكەیەكی زانیاری (داتابەیس) بۆ ئەو بەڵگانامانە (نووسراوی ڕەسمی، تۆماری دەنگی، تۆماری ڤیدیۆیی، وتەی شایەتحاڵان، ڕزگاربوان... هتد) ی لەبارەی ئەنفالەوە دەدۆزرێنەوە و كۆدەكرێنەوە

و دەخرێنەڕوو، سوودی ئەم بنكەیەی زانیاریی بۆ بەڵگەنامەكانی پێوەست بە ئەنفال لەم خاڵانەدا دەردەكەون:

أ- دەتوانێت جگە لە بەڵگەنامەكان، زانیاریی تر كۆ بكاتەوە و بە شێوەی بەڵگەنامە ئامادەیان بكاتەوە و بیانپارێزێ، لە دەرەنجامی گەڕان و لێكۆڵینەوەی نوێیش، ئەو زانیارییانە سەرلەنوێ پێداچوونەوەی پێدا بكرێتەوە.

ب- بەڵگەنامەكان لە ناو ئەو بنكەی زانیارییەدا بۆ پلانی جۆراوجۆر لە خزمەت كەیسی ئەنفالدا سوودی لێ وەردەگیررێت.

ت- بەڵگەنامەكان لەم بنكەی زانیارییەوە و لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە زانیارییەكان لە تاوانی ئەنفال بە هەموو دونیا دەدات، ئەوەیش دەكرێت یەكدەنگی و پشتیوانی و هاوسۆزی بۆ ئەو كەیسە دروست بكات.

پ- ئەم بەڵگەنامانە لەڕێگەی ئەم بنكەی زانیارییەوە، دەتوانن ڕایەڵێكی بەهێز دروست بكەن، بۆ توێژەران لە هەموو جیهانەوە، كە لە ڕووەكانی سیاسی، ئابووری، سایكۆلۆژی و كردەكانی تاوانكاری لە تراژیدیای ئەنفال بكۆڵرێتەوە.

ج- ئەو زانیارییانەی لە سەر ئەو شوێنانەی تاوانی ئەنفال تێیاندا ڕوویداوە وەك بەڵگەنامە لەم بنكەیەدا كاتێك كۆ دەكرێنەوە، بۆ تێگەییشتن لە وردەكاریی ڕووداوەكە سوودمەند و خێرا و ئاسانتر دەبن .

ح- لەم بنكەی زانیارییەدا جگە لە بەڵگەنامەی نووسراو و زانیاریی تۆماركراو، وێنە و فیلم و هەواڵ و ڕاپۆرتەهەواڵ لە بارەی تاوانی ئەنفالەوە بڵاو دەكرێتەوە، كە هەموو كەس لە هەموو جیهانەوە دەتوانن بە ناو ئەو وێنە و فیلم و هەواڵ و ڕاپۆرتەهەواڵانەدا بگەڕێ، ئەمەش بێ جگە لەوەی ڕێگەیەكی ئاسانتر دەبێت بۆ ناساندنی تاوانەكە، بابەتێكیش دەبێت بۆ توێژینەوە و دروستبوونی پێوەندی و پرسیار و گفتوگۆ لە بارەی ئەو تاوانەوە .

خ- ئەم بنكەی زانیارییە بە وردی نەخشەی ئەو ناوچانەی تاوانەكەیان تێدا ڕووی داوە دەكێشێت، ئەمەیش ئاسانكاری و بەڵگەیە بۆ شیكردنەوەی سەلماندنی تاوانەكە بە هەموو دونیا، ئەگەریش بە شێوەی ئۆنلاین بێت زانیارییەكان باشتر دەگەیەنێت و دەوڵەمەندتریش دەكرێن .

د- بەهۆی ئەم بنكەی زانیارییەوە دەكرێت ڕاپرسی و داواكاریی بەرەو ڕووی بەكارهێنەران بكرێتەوە، بۆ دەوڵەمەندكردنی هەندێ لە زانیارییەكان و ڕاستكردنەوەی ئەوانەی پێویستییان بە

ڕاستكردنەوە هەیە و پێداچوونەوە و ئامادەكردنەوە و پۆلێنكردنیان بە پێی ستانداردی جیهانی و بەرنامەڕێژی بۆیان.

### ٣- ئەرشیفكردن:

ئەرشیفكردن لە دوای پرۆسەی كۆكردنەوەی زانیاری و بەڵگەنامەكانەوە دەست پێ دەكات، پێشتر باسی ئەرشیفكردنمان كرد، بەڵام ئێستا باسی ئەو شێوازی ئەرشیفكردنە دەكەین كە ئێستا لە پرۆسەی كاركردن بۆ كەیسی ئەنفال و لێكۆڵینەوە لەو تاوانە هەستی پێ دەكەین و ئەو مەبەستەی لە پشت بەشێكی زۆری لەم كاری ئەرشیفسازییەوە هەیە، لەگەڵ ئەو ئامانجانەی دەیپێكێت.

پرۆسەی ئەرشیفكردن و پارێزگاریكردن لە هەر بەڵگەنامە و دیكۆمێنتێكی تایبەت بە تاوانی ئەنفال و كۆكردنەوە و هەڵگرتنی هەر زانیارییەک كە لایەنێک لە لایەنەكانی ئەو تراژیدیایە ڕوون بكاتەوە و خزمەت بە كەیسەكە بكات، كارێكی زۆر گرینگە و بێ ئەم پرۆسەیە هەموو كارێک كە ناوی خزمەت بە كەیسی ئەنفال و ناساندنی تاوانەكە و ئاوڕدانەوە لە قوربانییانی لێ بنرێت كارگەلێكی بێ ئاكام و سەرنەكەوتوو دەبن و، زۆربەی سەرچاوەكانی تایبەت بە قسەكردن و لێكۆڵینەوە لە تاوانی ئەنفال جەخت لە بەها و گرینگیی كاری ئەرشیفسازی دەكەن بۆ بەڵگەنامە و زانیارییەكانی تایبەت بە تاوانی ئەنفال و ناساندن و زانیاری لە سەر ئەو كەیسە، نووسەران و توێژەران و چالاكان كە كار بۆ پرسی ئەنفال دەكەن، بەردەوام پێ لە سەر ئەوە دادەگرن (هەوڵ بدرێ بە وێنە و نەخشە و بەڵگەی نووسراوەوە لە بابەتی ئەنفال بكۆڵرێتەوە)[1] یان دەڵێن (پێویستە ناوەندێكی سەربەخۆ لە كەسانی شارەزا دابمەزرێت لە كورد و یاساناسانی ئەوروپی و ئەمەریكی، تاكو خەریكی كۆكردنەوە و دیكۆمێنت و بەڵگەنامەكان بێت لەگەڵ تۆماركردنی شایەتیی ئەو كەسانەی بەر شاڵاوی ئەنفال كەوتوون، تاكو لائیحەیەكی تۆمەت خستنەپاڵی سەرانی ڕژێمی عێراق ئامادە بكات.)[2]

ئەوەی كە شوێنی ڕەخنەگرتنە لەم پرۆسەی ئەرشیفسازییەدا ئەوەیە، كە ئەم كارە تەنها بخرێتە خزمەت یەک ئامانجەوە و تاكڕەهەندانە بە كار بهێنرێت، ئەوەی لە زۆربەی ئەم كاری ئەرشیفسازییەدا تێبینی دەكرێت ئەوەیە، كە تەنها لە پێناوی ئەوەدا هەوڵەكان دەخرێنە گەڕ كە ڕژێمی بەعس ئەو تاوانەی ئەنجام داوە و چەندین گوند و شار و شارۆچكەی خاپوور كردوە و پتر لە سەدوهەشتاودووهەزار مرۆڤی كوردی ئەنفال كردوە، ئیشكردنی تاكڕەهەندانە بەم شێوەیە

---

[1]- یوسف دزەیی، ئەنفال: كارەسات و ئەنجام و ڕەهەندەكانی، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر، 2001، ل246.
[2]- پ.د.نوری تالەبانی، بۆ بە نێونەتەوەییكردنی كارەساتی ئەنفال، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (55)، 2002 ، ل112.

لە سەر تاوانی ئەنفال بە شێوەیەکی ئاگاییانە بێت یان نائاگاییانە ئاراستەی غەدرکردن لە تاوانی ئەنفال و فەرامۆشکردنی قوربانییان و پەراوێزخستنی ڕزگاربوان و نەوەکانیان وەردەگرێت.

پرۆسەی ئەرشیفکردن و پارێزگاریکردن لە بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکانی تایبەت بە تاوانی ئەنفال و کۆکردنەوە و هەڵگرتنی هەر زانیارییەک لە سەر لایەنێک لە لایەنەکانی ئەو تراژیدیایە گرینگیی خۆی هەیە، بەڵام وەک دەبینین کاری ئێمە لە سەر تاوانی ئەنفال تەنها ئەرشیف و کۆکردنەوە بێت، بەبێ قووڵبوونەوەو توێژینەوەی ورد و بەدواداچوون، کاری ئێمە تەنها پاراستن و سەریەکخستنی زانیاری بێت، بەبێ دەرخستنی لایەنە نادیار و شاراوەکانی، ئەوا دەبێت چاوەڕێی ئەوەیش بکەین کە ئەم پرۆسانە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەچێتە خزمەت بچووککردنەوەی تاوانی ئەنفال و ونکردنی چەندین تاوانبار لە پاڵ دەرخستنی تاوانباری سەرەکی و گەورە.

**٤- ژمارە:**

بەشێکی بەرچاو لەو گفتوگۆ و توێژینەوانەی لە بارەی ئەنفالەوە دەکرێن، ئاوڕدانەوەن لە ئاماری قوربانییان و ژمارەی ئەنفالکراوان و ژمارەی ئەوانەی ڕزگاریان بووە، هەروەها ژمارەی دێهات و شار و شارۆچکە خاپوورکراوەکان بۆ زۆر لەو کارانە گرینگن، زۆر جار بابەتی ئەکادیمیبوون و زانستی و سەلماندن دەبنە هۆی ئەوەی توێژەر یان بە گشتی هەر کەسێک کە لە بارەی شتێکەوە دەدوێت، پەنا بۆ ئامار و ژمارە ببات، لە ڕووی چەندایەتییەوە ئەوەی لێی دەکۆڵێتەوە ساغی بکاتەوە، ئاشکرایە سەلماندنی ژمارە و ڕاگەیاندنی ئامارەکان بە وردی و ڕێکوپێکی شتێکی خراپ نییە و، یارمەتیی تێگەییشتن و ناساندنی بابەتی توێژینەوەکە دەدات، بەڵام جەختکردنەوەی زۆر و بە هەدەردانی بەشێکی زۆر لە توانای فیکری و لۆجستی لە سەلماندنی ژمارەکان و لەوێشەوە شەڕکردن و داکۆکیکردنی زۆر لە سەر ئەوەی بەرزترین ژمارە لە ژمارەکان بسەلمێنرێت، ئەمەیان لە چوارچێوەی ئەکادیمیبوون و خزمەتکردن بە دۆسیەکە دەردەچێت و شتێکی تر دەگەیەنێت، کە نەستی ئەوانەی بەم داکۆکیکردنە زۆرەوە خەریکن ئاشکرای دەکات.

هەمووومان دەزانین کە هۆکاری ئەوەی ئەوانەی دەیانەوێت زۆرترین ژمارەی ئەنفالکراوان لە توێژینەوەکانیاندا بسەلمێنن ئەوەیە، کە بڵێن تراژیدیایەکە زۆر گەورە و دڕندانە بووە و لەوەیش زیاتر دەڕۆن و دەڵێن، بە هۆی گەورەیی قەبارەی تاوانەکەوە لە ڕووی چەندێتییەوە دەتوانرێت زووتر بە دونیا بناسێنرێت و وەک تاوانی ئەنجامدانی جینۆساید دانی پێدا بنرێت و سەیری بکرێت،

هەرچەندە لەو پێناسەی بۆ جینۆساید کراوە و لە جیهاندا ناسراوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە لەبەر ئەوەی ئامانجی تاوانی جینۆساید لەناوبردنە، ئەوا ژمارەی قوربانییان و قەبارەی تاوانەکە لە ڕووی چەندایەتییەوە زۆر بە هەند وەرناگیرریت، چونکە تەنها بوونی نیەتی لەناوبردنی گشت یان بەشێکی گروپێکی مرۆیی بەوە دێتە هەژمار کە تاوانی جینۆساید جێبەجێ کرابێت، بۆیە مەرج نییە هەر دەبێت تاوانەکە قوربانییەکی زۆری لێ بکەوێتەوە و ژمارەکەی گەورە بێت، لەبەر ئەوە ژمارەی قوربانییەکان چ زۆر بن و چ کەم، واتە هەر چەند بێت بەڵام نیەتی جینۆسایدی تێدا بێت، سەبارەت بە مەحکومکردنی تاوانەکەو سزادانی تاوانباران لە دادگای نێودەوڵەتی زۆر گرنگ نییە. وەک ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد شتێکی زۆر گرینگە تاوانی ئەنفال چۆن ڕووی داوە و وردەکارییەکەی چۆن بوە و بەو شێوەیە تۆمار بکرێت و باس بکرێت و کاری لە سەر بکرێت و بە دونیا بناسێنرێت، هەر لەوێیشەوە خزمەت بە کەیسەکە بکرێت، لەم پێناوەدا بێ گومان ئامار و ژمارەکان ئەگەر ڕاست و ورد و سەلمێنراو بن، هاوکار و پاڵپشتێکی زۆر دەبن بۆ ئەم ئامانجە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، چییە وا لەوانە یان لە زۆربەیان دەکات کە ئامار و ژمارەکان دەهێننە پێشەوە، حەز بکەن یان بیانەوێت زۆرترین ژمارەی قوربانییان بسەلمێنن، بۆچی ژمارەکان هەتا گەورەتر ببن پێیان وایە باشترە و کارێکی سوودبەخشیان کردوە، بێ گومان وەک گوتمان لای ئەوان هۆکار ئەوەیە کە قورساییی تاوانەکە پیشان بدەن، وایش دەزانن هەتا گەورەتر بێت زیاتر سەرنجڕاکێش دەبێت و دانی پێدا دەنرێت و هەستوسۆزی خەڵک و دونیا ڕادەکێشێت، بێ گومان ئەگەر ژمارەکانیش لە ئاستی خۆیان بچووکتر بکرێنەوە و ژمارەیەکی کەمتر لە ژمارە ڕاستییەکە ڕابگەیەنرێت و دانی پێدا بنرێت، ئەویش هەر ستەمە لە قوربانییان و سووککردنی تاوانی تاوانبارانیشە.

ژمارە و ئامار لە لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ لە سەر تراژیدیا تا ئەو شوێنە گرینگە تاوان لە چۆنێتییەوە نەهێنێتەوە سەر ئاستی چەندایەتی، ئەوانەی تەنها بۆیان گرینگە تاوان لە ڕووی چەندایەتییەوە چ قەبارەیەکی هەبوە و ئاماری قوربانییان و ژمارەی ئەنفالکراوانی بە لاوە لە هەموو شت گرینگترە، لە ڕاستیدا ئەوانەی تراژیدیایان تەنها لەڕووی چەندایەتییەوە بە لاوە گرینگە و تەنها ئەوە دەبینن ژمارەی قوربانییان چەندە و چەند شار و گوند وێران بووە و چەند خانوو خاپوور کراوە و چەندیان منداڵ و چەندنیان ژن...هتد، بوون، ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، نائاگاییيان کەوتووەتە ژێر کاریگەریی نائاگاییی دەسەڵاتە ستەمگەرەکان کە تەنها ژمارەکانی بۆ گرینگە، تەنها ڕووداوەکان لە ڕووی چەندێتییەوە دەخوێنێتەوە، چۆنێتییانی بۆ گرینگ نییە، کە شەڕ دەکات تەنها

بە ژمارە بۆی گرنگە چەند کەس کوژراوە و چەند بریندارە و چەند بە دیل گیراوە، چەند شوێنی لە دەست داوە یان داگیری کردوە، تەنانەت لە پێوەندییە دیبلۆماسییەکانیشیدا بە ژمارە بۆی گرینگە چەند دۆست و چەند نەیاری هەیە، چەند هاوپەیمان و چەند ناکۆکی هەیە و لە پڕۆژەی خزمەتگوزاریشدا هێندەی جەخت لە سەر ژمارەی پڕۆژەکان دەکاتەوە، هێندەی بە لایەوە گرنگ نییە لە ڕووی کوالێتییەوە چ پڕۆژەیەکی کردوە، بە لای ئەوەوە سەد پڕۆژەی شکستخواردوو یان لاوەکی و بێ کاریگەر لە دە پڕۆژەی جیدی و پێویست و سەرکەوتوو لە ڕووی چۆنێتییەوە گرینگترە .

بەهێزبوونی ژمارە و ئاماری قوربانییان لە نەستدا لە پێوەستبوون بە قورسایی و کاریگەریی تاوانەوە، ڕاستەوخۆ بە بێ ئەوەی درکیشی پێ بکەین چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت، بەڵێ ئێمە پێمان خۆشە ژمارەیان زۆرتر بێت، ژمارەکان گرینگن، چونکە بەرزبوونەوەی ژمارەکان دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی دونیا بە لای ئەو کارەساتەوەو شوێندانانی لە تێڕوانین و بڕیارەکانی لایەنە پێوەندیدارەکانی تایبەت بەو کەیسە، ئەمەیش لەگەڵ ئەوەی لۆژیکی نییە، بەڵام ئەگەر لۆژیکێکیشی تێدا بێت لەوێوە سەرچاوەی گرتوە بایەخێکی ئەوتۆ بە چۆنێتیی تاوانەکە نەدراوە و تەنها جەخت لە چەندێتی کراوەتەوە، هێندەی لە ژمارەی مردنەکان ڕادەمێنین هێندە لە مانای مردن ڕانامێنین چۆنێتی کوشتنەکان و ئەنجامدانی تاوانەکە بە لامانەوە سەرنجڕاکێش نییە، بۆیە لێرەوە بەهای مرۆڤایەتی لە مەعنەوییەوە دێتە سەر ژمارە و قەبارە لە ڕووی چەندایەتییەوە .

توێژەرێکی ئەنفال نووسیویەتی (ئەنفالکردنەوەی "ئەنفال" بە داشکاندنی ژمارەی قوربانییانی.)[3] واتە پێی وایە ئەوانەی ژمارەی قوربانییان کەم دەکەنەوە و ژمارەیەکی کەمتر لەوەی ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچی نێودەوڵەتی ڕای گەیاندوە، نەک هەر ستەمێکی گەورە دەکەن، بەڵکو ئەوە ئەنفالکردنەوەی ئەنفالە. ئەمە ئەگەر بە ئەنقەست، یان لە نەزانینەوە ژمارەی قوربانییان کەم بکرێتەوە شایەنی بەرپەچدانەوە و ڕاستکردنەوەیە، بێ گومان لە هەر کارێکی توێژینەوەدا چ لە سەر تراژیدیا بێت یان لە سەر هەر بابەتێکی تر ڕاگەیاندن و پیشاندانی ژمارە و ئاماری هەڵە زیان لە توێژینەوەکە دەدات، بەڵام جەختکردنەوە و بردنەوەی زۆرترین گرینگی و قورسایی بە لای ژمارە و ئامارەکان و تەنها بایەخ بە چەندایەتی بدرێت لە بریی چۆنایەتی، ئەو کات مانای مردن و

[3]- کازیوە ساڵح، ئەنفالکردنەوەی "ئەنفال" بە داشکاندنی ژمارەی قوربانییانی. بڕوانە ئەم لینکە: http://www.emrro.com/enfalkirdinewey.htm

ڕەهەندیی مەعەنەویی تاوان و چۆنێتیی ئەنجامدانی كوشتنەكان دەبن بە ژێرەوە و فەرامۆش دەكرێن.

**٥- شەرعیەت و دادگاییكردن:**

هۆكارێكی بەهێز و دیار لە پشت كاركردن لە سەر ئەنفال و بەكارهێنانی ئەم چەمكە و ئەم پرسە لە زۆر نووسین و كاری مێدیایی و چالاكیی مەدەنی و سیاسی و كۆمەڵایەتیدا، هەوڵدان و پەرۆشی بووە بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەت و شەرعیەت بۆ دامەزراندنی دادگا بۆ تاوانباران، ئەم مەبەستەیش بە قورسی لە دوای زۆربەی كاركردنەكانەوە بۆ پرسی ئەنفال ئامادەیە و ئامادە بووە .

شتێكی بەڵگەنەویستە كە پرسی ئەنفال و داكۆكیكردن لە سەری لە زۆر ڕەهەندەوە ڕەوا و پێویست و تەنانەت ئەركیشە، ئەركی مرۆڤایەتییە بە تەنگ كەمكردنەوەی كاریگەرییە خراپەكانییەوە بێت، بەدەنگهاتن لە سەر مافەكانی ڕزگاربوانی ئەنفال سیمایەكی مرۆڤدۆستی وەردەگرێت، كەس گومانی لەوە نییە كە كەسوكاری ئەنفالكراوان حەقیان بە سەر تاوانباران و كۆمەڵگای نێودەوڵەتی و حكوومەت و هەر لایەنێكی بەرپرس لە ژیانی خەڵكی ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفال كەوتن، هەیە، تاقانەكانی ئەنفال هەر چۆنێك باسی ڕووداوەكە بكەن و هەر داواكارییەكیان هەبێت دەتوانن سۆزی ئەوانەی گوێیان لێ دەگرن بە لای خۆیاندا ڕابكێشن، ئەنفال بەو پێیەی ڕووداوەكانی تراژیدین و سیفەتی تراژیدیایان هەیە، بۆیە لە ڕووی هەستوسۆزی مرۆڤانە و ویژدانییەوە دەتوانێت ئەوانە بخەنە ژێر كاریگەرییەوە كە چیرۆكەكانی دەبیستن، ئەم سیفەتی ڕەوایەتیی پرسی ئەنفال و پاكێتیی قوربانییان و كەسوكار و نەوەكانیان و لەسەرحەقبوونی ڕزگاربوانی ئەنفال و تاقانەكان و ئەوانەی لە ژێر كاریگەریی خراپی ئەو تراژیدیایەدا دەژین، ڕاستەوخۆ و بە ئاسانی دەگوێزرێتەوە بۆ ئەوانەی ئەو كەیسە هەڵدەگرن و كاری لە سەر دەكەن، ئەوانەی باسی ئەنفال دەكەن و داكۆكیی لەو پرسە دەكەن و داوای مافی قوربانییان دەكەن، خۆبەخۆبەشێكی لە سیفەتی ڕەوایەتیی پرسەكە بۆ خۆیان دەگوێزرێتەوە، ئەوانەی لە سەر ئەنفال دەنووسن و چالاكیی مەدەنی و مێدیایی ئەنجام دەدەن و تێكەڵ بە كاری سیاسی و مەعریفی و ڕێكخراوەییی خۆیانی دەكەن، لەگەڵ ئەوەی نیەتیان باش بێت یان خراپ، خەمخۆری پرسەكە بن یان بەرژەوەندیی تایبەت، بەشوێن شەرعیەتێكیشەوە دەبن و یان شەرعەیتێك پێیانەوە دەلكێت ئەویش شەرعیەتە پەسەندكراو و نكوڵی لێ نەكراوەكانی پرسەكەیە، ئەوانە لەم ڕێگەیەوە و بەم هۆیەوە خۆیشیان دەكەنە خاوەنی هەموو سیفەتێكی ڕەوایەتی و پاكێتی و لەسەرحەقێتیی خۆیان، هەموو خەسڵەتێكی

باش بە خۆیانەوە دەلکێنن، ئەمەیش ڕاستەوخۆ کاریگەریی خراپ لە سەر پرسەکە بە جێ دەهێڵێت، چونکە ئەوەی قسە دەکات کەسوکاری ئەنفالکراوان خۆیان نین، بەڵکو خەڵک و گروپ و لایەن و کەسانێکن بە ناوی ئەوانە دەدوێن و خۆیان دەکەن بە نوێنەری ئەوان، شایەتحاڵ و ڕزگاربوان و تاقانەکانی ئەنفال نادوێن، ئەگەر بیشدوێن لە ڕێگەی ئەو کەناڵ و لایەن وگروپ و کەسانەوە دەنگیان دەبیسرێت کە پرسەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بە کار دەهێنن یان بە هەڵە بە کاری دەهێنن، بۆیە هەرگیز دەنگی ڕاستەقینەی خۆیان کە هەموو پەیامێکی تراژیدیای هەڵگرتبێت ناگات، دەنگێک بە هەموو ماناکانی گێڕانەوەی ئەنفالەوە.

ئەوەی ئاماژەمان بۆ کرد، دروستبوونی شەرعیەتێکە کە بەکارهێنەرانی پرسی ئەنفال خۆیان بانگەشەی بۆ ناکەن و یان لە ڕاستیدا هەندێکیان هەر بۆ ئەو مەبەستەیش کار ناکەن، بەڵام هەندێک لە بەکارهێنەرانی پرسی ئەنفال بە ئاشکرا و یان وەک ستراتیژ کار بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتێکی تر دەکەن، خەڵکی تریش هان دەدەن کە هەوڵ بدەن بازنەی بەدەستهێنانی ئەم شەرعیەتە فراوان بکەن، ئەویش ئەوەیە کە پرسی ئەنفال وەک تاوانێکی گەورەی جینۆساید بۆ جیهانی بسەلێمنن و لە دادگاکانی دادی نێودەوڵەتی داوای مافی قوربانییان و بەسزاگەیاندنی تاوانباران بکەن. سەرچاوەیەک باس لەوە دەکات (هەر وڵاتێک چ بەشدار بێت لە ڕێکەوتننامەی جیهانیدا بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید یان بەشدار نەبێت، لە سەریەتی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات کە لە بەربەندکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایددا دێتە ئاراوە.)[4] هەروەها لە چەندان بەیاننامە و ڕاگەیەنراوی لایەنی حکوومی و حیزبی و ڕێکخراوەییدا کە بە زۆری لە ڕۆژی یادی ئەنفالدا دەیانبینین و دەیانبیستین، ئەم پەیامە و داواکارییەیان بەرز دەکرێنەوە، لە بڕگەیەکی بەیاننامەیەکیشدا هاتوە (پێکهێنانی دادگایەکی نێودەوڵەتی تاوانبارانی جەنگ تاکو سەرانی عێراق لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی دژ بە گەلانی عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی ئەنجامیان داوە دادگایی بکرێن .)[5]

کارکردن لە سەر پرسی ئەنفال کە ستراتیژی گەورەی تەنها بەدەستهێنانی ئەم جۆرە شەرعیەتە بۆ بەدادگاگەیاندنی تاوانبارانی شاڵاوی ئەنفال بێت لە کۆمەڵێک ڕووەوە جێگەی سەرنج و ڕەخنەیە، کە لێرەدا بە چەند خاڵێک ڕوونی دەکەینەوە:

[4]- د.مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، چاپی یەکەم, لە چاپکراوەکانی یانەی کوردی میدیا ئەمستەردام- هۆلەندا، ساڵی1997، ل172.
[5]- مەلا شاخی، ئەنفالی خاڵخاڵان، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ساڵی 2001،ل82.

أ- جەختكردنەوەی زۆر لە سەر بەدەستهێنانی ئەم جۆرە شەرعیەتە بۆ بە دادگاگەیاندنی تاوانبارانی شاڵاوی ئەنفال کە زیاتر مەبەستیان فەرمانڕەوایانی سەردەمی سیستمی بەعس و داروودەستەکەیەتی، ئەو ئاراستەیە وەردەگرێت، کە تەنها بکەرانی ڕاستەوخۆی ئەم تراژیدیایەکە سیستمی بەعسی دەسەڵاتداری ئەو کاتەی عێراق بوو، تاوانبارن و هەر ئەوانیش پێویستە سزا بدرێن، ئەم دیدەیش ئەو زەمینەیە نابینێت کە ئەنفالی تێدا ڕووی دا و هەروەها ئەو تاوانبارە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییانەیش نادۆزێتەوە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە پشت ڕوودانی شاڵاوی ئەنفالەوە بوون.

ب- بەدەستهێنانی ئەم جۆرە شەرعیەتە ئەو کاتە کارێکی خراپ نییە کە نەبەسترێتەوە بە سیاسەتی هەرێمی و حیزبیی کوردییەوە، چونکە ئەم سیاسەتە بەردەوام لە گۆڕان و سازش و پێوەندیی جۆراجۆردایە لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا و هەر کاتێکیش بەدەستهێنانی ئەم شەرعیەتە لەگەڵ سیاسەتیدا نەبوو، ئەم ستراتیژە دەکوژێتەوە و کاری بۆ ناکرێت.

ج- هەوڵدانی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتی جۆراوجۆر ئەوە دەگەیەنێت، کە هێشتا کەیسی ئەنفال کە لە تراژیدیا و تاوانێکی گەورە دروست بووە، کەیسێکی بەهێز نییە و هێشتا دەبێت توانایەکی زۆر بە کار بهێنرێت بۆ سزادانی تاوانباران، واتە هێشتا لە قۆناغێکی سەرەتاییی کەیسەکەداین کە بزانین کێ تاوانبارە و هەوڵی سزادانی بدەین، بۆیە لە بەشێکی زۆر لە سەرچاوەکانی تایبەت بە کارکردن و توێژنەوە لە سەر شاڵاوی ئەنفال داوا دەکرێت، (بۆ دادگاییکردنی بەرپرسانی ئەنفال لە بەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتیدا، پێویستە کارەساتی ئەنفال بخرێتە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتییەوە .)[6]

### ٦- دوژمن و تاوانبار:

بێ گومان هەمیشە کە تاوان ئەنجام درا، تاوانباریش ئامادەیە، یان کەسێک یان کەسانێک، لایەنێک، گروپ، یان چەند لایەن و گروپێک هەن ئەو تاوانەیان ئەنجام دابێت، ئەنفالیش بەو پێیەی تاوانێکی گەورە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەمیشە بە باسکردن و کارکردن لە سەر کەیسەکە و خزمەتکردن بە کەسوکار و ڕزگاربوان و نەوەکانی ئەنفال یەکسەر پێویست دەکات باسی ئەوەیش بکرێت، کێ تاوانبارە، ئەو دوژمنە کێیە و بۆچی ئەو کارە دڕندانەیەی ئەنجام دا، بەردەوام لە کارکردن لە سەر ئەنفال بە شوێن ئەوەوە دەبین دوژمنەکان دەست نیشان بکەین، ئەوە دووبارە بکەینەوەکە تاوانباران کێ بوون، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و چی بکەین بۆ سزادانیان.

---

[6]- هەڤاڵ ئەبوبەکر، ئەنفال لەنێوان دڕندەیی دوژمنەکانمان و بێوەفایی دۆستەکانماندا، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە(5)، ساڵی 2000، ل62.

لە زۆربەی ئەو کارانەی تایبەت بوون بە یادی ئەنفال و قسەکردن و توێژینەوە لە سەری و لەو گوتارانەی لە سەر ئەنفال بەرهەم دەهێنرێن و لەو بەیاننامانەی لە یاد و بۆنەکانی تایبەت بە ئەنفال دەردەکرێن، باس هەر باسی ئەوەیە کە دوژمن کێیە و چی کردوە و چ تاوانێکی ئەنجام داوە، بە زمانی خۆیان و بە پێی توانای گوزارشتی خۆیان باس لە ئاستی دڕندەیی دوژمن و تاوانەکانی دەکەن، سەرچاوەیەک لەوانە کە خاوەنەکەی خۆی لە ناو ڕووداوەکانیشدا ژیاوە، وەختێ بیرەوەرییەکانی خۆی لەمەڕ شالاوی ئەنفال دەگێڕێتەوە دەنووسێت (دوژمنێکمان هەیە لە دونیادا نموونەی نییە بۆ دڕندایەتی و، دۆستێکمان هەیە، لە دونیادا نموونەی نییە بۆ بێوەفایی.)[7] پرۆسەی باسکردنی تاوانی دوژمن هەمیشە بەردەوامە و درێژ دەبێتەوە، ئەمە لەگەڵ پێویستی ئەم باسە و لەگەڵ ئەوەی ناتوانین خۆمان بدزینەوە لەم بابەتە، بەڵام ئەم باسە کە بەو شێوەیە بە یەک ئاراستەدا کار دەکات و تەنها یەک دوژمن دەبینێت و یەک تاوانبار دەست نیشان دەکات و داوای سزادانی دەکات، دەبێت بزانین ئاکامی تری جیاواز لەوەی چاوەڕێی دەکەین و، شتێکی تری جیاواز لە ستراتیژی ڕاگەیەنراو دەبێتە ستراتیژ دەخاتەوە کە ئەمانەن:

أ- ئەم جۆرە جەختکردنەوە زۆرە لە سەر ئەوەی هەمیشە یەک دوژمن لە باس و توێژینەوە و وتاری یادەکان و سیاسەتی حیزبییەکاندا ئامادە بێت، هەر ئەو بە تاوانبار بزانرێت و هیچ هۆکارێکی تر نەبینرێت یان بە لاوەکی و ناسەرەکی و کەمبایەخ ببینرێت، وا دەکات پێناسێکی سادە و تێگەییشتنێکی ڕووکەشمان بۆ دوژمن ببێت و ئەم تێگەییشتنەیش زیاتر لە نەناسینەوە نزیک ببێت و تەنها سیفەتی دوژمن لە دڵرەقی و دڕندەییدا کورت بکەینەوە و بڵێین ئەوەی ڕوویداوە دەرەنجامی دیکتاتۆریی دوژمنەکان بووە و هیچ هۆکار و زەمینیەکی تر نەبینین.

ب- ئەوانەی بەردەوام لە یادی تراژیدیای ئەنفال و لە سیاسەتی خۆیاندا بەرامبەر بەو کەیسە بەم جۆرە کار دەکەن و هەمیشە ئەو پەیامە پەخش دەکەن و هەمیشە ئەم چەشنە تێگەییشتنانەمان بۆ بەرهەم دەهێنن و ڕوودانی ترایژیای ئەنفال تەنها بە دوا پلەی دڕندەیی سیستەمی بەعس و جێبەجێکردنی پلان و مەرامەکانی دژ بە کورد دەزانن و گلەییی شەرمنانەیش لە هەڵوێست و کاردانەوەکانی ئەو لایەن و دەوڵەتانەی بە تێگەییشتنی خۆیان دۆستن، دەکەن. جاروباریش هەڵوێست و کاردانەوەی بە ناو دۆستەکانیان بە هۆکارێکی تر، ئەگەرچی لاوازیش بێت لە هۆکارەکانی تراژیدیاکە دەزانن. دەبێت ئەوەمان لا ڕوون بێت زۆر دووبارەکردنەوەی بەدڕندە لەقەڵەمدان و تاوانبارکردنی سیستەمی بەعس، تەنها بەیانکردنی ڕاستییەکی سادە نییە کە بۆ هەموان

[7]- نەوشیروان موستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا، چاپی دوەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ساڵی 1999، ل150.

ڕوون و بەڵگەنەویستە...بەردەوام دووبارەکردنەوەی ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرانە، لە پرۆسەیەکی ئاسایی دەردەچێت و ئەرکێکی تر وەردەگرێت و ئاکامی تری لێ دەکەوێتەوە، کە لە سادەترینیاندا ئەوەیە چڕکردنەوەی بینین تەنها لە سەر یەک دوژمن بۆ ونکردن و نەبینینی دوژمنەکانی ترە، بۆ ئەوەیە ئەوانەی پریسکی تاوانبارییان بەردەکەوێت، خۆیان بپارێزن و خۆیان بە بێ گوناه و تەنانەت بە قوربانی پیشان بدەن.

ت- ئەوانەی تەنها یەک جۆر دوژمن دەبینن و یەک سیفەتی کە خۆی لە دڕندەیی و دڵڕەقیدا دەبینێتەوە زەق دەکەنەوە، تێگەییشتنێکی سادەیان هەیە بۆ چەمکی دوژمن، تێنەگەییشتنیش لەم چەمکە هەمیشە شسکت و هەڵە و هەنگاوی کوێرانەی لێ دەکەوێتەوە، لە زۆربەی ئەو وتارانەی کە بەم جۆرە لە دوژمن دەڕوانن، پێناسێکی قووڵ و ئاشکرا بۆ چەمکی ئەنفال نادۆزینەوە، ئەوەمان پێ نالێن هەر یەک لە چەمکەکانی دۆست و دوژمن چین، دوورونزیک خۆیان نادەن لەو باسەی دوژمن چۆن دەبێتە یان بووەتە دوژمن و ئێمە لە دیدگای ئەوەوە چۆن دەبینرێین و چۆن سەیری ئەویش بکەین؟ چۆن ڕووبەڕووی ببینەوە، ئێمە بەردەوام بڵێین دوژمن دڕندەیە، چ ڕاستی و زانیارییەکی نوێمان بۆ ئاشکرا دەکات؟ بێ گومان بۆ دۆستیش هەر وا؟ بە هەمان شێوە دۆست کێیە و پرەنسیپەکانی دۆستایەتی چین؟

پ- ئەو دۆخەی ئەم جۆرە نیگاکردنەوە بۆ دوژمن و بۆ تاوانبار دروستی دەکات، لە پانتاییی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دۆخێکی ناتەندروست و دژ بە تێگەییشتنە لە دۆخی تراژیدیا، ئەویش بەوەی هەستی لێپرسراوێتی و شەرمەزارێتی لە ئاست کارەساتی ئەنفال لە گیانی هەموو تاکێکدا دەکوژێت و هەموان دەخاتە ئەو دیو هێڵە گوناهبارەکان ئەویش بەوەی بەردەوام جەخت لە یەک دوژمن دەکرێتەوە.

ج- ئەم جۆرە سادە و ڕووکەشییە لە دەستنیشانکردنی دوژمندا، زمانی ڕۆژانە و زمانی ڕەسمی لە یەک نزیک دەکاتەوە، وتارێکی سادەی ساڵڕۆژەکان و توێژینەوەیەکی ئەکادیمی وەک یەک لێ دەکات، ئەوەی بیەوێت بە شێوەیەکی زانستی سەیری تراژیدیاکە بکات لەگەڵ ئەوەی شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی لە سەر بەرهەم دەهێنێت، هەر یەک بیرکردنەوە بەرهەم دەهێنێت، ئەمەیش ڕاستەوخۆ زیانی لە کەیسەکە داوە، هەم لەوەی نەتوانرا بە دونیا بناسێنرێت و وەک تاوانی جینۆساید دانی پێدا نرێت، هەم دۆخی ژیانی ناهەمواری ڕزگاربوان و کەسوکاری ئەنفالکراوانی بە ناهەمواری هێشتوەتەوە.

**٧- مۆنۆمێنت:**

کارێک کە زیاتر لایەنی بەرپرس و دەسەڵاتدار پێی هەستاوە و، لە ڕێیەوە گرینگیی بە مێژووی ناوخۆی و ڕابردووی تاڵی میللەتی کورد داوە ئەویش دروستکردنی مۆنۆمێنت بووە، مۆنۆمێنت باڵەخانەیەکی جیاوازە لە باڵەخانەی ئاسایی و هەر شتێک تایبەت بێت بەو تراژیدیایەی بۆی دروست دەکرێت، تێیدا هەڵدەگیررێت، ئەم شوێنە وەک مۆزەخانەیەکی نیشتیمانی سەیری دەکرێت و دەکرێتە شوێنی نمایشی کەرەستە و شوێنەوار و بەڵگەنامەکانی تراژیدیاکە، لە هەرێمی کوردستانیش دوو مۆنۆمێنتمان بۆ دوو تراژیدیا هەیە، ئەوانیش مۆنۆمێنتی هەڵەبجە لە هەڵەبجە و مۆنۆمێنتی ئەنفالە لە چەمچەماڵ.

وەک گوتمان لایەنی بەرپرس و دەسەلاتدار مۆنۆمێنت بۆ تراژیدیاکان دروست دەکات، ئەم کارەیش تەنها بەو ئاراستەیەدا کار ناکات کە بۆ مۆنۆمێنت دەستنیشانمان کرد، چونکە لە دۆخێکی وادا وا دەکات زۆربەی کارەکان بە شیاوی لەگەڵ تراژیدیاکاندا نایەنەوە و دۆخێکی تەندروست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تراژیدیا لە ئارادا نییە، بۆیە مۆنۆمێنتیش ئەرکێکی نهێنی و دژ بە ئامانجی خۆی پێ دەدرێت:

أ- دەسەلاتداران و فەرمانڕەوایان لە ڕێگەی دروستکردنی مۆنۆمێنتەوە دەتوانن خۆیان بکەن بە خاوەنی تراژیدیاکە و قوربانییان و بە نمایشکردن و کردنی پاشماوەی قوربانییان و هێماکانیان بە پێشانگا، سۆزی خەڵکی بیانی و میوانان ڕابکێشن و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بە کاریان بهێنن.

ب- مۆنۆمێنت بۆ قوبانییانی زیندوو و کەسوکاریان و نەوەکانیان دەبێتە درێژکردنەوەی ئازاری تراژیدیا و هەمیشە زیندووکردنەوە و کۆتایی پێ نەهێنانی، ئەویش بەوەی هەموو کاتێک ئەو پاشماوانەی لە دوای کارەساتەکە بە جێ ماون، هەمیشە دەخاتە بەر چاو، ئەو چیرۆکانەی ڕووداوە تاڵەکان دەگێڕێتەوە و بە بەردەوامی دەیخاتە بەر گوێ و هەر هێمایەک ئەو مێژووە بیگێڕێتەوە لە بەر چاو لا ناچێت، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە قوربانییانی زیندوو دەبێت بۆ هەمیشە بە دەم ئازاری ئەو تراژیدیایەوە بتلێنەوە و هەرگیز زامەکانیان ساڕێژ نەبێت.

ت- مۆنۆمێنت بە هۆی ئەوەی دەبێتە پێشانگایەک بۆ نمایشی چیرۆکی تراژیدیاکە و لە ناوخۆ و دەرەوە خەڵک تەنها سەردانی ئەم شوێنە دەکات بۆ تێگەییشتن لەو ڕووداوە ترسناکە و بینینی ئازارەکانی ئەو کارە دڕندانەیە، ئەمەیش وا دەکات ژیانی واقیعی قوربانییانی زیندووی ئەو تراژیدیایە و کەسوکار و نەوەکانیان لە بەر چاو لا بچێت و نەبینرێت، واقیعی ژیانی ناهەمواری

ئەوان دەكرێت بە ژێر خۆڵی فەرامۆشییەوە، كە یەكێك لە هۆكارەكان ئەگەرچی حەقیقییش نەبێت، دروستكردنی مۆنۆمێنتە، چونكە لێرەدا مۆنۆمێنت بوەتە دیوارێك بۆ نەبینینی ژیانی ڕاستەقینەی قوربانییانی زیندووی ئەو تراژیدیایە. ئەو كەسەی ڕوو لەو ناوچانەی ڕووداوەكان دەكات، تەنها بە بینینی مۆنۆمێنت هەستی چەشتنی ئازاری خۆی تێر دەكات.

**٨- سیمینار و كۆنفرانس و فێستیڤاڵ سازكردن:**

سازدانی سیمینار وبەستنی كۆنفرانس و ئەنجامدانی فێستیڤاڵ لەو كار و چالاكییە دیارانەن كە تایبەت بە پرسی ئەنفال ئەنجام دەدرێن، هەندێكیان بە هەوڵی شەخسی و هەندێكیشیان لە لایەن ڕێكخراو و ناوەندی ئەكادیمی و ڕۆشنبیرییەوە بە ڕێوە دەچن.

سازدانی سیمینار و كۆنفرانس و فێستیڤاڵ لە بارەی ئەنفالەوە ئەگەر لە پشتییەوە ئەم پاڵنەرانە نەوەستابێت، ئەوا كارێكی پێویستە و بردنە پێشی ئەم كەیسە بە بێ ئەم جۆرە چالاكییە فیكری و مەعریفییە ئەستەمە، بەڵام لە زۆرینەی ئەم جۆرە ئەكتانەدا ئەم پاڵنەرانە دەبینین:

أ- وەك چالاكییەكی مرۆڤدۆستی سەیر دەكرێت، نەك مەعریفی، ئەوانەی بەشداریی تێدا دەكەن، ویژدانی خۆیان ئاسوودە دەكەن و پێیان وایە قەرزێكی ئەخلاقییان لە سەر بووە و ئەركێكی مرۆڤایەتییان ئەنجام داوە، نەك چالاكییەك دەرەنجامی فیكریی لێ بكەوێتەوە.
ب- زۆر جار بەستنی سیمینار و كۆنفرانس و فێستیڤاڵ وەك چالاكییەك بۆ خاوەنەكانی گەڕاوەتەوە و بووەتە ئیمتیازێك بۆیان و ئەكتیڤیی خۆیانیان پێ سەلماندوە و خشتەی كار و چالاكییەكانیان پێ ڕازاوە و دەوڵەمەند كردوە، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن ئەو سیمینار و كۆنفرانس و فێستیڤاڵانە لەڕووی مەعریفییەوە چی بەرهەم دەهێنێت و چ خزمەتێك بە كەیسی ئەنفال دەكات.

بۆیە كە پاڵنەری ئەو جۆرە چالاكییانە ئەمانە بێت، دەرەنجامەكانی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیان لێ دێت:

أ - هەموو ئەو ڕاسپاردە و پێشنیار و دەرەنجامانەی لەو جۆرە چالاكییانەدا لە دایك دەبن، لە هەمان كات و شوێندا دەمرن، واتە هەر بەمردوویی لە دایك دەبن و ناگۆڕێن بۆ دۆخی پراكتیك و بە دواداچوونیان بۆ ناكرێت.

ب – لە بەر ئەوەی پاڵپشت و هاندەری ئەم جۆرە چالاكییانە كەسانی ناپسپۆڕ و نائەكادیمین و لە ئەركی خۆیان بە باشی تێ نەگەییشتوون و تەنها وەک چالاكییەک بۆ خۆدەرخستن و بەرژەوەندیی تایبەت و حیزبی و ڕێكخراوەیی ئەنجامی دەدەن، زۆربەی ئەو بابەتانەی لەم نێوەندانەدا پێشكەش دەكرێن و بە هەمان زمانی سیاسی و نائەكادیمی و نازانستی و تێكەڵ بە لایەنی هەڵچوون و سۆزی شیعری دەخرێنە ڕوو.

ت – كەشی نمایشیی ئەو جۆرە چالاكییانە و ئەتەكیەت و مەراسیمی كەرنەڤاڵی و دیمەنی بەر كامێراكانی ڕاگەیاندن و بەشداریكردن و میوانداریكردنی كەسانێک تێیاندا، كە هیچ بایەخێكی بۆ ئەو كەیسە نییە و هیچ ئاگای لەو تراژیدیایە نەبووە و بۆیشی گرینگ نەبووە، چ دۆخێكی لەو جۆرە چالاكییانەدا دروست كردوە، كە بەتەواوی بە كەسوكاری ئەنفالكراوان نامۆ بێت و هەست نەكەن لەو شوێنانەدا پرسی ئەوان بووەتە بابەتی بەرهەمهێنانی فیكر و چالاكیی ڕۆشنبیری.

ج– ڕیزكردنی ژمارەیەكی زۆر ڕاسپاردە و پێشنیار و داواكاری لەو سیمینار و كۆنفرانس و فێستیڤاڵانەدا، جۆرێكە لە خۆدزینەوە لە چالاكیی ڕاستەقینە و جیدی. ئەوانەی بەردەوام داوا دەكەن، دەیانەوێ خۆیان هیچ نەكەن، خستنەڕووی پێشنیار بۆ كەسانێكی دەرەوەی ئەو چالاكییانە و بۆ دەسەڵاتداران ئەوە دەگەیەنێت، كە ئەو چالاكییە هیچ فیكرێكی بەرهەم نەهێناوە تا بخرێتە سەر باری واقیع و بكرێت بەپراكتیک، بۆیەهەر تەنها ڕاسپاردە دەنێرن، بێ ئەوەی زۆر جار ئەم ڕاسپاردە و داواكارییانە بگاتە شوێنی مەبەست[8] .

## ٩- پرۆگرامی خوێندن:

كارێكی تر كە لە سەر ئەنفال كراوە و بەردەوام لایەنی بەرپرس شانازیی پێوە دەكات ئەوەیە، كە بەشێک لە مێژووی ئەنفالی لە چوارچێوەی نامیلكەیەكی بچووک خستووەتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە و خوێندكاری كورد لە قۆناغێک لە قۆناغەكانی خوێندندا یان لە چەند قۆناغێكدا دەیخوێنێت، ئەم كارە لە كاتێكدا بە كارێكی زانستی و پەسەند دادەنرێت كە لانی كەمی ئەم سێ ئامادەكارییە یان تایبەتمەندییەی هەبێت:

أ– بەو پێیەی كە پرۆگرامی خوێندن كۆڵەكەیەكی سەرەكیی پەروەردە و خوێندنە، پێویستە سەرەتا ئەم كۆڵەكەیە خۆی پتەو و بەهێز بێت، واتە پرۆسەی خوێندن خۆی لە دۆخێكی تەندروستدا بێت، لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا هەم بە ڕاستی پەروەردەیەكی دروست و سەردەمییانەی ساغ

---

[8]- لەم لینكەدا لە یەكێك لەو چالاكییانەدا دەیان پێشنیار ڕاسپاردە و داواكاری ڕیز كراوە و وەك بەیاننامەی كۆتاییی چالاكییەكەیان پێشكەش بە كەناڵەكانی ڕاگەیاندنیان كردوە: http://genocidekurd.com/ku/babati/5699

پێشكەش بكرێت، هەم مەعریفە و فیكر و زانست بەرهەم بهێنرێت، واتە خوێندن وەک تەوەرێكی سەرەكیی ئەم پرۆسەیە ڕۆڵی هەبێت لەم پەروەردە و فێركردنەدا، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین دۆخی پەروەردە و خوێندن لە چەقبەستووی و قەیراندایە، بابەتی ئەنفال لە پرۆگرامی خوێندندا هەبێت و نەبێت هەر هەست بە دواكەوتوویی ئەم كایە گرینگەی ژیانی كورد لە هەرێمی كوردستان دەكەین، پرۆگرامی خوێندن لە ئێستادا بوەتە جێگەی بێزاری هەموو جۆرە خوێندكارێک و مامۆستایش لەم پرۆگرمە ڕازی نییە، بۆ هەر توێژەرێک ڕوونە كە سیمای زانستی و سەردەمی بەو جۆرە پرۆگرامانەوە نابینرێت، بۆیە هێنانی مێژووی ئەنفال بۆ ناو ئەو پرۆگرامە هیچ خزمەت بە پرسی ئەنفال ناكات، ئەم مێژوەیش بۆ خوێندكار هەر دەبێتە بابەتێكی بێزاركەر و لەبەركردنی بۆ تاقیكردنەوە و هێنانی نمرە و دواتر لەبیرچوونەوەی.

ب- كردنی مێژووی ئەنفال لە دۆخێكی قەیراناوی پرۆسەی خوێندندا، بۆ داپۆشینی ئەو ستەم و نادادییانەیە كە بەرامبەر پرسی ئەنفال و كەسوكاری ئەنفالكراوان دەكرێت، ئەم نائامادەیییەی فیكر و ئەو دەسەوەستانییەی لە بەرهەمهێنانی مەعریفە لە تراژیدیایەكی گەورەی وەک ئەنفال بە ئامادەكردنی چەند لاپەڕەیەكی كرچوكاڵ لە مێژووی ئەنفال دادەپۆشرێت، كە دەیخەنە پرۆگرامی خوێندنەوە.

ت- لەكاتێكدا مێژووی ئەنفال خۆی بە شێوەیەكی ئەكادیمی و زانستی نەنووسراوەتەوە و كاری لە سەر نەكراوە، بەڵام بەشێكی ئەم مێژووە دەگوێزرێتەوە بۆ پرۆگرامی خوێندن، ئەم بابەتەی پرۆگرامی خوێندن دوو هێندەی بابەتەكانی تر دەبن بە كێشە و بێزاری بۆ ناوەندی خوێندن و لە سەرچاوەكانی فیكر و مەعریفە دوور دەكەوێتەوە.

**١٠- ئەكادیمیا:**

لە ناو ناوەندە ئەكادیمییەكان و لە زانكۆ و پەیمانگاكانیش بابەتی ئەنفال بە شێوەی جیاجیا دەبینرێت و كاری لە سەر دەكرێت، یان دەكرێتە كارنامەی دەرچوون یان توێژینەوە و ڕاپۆرتی ڕۆژانەی لە سەر ئامادە دەكرێت، ئەمەیش لە كۆلێژ و بەشە جیاجیاكانی زانستە مرۆڤایەتییەكان و پەروەردە و یاسادا تێبینی دەكرێت، لە ڕووی دەروونی و ئابووری و جیۆگرافی و یاسا و سیاسەتی نێودەوڵەتی و مێژوویی و ... هتد توێژینەوەی جۆراوجۆری لە سەر بەرهەم دەهێنرێت، كە وەک گوتمان بەشێكی زۆریان باسی دەرچوونن، بەڵام لە سادەترین تێڕوانیندا دەزانین ئەگەر دۆخی زانكۆ و پەیمانگاكان خۆیان بە جۆرێک بن، دوور بن لە بەرهەمهێنانی فیكر و مەعریفە خۆیان دەرگیری دەیان كێشەی زانستی بن و خوێندن تەنها بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە بێت و

پێوەندیی نێوان مامۆستا و خوێندكار ناتەندروست بێ، ئەی دەبێت لە كارنامەی دەرچوون و توێژینەوە داواكراو و نمرە بۆ تەرخانكراوەكانی خوێندكار چ شتێک بەرهەم بێت و چ فیكرێک گەشە بكات. دۆخێ ناوەندە ئەكادیمییەكان بەو شێوە نییە تا بتوانێت ئەنفال بكاتە چەمكێكی مەعریفی و بیكاتە كەرەستەیەک بۆ بیركردنەوە و لەوێوە خزمەت بە پرسەكە بكات ئەویش لە بەر چەند هۆیەک:

أ- كارنامەی دەرچوون لە ئێستادا لە زانكۆ و پەیمانگاكان بووەتە شتێكی رۆتینی و پەردەیەكە دراوە بە سەر بەتاڵیی ئەو ساڵانەی خوێندكار بەڕێی كردوە و هیچ شتێكی ئەوتۆیش فێر نەبووە، ئەمە جەگە لەوە باسێكی سنووردارە، تێكەڵەیەكیشە لە كۆپیكردن و وەرگرتن و مۆنتاژ و زۆر بەدەگمەن كاری گەڕان و دۆزینەوە و داهێنانی تێدا بە دی دەكرێت، هەرچەند ناوی توێژینەوەیشی لێ نراوە.

ب- كارنامەی دەرچوون پشت بە سەرچاوە دەبەستێت، كە ئەوەیش كارێكی دروست و ئاساییە، بەڵام ئەم پشتبەستنە بە سەرچاوەكان بۆ سوودوەرگرتن لە مەعریفەی ناو ئەو سەرچاوانە نییە، بەڵكو تەنها وەک مادەیەكی بێ گیان چەند دێڕێک لەمیان و چەند دێڕێک لەویان وەردەگرێت و بە خراپی دەدرێنە پاڵ یەک.

ت- زانكۆ و پەیمانگاكان بەو پێیەی ناوەندێكی ئەكادیمین، بۆیە پێیان وایە هەر بە سروشتی خۆیان شوناسی زانستێتییان بۆ بڕواتەوە و هیچ نكوڵی و ئینكارییان لێ ناكرێت، ئەم لە خۆڕابینینەیش لە خۆیان نامۆ دەكات و هەمیشە ئەوەی بەرهەمی دەهێنن لە لایان دەبێتە دوا حەقیقەت.

پ- كاتێک توێژینەوە لە سەر ئەنفال مانادار دەبێت، كە لانی كەم توێژەر ئاستی ڕووناكبیریی بەرز و تێگەییشتنی بۆ ماف و دادوەریی كراوە بێت و لە پێناو سەرخستنی ڕاستیدا تێ بكۆشێت، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ ناوەندە ئەكادیمییەكان و زانكۆ و پەیمانگاكان پێشكەشی دەكەن، دابەزینی ئاستی ڕووناكبیریی تاک و شكستی تێگەییشتن لەواتای ماف وكەوتنی بەهای ڕاستی دەسەلمێنن؟

ج- ناوەندی ئەكادیمی و زانكۆ و پەیمانگاكان لەبەر ئەوەی،ئەوەی بەرهەمی دەهێنن سروشتێكی عەقڵانییان نییە و زیاتر كۆپی و دووبارەكردنەوە و بەرهەمی نافیكرین، بۆیە توانای گۆڕین و چاكسازییان نییە لە كۆمەڵگا و تەنانەت لە بیركردنەوەی خۆیشیاندا و كاتێكیش كارنامەی دەرچوون یان توێژینەوە لە سەر ئەنفال دەكەن، ناتوانن خزمەت بە پرسەكە بكەن، ببنە هۆی گەڕاندنەوەی كەمترین ماف بۆ قوربانییان و چاككردنی دۆخی ژیانی كەسوكار و نەوەی ئەنفالكراوان.

ح- ناوەندی ئەكادیمی و زانكۆ و پەیمانگاكان لەبەر ئەوەی بەشێكی زۆریان لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە پشتگیری دەكرێن و هەر ئەم دەسەڵاتەیش بە هۆی ئەو گەندەڵییەی لە سیستمی حوكمدا هەیە بە شێكی زۆر لە پلە و پۆستەكانی ناوەندی ئەكادیمی و زانكۆ و پەیمانگاكان دیاری كردوە، بۆیە ئەمانە بە هیچ جۆرێک ناتوانن لەو بێدادییانەی دەسەڵاتی سیاسی دەرهەق بە ئەنفال و كەسوكاری ئەنفالكراوان پێڕەویی دەكات بێنە دەنگ و لانی كەم لە باسی دەرچوون و توێژینەوەكانیاندا بە شێوەیەكی كاریگەر باسی بكەن.

خ- لەبەر ئەوەی ناوەندی ئەكادیمی و زانكۆ و پەیمانگاكان هیچ ڕۆڵێكیان نییە لە كۆمەڵگە و گۆڕینی بەهاكان و كاریگەرییان لە سەر پێوەندییە نادروستەكانی تاك و توانای پێشخستنی خێزان و دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكانی تریان نییە، بۆیە كاتێک باسی دەرچوون و توێژینەوەیش لە سەر ئەنفال دەكەن توانای هیچ پێشخستنێكیان لە ژیانی كەسوكاری ئەنفالكراواندا نابێت.

د- ناوەندی ئەكادیمی و زانكۆ و پەیمانگاكانی هەرێمی كوردستان لە سەر ئاستی جیهان و پێوەندیی بە زانكۆكانی دونیاوە بە تایبەت زانكۆكانی ئەوروپا و ئەمریكا و ناوچەكە، شتێكی ئەوتۆیان دیار نییە و ئەم پێوەندییانە زۆر لە نەبوونەوە نزیكە تا پێوەندییەكی توندوتۆڵ لە سەر بناغەی گۆڕینەوەی مەعریفە و ئەگەر پێوەندیی هەبێت زۆر سادەن و كەمن، بۆیە ئەو توێژینەوانەی لە سەر ئەنفال بەرهەمیان دەهێنن، ناتوانن بە جیهانی دەرەوەی بدەن.

**بەشی دوەم**

**ئەنفال و چەند بۆچوون و دەركەوتەیەک :**

تراژیدیای ئەنفال لەبەر چەندین هۆكار كە هەموویان زیاتر لە دەوری گەورەیی قەبارەی ڕووداوەكە و زۆریی ژمارەی قوربانییان و جۆری دڕندایەتی و تاوانەكەی دەسووڕێنەوە، بە شێوەیەكی زۆر فراوان و لە سەر ئاستی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و یاسایی و ... هتد بووەتە بابەتی قسەكردن و گفتوگۆ و كەرەستەی بەرنامە و ڕاپۆرت و هەواڵی مێدیاكان و بۆ شاعیر و نووسەران و هونەرمەندانیش شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و وتار و لێكۆڵینەوە و فیلم و گۆرانی و تابلۆ و پەیكەر و بابەتی تری ئەدەبی و هونەری لێ دروست كراوە، سەرەنجام تێ دەگەین كە ئەنفال وەک چەمكێک كە تەعبیر لە ڕووداوێكی تراژیدیی مێژووی كورد بكات لە پانتاییەكی بەریندا بە كار دەهێنرێت، ئەمەیش وا دەكات بەكارهێنەرانی ئەم چەمكە كەسانی جۆراوجۆر بن، خاوەنی فیكر و ئایدیای جیاجیا بن، ئاستی هۆشیارییان وەک یەک نەبێت، بۆیە لەم نێوەدا ئەو بۆچوونانەی سەردەردەهێنن مەرج نییە هەموویان ڕاست بن، یان خزمەت بە كەیسی

ئەنفال و قوربانییان بکەن، هەموو ئەوانەی ئەم چەمکە بە کار دەهێنن مەرج نییە ئاستی هۆشیاری و نیەتی بەکارهێنان و ئەو ئامانجەی بۆی هەوڵ دەدەن تەندروست بێت و ئاکامێکی پۆزەتیڤیی بۆ کەیسەکە لێ بکەوێتەوە، نەک هەر ئەوەندە بگرە هەندێ جار بۆچوونی تەواو ناهیومانستی و دژ بە قوربانییان و پرسەکەیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و دەبێتە بار بە سەر دۆزەکەوە و نیگەرانی و ئازار و مەینەتیی زیاتریش بۆ کەسوکاری قوربانییان و نەوەکانیان و هەموو مرۆڤدۆستێک دەهێنێت و هێندەی تر خەم و تراژیدیاکە قووڵتر دەکاتەوە، ئەم بۆچوونانەیش بە دڵنیاییەوە زۆرن و لێرەدا ئاماژە بۆ چەند دانەیەکیان دەکەین و باسیان لێوە دەکەین:

**١- ئەنفال و شانازیکردن:**

زۆر جار لە کاتی باسکردنی ڕووداوی ئەنفالدا و کاتێک باس لە ئازار و مەینەتیی کەسوکاری ئەنفالکراوان دەکرێت، هەستی شانازیکردن لای ئەوانە دروست دەبێت کە باسی ئەنفال یان کار بۆ ئەنفال و کەیسەکەی و قوربانییان و کەسوکاریان دەکەن، ئیتر یان شانازی بەوەوە دەکەن کاریان بۆ ئەنفال کردوە و ویژدانی خۆیان ئاسوودە کردوە وخۆیان لە قەرزێکی مرۆڤایەتی پاک کردوەتەوە و ئەرکێکی ئەخلاقییان بە جێ گەیاندوە، یان شانازی بە قوربانییان و ژمارەیانەوە دەکەن و دەیکەنە بابەتی ڕەوایەتی بۆ سیاسەت و بەرنامە و ئەجێندای کارکردنی خۆیان، لەوانەیش مەترسیدارتر دەیکەنە بابەتی شانازییەکی کوێرانە بە ناوچە و ناوچەگەرێتییەوە، بۆ نموونە کاتێک لێکۆڵینەوە لەوە دەکرێت بۆچی شاڵاوی ئەنفال لە ناوچەکانی سنووری گەرمیان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ڕووی دا وەک لە ناوچەکانی تر، یەکسەر بە لای ئەو بۆچوونەدا دەچن، کە وا خەڵکی ئەو ناوچانە زۆر شۆڕشگێڕ و ئازا و قارەمان بوون، بۆیە سیستمی بەعس بەو شێوە توند و بەزەبرە پرۆسەی ئەنفالی لەو ناوچانە جێبەجێ کرد، یان دەڵێن ئەو ناوچانە نزیک بوون لە ناوچەکانی سەنتەری دەسەڵاتی بەعس.لە سەرچاوەیەکدا هاتوە (ناوچەکانی گەرمیان بەگشتی و ئەو ناوچانەی بەر ئەنفال کەوتن بەتایبەتی، لەوەتەی خەباتی سیاسی و چەکداری لە کوردستاندا سەری هەڵداوە بە یەکەوە لانکەی خەبات و شۆڕشگێری بوون.)[9] یەکێکی تر کاتێک بیرەوەرییەکانی خۆی لە ناو ڕووداوی ئەنفال دەگێڕێتەوە، ئەم بۆچوونە دەردەبڕێت (پرۆسەی تەعریب و تەبعیس و تەهجیر نەیتوانی گەرمیان لێک هەڵبوەشێنێتەوە، گەرمیان قەڵایەکی بەرگری بوو لە بەردەم دوژمندا.)[10] سەرچاوەیەکی تر باس لەوە دەکات (هێزەکانی عێراق لە گەرمیان زۆر بەداخبوون، خەڵکی گەرمیان

[9]- جاسم محەمەد محەمەد عەلی، ئەنفالی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2001،ل48.
[10]- عەبدوڵڵا کەریم مەحموود، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی،2002،ل14.

دەورێکی گەورەیان هەبوو لە دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا. کەم جێگەی کوردستانی عێراق هەبوو خوێنی پێشمەرگەی گەرمیانی تێدا نەڕژابێت.)[11] ئەگەر ئەم بۆچوونانە دەگمەن و تاکوتەرا دەربکەون و ببیسترێن و لە بیرکردنەوەی کۆ و لە ڕووبەرێکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بە هێز نەکرێن، ئەوا ئاساییە هەبن و کەسانێک وا بیر بکەنەوە، ئەگەر تەنها کورتبین بن یان تەنها لە دیدگای خۆمانەوە بەهەڵەیان بزانین، دەشێ وەک جۆرێک لێکدانەوە و بۆچوونی تایبەت سەیریان بکەین و ئاسایی بن، بەڵام ئەم بۆچوونانە تەنها هەڵە نین و بەس، بەڵکو مەترسییان لەوەدایە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خزمەت بە ئایدیۆلۆژیای سیستمی بەعس بکەن، لە کاتێکیشدا خاوەنی ئەم بۆچوونانە هەست بەوە نەکەن و بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری ئەو دەرەنجامانە نەبن، کە بە کورتی لەم خاڵانەدا باسیان دەکەین:

أ- لە کاتێکدا ئەنفال وا پێناسە دەکرێت کە سیاسەتی قڕکردن و جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد بوو لە کوردستانی عێراق و لە لایەن سیستمی بەعسەوە بە پێی نەخشە و چەند قۆناغێک جێبەجێ کرا، ئەوا لێکدانەوەی هەڵبژاردنی ناوچەی گەرمیان لە لایەن بەعسەوە بە نزیکی و هاوسنووری لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق، زیانێکی گەورە لەو شوناسەی ئەنفال دەدا. ئەگەر بە هۆی ئەم نزیکییەیشەوە پێمان وا بێت سیستمی دەسەڵاتداری بەعس خەڵکی ئەم ناوچانەی بە مەترسی دەزانی بۆ سەر خۆی و دەسەڵاتەکەی، ئەمەیش هەر هەڵەیە و بەرەو بۆچوونێکی هەڵەتر پاڵمان پێوە دەنێت، کە پێمان وا بێت، سیستمی بەعس ڕق و ترسی لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەبوو، چونکە هەموو ئازا و قارەمان و کۆڵنەدەر بوون، ئەمەیش وای کرد ئەنفال بەو سەختییە لەوێ ڕوو بدات .

ڕەنگە ئەم بۆچوونە هیچ زیادەڕەویی تێدا نەبێت کە (ئەنفال لە شکۆمەندترین ساتەکانی بەعسدا ڕوو دەدات، کە بەعس دەست دەداتە ئەنفال، لە دۆخێکی لاواز و شپرزەدا نییە، پایەکانی حوکم لە هەر کات سەقامگیرتر و جێگیرترن، بەعس لەوپەڕی هێز و دەسەڵات و هەیبەتیایەتی.... ئەم مردنەی قوربانییان، مردنی پاڵەوانەکان نییە، بەڵکو مردنی ئەو پیاوانەیە کە ڕووبەڕوو سەیری مردن دەکەن و ناتوانن هیچ بڵێن... بەعس پەراوێزترین و فەرامۆشکراوترین خەڵکی کوردستان ئەنفال دەکات... ئەنفال تەنها شکستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی نییە، بەڵکو سەرەتای سەوزبوونی گومانێکی قووڵە دەرهەق بەو وێنە کلاسیکییەی کوردی جەنگاوەر و کوردی

---

[11]- نەوشیروان موستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا، ل152.

قارەمان.)[12] لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی پێی وابێت ڕوودانی ئەنفال و بەو شێوەیە و لەو کات و شوێنەدا و لێکدانەوەی بە جۆرێک لە توندوتیژی دژ بەو خەڵکەی کە جێگەی مەترسین بۆی، لێکدانەوەیەکی ڕاست و لە جێی خۆیدا نییە، چونکە سیستمی بەعس ئەو کەسانە ئەنفال دەکات کە بە هۆی سیاسەتی خۆی و شێواویی سیاسەتی بزوتنەوەی کوردی و ئەخلاقی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی کوردی، شوێنگەیەکی پەراوێزی و ژیانێکی فەرامۆشکراویان هەبووە، ئەوەی دەڵێت ئازایەتی و قارەمانی و تێکۆشەریی ئەوان بوونە هۆی ئەوەی ئەنفال بکرێن ڕاست و ورد نییە، چونکە بابەتەکە لێرەدا پێوەندیی بە ئازایەتی و ترسینۆکی و دلێری و بەزیوییەوە نییە، هەروەها دەکرێت ڕاستیش بێت دانیشتوانی ئەو ناوچانە خەڵکانێکی ئازا و کۆڵنەدەر و چاونەترس بن، بەڵام چ ئەم سیفەتانە و چ پێچەوانەکانیان مەرجی ڕوودانی پرۆسەی ئەنفال نین لەو ناوچانە، ڕوودانی ئەنفال پێوەندیی بە دۆخی پەراوێزیی ژیانیانەوە هەیە نەک ئازایەتییان... پێوەندیی بە دابڕاویی ژیانی خەڵکی شار و لادێوە هەیە نەک چاونەترس و ترسینۆکییەوە.

ب- لێکدانەوەی ڕوودانی پرۆسەی ئەنفال لەو ناوچانە بە نزیکییان لە سەنتەری دەسەڵاتی سیستمی بەعس، ئەوەی لە پشتەوەیە، گوایە سیستمی بەعس لە ناوچە دوورەکانی سەنتەری دەسەڵاتییەوە ئەو هێز و توانایەی نەبووە، واتە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم جارە خەڵکی ناوچە دوورەکان بە ئازا و نەبەرد دادەنێت بێ ئەوەی باسی بکات و هەستی شانازی بەوە دەردەبڕێت، کە سیستمی بەعس لەو ناوچانە دەسەڵاتی نەبوە، واتە ئەوان بەهێزتر بوون لە سیستمی بەعس، کە ئەمەیش جۆرێکە لە پارادۆکس، لە لایەک دەڵێت ئەو ناوچانەی ئەنفال تێدا ڕووی دا بە هۆی قارەمانیی خەڵکی ناوچەکە بووە، ئەو ناوچانەی کە ئەنفالیشی تێدا ڕووی نەداوە بە هۆی بێ دەسەڵاتیی سیستمی بەعسەوە بوە، واتە دیسان بە هۆی قارەمانیی خەڵکی ئەو ناوچانە بووە، ئەمەیش خۆی بەڵگەیە لە سەر بێ بناغەیی بۆچوونەکە، هەر چەند بۆچوونێکی زۆریش بەر بڵاوە.

ت- ئەوانەی شانازی بەوە دەکەن کە خزمەت بە کەیسی ئەنفال دەکەن، کۆمەک و هاوکاریی ئەنفالکراوانیان کردوە و باس و توێژینەوەیان لە بارەیەوە ئەنجام داوە، یان کردوویانەتە کەرەستەی میدیایی یان لە نووسین و بابەتی ئەدەبی و هونەریدا بە کاریان هێناوە، لە ڕاستیدا ئەم جۆرە شانازیکردنە هەستێکی مشەخۆرییە لە سەر کارەسات و تراژیدیا ئەویش بەوەی هەمیشە لە نەستیاندا ئەو شتە بەهێزە کە حەز و ئارەوویانە بۆ ڕووداوی لەو جۆرە بۆ ئەوەی بەردەوام بابەتی دروستکردنی هەستی شانازیکردن لایان ئامادە بێت.

[12]- بەختیار عەلی، لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشی، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە(7)، 1997، ل163.

پ- ئەوانەی شانازی بەوە دەكەن كە بە ئەنجامدانی كار و چالاكی و دروستكردنی بەرهەمی مێدیایی و ئەدەبی و هونەریی لە سەر ئەنفال قەرزی ویژدانی و مرۆڤایەتیی خۆیان دەدەنەوە و هەر دەبێت بە كارێک ئەم ئەركە لە كۆڵ خۆیان بكەنەوە، لە ڕاستیدا ئەم زۆر لەخۆكردنە زۆر جار زەربەی گەورەی لە تراژیدیاكە داوە، ئەویش بەوەی بە زمانی زۆر سادە و ئاست نزم و بەرهەمی هونەری و ئەدەبی كرچوكاڵ گوزارشتیان لە ئەنفال كردوە و لە بەر دیدی خەڵكی تر ئەم تراژیدیایەیان شێواندوە یان سادە و ئاسایی كردوەتەوە.

ج- ئەوانەی شانازیی بە چالاكیی مەدەنییەوە دەكەن بۆ ئەنفال و بەردەوام لە یادەكان و لە سەر شەقام و شوێنە گشتییەكان و لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندنەوە دەنگ بەرز دەكەنەوە وەک ڕاگەیاندنی چالاكیی مەدەنی بۆ كەیسی ئەنفال و شانازییشی پێوە دەكەن و باسی دەكەن، دەیانەوێت بونیادێكی ڕەوشتی بەم تراژیدیایە بدەن، هەرچۆنێک بێت لە چالاكیی سیاسی دووری بخەنەوە، ئەمەیش جارێكی تر دەیكەنە چالاكییەک بۆ خۆیان و ئامادەبوونی خۆیانی پێ دەسەلمێنن، بوونی خۆیان وەک گروپ و ڕێكخراو لە ناچالاكیتی دەپارێزن، ئەمانە لە ڕاستیدا نایانەوێت فریای قوربانییان بكەون، بەڵكو دەیانەوێت بە هۆی ئەو كەیسەوە فریای خۆیان بكەون و خۆیان لە توانەوە و ونبوون ڕزگار بكەن.

ح- كاری چالاكانی مەدەنی و ڕێكخراوەكان بۆ ئەنفال وەک یەكێک لە كارە شانازیبەخشەكانی خۆیان لە لیستی كارەكانیان، كارێكی نمایشییە و زۆرتر كەیسەكە كاڵ دەكەن و لە ویژدان و هەست و خەیاڵی خەڵكیدا ئاسایی دەكەنەوە، چونكە لە چالاكییەكی سیاسییەوە دەیكەنە چالاكییەكی ئەخلاقی و نمایشی دەكەن، دەیانەوێت لە كردەیەكی عەقڵییەوە بەرەو سۆز و عەتف و چالاكیی نەرم و هەستبزوێن ببەن.

**٢- ژیانی شارستانی:**

چ بە هۆی سیاسەتی سیستمە فەرمانڕەواكان بێت، یان بە هۆی ئاستی هۆشیاریی تاكەكانی كۆمەڵگاوە، لە كۆمەڵگای كوردیدا بە جۆرێكی جیاواز سەیری ژیانی شارنشینان و لادێنشینان كراوە، هەمیشە خەڵكی شارنشین بە چاوێكی نزمترەوە لە خەڵكی لادێنیشین و شێوازی ژیانیانی ڕوانیوە، زۆر جار بە تایبەت ئەو سەردەمەی ئەنفال تێیدا ڕووی دا، شارنشین بە خوێندەوار و تێگەییشتوو و هۆشیار و لادێنشین بە نەخوێندەوار و تێ نەگەیشتوو و ناهۆشیار سەیر كراوە، زۆر جار لادێنشین خۆیشی ئەم هەستەی بەرانبەر بە خۆی هەبوە و لە دڵدا ئەو هەستە بەهێز

بووە کە خەڵکی شار مرۆڤی پاک و بێگەردن و لادێنشین پیس و خۆڵاوین، ئەو بۆچوونە هەڵەیەی بەرامبەر ئەنفال لەم ژینگە ناتەندروست و نامرۆڤانەیە سەر دەر دەهێنێت، ئەوەیە لە لایەک خەڵکانێک هەن پێیان وایە بە تێکدانی ژیان و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتدارانی سیستمی بەعسەوە، ئەو ژیانە کۆتایی پێ هات کە لە دیدێکی ڕەگەزپەرست و نامرۆڤانەوە نزم و ناشیرین و دواکەوتوو بوو، لە لایەکی تریش خەڵکانێکی تر لە دانیشتوانی شارەکان پێیان وایە بە خاپوورکردنی گوندەکان وهاتنی لادێنشینەکان بۆ ناو شارەکان دۆخی ژیانی ئەوانی تێکداوە و سیمای شارستانیەتی شارەکانی شێواندوە و بێزاری و وەڕزیی بۆ ئەمان دروست دەکەن، ئەم دوو بۆچوونە ئەگەر چی نەگەییشتوونەتە سنووری بۆچوونی ڕەسمی و نەگەیشتوونەتە چوارچێوەی نووسین و لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە پەخش نەبوون، بەڵام لە سنووری کۆمەڵایەتی و لە ئاستی تاکەکانی کۆمەڵگا دەتوانین بە کزییش بێت ببیبستین، ئەم بابەتەیش بۆ قسەکردن و خستە بەر باس گرینگە چونکە، کەسوکاری ئەنفال زۆرتر کۆنتاکت و پێوەندییان لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە، تا بۆچوونە ڕەسمییەکانی ناو کتێب و گۆڤارەکان، زۆرتر لەگەڵ خەڵکدا ڕووبەڕوون تا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆیە ئەم جۆرە بۆچوونانە با نەگەن بە شێوازێکی ڕەسمی و لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندنەوە، نەیانبیستین بەڵام هەر کاریگەریی خراپی خۆیان هەیە.

بۆچوونەکانیش وەک گوتمان بۆچوونی ڕەگەزپەرستانەن، بۆچوونی ڕەگەزپەرستانەیش زوو دەتوانێت شوێنەراری خراپ لە جەستەی ئەوانەدا دروست بکات کە بەرەو ڕوویان دەکرێتەوە، چونکە ڕەگەزپەرستی واتە ڕاسیسم (تیۆرییەکی دژی زانستی و کۆنەپەرستانەیە، کە لە ناو ڕەگەزە جۆربەجۆرەکاندا لە ڕووی ژمارە و دەسەڵاتی فیکرییەوە نابەرابەرییان دەوێت، گوایە سروشت لە سەرەتاوە ئەم ڕەگەزانەی نایەکسان، واتە یەکێک بەرز و یەکێک نزمی دروست کردوە.)[13] ئەم بۆچوونانە کە بەو چاوەوە سەیری ژیانی لادێنشینان و شارنشینان دەکات، جگە لەوەی هیچ بنەمایەکی زانستیی نییە، هاوکات سەرەڕای ئازاری تراژیدیا، کەشی نایەکسانی و نادادپەروەری دروست دەکات و هەستی بچووکی و نزمی لای بەشێکی زۆری مرۆڤەکان دەچێنێت، چونکە:

أ- هەندێ جار ئەگەر بەگاڵتەیشەوە ئەم جۆرە بۆچوونانە سەردەربهێنن، تایبەتمەندییەکی گاڵتە ئەوەیە بۆ چرکەساتێکیش بێت، ئەوەی لە عەقڵ و بیرکردنەوەدا جیدی و بەڕاستی بیری لێ دەکرێتەوە و باوەڕی پێ دەهێنرێت، لەڕێگەی پێکەنین و کەشی گاڵتەئامێزەوە دەردەبڕرێت و خۆی

[13]- بورهان قانع ، زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، چاپی دوەم ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، 2003، ل55.

ئاشكرا دەكات، واتە گاڵتە بەشێكی زۆری حەقیقەتی هەڵگرتوە، ڕاسیسمیش زۆر جار لە كەشێكی گاڵتەئامێزانەدا خۆی دەناسێنێت.

ب- دەرخستن و بەهێزی بۆچوونی ڕاسیستانە لە ناو كۆمەڵگادا ئەوە دەسەلمێنێت، بە كردەوە و بە ئاشكرا دیارە، ژیانی ئەوانەی لادێكانیان خاپوور بووە و هاتوونەتە شار و ئەوانەی لە تراژیدیای ئەنفال ڕزگاریان بووە و ئەوانەیش بە هەر جۆرێك بێت قوربانیی شاڵاوی ئەنفال یان نەوەی ئەنفالكراوانن، زۆری جیاوازە لە ژیانی ئەوانەی شاڵاوی ئەنفال نەیگرتوونەتەوە و لەو شوێنانەوە نەهاتوون كە ئەنفال كراون، واتە هێشتا نایەكسانی بە واقیعی لە ژیانی كەسوكاری ئەنفالكراوان و خەڵكانی تر بە دی دەكرێت.

**٣- كەمبوونەوەی دانیشتوان :**

دیدێكی نامرۆڤانە زۆر جار بە شێوەیەكی ناڕەسمیش و یان لە چوارچێوەی نوكتە و گاڵتەیشدا لە دوای كارەساتە گەورەكان و جەنگ و كوشتارە بە ژمارە زۆرەكان خۆی دەردەبڕێت، كە ئەویش ئەوەی ئەگەر جەنگ نەهاتایە و ئەو ژمارە زۆرەی مرۆڤی سەرزەمینی ڕاپێچی مەرگ نەكردایە، ئێستا مرۆڤ لەم سەرزەمینە جێگەی نەدەبوەوە، ئەگەر ئەو خەڵكە بمانایە، ئێستا نان و شوێنی ژیان بۆ هەمووان نەدەبوو، یان لانی كەم ئێستا ژیان زۆر قورستر دەبوو. بێ گومان ئەم بۆچوونانە لە سەر ئاستی ناڕەسمی و لای بەشێك لە تاكەكانی كۆمەڵگا كە ئاستی هۆشیارییان بۆ جەنگ و ژیان و جۆری گوزەران و ئاستی دانیشتوان لە پلەیەكی نزم یان نزیك سفردایە، بەرامبەر تاوانی ئەنفال دەخرێتە بەر گوێ، ئەگەرچی بە شێوازێكی زۆر شەرمنانەیش بێت، بەو پێیەی شاڵاوی ئەنفال مەرگی بە سەر ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی كوردستان سەپاند، ئەم ژمارەیەیش لە خەیاڵ و بیركردنەوەی تەسك و بچووكی هەندێ پێوەست دەكرێت بەوەی ئەگەر بمانایە لەكوێ و چۆن بژیانایە و چییان بخواردایە، لەمەیشەوە بیركردنەوەی كوێر و ناعەقڵانییان بەرەو ئەوەی دەبردن، شوێنی ژیان و بژێوی و خۆشگوزەرانییان دەكەوێتە مەترسییەوە.

ئەم دیدە بێ جگە لە ڕووە نامرۆڤایەتییەكەی و لەگەڵ ئەوەی دیدێكی ناڕەوشتییە، هاوكات دیدێكی تەواو ناعەقڵانییشە و ئەوانەی بەم جۆرە بیركردنەوە هیچیش لە بارەی ڕێژەی دانیشتوان و جۆری ژیان و گوزەران نازانن تەنانەت بێ ئاگاییشن لەوەی زانستێك هەبێت بە ناوی جیۆگرافیا كە لە نێوان ژینگە و مرۆڤدا پێوەندیی دروست دەكات و هەوڵی جیهانێكی باشتر بۆ مرۆڤ دەدات و لەم پێناوەدا ئەم زانستە كۆمەك لە تیۆرە فیكری و فەلسەفییەكان وەردەگرێت .

ئەم زانستەیش بە هۆی دۆخی ناهەمواری ژیانی مرۆڤ، نادادپەروەری و نایەكسان و زوڵم و چەوساندنەوە و داگیركردنی وڵاتان و پێشێلكردنی مافی مرۆڤ لە زۆر ناوچەی جیهان، لە زانستێكی بێ لایەن و ئەزموونگەرایییەوە بووە بە زانستێكی ڕادیكاڵ دژ بەو ستەم و نادادیانە. (ئێستا جوگرافیا ئەوەی پیشان داوە كە لە ئاست ئەو ڕووداوانەی جیهان تەماشاكەر نابێت و نییە، بەڵكو لە ژێر كاریگەریی ڕووداوەكان وەك زانستێكی زیندوو و پێشكەوتوو، كار و سیاسەتەكانی زانكۆكان دادەڕێژێت.)[14] هەوڵی سەرخستنی نایەكسانیی نێوان نەتەوەكانی جیهان و گەشەكردنی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەدات، ئەم هەوڵ و چالاكییانەیش لە سەر شار و پلاندانان و ڕێژەی دانیشتوان كاریگەریی هەبووە، پلاندانانی شاریش دڵنیایی بۆ مرۆڤ دابین دەكات و هەوڵی پاراستنی دەدات. (بابەتی پلاندانانی شار شارێكی باش و پەسەندە، بۆ ئەوەی بتوانێت پێداویستیی مادی و مەعنەویی دانیشتوانەكەی دابین بكات.)[15] لەم پلانانەیشەوە دەتوانێت ڕووبەڕووبووی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان ببێتەوە و بەرنامەڕێژیی بكات بۆ گەییشتن بە جۆرێك لە قەبارەی دانیشتوان كە لە ئاست ئەو پێداویستییە مادی و مەعنەوییانەدا بێت كە ئەو شوێنە هەیەتی یان دەتوانێت بەرهەمی بهێنێت، وەك چۆن ئێستا چەند وڵاتێكی جیهان وەك چین و هەندێ لە وڵاتانی باشوورو باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا پلانیان هەیە بۆ كەمبوونەوەی گەورەیی قەبارەی دانیشتووانیان، ئەوەیش لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی برسێتی و بێ كاری و .... هتد. ئەم قەبارە پەسەندەی دانیشتوانیش (بریتییە لە هاوسەنگیی نێوان ژمارەی دانیشتوان و ئاستی بژێویی و زۆری و كەمیی بێكاریی و سوودوەرگرتنی زیاتر لە دەرامەتی سروشتی و پێكهاتەی هاوسەنگیی دیموگرافی.)[16] ئەم كورتە باسەیش لە زانستی جیۆگرافیا و قەبارەی پەسەندی دانیشوان و بژێوی و دەرامەتی سروشتی بەم شێوەیە بۆ باسەكەی ئێمە لە سەر ئەو بۆچوونە هەڵەیە بوو كە پێی وایە كەمبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوان بە هۆی جەنگ و جینۆساید و تراژیدیاكانەوە ژیانێكی مسۆگەرتر و خۆشتر بۆ زیندوان دابین دەكات:

أ- ڕێژەی دانیشتوان بە شێوەیەكی سروشتی و مێژوویی بە سەر سنووری جیۆگرافیادا دابەش بووە، كەموزۆر هەر پارچەیەك لەو دانیشتوانە ڕێژەیەك ئیتر بەشی بكات یان نا، دەرامەتی سروشتی لەو زەوییەی خۆی بەرهەم دەهێنێت، یان لە ڕێگەی دەستی كارەوە پێداویستییەكانی خۆی دابین دەكات.

---

[14]- اليسون بلانت و جين ويلز، دگرانديشى در فلسفه جغرافيا، ترجمه: حسين حاتمى نژاد، انتشارات دانشگاه تهران، 1385، ص14.

[15]- جواد مهديزاده، در جستجوى شهرهاى انسانى تر، فصلنامه جستارهاى شهرسازى، سال هفتم، شماره 24 – 25، 1387، ص6.

[16]- فتحى محمد اوعيانه، جغرافيه السكان، ط5، دار النهضه العربيه للطباع و النشر، بيروت- لبنان، 2000، ص395.

ب- لادان و هەڵئاوسان یان کەمبوونەوەی قەبارەی پەسەندی دانیشتوان کە بتوانرێت لە پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکان سوودمەند بێت، بە پلانی زانستی دەکرێت نەک بە جەنگ و جینۆساید، کە ئەو کات پانتاییەکی بەرفراوان لە زەوی لە مرۆڤ خاڵی دەکرێتەوە وەک زەوییە قەدەغەکراوەکانی سەردەمی شاڵاوی ئەنفال، ڕێژەی دانیشتوانیش لە شارەکاندا کە توانای بە کارهێنانی دەستی کاریشیان کەمترە، بەرز دەبێتەوە.

ت- بەرزی و نزمی ڕێژەی دانیشتوان بە ڕێژەی بەرهەمهێنانی دەرامەتی سروشتی و بەدەستهێنانی پێداویستییەکان دەپێورێت نەک ژمارەیەک لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی کەسێکدا کە زۆر بوو ئیتر بکرێتە پێوەری ڕێژەی دانیشتوان.

پ- جەنگ و جینۆساید ڕێژەی دانیشتوان کەم ناکەنەوە، ڕێژەی پەسەندی دانیشتوان کوشتنی بە ژمارە زۆر نییە لە سەر زەوی، بەڵکو ڕێژەی دانیشتوان بە دابەشبوونیەتی لە سەر زەوی، جەنگ و جینۆساید ڕێژەی دانیشتوان ناهاوسەنگ دەکەن، لە شوێنێک زۆر و لە شوێنێک کەم، شوێنێک قەرەباڵغ و شوێنێک خاڵی لە مرۆڤ.

**٤- ئەنفال و ناونان:**

شاڵاوی ئەنفال هەر لە ناونانی پرۆسەکەوە بە ئەنفال تا هەموو پێشکەوتنەکان لە کەیسەکەدا ڕووبەڕووی کێشەی ناونان و بۆچوونی دژ و ناکۆک بوەتەوە، هەر لەوەی یەکێک دەڵێت ئەنفال و یەکێک دەڵێت بە ناو ئەنفال و تا ناونانی قوربانییەکان و ڕزگاربوان و وەرگێڕانی جیاجیای چەمکی جینۆساید بۆ کوردی.

ناونان جۆرێک لە بیرکردنەوە و تێگەییشتنی مرۆڤ دەردەخات بۆ بابەتی ناولێنراو، دوا بەدوای ئەمەیش پرۆسەیەکی گرنگ وترسناک دەکەوێتە کار،کە بریتییە لە بیرکردنەوەی کوێرانە وتێگەییشتنی خێرا و یەک دیو بۆ ئەو ناولێنانە .

ئەوانەی لە پرۆسەی ئەنفال ڕزگاریان بوو و نەمردن، ناویان لێ نان پاشماوەکانی ئەنفال، دواتر لە ڕووی دروونییەوە ڕەخنە لەم ناولێنانە گیرا و هەندێ بە هیچ جۆرێ بە کاری ناهێنن، زۆر کەس پرۆسەی ئەنفال بە کارەساتی ئەنفال ناو دەهێنێت، هەندێ ڕەخنە لەمە دەگرن و دەڵێن کارەسات ڕەهەندێکی سروشتیی وەردەگرێت و ڕەهەندی تاوانکاریی تێدا نییە، وەک دەگوترێت کارەساتی لافاو یان بوومەلەرزە...هتد، بۆیە بە گونجاو نازانرێت تاوانی ئەنفال بە کارەسات دابنرێت، بۆ

وشەی جینۆسایدیش چەندین چەمک داتاشراوە وەک (گەلکوژی، کۆمەڵکوژی، کۆکوژی، ڕەشەکوژی) کە هەر یەک لە ڕوانگەی خۆیەوە دانەیەکیان پەسەند دەکات یان ڕەتی دەکاتەوە، هەیشە لە ڕووی ئایینی تەفسیری خۆی بۆ وشەی ئەنفال دەخاتە ڕوو، هەندێکیان لەگەڵ ئەوەدا نیین ئەم تراژدیایە بە ئەنفال ناو بنرێت، هەروەها گفتوگۆ و هەوڵەکان بۆ ناونانی ڕۆژی 14 ی 4 ی هەموو ساڵێک بە ڕۆژی ئەنفال ماوەیەکی زۆریان خایاند.

ناونان پرۆسەیەکە بۆ قووڵبوونەوەی شوناس و ئەم پرۆسەیەش بۆ تاوانی ئەنفال و خوێندنەوەی مێژووەکەی هێندە زەحمەت و پڕ کێشە بێت، کۆمەڵێک دەرەنجامی خراپی دەبێت:

أ- درێژبوونەوەی کێشەی ناونان و ساغ نەبوونەوە و نەبوونی کۆدەنگیی تەواو لە سەر بەکارهێنانی چەمکەکان ئەوە دەگەیەنێت، هێشتا پرۆسەی شوناس لە ئاست ئەم تراژدیایەدا سەر ڕێچکەی خۆی نەکەوتوە.

ب-کە بە تەواوی لە سەر پرۆسەی ناونان ساغ نەبووبێتینەوە، واتە هێشتا لەناسینی سەرەتاییداین و نەگەییشتووین بە جیاکردنەوەی ئەو تاوانە لە مانا و چەمکەکانی تری تاوان، کە نەیشگەییشتبین بەو جیاکارییە واتە تا ئێستا پرۆسەی کارکردنی ڕاستەقینە لەگەڵیدا دەستی پێ نەکردوە.

ت- تەفسیرکردنی پێشوەخت و هێنانەوەی لێکدانەوە و شیکردنەوە کۆنەکان بۆ ئەو چەمکانە ئەوە دەگەیەنێت، هێشتا ئێمە دیدگایەکی جیاواز و فراوانمان بۆ ئەو چەمک و وشانە نییە و گەورەیی تراژیدیاکە ئەو چەمکانەمان لەبریی گەورەکردن، لە بەر دیدەدا بچووک دەکاتەوە.

پ- ساغ نەکردنەوەی ناولێنانەکان لە کارکردنماندا لەگەڵ تراژیدیای ئەنفال ئەوە دەگەیەنێت ئێمە هێشتا بە واقیعی ئەم تراژیدیایەمان بە مێژوو نەسپاردوە و هەتا ئێستا بەتەواوی پێی خۆی لە نێو مێژوو جێگیر نەکردوە، واتە هێشتا لە ئاستی قسە و زارەکیدایە و ئەوەی تۆمار کراوە جێی خۆی نەگرتوە و بۆیە وەک ڕووداویش هەمیشە زەمینەی ڕوودانەوە و نوێکردنەوەی لە بارە.

**٥- ئەنفال و هاودەردی:**

تراژیدیا و ڕووداوە دڵتەزێنەکان هەمیشە هەستی هاودەردی و هاوخەمی و هەڵڕشتنی فرمێسک و شیوەن بە دوای خۆیاندا دەهێنن، ئەنفالیش وەک تراژیدیایەک و پرۆسەیەکی سەربازیی توند و زوڵم و ستەمێکی زۆرە، بووەتە هۆی ئەوەی هەم وەک ئینتیمای نەتەوەیی یان سۆزی

مرۆڤایەتییەوە هەستی هاودەردی لای خەڵکانێکی زۆر دروست بکات و لە ڕێی کاری جیاجیا و لە بۆنە و یادە کۆمەڵایەتی و نیشتمانییەکان و لە چالاکیی جۆراوجۆردا دەری دەبڕن، هەستی هاودەردی و هاوخەمی لە دۆخی وجوودیی مرۆڤ جیا ناکرێتەوە و مرۆڤ لەبەر ئەوەی خاوەنی هەستوسۆزە و لە نەستیدا بەهێزە بۆیە بەردەوام بە هۆی ئەو ڕووداو و دیمەنانەی لە دەوروبەرییەوە هەستیان پی دەکات، هەستی دەجووڵێنن و بە لای خۆیاندا ڕای دەکێشن وسۆزی دەهێننە جۆشوخرۆش و دەبنە هۆی دروستبوونی هەستی هاوخەمی و هاودەردی، ئەم هەستەیش زیاتر عاتیفییە و دوورە لە چالاکیی عەقڵییەوە.

ئەو جۆرە هاوخەمی و هاودەردییەی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەستی پێ دەکرێت و بۆ قوربانییانی ئەنفال دەردەبڕرێت، کۆمەڵێک ناتەواوی یان ئاکامی نێگەتیڤییان هەیە، کە لێرەدا بە چەند خاڵێک لێیان دەدوێین :

أ- هەستی هاوخەمی و هاودەردی بۆ تراژیدیای ئەنفال و کەسوکار و قوربانییانی، بنەمایەکی عاتیفیی هەیە، مانەوەی زۆر لە ناو ئەو هەستەدا و بەردەوام گەشاندنەوەی ئەم جۆرە دەربڕینانە ڕاستەوخۆ کار لە چالاکیی عەقڵی و جیدی دەکات و زۆر جاریش بەهێزی و هەمیشە دووبارەبوونەوە ئەم هەستی هاوخەمییە کردەکانی هۆشیاری و بیرکردنەوە سڕ دەکەن، بە شێوەیەک ئەم هەستە هەمیشە خۆی نماییش دەکات کە وەک چالاکییەکی هۆشیاری و جیدییش خۆی دەخاتە ڕوو یان خۆی دەخاتە بریی ئەوان .

ب- سەندنەوەی ژان و مەینەتییەکانی تراژیدیای ئەنفال لە ڕۆح و جەستەی قوربانییان و کەسوکاری ئەنفالکراوان و بەخشینەوەی بە ڕۆح و جەستەی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا، تەنها ڕەهەندێکی مرۆڤدۆستی وەرناگرێت، چونکە سڕینەوەی ئاکام و کاریگەرییە تاڵ و نێگەتیڤەکانی ئەم تراژیدیایە لە سەر ژیانی ئەوانەی ڕاستەوخۆ ئەنفال کران و لە ناویدا ژیان و لەگەڵ کاریگەرییەکانی دەژین و لکاندنی هەندێ جار بە زۆر بە ناو و سەرزارەکی بە ژیانی هەموو مرۆڤێکی کورد، جگە لەوەی ناتوانین بیکەینە بەڵگەی هاودەردی و هاوسۆزی، لە هەمان کاتدا زیان بەقورسایی تراژیدیاکە دەگەیەنێ و کەیسەکە لاواز دەکات و سەنگێکی کەم لە سەر دەروون و ویژدانمانی پێ دەدرێت، چونکە ڕاستییەکەی هەموو کوردێک وەک یەک لەو تراژیدیایەدا نەژیاوە و لەگەڵ ئاکامەکانیشی ناژی. ئەوانەی ئەو ڕۆژانەی پرۆسەی ئەنفال ڕووی دا، لە کەسوکاریان دابڕان و خانوو وماڵەکانیان سووتێنرا هەر وەک ئەوانە زامدار نین کە لەو کاتەدا لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا بوون و خەریکی کاری ڕۆژانە و تەنانەت خۆشی و کاتبەسەربردن و سەیران

بوون. کەسوکاری ئەنفالکراوان و ئەوانەی لەو پرۆسە دڕندانەیە ڕزگاریان بوو، بەڵام  بە بەر چاوی خۆیانەوە کەسوکار و ئازیزانی خۆیانی بینیوە بە کۆمەڵ و بە شێوەیەکی نامرۆڤانانە و پڕ لە سوکایەتی و بێ ڕێزی بەرامبەر بە مرۆڤ لە پشتی زیلە سەربازییەکان ڕاپێچ کراون و لمی بیابان هەڵیانی لووشیوە و جارێکی تر نەیانبینیونەتەوە، مەحاڵە بڕوا بەوە بهێنین کە هەر بە ئەندازەی ئەوانە خەمناک و پرسەدارن کە تەنها ئەم ڕووداوانە وەک چیرۆک و گێڕانەوە دەبیستن و زۆر جاریش لە گوێگرتن بێزار دەبن و، تاقەتی ئەم باسانەیان نابێت. مەبەستیشم لەم قسانە هەرگیز ئەوە نییە کە بڵێم پێویست ناکات هەموو کوردێک خۆی بە هاوخەم و هاودەرد و هاوسۆزی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و پرسی ئەنفال بزانێت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە هەڵەیە دەربڕینی هەستی هاودەردی و هاوخەمی بە تەنهاترین و گەورەترین هەستکردن بە لێپرسراوی بزانرێت، چونکە ئەم جۆرە هاودەردی و هاوخەمییانە، هەڵوێستی لاوازن و جۆرێکن لە خۆدزینەوە لە دانان بەو گوناهە گەورە و هەڵە ترسناکانەی هەموو کوردێکی ئەم کۆمەڵگایە کردی لەوەدا کە خۆی دەستی هەبوو لە ڕەخساندنی زەمینەیەک  بۆ ڕوودانی پرۆسەی ئەنفال.

ت- زۆر جار هەستی هاوخەمی و هاودەردی دەڕازێنرێتەوە و بە دەربڕینی جیاجیا هەوڵی جوانکردنی دەدرێت، ئەم جوانکردنەیش سروشتێکی چارەنووسسازانە بە تراژیدیاکە دەدات و وەک واقیعێکی قەبووڵکراو بە مرۆڤی دەدات، کە هیچ دەسەلاتێکی ڕووبەڕووبوونەوەی نەبێت و لە درێژکردنەوە و نوێبوونەوە و دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە ڕووداوانەیشدا هیچی پێ نەکرێت، ڕازاندنەوەی هەستی هاوخەمی و جوانکردنی هاوسۆزی بۆ قوربانییانی تراژیدیاکان، دیدی مرۆڤ بۆ ڕووداوەکان لە مێژووییەوە دەکەن بە سروشتی، ئەمەیش ئاکامی بچووککردنەوەی عەقڵ و هۆشیاریی لە بەردەم ئەو ڕووداوانەدای لێ دەکەوێتەوە  .

پ- زۆر جار ئەو کارانەی کە بۆ ئەنفال دەکرێن و لە شێوەی چالاکیی جیدی دەردەکەون، وەک توێژینەوە و نووسین و کاری هونەری و میدیایی، لە پشتییانەوە هەستی هاودەردی و هاوخەمی هەیە، جیدیبوون لە سەر ئەوەی کە پێویستە ئەو تراژیدیایە بخرێتە ناو دۆخ و بیرکردنەوی عەقڵانییەوە، ئەم هەستی هاودەردییەیش لە پشت ئەو کار و چالاکییانە وا دەکات ئەوانەی ئەم کارانە دەکەن خۆیان لێ ببێتە نوێنەری قوربانییان و کەسوکار و نەوەی ئەنفالکراوان، خۆکردن بەنوێنەری ئەوانیش زۆر جار لە سەر حسابی بێ دەنگکردنی ئەوان دەبێت، کە ئەوان لە بریی کەسوکاری ئەنفالکراوان هاتنە قسە، ئیتر قسەکردنی ئەوان دەکەوێتە دواوە و نوێنەر دێتە پێشەوە .

ج- خۆکردن بە نوێنەری قوربانییان بە هۆی هەستی هاودەردییەوە و قسەکردن بە ناوی ئەوانەوە، بۆ ئەوەیە ڕەوایەتیی بدرێت بە هەموو ئەو سیاسەتانەی لەگەڵیدا بەڕێوە دەچێت، بۆ ئەوەیە ئەو

هونەر و ئەدەبەی بە ناوییەوە بەرهەم دێت قەبووڵ بکرێت و گوتاری ڕاگەیاندن و پلانی ڕێکخراوەیی پێ ئاراییش بکرێت و ڕەوایی تەنانەت بە بەدی و ناشیرینییەکانیش بدرێت .

ح- زۆر جار هەستی هاوخەمی و هاودەردی تەنها نمایشییە، تەنها بۆ ئەوەیە ئەوانی تر ببینن، لە ڕاگەیاندنەکانەوە پەخش بکرێت، هەر شتێکیش بۆ نمایش بوو، ئیتر لە لایەنی مەعنەوی و ڕۆحی بەتاڵ دەکرێتەوە و دەکرێت بە کاڵای نمایش و ڕاگەیاندن و کالایش هەمیشە سیفەتی کۆنبوون و وەڕسبوون لێی و پاشان بیرچوونەوە و فڕێدانی هەیە. وەک چۆن زۆر جار زۆر ناوەند و کەس و لایەن و ڕاگەیاند بە دوای ئاوازی هاوخەمی و هاودەردیدا یەکسەر لە ئاوازیکی تر دەخوێنێت و کە کەموزۆر نایەتەوە سەر ئەو هەستە .

**٦- ئەنفال و بەیاننامە:**

لە ساڵڕۆژ و یادکردنەوەی هەموو بۆنە خۆش و ناخۆشەکاندا، شتێک کە وەک کەلتوور و نەریتی لێ هاتوە، دەرکردنی بەیاننامەیە، بەیاننامە بووەتە مۆدەیەکی سیاسی و ڕووناکبیری و ئیداری، کە بە هۆیەوە جاڕی یادکردنەوەی بۆنە و ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکان لێ دەدرێت. شتێکی بەڵگەنەویستە دەرکردنی بەیاننامە بۆ یادکردنەوەی بۆنەکان کارێکی ئاسانە، بە هۆی ئەم ئاسانییەوە لە زۆر ناوەند و ئاستی جیاجیاوە بەیاننامە دێت و پەخش دەکرێت، هەر لە بەرزترین ناوەندی دەسەڵاتەوە بۆ هەموو بەش و لقەکانی، تا دەگاتە سەر بچوکترین ڕێکخراو و گروپی کۆمەڵگا و تەنانەت هەندێ جاریش تاکەکەسیش دەتوانێت بەیاننامە دەربکات. لە یادی شاڵاوی ئەنفالیشدا ساڵانە بە شەپۆلێک بەیاننامە پێشوازیی لەم یادە دەکرێت و بەیاننامە لە هەموو چالاکییەکی تر زۆرتر لەم ڕۆژەدا دەردەکەوێت.

لێرەدا نموونەی چەند بەیاننامەیەک دەخەینە ڕوو، دواتر بە شێوەیەکی گشتی شیکردنەوەیان بۆ دەکەین :

(کەسوکاری سەربەزی شەهیدان و ئەنفالکراوان...

لە یادی ٢٨ـەمین ساڵیادی مەرگەساتی ئەنفالدا، بە ناوی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەری ڕێز لە ئاست کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان دادەنوێنین و درووود بۆ ڕوحی شەهیدانی جینۆساید دەنێرین.

دوای ٢٨ساڵ لە ئەنجامدانی تاوانی بەدناوی ئەنفال، هێشتا کەسوکاری ئەنفالکراوان لە چاوەڕوانی ڕوفاتی پیرۆزی ئازیزانیاندان، کە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی باشوور و شوێنە جیاجیاکانی عێراق گۆڕغەریب کراون، بەداخەوە تاکو ئێستا ژمارەیەکی زۆر کەم لە ڕوفاتی پیرۆزیان هێنراونەتەوە خاکی کوردستان، لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە هەوڵی بەردەوامدایە لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکان و حکومەتی فیدراڵ کار بۆ هێنانەوە و سۆراخکردنی ئازیزانمان، بەڵام ناکرێ ئێمە ئەو بەربەستانە نادیدە بکرێن کە دێنە بەردەم کارەکانی وەزارەتمان بەتایبەتی قەیرانی دارایی و هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی کە بە پێی یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠٠٦ پرسی پاراستنی و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی لە ئەستۆ بوو.

بەڕێزان...

ئەگەر چی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە هەر پاش ڕووخان و دەستگیرکردنی سەرانی بەعس دامەزرا و تاوانبارانی کەیسەکانی کوردانی فەیلی و ڕفاندنی بارزانییەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و تاوانی بەدناوی ئەنفال بەتایبەتیش تاوانباری سەرەکی کە عەلی کیمیاوی بوو بە سزای عادیلانەی خۆی گەیاند، بەڵام هێشتا مافی کەسوکاری شەهیدانی ئەم کەیسانە زۆری ماوە تا هیج نەبێت کەمێک لە برینەکانیان سارێژ بکات لە پێش هەموویشیانەوە حکومەتی عێراقی فیدراڵ وەکو میراتگری ڕژێمی پێشو داوای لێبوردن لە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیانلێکەوتوانی گەلەکەمان بکات هەر وەک لە دەستوریشدا هاتوە و قەرەبووی شایستەی زیانلێکەوتوانی ئەو تاوانانە بکاتەوە.

لەکاتێکدا یادی ٢٨ ساڵەی ئەنفالە بەدناوەکان دەکەینەوە، تاقمی تیرۆریستی داعش (بەعس) ئاسا بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵە پەلاماری خەڵک و خاکی کوردستانیان داوە، بەتایبەتی لە شاڵاوێکی دڕندانەدا بەرامبەر براکانمان لە کوردانی ئێزیدی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی تر کە سەدان لە منداڵ و پیر و گەنج و ژن بوونەتە قوربانی و سەدان ژن و ئافرەتیش ئەنفال کراوان و مامەڵەی نامرۆڤانەیان بەرامبەر کراوە، ئەمەیش دەیسەلمێنێت کە خەڵکی کوردستان و هەرێمەکەمان هێشتا لەژێر هەڕەشەی داگیرکەران و دوژمنانی گەلەکەمان ڕزگاری نەبوە، بەڵام بە دلێری پێشمەرگە ئازاکانمان و هاوکاریی هاوپەیمانان و دۆستەکان و خوێنی زیاتر لە ١٤٠٠ شەهید مەرامی تیرۆریستان لە گۆڕ نراون.

لیژنەی باڵای بەجینۆساید ناساندن و وەزارەتمان لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ناساندنی ئەو کەیسە لە دونیای دەرەوەوە.

کەسوکاری سەبەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان...

بە داوای لێبوردنەوە کە وەزارەتمان بە هۆی خراپیی باری داراییی حکومەت کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی لەسەر کارەکانمان کردوە، نەتوانراوە وەکو پێویست لە ئاست جێبەجێکردنی ماف و ئیمتیازەکانتان بێت. هەرچەندە لە دوای هەوڵێکی زۆرمان و دوای ڕەزامەندیی بەڕێز سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بڕیار درا کە پاشەکەوت لە منحەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانییانی سیاسیدا نەکرێت، بەڵام دواکەوتنی دابەشکردنی منحەکانتان کە بۆ خراپیی باری دارایی دەگەڕێتەوە، جۆرێک لە ناڕەزاییی دروست کردوە، ئیمە هەمیشە لە هەوڵدا دەبین بۆ ئەوەی بە باشترین شێواز وەکو پارێزەێکی سەرڕاست بە دوای داواکارییەکانتان بچین، تا منحەکانتان لەلایەن وەزارەتی دارایی دوا نەخرێت.

بەڕێزان...

ئەم ساڵ بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئەنفال (٤/١٤) پێشنیازمان کردوە، ئەنجومەنی وەزیران دوای ئەوەی ڕەزامەندیی لەسەر دەربڕی و گشتاندنێکی بۆ لایەنە پێوەندیدارەکان کردوە، کە یادەکە بەم شێوەیە بەرز ڕابگیرێت.

وەزارەتەکانی خوێندنی باڵاو تۆژینەوەی زانستی و پەروەردە (٨) خوولەک قسە لە سەر قۆناغەکانی ئەنفال بکەن بۆ خوێندکار و قوتابییانیان، وەکو ئاماژەیەک بۆ هەشت قۆناغی ئەنفال.

وەزارەتی ڕۆشنبیری لە سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە ڕێگای دیدار و بەرنامەی تایبەت قسە لەسەر ئەنفال بکات.

وەزارەتی ناوخۆیش کاتژمێر ٩ی بەیانی بۆ ماوەی یەک دەقیقە هاتوچۆ ڕابگرێت.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە ڕێگای مزگەوت و کلێساکاندا ئەم یادە بەرز ڕابگرن، بە نزا و پاڕانەوە و وتاری ئایینی.)[17]

لە بەیاننامەیەکی تریشدا هاتوە :

---

[17]- ماڵپەری وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان: http://moma-krg.org/Default.aspx

(پەیامی سەرۆک بارزانی لە بیستوحەفتەمینساڵیادی کارەساتی ئەنفال

بە ناوی خودای مەزن و دلۆڤان

لە ساڵیادی بیستوحەفت ساڵەی دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفال لە دژی ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفال و هەموو شەهیدانی کوردستان دەنێرین و سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری سەربەرزی ئەنفال دەکەین. لە کاتێکدا ئەم یادە دەکەینەوە کە پێشمەرگە قارەمانانە لە سەنگەری بەرگریکردندایە و ئەفسانەی تیرۆریستان و دوژمنانی مرۆڤایەتی شکاند. ئازادیخوازی و پابەندبوونی گەلی کوردستان بە بەها باڵاکانە کە هانی دوژمنانی کورد دەدات وا دڵرەقانە پەلاماری گەلی ستەمدیدەی کوردستان بدەن. ئەمجارەیشیان دوژمنانی گەلی کوردستان بە هەمان نەفەسی دوژمنکارانە و نائینسانیانەی ئەنفالچییەکان هێرشی دڕندانەیان کردە سەر گەلی کوردستان بەڵام خۆڕاگریی گەلی کوردستان و قارەمانێتیی پێشمەرگە ڕێگەی نەدا تیرۆریستان و دوژمنانی کوردستان بە ئامانجە شومەکانیان بگەین.

ئەنفال پەڵەیەکی شەرمەزارییە لەسەر تەوێڵی دوژمنان و جیهان کە لە بەرانبەر ئەم کارەساتەدا بێدەنگیی هەڵبژارد. لەم یادەدا ئەوە دووپات دەکەینەوە کە پێویستە هەوڵەکانی بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال لەسەر ئاستی جیهانی بەردەوام بن و بگەنە ئەنجام و هەروەها دەوڵەتی عێراقیش بەرپرسیارە لە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری سەربەرزی ئەنفالکراوان و پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە باشترین شێوە خزمەتی خانەوادەی شەهیدانی ئەنفال بکات و، ڕوفاتی پیرۆزی هەموو شەهیدانی ئەنفالیش بگەڕێنرێتەوە بۆ خاکی نیشتیمان.

لە یادی ئەم کارەساتە دڵتەزێنەدا باشترین وەفا بۆ قوربانی و شەهیدانی ئەنفال پاراستنی یەکڕیزیی گەلەکەمان و دەستگرتنە بە بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتەکەمان، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو قۆناغە سەخت و تەحەدیانەی ڕووبەڕووی گەلەکەمان دەبێتەوە بە سەرکەوتوویی تێ بپەڕێنین.

مەسعوود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان)[18]

ئەگەر چاوێکی خێرا بەم دوو بەیاننامەیە و چەندان بەیاننامەی تردا بخشێنین، دەبینین کلێشەیەکی گشتی زۆربەیان (ئەگەر نەڵێین هەموویان) کۆ دەکاتەوە، ئەگەرچی زمانی نووسین و ناوەرۆک و

---

[18]- http://www.wishe.net/dreja.aspx?=hewal&jmare=16076&Jor=1

پەیامەکانیان هەندێ جار وەک جیاواز خۆیان دەردەخەن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی دەتوانین کلێشە دووبارەبوەوەکانی ئەو بەیاننامانە لەم خاڵانەدا ڕوون بکەینەوە:

أ- بەیاننامە و سەڵاو:

زۆربەی بەیاننامەکان بە سەڵاو دەست پێ دەکەن، یاخود ئەگەر پڕ نەبن لە سەڵاو، ئەوا بێ سەڵاو نیین: سەڵاو لە گیانی پاکی ئەنفالکراوان، لە کەسوکاریان، لە نەوەکانیان، لە تاقانەکانی ئەنفال، لە ڕزگاربوان... هتد.

وەک ڕاستییەکی سەرەتایی، سەڵاوکردن گوزارشتە لەوەی کە بە خۆشی و کراوەیی و ڕۆحێکی ئاشتیخوازانەوە بەر ئەوی تر بکەویت یان پێشوازیی لێ بکەیت، یان دیدار و گفتوگۆی لەگەڵ بسازێنیت، بەڵام ئەو ئەویترەی لەم بەیاننامانەدا سەڵاویان لێ دەکرێت (ئەنفالکراوان، قوربانییان، کەسوکاریان، نەوەکانیان، تاقانەکان... هتد) لە ئاشتی و دڵنیاییدا نیین، هەست ناکەن ئەو نامۆیی و زبرییەی کە لە نێوان دوو کەس/لایەندا هەیە و سەڵاوکردن دەیڕەوێنێتەوە یان دەشێت بیڕەوێنێتەوە، لەم بەیاننامانەدا بۆ ئەمان لای دەبات. کاتێک یەکێک سەڵاومان لێ دەکات، هەر شتێکی بوێت، سەرەتا بە هۆی ئەم سەڵاوەوە دەیەوێت بڵێت، هەر چییەک لە ئارادابێت خێرە و خێری پێوە دەبێت، بەڵام سەڵاوی ناو ئەو بەیاننامانەی یادی ئەنفال، هیچ ئەو هەستە بە سەڵاولێکراوان نابەخشێت، بۆیە سەڵاوی ناو ئەو بەیاننامانە خاڵین لە ڕەهەندی مرۆیی و ڕۆحی و گیانی تۆلێرانس، تەنها وەک نەریت و وشەی بێ ناوەرۆک لە ڕۆژ و ڕێوڕەسمی یادەکەدا دەنگ دەدەنەوە.

سەڵاوکردن بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت، گەر ڕەقی و ناخۆشی، نەرم و خۆش نەکاتەوە، گەر نائارامی هێور نەکاتەوە، دۆخی ترس و نیگەرانی و نائاساییش، بە لای ئاساییش و دڵنیایی و ئاسوودەییدا نەبات، بێ گومان ئەوە پێی ناگوترێت سەڵاو و لە نەریتێکی بێ تام زیاتر هیچی تر نییە، وەک لەو بەیاننامانەی یادی ئەنفالدا بەر گوێمان دەکەوێت، سەڵاوکردن هیچ یەک لەم ڕەهەند و تایبەتمەندییە سەرەکییانەیان هەڵ نەگرتوە.

ب- بەیاننامە و ڕێز:

نواندن و نیشانی نەویکردنی سەری ڕێز بۆ (ئەنفالکراوان، قوربانییان، کەسوکاریان، نەوەکانیان، تاقانەکان... هتد) لە بەیاننامەکانی یادی ئەنفالدا دەبینرێت، هەموو بەیاننامەکانی یادی ئەنفال

کردوویانە بە نەریت و بڕگەیەکی جێگری بەیاننامەکانیان، کە بە ئاشکرا و بە دەنگی بڵند دەڵێن سەری ڕێزیان بۆ دادەنەوێنین، بەڵام ڕێزلێگیراوان بەم دەنگە هەست بەوە ناکەن بەها و مافی مرۆییان هاوتای خاوەنانی بەیاننامەکانە، یان وەک مرۆڤ هەموو بەها و مافێکیان هەیە.

نواندنی ڕێز لەو بەیاننامانەدا لە چەند خاڵێک بە دەر نییە، یان ئەوەتا هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی ئەو ڕەخنانەیە کە دەکرێت لە خاوەنانی ئەو بەیاننامانە بگیررێت، لە پای ڕانەپەڕاندنی ئەرکەکانیان لە دۆسیەی ئەنفالدا لە هەموو ڕووەکانەوە، یان ئەوەتا بە چاوێکی بەزەیی لە قوربانییانی ئەنفال دەڕوانرێت، کە ئەمەیش دوورونزیک پێوەندیی نییە بە ڕێزی ڕاستەقینەوە لە مرۆڤ .

ڕێزگرتن لە (ئەنفالکراوان، قوربانییان، کەسوکاریان، نەوەکانیان، تاقانەکان... هتد) بەوە دەبێت قوربانییان کە هەست نەکەن لە پای ئەو تاوانەی دەرهەق بەوان کراوە، ڕێزیان لێ دەگیررێت، بەڵکو دەبێت هەست بکەن وەک مرۆڤ خاوەن بەها و مافن و ڕێزیان لێ دەگیررێت، دیڤید هیومی فەیلەسووفی ئینگلیزی وتەیەکی بەناوبانگی هەیە، کە وەک ئیماندارێک بە خودا، دەڵێت ڕێزگرتنی ڕاستەقینە لە خودا بەوە دەبێت، کاتێ کاری چاکە دەکەین وا خۆمان دەربخەین، وەک ئەوەی خوا هەر نەبێت، لەم ڕوانگەیەوە ڕێزگرتن لە (ئەنفالکراوان، قوربانییان، کەسوکاریان، نەوەکانیان، تاقانەکان... هتد) ئەو کاتە ڕووی ڕاستەقینەی دەردەکەوێت، کاتێک کارێکی باش، یان خزمەتێکیان دەکەیت، هەست نەکەیت کە بۆ ئەوانت کردوە، بەڵکو ئەوە سیفەتی خۆتە و بۆ مرۆڤت کردوە، ڕێزگرتن دوورە لە موجامەلە و باسکردن و نمایشکردن، وەک ئەوەی لەو بەیاننامانە تێبینی دەکرێت، کە ئەوەیش بۆ ئامانجێکی تری دوور لە بەرژەوەندیی بە حیساب ڕێزلێگیراوان بە ڕێوە دەچێت .

هەندێ جار، لایەنی بەرپرس، چ کۆمەڵگا بێت یان فەرمانڕەوایان، دەڵێن وەک مرۆڤی ئاسایی سەیری قوربانییان، کەسوکاری ئەنفالکراوان، نەوەکانیان، تاقانەکان و... هتد، دەکەین و ڕێزیان دەگرین، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر وایش بێت و ڕاست بکەن، ئەمەیش غەدر و ستەمێکی تێدایە، کە ئەوان ڕاستە مرۆڤن، بەڵام لە ژێر باری قورسی ئەو تاوانەدا کە بە سەریاندا هاتوە، لە دۆخی ئاساییدا نیین و لە زۆربەی لایەنەکانەوە (دەروونی، کۆمەڵایەتی، یاسایی، ئابووری و...هتد) کێشەیان هەیە، ئەوەی دەڵێت وەک مرۆڤی ئاسایی ڕێزیان لێ دەگرم، لە ڕاستیدا دەیەوێت خۆی لە قەرەی ئەو کێشانە نەدا، کە ئەوان بە دەستییانەوە دەناڵێنن .

كاتێ دەسەڵاتداران و كۆمەڵگا بە چاوی مرۆڤی ئاسایی لە قوربانییانی ئەنفال دەڕوانن، لە ڕاستیدا ئەمە هیچ پێوەندیی بە ڕێزەوە نییە، چونكە لەم دۆخەدا، وەک ئەوەی ئێستا دەیبینین مرۆڤبوونیان لە ژێر هەڕەشەدایە، بەرپرسانیش لەم ڕێگەیەوە دەیانەوێت خۆیان لە بەرپرسیارێتیی بدزنەوە، ئەو ڕێزگرتنەی لەم بەیاننامانەی یادی ئەنفالدا جەختی لێ دەكرێتەوە، لە پاڵ ڕووە موجامەلەكەی، ئەم شێوەیەی ڕێزگرتنە .

ت- بەیاننامە و ناچالاكێتی:

ئەوەی لەم بەیاننامانەی دەیبیستی ئەوەیە، هەمیشە تاوانەكە دەخرێتە پاڵ كەس یان لایەنی تر، هەمیشە ئەوانی تر بە كەمتەرخەم دەزانرێت، هەمیشە ڕووی بەرپرسیارێتی دەخرێتە سەر لایەكی تر، واتە هەمیشە خۆدزینەوە لە ئەركەكان لە لایەن بەرپرسانەوە لە ئاست پرسی ئەنفالدا بە دی دەكرێت، بەیاننامەكان هەمیشە دوژمنێک دروست دەكەن و هەموو تاوان و بەرپرسیارێتییەكی دەخەنە ئەستۆ و بەم شێوەیە خۆیان لە هەموو ئەرک و بەرپرسیارێتییەک دەدزنەوە، ئەمەیش وا دەكات هەمیشە ئەو بەیاننامانە پڕ بن لە داواكاری، لە بریی ئەوەی خۆیان كەموكوڕییەكان پڕ بكەنەوە، وەڵامی داواكاریی قوربانییانی ئەنفال بدەنەوە، دۆسیەكە بجوڵێنن و كار بۆ قەرەبووكردنەوەی ئەو تراژیدیایە بكەن، كەچی خۆیان دێن و دەچنە شوێنی قوربانییان و داواكارییەكان ڕیز دەكەن، خاڵ لە دوای خاڵ لە بەیاننامەكەیاندا دەیاننووسنەوە، بەڵام پێمان ناڵێن كێ ئەو داواكارییانە جێبەجێ بكات و چۆن جێبەجێیان بكات، هەموو ئەركی خۆیان تەنها بەم بەیاننامانە كۆتایی پێ دەهێنن و بە چالاكی و كاری پەسەند و مرۆڤانە و ئەركی واقیعیی خۆیشیانی دەبینن و هەندێ جاریش بە دەروونی ئاسوودەوە پاڵی لێ دەدەنەوە و خۆیانی پێوە با دەدەن.

پ- بەیاننامە و ئاساییكردنەوەی دروشمی باو:

بەیاننامەكان، كە تەنها موجامەلە و هەمیشە ڕێزێكی ساختە بن و بۆ چالاكیی خاوەنی بەیاننامە بخوێنرێنەوە و هۆكار بن بۆ شانخاڵیكردنەوە لە ئەرک و بەرپرسیارێتییەكان، بۆیە دەبینین بە شێوەیەكی نائاسایی پڕ دەبن لە دروشم، دروشمیش ئەگەر پەیامەكەی نەخرێتە باری واقیعەوە و هەوڵی جێبەجێكردنی نەدرێت، كاریگەریی خراپی بۆ سەر پرسەكە دەبێت، دروشم ئەگەر هەر لە ئاستی بەیاننامە و قسەدا بهێڵرێتەوە و نەگۆڕرێت بۆ سەر كردار، ڕۆحی پەرۆشی و جیدییەت لەو كار و پرسەدا ناهێڵێت و دەبێتە هۆی بێنرخكردن و بێبەهاكردنی ئەو پەیامەی هەڵی گرتوە، بۆیە ئاساییكردنەوەی ئەو دروشمانەی بۆ یادی شاڵاوی ئەنفال بەرز دەكرێنەوە، بە شێوەیەک وازهێنان

لە پەیامەکانیەتی یان وەڕسبوون و گوێ پێ نەدانە لە ناوەڕۆک و بەهای ئەو دروشمانە و بە شێوەیەک لە خەیاڵ و بیرکردنەوە و تێڕوانینیماندا بایەخ و قورسایی بۆ ناهێڵرێتەوە .

ج- بەیاننامە و هەلێک بۆ خۆنماییشکردن:

وەک سەرەتا باسمان کرد، بەیاننامەکان بە هۆی ئاسانی و بوونیان بە هۆکارێک بە چالاکی و شانخاڵیکردنەوە لە بەرپرسیارێتیی و دروشمی قەبە و بێ ناوەڕۆک یان ناوەڕۆک مردوو، لە لایەن ناوەند و کەناڵی جۆراوجۆرەوە دەردەکرێن و پەخش دەکرێن، لە بەرزترین ئاستی وڵاتەوە بۆ بچوکترین ناوەند و گروپ و تەنانەت تاکەکەسیش توانای بەیاننامەدەرکردنی هەیە، بۆیە ئەم بەیاننامانە بە شێوەیەکی ئاشکرا دەبن بە هۆکارێک بۆ خۆنماییشکردن، بەیاننامەکان لەبری هۆکارێک بۆ خزمەتکردنی پرسەکە و بەتەنگەوەهاتنی قوربانییان، دەبنە هۆکارێک بۆ ئاراییشتکردنی ئەو لایەن و شوێن و ناوەند و گروپ و کەسانەی بەیاننامەکەیان دەرکردوە، چونکە بەیاننامە تەنها دەکرێتە چالاکیی بۆ ئەوەی بەیاننامەکەی دەرکردەوە، تەنها دەکرێتە هۆکارێک بۆ ڕێزگرتن و هاوسۆزی، ئیتر بە شێوەیەکی ساختەیش بێت بۆ قوربانییان، بۆیە لە دوا دەرەئەنجامدا ئەم بەیاننامانە ڕوویەکی پۆزەتیڤیان بۆ خاوەنی بەیاننامەکە و لە هەمان کات نێگەتیڤییان بۆ پرسەکە و قوربانییان دەبێت .

ح- بەیاننامە و خۆڕێکخستنەوەی سیاسی و ئامانجدار:

دەرکردنی بەیاننامە زۆر جار بۆ مەبەستی سیاسی و ئامانجدارە بۆ ئەو لایەنەی بەیاننامە دەردەکات، واتە یاد و ساڵڕۆژ و بۆنەکان چ خۆش بن یان ناخۆش، دەکرێنە ئامانج بۆ ئەوەی لایەنێک ئامانجە سیاسییەکانی خۆی تێدا بە دەست بهێنێت، کە ئەوەیش زیاتر لە خۆڕێکخستنەوە و چالاکیی حزبی و ئایدیۆلۆژیدا خۆی دەبینێتەوە.

بەیاننامەدەرکردن بۆ زۆر لایەن لە یادی شاڵاوی ئەنفالدا، خزمەتکردن بۆ پرسەکە و قوربانییانی ئەنفال نییە، بەڵکو دەکرێتە مینبەر و هۆکارێک بۆ گەیاندنی پەیامە ئایدیۆلۆژییەکان و خۆڕێکخستنەوەی سیاسی و ئامانجدار و نموونەی ئەم جۆرە بەیاننامانەیشمان زۆر زۆرە کە بەردەوام لە یادەکاندا پەخش دەکرێن.

لەم خاڵانەوە بۆمان دەردەكەوێت، دەركردنی بەیاننامە، كە ئێستا بۆتە جۆرێك لە كەلتوور و بە شێوەیەكی بەربڵاو لە یادەكاندا دەردەكەوێت و بەتایبەتییش لە یادی ئەنفالدا بە لێشاو دەخوێنرێتەوە و دەبیسترێت، كاریگەریی خراپ و نێگەتیڤی هەبوە و هەیە .

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا لە پاڵ ڕەخنەگرتن لە شێوازی كاركردن لەگەڵ تراژیدیای ئەنفال و هەڵسەنگاندنی بۆچوون و دەركەوتەكانی ئەم جۆرە كار و تێڕوانینانە بۆ ئەنفال، ویستوومانە پێشبینیی بەدەستهێنانی ئەم دەرەنجامانە بكەین، یان هەوڵ مان داوە بۆ بەدەستهێنانیان، كە وا لەم خاڵانەدا كورتیان دەكەینەوە :

١- لە بەشی یەكەمدا كە ڕەخنە لە شێوازی كاركردن لەگەڵ ئەنفال دەگرین، دەمانەوێت شێوازەكانی كاركردن لەگەڵ چەمكی ئەنفال بچنەوە خزمەت دۆسیەكە و جیهانبینییەكی قووڵ و فراوانی لەسەر بونیاد بنێین و بە ئاراستەیەكدا بێت، هەم كاریگەرییە نێگەتیڤییەكانی ئەم تراژیدیایە كەم بكاتەوە و هەم بە دونیای دەرەوەی بناسێنێت و ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی بە شێوەی جیاجیا لێ بگرێت .

٢- هەندێ بۆچوونی هەڵە لە بیركردنەوە و خەیاڵی كورددا لە بارەی ئەنفالەوە لە ئارادان، هەندێ بەركەوتە و ئاكامی نێگەتیڤی لە سەیركردن و مامەڵەی ئێمە بۆ كەیس و چەمكی ئەنفال سەرهەڵ دەدەن، لە بەشی دووەمدا هەوڵ دەدەین ئەو بۆچوونانە ڕاست بكەینەوە و ئاكامە مەترسیدارەكانیان بخەینە ڕوو، هەوڵمان داوە دیدگایەكی نوێ بۆ شانازیكردن و ژیانی شارستانی و ژمارەی دانیشتوان و ناونان و هاودەردی دروست بكەین، كە هەموویان بچنە خزمەت مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیزمەوە .

**سەرچاوەكان**

**یەكەم: بە كوردی:**

**آ- كتێب:**

1. بورهان قانع، زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، چاپی دوەم، خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی قانع، سلێمانی، 2003.

2. جاسم محەمەد محەمەد عەلی، ئەنفالی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2001.
3. یوسف دزەیی، ئەنفال: کارەسات و ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر،2001.
4. مارف عومەر گوڵ (د)، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی یانەی کوردی میدیا ئەمستەردام- هۆلەندا،1997.
5. مەلا شاخی، ئەنفالی خاڵخالان، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، 2001.
6. نەوشیروان موستەفا ئەمین،خولانەوە لەناو بازنەدا، چاپی دوەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی،1999.
7. عەبدوڵڵا کەریم مەحموود، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، 2002.

**ب- گۆڤار:**

١. گۆڤاری کەرکوک، ژمارە (5)، ساڵی 2000.
٢. گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (55)، ساڵی 2002.
٣. گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە(7)، ساڵی 1997.

**دووەم:بە عەرەبی:**

١. فتحی محمد اوعیانە، جغرافیە السکان، ط5، دار النهضە العربیە للطباع و النشر، بیروت- لبنان، 2000.

**سێیەم: بە فارسی:**

1. الیسون بلانت و جین ویلز، دگراندیشی در فلسفه جغرافیا، ترجمه: حسین حاتمی نژاد، انتشارات دانشگاه تهران، 1385.
2. جواد مهدیزاده، در جستجوی شهرهای انسانی تر، فصلنامه جستارهای شهرسازی، سال هفتم، شماره 24 – 25، 1387.

**چوارەم:پێگەی ئەلکترۆنی:**

1- http://www.emrro.com/enfalkirdinewey.htm

2-http://genocidekurd.com/ku/babati/5699

3-http://moma-krg.org/Default.aspx

4-http://www.wishe.net/dreja.aspx?=hewal&jmare=16076&Jor=1

## ملخص البحث

البحث بعنوان (نحن والانفال - توجيه النقد لاستعمال مفهوم وملف الانفال من اجل ابادة الشعب الكردي) وهو دراسة نقدية حول نظرة الكرد للانفال، وكيف اصبح ملفا تراجيديا تاريخيا، ومحاولة لتحليل كيفية استعمال الانفال كمفهوم وقضية من قبل الكرد لاغراض وجوانب مختلفة.
في دراستنا النقدية نحاول ان نبين الجوانب السلبية المتعلقة بالانفال وكيفية مواجهة ثقافة ابادة الشعب الكردي، واقتضت الضرورة ان يكون البحث في اثنين مباحث:
المبحث الاول: عنوانه " العمل مع الانفال " يحاول المبحث ان يحلل نقديا استعمال مفهوم قضية الانفال من خلال:الذكرى و الوثائق، الارشيف ، العدد والشرعية و المتهمون، المنومين، السمنارات و المؤتمرات و المهرجانات، ، المناهج التعليم او الدروس والأكاديميا.
المبحث الثاني: عنوانه "الانفال وبعض ارا و خاطئة" والذي يكشف الارا و الخاطئة حول حملات الانفال في ضوء: الانفال و الافتخار، الحياة الحضارية، تقليل نسبة السكان، الانفال والتسمية، الانفال والاعارة، الانفال والبلاغ. وفي الخاتمة نجمل فيها اهم النتائج التي توصل اليها البحث، ثم الحقنا تلك بقائمة المصادر والمراجع.

## Abstract

This study، entitled "We and Anfal: Critiquing the Misuse of Some Concepts and Dossiers of Anfal for the Sake of Confronting the Genocide Culture of the Kurdish People"، is a critiquing study about our trials and views as Kurds towards Anfal as a tragedy in our history. It is also an attempt to analyze the variety of uses of Anfal as a concept and a dossier by the Kurdish people themselves from different levels and for different aims. In addition، in an analytical reading، we try to discuss the negative relationships of ourselves and Anfal; that is for the sake of confronting the genocide culture of the Kurdish people.
The paper encompasses Two chapters:
Chapter One: It is entitled "Working with Anfal". Here، we try to critically analyze the use of concepts and dossiers of Anfal. It includes evidences، archives، number، legitimacy، enemy، criminal، seminars، conferences and festivals, monoment, academe.
Chapter Two: It is entitled "Anfal and Some Misconceptions". It discloses the negative consequences of the misconceptions of Anfal campaign in our thought and memories. It encompasses Anfal and proud، civilized life، population reduction، Anfal and naming the newborns، co-miseries, and announcements. And finally، the aims of the paper are indicated side by side with the list of references.

http://garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.76

# پرۆژەی بەجینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال
# ڕێکاری یاسایی پێویست لەبەردەم دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان ,ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان , ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و داواکاری گشتی نێودەوڵەتی چییە...؟

گــــۆران حســـــێن ئـــەحـــمـــەد
ماجستێر لە یاسای تاوان ( قانون جنائی ) لەزانکۆی سیراکس ( Syracuse University ) لە ویلایەتە یەکگرتووە کانی ئەمریکا/نیۆرك

## پـــێـــشـــەکـــی

جینۆساید, لەبەر ئەوەی تاوانیکی نێونەتەوەییەو ئەنجامێکی ترسناکی هەیە,بۆیە لە یاسایی نێودەوڵەتاندا بە پەیمانێکی تایبەت وگەلی بەڵگەنامەی تر لە جیهاندا قەدەغە کراوە. ئەم تاوانە تاوانێکی سەربەخۆیە و لێپرسینەوەی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستووی تاوانکارانی لە هەموو جیهاندا. دەبێت چەمك و مانای جینۆساید بە تەواووی روونبکرێتەوە کارێکی زۆرو لێکۆڵینەوەییەکی بەرفراوانی دەوێت تاکو لەبەر رۆشنایی یاسایی نێودەوڵەتی ئەرکان و خەسڵەتی ئەو تاوانە روونبکەینەوە بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە تاوانی جینۆساید لە دژی گەلی کورد ئەنجامدراوە تاکو بتوانێن پاڵپشتێکی نێودەوڵەتی بۆ برەخسێنین.

ئەوەش ئەو مافە بە گەلی کورد ڕەوا دەبینین کە داوا بکات لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەبەرپرسیارێتی تاوانی نێونەتەوەیی گەلی کورد خۆشنەبن, بۆ ئەوەی گەلی کورد وەك هەر گەلێکی تر داکۆکی لە مافی ڕەوایی خۆی بکات و بەئاشتی هێمنی لەسەر خاکی خۆیی بچیت تاکو پەرە بە ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵەیتی و کلتووری بدات. دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی کە گەلی کورد بە درێژایی مێژوو کەوتووەتە بەر شالاوی جینۆساید و ئەنفال و تاوانی کوشتن و ماڵ وێرانکردن.

زۆر مەبەست بوو لەم باسەدا بکۆڵینەوە لە رووی یاسایی نێودەوڵەتی و UN و دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕۆڵی داواکاری گشتی نێودەوڵەتی و جارنامەی مافەکانی مرۆڤ چۆن دەبێت سەبارەت بە ناساندنی تاوانی کۆمەڵکوژ گەلی کورد وەك جینۆساید لەسەر ئاستی نێونەتوەیی. پێویستە سزایی توندی ئەو دەسەلآت و لایانە بدرێت کە بەرنامە ڕێژی یان پشتگیری یان بەشداری یان پاڵپشتیکەردەبن بۆ ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید, چونکە تاوانیکی زۆر گەورەو ترسناکە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی, لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت هەمشە

هەوڵبدات بۆ بەربەندکردنی ئەو جۆرە تاوانە چونکە ماڧ بوونی ژیان و گوزەران و مانای بوونی مرۆڤایەتی دەخاتە ژێرپرسیارەوە. پاش پرۆسەی ئازای عێراق لە ساڵی 2003 چەند گۆرانکاریەك روویاند.

1-تاوانی جێنۆساید گەلی کورد لەسەردەمی سەرۆکی پێشووی عیراق صدام حسێن روویدا, لەسەر دادگایکردنی کۆمەڵکوژی دوجەیل, لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقەوە حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو, لەگەل تەها یاسین ڕەمەزان و عەواد بەندەر و بەرزان تکریتی ئیعدام کران.

2-ڕۆژی 2007/6/24 هەمان دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق حوکمی ئیعدامی بۆ علی حسێن مجید ناسراوە بە (علی کیمیاوی) و (سوڵتان هاشم) وەزیری بەرگری ڕژێمی پێشووی عێراق (صدام) دەرکرد.

**بەشــی یەکەم**

**چەمکی جینۆساید و تاوانی کۆمەڵکوژی ( جینۆساید )**

**چەمکی جینۆساید لە رووی زمانەوە لە دوو ووشە پێکهاتووە:**

1-ووشەیەکی گریکی **Genose** واتە ڕەگەز, بنەچە.

2- وشەیەکی لاتینی **Caeder** واتە کوشتن- فەوتاندن.

بە لێکدانی هەردوو ووشەکە ( Genocide) پێك دێت, واتە کۆمەڵکوژی یان کوشتنی بنەچە. لەبەر ئەوە ئەو تاوانە دژی ماڧ مرۆڤە و تێکدەری ئاشتی و ئاسایش و ژیانی مرۆڤایەتیە, بۆیە هەر نەك وولاتی تاوانکار بەڵکو ئەو کەسانەش بەئەنجامدانی تاوانی جینۆساید تاوانبار دەکرێن لێپرسینەوەی یاسایی نێونەتەوەی دەکەوێتە ئەستۆیان.

کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان پشت بە بەندی شەشەمی دادگای نۆرنبێرگ دەبەستێت کە (جینۆساید, واتە ڕەتکردنەوەی سەرجەم ماڧ بوونی کۆمەڵی مرۆڤایەتی, ڕەفزکردنی دانپێدانانە بەماڧ بوون, سووکایەتی کردنە بەمرۆڤایەتی و ژیانێکی قەرەنەبوو دروستدەکات و سەرجەم کلتووری شارستانی مرۆڤایەتی دادەماڵێت.

هەروەها پەیمانی قەدەغەدەکردنی تاوانی جینۆساید وسزا خستنە سەر تاوانکارانی لە 1948/12/9 لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەتکرا بە تاوانە نێونەتەوەییەکانەوە. لەو بارەیشەوە لە 1951/5/28 دادگای نێودەوڵەتی ڕایگەیاند (هۆی دانانی ئەو پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە جینۆساید محکوم بکات وسزای بخاتە سەر وەك تاوانیك لەیاسایی نێودەوڵەتی.

هەروەها بەندی 19 پرۆژە یاسایی بەرپرسیارێتی دەوڵەت کەلیژنەی یاسایی نێودەوڵەتان دایناوە هەر ڕەفتارێکی دەوڵەت کەپابەندێتییە نێودەوڵەتییەکان بشکێنێت، ئەوە ڕەفتارێکی یاسایی دژ بەیاسا نێودەوڵەتییەکانە.جینۆساید تەنها فەوتاندنی کۆمەڵ خەڵکێکی دیاریکراو یان ڕەگەزی یان ئاینی نیە بەڵکۆ چەند جۆرێکی تری هەیە:

1-**جینۆسایدی فیزیکی (بەدەنی)**: کوشتن بەهەر جۆرێك بێت. ئیعدامکردن، گوولله بارانکردن،هێرشی سەربازی و بەکۆمەڵ کوشتن،بەکارهێنانی چەکی قڕکردن وەك کیمیاوی و فسفۆرو ژەهرکردن....هتد.

2-**جینۆسایدی بیۆلۆژی**: بەربەندکردنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك لەپێشکەوتن لەزیادبوون، وەك بەربەندکردنی منداڵ بوون و زیادکردن، یان لەیەکدابڕکرنی پیاو ئافرەت بۆ ماوەییەکی دووروو درێژ یان دابڕکردنی منداڵ لە دایك و باوك.ئەم جۆرە جینۆسایدە لە شاڵاوی ئەنفال جێبەجێکرا لە ساڵی 1988.

3-**جینۆسایدی کلتووری- نەتەوەیی**: وەك قەدەغە کردنی زمان و ڕۆشنبیری و شێواندنی مێژوو،فەوتاندنی تایبەتمەندی نەتەوەی و نەهێشتنی یەکێتی هاوبەشی نێوان خەڵك. هەروەها وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان وەك رووخانی پەیکەرو ئەشکەوت و موزەخانە و گەرەك و گەرماو بازاڕو مزگەوت و کلێساو هەموو شوێنەوارێك کە پاشماوەی کۆن یان نوێی بێت، بەرهەمی ژیانی ئەو خەڵکە بێت.

4-**جینۆسایدی ئابووری**: واتە ووێرانکردنی سامان و سروشت و بەرووبوومی ناوچەکان، تاڵانکردن و فەرهووتکردنی ماڵ و سامانی خەڵك. جگە لەوە رێژەی مردن بەهۆی نەبوونی خۆراك و ئاوو دەرمان و پێداویستیە سەرەتاییەکانی تر، زیادبوونی نەخووشی و دەبێتە هۆی کۆچکردنی خەڵکەکەی لە ناوچەیکەوە بۆ ناوچەیەکی تر. ئەوەش دەبێتە هۆی لە دەستدانی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و فەوتاندنی کەلتووری نەتەوەیی.

هەروەها لەناوبردنی ناوچەکان ووێرانکردنی ئابووری تاوانێکی تری لێدەردەچێت پێدەڵێن ئیکۆساید (Ecocide) واتە، بە لەوتاندن و ووێرانکردنی ژینگە ناسراوە و دەبێت هۆی لە دەستدانی بوونی مرۆڤایەتی لە سەر زەوی کەبە پێی خاڵی یەکەمی پەیماننامەی ساڵی 1977 ئاماژەی پێداوە لەقەدەغەکردنی ئامرازی جەنگدا دەڵی ( هەموو وولاتانی بەشداربوونی ئەم پەیماننامەیە پەنا نەبەنە بەر ئامرازەکانی جەنگ، یان هەر ئامرازێك زیان بگەیەنێت بە ژینگە)

جەنگی شێواندنی ژینگە دەبێتە هۆی بێۆساید (Biocide) واتە فەوتاندنی ژیان، کاریگەری دەبێت نەك لەسەر مرۆڤایەتی بەڵکو لەسەر هەموو گیانلەبەرێکیش بە پێی سروشتی خۆی.

بەندی شەشەمی پەیمانی ساڵی 1948 دا هاتووە (دەبێت بە دادگاییەكی ئەووڵاتە كە تاوانەكەی لێئەنجامدراوە دادگای بكرێت یان دادگاییەكی جنائی نێونەتەوەیی سزا بدرێت).

بە گوێرەی راپۆرتی لیژنەی ماڤ مرۆڤ لە UN ,1993/31 لە خاڵی 97 و 103 جینۆساید لە دژی گەلی كورد كراوە. هەروەها ڕاڤۆرتی لیژنەی ماڤ مرۆڤ لە UN لە ساڵی 1993 جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە بەڵگەنامەیەكی زۆری ڕژێم دەستی بەسەردا گیراوەو بەڵگەی تەواوی جینۆسایدی كوردستان تێدا باسكراوە. پەرلەمانی ئەوروپا لە بڕیارێكی تایبەت دەربارەی مافەكانی گەلی كوردكە لە 1992/6/16 بلآوی كردۆتەوە داوا لە UN و وولآتانی كۆمەڵەی ئەورووپی دەكات بە ووردی چاودێری مافەكانی گەلی كورد لەئاستی نێونەتەوەی بكەن, ئەوەش دەمانگەینێتە ئەم ئەنجامە:

1-كوشتاری بەدەنی خەڵكی كوردستان كراوە, بە ئیعدامكردن و گوولەبارنكردن, بەكارهێنانی ئامرازی جەنگ بەتایبەتی چەكی كیمیاوی ژەهر.

2-كوردستانووێرانكراوەو سیاسەتی تعریب كردنیش جێبەجێكراوە.

3-ئابووری كوردستان ووێرانكراوە گەماروویەكی توندی خراوەتە سەر هەرێمی كوردستان.

4-ووێرانكردنی دیهاتەكان و جێگەی دێرین و مێژوویەكان, بوونەتە هۆی فەووتاندنی كەلتووری نەتەوەی.

5-كەلتوور و شترستانی كورد بە تەواوی ووێرانكراوە, بەتایبەتی ئۆردوگای زۆرە ملێ كە ژیان و باردۆخی خەڵكی زۆر خراب بوون.

## تـــاوانی كـــۆمـەڵـــكـــوژی

به پێی ماددەی شەش لە سیستەمی بنەرەتی داداگای تاوانە نێودەوڵەتیەكاندا ڕژێمی پێشووی عیراق تاوانی كۆمەڵكوژی لە دژی گەلی كورد ئەنجامداوە, كەهەندێك لەسەركردەی دەوڵەتە دیكتاتۆرەكان ئەنجامی دەدەن لەدژی گەلەكەیان یان دەوڵەتانی دەرواسێ یاخود لەلایەن چەند گرووپێكی توندرەوە ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی كوشتنی خەڵكی بێتاوان بەبیانووی سیاسی تائفی,ئایینی, مەزهەبی, رۆشنبیری,سیاسی, یان نەتەوەی. ئەم تاوانە بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەكان دەتوانرێت بەتاوانی كۆمەڵكوژی هەژمار بكرێت چونكە سەدان خەڵكی بێتاوان تێدا كۆمەڵكوژ دەكرێت پاشان لەگۆری بەكۆمەڵ دەنێژرێن..بۆ ئەوەی بەتاوانی كۆمەڵكوژی (جینۆساید) بناسرێت ئەم تاوانە دەبێت چەند روكنێكی یاسایی هەبێت.[1]

بەپێی ماددەی دوو لەمیساقی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەنەهێشتنی تاوانی کۆمەڵکوژی تاوانێکی گەورەی ئەنجامدراوە پێویستە لەسەر دەوڵەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری یاسایی پێویست ئەنجام بدەن, بۆ ئەوەی بەتاوانی کۆمەڵکوژی دابنرێت پێویستە ئەم تاوانانەی خوارەوە ئەنجامدرابێت:

1-دەبێت تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ ئەنجامدرابێت یان کوشتنی چەند ئەندامێکی کۆمەڵێك.

2-زیان گەیاندن بە کۆمەڵە کەسێك کەنیشتەجێ شوێنیکی دیاریکراون.

3-ملکەچ بوونی دانشتوانی ناوچەیەکی دیاریکراو لەژێر بارودۆخێکی ترسناکدا و هەروەها رووخاندن و سووتاندنی ماڵ و موڵکیان بەشێوەی تەواوەتی..

4-هەستان بە ئەنجامدانی تاوان بە شێوەی ڕە می کردن و شاردنەوەیان لە گۆری بە کۆمەڵدا.

5-گواستنەوەی کچ و ژن و منداڵ و پیاو لەشوێنێکەوە بۆ شوێنیکی ترو کوشتنیان بەشێوەی نایاسایی و ترسناك کە نەگونجاو بێت لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتیەکاندا..

6-بەشەریکی الاصلی دادەنرێت ئەگەر هەرکەسێك تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنجامدابێت یان فەرمانی کردبێت یان بڕیاری دابێت بۆ هاندانی کۆمەڵەکەسێك بەمەبەستی کوشتنی بەکۆمەڵ.

بە پێی یاسا نێو دەوڵەتییەکان دەتوانرێت ئەو تاوانانەی کە ڕژێمی پیشووی عیراق صدام حسێن ئەنجامیدا لە دژی گەلی کورد دەکرێت بەتاوانی کۆمەڵکوژی دابنرێت, چونکە تاوان ئەنجامدراوە بەپێچەوانەی یاساورێسا نێودەوڵەتیەکانە. تاوانی کۆمەڵکوژی دادەنرێت بە یەکێك لەتاوانە گەورەو ترسناکەکان چونکە کۆمەڵە خەڵکیکی دیاریکراو تێدا دەکوژرێت و لەگۆری بەکۆمەڵدا دەشاردرێنەوە.[2] ئەم جۆرە تاوانە بەگوێرەی دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەکان بەتاوانی کۆمەڵکوژی دادەنرێت و ئەو دادگایە پێویستی کردووە لەسەر پۆلیسی نێودەولەتی کەلایەنی جێبەجێکرا و بەپێی یاسای نێوەدەوڵەتیەکان دەبێت تاوانبار دەست بەسەر بکرێت و رووبەرووی دادگای نێودەوڵەتی بکرێتەوە, چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی یاسا بریتیە لەرێکخستنی کۆمەڵگا و پاراستنی موڵك و ماڵی هاوڵاتیان,هەروەها پەیوەندییەکی بەهێز دروستدەکات لەنێوان کۆمەڵگاو دەوڵەتدا یان پەیوەنییەکی نێودەوڵەتی رێك دەخات لە نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر.[3]

**دووەم: روکنی معنوی/ العلم والارادە:**

کاتێك تاوانێك ئەنجام دەدرێت پێویستە چەند روکنێکی تیدا بێت بۆ ئەوەی بەتاوانی کۆمەڵکوژی بناسرێت, دەتوانرێت تاوانی کۆمەڵکوژی کە دژی گەلی کورد ئەنجامدرا بەتاوانی نێودەوڵەتی دابنرێت چونکە تاوانێکی گەورەو ترسناکی بەمەبەست بووە, واتە ئەو کەسەی کەدەسەڵاتێکی بەرزدایەو فەرمان دەکات یان پشتگیری دەکات لە کۆمەلە کەسێکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە بەتەواوی دەزانیت

و درك (العلم و الارداە) دەكرێت بەوەی كەئەو تاوانە ئەنجام دەدرێت لەگەل یاساوڕێسا نێودەوڵەتیەكاندا ناگونجێت.

هەروەها ئەو كەس و لایەنانەی كەبەشداری دەكەن لەم تاوانی كۆمەڵكوژییە, بەتەواوی ئاگادارن لەوەی ئەو تاوانە بە پێی دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكان و یاسایی سزادانی ناوخۆی ناگونجێت و پێچەوانەی یاسایە وبەلآم هەرئەنجامی دەدەن چونكە لەبارێكی ئاسایی پلان وبەرنامەی خۆیان رێكدەخەن و ئەو فكرەیە لای خۆیان خۆشەویست دەكەن و بڕیاری دەدەن بۆ كوشتنی بەكۆمەڵ.[4]

**سێهەم: روكنی دەولی:**

یەكێكی تر لەروكنەكانی تاوانی كۆمەڵكوژی ئەنفال بریتیە لەروكنی دەوڵەت, واتە لە دەوڵەتەكەدا دەبێت لەدەسەلآتێكی بالآ و مەرسومێكی تایبەت فەرمان دەربكرێت بەمەبەستی كوشتنی خەڵكی بێتاوان بەشێوەی كۆمەڵكوژی,هەروەها ئەوكەسەی كەفەرمان دەردەكات بۆ كارێك كەبەتاوان دادەنرێت پێویستە لەكەسێكی بالآدەست و خاوەن دەسەلآتێكی بەهێزی وولآتەوە فەرمانەكە دەرچووبێت, ولەلایەكی ترەوە ئەو تاوانەی كەئەنجامدەدرێت دەبێت لەتاوانانە بێت كە لەماددەی پێنج میساقی نەتەوە یەكگرتووەكان ئاماژەی پێدرابێت دەبێت ئەوكارەی دەكرێت پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتیەكان بێت.[5]

**بەشی دووەم**

**ئەركانی تاوان و تاوانی دژی مرۆڤایەتی**

**ئەركانی تاوان:**

1-**بابەتی تاوان**: بابەتی تاوانی جینۆساید بەندە بە پەیوەندی نێوان وولآتان لە داكۆكییكردنی هەر گروپێكی نەتەوەیی,رەوشتی, رەگەزی یان ئاینی, ئەوەش بریتیە لە قڕكردنی نەتەوەیی, كلتووری و ئابووری. لەتاوانی جینۆساید تاوانلێكراو بریتییە لە گەل یان هەر گروپێكی مرۆیی بەكەرەستەو پێداویستییەكانی ژیان و بوونی ئەو گەلە یان ئەو گروپە مرۆڤە. وەك وێرانكردنی شارو دیهات و سەرچاوەكانی ژیان... هتد.

2-**تاوانكار**: بریتیە لە كەسانی فەرمانبەر یان كەسانی ئاسایی كە سیاسەتێك یان فەرمانێكی ئاسایی جێبەجێدەكەن بەمەبەستی فەوتانی بابەتی تاوانەكە.

3-**لایەنی بابەتی جینۆساید ئەم كارانە دەگرێتەوە:**

**یەكەم**: جێبەجێكردنی تاوان یان نەكردنی كە ببێتە هۆی ئەنجامدانی جینۆساید.

**دووەم:**ئەنجامی تاوانكار: كە ببێتە هۆی تەواو كردنی تاوانەكە كە جینۆسایدە, وەك ئەو كارانەی كە یاسای نێودەوڵەتییەكان پێشێل دەكەن و ئاشتی دەشێوێنن.

**سێهەم:** پەیوەندی هۆكارانە لە نێوان كارو ئەنجامدا.

**چوارەم:**شوێن, كات, باردۆخ, شێوەو ئامرازی ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدە, ئەوانیش پەیوەند نین بەسەردەمێكی دیاریكراوەوە, چونكە جینۆساید لە سەردەمی شەرو ئاشتیشدا جێبەجێدەكرێت, بەڵام لە شوێنێكی دیاریكراودا, وولاتیك یان ناوچەیكی دیاریكراو.

هەروەها لە بەندی شەشەمی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان هاتووە ( ئەگەر ئەندامی UN بە شێوەی سیستیماتێك دەستووری نەتەوە یەكگرتووەكانی پێشیلكرد, كۆمەڵی گشتی دەتوانێت لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەریبكات).

كۆمەڵەی گشتی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە بڕیارنامەی 545 لە 1952/2/5 دا بڕیار دەدات (بەندێك بۆ جیگیركردنی ئەو پرنسیپە وا لە دەستووری رێكخراوەكەدا هاتووە دیاریكراوە, لە چوار چێوەی پەیمانێكی نێو نەتەوەیی لەبارەی ماف مرۆڤەوە جێگیر بكات).

بەندی 73 ی دەستووری UN جەخت لەسەر هەمان پرینسیپ دەكات و وولاتان پابەند دەكات بەدەستپێكردنی پەرەپێدان و دابینكردنی ژیان و گوزەران هەتا لەتوانادا بێت لە چوار چێوەی ئاشتی و ئاسایشی نەتەوەی تا گەلانی ئەوهەرێمە لە بوواری سیاسی و ئابووری و زانست و كۆمەڵایەتی پێشبكەون.

**بۆیە وولاتە داگیركەرەكانی كوردستان دەكرێت بە دوو لایەن:**

1–شكاندنی ئەو پابەندێتییە نێو نەتەوەییە كە لەئەستۆیانە واتە دەست بەكارنەكردن (الامتناع عن الفعل).

2–پراكتیكردنی جینۆساید لە دژی كورد, ئەمەیان رەفتاری نادروست و كاری دژ بە یاسا نێودەوڵەتییەكانە (القیام بالفعل).

یاساناسی سویسری ی.بلیۆنچلی دەڵی( **ئەگەر پێشێلكردنی یاسایی نێودەوڵەتان وەك مەترسییەك هەڕەشەی لە ئاسایشی گشتی كرد, ئەوە نەك وولاتی تاوانلێكراو, بەڵكو هەموو ئەولایەنیانەی هێزی بەكاریان هێنا لەداكۆكیكۆدنی یاسایی نێودەوڵەتیدا, دەبێت دژ بەوكارەبن وگرنگی بەدابینكردنەوەو سەقامگیركردنەوەی سیستەمی یاسایی بن**).

## تاوانی دژی مرۆڤایەتی

لە ماددەی حەوتەم سیستەمی بنەرەتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكاندا هاتووە و باسی چۆنیەتی ئەم جۆرە تاوانە كردووە. تاوانی دژی مرۆڤایەتی یەكێكە لەو تاوانەی كەدەوڵەت یان گروپێك لەناو دەوڵەتێك ئەنجامیدەدات بە پێچەوانەی یاساورێسا نێودەوڵەتیەكانەو لەم جۆرە تاوانەدا بەسەدان خەڵكی بێتاوانی تێدا دەكوژرێت.[6]

زووَر جار ئەم جۆرە تاوانە روودەدات بە بیانووی سیاسیی یان كۆمەڵایەتی یان ئاینی, كاتووری, زمان, یان تائفی, رژێمی بەعس لە ساڵی 1988بەهەزاران كەسی كوشت و لە گۆری بەكۆمەڵ شاردیەوە. تاوانی دژی مرۆڤایەتی بیروبۆچونێكی نوێ بوو لە یاسای نێودەوڵەتیدا, چونكە تاوانی بە(قصده), تاوانی كۆمەڵكوژییە, دوورخستنەوەی كۆمەڵە كەسێكی دیاریكراوە لەسەر موڵك وماڵی خۆیان و بردن و تالاَن وسووتاندنی بەشێویەكی زۆر ناشارستانی و دوور لە بەهاو داب و نەریتی كۆمەڵگا., ئەم جۆرە تاوانە لە یاسای سزادانی عێراقی و دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكاندا دەتوانرێت بەتاوانی مرۆڤایەتی هەژماربكرێت. هەندێ جار دەست بەسەر كۆمەڵە كەسێكی دیاریكراودا دەگیرێت و وەك كۆیلە بەكاردەهێنرێت یان دەفرۆشرێن بەئەندامان و لایەنگرانی گروپێكی دیاریكراو. ئەم جۆرە تاوانە چەند روكنێكی دیاریكراوی هەیە.[7]

### یەكەم: روكنی ماددی:

ئەم جۆرە تاوانە بە یەكێك لەتاوانە دڕندەكان و ترسناكەكان دادەنرێت كە بەرامبەر بەخەڵكی بێتاوان ئەنجامدەدرێت و ژن وپیاو منداڵ وكچ و كور بەشێوەی هەڕەمەكی دەكوژرێت و لەگۆری بەكۆمەل دەشارێتەوە. بە پێی سیستەمی بنەرەتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكان كەلەماددەی 7 بڕگەی یەك هاتووە كەهێرشێكی بەرفراونەو لەدژی كۆمەڵە كەسێكی دیاریكراو ئەنجامدەدرێت بەمەبەستی كوشتن بەهۆكاری سیاسی,دینی,تائفی,ڕۆشنبیری, نەتەوەی. بۆ ئەوەی روكنی ماددی جێبەجێبكرێت دەبێت ئەم تاوانە ئەنجامبدرێت.

1–كوشتنی بەئەنقەست.

2–كۆمەڵكوژی, ئەم جۆرە تاوانە بریتیە لەكوشتنی بەكۆمەڵی خەڵكی بێتاوان وریگەنەدان بەگەیشتنی خواردن و دەرمان و پێداویستی تایبەت و سەرەتایی.

3–دوورخستنەوەی دانیشتوان لە جێگایەكەوە بۆ جێگایەكی تر, دوور لەدەسەلاَت و هێزی سەربازی و پاشان بازرگانی بەبەندكراوەكانەوە فرۆشتنیان یان بەكۆیلەكردنیان,ئەمەش بە پێچەوانەی یاساوریسا نێودەوڵەتیەكانە.

4-لێدان و بەندکردنی بەندکراوەکان بە شێوەیك دوور بێت لە هەموو بەهاو ئاداب وداب ونەریتی کۆمەڵگا.

5-لاقەکردن, ئەم جۆرە تاوانە یەکێکە لەو تاوانە ترسناکەکان زۆرجار گروپە توندرەوەکان ئەنجامی دەدەن بەرامبەر بەبەندکراوەکان, ڕژێمی پێشووی عێراق صدام حسێن ئەم جۆرە تاوانەی ئەنجامدا بەرامبەر بە گەلی کورد وچەندین کچی لاقە کرد یان فرۆشتنیان بەنرخێکی زۆر هەرزان بەئەندام ولایەنگرانی خۆیان یان بەدەوڵەتانی دەرواسیٚ.[8]

**دووەم: روکنی معنوی. (العلم والاراده)**

کاتێك تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدەدرێت دەبێت ئەو دەوڵەتەی یان ئەوگروپەی تاوانەکە ئەنجامدەدات زۆر بەئاسانی درکی بەوەکردبێت کەئەوکارەی ئەنجامی دەدات تاوانە بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان,رژیمی پیشووی عیراق( بەعس) زۆر باش دەیزانی ئەوکارەی کە ئەنجامی دەدات تاوانێکی زۆر گەورەیە و پێچەوانەی ریساو یاساو ئاداب و نەریتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەو دەرواتە چوارچێوەی تاوانە نێودەوڵەتیەکان و بەتاوانی دژی مرۆڤایەتی هەژمار دەکرێت و لەگەڵ سیستەمی بنەرەتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەکان. بەڵام هەر سوور بوون لەسەر ئەنجامدانی چونکە ئەو بیروبۆچوونەی لای خۆیان خۆشەویست کردبوو چون بتوان کۆمەڵکوژ بکەن و بەرنامەی تەواویان بۆدارشتبوو بۆ لەناوبردنی زمان و کلتور و کوشتنی خەڵکی بێتاوان.[9]

**بەشی سێهەم**

**ئەو هۆکارانە چین کەرێگرن لەبەردەم دادگای تاوانە نێودەوڵە تیەکان بۆ بەجینۆسایـد ناساندنی تاوانی ئەنفال**

به گوێرەی سیستەمی بنەرەتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەکان لەماددەی 31 و33 دا هاتووە دادگای نێودەوڵەتی دەسەلاٚت و یاسا جێبەجێدەکات بەسەر کەسی سروشتی (الشخص التبیعی), واتە ئەم دادگایە کاردەکات لەسەر ئەو تاکانەی کەتاوانی کۆمەڵکوژی و تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ ئەنجامدەدەن, لەبەرئەوەیە سروشتیەکی تاکەکەسی هەیە نەك کۆمەڵ, لێکۆلینەوەیەکی تاکەکەسی ئەنجامدەدات بەسیفەتی تاك. دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەکان بەردەوام دەسەلاٚت و ڕێساویاسایی خۆی جێبەجێدەکات بەسەر ئەو کەس ولایەن و گروپانەی کەتاوانی نێودەوڵەتی ئەنجادەدەن وسزایان دەدات.[10]

واتە ئەم دادگایە دەتوانێت لەڕێگای پۆلیسی نێودەوڵەتیەوە تاوانباران دەست بەسەربكات لەهەرجێگایەك خۆی حشار دابێت یان نابێت كەسی تاوانبار لە وولأتەكەی خۆیەوە سەفەربكات بۆ وولأتیكی تر بۆهەر مەبەستێك بێت, ئایا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەكگرتووەكان و بە ئەندام نەبوونی دەوڵەتی عیراق لە دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەكان لە لایەك و هەرێمی كوردستان كەدەوڵەتێكی سەربەخۆ نییە لەلایەكی ترەوە, ئەوانە هۆكاران لەبەردەما دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەكان تاكو تاوانی ئەنفال وەك جینۆساید بناسرێنێت, ئەم باسە لە دەروازەی دووەم روونكراوەتەوە.[11]

## دەروازەی دووەم

## بەشی یەكەم

## ئە نجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی

## پەیوەندی نێوان دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكان بەئە نجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە؟

**یەكەم:** ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە یەكێك لەبەهێزترین دەزگا جێبەجێكارەكانی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان دادەنرێت بۆ گرتنەبەری رێكاری یاسای پێویست لەدژی دەوڵەتان یان گروپێكی دیاریكراو لە كاتی ئەنجامدانی تاوان, چونكە ئەنجومەن دەتوانیّ سەرجەم ئەوتاوانانەی كە لەماددەی 5 میساقی نەتەوەیەكگرتووەكاندا هاتووە ڕەوانەی دادگای باڵای تاوانە نێودەوڵەتیەكانی بكات لەسەر ئەساسی بەندی حەوتەمی نەتەوە یەكگرتووەكان, هەروەها دەتوانێت سكالأ تۆماربكات لەبەردەم دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكاندا ئەگەر داواكاری گشتی ئامادەی تێدا نەبوو هەستی بەگرتنە بەری رێكاری یاسایی چونكە ئەنجومەن سیفەتیكی بەردەوامی هەیە.[12] بە پیّ ماددەی (25) لە میساقی نەتەوە یەكگرتووەكان هەموو دەوڵەتانی ئەندامی نەتەوە یەكگرتووەكان دەبێت پابەند بن بە بڕیارەكانی ئەنجومەنی ئاسایش.[13]

بە پێی ماددەی(28 بڕگەی 1) ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانی دەست وەربداتە هەر كێشە و گیروكرفتێكەوە كە روودەدات لە جیهاندا بە پییّ ماددەی(13 بڕگەی ب)لە سیستەمی بنەرەتی دادگای نێودەوڵەتی هاتووە دادگا دەتوانی رێكاری یاسایی ئەنجامبدات سەبارەت بەو تاوانەی كە لەماددەی پێنج دا ئاماژەی پێدراوە,یان داوا بكات بە پێكهێنانی دادگایەكی تایبەتمەند لەناوخۆی وولأتەكەدا كە تاوانی بەرامبەركراوە.[14] هەروەها بە پێی ماددەی (16) لەسیستەمی بنەرەتی دادگای نێودەوڵەتی هاتووە بە بڕیاری ژمارە (1721,1722) ساڵی 2006 , ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەتوانیّ بۆ ماوەی یەك ساڵ رێكارە یاسایەكان سەبارەت بەتاوانێك رابگرێت لە دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكاند لە ژێر بەندی حەوتەمی میساقی نەتەوە یەكگرتووەكاندا, لەماوەی ئەو ساڵەدا ناتوانرێت سكالأی جنائی تۆمار بكرێت

له دادگای تاوانه نێودەوڵەتیەكان تاكو ئەنجومەنی ئاسایش بە بڕیارێك ڕێگە دەدات بۆ ئەنجامدانی ڕێكاری یاسایی.[15]

بۆ ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بتوانێت سكالاَ تۆمار بكات لەبەردەم دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكاندا دەبێت ئەوتاوانە روویدا لەمادەی پێنج میساقی نەتەوەیەكگرتووەكاندا ئاماژەی پێدرابێت لەوانە ( تاوانی كۆمەڵكوژی,تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ.[16] بۆئەوەی تاونێك بتوانرێت لە دادگای تاونە نێودەوڵەتیەكاند سیفەتی یاسایی و هێزی یاسایی خۆی هەبێت پێویستە ئەوتاوانە یەكێك لەم دووخاڵەی لای خوارەوەی تێدای بەدیی هاتبێت:

1-بەگوێرەی سیستەمی بنەرەتی دادگای باڵای تاوانە نێودەوڵەتیەكان و نەتەوەیەكگرتووەكان دەبێت ئەو تاوانە روویداوە لەو جۆرە تاوانانە بێت كەلەماددەی پێنج میساقی نەتەوەیەكگرتووەكاندا هاتووە (تاوانی كۆمەڵكوژی,تاوانی دژی مرۆڤایەتی وتاوانی جەنگ).

2-بەپێی هەمان سیستەمی سەرەوە دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكان دەتوانێ كاری یاسایی پێویست ئەنجامبدات لەتاوانەی لەدوای ساڵی (2002) ەوە روویانداوە.[17]

هەروەها بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لەنێوان مشرعی نێودەوڵەتی سەبارەت بەناردنی دۆسیەك بۆ دادگای تاوانە نێودەولەتیەكان لەڕێگای ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە :

أ- هەندێك لە شارەزایانی نێودەوڵەتی دەڵێن نابێت ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەست بخاتە كارەكانی دادگاوە چونكە دەسەڵاتەكانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دژیەك دەوستێت لەگەڵ دەسەڵاتەكانی دادگای نێودەوڵەتی و مەترسی ئەوەی هەیە كێشەكە بەلارێدا ببرێت .

ب- دەوڵەتە زلهێزەكانی ئەنجومەنی ئاسایش بەتایبەتی روسیا وئەمریكا دەتوانن ماف ڤیتو بەكار بهێنن لە ئەنجومەنی ئاسایش.[18]

ت- هەروەها ئەنجومەن دەوری ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی فەراهەم دەكات لە جیهاندا نەوەك دەوری سكاڵاكار بگێڕێت.

پ- هەروەها هەندێك لە مشرعی نێونەتەوەیی دەڵێن دەبێتە هۆی لە دەستدانی مصداقیەتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەكان لەسەر ئاستی جیهاندا.

ج- هەروەها هەندێك لە فقهای نێودەوڵەتی دەڵێن لەبەرژەوەندی ئەنجومەنی ئاسایشە كە دەست وەرنەداتە ناو دادگا, چونكە هەندێك جار دادگا رەفزی ئەو داواییە دەكات كە لەلایەن ئەنجومەنەوە ئاراستە كراوە, ئەمەش دەبێتە هۆی لە دەستدانی متمانەی ئەنجومەنی ئاسایش نێودەوڵەتی.[19]

ح- لەلایەکی ترەوە هەندێك لە فقهای نێودەوڵەتی لەوباوەڕەدان هیچ کیشەیەك دروست نابێت ئەگەر بێت و هەندێك لەدەسەڵاتەکان بدرێت بەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی پێویست سەبارەت بە تاوانە نێودەوڵەتییەکان.

خ- لەدادگەری پێشووتر,ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەسەڵاتیکی باڵای هەیە بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە و دادگای تایبەتمەند بۆ دادگایکردنی تاوانبارانی جەنگ و ئەو کەسانەی تاوانی دژی مرۆڤایەتییان ئەنجامداوە وەك ئەوەی لە (یوگسلافیاو ودارفوڕو ڕواندا و بۆروندی) روویدا.[20] بەلأم ڕەنگە ئەنجومەنی ئاسایش جارێکی تر دادگای تایبەتمەند پێکنەهێنێت لە عیراق سەبارەت بە دۆسییەی تاوانی ئەنفال چونکە لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق ئەو دادگاییە دروستکراو کاری یاسایی خۆی ئەنجامدا لە سزادانی تاوانبارانی کۆمەڵکوژی ئەنفال.

**سێهەم:**

بۆ ئەوەی لائحەیکی یاسایی پیشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بکرێت سەبارەت بە تاوانی کۆمەڵکوژی گەلی کورد (ئەنفال) پێویستە لەسەر دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان کە ڕێکاری یاسایی ئەنجامبدەن بەلأم حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی ئەوەی نییە داوا یان سکالأ تۆمار بکات لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ ئەنجامدانی ڕێکاری یاسای پێویست بۆ ئەوەی تاوانی ئەنفال بەتاوانی جینۆساید بناسرێت, چونکە هەرێمی کوردستان ئەندام نییە لە نەتەوەیەکگرتووەکان و وادادەنرێت کە سیادەی دەوڵەتی نیە و باوەڕ پێکراونییە لە نەتەوە یەکگۆتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش.[21] هەر سکالأیەك یان داواکارییەك کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامی بدات بە گوێرەی سیستەمەی بنەرەتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەبێ بنەما دادەنرێت و بەهیچ شێوەیەك هێزی یاسایی پێویستی نییە تاکو بخرێتە بەرنامەی کار بۆ ئەنجامدانی کاری یاسایی پێویست, لەلایەکی ترەوە دەبێت هەموو ئەندامانی هەمیشەی و ناهەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایش ڕەزامەندی دەرببڕن.

بەندی 26 پەییمانی ڤییەنا دەربارەی ڕێککەوتنامەی نەتەوەیی لە 1969/5/24 مەسەلەی هاوئاهەنگی یاسایی ناوخۆی و یاسایی نێودەوڵەتان دێتە پێشەوە دەبێت رەچاو بکرێت).

هەروەها پرۆفیسۆر بۆتیکێڤیچ دەڵێ (پیویستە میکانیزمی هاوئاهەنگی یاسایی ناوخۆی دەوڵەت و یاسایی نێونەتەوەیی و لەگەل میکانیزمی کۆنترۆڵکدرنی یەکانگیری بنەماکانی هەردوو سیستەمی یاسایی یەکتر تەواو بکەن)[22].

## بەشـــی دووەم
## ڕۆڵـــی داواكـــاری گشـــتی نێـــودەوڵـــەتـــی

بەپێی ماددەی (15,18,19,54,61,72) لە سیستەمی بنەڕەتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەكاندا بەڕێوەبەرایەتی سەرتایی لەسەر بنەمای داواكاری داواكاری گشتی ماف دەركردنی بڕیارو فەرمانی گرتنی یان ئامادەبوونی تاوانباری هەیە لەبەردەم دادگا, ئەنجومەنی ئاسایشی دەبێت ڕەزامەند بێت بۆ دەستنیشانكردنی داواكاری گشتی نێودەوڵەتی بۆ ئەنجامدانی لێكۆڵینەوە لەو تاوانەی ئەنجامدەدرێت بەپێی ئەو زانیارییە بنەڕەتیانە كە لەلایەن دادگای نیودەوڵەتیەوە كۆدەكرێتەوە.[23] هەروەها لە بڕگەی 2 هەمان ماددەی سەرەوە داواكاری گشتی نێودەوڵەتی دەتوانی لێكۆڵینەوە و شیكردنەوەی تەواو بكات لە هەموو ئەو زانیاریانەی كە پێشكەش دەكریت لەلایەن دەزگاكانی نەتەوە یەكگرتووەكان یان ئەو دەوڵەتەی كە تاوانەكەی تێدا كراوە یان لەلایەن ڕێكخراوە حكومەی و ناحكومییەكان.[24]

هەروەها بەپێی سیستەمی بنەڕەتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكاندا لە بڕگەی 4 لە هەمان ماددەی سەرەوە لە دوای ووردبوونەوە لێكۆڵینەوە وپێشكەشكردنی داواكارێكە و پێدانی زانیارییەكان بە دادگا,داواكاری گشتی ماف ئەوەی دەبێت لیكۆڵینەوە ئەنجامبدات ئەگەر دادگا ڕەزامەندی دەربڕیبوو سەبارەت بەو داواكارییەی پێشكەش دەكرێت.

پێویستە لەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێراق لە ڕێگای ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی یان داواكاری گشتیەوە كاری یاسایی ئەنجام بدەن,چونكە بە پێی ماددەی پازدە و هەژدە لەسیستەمی بنەڕەتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكاندا مافێكی تەواو دەدات بەداواكاری گشتی نێودەوڵەتی كە هەستێ بە لێكۆلینەوە لەبەردەم دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكاندا پاش بەدەستهێنانی ڕەزامەندی دەزگای سەرەتایی (تمهیدی) كرا لەدادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكان. بە پێی ماددەی (86) لە سیستەمی بنەڕەتی دادگادا هاتووە داواكاری گشتی نێودەوڵەتی دەتوانی لێكۆڵینەوە ئەنجامبدات لە هەرێمی دەوڵەتیك بنیاد لە سەر ئەحكامەكانی هاوكاری دەوڵەتان و یارمەتی دادوەری.[25]



هەروەها بە پێی ماددەی 13 لە سیستەمی بنەرەتی دادگادا هاتووە پێویستە دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەکان هەستی بە ئەنجامدانی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لە ڕیگای داواکاری گشتیەوە بۆ دەرکەوتنی ڕاستی تاوانەکان ئەگەر داواکاری کرا لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی یان لەلایەن دەوڵەتەکەوە کە تاوانی تیدا ئەنجامدراوە یان لایەن داواکاری گشتیەوە داواکرا بەمەبستی لێکۆڵینەوە لەتاوانێك, لەم کاتەدا داواکاری گشتی ماڤ ئەوەی هەیە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لێکۆڵینەوە ئەنجامبدات.[26] هەروەها بە پێی ماددەی 14 لەسیستەمی بنەرەتی دادگادا هاتووە تەنها دەوڵەتانی ئەندامی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن داوای داواکاری گشتی بکەن بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە لەماددەی 5 میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووە.[27]

بەڵام بە پێی ماددەی (53) لە سیستەمی بنەرەتی دادگا هاتووە,ئەگەر بڕیار درا بنەماییەکی ڕاستی و دروستی نییە لەبوونی تاوانیك کە روویدا بیت ئەوە پێویستە بەڕێوەبەرایەتی تمهیدی ئاگادار بکرێتەوە ئەگەر لێکۆڵینەوە لە بەرژەوەندی دادپەروەری نەبوو یان بنەمایەکی بنەرەتی نەبوو یان کات گونجاو نەبوو بۆ لێکۆڵینەوە یان تەمەنی تاوانبار نەگەیشتبووە تەمەنی لێپرسراوی یاسایی.[28] لەلایەکی ترەوەی هەندێك لەدەوڵەتانی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕەزامەند نین لەسەر ئەوەی کە دادگای باڵای تاوانە نێودەوڵەتیەکان ڕۆڵی تەواو بدات بەداواکاری گشتی نێودەوڵەتی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و تۆمارکردنی سکاڵا لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکا و روسیا لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

1-هەندیك لەدەوڵەتانی جیهان بەتایبەتی ئەرجەنتین و ئەڵمانییا ڕازین لەسەرئەوەی داواکاری گشتی نێودەوڵەتی ڕۆڵی تەواوی هەبێت بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بەو تاوانەی کە روودەدات کە لە ماددەی پێنجی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هاتووە, چونکە داواکاری گشتی ناتوانی ڕۆڵی تەواو بگیرێت لە کۆکردنەوەی بەڵگە لە شوێنی تاوان.

2-بەپێی بیروبۆچوونی روسیاوئەمریکا سەربەخۆی داواکاری گشتی نێودەوڵەتی پێویست نییە سەبارەت بەکێشە نێودەوڵەتییەکان, چونکە پێدانی ئەم دەسەڵاتە بەداواکاری گشتی کاریگەری دەبێت لەسەر بەرەوە پێشچوونی ڕێکاری یاسای پێویست لەدادگا لەلایەك و, کۆکردنەوەی بەڵگە و وەرگرتنی ووتەی شاهید و فەرمانی گرتنی تاوانباران لەلایەکی ترەوە چونکە لەدەسەڵاتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەکانە نەوەك داواکاری گشتی نێودەوڵەتی.[30]

لە سیستەمی بنەرەتی دادگا نەهاتووە بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا کەدەسەڵاتی تەواو بدرێت بەداواکاری گشتی نێودەوڵەتی وەك رۆشتنی بۆ شوێنی تاوان و کۆکردنەوەی بەڵگەو وەرگرتنی ووتەی شاهیدەکان و دابینکردنی کەسانی پسپۆروشارەزا چونکە لە دەسەڵاتی داواکاری گشتی نێودەوڵەتی

نیە,بەپێچەوانەوە مافی ئەوەی هەیە کە لائیحەی یاسایی بنوسێت و پێشکەشی دادگای بکات بەڕەزامەندی ئەنجومەنی ئاسیش و ئەو دەوڵەتەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە.[31]

3-ئەگەر بێت و ئەو دەوڵەتەی کەتاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە توانایی ئەوەی نەبێت کە بەڵگەی تەواو بخاتەبەردەم داواکاری گشتی, ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە تاوانەکە نەگەیشتووەتە پلەی ترسناکی, دەوڵەتەکە کەمتەرخەمە لە پێشکەشکردن و کۆکردنەوی بەڵگەو وەرگرتنی ووتەی شاهیدەکان.

4-هەندێك لەدەوڵەتانی تر لەسەرووی هەموویانەوە دەوڵەتانی عەرەب لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەڵێن گونجاو نیە دەسەلاّتی تەواو بدرێت بەداواکاری گشتی نێودەوڵتی بەمەبەستی لێکۆڵینەوە تۆمارکردنی سکالاّ,بەلاّم هەندێك لەدەوڵەتانی عەرەب دەڵێن گونجاوە ڕۆڵێکی گرنگ بدرێت بەداواکاری گشتی ئەویش بەڕەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایش و ئەو دەوڵەتەی کەتاوانەکەی تێدا ئەنجادراوە و پێویستە ڕەزامەندی بەرێوەبەرایتی سەرتایی (تمهیدی) وەربگیرێت لەدادگای بالاّی تاوانە نێودەوڵەتیەکان.[32]

5-بەپێی ماددەی (15 بڕگەی 1 ) و ماددەی ( 13 بڕگەی ج ) کە لەسیستەمی بنەرەتی دادگادا هاتووەو دەسەلاّت دەدات بەداواکای گشتی نێودەوڵەتی بەمەبەستی لێکۆڵینەوە وتۆمارکردنی سکالاّ. ئەگەر دەوڵەتی عێراق ببێت بەئەندام لە دادگای بالاّی تاوانە نێودەوڵەتیەکان لەوکاتەشدا ناتوانرێت سکالاّ تۆمار بکات چونکە کێشەی گەورەی بۆدروست دەبێت لەرووی یاساییەوە.[33]

6- بە پێی ماددەی 125 لەسیستەمی بنەرەتی دادگا, ئەو دەوڵەتەی کە داواکاری پێشکەش دەکات بۆ بوون بە ئەندام, دەبێت رەزامەنی سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکانی بە دەستهێنابێت. هەروەها بەپێی ماددەی 126 بڕگەی 2 لەسیستەمی بنەرەتی دادگادا هاتووە هەردەوڵەتێك دەیەوێت ببیت بە ئەندام لە دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەکاندا دەبێت داوا بکات لە ئنجومەنی ئاسیش و ڕەزامەندی وەربگرێت.[34]

دەبێت داواکاری پێشکەش بکات و لەماوەی 60 ڕۆژ وەلاّم دەدرێتەوە ئایا ڕەزامەندی لەسەر دراوە یان داواکارێکە دوور خراوەتەوە. ئەگەر بێت و دەوڵەتی عێراق نیازی ئەوەی هەبێت ببێت بەئەندام لە دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەکان لە ئیستادا ئەوە مافی ئەوەی نیە سکالاّ تۆمار بکات لەدادگای نێودەوڵەتی بۆ گرتنەبەری ڕێکاریی یاسایی پێویست بەمەبەستی بەجینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال چونکە ئەم تاوانە پێش ساڵی 2002 روویداوە کە لەماددەی 126 لەسیستەکی بنەرەتی دادگادا ئاماژی پێداوە.[35]

## بەشی چوارەم

## ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەگرتنەبەری ڕێکاریی یاسایی پێویست بۆ بەجینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال

پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم هەنگاوانە بگرێتە بەر بەمەبەستی بە جینوساید ناساندی تاوانی ئەنفال:

**یەكەم: كۆكردنەوەو ئامادەكردنی بەڵگە.**

كۆكردنەوەی بەڵگە بەیەكێك لە گرنگترین ئەوكارانە دادەنرێت كەحكومەتی هەرێمی كوردستان پێویستە ئەنجامی بدات,هەروەها ڕۆیشتن بۆ شوێنی ڕووداوەكە بۆئەوەی هەموو ئەو بەڵگەو شوێنەوارانە بكرێت بە دۆكۆمێنت و بەڵگەی تەواو لەسەر ئەو كەس ولایەنانەی كەتاوانەكەی ئەنجامداوە, ووتەی شاهیدەكان و ئەوانەی لەڕووداوەكە بەزیندوو دەرچوون و ڕزگاریان بووە,لەلایەكی ترەوە پێویستە هەرێمی كوردستان لیژنەیەكی پسپۆر دروستبكات لەكەسانی نێودەوڵەتی بۆئەوەی بتوانن هەموو بە دۆكومینت و بەڵگانە پاكێج بكات و كۆیانبكاتەوە كەپێویستە پێشكەشی نەتوە یەكگرتووەكان و ئەنجومەنی ئاسایش و دادگا بكرێن.




**دووەم: پەیوەندی لەگەڵ حكومەتی بغداد.**

بەپێی سیستەمی بنەرەتی دادگا هەردەوڵەتێك كە ئەندامە لەدادگای باڵای تاوانە نێودەوڵەتیەكان ماف ئەوەی سكاڵاتۆماربكات لەسەر ئەوكەس و لایەن و گروپانەی كە تاوان ئەنجامداون لەناوخاكەكەیدا. بەڵام حكومەتی عێراق و حكومەتی هەرێمی كوردستان بەپێی سیستەمی بنەرەتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكان ماف ئەوەیان نییە سكاڵا تۆمار بكەن, چونكە ئەندام نین لە دادگا, لەلایەكی ترەوە حكومەتی هەرێمی كوردستان و دەوڵەتی عێراق هیچ جێگاو پێگەیەكیان لە دادگای نێودەوڵتی نییە. هەرێمی كوردستان ئەندام نیە لەنەتەوەیەكگرتوەكان ,واتە دەوڵەت نیە تاوەكو بتوانێت داوابكات لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی ڕێكاری یاسایی پێویست ئەنجامبدات.[36]

دەبێت حكومەتی هەرێمی كوردستان هەماهەنگی تەواوی هەبێت لەگەڵ حكومەتی بغداد بۆ كۆكردنەوەی بەڵگە,لە وەرگرتنی ووتەی شاهیدەكان,دۆكومێنتكردنی ئاساری دوای ڕووداوی كۆمەڵۆژیی تاوانی ئەنفال,چونكە حكومەتی بغداد دەتوانێت داوا یان سكاڵا بكات لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەمەبەستی بەجینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال ولیكۆلینەوەی پێویست ئەنجام بدات سەبارەت بەتاونی كۆمەڵكوژی گەلی كورد.

دەوڵەتی عێراق بەسیفەتی ئەوەی سیادەی دەوڵەتی هەیە و ئەندامە لە UN, دەتوانێت داوا بكات لە نەتەوە یكگگرتووەكان تاوەكو هاوكاربن لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ گرتنەبەری ڕێكاری یاسایی پێویست لەدادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكان.

## دەروازەی سێـــــهــــەم

## بەشی یەكەم

## ڕێككەوتنامەی قەدەغە كردنی تاوانی كۆمەڵكوژی و سزادانی دانی لەسەرئە نجامدانی

كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكانن بە بڕیارێكی خۆی (96-د لە 11 كانونی 1946 دا دەرچووە كە جینۆساید تاوانێكە بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەكان و لەسەر ئەمانەڕێككەوتن:

**بەندی یەكەم:**

لایەنی ڕێككەوتنەكە بڕوایی دێنن بەوەی كە جینۆساید ئەگەر لەكاتی ئاشتی یان شەڕدا ئەنامدرابێت ئەوە تاوانێكە بەپێی یاسا نێودەوڵەتی و پەیمانی قەدەغە كردنی و سزادانی ئەوكەسانەی ئەنجامیانداوە یان بەشدار بوونە یان هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

ڕایدەگەینن كە نەتەوە یەكگرتووەكان بە پێی ئەو بنەماو مەبەستانە كە لە بڕوانامەكە دیاری كراون پەیوەستن بەپشتگیریكردنی نێوان دەوڵەتان و هاوكارییكردنی دەوڵەتان لەبەدواداچوون و گرتن و تەسلیمكردنەوە و سزادانی كەسانی تاوانبار بەئەنجامدانی تاوانەكانی جەنگ و تاوانەكانی دژی مرۆڤایەتی.[37]

1-تاوانەكانی جەنگ وتاوانەكانی دژ بەمرۆڤایەتی لە هەردەوڵەتێك یان هەرێمیك ئەنجامدرابن, پێویستە لێكۆڵینەوەی تێدا بكرێت,ئەو كەسانەی كە بەڵگەی ئەوەیان لە سەر هەیە كە تاوانە ناوبراوەكانیان ئەنجامدابێت, جێگای بەدواداچوون و وەستاندن و دادگایی كردنن.

2-هەردەوڵەتێك مافی دادگاییكردنی هاوڵاتیانی خۆی هەیە بەهۆی تاوانەكانی كۆمەڵكوژی و تاوانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتی.

3-دەوڵەتان یارمەتی یەكتر دەدەن لە لێكۆڵینەوە بەدواداچوون و گرتن ودادگاییكردنی ئەوانەی كە گومانیان لێدەكرێت كە بابەتی وەك ئەم تاوانەیان ئەنجامدا بێت.

4-بەپێی حوكمەكانی بەندی (1) لە جاڕنامەی پەنابەریی ئیقلیمی كە لە 14 ی كانونی 1967 دا دەرچووە, نابێت دەوڵەتان پەنایی هیچ كەسێك بدەن كە گومانی تەواوی لێدەكرێت بە ئەنجامدانی تاوانی دژی ئاشتی یان تاوانی جەنگ یاخود تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی.

## بەشــی دووەم

## لایەنە باشەكانی حكومەتی عێراق بۆ بوون بە ئەندام لە دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەكان..

سەرەڕایی زۆری كۆت وبەند لەبەردەم دەوڵەتی عێراق سەبارەت بەداواكردن لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ تۆماركردنی سكالاً لەبەردەم دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكان بەمەبەستی بەجینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال,حكومەتی عێراق دەتوانێت ببێت بەئەندام لە دادگای نێودەوڵەتی بۆئەوەی جارێكی تر تاوانی كۆمەڵكوژی و تاوانی دژی مرۆڤایەتی روونەدات لە عێراق.[38]

### دەتوانرێت لایەنە باشەكانی بخرێتە روو لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا :

1-پابەند بوونی دەوڵەتی عێراق بۆ هاوكاریكردنی دادگای تاونە نێودەوڵەتیەكان. سیستەمی بنەرەتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكان دەوڵەتانی ئەندام بەتەواوی ملكەچ دەكات بۆ گرتنەبەری ڕێكاری یاسایی پێویست لە دژی هەر حكومەت و لایەن و گروپێك كە بیەوێت تاوانی كۆمەڵكوژی ئەنجامبدات. ئەگەر دەوڵەتی عێراق ببێت بەئەندام لە دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكاندا بەئاسانی دەتوانێت كاری یاسایی پێویست ئەنجامبدرێت لە هەر تاوانێكی كۆمەڵكوژی روودەدات لە عیراق.

2-پێویستە لەلایەن دەوڵەتی عێراق و حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە هاوكاری تەواوی ئەندامانی نوێنەری UN و داواكاری گشتی نێودەوڵەتی و ڕێكخراوە حكومی و ناحكومیێەكان بكرێت بۆ ئەنجامدانی ڕێكاری یاسایی پێویست بەمەبەستی جێبەجێكردنی بڕیارەكانی دادگا, بۆبەجینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال.

3-ئەگەر دەوڵەتی عێراق ببێت بەئەندام لە دادگای تاونە نێودەوڵەتیەكان ئەوە زۆر بەئاسانی دەتوانرێت یارمەتی كەسانی پسپۆری نێودەوڵەتی بدرێت بۆكۆكردنەوەی بەڵگە و هەروەها بانگكردن وهێنانی شاهیدەكان بۆ بەردەم دادگای نێودەوڵەتی بۆئەوەی بۆدادگا بەتەواوی روونبێتەوە كە تاوانی كۆمەڵكوژی ئەنجامدراوە لە ساڵی 1988 لە دژی گەلی كورد.

4-بوون بەئەندام لەدادگای تاوانە نێودەوڵەتییەكان هۆكارێكی باش دەبێت بۆ دەوڵەتی عێراق لە كەمكردنەوەی تاوان, لەلایەكی تر روون دەبێتەوە بۆ ئەو گروپ ولایەنانەی ئەگەر بیانەوێت تاوانی كۆمەڵكوژی ئەنجامبدەن لە عێراق, چونكە بۆیان دەردەكەوێت كەتاوانباران دەبرێنە بەردەم دادگای نێودەوڵەتی بۆ سزادان و دادگایكردنییان.[39]

## بەشی سێهەم

## ئە نجام و پێشنیارەكان بۆ بەجینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال

1-بەپێ بڕگەی ب ماددەی 13 لە سیستەمی بنەرەتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكان ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەسەڵاتی هەیە بۆ ئەوەی لیژنەیەكی پسپۆر دروستبكات بۆ لێكۆڵینەوە یان

سكالاْ یان داوا بكات لەبەردەم دادگای نێودەوڵەتی یان لە تاوانی كۆمەڵكوژی كورد. نمونە كیشەی دارفۆر لەسوودان كە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەبڕیاری ژمارە 1593 ساڵی 2015 ڕەوانەی كرد بۆدادگای تاوانە نێودەوڵەتییەكان.

ئەگەر بێت و حكومەتی عێراق هاوكاری هەرێمی كوردستان نەكات لە گرتنەبەری ڕێكاری یاسایی پێویست بۆ بەجینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی ئەوە زۆر قورس و گران دەبیت بۆ هەرێمی كوردستان بەتەنها بتوانێت ئەوكارە ئەنجامبدات چونكە دەوڵەت نیەو ئەندامی دادگای نێونەتەوەیی نیە لەلایەكی ترەوە عیراق مەرج و سیفەتی سیادەی دەوڵەتی هەیە, بۆیە ئەنجومەنی ئاسایشی نێوەدەوڵەتی و دادگای باڵای تاوانە نیێودەوڵەتیەكان تەنها داواكاری ئەو لایەنە وەردەگرێت كەسیفەتی دەوڵەتی هەیە. دەبێت هەرێمی كوردستان بەفەرمی داوا بكات لەحكومەتی عێراق كەهاوكاری بكات سەبارەت بەتەواوكردنی ڕێكارە یاساییەكەن لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ودادگا بۆ جینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال.

دەوڵەتی عیراق سیفەتی سیادەی دەولی هەیە لەگرتنەبەری ڕێكاری یاسایی پێویست سەبارەت بەجینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال لە UN دادگای باڵای تاوانە نێودەوڵەتیەكاندا چونكە باشتر واییە ئەوكەسانەی كەتاوان ئەنجامدەدەن ببرێنەبەردەم دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكان لەبەرئەوەی ئەم دادگاییە دوورە لەروحیەتی لایەنگرانی بۆ هیچ دەوڵەتێك و بەروحیەتی مەزهەب و تائفی بیرناكاتەوە وسورشتێكی نێودەوڵەتی هەیە نەك ناوخۆی.

2-حكومەتی هەرێمی كوردستان دەبێت هاوكاربێت بۆئەو پسپۆرو رێكخراوە نێودەوڵەتیانەی كەدەیانەوێت لێكۆلینەوە ئەنجام بدەن لەتاوانی كۆمەڵكوژی ئەنفال لەرووی كۆكردنەوی بەڵگە و وەرگرتنی ووتەی شاهیدەكان و دۆكۆمێنتكردنی سەرجەم ئاسارەكانی دوای تاوانەكە, چونكە ئامانج لە دادگای نێودەوڵەتی تەنها بۆ ئاسایش ودابینكردنی ئاشتی نێودەوڵەتی و پاراستنی گیانی هاوڵاتیانە لە بەرامبەر دەسەڵاتە تووندڕەوەكان كە دەیانەوێت تاوانی كۆمەڵكوژی ئەنجام بدەن.

واتە هەرێمی كوردستان دەبێت كارئاسانی تەواوبكات بۆئەوەی سەرجەم بەڵگەو دۆكومێنتەكان بەشێوەی یاسایی تۆماربكرێت وگونجاوبێت لەپێشكەشكردنی لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایش ودادگا,چونكە ئەگەر بێت وئاساری دوای كۆمەڵكوژێك وەك خۆی دۆكۆمێنت نەكرێت ئەوە دادگا وئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەتەواوی دۆسێكە رەد دەكاتەوە وئەوبەڵگانە وەرناگرێت چونكە وادادەنرێت ئەودەوڵەتە نەیتوانیووە بەڵگەی تەواو لە تاوانی كۆمەڵكوژێكە بخاتە روو.

واتە ئەگەر هەرێمی كوردستان توانای ئەوەی نەبێت بەتەواو بەڵگەكان دوكۆمێنت بكات و بیخاتەروو ئەوە لەوكاتەدا رەفز دەكرێت لەئەنجومەنی ئاسایش و دادگای تاونە نێودەوڵەتیەكان چونكە دادگا وای دادەنێ كەهەرێمی كوردستان عاجزە لەكۆكردنەوەی بەڵگەی تاوانی كۆمەڵكوژی ئەنفال وپسپۆرو شارەزا دەبێت ئەو ڕێكارە یاساییە ئەنجامبدات.

3-تۆماركردنی سكالاَ لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایش و دادگا باشترین ڕێگایە بۆ بەجینۆسایدناساندنی تاوانی كۆمەڵكوژی ئەنفال, چونكە ئەم دۆسیە دەبێتە دۆسیەكی نێودەوڵەتی و سفەتێكی دەولی تایبەت وەردەگرێت, لەلایەكی ترەوە بەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەڕوات و ڕەزامەندی لەسەردەدرێت,روون دەبێتەوە بۆدەوڵەتانی جیهان كە صدام حسێن تاوانی كۆمەڵكوژی لە دژی گەلی كورد ئەنجامداوە.

هەرێمی كوردستان دەبێت لەڕێگای بغدادوە داوایەك بەرزبكاتەوە بۆ دەوڵەتانی هەمیشەی و ناهەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆتۆماركردنی سكالاَ لەدادگا یان لەڕێگای داواكاری گشتی نێودەوڵەتیەوە كاری‌یاسایی پێویست ئەنجامبدات بۆ بەجینۆسای ناساندنی تاوانی كۆمەڵكوژی ئەنفال .

4-بەپێی ماددەی 15 برگەی 1 لەسیستەمی بنەرەتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكاندا هاتووە كە داواكاری گشتی نێودەوڵەتی دەتوانێت دەست بەلێكۆلینەوە بكات و سكالاَتۆماربكات لەدادگای نێودەوڵەتی,حكومەتی هەرێمی كوردستان دەتوانێت بەهەماهەنگی لەگەڵ دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكان و لەرێگای داواكاری گشتی نێودەوڵەتیەوە سكالاَ تۆماربكات لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دادگا, چونكە دادگا باشترین وئاسانترین وەسیلەیە بۆگرتنی تاوانباران و دادگایكردنیان بەشێوەی دادپەروەرانە وجیاكردنەوەی كاری شەرعی وناشەرعی.

واتە دەبێت حكومەتی هەرێمی كوردستان هەستێت لە ڕێگای ئەنجومەنی ئاسایش و داواكای گشتی نێودەوڵەتیەوە ڕێكاری یاسایی ئەنجام بدات,لێرەدا دەبێت سەرجەم بەڵگەودۆكۆمێنتەكان كۆكرابێتەوە ئامادەكرابێت لەرووی یاساییەوە پاشان هێنانی داواكاری گشتی نێودەوڵەتی بۆكوردستان تاكو بتوانرێت گفتوگۆی لەگەڵ بكریتێ و سەرجەم بەڵگە یاساییەكان پێداچوونەوی بۆبكات و تاكو بەتەواوی رێكخرابێت بۆ پێشكەشكردن لەبەردەم ئەنجومەن و دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەكان.

ئەگەر بێت و بەڵگەكان سفەتی یاسایی خۆی وەرنەگرێت ئەوە دادگا ناتوانێت ئەوبەڵگانە وەربگرێت,چونكە وادادەنرێت ئەودەوڵەتە كەمتەرخەم بووە لەكۆكردنەوی بەڵگەگان لەشوێنی رووداوەكە(المسرح الجريمه) وپسپۆروشارەزایان نەیاتوانیووە بەڵگەی تەواو بخەنە روولەبەردەم دادگا بۆ

بەجینۆساید ناساندنی تاوانی کۆمەڵکوژی کەلەساڵی 1988 روویدا لە هەرێمی کوردستان ,لەلایەکی ترەوە دادگا وادادەنرێت کەتاوانەکە نەگەیشتووەتە ڕێژەی ترسناکی.

واتە ئەوتاوانەی ئەنجامدراوە نەگەیشتووە بەوەی کەبەتاوانی کۆمەڵکوژی دابنرێت یان مەرجەکانی تاوانی دژی مرۆڤایەتی وتاوانی کۆمەڵکوژی بەدی ناکرێت کە لەماددەی پێنج میساقی UN ئاماژەی پێداوە بۆیە هەرێمی کوردستان دەبێت زۆر بەووریایەوە بەڵگەکان کۆبکاتەوە دۆکۆمێنتی بکات ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەکان قبووڵکراو بێت. لێرەدا هەرێمی کوردستان هەموو ڕێکارە یاساییەکان دەکات لەڕێگای ئەنجومەنی ئاسایش و داواکاری گشتی نێودەوڵەتییەوە.

## Reference Book


1-Human Rights Watch. (1993) ‘Genocide in Iraq - The Anfal Campaign Against the Kurds.’ Available at: http://www.hrw.org/legacy/english/docs/2006/08/14/iraq13979_txt.htm. Ziad (2007) Defining Genocide: A legal and Social Perspective. [Internet] available at http://www.socyberty.com/Social-Sciences/Defining-Genocide-A-Legal-and-Social-Perspective.4232 accessed 28th April 2009.

–پرۆفیسۆر دکتور عمر مارف گوڵ,جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسایی نێودەوڵەتی,بلاۆکراوەی ئاراس ژمارە942,چاپی پێنجەم هەولێر 2010, لاپەرە 28.

2-Chalk, F., K. Jonassohn’s. (1990) The History and Sociology of Genocide: Analysis and CaseStudies, New Haven.

3-Gregory H. Stanton (2005) Genocides, Politicides, and Other Mass Murder Since 1945, With Stages in Internet] available at http://www.genocidewatch.org/genocidetable2005.htm (accessed 29th April 2009(

4-Kuper, Leo. (1982) Genocide: Its Political Use in the Twentieth Century Yale University Press.

5- Power wrote that “the link between Hitler’s Final Solution and Lemkin’s hybrid term would cause endless confusion for policymakers and ordinary people who assumed that genocide occurred only where the perpetrator of atrocity could be shown, like Hitler, to possess an intent to exterminate every last member of an ethnic, national, or religious group.” Samantha Power, A Problem from Hell: America and the Age of Genocide New York: Basic Books, 2002), p. 43

6-Leo Kuper, Genocide: Its Political Use in the Twentieth Century (New Haven and London: Yale University Press, 1981), p. 27.

7-Before compromises were made to reach the final definition, the UN originally described genocide as “the denial of the right of existence of entire human groups, as homicide is the denial of the right to live of individual human beings….” Quoted in Kuper, op. cit., p. 23.

8-See also Zigiranyirazo, (Trial Chamber), December 18, 2008, para. 431 (similar Karera, (Trial Chamber), December 7, 2007, para. 552 (similar); Seromba, (Trial Chambe December 13, 2006, para. 361 (similar); Mpambara, (Trial Chamber), September 11, 2006 para. 9 (similar); Simba, (Trial Chamber), December 13, 2005, para. 422 (similar.

9-Van Bruinessen, Martin (1994), “Genocide in Kurdistan?: The Suppression of the Dersim Rebellion in Turkey (1937-38) and the Chemical War Against the Iraqi Kurds (1988)”, in Genocide: Conceptual and Historical Dimensions (ed.) by George J. Andreopoulos, University of Pennsylvania Press.

10- Van Bruinessen, Martin (2000), “Kurdish society, ethnicity, nationalism and refugee problems”, in Stefan Sperl and Philip G. Kreyenbroek, The Kurds, A contemporary overview, Lonon and New York: Routledge.

11- Watch, Genocide (2006), “Saddam Hussein's Anfal against the Kurds Was Genocide available at http://www.kurdmedia.com/news.asp?id=13471 Watch, Human Right (1994), ”Bureaucracy of Repression: The Iraqi Government in Its Own Words”, available at http://www.hrw.org/reports/1994/iraq/TEXT.htm.

12-Watch, Human Right (1993), “The Ali Hassan Al-Majid Tapes”, meeting nr. 5, available at http://hrw.org/reports/1993/iraqanfal/APPENDIXA.htm.

13-Watch, Human Right (1993), “Chemical Ali in His Own Words” available at http://www.hrw.org/campaigns/iraq/chemicalali.htm.

13-Watch, Human Right (1993), “GENOCIDE IN IRAQ: The Anfal Campaign Against the Kurds”, A Middle East Watch Report Human Rights Watch , New York, London, Printed in the United States of America. Library of Congress Card Catalog. More available at http://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal

14-Qurbani, Arif (2003), “From Um Rehan to Topzawa”, interview with Abdulhasan M. Murad, a bulldozer driver who participated in the 1988-genocide by digging pits and covering the mass graves, 28.09.2003 kurdistannet.org.

15-International Criminal Court, Elements of Crimes available at http://www.refworld.org/docid/4ff5dd7d2.html 2011.

16-William Schabas, Genocide in International Law, The Crimes of Crimes, Cambridge University Press, 2000) p.179 citing Prosecutor v. Akayesu (Case No. ICTR-96-4-T), Judgment, 2 September ,1998paragraph 588

17-Robinson, Nehemiah, The Genocide Convention: A Commentary, 63, New York: Institute of Jewish Affairs, 1960.

18-A prominent campaigner for this approach is Alexander Greenwalt’s ‘Rethinking GenocidalIntent: The Case for a Knowledge-Based Approach’ in number 99 Columbia Law Review, 2259 ,1999

19-William Schabas, Genocide in International Law, The Crimes of Crimes, Cambridge University Press, 2000, pp. 256-260.

20-The Statute of the Iraqi Special Tribunal, 10 December 2003, Articles 11-14.

21-Human Rights Watch, 'Judging Dujail: The First Trial before the Iraqi High Tribunal', Report 18/9 November, 2006, p. 2.

22-Human Rights Watch, Justice for Iraq: A Human Rights Watch Policy Paper (Dec. 2002), http://www.hrw.org/backgrounder/mena/iraql217bg.htm [hereinafter HRW, Justice for Iraq] (concluding that the judiciary in Iraq was "deeply compromised" during Ba'ath Party rule and that the Revolutionary Court, State Security Court, and Special Provisional Court, in particular, were "instruments of repression.

**پرۆفیسۆر دكتور عمر مارف گولّ,جینۆسایدی گەلی كورد لەبەر رۆشنایی یاسایی نێودەوڵەتی,بلاّوكراوەی ئاراس ژمارە942,چاپی پێنجەم هەولێر 2010, لاپەرە 144**

23-THE ANFAL TRIAL AND THE IRAQI HIGH TRIBUNAL UPDATE NUMBER Two THE PROSECUTION WITNESS AND DOCUMENTARY EVIDENCE PHASES OF THE ANFAL TRIAL 6, available at http://www.ictj.org/images/content/7/2n725.pdf (last visited Feb. 18, 2009) [hereinafter UPDATE I

24- *Id*. (testimony of "Witness One47

25- *Id*. (testimony of forensic anthropologist Dr. Clyde Snow

26- *Id*. at 9

27-*Id*

28-*Id*. at 10.

29- ICC-OTP, Prosecutor of the International Criminal Court, Fatou Bensouda, re-opens the preliminary examination of the situation in Iraq, 13 May 2014

30- UN Office of Legal Affairs, Summary of Practice of the Secretary-General as Depositary of Multilateral Treaties, U.N. Doc. ST/LEG/7/Rev.1, paras. 81-83 .

31- Available online at http://www.iraq-iht.org/ar/doc/ihtdf.pdf (Arabic); a preliminary English translation is available at http://law.case.edu/saddamtrial/content.asp?id=88. 8 See, e.g., Romesh Ratnesar, "Saddam's Botched Trial," Time January 5, 2007, available online at http://www.time.com/time/world/article/0,8599,1574349,00.html

32- Defendant profiles and descriptions of the crimes with which they are charged, as well as the overview of the complainant phase found in this section, draw largely from the ICTJ's "The Anfal Trial and the Iraqi High Tribunal Update Number One," (January 2007) available online at http://198.170.242.9/arabic/AnfalUpdateOne.arb.pdf Arabic) and http://www.ictj.org/static/MENA/Iraq/AnfalUpdateOne.eng.pdf (English).

33-The Iraqi Code of Criminal Procedure (Law 23 of 1971) stipulates a two-step charging process. Defendants are first referred to trial (art. 131), and a charging instrument is then drawn up by the court after prosecution has presented its evidence (art. 181

34- Prosecutor's opening statement, 21 August 21 2006 (ICTJ Observer Notes See, e.g., GENOCIDE IN IRAQ: THE ANFAL CAMPAIGN AGAINST THE KURDS, Human Rights Watch (1993 available online at http://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/

35- A key element in the crime of genocide is an "intent to destroy, in whole or in part, a national, ethnic, racial or religious group as such an "intent to eliminate, in whole or in part;" see IHT Statute, Art. 11, First.

36- Human Rights Watch Report, "Genocide in Iraq: The Anfal Campaign against the Kurds," July 1993 available online at http://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal.

37-Statute of the Iraqi High Criminal Court, supra note 9, art. 11. The Iraqi Statute mirrors the other substantive categories for individual accountability by also criminalizing conspiracy to commit genocide, direct and public incitement to commit genocide, attempts to commit genocide, and complicity in genocide.

38-Kelly, op cit, pp 989–995; Michael P. Scharf, The significance of the Anfal campaign indictment," in Michael P. Scharf and Gregory S. McNeal, eds, Saddam on Trial: Understanding and Debating the Iraqi High Tribunal (Durham, NC: Carolina Academic Press, 2006), pp 222–224.

39- Human Rights Watch, Genocide in Iraq: The Anfal Campaign against the Kurds (Washington, DC: Human Rights Watch, 1993), http://hrw.org/reports/1993/iraqanfal/ANFALINT.htm. Questions & Answers on the decision of the ICC Prosecutor to close the preliminary examination in Honduras.

http://garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.77

# جینۆساید لەباشووری کوردستان:

## "ڕابوردوو، ئێستا و ئاینده، لێکەوت و کاریگەریی و ئەرکەکان؟

تەها سلێمان
لێکۆڵەرو شارەزا لە بواری جینۆسایدو ئەنفال

### بەرچاو ڕوونی

جینۆسایدیکردنی گەلی کوردستان و کورد، لەباشووری کوردستان "عێراق" چەندین وێستگەی جۆراوجۆری بەخۆوە بینیوە، بەعس وەك پارتی فەرمانڕەوای عێراق لە ساڵی 1963 تا 2003 گەورەترین بەرپرسیارێتی تاوانەکانی جینۆساید دژ بەگەلی کوردو کوردستان لەئەستۆ دەگرێ، لێرەدا ناتوانین هەموو وێستگەکانی ئەم کردەیەو تەواوی وردەکاری و لایەنە جیاجیاکانی روون بکەینەوە، بەڵکو هەوڵدەدەین کۆمەڵێك وێستگەی لەیەکتر جیاواز، واتە لە کات و ساتی جیاواز، بەڵام تەواوکەری یەکتری کردەکە، بەکۆمەڵێك داتاو بەڵگەنامەی سەلمێنراو، بخەینە روو. پێشمان وایە بەلایەنی کەم ئەمەی ئەم بەشەی کوردستان، دەبنە سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لە پەلامارو شاڵاوی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لەلایەن فەرمانڕەواکانی " عێراق" بەتایبەت بەعسی لەگۆڕنراو، هەروەك زانیارییەکی وردیشە بۆ ناسینەوەی تاوانەکانی بەعس.

ناوەڕۆکی باسەکەمان لەم ناونیشان و بەشانەی خوارەوە پێکدێت (بەرچاو ڕوونی، بەرخوردێك بۆ چەمکی جینۆساید، پێناسەی جینۆساید، جینۆسایدی فەیلییەکان لەعێراق ، جینۆسایدی شاری قەڵادزێ ، شاڵاوی جینۆسایدی بارزانییەکان ، شاڵاوی جینۆسایدی بارزانییەکان ، جینۆسایدکردنی هەڵەبجە ، جینۆسایدی ئەنفال ، هێرشە کیمیاوییەکان لە کوردستان ، جینۆسایدی "بالیسان"، جینۆسایدو کیمیابارانی"گۆپتەپە"، جینۆسایدی"سێوسێنان"، جینۆسادی مەسیحی و ئێزدییەکان لە شاڵاوی ئەنفالی هەشتدا ، جینۆسایدی شاری "سەیدسادق" ، جینۆسایدی گوندی "سۆریا"، جینۆسایدی ئەشکەوتی دەکان ، جینۆسایدی ئۆردگای زیوێ ، جینۆسایدی ئێزدییەکان نوێترین تاوان ، بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان ، دۆسییەی تاوانەکان لە دادگا ، ئەرکی ئێستاو ئایندەمان؟، لەسەرئاستی عێراق، لەسەرئاستی پەرلەمانی کوردستان ، لەسەرئاستی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان ، لەسەرئاستی ڕێکخراوەکان ، لەسەرئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی).

بێگومان قسەو بۆچون و لێکدانەوەو خوێندنەوەی تر زۆرن، رەنگە گرنگترین خاڵی هاوبەشی ئەمەی بەردەست لە گەڵ تێکڕای ئەوانی تر، ئەوەبێت کە لەیەکەوە نزیکبن و کۆلکەی هاوبەشیان لە دژ زیاتربێت، ئەمەش خاڵی پۆزەتیفی ئەم باسەی ئێمەیە.

## بەرخوردێك بۆ چەمکی جینۆساید

ناساندن یان ناوزەدکردنی کۆمەڵکوژی بە(جینۆساید) و تەوزیفکردنی لەیاسای نێودەوڵەتیدا، بۆیەکەم جار لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی هاتەکایەوە، کە تێیدا گرنگترین ماف کەماف بوون و ژیانە، لە بەندی سێیەم لەجاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی 1948 پێداگیری لەسەرکراوە دەرهەق بە هەندێ گروپ و نەتەوەو کۆمەڵ، کە ڕوو بەڕووی جینۆساید کراونەتەوە.

زاراوەی جینۆساید (Genocide) لەدوو برگە پێکهاتووە، یەکەمیان (Genos) ی یۆنانی بە واتای رەگەزو دووەم(cide) ی یونانیە، واتای کوشتن دەگەیەنێ بەسەریەکەوە، یان مانای کوشتنی رەگەزی مرۆڤ دەبەخشێت و لە چەمکە بنەڕەتیەکەیدا هەڵگر یاخود مەبەستی کوشتنی بەکۆمەڵ یا قڕکردنە.

بۆیەکەمین جارو یەکەمین کەس کەئەم زاراوەیەیی بەکارهێناو جێگیریکرد (RafalLemkeln) بوو، بەڕەچەڵەك پۆلۆنی و هاوکات هەڵگری رەگەزنامەی "ئەمریکی" بوو، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، پلەی راوێژکاری وەزارەتی جەنگی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای پێبەخشرابوو. رەنگە ئەوەی زیاتر وای لەو زانایە کردبێ کەبیر لەو زاراوەیە بکاتەوەو بە دیارترین تاوان یان تاوانی تاوانەکان پێناسەی بکات و بیناسێنێت، بەدەرلەوەی کەخۆی شارەزای ئەو بوارە بوە، ئەوەبوبێت کە خانەوادەکەی دوای ئەوەی کەوتنە دەستی "نازییەکان" کۆمەڵکوژکران، وەك سەدان هەزار جولەکە کە جینۆسایدکران.

ئەو بڕیارەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ساڵی 1948 دەرچوو دڵنیاییدا، لەسەربنەماکانی نێودەوڵەتی کە دادگای "نوێرنبێرگ"ە دانی پێدا ناوەو داوای دەست نیشانکردنی گشت بنەماکانی کرد کەدانی پێدا ناوە لە"میامی" و دادگای "نوێرنبێرگ"و لەحوکمی "دادگا"وە لەبریاری دووەم.

لەهەمان رۆژدا کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دڵنیاییدا کەجینۆساید لەناوبردنی کۆمەڵگاکانی مرۆڤ و لەناوبردنی ماف ژیانی تاکەکانە لەهەموو توخم و رەگەزەکانی مرۆڤایەتی و لەم بارەشەوە رێکەوتننامەیەك دەربارەی جینۆساید جێبەجێکرا لە 12ی کانونی دووەم ساڵی 1951، "110" دەوڵەت رەزامەندیان لە سەری دەربڕی و لە پێشەکی رێکەوتننامەکەدا دەستنیشانی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانی کردووە لەبەرواری 1948/12/11 کەتیایدا هاتووە "جینۆساید تاوانە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، وە پێچەوانەیە لەگەڵ ئامانج و مەبەستەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەروەها جیهانی شارستانی حاشای لێکردووە". کە هەتا ئێستاش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، وەك مەرجێکی سەرەکی و ئیلتزام لەسەرشانی دەوڵەتەکان دادەنرێت.

لە ساڵی 1950 لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی کە سەربەنەتەوە یەکگرتووەکانە پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی دارشت کە پێناسەو شێکردنەوەی بۆ کراوە لە یاسای "نوێرنبێرگ"و ریزبەندی بۆ تاوانی جینۆسایدکردوە، کە لەدژی مرۆڤ و مرۆڤایەتی ئەنجام دراوە، وەك تاوانێك کە بکەرو ئەنجامدەرانی سزای یاسایی دەدرێن بە پێی یاسای نێودەوڵەتی و لەو پرنسیپانە کە باس لە جینۆساید دەکات، وەکو تاوانێکی سەربەخۆو دژ بە کۆڕو کۆمەڵ و مرۆڤایەتی .

## پێناسەی جینۆساید

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێوەرو پێوانانەی کە لەپەیماننامەی پێشگرتن و سزادانی تاوانکاری جینۆسایدا هاتوون لە "9"ی دیسمبەری ساڵی 1948 لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتووە، وەکو بڕیارێکی تایبەت بەژمارە

(260) بڵاوكراوەتەوە، دەتوانین كۆی تاوانەكانی دژ بە گەلی كورد وەك "ئەنفال، جینۆسایدی بەرزانیەكان، كیمیابارانی هەڵەبجە، كۆمەڵكوژی و راگواستنی فەیلیەكان، راگواستنی پشدەرو دەوروبەری، بۆمبارانكردنی قەڵادزێ، راگواستنی سەید سادق، راگواستنی مەخمور، راگواستنی كەركوك و دەوروبەری، بۆردومانی ئۆردوگای زیوێ، كۆمەڵكوژی ئەشكەوتی دەكان و گوندی سۆریا"و زۆری ترلەسەردەستی حكومەتەكانی عێراق بەگشتی و بەعس بەتایبەت، و لە نوێترینیان "كۆمەڵكوژی كوردانی ئێزدی و قەزای شەنگال و دەوروبەری لەسەردەستی داعش" بە جینۆساید بناسێنین، بە پێی ماددەی "2"ی ئەو پەیماننامەیە كەبەم شێوەیە باس لە جینۆساید دەكات:

ا-جینۆساید هەموو ئەو كردەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە كە مەبەستی لەناوبردنی تەواو یان بەشێك لە گروپێكی نەتەوەیی، ئەتنیكی، ڕەگەزی و ئاینی ئەنجام دەدرێت، بۆنموونە:

1-كوشتنی ئەندامانی گروپەكە.

2-گەیاندنی زیانی گیانی یا ڕۆحی ترسناك بەئەندامانی گروپەكە.

3-بەمەبەست دانانی ئەندامانی گروپەكە لەژێر بارودۆخێكی وادا كەببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێك یان تەواوی ئەندامەكانی .

4-پێشگرتن لە زاوزێكردن (منداڵ بوون) لە نێو گروپەكە .

5-دابڕانی بەزۆری منداڵان و گواستنەوەیان لەوگروپە بۆگروپێكی تر"جیاكردنەوەیان لە خانەوادەی خۆیان."

ئەگەر سەرجەم بڕگەو خاڵەكانی پێناسەكە بۆجینۆساید لێكبدرێتەوە، بەتەواوی و بەڕوونی ئەوەمان بۆدەردەكەوێت كە سەرجەم ئەمانە لە شاڵاوەكانی دژبەگەلی كورد لە "كوشتن، لەناودان، ئەنجامدانی تاوان" كە لەسەرەوە باسمان كردو ناومان هێنا بەرامبەر بەگەلی كورد دەچنە چوارچێوەی تاوانی جینۆساید، دژی مرۆیی، جەنگ"ەوە .هەروەك لەمادەی "3"ی ڕێككەوتننامەكەدا باس لەو تاوانانە دەكات كە ئەنجام دەدرێن و پێویستە بكەرو ئەنجامدەرانی سزای یاسایی بدرێن و وەربگرن، ئەوانەش ئەم كاراكتەرانەن:

1-پلاندانان بۆ ئەنجامانی جینۆساید "واتا ئەوانەی پلان بۆ ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دادەنێن."

2-سەپەرشتیكردن و هاندان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید "ئەوانەی سەرپەرشتی هاندانی بكەری تاوانی جینۆساید دەكەن."

3-هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید" ئەوانەی هەوڵی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دەدەن."

4-پیلان گێڕی لە چوارچێوەی جینۆساید "ئەوانەی پلان دەگێڕن و پاساو بۆ ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دێننەوە."

بەپوختی، پێناسەی جینۆساید بەپێی بڕیاری ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان كە بڕیاری ژمارە (96) بوو لە 1948/12/11 دەركرا، سەبارەت بەوەی كەجینۆساید تاوانێكە بنەماكانی یاسای نێودەوڵەتی دەبەزێنێت و دژی ئامانجەكانی نەتەوە یەكگرتووەكانەو لەبەرئەوەی ئەم تاوانە پێشێلكردنی تەواوی مافەكانی مرۆڤەو زۆر ترسناكەو لەدژی مافی ژیانەو تێكدەری ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەییە، بۆیە بڕیاری ئەوەی لەسەردراوە كە تاوانێكی دڕندانەیە لەدژی مرۆڤایەتی، كۆمەڵەی گشتی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان كەپشت بەبەندی"6"شەشەمی بنەماكانی دادگای "نوێرنبێرگ"دەبەستێت كەجینۆساید واتە ڕەتكردنەوەی ماف بوونی سەرجەم كۆمەڵی مرۆڤایەتی، هەروەك چۆن

نیشانەی ڕەتکردنەوەی ماڤی بونی ژیانە، ئەویش ڕەدکردنەوی دانپێدانانە بەماڤ بوون و سوکایەتیکردنە بەسەرجەم مرۆڤایەتی و ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی بەرهەم دێنێ.

هەرلەم بارەیەوە دادگای نێودەوڵەتی "ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان" لە 28-5-1951 دا کە هۆکاری دانانی ئەو پەیماننامەیە ئامانجی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە کەجینۆساید مەحکوم بکات و سزای بخاتەسەر، وەك تاوانێك لە یاسای نێودەوڵەتیدا. کەواتە جینۆساید تەنیا فەوتاندنی فیزیکی کۆمەڵێ خەڵکی نەتەوەیی و ئیتنیکی و ئاینی و ڕەگەزی نیە بەڵکو هەڕەشەیە بۆ سەرکۆی مرۆڤایەتی.

جگە لە ڕێکەوتننامەی ساڵی 1948، ڕێکەوتننامەی ڕۆمای 17ی تەمووزی 1998مان هەیە، کە لە 25ی سیپتەمبەری هەمان ساڵ دەنگی لەسەردراوەو بوە بە بنەما بۆ دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی ڕێکەوتننامەی 1948، دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە ساڵی 2002 هەزار دامەزراوەو دەستی بەکارەکانی کردوەو تا ئێستا زیاتر لە 120 دەوڵەت ڕێککەوتنامەی ڕۆمای 1998 ی واژۆکردوە.

ئەوەتانێ لە مادەی "5"ی ڕێککەوتنامەکەدا، بەم شێوەیە ئەرك و تایبەتمەندییەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی چڕدەکاتەوەو دەست نیشانی دەکات:

یەکەم: تاوانی کۆمەڵکوژی "جینۆساید"

دووەم: تاوانی دژی مرۆڤایەتی

سێیەم: تاوانی جەنگ

چوارەم: تاوانی دووژمنکارانە.

کە هەر یەك لە تاوانەکانی "جینۆساید، دژی مرۆڤایەتی، جەنگ" لە ڕێککەوتنامەی ساڵی 1948 بە ڕوونی دەست نیشان کراون و لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد، بەڵام تاوانی دووژمنکارانە چەمکێکی تازەیە بۆ تاوانێك کە دەوڵەتێك یان لە دەوڵەتێك زیاتر دژی دەوڵەتێکی تر بە شێوەیەکی دووژمنکارانە "عدوانی" ئەنجامی دەدات، بۆ ئەمەش یاساو پێوەر بۆ ناسینەوەی تاوانەکەو سزادانی بکەرەکەی دانراوە.

با لێرەوە بەکورتی باسی تاوانەکانی جینۆساید دژی کوردو کوردستان لە "باشور" بکەین و دواتر هەموومان سەرپشکین بەراوردیان بکەین بە پێی ئەو یاساو ڕێسایانەی کە لەسەرەوە باسمانکرد:

## جینۆسایدی فەیلییەکان لەعێراق

کوردی فەیلی، ناو یان نازناوێکە بەوکوردانە دەوترێ کەبەزۆری لەشاروشارۆچکەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق نیشتەجێبوون و لەڕووی ئاینیەوە سەربەمەزهەبی شیعەن. ئەم کوردانە لەلایەن دەوڵەتی عێراقی کەبەعس فەرماڕەوایی دەکرد، لەساڵی 1963وە بەهەموو شێوەیەك ڕوو بەڕووی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدو پاکتاوی ڕەگەزی بوونەتەوە. ژێدەرو ئامارەکان ئەوە دەردەخەن و پشڕاست دەکەنەوە، کە بەدەیان هەزار لەم توێژەی کورد ڕوو بەڕووی مەرگ بوونەتەوە.

بەڵام بەدرووستی لەساڵی 1980 وەزیری ناوخۆی عێراق، فەرمانی وڵاتبەدەرکردنی کوردە فەیلییەکانیدا، لەفەرمانەکەی وەزیری ناوخۆی عێراقدا هاتوە": ئەو ئێرانیانەی لەوڵاتدان و ڕەگەزنامەی عێراقییان نییە، هەروەها ئەوانەش کەمامەڵەیان کردوەو بڕیارییان لەبارەوە دەرنەچوە دەردەکرێن". لەهەمانکاتدا بڕیارەکەی حکومەتی عێراقی ئەوەشی تێدا بوو ":

کەلاوانی کوردی فەیلی لەتەمەنی 18 تا 28 ساڵ، بگیرێن و لەبەندیخانەی پارێزگاکاندا، تاماوەیەکی نادیار دەسبەسەربکرێن". هەروەك بڕیارەکەی وەزیری ناوخۆی حکومەتی عێراق ئەوەشی دووپات کردوەتەوە ": کەهەرکەسێك لەو کوردانەی ئاودیوی ئێران دەکرێن، ئەگەر هەوڵیاندا بگەڕێنەوە تەقەیان لێبکرێت". واتە بە هەموو شێوەیەك بکوژرێن؟ لەرۆژی 26-2-1981 لەرۆژنامەی سەورەی زمانحاڵی حکومەتی عێراق "سەدام حوسێن" لەبارەی کوردە فەیلیەکانەوە دەڵێ": ئەم توێژە لەعێراق ریشەکێش بکەن، تاوەکو خاکی عێراق و هەوای عێراق پیس نەکەن و خوێنی عێراقیش پیس نەکەن، کاتێك بەڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە خوێنیان تێکەڵی خوێنی عێراقییەکان دەبێت". سەرنجدان و وردبوونەوە لەم قسەیەی "سەدام" سەرۆکی دەوڵەتی پێشووی عێراق بەسن بۆ ئەوەی تێبگەین کە شۆڤێنیەت و رادەی رەگەزپەرستی بیرکرنەوەی حزبی بەعس و سەرۆك و سەرکردەو حکومەتەکەی لەعێراق تاچ رادەیەك دژ بەمرۆڤ و هاوکات لەهەوڵی ئەوەبوە لەناوییان ببا، بەتایبەت ئەوانەی جیاوازبوون لەگەڵی.

بەپێی زانیارییە بەردەستکەوتوەکان، پێش ساڵی 2003 زیاتر لە "200" هەزار دانیشتوانی عێراق ئاوارە یان راوەدووی ئێران نراون، کە 65٪ کە شەست و پێنج لەسەدی ئەو ژمارەیە لە کوردی فەیلی بوون و تائێستاش زۆرێکیان لەو وڵاتە ماونەتەوە. ئەمە جگەلەوەی لەماوەی دەسلاتی حزبی بەعس بە هەزاران کوردی فەیلی زیندانی کراون و لەسێدارە دراون و کۆمەڵکوژی کراون.

ژێدەرو ئاماری تریش زۆرن کەژمارەی وەدەرنانی کوردە فەیلیەکان لەعێراق و زیندانی کردن و کوشتن و زەوتکردنی سەروەت و سامانیان و بێسەرو شوێنکردنیان، بە "500" پێنج سەد هەزار کەس ئەژمار دەکەن، بەلام بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستی ئێمەدان، وە ئەوەشی کەسەرچاوەو بەڵگەنامەکان بۆ ئێمەیان ساغکردوەتەوە "380" هەزار کوردی فەیلی روو بە ڕووی قڕکردن و جینۆسایکردن بوونەتەوەو ئاسەوارەکانیشی تا ئێستا ماون و بۆچەندین دەیەیی تریش هەردەمێنن.

## جینۆسایدی شاری قەلادزێ

شاری قەلادزێ دەکەوێتە سنووری پارێزگای سلێمانی، هاوکات دەکەوێتە ناوچەی پشدەرو نزیکە لەسنووری وڵاتی ئێران. ئەم شارەو ناوچەی پشدەر، هەمیشە جێگای چاوتێبڕینی حکومەتی عێراقی "بەعس" بوە، بۆیە لەدەیەیی هەفتاکان و هەشتاکان "2" دووجار ئەم شارە جینۆسایدکراوە، ئەمە جگەلە چەندین هەوڵ و ئاماژەی تر، کە راستێنەی هەوڵەکانی جینۆسایدی شاری قەلادزێ و ناوچەی پشدرە دەخەنە روو.

ئەگەر لەشێوازەکانی جینۆسایدو ئامانجەکانی وردبینەوە، ئەوادەردەکەوێ کەبۆردوومانی قەلادزێ لە 24-4-1974 و تێك چوونی باری ژینگەو تێکدان و کاولکردنی شارەکە بۆدواجار لەساڵی 1989، جینۆسایدێکی سەلمێنراوە بەپێی هەموو بە ڵگەنامەکان، چونکە مەبەستی ڕژێمی بەعس، لەناوبردن و قڕکردنی دانیشتوانی شارەکەو هەروەها تێکدانی باری ژینگەو کولتور و ئابووری و بایۆلۆژی ئەو دەڤەرەبووە.

## شالاوی جینۆسایدی بارزانییەکان

پاش رێکەوتنامەی جەزائیر لەناوەڕاستی سالانی هەفتاکان، رژێمی بەعس بەشێوەیەکی پلان بۆداڕێژراو، کەوتە شالاوی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان و هەنگاوە بەراییەکانی ئەم کۆمەڵکوژییەش بەم شێوەیە دەستی پێکرد. سەرەتا بارزانییەکان

رووبەڕووی ئاوارەبون بوونەوەو کەوتنە دیوی ئێران، و بەشارە فارسە ئێرانییەکاندا بلاوبوونەوە یان دابەشکران، بەم شێوەیە دەستکرا بەجینۆسایدی بارزانییەکان. لەساڵی 1975 دانیشتوانی "نزارو بەرۆژ" بۆخوارووی عێراق دوورخرانەوەو فرێدرانە سنووری پارێزگای دیوانیە، لەساڵی 1978 بەهەمان شێوە دانیشتوانی ناوچەکانی "مزووری، شێروانی، گەردی" بۆ ئۆردگاکانی "بەحرکە، دیانا، هەریر، کۆرەتوو" لەسنووری پارێزگای هەولێر گوێزرانەوە. لەپرۆسەیەکی ترو لەشێوەی پێشوو، لەساڵی 1982 دانیشتوانی "شێروان مەزن"یان بۆ ئۆردگای زۆرەملێی "سێبیران" گواستەوە.

دواترو دوای ئەو هەنگاوە بەراییانە، کردەوەی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان بەشێوەیەکی فراوانترو کرداری لەلایەن دەوڵەتی عێراق و حزبی بەعس"وە دەستی پێکرد. لەساڵی 1983 شالاوی جینۆساید بوو بەکردەیی و بەچەند قۆناغێك و سەرەنجام "8000" هەزار کوردی بارزانی – دەستگیرگران و لە بیابانی "البوصیە الجنوبیە" گوولەباران کران و "جینۆساید" کۆمەڵکوژکران.

دەستپێکی ئەم کردەوەو شالاوەی جینۆساید بەچەند قۆناغێك و بەم شێوەیە بوو:

**قۆناغی یەکەم** لە 29 تا 30- 7- 1983 دەستگیرکردنی هەندێ کەسایەتی دیاری بارزانییەکان.

**قۆناغی دووەم** لە 31-7-1983 بەکۆمەڵگرتنی هەموو نێرینە "رەگەزی نێر"ی بارزانییەکان لە ئۆردووگاکانی " قودس و قادسیە".

**قۆناغی سێیەم** لە 10-8-1983 بەکۆمەڵگرتنی هەموو نێرینە "رەگەزی نێر"ی بارزانییەکان لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی " هەریر، بەحرکە، دیانا".

**قۆناغی چوارەم** راوەدوونان و بەکۆمەڵگرتنی ئەو بارزانیانە بوو، بەهەرشێوەیەك بوبێت لە شالاوەکانی گرتن رزگارییان ببوو.

بەم شێوەیە وەك لەپێشووتر ئاماژەمان بۆکرد، "8000" هەزار لەرەگەزی نێری بارزانانیەکان لە گەنج و پیرو مێرد منالْ، لەلایەن دەوڵەتی عێراق بەرێبەرایەتی "بەعس" لەناوبران و جینۆسایدکران.

## جینۆسایدکردنی هەڵەبجە

دوای ئەوەی حکومەتی عێراق بەفەرمانڕەوایەتی "بەعس"، ماوەی هەشت سالْ دەبوو لەجەنگێکی کاولکەرو لەهەمانکاتدا، تاقەت پرووکێن بوو لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، رێك لەم کاتە، لەگەورەترین تاوانی دژ بەکوردو کوردستان و دانیشتوانی شاری هەڵەبجەو مرۆڤایەتی ئەنجامدا، ئەویش ئەوەبوو بە چەکی کیمیاوی و لە رێگەی فرۆکەی جەنگی و بۆمباری گەورەو موشەك و ناپاڵم، هێرشی کردە سەرشاری هەڵەبجە.

هێرشەکە پێش نیوەڕۆی 16- 3- 1988 بە "هێزی ئاسمانی، موشەك، بۆمبای گەورە، ناپاڵم"دەستی پێکرد، کەشاری هەڵەبجەو دەوروبەریان گرتەوە، ئەم هێرشە بەتەواوی شارەکەو دانیشتوانەکەی سەغڵەت کردو بوە هۆکاری بلاوکردنەوەی ترس و دڵە ڕاوکەیەکی زۆر لەنێوچین و توێژەکانی دانیشتوانی شارەکەو دەوروبەری.

پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ، پاش بۆردوومانکردنێکی سەختی شارەکە، پاشان بەچەکی کیمیاوی هێرشی کردە سەرشارەکە لە جۆری چەکی کیمیاوی " سارین، خەردەل، تابوون" کەدواترو لەئاکامدا بوە هۆی گیان لەدەستدانی

"5000" هەزار کەس لەدانیشتوانی سیڤیلی شارەکەو بریندابوونی هەزارانی ترو ئاوارەبوونی ئەوانی تر کەلەپەراوێزی کیمیابارن و کۆمەڵکوژییەکە دەربازییان ببوو.

دانیشتوانی هەڵەبجە ئەوانەی توانیان لەدەست هێرش و پەلامارەکەی "بەعس" رزگارییان بێت، بەناچاری پەنایان بردە بەر وڵاتی ئێران، ئێرانیش رۆڵێکی پۆزەتیفانەی بینی لەچارەسەرکردنی بەرکەوتوان و بریندارەکانی هێرشی کیمیاوی بۆسەرشاری هەڵەبجە.

تاوانی جینۆسایدکردنی هەڵەبجە لەلایەن حکومەتی عێراق "بەعس"وە، چەندین ئاسەواری ئابووری و کۆمەلأیەتی و دەروونی و کلتووری جۆراو جۆری بەدوای خۆیدا هێنا، کە تائێستاش بەردەوامییان هەیەو هەرجارەی بەشێوەیەك دەردەکەن و رۆڵی نەرێنی خۆیان داناوە.

## جینۆسایدی ئەنفال

شاڵاوی ئەنفال کەبەهەشت قۆناغی یەك لەدوای یەك لەساڵی 1988 لەلایەن رژێمی بەعس لەعێراق ئەنجامدرا، تیایدا جگەلەسووتاندنی خاك و تێکدانی ژینگەو خاپوورکردنی "5000" هەزار گووندی لادێ نشین، بەتاڵانبردنی سامانێکی زۆری هاولأتیانی سیڤیل، "182" هەزاری مرۆڤی لەژن و منال و پیرو پەککەوتەو گەنج، بێسەرو شوێن کردو زیندەبەچاڵی کردن.

## ئەنفالی یەکەم

سەرگەڵوو بەرگەڵوو 9 ی شوبات تا 19ی مارتی 1988 (رای تریش هەیە پێی وایە کە 22ی شوبات یان 17ی شوبات بەرەو سەرەوە یەکەم قۆناغ ئەنجام دراوە"؟

## ئەنفالی دووەم

قەرەداغ 22ی مارت تا 1ی نیسانی 1988، واتە لە 22ی مارت "ئازار" تا 1ی نیسان

## ئەنفالی سێیەم

لە 7 تا 20ی نیسانی 1988 دەستی پێکردو کۆتایی پێهات

## قۆناغی چوارەم

ئەم شاڵاوە لە 3 تا 8ی مایس 1988 دەستی پێکرد

## ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت "شاڵاوی جینۆسایدی پێنج و شەش و حەوت"

ئەم شاڵاوانە لە 15ی حوزەیران تا 26ی ئابی 1988 خایاند

## ئەنفالی هەشت

سەرەتای ئەم شاڵاوەی ئەنفال و جینۆساید، لە 26ی ئابی 1988 دەستی پێکردو لە 6ی ئەیلولی 1988 کۆتایی پێهات.

## ماوەی گشتی ئە نجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال 9-2-1988 تا 6-9-1988

**بە وردبوونەوە لە بەڵگەنامەو سەرچاوەکان، کە هەر هەشت قۆناغ و شاڵاوەکانی تاوانی ئەنفال لە 9–2–1988 تا 6–9–1988 ی خایاندوەو لەلایەن رژێمی بەعسی عێراقەوە ئەنجامدراوە، ئەمەش راستیەکی گرنگمان بۆ پشتڕاست**

**دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە بەعس پێش وەخت پلان و نەخشەیەکی تۆکمەی بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە داڕشتوەو هەموو ئامادە باشییەکیشی کردوە بۆ ئەنجامدانی.**

**بە پێی راپۆرتی شارەزایانی نێودەوڵەتیش لە کۆی هەشت قۆناغەکەی تاوان و شاڵاوی ئەنفالدا، نزیکەی"5000" گوند وێران کراوەو رووخێنراوەو سوتێنراوە، 1344 قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی رووخێنراوەو وێرانکراوەو سوتێنراوە، 2027 مزگەوت بەهەمان شێوە روخێنراوەو سوتێنراوە، 182 دوو هەزار مرۆڤی سیڤیل بوون بە قوربانی لەنێوان کوشتن و لەسێدارەدان و بێ سەروشوێنکردندا، هەزاران خێزان ئاوارەو دەربەدەربوون، دەست بەسەر هەموو موڵك و ماڵ و سەروەت و پێداویستیەکانی هاولاّتیاندا گیراوە، ژینگەی سرووشتی بەتەواوی تێکدراوەو بەهەزاران رەزوباغ سوتێنراون، دەست بەسەر تەواوی سامانی ئاژەڵی هاولاّتیاندا گیراوە، هەرچی سەرچاوی ئاوی کانیاوو بیرو چەماو هەبوە تێکدراوەو کۆکراوەتەوە، سیاسەتی سوتاندنی خاك پیادە کراوە، هەرچی ناوچەکان هەبوە مین رێژکراوەو هات و چۆی تێدا یاساغ کراوە.**

## هێرشە کیمیاوییەکان لە کوردستان

لەساڵی 1987 بۆ 1988 حکومەتی عێراق کۆمەڵێك هێرشی کیمیاوی ئەنجامدا، بۆسەر بەشێك لەناوچەوشاروشارۆچکە کوردستانییەکان، ئاکامی ئەم هێرش و پەلامارە کیمیاوییانە، جگەلەپیسکردنی ژینگەو بەسووتەمەرۆکردنی، چەندین ئاسەواری کۆمەلاّیەتی و تەندروستی و دەروونی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێنا، کە تائەم ساتەوەختەش کاریگەرییەکانیان بەردەوامی هەیە. ئەمەی خوارەوە بەشێك لەو زانیاریانەیە، کە دەکرێ بەرچاو روونییەك بدات، و کۆی پەلامارە کیمیاوییەکان "40" پەلامارو شالاّون.

میدڵ ئیست وۆچ لە راپۆرتێکی بەناو نیشانی جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد دەنوسێ: "میدڵ ئیست وۆچ" توانیویەتی تۆماری بکات لەرێگەی ئەو بەڵگەو شایەتانەوە کەبەچاوی خۆیان بینیویانن، ژمارەی راستەقینە رەنگە زیاتر بێت، چونکە زۆر راپۆرتی نەسەلمێنراوو ئیدیعامان پێگەیشتووە دەربارەی هێرشکردنی چەکی کیمیایی لەماوەی 1987–1988 دا بەگوێرەی چاوپێکەوتنە مەیدانیەکانمان، لای کەمەکەی شەست گوند، جگە لە شارۆچکەی هەڵەبجە، بەگازی خەردەلو دەمارە گازیان هەردووکیان پێکەوە هێرشیان کراوەتە سەر، وادیارە رژێمی عێراق بۆچوار مەبەستی یەکتری تەواوکەر چەکی کیمیایی بەکارهێناوە.

راپۆرتەکە ئەو چوارمەبەستە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکان و دەست نیشانی دەکات:

1–بۆ لێدانی بنکەو بارەگا سەرەکیەکانو شوێنەکانی کۆبوونەوەی هێزی پێشمەرگەی قەرەداخ ( ئەنفالی دوو) دۆڵەکانی بالیسانو سماقوڵی (ئەنفالی پێنجو شەشو حەوت)، زێوەشکان (ئەنفالی کۆتایی) بوون.

2–بۆ هەراسان کردنو کوشتنی ئەو پێشمەرگانەی لەحالەتی پاشەکشەدا بوون لە کاتی چوونە پێشەوەی ئەنفالدا، هێرشی لەمجۆرە، ئەوانە بوون کە کرانە سەر "شاناخسێ"،"کەژی زەردە" ،"تازەشار" .

3–بۆ سزادانی بە کۆمەڵی خەڵکی مەدەنی لەسەر پشتگیری کردنیان بۆ پێشمەرگە، دراماتیکیترین حالەتیش بۆمبارانی هەڵەبجە بوو، پاش گرتنی لەلایەن پێشمەرگەو گاردەکانی شۆڕشی ئێرانەوە، ئەوانیتر، ئەو هێرشانەی ساڵی 1987 دەگرێتەوە بۆ سەر"شێخ وەسانو بالیسان"،" هێرشەکانی ئەنفال بۆ سەر "سێوەسێنان" و گۆپتەپە".

4–بۆ بلاّوکردنەوەی ترسو تۆقین لەناوسەرجەم دانیشتوانی مەدەنیداو دەرپەڕاندن و رەوپێکردنی گوندنشینان لەماڵەکانیان، بۆئاسانکردنی گرتنو راگواستنو کوشتنیان بەزۆری، دەستپێکردنی هەر قۆناخێکی پەلاماری ئەنفال لە

هەرهەشت قۆناغەكەدا "شاڵاوی جینۆساید" ئەم جۆرە هێرشانەی دەگرتەخۆ- بەڵام لەئەنفالی كۆتایدا (خاتمە الانفال) لەناوچەی بادیناندا زۆر ئاشكرا دەركەوتو زیاد لەسی گوند لەیەك كاتدا بۆمباران كران.

## جینۆسایدی "بالیسان"

شارۆكەی "بالیسان"، یەكێكە لە شارۆچكە ناوادارەكانی كوردستان، لە رووی ئیدارییەوە دەكەوێتە سەر شاری "شەقلاوە"، لەبەر ئەوەی شارۆچكەی "بالیسان" و دەورو بەری كە دەكاتە گوندەكان و ژمارەیان "83" هەشتاوسێ گوندە، جگە لەوەی پێگەیەكی ستراتیژی هەبوەو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردیشدا، رۆڵێكی بەرچاوی هەبوە، بەردەوام لەلایەن حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق روو بە ڕووی هێرش و پەلامار بوەتەوە، بە تایبەت لە سەردەمی دەسڵاتی پارتی بەعسی فەرمانڕەوا، كە بۆماوەی یەك چارەكە سەدە لە 1963 تا 2003 فەرمانڕەوایی عێراقی كرد.

بالیسان، بەچەندین شێوەو چەندین جار روو بەڕووی شاڵاوی جینۆساید بوەتەوە، دەتوانین بەم شێوەیەیی خوارەوە هێش و پەلامارەكانی شاڵاوەكانی جینۆساید بۆ سەر بالیسان و گوندەكانی دەورو بەری پۆلین بكەین:

**یەكەم:** لە 16 – 16 – 1987 رژێمی بەعس كیمیابارانی شێخ وەسان و بالیسان و گوندەكانی كانیبەرد، بالۆكاوەو زنجیرە چیای دەرە شێرو ناوچەی ساوسێوكانی كرد، لەم شاڵاوەدا ژێدەرو سەرچاوەكان پشڕاستی دەكەنەوە كە ژمارەی قوربانییەكان، لە ئەنجامی شاڵاوی كیمیابارانكردنەكەدا، "390" هاوڵاتی سیڤیل بوون، كە "109" راستەوخۆ شەهید بوون و "281" كەسیشیان بریندار بوون و دواتر زۆریان لە ئەنجامی سەختی برینەكانیان گیانیان لە دەستدا.

**دووەم:** لە 21– 4– 1987 جارێكی تر دۆڵی بالیسان دەكەونە بەر شاڵاوی كیمیابارانكردنی فڕۆكەكانی بەعس و زەرەرو زیانێكی زۆر بە دانیشتوانی ناوچەكە دەگەیەنن.

**سێیەم:** لە 23– 5– 1987 گوندەگانی "كوڕە شێرو كەندول و بلێ" بەچەكی كیمیاوی بۆردومان دەكات.

**چوارەم:** لە 27–5–1987 جارێكی تر گوندەكانی "مەلەكان، بلەی خواروو، بلەی سەروو، تارینان، دۆڵی سماقولی" كیمیاباران دەكات و لە ئەنجامدا، "8" شەهیدو "12" برینداری لە هاوڵاتیانی سیڤیل لێدەكەوێتەوە.

**پێنجەم:** لە 2– 7– 1988 جارێكی تر گوندی "سەروچاوە، سماقولێ، گەناو، شارسینە، خەتێ، دەراش، بالیسان، نازەنین، گەروان" دەكات و لە ئەنجامدا زەرەرو زیانێكی زۆری مادی و مەعنەوی و ژینگەیی بەدوای خۆیدا دێنێ.

**شەشەم:** لە 31– 7– 1988 بۆجارێكی "سماقولێ و بالیسان، هیران" بەچەكی كیمیاوی لەلایەن رژێمەوە بۆردومان دەكرێت و قوربانی و برینداری لێدەكەوێتەوەو زیانی زۆر بەدوای خۆیدا دێنێ.

**حەوتەم:** لە 25– 8– 1988 گوندەكانی "خەتێ و وەرێ" دەكەونە بەردەم پەلامارو شاڵاوی كیمیابارانكردنی فڕۆكە جەنگییەكانی بەعس، لەهەمان كاتدا شاری رەواندوز دەكەوێتە بەردەم پەلاماری كیمیابارانكردن و زەرەو زیانی زۆری مادی و مەعنەوی و ژینگەیی بەدوای خۆیدا دێنێ.

قوربانیەكانی جینۆسایدی بالیسان بەم شێوەیە 24 چوار شەهید لە بالیسان لە ئەنجامی راستەوخۆی چەكی كیمیاوی كە لە گۆڕێكی بە كۆمەڵی گوندە كۆمەڵكوژكراون و دواتر دەرهێنراونەتەوە، لە شێخ وەسان "103" شەهید لە ئەنجامی راستەوخۆی چەكی كیمیاوی و لە گەڵ "50" كەسی تر كە لە گوندی سەروچاوە لە گۆڕێكی لە كۆمەڵ نێژراون، "33" منالی تەمەن خوار "4" ساڵ و "28" منالی تر تەمەن "5 تا 14" ساڵ، لە گەڵ "9" كەسی تەمەن لە نێوان "60 تا 85" ساڵ، كە دیسان بەچەكی كیمیاوی شەهید كراون. لە كاتی گواستنەوەی بەركەوتوانی كیمیاوی بۆ

نەخۆشخانەی شاری رانیە "10" کەس شەهید بوون و "4" کەسی تریش لە نەخۆشخانەی هەولێر شەهید بوون. "75" هاولاتی تر لە رەگەزی نێرو لە تەمەنی کاملدا لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر بێسەرو شوێن کراون و "22" کەس تری خەلکی بالیسان و "50" کەسی خەلکی تری شێخ وەسانان، دیسان بێسەرو شوێن کراون.

جگە لەم ئامارانەی سەرەوە، بە پێی بەلگەنامەکانی بەردەست ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کەسەرجەم قوربانیەکانی دۆلی بالیسان "400" قوربانین، کەبەر چەکی کیمیاوی کەوتوون و شەهیدبوون.

## جینۆسایدو کیمیابارانی "گۆپتە پە"

گوندی گۆپتەپە یەکێك بوە لە گوندە ئاوەدانەکان و ژمارەی دانیشتوانەکەی بە هۆی شوێنی جوگرافی و پێگەی ستراتیژییەوە زۆر بوەو بەردەوامیش روو لە زیادبوون بوە، ئەم گوندە رێك دەکاتە سەر زێی بچوك و دەکەوێتە سنووری ئیداری شارۆچکەی ئاغجەلەر سەربە قەزای چەمچەمال. لە رووی هەلکەوتەی جوگرافیەوە، سەخت بوەو بە سانایی بۆ رژێمی بەعس رام نەکراوە یان نەیتوانیوە دەستی بگاتێ و دانیشتوانەکەی دەستگیرو دەسبەسەر بکات.

لە 3- 5- 1988 لە قۆناغی چوارەمی شالاوی ئەنفالدا، رژێمی بەعس بە رێگای فرۆکەی جەنگی گوندی "گۆپتەپە"ی کیمیابارانکرد، بە شێوەیەك کە تەنانەت دانیشتوانی گوندەکەو ناوچەکەش بروایان نەدەکرد، حکومەت بەو شێوە درندانەو بە چەکی کیمیاوی قەدەغەکراو، پەلاماری گوندەکەیان بدات و جینۆسایدیان بکات.

ئەنجامی ئەم شالاوەی جینۆسایدی گوندی "گۆپتەپە"، بە دیاریکراوی "335" شەهیدو قوربانی بوو، لە "منال و پیرو گەنج و ئافرەت"، ئەمە جگە لە چەندین بریندار تر، کەئێستاش ئاسەوارەکانی ماون و کاریگەری نەرێنی بەدوای خۆیاندا دێنن.

## جینۆسایدی "سێوسێنان"

گوندی "سێوسێنان" کە ئێستاو دوای راپەرینی 1991 گەلی کوردستان کراوەتە شارۆچە، ئەم شارۆچکەیە دەکەوێتە نێو ناوەندی ناوچەی قەرەداغەوە، لە رووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای قەرەداغەو دەکەوێتە سنوری پارێزگای سلێمانیەوە، بە دەیان گوندی لە سەرە. پێگەیەکی ستراتیژی ناوچەکەیەو دانیشتوانەکەی بەکاری کشت و کال و ئاژەلدارییەوە سەرقالن، وەك لە رابوردووشدا بەهەمان کارو کاسبیەوە سەرقال بوون.

لە قۆناغی دووەمی شالاوی ئەنفال " شالاوی جینۆساید" کە لە 22ی مارت تا 1ی نیسانی 1988 دەستی پێکردو کۆتایی پێهات، گوندی "سێوسێنان" یەکێك بوو لەو گوندانەی کە بەشێوەیەکی زۆر ترسناك کەوتە بەر شالاوی کیمیابارانکردن لە کاتژمێری "12" ی شەو لە رێگای تۆپی دوور هاوێژ لە شاری دەربەندیخانەوە. ئاکامی ئەم کیمیابارانکردنەش کە بە دیاری کراوی لە22 – 3– 1988 کرا، زیاتر لە "86" شەهیدو بە دەیان قوربانی و برینداری لێکەوتەوە، کە هەموویان ژن و منال و پیرو گەنج بوون.

## جینۆسادی مەسیحی و ئێزدییەکان لە شالاوی ئەنفالی هەشتدا

وەك لە پێناسەی قۆناغەکانی شالاوی ئەنفالدا ئاماژەمان بۆ کرد، سەرەتای ئەم شالاوەی ئەنفال و جینۆساید، لە 26ی ئابی 1988 دەستی پێکردو لە 6ی ئەیلولی 1988 کۆتایی پێهات. شوێن و پێگەی جوگرافی ئەم شالاوو پەلامارە تەواوی ناوچەی بادینان و دەورو بەری گرتەوە، لەهەمانکاتدا بەشێك لەسنوورەکانی پارێزگای دهۆك و دەولەتی تورکیاو ئێرانی گرتەوە. لەم شالاوەدا، زیاتر لە " 163" کەس بەر پەلامارەکە کەوتن، تەنها ئەو خەلکانە رزگارییان بوو، کە

ئاودیوی سنووری توركیا بوون، ئەوانی تر كە دەستگیركران، وەك تەواوی خەڵكەكەی تر كەلە "7" شالآوەكەی پێشوو گیرابوون و كۆمەڵكوژو بێسەرو شوێن كران، ئەمانیش چارەنووسیان هەروابوو.

لەم پەلامارەدا، كە پێی دەوترێ قۆناغی هەشتەم "6" گوندی ئێزدی و مەسیحی ئەنفال و جینۆساید دەكرێن، كە ئەوانیش ئەم گوندانەی خوارەوە "دۆسكی، سەرسەنگ، دۆسكی، بەرواری بالآ، دێرە لووك، نیروەو رێكان"، ئەوانەی لەم "6" بێسەرو شوێن كراون بەم شێوەیە " 150" بێسەرو شوێنكراو، "34" پیاو، "30" ئافرەت، "41" منالّ، "45" دیارینەكراو، واتە ئەگەر سەرنج بدەی ژمارەی منالّ ئەوەی زانرەوەو پشڕاست كراوەتەوە زیاترە لە نێو بێسەرو شوێنكراوان، كە جینۆساید كراون، ئەمەش هێندەی تر دلّڕەقی و شێوازی دڕندانەی پەلامارەكەمان بۆ روون دەكاتەوە، كە لەلایەن "بەعس" وە ئەنجامدراوە.

## جینۆسایدی شاری "سەید سادق"

قەزای سەیدسادق لەڕووی جوكرافییەوە دەكەویتە رۆژهەلآتی پارێزگای سلیمانی، بەدووری "53" كیلۆمەتر لە ناوەندی پاریزگای سلیمانییەوە، یەكێكە لە قەزا گەورەكانی پارێزگای سلێمانی كە ژمارەی دانیشتوانەكەی زیاتر لە 93000 هاولآتی دەبیت، هەروەها دەكەوێتە ناوەندی قەزاكانی (پینجوین، هەڵەبجەی تازە، هەڵەبجەی شەهید)، وەك دانیشتوانی قەزاكە بەشێكیان گوزارشتی لێدەكەن، بە پایتەختی شارەزوور ناوی دەبەن. لە رووی مێژووییەوە سەید سادق لە "22 " ی تشرینی یەكەمی سالّی 1955 بە بڕیاری ئەوكاتەی حكومەتی عێراق كراوە بە ناحیە، بە ناوی "ناحیەی شارەزوور" وە، لە بەرواری 2007/2/22 بە بڕیاری حكومەتی هەرێمی كوردستان كراوە بە قەزا.

لە مێژووی دوورو نزیكی سنووری قەزای "سەید سادق" دا، چەندین جار روو بەڕووی تاوان و ستەملێكردن بوەتەوە، بەلگەنامەو دیكێومتەكان ئەوە پشت راست دەكەنەوە، جۆری ئەو تاوانانەی كە دەرهەق بە "سەیدسادق" و دانیشتوانەی ئەنجام دراوە، تاوانی "قڕكردنی بەكۆمەلّ، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانی جینۆساید" بوون.

## جینۆسایدی گوندی "سۆریا"

گوندی "سۆریا" لە باشووری كوردستان، دەكەوێتە سنووری پارێزگای دهۆك و سەربەقەزای زاخۆیە، كۆمەڵكوژی "جینۆسایدی" گوندی "سۆریا"ی كلدانی، یەكێكە لە تاوانە گەورەكانی رژێمی بەعس، گە لە رۆژی 16ی ئەیلولی 1969 بە شێوەیەكی زۆر دڕندانە ئەنجامی دا.

ئەم كۆمەلكوژیە بە تاوانێكی گەورەو دژی مرۆڤایەتی ئەژمار دەكرێ، كە تیایدا "97" هاولآتی لە ئافرەت و منالّ و پیرو گەنج، بوون بە قوربانی و "49" هاولآتی تر، "39" لە كلدانی و "10" لە كورد، بە شێوەیەكی زۆر دڕندانەو وەحشیانە كوژران و سوتێنران.

لەم شالآوەدا، كە بۆسەر گوندی "سۆریا" كرا، تەنانەت پارێزی لە ئاژەلّ و پەلەوەرو ژینگەش نەكراو بە تێكڕا، كوژران و سوتێنران و لەنێو بران، ئەمەش ئەوەندەی تر دلّڕەقی و وەحشیگەرێتی رژێمی بەعس دەردەخا، كەچەند بەشێوەیەكی بەربەریانە گوندێك و دانیشتوانەكەی، ئالّ و پەلەوەرەكانی، خاك و دانەویلّ و ژینگەكەی، پێكەوە دەكوژێ و دەسوتێنێ.

## جینۆسایدی ئەشكەوتی دەكان

ناسنامەی ئەشكەوتی "دەكان" یەكێكی ترە لە بەلگەنامەكانی كۆمەلكوژی گەلی كورد، ئەم شالآوە یان كردەیەیی كۆمەلكوژی لە ئەشكەوتی "دەكان" دەگەڕێتەوە بۆ سالّی 1969، ئەشكەوتی "دەكان" دەكەوێتە باكوری رۆژهەلآتی

قـەزای شـێخان لـە سـنووری پارێزگـای موسـڵ. وەك ئاماژەمـان بـۆ كـرد، لـە رێكـەوتی 18-8-1969 لـەم ئەشـكەوتەدا، كۆمەڵكوژییەك ئەنجامدرا، كە دەتوانرێ وا پیناسە بكرێ، سنووری هەموو بەها مرۆییـەكان و پێـوەرە نێـو دەوڵەتیـەكانی تێپەڕاند. كاتێك دانیشتوانی گوندی دەكان لە ترسی سوپای تۆقێنەری بەعس گوند چۆڵ دەكەن و ئەشكەوتی"دەكان" دەكەنـە شـوێنی خـۆ حەشـاردان، سـوپای رژێمـی بەعسـیش هێـرش و پـەلاماریان دەكاتـە سـەر، لـە كردەیـەكی زۆر وەحشیگەریانەو بەربەریانەدا، "76" ژن و منداڵ و پیاو، كۆمەڵكوژ دەكات و دەیانسوتێنێ.

جێگای داخە تـا ئێسـتا نـەتوانرەوە وەك پێویسـت كـار لـە سـەر ناسـاندنی ئەشـكەوتی "دەكـان" وەك بەشـێك لـە جینۆسایدی گەلی كورد بكرێ و لە ئاستی پێویست دیكۆمێنت بكرێ.

## جینۆسایدی گوندی زێوە

دوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلول و پاشەكشێی هێزی پێشمەرگە بۆ سنووری نێوان "عێراق– ئێران"، ئۆردگایەكی پەنابـەری لەلایەن حكومەتی ئێران و كۆمیسیۆنی پەنابەرانی نەتەوە یەگگرتوەكان لە نزیك گوندی "زیوێ" كرایەوە، دواتر لە سـاڵی 1975 ئۆردگای "زیوێ" بوە پەناگەی كوردانی باشوورو تیای نیشتە جێبوون.

ئۆردگای "زیوێ" چوار جار لە لایـەن هێـزی ئاسمـانی سـوپای عێراقـەوە بۆردوومـان كـراوەو روو بـە رووی زەرەرو زیـانی زۆر بوەتـەوەو ئـەكرێ، بـە پێـی یاسـاو پێـوەرە نێـو دەوڵەتیـەكان بـە یـەكێكی تـر لـە وێسـتگەكانی كۆمـەڵكوژی "جینۆساید"ی گەلی كورد ئەژمار بكرێ.

**بۆردومانی یەكەم:** لە ساڵی 1981 لە سەرەتای دەستپێكی شەڕی نێوان " عێراق – ئێران" بـە شـێوەیەكی زۆر ترسـناك ئۆردگاكە بۆردومان كراوەو زەرەرو زیانێكی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوەو چەندین بریندارو شەهیدی لێكەوتوەتەوە.

**بۆردومانی دووەم:** لە 6-4-1985 كراوەتە سـەر ئۆردگاكـەو دانیشـتوانەكەی روو بـە ڕووی زەرەرو زیـانی مـادی و گیـانی كردوەتەوە.

**بۆردومـانی سـێیەم:** لـە رۆژی 9-6-1985 فرۆكـە جەنگیـەكانی عێـراق پـەلاماری ئۆردگاكـە دەدەن و بـە خەسـتی و بـە شـێوەیەكی زۆر سـەخت بۆردومـانی دەكـەن، ئاكـامی ئـەم بۆردومانـەش زیـاتر لـە "150" شـەهیدو "373" برینـداری لێدەكەوێتەوە، كە هەموو قوربانیەكان كوردی ئاوارەی باشووری كوردستان بوون و لە ترسـی كوشـتن و لـەناودان روویـان كردبوە ئەوێ.

**بۆردومانی چوارەم:** بۆردومانی سێیەم، لە 1-8-1985 دیسان لەلایەن فرۆكە جەنگیـەكانی عێراقـەوە كـراو زەرەرو زیـانی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا.

بە پێی ژێدەرو سەرچاوەكان، تەواوی ئەو بۆمب و ناپاڵمانەی لە هەر چوار هێرش و پەلامارەكـە بـۆ سـەر ئۆردگـای "زیـوێ" بـەكار هـاتوون، بـە پێـی یاسـاو پێـوەرە نێودەوڵەتیـەكان، قەدەغـەن و دەچـنە چوارچـێوەی كۆمـەڵكوژی " جینۆساید"ەوە.

## گۆڕە بەكۆمەڵەكان

لەساڵی 1988 وە تـا 2003 كـە دەكاتـە"16" سـاڵ و سـاوەختی رووخـانی بـەعس وەك پـارتی فـەرمانڕەوای عێـراق و ئەنجامدەری تاوانەكانی جینۆساید دژبەگـەلی كـورد، بەشـێك لەوكـەس و كارانـەی قوربانییـەكان كەبەشـێوازی جۆراوجـۆر لەدەستی دام و دەزگا سەربازی و ئەمنی و هەولگرییـە داپلۆسـێنەرەكانی "بـەعس" رزگارییـان ببـوو، هـیچ سووسـەیەكی كەس و كارەكانیان نەدەزانی، یان لەچاوەڕوانی ئەوەدا بوون كەس و كارەكانیان بگەڕێتەوە.

بەڵام دوای رووخانی بەعس لە 2003 دەرکەوت دەوڵەتی عێراق و بەعس، بەشێوەیەکی زۆر درِندانەو دوور لە هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان و پێشێلکردنی هەموو یاساو ریسا نێو دەوڵەتییەکان، تەواوی ئەو خەڵکە کەژن و پیرو منداڵ و گەنج و مێردمناڵ بوون و لەهەر "8" قۆناغەکەی شاڵاَی جینۆساید "ئەنفال"، لەپرۆسەیەکی خێرادا جینۆسایدی کردوون و گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق، کەنزیکەی "300" گۆڕی بەکۆمەڵن، گەواهی ئەو راستیەیی سەرەوەیەو شوێن و جێگانیان ئەمانەی خوارەوەیە " بوسەیە، سەماوە، حەیدەریە، حەمرین، مەهاری یەك و مەهاری دوو"، هەروەها چەندین جێگاو شوێنی تر.

## جینۆسایدی ئێزدییەکان نوێترین تاوان

لێرەدا دەمانەوێ کات تەرخان بکەین بۆ باسکردن لە نوێترین تاوانی جینۆسایدو دژی مرۆیی و جەنگ، کە لە سنووری بەشێك لە ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان و بە دیاریکراوی لە سنووری دەشتی پارێزگای موسڵ و قەزای شەنگال و شارۆچکەکان و گوندەکانی دەوروبەری لەلایەن دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامی داعش دژ بە کوردانی ئێزدی و مەسیحی و کریستیان و شەبەك و بەشێك لە کاکەییەکان ئەنجامدرا، لە پێش 3-8و دوای 3-8-2014.

بەوردبونەوەو سەرنجدان، وەك بەرەنجامێك دەگەینە ئەو راستیەی کە لە 3-8-2014 لەدوای هێرشی تیرۆرستان بۆ سەر قەزای شەنگال و پێکدادانی نێوان هێزی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش، "30" سی هەزار دانیشتوی ئەو ناوچەیە روویان لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کرد، بە تایبەتی کەمپی "باجد کەندالا" لە پارێزگای دهۆك و ژمارەیەك شارۆچکەی تر وەك شێخان و تلکێف.

نزیکەی لە 25% ی دانیشتوانی شەنگال توانیان لە شەنگال دەربچن، لە کاتێکدا کە نزیکەی 75% ی کە دەکاتە نزیکەی 200 هەزار کەس لە ناوقەزای شەنگال مابوون، روویان لە چیای شەنگال کرد، بۆ ئەوەی لە چەتەکانی داعش رزگاربن، کە زۆرینەیان لە دانیشتوانی قەزای شەنگال و سەنون و چەند گوندێکی سەربە قەزای شەنگال بوون، ئەوانەی لە سەر چیای شەنگال بوون لە 95%ی لە ئاینی ئێزدی بوون و 5%ی شیعەو کریستیان و لە 40% ی منداڵ و لە 2% ی لە تەمەنی سەرووی "60" ساڵەوە بوون .

بەهەزاران شەنگالی و ئێزدی و کریستیانی و مەسیحی و شەبەك، تا ئەمڕۆ چارەنوسیان نادیارە، ژمارەیەك کە تا ئێستا ئاماری تەواو لە بەردەست نیە بە کۆمەڵ کوژراون و رووفاتەکانیان لە گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزراونەتەوە، کە لەدوای دەستگیرکردنیان لە لایەن داعشەوە کوژراون، بە سەدان ئافرەتی کوردی ئێزدی رفێنراون، کۆی گشتی ئەو کەسانەی کە بێ سەرو شوێنن دەگاتە نزیکەی "6000" پێنج هەزار کەس لە "منداڵ، پیاو، ئافرەت، لە هەموو تەمەنەکان"، تاوەکو ئێستا نزیکەی " 2500" کەس لەوانە رزگار کراون، واتا هێشتا تاوانەکە درێژەی هەیەو کاردانەوەی خۆیشی هەیە لەسەر هەموو ئاستەکان.

دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامی داعش لە دوای داگیرکردنی شەنگال و شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری، چەندین تاوانیان ئەنجاماوە، کە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنیان بکەین:

**یەکەم:** ئاوارەبوونی زیاتر لە 430 چوار سەدو سی هەزار کوردی ئێزدی

**دووەم:** نزیکەی 140 سەدو چل هەزاریان بۆ ماوەی زیاتر لە 10 رۆژ بێنان و بێئاو، لە چیای شەنگال گیریان خوارد.

**سێیەم:** نزیکەی 290 دووسەدو نەوەد هەزاریان ئاوارەی هەرێمی کوردستان و تورکیاو سوریا بوون.

**چوارەم:** لە سەرەتای پرۆسەی "پەلامارو شالاوی داگیرکارییەکەدا، زیاتر لە "1800" هەزارو هەشت سەد کەس، دووچاری کوشتنی بە کۆمەڵ بونەوە، کە تەنها لە گوندی کۆجۆ"400" پیاوی ئەم گوندە لە چەند گۆڕێکی بە کۆمەڵ نێژراون .

**پێنجەم:** رفاندنی زیاتر لە "6000" کچ و ژن و منداڵ، کەناوو ناونیشانیان پشڕاست کراوەتەوە.

**شەشەم:** جیاکردنەوەی رەگەزی مێیینە لە پیاوان و بە زۆر دەستدرێژی سیکسی کردنە سەریان و بە زۆر ناردنیان بۆ شوێنانی تری ژێر دەسڵاتیان .

**حەوتەم:** بە زۆر پیێ گۆڕینی ئاین و سەپاندنی ئاینی ئیسلام بە سەریاندا.

**هەشتەم:** ونبوونی زیاتر لە "500" پێنج سەد کەس، کە ناوو ناونیشانی "254" کەسیان لە لایەن کەس و کارەکانیان پشتڕاست کراوەتەوە کە هەتا ئێستا بێسەرو شوێنن .

**نۆیەم:** لە ئەنجامی برسێتی و تینێوتی و ماندووبوون لە رێگای هەوڵدان بۆ دەربازبوون زیاتر لە "600" کەس لە پیرو منداڵ و ژن گیانیان لە دەستداوە .

**دەیەم:** رووخاندنی زیاتر لە "16" چواردە پەرستکاو شوێنی ئاینی کوردانی ئێزدی کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەها ساڵ پێش ئێستا .

## بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان:

بە پێی رێکەوتنامەی ساڵی 1948ی نەتەوەیەکگرتوەکان و یاساو رێکارەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لەبەر رۆشنایی رێککەوتنامەی رۆمای 1998ئەم تاوانانەی کەلەرابودوو لەلایەن دەوڵەتی عێراق و بەعس و نوێترین تاوانیش لەلایەن داعش دژ بە ئێزدی و مەسیحی و شەبەك و کریستیان و شەنگال و دەوروبەری، بەهەموو پێوەرێك دەچنە چوارچێوەی تاوانی "جینۆساید، تاوانی جەنگ، تاوانی دژی مرۆیی". بەتایبەت بە پێی مادەی "2"و مادەی "3"ی رێکەوتنامەی 1948و مادەی "5، 6، 7، 8"ی رێکەوتنامەی رۆما.

## دۆسییەی تاوانەکان و دادگا؟

تا ئێستا "6" دۆسیەی تاوانەکانی دژ بەگەلی کورد لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق وەك" تاوانی جینۆساید، تاوانی دژی مرۆیی، تاوانی جەنگ" لەدوای رووخانی بەعس لە ساڵی 2003 بڕیاریان لەبارەوە دراوەو ناسێنراوە، ئەوانیش "تاوانی ئەنفال، تاوانی جینۆسایدی فەیلیەکان، تاوانی جینۆسایدی بەرزانیەکان، تاوانی جینۆسایدی بەرزانیەکان، تاوانی جینۆسایدی قەلأدزێ، تاوانی جینۆسایدی شاری سەیدسادق"ن. ئەوانی تر، دۆسییەکانیان لە "دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق"ەو هیچ بڕیارێکیان لەسەر نەدراوەو دادگاش بە بڕیارێکی سیاسی لەسەردەمی "نوری مالکی" سڕر کراوە. هەروەك حکومەتی عێراقی تا ئێستا لەبەرامبەر ئەو شەش دۆسیە "ئەنفال، هەڵەبجە، بەرزانیەکان، فەیلیەکان، قەلأدزێ، سەید سادق" کە دادگا وەك تاوانی "جەنگ، دژی مرۆیی، جینۆساید" لە بەر رۆشنایی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێرق، ژمارە "10" ی 2005 ، مادەی "1" لە خاڵی دووەم، برگەی "ا، ب، ج، د" ناساندوونی، ئامادە نیە وەك میراتگرەوەی

## حکومەتەکانی پێش خۆی:

**یەکەم:** بەفەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کوردو پێکهاتەکانی بکات، لەبەرامبەر تاوانەکانی کە لەدژی ئەنجام دراوە.

**دووەم:** بەهەمان شێوە حکومەتی عێراق ئامادە نیە، قەرەبووی زیان لێکەوتوانی چوارچێوەی تاوانەکان بکاتەوە، کە ئەمەش بە پێی رێکارو یاسا نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان یەکێکە لە ئیلتزام و ئەرکەکانی حکومەت.

**سێیەم:** بکەری تاوان کەمترین رێژەیان دادگایی دادگایی کراون، زۆرترینیان لە عێراق و کوردستانن و بەشێکیشیان لە دەرەوەی وڵاتن.

## ئەرکی ئێستاو ئایندەمان؟

ئێمە ئەرکێکی گەورەمان لە ئێستاو ئاینده لەسەرشانە، بۆیە هەوڵی ئەوە دەدەم بەم شێوەیەی خوارەوە رێ و شوێنەکانی ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە پۆلێن و دەست نیشان بکەم.

## لەسەرئاستی عێراق

1.فشار خستە سەر حکومەتی عێراقی بەقەربووکردنەوەی زیانلێکەواتوون و کەس و کاری قوربانیانی "تاوانی جینۆساید، تاوانی دژی مرۆیی، تاوانی جەنگ" ئەمەش لە رێگای پرۆژە یاساوە رێك بخرێت و هەماهەنگی لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنە کوردستانیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە بکرێ.

2. کارکردن بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق وەك میراتگرەوەی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی خۆی، بەفەرمیی داوای لێبوردن لەگەلی کوردستان بکات لەبەرامبەر جینۆسایدو تاوانە جیاجیاکان کەبەرامبەر گەلی کوردستان لە لایەن حکومەتەکانی پێش خۆی ئەنجام دراوە.

3. هەمووارکردنەوەی یاسای گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە عێراق و دەستنیشانکردنی بەرپرسیارێتی حکومەتی هەرێم لە یاساکەو کارکردن بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و هێنانەوەی رووفاتەکانیان بۆ نیشتمان.

4. فشار خستنە سەر حکومەتی عێراقی بەئامانجی ئەوەی رێکەوتننامەی رۆمای ساڵی 1998 واژۆ بکات و پەیوەست بێت بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، چەسپاندنی ئەم پرسە یەکێکە لە گرەنتیەکانی دووبارە نەبوونەوەی جینۆسایدکردنەوەی گەلەکەمان.

5. دانانی یاسای تاوانکاری جینۆساید لە یاسای عیراق، کە ئەمەش دەبێتە رێگا خۆشکەر بۆ ناسینەوەی تاوانەکانی جینۆساید دژ بەگەلەکەمان و چەسپاندنیان.

<u>**7-کارکردن لەسەرئەوەی هەرسێ سەرۆکایەتی لە عێراقی فیدراڵ کە نامەیەك ئاراستەی دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان بکات بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش و هەرێمی کوردستان تەخویل بکرێت بۆ جوڵاندنی ئەو دۆسیە.**</u>

## لەسەر ئاستی پەرلەمانی کوردستان

1- پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەت بە گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەربکات و بەرپرسیارێتی حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێم دەست نیشان بکات و ئەرکەکانی هەردوو لا بە روونی دیاریبکات.

2. پەرلەمانی کوردستان بەهاوکاری زانکۆکانی کوردستان و رێکخراوەکانی تایبەت بە جینۆسایدو ئەنفال، کاربکات بۆ سازدانی ژمارەیەك کۆنفراس لە پەرلەمانی وڵاتانی رۆژئاواو ئەوروپاو وڵاتە عەرەبییەکان و وڵاتانی دراوسێ و زانکۆ بەناو بانگەکان، بۆ ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کوردو کوردستان.

3. پەرلەمانی کوردستان بەفەرمی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیی بە جینۆساید بناسینێ، کە ئەمەش هێزی گەورە دەداتە لایەنی کوردستانی و لاوازکردنی ئەو تۆمەتەی هەمیشە دەدرێتە پاڵ کورد بە بەشداریکردنی لە جینۆسایدی ئەرمەنەکان.

5.دەرکردنی بڕیاری جینۆسایدی تاوانی شەنگال و دەوروبەری لە پەرلەمانی کوردستان، بە پشت بەستن بەو پرۆژە بڕیارانەی لە پەرلەمانی کوردستانن و خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە.

**لەسەرئاستی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان**

1. دروستکردنی مۆنۆمێنتێکی شایستە بۆ گۆڕستانی "دێبنە" لە گەرمیان، کە بتوانرێ هەموو کاروچالاکی و کۆڕو کۆنفرانسەکانی تایبەت بە جینۆسایدو ئەنفالی تێدا ئەنجام بدرێ.

2. پێکهێنان و دروستکردنی سەنتەرێکی نیشتمانی بۆ سەرجەم دۆسیەکانی تاوانەکانی جینۆسایدکردنی گەلەکەمان.

3. دانانی تاوانەکانی جینۆساید و ئەنفال لە پرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆ، بۆ ئەم مەبەستەش کۆنفرانسێکی زانستی ببەسترێ و پلانی گونجاوی بۆ دابنرێ.

4. دەستگیرکردن و رادەستکردنی تەواوی تۆمەتباران لە سەرئاستی عێراق و ئەو سەرۆك جاش و موستەشارانەی کە لەلایەن دادگای بالای تاوانەکانەوە داواکراون، بۆ ئەوەی دادگا بێتاوانی یان جۆری تاوانەکانیان ساغ بکاتەوە.

5. دامەزراندنی دەزگایەکی ئەرشیڤی نەتەوەیی ناوەندی، بۆ پاراستنی هەموو ئەو دێکۆمینت وبەڵگەنامەکانی بینراوو بیستراوو خوینراو لەسەر هەمووتاوانەکانی گەلی کوردستان، تاوەکو ببێتە سەرچاوەی زانیاری بۆ دەزگایەکی ستراتیژی لێکۆڵینەوەو دیراساتی لەسەر بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت مێژووی تاوانەکان کە بەسەرگەلی کوردستاندا هاتووە بۆ نەوەی نوێ بپارێزێت ولە هەمان کات بۆ ناساندنی جینۆسایدی گەلی کوردستان بۆ رای گشتی جیهانی زانیاری لەمەڕ ئەم تاوانانە کۆبکاتەوەو بە دیکۆمێنتیان بکات .

6. دانانی سیستەمی دیتا بەیس کە هەموو بابەتەکانی تۆمار ناوی بێسەروشوێنکراوان و بەڵگەنامەکان بە هەردوو شێوازی بەڵگەیی و ئەلیکترونی لە خۆ بگرێت، بەمەبەستی یەکپارچە کردن لە پاشکەوت کردنی زانیارییەکان و کۆکردنەوەیان لە یەك شوێن هەروەهاپاکسازی کردنی لیستی ناوەکان و پۆلێن کردنی زیادەڕۆییانەی کەسانی بێ سەرو شوێن نەکراو.

7. سوود وەرگرتن لە ئەزمونی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ کاروباری بێسەرو شوێنکراوەکانICMP وەربگرێت تاکە رێکخراوی نێودەوڵەتیەبە تایبەتی لە بواری دۆسێی بێسەرو شوێنکراوەکان کاردەکات.

8. تۆمارکردنی داوای یاسایی لەسەر تەواوی ئەو کۆمپانیایانەی کە چەکی قەدەغەکراو و کیمیاویان بە رژێمی بەعس فرۆشتووە.

9. وەرگێڕانی کتێب و دیکۆمێنتەکانی تایبەت بە جینۆساید و ئەنفال بە زمانە زیندووەکانی دونیا، بەشێوەیەکی سیستەماتیك و پلان بۆدانراولەلایەن دەزگاکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

10. هەوڵدان بۆ دووبارە کاراکردنەوەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و دەست نیشانکردنی بەرپرسیارێتی هەرێمی کوردستان لە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی دادگا.

11. بەشێك لەو خوێندکارانەی بە مەبەستی خوێندن دەنێردرێنە دەرەوە، بکرێتە مەرج توێژینەوەی ماستەرو دکتۆراکانیان، لە سەرتاوانەکانی جینۆسایدو ئەنفال و کیمیابارانی گەلەکەمان بەو زمانانەی پێی دەخوێنن بێت.

12–هەوڵدان بۆ پێكهێنانی دادگایەكی ناوخۆیی لە هەرێمی كوردستان بەناوی دادگای باڵای تاوانەكان بۆ لێكۆڵینەوە لە دۆسیەكانی تاوانی جینۆساید.

13. عەدالەتی ئینتقالی تاكە رێگەیە بۆ دابینكردنی دادپەروەری و قەرەبوكردنەوەی قوربانیەكان، بەبێ عەدالەتی ئینتقالی ئاشتەوایی نیشتمانی دابین ناكرێت و لە هەرێمی كوردستانیشدا تا ئەم شێوازە لە دادپەروەری پەیڕەو نەكرێت برینی تاوانی جینۆسایدی فەیلیەكان و جینۆسایدی بەرزانیەكان و جینۆسایدی ئەنفال و شنگال و برینەكانی دیكە سارێژ نابن و ئەگەری دوبارە بونەوە و رشتنی خوێنی زیاتر لە ئارادا دەبێ.

## لەسەرئاستی رێكخراوەكان

1. دروستكردنی تۆڕێكی پەیوەندی لە نێوان هەرچوار پارچەی كوردستان و هەوڵدان بۆ پێكەوە كاركردن لەسەر ناساندنی تاوانەكانی جینۆساید لەسەر ئاستی هەر چوار پارچە.

2. سود وەرگرتن لە ئەزمونی كاركردنی ریكخراوە جیهانیەكانی تایبەت بەجینۆسایدو دروستكردنی پردێكی تۆكمەی پەیوەندی لەگەڵیان بەئاراستەی بەدونیا ناساندنی تاوانەكانی دژ بە میللەتەكەمان.

3. دروستكردنی تۆڕی سەرجەم رێكخراوەكانی بواری جینۆسایدو ئەنفال و كیمیاباران لەسەر ئاستی كوردستان، بۆ ئەوەی یەك گووتاری ئاراستەكراومان هەبێت لەكاركردن لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی كوردستان و بە فەرمی كردنەوەی نوێنەرایەتی تۆڕەكە لە سەنتەری ولاَتانی ئەوروپاو رۆژئاواو هەروەها ولاَتانی هەرێمایەتی.

4. بكرێتە مەرج كە هەموو كۆڕو كۆنفرانس و شاندێكی رێكخراوەكان بۆ دەرەوەی ولاَت، لە 50٪ ی لە كەس و كاری قوربانیەكان بن وەك بەهێزترین شایەتحاڵی تاوانەكانی جینۆسایدو ئەنفال و كیمیاباران.

## لەسەرئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی

یەكەم: بەستنی كۆنفرانسی زانستی و ئەكایمی، تایبەت بە جینۆسایدو ئەنفال، ئامانجی ئەم كۆنفرانسانە تایبەت بە هەوڵدان بۆ ناساندنی جینۆسایدو ئەنفال.

دووەم: بە پشت بەستن بە بڕیارەكانی دادگای باڵای تاوانەكان لە عێراق و ئەو ولاَتانەی بەشێك لە تاوانەكانیان دژ بە گەلی كورد وەك تاوانی "جینۆساید، جەنگ، دژی مرۆیی" ناساندوە، بەفەرمی لە رێگای عێراق و هەرێمی كوردستانەوە داوا لە نەتەوە یەكگرتوەكان بكرێ تاوانەكانی دژ بە گەلی كوردو كوردستان، بە پێی رێكەوتننامەی 1948 و رێكەوتنامەی رۆمای 1998 بناسێنێ.

سێیەم: كار لەسەر ئەوەبكرێ، هاوشێوەی تاوانی جینۆسایدی ئێزدییەكان تاوانەكانی تری وەك "ئەنفال، كیمیابارانی هەڵەبجە، بەرزانیەكان، كوردانی فەیلی" و هتد پەرلەمانی یەكێتی ئەوروپا بیان ناسێنێ و بڕیاریان لەسەر بدات. هەروەك بۆ سەلماندنی ئەمەش نموونەی ترمان لە بەردەستە وەك تاوانی "هۆلۆكۆست و ئەرمەنەكان و بۆسنەو هرزەگۆڤین" و هتد

چوارەم: بەهێزكردنی تۆڕی پەیوەندی لەگەڵ لەگەڵ پەرلەمان و حكومەتەكانی ولاَتان، بە ئامانجی ناساندنی زیاتری تاوانەكانی جینۆسایدو ئەنفال پێیان و داواكردن لێیان هاوشێوەی هەندێ ولاَت بەفەرمی تاوانەكانی جینۆسایدو ئەنفال بناسن.

پێنجەم: هەوڵدان بۆ درووستكردنی پەیوەندی لە رێكخراوەكانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و جینۆساید، لەسەر ئاستی ئەو وڵاتانەی بوونیان هەیە، ئەمەش وەك دەرفەتێك بۆ ناساندنی تاوانەكان دژ بە گەلەكەمان.

شەشەم: بەشداریكردن لەو كۆنفرانس و سمینارانەی لەسەر ئاستی وڵاتانی دەرەوە سازدەكرێن، تایبەت بە تاوانەكانی "جینۆساید، مافی مرۆڤ، جەنگ" و گەیاندنی پەیامی جینۆسایدو ئەنفالكردنی گەلەكەمان، بە تایبەت نوێنەری زانكۆكانی كوردستان و رێكخراوەكانی تایبەت بەم بوارە.

## سەرچاوەكان:


### بەعەرەبی:

-احمد ناصر الفيلي، الكورد الفيليون "الأصالة التاريخية، ولمواطنة المهدورة"، 2013 ، بغداد
-د، مونيرة اميد، المقابر الجماعية للكورد الفيلين، 2010 اربيل
-نجم سلمان مهدي فيلي، الفيليون، 2009
-الأنفال، قرار محكمة، اشراف واعداد، الحقوقى بهزاد على ادم، الطبعة اولى، 2014
-موسوعة الهولوكوست، ماهي الابادة الجماعية؟
- Icrc،مركز المعلومات،نظام روما الأساسي للمحكمة الجنائية الدولية المعتمد في روما في 17تموز/يوليه 1998

### بەكوردی:

-دكتۆر مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی كورد، چاپی پێنجەم، هەولێر
– تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی كورد، "ئامار، داتا، پشكنین"، 2014 ، هەولێر، چاپخانەی ئازادی
– دەرسیم دیبەگەیی، ئینیسكۆپیدیای تاوانەكانی ئەنفال و كوردۆسایدكردنی گەلی باشووری كوردستان، 2010
– مەحەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق ، جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەركورد، چاپی سێیەم، سلێمانی
–عومەر مەحەمەد، پەلامارە سەربازییەكانی ئەنفال لە هەشت قۆناغدا، چاپی یەكەم 2013
–تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی كورد "تاوانی ئەنفال"، 2016، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، چاپی یەكەم

### دۆسییە:

-دۆسیەی بەڵگەنامەكانی جینۆسایدی كوردانی فەیلی لە دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق "بەڵگەنامەی نوسراوی بەعس، راپۆرتی دەستەی پارێزەرانی بەرگریكار، بڕیاری دادگا"
– دۆسیەی بەڵگەنامەكانی جینۆسایدی ئەنفال، لە دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق "بەڵگەنامەی نوسراوی بەعس، راپۆرتی دەستەی پارێزەرانی بەرگریكار، بڕیاری دادگا"
– دۆسیەی بەڵگەنامەكانی جینۆسایدی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق "بەڵگەنامەی نوسراوی بەعس، راپۆرتی دەستەی پارێزەرانی بەرگریكار، بڕیاری دادگا"
– دۆسیەی بەڵگەنامەكانی جینۆسایدی بەرزانیەكان لە دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق "بەڵگەنامەی نوسراوی بەعس، راپۆرتی دەستەی پارێزەرانی بەرگریكار، بڕیاری دادگا"
– دۆسیەی بەڵگەنامەكانی جینۆسایدی ئەشكەوتی دەكان و گووندی سۆریالە دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق ".
– دۆسیەی بەڵگەنامەكانی جینۆسایدی قەڵادزێ و سەیدساق لە دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق.

http://garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.78

# ڕەنگدانەوەی تراجیدیای (جینۆساید) لە شیعری کوردیی سییەکان و چلەکانی سەدەی پێشوودا

پ.ی د. مەریوان عمر حسن - زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی زمان - بەشی کوردی
پ.ی د.عطا رشید حسین - زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت - بەشی کوردی

## پێشەکی :

بەدرێژایی دیرۆکی مرۆڤایەتی لەگەڵ هەموو سەردەمە جۆربەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤدا کارەسات و تاوانی بەکۆمەڵکوشتن... بوون و بەردەوامییان هە بووە , ئەو بابەتەش وەک ئەوەی بۆ یەکەمجار لە ڕووپەلی دیرۆکی هونەری تراجیدیادا , کە لەسەردەمی یۆنانییەکانەوە وەک بەرهەمی هونەریی و ئەدەبی هاتەکایەوە , ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت , کە سەرەتای مەراسیم و ڕێوڕەسمی (دیۆنیسۆس)دا هەرهونەری کۆمیدیا یان گاڵتەجاڕانە بووە دواتر و وەک ئەرستۆ دەڵێت (پاش ئەوەی ماوەیەکی خایاند ئینجا وردە وردە تراجیدیا خۆی لە بڕگە کۆمیدییەکان دەربازکردو وسەربەخۆیی بەدەستهێنا), ئیدی و پاشتر تراجیدیا وەک هونەرێکی سەربەخۆ و بووە بابەتی تێکڕای جۆرەکانی ئەدەب لە مێژووی ئەدەبیاتی کۆن و نوێی گەلانی جیهان وبووە ئەو ئاوێنە و ناسنامە ئەدەبییانەی جیهان , کە بەجۆرێک لە جۆرەکان گوزارشتی لەوڕووداوە کارەساتبارانە دەکرد , کە چ لە لایەن سرووشت یان ئەو جەنگ وشەڕانەی , کە لەنێوان مرۆڤەکانەوە بەشێوەی کۆ دەکرانە سەریەکدی و لەو نێوەداجگە لە تیاچوونی شەڕکەرەکانی نێو هەردوو بەرە بە دەیان , سەدان یان هەزاران مرۆڤی سڤیل و بێتاوان لەونێوەدا کۆکوژدەکران ..., دیارە هەموو ئەوانە مۆتیڤ یان هەوێنگەلێکی باشبوون بۆ داڕشتن یان بەرهەمهێنان و لەدایکبوونی زۆرێک لەو بەرهەم و شاکارە ئەدەبییە جیهانییانەی, کە چ لە کۆن و چ لە سەردەمی نوێدا بە ناوەڕۆک و ناوی جیاوازەوە لەسەرانسەری جیهاندا بلاوبوونەتەوە.

هەڵبەت بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کارەسات یان تراجیدیا زەمینەیەکی فراوان و بەپیتی بۆ بابەتەکانی شیعر وچیرۆکی هونەریی کوردیی هەردوو دەیەی سی و چلەکانی پێشوودا سازکردووەو بەتایبەت هەروەک دەزانین هەر لە داستان وچیرۆکی تراجیدیای یان ڕووداوی مێژوویی (قەڵای دمدم) ەوە تاوەکو نێوان بیست و ساڵانی سییەکان چ لە باشوور و چ لە باکووری کوردستان لەلایەن ڕژێمی پادشایەتیی عێراق و ڕژێمە فاشیستەکەی مستەفا کەمال (ئەتاتورک) چەندین تاوانی کۆمەڵکوژی و بەکۆمەڵ تیربارانکردنی سەرکردە و فەرماندەکانی ڕاپەرینە چەکدارییەکانی شێخ سەعیدی پیران , ڕاپەڕینەکەی ئاگریداغ و تا سەیدڕەزای دەرسیم

ئەنجامدابوو, دواتر هەروەک بینیمان , کە چۆن حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی عێراق بەگشتی و ڕژێمە فاشیست و هۆڤییەکەی سەددام حسێن هەر لە کوردە فەیلییەکان, بارزانییەکان, هەڵەبجە و ئەنفال دەیان تاوانی کۆکوژیی دیکەیان دەرحەق بە گەلی باشووری کوردستان ئەنجامدابوو .... دیارە هەموو ئەم تاوانانە لەبیر خەڵکی رۆشنبیر و هۆشیاری گەلەکەمان بێ بەرسڤ و کاردانەوە نەماوەتەوە چ بە نووسین و شاکاری ئەدەبی چ بە قوربانیدان و خەباتی بەردەوام تاڕاددەیەک تۆڵەی مەعنەوی و مۆراڵی خۆیان لە دوژمنان کردۆتەوە و لەو نێوەدا هونەرمەندان و ئەدیبانی کورد بەتایبەت ئەوانەی , کە لە نێوان هەردوو دەیەی سیی و چلەکانی سەدەی پێشوو , کە بە شیعر داهێنانی خۆیان پێشکەش بە خوێنەرانی گەلەکەیان کردووە ,واتە ئەو دوو دەیەی , کە سنووری توێژینەوەکەمان دەگرێتە خۆ کاری لەسەر بکەین .

کاری توێژینەوەکەمان بەپێی ڕێبازی تیۆری وەسفی شیکارییە و بۆ ئەمە بەشی یەکەممان لەسەر بنەمای تیۆری و بەشی دوومیش بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری داڕشتووە .

هەر بۆیە لەو چوارچێوەیەدا ، هەوڵدەدەین سەرەتا لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان باس لە چەمک و پێناسەی هونەری تراجیدیا و کورتە مێژووی سەرهەڵدانی ئەو هونەرە بەپێی ڕەوتە مێژووییەکە دەخەینەڕوو، کە لە ئەورووپادا سەری هەلدا، ئینجا ئاماژە بە مێژووی سەرهەڵدانی زاراوەی (جینۆساید) و پێناسەی ئەم زاراوەیە و پاشان بە کورتی لەسەر جۆرەکانی جینۆساید دەدوێین، بێگومان ئەم بەشە لە توێژینەوەکەمان بۆ تێگەیشتنێکی زانستییانەیە سەبارەت بە تراجیدیا وەک بابەت وهەوێنی ئەو شیعرانەی، کە لەو دوودەیەدا کەم تا زۆر ببووە نێوەڕۆکی زۆرێک لە پارچە هەڵبەستی کۆن و نوێی شاعیرانی ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەمان.

## بەشی یەکەم

## کورتە باسێک سەبارەت بە مێژووی تراجیدیا :

دیارە هیچ بابەتێک لە خۆیەوە نایەتە مەیدانەوە ، بەڵکو هۆکار وسەردەمێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، کە خوڵقاندوونیەتی، لەونێوەشدا هونەری تراجیدیا ((وەک هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و هونەری لەسەرەتای پەیدابوونییەوە لە دووتوێی هەندێ بەند و باوی ساکارەوە پەیدابووە))[1]بەتایبەتیش بۆ ((ئەو دوعا و نزایانەی، کە گریکەکان بەبۆنەی جەژنی دینۆسیس (Dionysus)ەوە بەشێوەی سروود و ئاوازدەیانوناندن و دەپاڕانەوە و نزایان دەکرد، کە مرۆڤ لەژێر باری ئەودایە و ئافەریدەی ئەوە وهەمووکار و کردەوەیەکی بەچاک و خراپییەوە لەوەوەیە، چاودێری بکا و میهرەبانی لەتەکدا بنوێنێ، ئیدی هێدی هێدی لەدزەگای ڕۆژگاردا

[1] حەمەکەریم هەورامی، درامای کوردی لەناودرامای جیهاندا ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠١ ،ل٤٥ .

گۆڕان و بوون بە گفتوگۆکردن لەنێوان ئەکتەر و کۆرسدا ، کۆرسەکەش سروودەکانیان دەکردە وەڵامدانەوەی وێردەکانی ئەکتەرەکە))[2]، بۆیە بەهەڵدانەوەی ڕووپەلەکانی دیرۆکی تراجیدیا، کە لەسەردەمی یۆنانییەکانەوە هاتە کایەوە ، ئەوەمان بۆدەردەکەوێت ، کە سەرەتای مەراسیم وڕێورەسمی (دیونیسیۆس) ، ((تا زەمانی (یۆرپید) لەبنەرەتدا گاڵتەجارانە بووە، بەڵام وەکو (ئەرستۆ)دەڵێت ماوەیەکی خایاند، تا نمایشی تراژیدی لەبرگە کۆمیدیاکان دەربازبوو و سەربەخۆیی بەدەست هێنا))[3]، کەواتە بەسەرهات و ڕووداوە جڤاکییەکانی ئەو سەردەمەی ژیانی یۆنانییەکان و پێداویستی ڕۆژانەیان بابەتی تراجیدیای هێنایە کایەوە و لەلایەن نووسەران و شاعیرانی یۆنانیشەوە بەهەند وەرگیراوەو لە بنیاتی گەلێک لە دەقە شیعرییەکانیاندا ڕەنگیان پێدەدایەوە .

سەبارەت بە سەرهەڵدان ومێژووی تراجیدیا (عبدالواحد ابن یاسر)دەڵێت: ((تراجیدیا تەنها شێوەیەکی درامی نییە لەنێوان شێوەکانی تردا، بەڵکو بریتییە لەکرۆک و ناوەڕۆکێکی دڵتەزێن، ئەم هونەرە لەمێژووی ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوادا دووجار سەری هەڵداوە ، یەکەمجار لەسەدەی (٥پ.ز) لەگەڵ تراجیدیای یۆنانیدا ، دووەمجاریش لەسەدەکانی (١٦)و (١٧)ی زاینیدا لە ئینگلتەرا، پاشان لە فەرەنسا و ئیسپانیادا سەریهەڵدا، لەجاری یەکەمدا یەک سەدەی خایاند ، بەڵام لەجاری دووەمدا و لەگەڵسەردەمی (ئەلیزابیث)دا (٦٠)ساڵی خایاند))[4] هەرئەو نووسەرە لەدرێژەی باسەکنیدا سەبارەت بە دیرۆکی تراجیدیا جەخت لەسەر ئەو دەکاتەوە، کە ((مێژووی تراجیدیا لەڕۆژئاوادا مێژوویەکی بازنەییە (دامەزراندن و لەناوچوون)، بووژانەوە و دووبارە گەڕانەوە، پاشان مردنی کۆتایی، و لە هەموو جارێکیشدا دەرکەوتنەکەی هاوکاتە لەگەڵ جووڵە و لەرینەوەی لە جەستەی جڤاکیدا ، لەهەمان کاتیشدا کۆتاییە بەسەر سیستەمی نەریت و بیر وباوەڕ و ڕەمزدا))[5].

لێرەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت، کە هونەری تراجیدیا لەگەڵ سەرهەڵدانیدا بۆ ئەوەبووە، کە بەبایەخەوە کار لەسەرڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی کۆمەڵگا بکات و بینەران لە ڕاستییەکانی ژیان ئاگاداربکاتەوە و پەیامێکی گەورەی مرۆییان پێببەخشێت .

## چەمک و پێناسەی تراجیدیا :

لە ڕووپەلەکانی دیرۆکدا ئەم هونەرە وەک زاراوە، و سەرهەڵدانی بۆ سەردەمی یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە و تێیدا دەگوترێت: ((وشەیەکی گریکی کۆنە و دوو وشەی لێکدراوە، کە

[2] س، پ ، ل (٤٥ ) .
[3] ویلیام جێمز دورانت ، مێژووی شانۆ ، و . پێشڕەو حسەین ، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی ، ٢٠١٠ ، ل٢٤ .
[4] عبدالواحد ابن یاسر، المأساة و الرؤية المأساوية في المسرح العربي الحديث ، مطبعة(دار و مكتبة عدنان)، بغداد،٢٠١٣،ص١٧.
[5] س ، پ ، ل ١٨ .

هەریەکێکیان مانای تایبەتی خۆی هەیە ،(ترا) واتە گۆرانی ، گیدی (جدی) واتە بزن، هەردوو وشەکەش بەسەریەکەوە دەبێتە (گۆرانی بزن)، بۆیەئەوناوەشی بەسەردابڕاوە، چونکە ئاهەنگێڕانی (دیونیسۆس)دا سرووودبێژەکان و ئاهەنگگێڕەکان کەوڵی بزنیان لەبەردەکرد ولەناوپەرستگای (دیونیسۆس)دا بەدەوری پەیکەرەکەیدا دەسووڕانەوە و سرووودیان دەووت))[6] ، دەکرێت لێکدانەوەی وشەی (تراگیدی) یۆنانییەکە هەمان واتای لەزمانی کوردیدا ببینینەوە بۆ نمونە لە کورمانجیدا ،کە بە حوکمی دیمۆگرافیا و جوگرافیا لە پێش هاتنی شالاوی مەغۆلەکان بۆ ئەنادۆڵ و گەر بگەڕێینەوە بۆ پێش چەند هەزارساڵێک بەر لە ئێستا بەتایبەت لەسەردەمی هەردوو ئیمپراتۆرییەتی (میدیا)ی کوردی و (لیدیا)ی یۆنانی لەودەورانەوە تا هاتنی تورکە مەغۆلەکان. تەنیا دراوسێی باکوور و باکووری ڕۆژئاوای خاکی میدییەکان ..واتە باکووری کوردستانی ئێستا. گەلی یۆنان یان لیدییەکان بووە !!، کەواتە دەتوانین بێژین بۆ لێکدانەوەی هەرکام لە هەردوو وشەکانی: (ترا)و(گیدی) کە یەکەمیان بەمانای (ستران- ترانە) و وشەی (گیدی) ،کە لەکوردییەکەدا بە (گدی) واتە بزن هاتووە هەر هەمان ماناو هەمان مۆرفیمە دەنگە !! چ بۆ زمانی یۆنانی یان بۆ زمانە کوردییەکەی لای خۆمان بەتایبەت بەشێوەزاری کوردییە ژوورووەکە هەر یەک شتە !!، لە فەرهەنگی ((هەمبانە بۆرینە))[7]ی مامۆستا هەژاردا ...ئەم وشانەی بەرامبەر هەمان واتا داناوە، کە لە لێکدانەوە کەی سەرەوەدا هاتبوو ...بۆ نموونە سەبارەت بەوشەی یەکەم مانایەکی دیش دەدات بەدەستەوە کە ئەویش (شاخ) یان (قۆچ)ی بزن یان ئاژەڵە ...واتە هەمان واتا چ بۆ یۆنانییەکە ، کە بەشاخی ئاژەڵ دەبێژن (تۆر-تۆڕۆس) و لە کوردییەکەشدا وشەی (سترۆ) ی کورمانجی هێناوە، کە هەمان واتای هەیە، کە مانای (شاخ- قۆچ) دەگەیەنێ. کەواتە لە دەستەواژەی یەکەم چ بۆ کوردی و چ بۆ یۆنانییەکە مانای (گۆرانی بزن) دەگەیەنێت و لە دەستەواژەکەی دووەمیشدا بەمانای (شاخی بزن) دەگەیەنێت !! .

هەر لەو دەورانەدا لای یۆنانییەکان و لەدوو توێی نمایشی ئەم جۆرە هونەرەدا ((ئەکتەرەکانی ئەو مەراسیمە لەشێوەی بزندا دەردەکەوتن))[8]، تەنانەت شێوازی دەنگدەربڕین و هەڵسوکەوتیشیان هەرلەشێوەی بزندابووە و کارێکی سەرنجڕاکێش بووە، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی پیڤاژۆیەکانی ژیان وژیارییدا، توانی خۆی لە نێوپرۆسە و کارێکی شانۆیی جیهانیدا ببینێتەوە و سەرنجی شانۆکاران ونووسەران بەلای خۆیدا ڕابکیشێت و مرۆڤ بە هۆیەوە بتوانێت هەموو ئازار و دەردی سەری خۆی تێدا ببینێتەوە.

[6] حەمەکەریم هەورامی، درامای کوردی لەناودرامای جیهاندا ، ل(٤٦) .
[7] هەژار ، هەنبانە بۆرینە- فەرهەنگی کوردی - فارسی ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی سروش ، تهران ، ١٣٦٩ ،ل(٤١٢) ، (٦٨٧) .
[8] ویلیام جێمز دورانت ، مێژووی شانۆ ، ل( ٢٤) .

لەگەڵ ئەوەشدا و لەگەڵ دەرکەوتنی هونەری شانۆی تراجیدیادا، هەرلەسەرەتاوە ئایین وڕێوڕەسمە ئاینییەکانی سەردەمی یۆنانییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەری بەتایبەتی ((گۆرانی (دیسرامب)، کە گۆرانییەکی ئاینییە))[9] و ((بەشێکە لەجەژنی سالانە، کە بۆ ڕێزلێنان لە (دیۆنیسیۆس) دەکرا و پیشکەش بە (ئارخۆن) دەکرا))[10] .

بەواتە دەتوانین بڵێین ،کەلەوڕۆژەدا، ڕووداوێک دەبووە هەوێن و کەرەسەی نمایشە تراجیدییەکە و کاریگەریی لەسەر بینەرانیش بەجێدەهێشت و بینەران بەوریاییەوە تەماشایان دەکرد و ئاوێتەی دەبوون، بەدیوێکی دیکەدا دەکرێ بڵێین، هەموو نمایشێکی شانۆیی تراجیدیا، خۆی لە دووتوێی گێڕانەوەی ڕووداوێکی تەواودا دەبینێتەوە، کە شوێنێکی دیاریکراوی هەیە، مەبەستیش لەڕووداوی تەواو ئەوەیە، کەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت، سەرەتاش بریتییە لەناساندنی ڕووداو و چۆنیەتی سەرهەڵدانی، کە وردەوردە لەگەڵ گێڕانەوەی نمایشی ڕووداوەکاندا گەشەدەکات تا دەگاتە کۆتایی, ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕووداو، یان چیرۆک ئامانجی تراجیدیایە بەبێ ڕووداوبنیات بنرێت ((هەموو بەشەکانی ئەوڕووداوەش پێکەوە بەستراون وگۆڕانکاریش لەهەربەشێکدا ڕووبدات، جا لابرێ یان دەستکاری بکرێ ، کاریگەریی لەسەر بەشەکانی تریش درووستدەکات))[11]، هەندێکی دیکەش لەڕەخنەگران پێیان وایە، کە ((تراجیدیا بەهەموو ئەو کارەسات وڕووداوە دڵتەزێنانە دەگوترێ، کە تووشی پاڵەوان دەبێتەوە، کە تێایدا ململانێ و قوربانیدانی دەوێ لەگەڵ قەزا و قەدەر وهۆکارەکانی چاوتێبڕین وتۆڵەسەندنەوەو خۆشەویستیی و کارتێکەر و کارتێکراودا هەموو ئەمانەش ترس و بەزەیی و سەرسامبوون درووستدەکەن لەدەرووندا))[12]، هەرلەوچوارچێوەیەدا ڕۆمانتیکییەکانیش دەڵێن: ((تراجیدیا ئەوەیە، کە پەیوەندی بە خەوشێکی دیارەوە هەیە لە کەسایەتی پاڵەوانی شانۆگەریدا))[13] .

لە دووتوێی ئەو پێناسانەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی ، کە بڵێین، خودی تراجیدیا لە ئەنجامی لاساییکردنەوەی کاری پەسەند و گونجاوی چەند کەسێکە بەشێوەیەکی جوانتر و سەرنجڕاکێشترو لەبارتر لەوەی ، کەلەواقیعدا هەیە ، لەلایەکی دیکەشەوە ڕاگرتنی هاوسەنگییە لەنێوان دەروونیی سۆز و بەزەیی لەگەڵ ترس وسامدا، کە تێیدا خودی تراجیدیا ئەوەی دەوێت، کە دەیەوێت دەروونی مرۆڤ لە هەمووکارێکی ناپەسەند ونادرووست پاکبکاتەوە و بیکاتە

9 رشاد رشدي (د) ، نظرية الدراما ، مطبعة هلال ، القاهرة ، ٢٠٠٠ ، ص(٧) .
10 ويليام جێمز دورانت ، مێژووى شانۆ ، ل (٣٠) .
11 رشاد رشدي (د) ، نظرية الدراما ، ص(٢٠) .
12 سمير عبدالرحيم الچلبي ، معجم المصطلحات المسرحية ،ص(٢٤٠) .
13 جون رسل تيلر ، الموسوعة المسرحية ، ت . سمير عبدالرحيم الچلبي ، ج٢ ، ص(٥٦٣) .

مرۆڤێکی تەندرووست بۆ کۆمەڵ ، ئەمە جگەلەوەی ، کە کۆتایی هەموو نمایشێکی شانۆگەریی تراجیدیایی بە ناخۆشی و مەرگەسات کۆتایی دێت .

**جۆرەکانی تراجیدیا :**

تراجیدیا ، وەکو هەر کارێکی ئەدەبی و هونەری دەکرێت بەچەند جۆرێکەوە ، لەوانەش وەکو :

((١- تراجیدیا ی تۆڵەسەندنەوە ، بەو کارانە دەوترێ ، کە لە شانۆگەرییەکانی (سنیکا)وە وەرگیراوە و لەسەربنەمای بیری تۆڵەسەندنەوەی پاڵەوان بنیاتنراوە .

٢- تراجیدیای پاڵەوانێتی ، گوزارشتە بۆ داستانی پاڵەوانێتی ئەسپسواری .

٣- تراجیدیای تێکەڵ ،بەوجۆرە تراجیدیایە دەوترێ ، کە هەرچەندە ئەنجامەکەی ناخۆشییە ، بەڵام جۆرێک لە دیاردە و ڕەگەزی پێکەنیناویشی تێدایە .

٤- تراجیکۆمیدیا ، بەوجۆرە تراجیدیایە دەوترێ ، کە لە هەردوو بابەتی تراجیدیا و کۆمیدیا پێکهاتووە ، ئەو کارەکتەرانەی تێیدا بەشدارن سەر بە چینە کۆمەڵایەتییە میلییەکان و ئەرستۆکراتەکانن و مەرج نییە بەناخۆشی ، یان بەمردنی پاڵەوان کۆتایی بێت ...))[14] .

**بەشە گرنگەکانی تراجیدیا :**

بەهۆی ئەوەی هونەری تراجیدیا لەڕێی نواندنەوە نمایش دەکرێ و دەگێڕدرێتەوە، دەبینین لەکۆمەڵێک بەشی سەرەکی وگرنگ پێکدێت، کە هەموویان تەواوکەری یەکدین، ئەوانەش بریتین لە:

((چیرۆک، کارەکتەر، شیعر، سۆز، دیمەن ، مۆزیک))[15]، بەڵام وەک باسیش دەکرێ لە هەموویان گرنگتر (چیرۆک)ە ، کە سەرجەم ڕووداو و ڕەگەزەکانی دی پێکەوە گرێدەدات، چونکە گێڕانەوە بەبێ بوونی چیرۆک ئەنجام نادرێت، بەڵام هەندێکی دی لە ڕەخنەگران بەم شێوەیە قسە لەسەر بەشەکانی تراجیدیا دەکەن، کە پێیان وایە: -

((١- چیرۆک کارێکی تەواوی گرنگە و لەچەندڕووداوێکی سامناک و زنجیرە کارەساتێک پێکهاتووە .

٢- پاکژبوونەوە ، پاکبوونەوە و ڕزگاربوونی لەشی مرۆڤ لە دوومەگێز : بەزەیی و سام وەک چۆن مۆسیقا بەکاردەهێنرێ بۆ هێورکردنەوەی کرژی و دەمار و حەواندنەوەی ماندوویەتی مێشکی مرۆڤ ...

٣- وەرگەڕان ، پاشگەزبوونەوەی ئەو ڕووداوانەیە، کە نیاز وانەبوو ئەو وەرگێڕانەیان تێدا ڕوویدا... وەرگەڕان نابێ شتێکی دەستکرد و تێ ئاخنین بێ، بەڵکو دەرەنجامی زرووف و

[14] ماری الياس (د.) و حنان قصاب حسن (د.) ، المعجم المسرحي ، مكتبة لبنان ، ط٢ ، بيروت ، ٢٠٠٦ ، ص(١٢٨) .
[15] رشاد رشدي (د) ، نظرية الدراما ، ص(١٢) .

حەتمییەتی ڕووداوەکانە، وەک وەرگەڕانی دۆخی چارەڕەشی بۆ دۆخی بەختەوەری، یان بەپێچەوانەوە ... .

٤- دەرکەوتن، دەرکەوتن لە تراجیدیادا جۆرە گۆڕانێکی کتوپڕییە، ئەم گۆڕانە کتوپڕییە لە دۆخی نەزانین و بێ ئاوەزییەوەیە بۆ باری زانین و ئاوەز .... ))[16].

لەکۆتاییدا دەکرێ بڵێین، تراجیدیا هەستکردنێکی ناخۆش ودڵتەزێنە بە ژیانەوە ، کە ئەوەش کرۆکی ئەو شانۆگەرییەیە و بەدرێژایی دیرۆکی سەرهەڵدانی هەتاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ ڕووپەلێکی مەزنی لە دیرۆکی شانۆی جیهانی داگیرکردووە و سەرنجی زۆرێک لە نووسەران و ڕەخنەگران وتیاترۆڤانانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە ، بەمەش کەلێنێکی گەورەی لە مێژووی شانۆدا پڕکردۆتەوە .

**(جینۆساید) وەک چەمک و پێناسە :**

جینۆساید ....زاراوەیەکە لە دوو برگە پێکهاتووە ، جینۆ (Geno) وشەیەکی گریکییە بە واتای ڕەگەز یان بنەچە دێت ، (Ceader)وشەیەکی لاتینییە بە واتای لەناوبردن و پاکتاوکردن دێت ، هەردوو وشە پێکەوە بەمانی پاکتاوکردنی رەگەزی دێت . بەکارهێنانی زاراوەی جینۆساید بۆ یەکەمجار لە لایەن شارەزای یاسایی پۆلەندی (رافائیل لیمکین) لە (مەدرید) لە کۆنفرانسی ساڵی (١٩٣٣) بەکاریهێناوە و لە ساڵی (١٩٢٤) بە نوسین تۆماری کردووە ، ئەم یاساناسە خێزانەکەی بەدەستی ئەڵمانەکان لە ناوبردراون .

جینۆساید یان تاوانی کۆکوژی بەواتای:( قڕکردنی ڕەگەزی مرۆڤ، مەبەست لە پاکتاوکردن یان هەوڵدان بۆ قڕکردنی هەر دەستەو تاقمێکی مرۆڤە، کە تێیدا پرۆسێسی کۆکوژی وکوشتنی تاکەکانی هەر کۆمەڵێک یان دەستدرێژکردنی لەسنووربەدەرە دەرحەق بە تاکەکان جا چ جەستەیی بێت یان دەروونی دەگرێتەوە،یاخود ناچارکردنیانە کە بەدەر لەخواستی خۆیان بخرێنە نێو رەوشێکی سەختیی ژیانەوە تا ئاستی لەنێوبردن یان پەرتەوازەکردنی نەوەکانیان)[17].

لەلایەکی دی تاوانی کۆمەڵکوژیی یاخود (جینۆساید) هەر لە مێژووی زۆر دووری کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە ، واتە بەر لە هەزاران ساڵ دەستە و تاقمە دەسەلاتدارەکان یان گرووپە سەردەست و براوەکانی جەنگ لە دژ بەرەی بەرامبەر و لە تۆڵەی کارێک یان سەرشۆڕنەکردن و ملنەدانی دەستە و گرووپ و نەتەوەی بەرامبەر..., لە رەوشێکی نا لۆژیکی

[16] حەمە کەریم هەورامی ، درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا ، ل( ٤٦ - ٤٩ ) .

[17] احمد عطيه الله ، القاموس السياسي ، دارالنهظة العربية ، طبعة الاولى ، القاهرة ، ص١ .

و نامرۆڤانەدا لایەنی بەهێز و سەرکەوتوو و دەسەلاتدار بەدەرو دوور لە هەموو یاسا و ڕێساکانی گرێدراو بە پاراستن و ڕێزگرتنی مرۆڤ بۆ سادەترین مافە سەرەتاییەکانی خۆی تاوانی بەکوشتنی بەکۆمەڵیان لە بەرامبەردا ئەنجامداون ..، نموونەشمان بۆ ((ئەو گریمانانەی، کە لە لایەن زۆرێک لە دانەرانی وەک (گارید دایمۆند) ....ئاماژە بە کۆنترین تاوانی جینۆساید دەدەن ،کە بۆ پێش ١٤٩٠سالْ دەگەڕێتەوە ....بەواتە مەبەست لەو تاوانە کۆکوژییانەن ، کە دژ بە مرۆڤی سەرەتایی کراون و لەپای ئەوەشدا بۆتە فەوتان و قڕبوونی ئەو جۆرە مرۆڤانە ، ئەمە لە کاتێکدایە ،کە ئەم باسە لەگەڵ دیتن و بۆچوونەکانی نێو ناوەندە زانستییەکان یەکناگرنەوە))[18]. هەروەها سەبارەت بە یەکێکی دیکەی لەو کۆکوژییانەی کە مێژوویەکی کۆنیی هەیە ئەویش ((ئەو کۆکوژییە بوو کە لەلایەن باوەڕدارانی (موسا)ی پێغەمبەرەوە لە دووهەزارەی بەر لەدایکبوون ...دەرحەق بە خەڵکانێکی باوەڕداری ئاینی کرابوو و ئەم باسەش لە .......... ، دەگێڕێتەوە ، کە سوپایەک لە ڕۆڵەکانی ئیسرائیل تەواوی پیاوانی خەڵکێکی ئاینپەروەریان کۆکوژکرد و پاشتر ئافرەت و منداڵەکانیان وەک سەبایا بەدیلگرت و پاشتر بە بەرچاو و فەرمانی (موسا) پێغەمبەرتەواوی ئەو ئافرەتانە ، جگە لەو کیژانەی،کە سەرجێگەییان لەگەڵ پیاواندا نەکردبوو ، و کە ژمارەیان ٣٢ هەزار ژن بوون تەفروتوناکران))[19].

دیارە بەدرێژایی دیرۆکی مرۆڤایەتی تاوانی جینۆساید هەبووە و ناوە ناوە لە نێوان گرووپ و هۆز و نەتەوە جیاجیاکانی سەر ڕووی زەوی هەر لە ڕۆژهەلاتی دوور و باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیاوە تا ڕووسیا و یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و سەردەمانی ئیمپڕاتۆرییەتییە کۆن و نوێیەکانی ئاسیا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ڕۆما و ئەوروپا و تا دۆزینەوەی کیشووەری ئەمەریکا.. دەیان تاوانی کۆکوژیی بە ئەندازەی چوارچێوە یاسایی و چەمکەکەی زاراوەی (جینۆساید) وەک تاوانی کۆکوژی ڕوویانداوە و بە سەدانهەزار و بگرە بە دەیان ملیۆن مرۆڤ کوژراون و بوونەتە سووتەمەنی جەنگە کورت و درێژخایانەکانی جیهان چ لە کۆن و چ لە سەدەکانی پێشوو بە گشتی و سەدەی بیستەمی ڕابوردوو بەتایبەت و نوێترین کاری تاوانی کۆکوژیش لەسەرتاسەری جیهاندا کۆکوژیی هاولاتیانی رەسەنی کوردی ئێزدیی دەڤەر و هەرێمی (ئێزدیخان- شەنگاڵ) بووم لە باشووری کوردستان ، کە لەلایەن گرووپە چەکدارە تیرۆریست و توندڕەوەکانی (ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش) لە هاوینی ساڵی ٢٠١٥ دا ئەنجامیان دابوو .

[18] ابادة الجماعية ، الموسوعة الحرة - ويكيبيديا .
[19] سەرچاوەی پێشوو .

**جۆرەکانی جینۆساید :**

جینۆساید یەکێکە لەو تاوانە گەورانەی ، کە بەدریژایی مێژوو لەملاو لەولای جیهان بوونی هەبووە بەردەوام بووە و تا ئەورۆکە لەژێر پاساو و بە بیانووی نا لۆژیک و دوور لە هەموو بەها مرۆییەکان لەلایەن کەسان و سەرانی هێز و دەسەڵاتی چین و هێز و ڕژێمە جیاوازەکان لە جیهاندا لە نێو جەنگ و ململانێیەکانی نێوان دوو هۆز یان دوو گرووپی جیاواز لە باوەڕ و ئایین و نەژاددا ئەنجامدراوە و دەدرێت .....

((جینۆساید تاوانێکی دڕندانەیە لەدژی مرۆڤایەتی ، بۆیە وەکو تاوانێکی نێونەتەوەیی لەیاسای نێودەوڵەتاندا بەمانای فەوتاندنی بەشێکی یا سەرجەم کۆمەڵەمرۆڤێکی دیاریکراوە))[20] ، هەر سەبارەت بەم تاوانە کۆکوژییە و لە بواری یاساناسییەکەدا چەند جۆر لەخۆدەگرێت ، کە بەچاکمانزانی و بەپێی پێویستیی توێژینەوەکەمان کورتە پێناسێک بۆ هەرکام لەو جۆرە تاوانانەی جینۆساید بخەینە بەرچاو، کە لەدیرۆکی کۆن و نوێی نەتەوەکەمان لەلایەن سوپا و هێزە داگیرکەرانی دەوروبەری وڵاتمانەوە ئەنجامدراوە نزیکترین و خویاترین نموونەش لەسەرەتای دەستپێکی سەدەی ڕابووردووەوە بوو،کە بەچڕی و ناوبەناو کەم تازۆر لە پارچەکانی کوردستانی دایک بەگشتی وباکوور و باشووربەتایبەت لەلایەن داگیرکەرانی تورک و عەرەبەوە ئەنجامدەدرا و قێزاونترینیشیان تاوانیی کۆکوژیی یان جینۆسایدی (ئەنفال ١٩٨٨) بوو:

((١- جینۆسایدی فیزیکی (بەدەنی-جەستەیی): واتە کوشتنت ئەندامانی هەر کۆمەڵەمرۆڤێکی دیاریکراو بەهەرجۆرێک بێت .

٢- جینۆسایدی بیۆلۆژی :تەگەرەخستەبەر پەرەپێدان تێکدانی ڕێژەی ئاسایی زیادبوونی مرۆڤ لەناو هەرکۆمەڵە مرۆڤێکدابێ .

٣- جینۆسایدی کەلتوری : قەدەغەکردنی زمان و شێواندن وتێکدانی مێژوو ، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ، ڕۆشنبیری ، کەلتوری نەتەوەیی و هەستی یەکگرتوو ، ئاین و شارستانیەتی هەرکۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو .

٤- جینۆسایدی ئابووری :برسی کردن و قەدەغەکردن ووێرانکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی هەرکۆمەڵەمرۆڤێکی دیاریکراو چ بە مەبەستی قڕتێخستن بێت یان بەمەبەستی هەڵکەندنیان بێت لە نیشتیمان و زێدی خۆیان))[21].

[20] مارف عومەر گوڵ، پۆلێنکردنی تاوانەکانی ئەنفال بەپێیجۆرەکانی ئەنفال، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری(ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧ .

[21] س ، پ ،ل١٩-٢٠ .

**بەشی دووەم :**

**کاریگەریی جینۆساید لەسەر دەروونی مرۆڤی کورد و ڕەنگدانەوەی لە نێو بەرهەمی شاعیران و ئەدیبانی کورددا:**

هەروەکوو پێشتر ئاماژەمان بەو ڕاستییە دیرۆکییانە کرد ، کە لەپای ئەنجامدانی تێکڕای هەموو ئەو کردەوە کۆکوژییانەی، کە بەسەر نەتەوەکەماندا هاتوون ..، بە هەموو چەشن و جۆرەکانییەوە دەرحەق بە کورد و کوردستان کراون واتە بە هەرچوار جۆرەکەیەوە بەسەر گەلەکەمان وخاکەکەی ئەنجامدراون...، بەتایبەت لە تێکڕای ئەو هەمووتاوانانەی ، کە بەدرێژایی سەدەی بیستەمدا تا ئەو تاوانە کۆکوژییەی ، کەلەلایەن تیرۆریستانی (داعش)ەوە بەرامبەر بەرەسەنترین توێژی نەتەوەکەمان ئەنجامدرابوو، کەئەوانیش کوردە ئێزدییەکانی هەرێمی (ئێزدیخان)بوو، کە ناوەندەکەی باژێری (شەنگال)ە .

هەربۆیە گەر رووپەلەکانی دیرۆکی نەتەوەی کورد هەڵبدەینەوە هەموو ئەو ڕاستییانەمان بە ئاشکرا بەرچاودەکەوێت ، کەچۆن کورد چەوسێنراوەتەوە و کۆمەڵکوژکراوە ، تەنانەت هەوڵی پاکتاوکردن و سڕینەوەی دراوە ، بۆیە لێرەوە دەکرێ بێژین هەموو ڕووداو و مەرگەسات و جۆرەکانی کۆمەڵکوژی ، کەلەسەر نەتەوەی کورد پیادەکراوە بەتەنها وەک ڕووداوێکی مێژوویی نابێتە ئەدەب و بەردەوام بەبەرچاومانەوە بمێنێتەوە بەو مانایەی ئەو ئەدەبە ، نەک هەر نەیتوانیوە ئەو تراجیدییانەمان لەبیربباتەوە ، بەوەی کۆمەڵێک وێنەی تراجیدیای ئەدەبی پێ ببەخشێت جیاواز لەو وێنەیەی لە واقیعدا هەیە ، بەڵکو هەمان مانا زانراوەکانی واقیع بەکاردەهێنێتەوە و ئەوەی ناهێڵێت ئەو ڕووداوە دیرۆکییانە بفەوتێن و بمێننەوە ئەوتێکست و بەرهەمە ئەدەبییانەن ،کە لەلایەن نووسەران و شاعیرانەوە هاتوونەتە بەرهەم .

هەڵبەت هەموو ئەو تاوانانە کەم تا زۆر کاریگەریی دەروونی و جەستەیی خستۆتە سەر مرۆڤی کورد بەتایبەت لەو شوێنانەی ، کە لەساتوکاتی خۆیدا تاوانەکانی جینۆسایدیان بەرامبەر ئەنجامدراوە وهەروەها ڕەنگدانەوەشیان لەسەر هزر و رەفتار و کەسێتییان جێهێشتووە و وەک بابەتێکی سەرەکیش بۆتە ناوەڕۆک و هەوێنی زۆرێک لەوبەرهەم و شاکارە ئەدەبییەکانی شاعیر و چیرۆکنووسانی کورد ، لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ، کە تیشکبخەینە سەر ژانری شیعر وەک جۆریکی ئەدەبی کاریگەر ، کە وەکو کایەیەکی ئەدەبی و فەنتازی توانیویەتی سوود لەهەموو ئەو ڕووداو و بەسەرهاتە دڵتەزێنانە وەربگرێت و بیکاتە هەوێن وکەرەسەی گەلێک دەقی هونەری ، واتە ((شیعری کوردی پانتاییەکی گەورەی لە توپۆگرافیای ئەدەبی کوردیدا داگیرکردووە و هەمیشە لەگەڵ ڕۆحی کورد ئاشنا بوون لە هەموو سەردەمەکاندا و بەشی زۆرینەی خیتابی ڕۆشنبیریی کوردی بووە و لەگەڵ هەست و سۆز و ئەندێشەدا مامەڵەی کردووە .شاعیری کورد لەگەڵ کێشەو گیروگرفتەکانی سەردەمی خۆیدا دەستەپاچە نەبووە و

هەوڵێداوە یادەوەری ڕابووردوو لە ئێستادا زیندووبكاتەوە وزۆرجاریش بۆ ئاییندە بڕوانێت ، بۆنمونە (ئەنفال)شاعیری بۆزەمەنی ڕابوردوو بردووە و لەمێشكی خۆیدا ئەو سروود و گۆرانییانەی ساڵەمێشكی ئازارداوە هەڵیوەشێنێتەوە و ئاراستەیەكی پێچەوانەی بداتێ)) [22] .

هەر بۆئەم مەبەستەش شاعیرانی كورد بەجەرگێكی پڕلەخوێن ودیدێكی پڕ لەهەنسك و گریانەوە بەتەنگ ئەو بابەتە تاڵ وتراجیدیانە چوون و شیعری خۆیان بۆهۆنیوەتەوە ،سەرەت دێینە سەر شیعری شاعیرانێك، كە بابەتی تاوانە كۆكووژییەكان بوونەتە كاكڵەی نێوەڕۆكی بەرهەمە شیعرییەكانیان و جا بە پێویستییەكی زانستیمان زانی، كە شاعیرانی هەردوو شێوەزاری ئەدەبیی كوردیی ناوەند و كوردیی ژووروو(كورمانجی) ی هەردوو دەیەی سالآنی سی و چلەكانی سەدەی پێشوو بە هەند وەربگرین بەوەی ، كە زۆرینەی ئەو تاوانە بچووك ومەزنانەی، كە لەسەرەتای سەدەی ڕابووردوو ڕوویاندابوو و پاشتر وەك كاریگەریی و كاردانەوەیەكی ویژدانیی شاعیران و ئەدیبانی كورد لە نێوان هەردوو دەیەی سەدەی ڕابوردوودا لە بەرهەمە شیعرییەكانیاندا ڕەنگیاندابووەوە، لەو شاعیرە دیارانەش، كە بابەتی تراجیدای جینۆساید ببووە هەوێنی پارچە شیعرییەكانیان چوارهەڵبەستڤانمان وەك نموونەی دیاری نێو توێژینەوەكەمان دەخەینە ڕوو، ئەوانەش هەركام لە شاعیرانی بەناوودەنگ. لەشێوەزاری ئەدەبیی كوردیی ناوەند:(حەمدی) و(پیرەمێرد) ولە شێوەزاری ئەدەبیی كوردییە ژوورووەكەش: هەریەك لە شاعیران: (جگەر خوێن)و (عوسمان سەبری) مان بە نموونە وەرگرتووە و كاری پراكتیكیی توێژینەوەكەشمان لەسەربەرهەمەكانی ئەو چوار شاعیرە نەمرەی نەتەوەكەمان دەبێت ، گرنگیی هەڵبژاردنی هەركام لەو ٤چوار شاعیرە لەوەدایە، كە لەسەر چوار ستایڵ و ڕێبازی جیاوازی ئەدەبین و هەرچوار پارچە شیعرەكەش دەچنە خانەی شیعری لیریكیی كوردییەوە :

١- حەمدی (كلاسیك)

٢- پیرەمێرد (ڕۆمانتیكی)

٣- عوسمان سەبری (نوێ)

٤- جگەر خوێن (میللی- شەعبی)

**شاعیرانی شێوەزاری ئەدەبیی كوردیی ناوەند :**

**(حەمدی) و (پیرەمێرد)وەك نموونە :**

هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان بەوە كرد، كە هەردوو شاعیرانی سەربە شێوەزاری كوردییە ناوەندەكە لەسەر دوو ڕێبازی جیاواز شیعریان نووسیوە، واتە یەكەم، كە٩/ حەمدی)یە سەر بە ڕێبازی كلاسیكییە كوردییەكەیە و (پیرەمێرد)یش سەربە ڕێبازە ڕۆمانتیكی و نوێكارییەكەیە.

[22] گۆڤاری ڕۆژنامەنووس ، ژ (6) , زستانی ٢٠٠٥ ، ل٩٣-٩٤ .

بەپێی ریزبەندی و بەپێی کرۆنۆلۆژیا، سەرەتا دێینە سەر(حەمدی)ی شاعیر، کەلە هەموویان گەورەتر ودەستپێک بووە لە هۆنینەوەی بابەتی هەڵبژاردەی توێژینەوەکەمان.

ئەحمەدی حەمدی بەگ ناسراو بە (حەمدی) یەکێک بوو لە شاعیرە دیار و ژیانکردووەکانی سەردەمی دەسەڵاتی حکومەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید ،هەروەها یەکێک بوو لەوشاعیرە کلاسیکییە بەتوانا وخاوەن هەڵوێستانەی ،کە هەڵگری بیرێکی نەتەوەیی وکەسێتییەکی خۆڕاگر ودیاری پێتەختەکەی حکومەتی کوردستانی جەنوبی بوو، کەئەویش شاری سلێمانی بوو، هەروەها لەڕووی تەمەنەوە لە پیرەمێردی شاعیر گەورەتر وهەر پێش ئەویش لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٦ و لە ڕێکەوتی ١٩٣٦/١١/١٢ بە سەکتەی دڵ کۆچی دوایی کردووە.

حەمدی وەک کەسێتییەکی ئازارچەشتوو و زیانلێکەوتوو قوربانی دەسەڵاتی(ئیحتیلال)بووە و لەسەر هەڵوێستی نیشتمانپەروەرییەکەیماڵی تالانکراو و کتێبخانە و دەستنووسە بەنرخەکانی خۆی سووتێنراوە و لەناوچووە، ((حەمدی مرۆڤێکی خاوەن عەقیدە بووە، ڕێگاوڕەوشتێکی تایبەتی بووە، بۆ پارێزیی بیروباوەڕی خۆی هەموو چەشنەتەنگوچەڵەمەیەکی چەشتووە، لەزەمانی تورکەکانا بەدرێژایی عومری لە بیروباوەڕا بە پێچەوانەی شێخ مەحموود بووە ، وە بەربەرەکانی کردووە، بەم هۆیەوە گەلێ ڕووداو لە بەینیانا ڕووی داوە ،کە ئینگلیزەکان لەگەڵ شێخ مەحموود تێکچوون ، شێخ دەستی بە حەمدی درێژکردووە و یارمەتی لێ داواکردووە ، حەمدیش کە زانی ئەمجارە ، ئیش و کار بەڕاستی ئەڕوا بەڕێوە، بەڕاستی بۆ گەلی کوردە ، بۆ نیشتیمانی کوردە، لەگەڵی ڕێکەوت ، و یارمەتیدا ، ئەو یارمەتییەش لەبەرئەوە نەبوو، کە شێخ لەسەرکەوتنابوو، بەڵکو، کەژێرکەوت و بەدیل نێررا بۆ هیندستان، حەمدی زۆر بەپەرۆشەوە یارمەتی خێزان وکەس و کار وتەبەعەی شێخی دا، ولەدەس دوژمن رزگاری کردن، وە دووری خستنەوە، ئەمجا هاتەوە سلێمانی، وەفیداکارییەکی زۆری نواند بۆ ڕزگارکردنی عائلەی خۆی))[23] .

حەمدیی شاعیربابەتی تراجیدیای کوردانی باکوور وکارەساتی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی شێخ سەعیدی کاڵ (پیران) دەبێتە هەوێنی تێکستێکی شیعری خۆی بەناونیشانی: ((شیوەن بۆ کوردانی باکوور))[24]دا، هەرسەبارەت بەو ڕووداوە بەسەرهاتی جەرگبڕی ٢٤/ئایار/١٩٢٥ خامەی بەبڕستی دەخاتە کار و وێنای ئەو ڕووداو و بەسەرهاتەمان بۆ دەکێشێت و دەڵێت:

[23] دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ ، چ١ ،چاپخانەی ئەسعەد ، بەغداد ، ١٩٥٧ ، ل ٦،٧ .
[24] س ، پ ، ل١٧ .

چۆن زمانی خامە نەشکێ ، نەپچڕێ ڕشتەی خەیاڵ
کاسەیی پڕمێشکی کەللە بۆ ئەبێ یەکسەر بەتاڵ
حامی ی قەومی زەعیف و عامیلی عەدل و ئەمان
وا لە کوێ چۆنی بنووسم ، بۆی بنێرم عەرض وحاڵ[25]

وەک دەبینین ، شاعیر ئاماژەی بەکارەساتە کۆمەڵکوژییەکەی کوردانی باکوور کردووە و لەزۆرشوێندا بەگێڕانەوە وبەوەی، کە خۆی ڕۆڵ دەبینیت، وەک ئەوەی بەچاوقی خۆی ڕووداوەکەی بینیبێت دەیانگێڕێتەوە و باسی شتەکان دەکات و تەنانەت گلەیی گازندەش لەڕۆژگاری ناهەموار و دژبە ژیانی گەلی کورد دەکات و دەڵێت :

چۆن لەژێر ئەم سێبەری گەردوونی دوونە دەرنەچم
خەصمی مادەرزادی قەوم ، صاحبی عەزمە و کەمال
چۆن لە صاحب قودرەتی نەوعی بەسەر طەعنە نەدەم
بۆ لە بەختی ئێمەدا ئەمڕۆهەموویان کەڕن و لاڵ [26]

لەڕاستیدا، هەموو ئەمانە وێناکردنێکی ڕوون وپڕلە سەلیقەی شیعرین، کە شاعیر لەڕووی نیشتیمانی ونەتەوەیی و مرۆیی و جڤاکی و زۆربابەت و ڕەهەندی دیکەوە پێمان دەبێژێ ودەمانخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورەوە و تیکستەکەش لە ئاست پلەیەکی بەرزدایە لە ڕووی ناوەڕۆک ە تەکنیکەوە، ئیدی شاعیر هەرلەدرێژەی گێڕانەوە و وێناکردنی ئەو ڕووداوەوە و گلەیی و گازندەش لەوڵاتانی زلهێز و بەتوانا وخاوەن تەکنەلۆژیا وزانستیش دەکات بەوەی، ئەوان بەهۆی زانست و تەکنەلۆژیاکانیانەوە ئاگاداری گەلێک لە نهێنییەکانی ژیانی ژیانی مرۆڤ وبوونەوەرن لە سەرزەوی و ژێردەریا و شەنوکەوی گەردوون دەکەن و کەچی لەبەرامبەردا لە ئاست هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر کورددا تێپەڕدەبێت و بەبەرچاوی جیهانەوە کۆمەڵکوژدەکرێن و لە زێدی باب وکاڵیان دووردەخرێنەوە. کەڕ وکوێرن! و بۆ ئەمە دەبێژێ:

بۆ بەژێر بەحرا ئەڕۆن و ئاسمانان کەشف ئەکەن
بۆچی تاکەی ناکەن کەشفی دەردی کوردی بێ چارەی شیمال
سەیری ناکەن وەک نیگاری لەوحی تاریخی بەشەر
نەقشی کوورەی ئەرز ئەکا،وەک بەحری ئەحمەرخوێنی ئاڵ[27]

[25] دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ ،ل٦٩ .
[26] س ، پ ، ل٦٩ .
[27] س ، پ ، ل٦٩ .

شاعیر هەر بەوەوە ناوەستێ ولەڕێی دەقەشیعرییەکەیەوە، دەمانگێڕتەوە بۆ قۆناغەکانی دیرۆکی پڕکارەساتباری نەتەوەی کورد ، کە پێی وایە هەموو بستەخاکێکی ئەم وڵاتە خۆی لەخۆیدا گۆڕستانێکە وتەرمگەلی مرۆڤی کوردی تێدایە!، کە بە ناحەق لەلایەن دوژمنانیەوە بەهەر ناو و نیشان و شێوەیەک بووبێت خوێنی حەڵاڵکراوە وجینۆسایدی بەرامبەر ئەنجامدراوە، هەروەکو دەڵێت :

درزی ئەرزی هەرنی یە ، ئیسکێکی کوردی تیا نەبێ
سەگ نی یە نەی خواردبێ گۆشتی ژنێک یا منالٚ
وابەخوێناوی سورشک وخامەیی خامی موژەم
ئەم عەریضەم نووسی نامەرد ، بۆمبەرە بادی شیمال[28]

لەکۆتاییشدا شاعیر لەڕێی ئەم دەقە شیعرییەیەوە ئەوەمان پێ دەبێژێ، کەدەبێت ڕۆژی ٢٤ ئازاری هەمووساڵێک بکەین بەڕۆژی ماتەم و شیوەن و گریان:

ڕۆژی تأریخی لە بیست و چواری مارتا واقیعە
ڕۆژی ماتەم ڕۆژی قوڕپێوانی کوردە کوللی سالٚ[29]

هەروەها سەبارەت بە کارەساتی ڕۆژی ڕەشی شەشی ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ ، کەلە ئاکامی ناڕەزاییەکی جەماوەری خەڵکی بەشەرەفی شاری سلیمانی ، کە بە شێوەی ڕێپێوانێک دەچنە بەردەم سەرای شار... لەلایەن کاربەدەستانی ئەودەمی سەر بە حکومەتی عیراق و بەشێوەیەکی هۆڤیانە خەڵکەخۆپێشاندەرەکە دەدەنە بەرگوللە و شەستیری چەکی مەتەرالیۆزەکانی دەستی پاسەوان وسەربازە بەکرێگیراوەکانی دەوڵەت بەئاشکرا زێتر لە سەدکەسێک لە گەنج و پیر و ژن و منداڵ کۆمەڵکوژ و بەدەیان کەسیش بریندارەدەکەن ... ، ئەم دیمەن و کارەساتە تراجیدیایەش هۆش و ویژدانی شاعیرمان دەبزوێنێ و لە پارچە شیعرێکی (تەرجیعبەندی نیشتیمانی)دا ، ئاماژە بەم ڕۆژە شوومە دەکات ودەبێژێ :

بۆ هەوا ئالۆزە و بۆچی لێڵ و سورە ئاسمان

گێژەڵووکەی نەگبەتە یا فیتنەیی ئاخرزەمان[30]

لە شوێنێکی دیکەی قەسیدە تەرجیعبەندەکەیدا ، بەراشکاوانەگلەیی و گازندە لە بەختی کوردان دەکات ، کە تەنها ئاسمانی کوردستان لێڵ و سووربووە و تێیدا خوێنی نەتەوەکەی بەناحەق

[28] س ، پ ، ل٧٠ .
[29] س ، پ ، ل٧٠ .
[30] س ، پ ، ل٩٦ .

دەڕژێنرێت و کەسیش نییە لە خەمیاندابێت و بەهانایانەوە بچێت ،کە قیژە و هاواری گەورە و بچووک دەگاتە کەشکەڵانی فەلەک بەهۆی ئەو زوڵم و ستەمەی ، کە لێیان دەکرێت ، کە تێیدا لەبەردەم دەرگای سەرای سلێمانیدا نزیکەی سەدکەس کۆمەڵکوژ دەکرێن و لەناودەبرێن .

وەک برێشکە قرچە قرچی جەرگی سکسووتاوە دێ
یا گوڕەی مەترەلۆزە قرمە قرمی تۆپەکان
ئەم هەمووڵاوە نەمامن نێژران لەم باخچەیە
ڕیشەیی کوردایەتی بوو یەعنی بۆمان نێژران
جەژنی قوربانە سلێمانی بە مەزبەح دانرا
کورد مەوڕن بۆیە بەجارێ هەر لەوێدا سەربڕان[31]

دیارە ڕووداوە کۆمەڵکووژییەکە زۆر لەوە گەورەترە ، کەشاعیر بتوانێت لە دووتوێی دەقێکی دەقێکی شیعری چەند دێریدا جێگای بکاتەوە و بیگێڕیتەوە ، بەڵام ئەوەی بینیوەیەتی زۆردڵتەزێن وجەرگبڕ، کە لەسەدەی تەکنەلۆجیا و زانست و لەبەردەم رای جیهانی وناوخۆییدا بەجۆردها چەکی سووک و قورس لەڕۆڵەی کورد دەدرێت و شەهید دەکرێن و کۆمەڵکوژ دەکرێن .

شاعیر دیمەنی ئەوڕووداوە بە ڕووداوی بۆنەیەکی ئایینی دەچووێنێ ، کە چۆن قوربانە و لەو جەژنەدا بەسەدان ئاژەڵی ماڵی وەکوو مەڕ و بزن و گاو مانگا سەردەبڕدرێن و دەکرێنە قۆچی قوربانی ، مخابن لەوڕۆژەشدا ڕۆڵەکانی کورد بەناحەق وەکو ئاژەڵی قوربانی دەکرێنە قۆچی قوربانی حەز و ئارەزووی دوژمن و ناحەزانی ئەودەمی گەلەکەمان ... ، ئیدی شاعیر هەربەوەوە ناوەستێ لەڕێی ئەودەقەشیعرییەوە دەمانباتەوە بۆڕووداوەمێژووییە خوێناوییەکانی سەردەمی مەغۆل و تەیمورلەنگ وجەنگیزخان ....، وەک دەڵێت :

بۆچ مەغۆل هەڵساوە یاخود دەوری نەحسی جەنگیزە
قەتل و عامی ئەرمەنە یا حادیثەی ڕۆم و بەیان 32

جا سەبارەت بەشاعیری ناودار و بەتوانای نیوەی یەکەمی سەدەی پێشوو ، کە ئەویش (پیرەمێرد)ی نەمرە...، کە یەکێکبووە لەو شاعیرانەی لە پێشەنگانی ئەدەبی نوێ و هەڵبەستی نوێکاریدا بوون و ڕۆڵی ئەکتیفیان لەو وەرچەرخانە و ڕێبازە ئەدەبییە ڕۆمانتیکییەدا هەبوو،کە شانبەشانی شێخ نووری گۆران وردەوردە بەسەر کێش و عەرووزی شیعری کلاسیکیدا دەهێنا .

[31] س ، پ ، ل٩٧ .
[32] س ، پ ، ل٩٧ .

هەرسەبارەت بە شیعرو گوزارشتكردن لەو تراجیدیایانەی ، كە بەسەر نەتەوەكەمان دەهات پیرەمێردیش لەپاڵ شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی سۆزی جوڵاوە و بە هەست و گیانێكی نەتەوەیی وتەیاربوون بە ڕۆشنبیریی نەتەوەیی بەپێی سەلیقە و توانا و بەهرەی نوێی شیعری خۆی لە پارچە هەڵبەستی : (شیوەنی شەهیدانی كورد)[33]ەكەیدا ،كە بەئەوپەڕی جۆش و خرۆش و حەماس و دڵێكی پڕلەگریانەوە بۆ كارەساتە تراجیدییەكەی و، كە بەداخەوە باس لەم مێژووە دەكات بەوەی كە لەو ڕۆژەدا سەركردەكانی كوردیتێدا كۆمەڵكوژ و لەسێدارەدراون ، واتە ٢٤/ئایار/١٩٢٥ نووسیوە!، لەڕاستیدا مێژووە ڕاستەكەی((١٩٢٥/٦/٢٧))[34] ، كە تێیدا بەرگرییەكی سەخت لە باكوری كوردستان دەكات و وێنەی ئەو ڕووداو وبەسەرهات و كۆمەڵكوژییەمان بۆدەكێشێت ، كەلەلایەن دوژمنی كورد و مرۆڤایەتییەوە ، كە سوپا و جەندرمەی داگیركەری تورك بوون بەرامبەر بە گەلی كورد و سەركردە و نیشتیمانپەروەرەكانییەوە ئەنجامی دابوو و لەوانە ش (شێخ عوبەیدوڵلای نەهری)، (خالیدبەگی حەیران)، (سەید محەمەدی كوڕی شێخ قادر)، (یوسف ضیاء)ی نوێنەری باژێری (بەتلیس) و (محەمەد عەلی بەگ)و( شەریفی پاڵو) و شاعیرلەهەڵبەستەكەی خۆیدا دەڵێت :

ئەم ئاسمانە شینە ، كەوا بەرگی ماتەمە
تەحلیلی واكراوە ، كە قوببەی غەمە، تەمە
چەرخێكی كۆنە ، ماكینەی ژەنگی گرتووە
چەوری نەكەی بە خوێن ، پەكی سووڕانی كەوتووە

وەک دەبینین، لێرەدا شاعیر باس لەوخەمە گەورەیە دەكات ، كە ناخی گرتووەتەوە و گلەیی لەزەمانە دەكات ، كە ئاسمانی كورد بەداخەوە بەردەوام پڕ لەغەم و ناسۆرە ئەوەش بەهۆی ئەوەی، كە ناحەقی لە نەتەوەكەی دەكرێت و دوژمنان چاویان بەرایی نایەت لە زێد و نیشتیمانی خۆیدا ئازادانە بژین و ژیان بەسەربەرن ، ئیدی بەوشێوەیە شاعیرلەدرێژەی دەربڕینی خەم و پەژارەكانیدا بۆكۆمەڵكوژییەكەی ئەو قۆناغە دیرۆكییەی كوردانی باكوور، ئەوەمان وەبیردێنێتەوە ، كە ئەوە حاڵەتێكی لەمێژینە و كورد بۆ دەستەبەركردنی ژیان و گوزەرانی بەردەوام بەرگری لەخۆی و نیشتیمانەكەی كردووە و لەوپێناوەشدا سەربەرزانە خوێنیڕشتووە و چەرخی زەمان وای بۆ هێناوەتەپێش، كە دەبێت هەر بەو شێوەیە بژی.

لەڕاستیدا ئەوەی جێی نیگەرانییە ئەو كۆمەلكوژی و ڕەشەكوژییە لەسەدەی بیدستەمی ئازادی و ڕووناكبیری و مافەكانی مۆڤدا ڕوویانداوە ، كە داگیركەری تورك لە بەرچاوی جیهان

[33] دیوانی پیرەمێرد ، فائیق هوشیار وكۆمەڵێک نووسەر، بەرگی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغدا، ١٩٩٠، ل ٢١٧ .
[34] قدري جمیل پاشا(زنار سلوپی)، مسألة كردستان،تنقیح وتقدیم الدكتورعزالدین مصطفی رسول،طبعةعربیةثانیة منقحة،بیروت،١٩٩٧،ص١١٢.

وناوچەکەوە بێ پەروا ئەو ڕەشەکوژییانەی بەرامبەر بە نێر و مێ و زانا ونەخوێندەوار بە ژن و منالّ وپیر وجەوانەوە ئەنجامداوە .

لەم عەسری بیستەمەی مەدەنییەت لە ئاخرا
هەرلایەکی قەنارەبوو ، بۆ کورد هەڵ خرا
ئیستەش لە کەللە ، قوللە دەکەن تورکی بێ ئیمان
زکیان دڕا بە سونییەوە تیفلی بێ زمان[35]

مخابن دوژمنانی کورد زۆرجار بەناوی سوننە و شیعەو ئایین ومەزهەبەوە کوردیان قەلاچۆکردووە و ئاینیان وەک کارتێک لە بەرژەوەندی خۆیان و دژ بە نەتەوەکەمان بەکارهێناوە ، بەلاّم ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە ، ولاّتانی زلهێز و دیموکراتیخوازانەیش لەبەرانبەر ئەو ناحەقییەدا دەستە وەستان وەستاون و تەنانەت زۆرجاریش بەرگرییان لەدوژمنانی کورد کردووە و گەلی کورد بە گێرەشێوێن و تیرۆریست ناوزەدکردووە ، کە بە درێژایی مێژوو هەر پێچەوانەکەی هەمیشە ڕاستییەکەی نیشانداوە ....، هەر بۆ ئەمە پیرەمێردی نەمرلە بەیتەکانی دیکەی پارچە هەڵبەستەکەیدا خامەکەیزێتر دەهەژێ و بەردەوامی بە هەلوێستە مرۆیی و نەتەوەییەکەی خۆی دەدات و دەبێژێ :

هەرچی ڕەئیسی کورد بوو بەسێدارەدا کرا
باقی بەماڵی خواشەوە سووتا لە ئاگرا
تا ئێستا هەڵنەکەوتووە ، وەک گەورەکانی کورد
ڕۆحیان سپارد لەڕێی وەتەنا ، ناڵەیان نەکرد

وەک دەبینین ، شاعیر بوێرانە وێنەی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، بە تایبەتیش لە دوولاوە، لەلایەکەوە دوژمن، کە خۆی بەباوەڕدار و موسڵومان دەزانێ درێغی و دەستی نەک لەخانووبەرەی گوندەکانی ولاّت، بەڵکوو لە هەموو ئەو مزگەوت و شوێنە پیرۆزانەی، کە لەسەر خاکی کوردستاندا بوونیان هەیە. نەپارستووە!، لەلایەکی دیکەوە وێنەی قارەمانێتی و عەگیدیی سەرکردەکانی کوردمان بۆ دەکێشێ، کە چۆن ئەوان لەسەرمەشقی شەهیدان بوون و لەپێشەوەی قوربانیدان و گیانفیداییەکاندا بوون و بەسەروماڵەوە بەرگرییان لەخاک و نیشتیمان ونەتەوەکەیان کردووە وهەمیشە ڕاستگۆبوون لەگەڵ خۆیان و نەتەوەکەیاندا، بۆیە لای شاعیر هەموو ئەو کەسانە شەهیدن و شایەنی ئەوەن، کە هەموو تاکێکی کورد شانازییان پێوەبکات و هەمیشە یادیان بەرزڕابگرێت، و بۆ ئەمەش دەبێژێ:

بۆ ئێمە لازمە هەموو ساڵێ هەتا دەژین
ئەم ڕۆژە بیست و چواری ئەیارە بکەین بەشین 36

---

[35] س ، پ ، ل٢٢٠ .

[36] س ، پ ، ل223 .

**شاعیرانی شێوەزاری ئەدەبیی کوردیی ژووروو :**

**-عوسمان سەبری ١٩٠٥/١٢/٧- ١١/ ١٩٩٣/١٢ )وەک نموونە :**

**- جگەر خوێن ١٩٠٣-١٩٨٤/١١/٢٢**

هەڵبەت چێبوون و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیا بێ بەشداری کارای رەنج و خوێن و ماندوویەتی کورد ئاوانەدەبوو ، چونکە هەرلەسەرەتاوە (مستەفا کەمال)بە بەڵێن وپەیمانی ساختەکارانە سەران و سەرۆک خێڵ و هۆزەکانی باکووری بەوە قایل کردبوو ، کە لەدوای سەرکەوتنی ئەو بەسەر دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوەدا مافی ئۆتۆنۆمی بداتە ئەوان....، مەبەست لە ناوخۆ ئەتیحادی و عالی تەرەقییەکان بوو ودەرەکییەکەش مەبەست لێی یۆنانییەکان بوو ، کە دوژمنی سەرسەختی تورکەکان بوون چ دوێنێ چ لە ئەمڕۆدا ...، هەموو ئەو ناحەقی و فرێو و تاوانە گەورانەی ، کە مستەفا کەمال (ئەتاتورک) لەدژی گەلی کوردی باکوور ئەنجامیدەدا بوونە هۆی پەرتەوازەیی و کۆچبەریبوونی زۆرینەیەک لەو کوردانەی ، کەلە توانایان نەبوو کە لەورەوشە بندەستییە ژییان بەسەربەرن ودرێژە بەمانەوەیان لەژێر ستەمی کەمالییەکان بدەن، بۆیە هەر. ((بەهۆی ئەو رەوشە نالەبارەی، کە گەلی کورد لە باکووری کوردستان لەژێرسایەی دەوڵەتی داگیرکەریی تورکەوە دەینالاند، بەتایبەت پاش تێکچوون و دامرکاندنەوەیەی ڕاپەرینەکانی گەلی کورد، لەسەرووی هەموویانەوە ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، زۆربەی تێکۆشەران ورۆشنبیرانی ولاتپارێزی گەلی کورد، جێگەیان لەق دەبێ ولەبەر مەترسی ژیانیان، هەڵهاتن و دەربازبوون لەودۆزەخە دەکەنە چارە وبەشی هەرەزۆریان ڕووله سوریا دەکەن و لەوێش دەست لەخەبات بەرنادەن و، لێ بە شێوەیەکی دی درێژە بە تێکۆشانیان دەدەن))[37] ، دیارە لە پاڵ ئەودەستەیە هەردوو شاعیر و(عوسمان سەبری)و (جگەر خوێن) بوونیان هەیە و ئەوانیش هاوشێوەی هاوڕێکانیان بەتایبەت (عوسمان سەبری)یەکێک بووە لەودەستەبژێرە شاعیر ونووسەر و ئەدیبەی ، کە لە باکوور هەڵهاتووە وسەرەتا لە ڕۆژئاوا واتە بنخەت گیرساوەتەوە و پاشان چۆتە (شام) و شانبەشانی هاوڕێکانی لە خەباتی سییاسی و ڕۆشنبیری بەردەوام کردووە ، ئەگەرچی ((عوسمان سەبری زێتر لە هەمووان ڕووبەڕووی گرتن بووەتەوە بە ڕادەیەک، کە ١٨جار لەنێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٧٢لەسەر دۆزی کورد و کاری رێکخستن گیراوە))[38] وزیندانی بووە وپاشان بۆ چەندینجارتووشی کۆچبەری و سوورگوونکردن بۆتەوە و لەلایەن دەسەلاتی فاشیستی حکوومەتی عەرەبیی سووریش بۆجەندین ولاتی عەرەبی و ئەفریقی دوورخراوەتەوە، کەچی هەموو ئەو فشارانە نەیان توانیوە، کە شاعیر و نووسەرمان تەنێ بۆ ساتێک لە هەڵوێستی کوردایەتی خۆی پەشیمان بکەنەوە،

---

[37] مەریوانی عومەر دەوڵەت ، قەدری جان ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ،٢٠٠٢ ، ل١١١،١١٢ .

[38] حوسەین حەبەش ، ڕاپەڕینا چاندا کوردی د گۆڤارا هاوارێ دە ، بۆن ، ١٩٩٦ ،ل٤٦ .

(جگەرخوێن)یش هەر لەسەر هەڵوێستە نیشتیمانپەروەرییەکانی خۆی دووچاری گرتن و دوورکەوتنەوە هاتووە و دواوێستگەی ژییانیشی لە ئاوارەیی و لە وڵاتی سوئید بووە و هەر لەویش کۆچی دوایی کردووە، بیریشمان نەچێت هەردووشاعیرمان لە نووسەرە دەرکەوتووەکانی ڕاپەڕینە چاندییەکەی گۆڤارەکانی (هاوار ۱۹۳۲-۱۹٤۳شام)، (ڕۆناهی ۱۹٤۲-۱۹٤٥ شام) و ڕۆژنامەی (ڕۆژانوو ۱۹٤۳-۱۹٤٦بێرووت) بوون، واتە لەو دوو دەیەی ماوەی توێژینەوەکەمان هەردوو شاعیر و نووسەر ڕۆڵی کاریگەر و ئەکتیفیان لە بووارەکانی شیعر، وتار، چیرۆک، ڕۆشنبیری گشتی هەبووە و هەمیشە بە خامەی بەبرشتیان داکۆکییان لە دۆزی رەوای نەتەوەکەیان کردووە .

هەر سەبارەت بە بابەتی جینۆساید و شوێنیان لە بەرهەمە شیعرییەکانی هەرکام لە شاعیران (عوسمان سەبری) و(جگەر خوێن) ، کە کرۆکی پراکتیکی توێژینەوەکەمانی لەسەر ڕاوەستاوە ....بەدڵنیاییەوە دەبینین چ عوسمان سەبری و چ جگەرخوێن ڕۆڵی دیار و بەرجەستەیان هەبووە. سەرەتا دێینە سەر نموونەی شیعریی عوسمان سەبری و پاشتر دەچینەسەر نموونە شیعرییەکانی جگەر خوێن. سەرەتا بەم دوو بەیتی پارچە چیرۆکە شیعرییەی (عوسمان سەبری)ی شاعیر دەست پێدەکەین، کە بەناونیشانی: (بەردلییا محۆکێ )ەو، کە تێیدا شاعیر بۆ ئەوتاوانی بەکۆمەڵ شەهیدکردنە دەکات ودەڵێت :

((بەردلییا محۆکێ )) [39]
دەما ڕۆم بوو سەردەست دشەڕێ مەزن
نەهیشتن ب کوردان بچووک، کال وژن
بوو مەحشەر نیڤەکا وەلاتێ ڕۆژین
ژ ڕووکی هاوار بوو ب زارین و شین

ئەم دوو بەیتە سەرەتای چیرۆکە شیعرێکی مێرمنداڵێکی هەتیوە، کەلەدەست کۆمەڵکوژیی گوندەکەیان، کەتێیدا باوک و دایک و کەسوکار و خەڵکەکەی کۆکوژ دەکرێن، هەڵدێت و دوای دوو شەو ودووڕۆژ ڕێکردن بە سکی برسی بێبەرگ و تینوو لەنێوکەشێکی ساردا. خۆی دەگەیەنێتە پێش کاروانێکی کۆچەری و دواتر ئەم دیالۆگە دەکەوێتە نێوان خۆی و یەکێک لە کاروانچییەکان وپاشان لەگەڵ سەرۆکی کاروانەکەدا حەسرەت و هاوار و بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێرێتەوە و ئەویش وەک باوکێک، کە لەبنەڕەتدا بێ وەچەیە سۆزوبەڵێنیی دەداتێ، کە تا گەورەبوونی بەخێوی بکات و وەک کوڕی خۆی تەماشای بکات وبەڵێنیشی

[39] عوسمان سەبری ، بەردلییا مەهۆکێ ( چیرۆکە شیعر )، گۆڤاری ڕۆناهی ، ژ ۱۹ ، شام ،۱۹٤۳، ل ٥ .

لێوەوردەگرێت، کە گەورەبوو تۆڵەی باوک و دایکی وکەسوکار و خەڵکی گوندەکەی لە (ڕۆمییان) واتە تورکەکان بکاتەوە .

دەکرێ بەدڵنیاییەوە بڵێین ،کە ئەم پارچە چیرۆکە شیعرە گێرانەوەیەکی واقعییانەی شاعیرە بۆیەکێک لەو دەیان گوندەی، کە ((لەساڵی ١٩٣٠ پێش دەستپێکردنەوەی قۆناغی سێیەمی ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی (ئاگری) بەسەرکردایەتی (ئیحسان نووری پاشا) بەرجینۆسایدی سوپا دڕندەکەی ئەتاتورک دەکەوێت، و هاوکات لە گەڵ خاپوورکردنی ١٣٠ گوندی دەڤەری (ئارارات) کۆکوژیی گوندەکانی (زیلان) بە دوای خاپوورکردنی دەیان گوندی ئەو دەڤەرە فراوانە دەستپێدەکات، دەڤەری زیلان سەر بەدەڤەری(ئەرجیش)ی پارێزگای (وان)ی باکووری کوردستانەولەو پرۆسە بەدناوەشدا زێتر لە ٢٠٠ گوند و ١٠هەزار هاولاتیی ئەو دەڤەرە، کە پێکهاتبوون لە ژن و منداڵ و لاو وپیر دەبرێنە دۆڵی دێرێ (Gelyê dêrê)ی دەڤەری زیلان و لەوێدا بەزیندووی لەلایەن سوپاکەی ئەتاتورکەوە کۆمەڵکوژدەکرێن وفڕێدەدرێنە نێو ئەودۆڵ و شیوەوە))[40] ئەمەی خوارەوەش چەند بەیتێکی دیکەی ئەو پارچە شیعرەیە:

لێ هێژتو بچووکی سبێ خۆرت و شەنگ
ژ بۆتە وەلاتەک قادا شەڕ و جەنگ
هەکە باش جامێر بی مێرەکی د چێ
دێ هلدی وێ گاڤێ تۆلا باڤ و دێ[41]

نووسەر هەر لە لە ژمارە (٢١) ی گۆڤاری (ڕۆناهی)دا کورتەچیرۆکێکمان بە ناوی (شینا ژنەکی ل سەرگۆرا برهۆ) بەواتای شینی ژنەکوردێک لەسەر گۆڕی براکوژراوەکانیدا بە بەرهەمێکی هاوشێوەی فۆرمە ئەدەبییەکەی (هاوار هەبە گازی ل دوویە)ی (قەدریجان) ، کە لە ژمارە(١)ی گۆڤاری (هاوار)دا، بڵاوکردۆتەوە، کە خوێنەر یەکڕاست لە ئاست ئەم ژانرە نوێیە ئەدەبییە ڕادەمێنێت و نازانێت وەک ڕەخنەگرێک بیخاتە نێو خانەی کام لە ژانرە سەربەخۆییە ئەدەبییەکان. شیعر یان کورتە چیرۆک؟!!، چونکە سەرەتای بەرهەمەکە بە چیرۆک و دواتر دەیکاتە هەلبەست وەک تەواوکارێک بۆ نێوەڕۆکی کورتە چیرۆکەکە، بەهەمان فۆرم عوسمان سەبری شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس لەم ژمارەیەی گۆڤاری ڕۆناهیدا ئەم بەرهەمەمان دەخاتە بەردەم وبە پارچە هەلبەستێکی لاواندنەوە وەک ئەوەی لەلایەن ئەو ژنەوە وترابێت لەنێوەراستی گێڕانەوەی کورتە چیرۆکەکەیدا دادەنێت، کە دیسان گوزارشتکردنە لە

[40] قدري جميل پاشا (زنار سلوپى) ، مسألة كردستان ، ص١٢٩.
[41] عوسمان سەبری ، بەردلییا مەهۆکێ ( چیرۆکە شیعر ) ، ل ٥ .

کۆکوژییەکانی ئارارت و دەڤەری زیلان. ئەمەش نمونەی کۆپلەیەکی ئەوپارچە هەلبەستەیە، کە بەدلنیاییەوە هی شاعیر خۆیەتی و دەیەوێت لە نێو کورتە چیرۆکەکەیدا ، کە بە قەولی خۆی چیرۆکێکی واقعییە و بەرێکەوت لە سەردانێکی بۆ یەکێک لەگۆڕستانەکانی ئەودەڤەرە وەک شایەتحالێک ئەم چیرۆک ولاواندنەوەیەی لە دەمی ژنە کۆستکەوتووەکەی بیستووە و دواتر لە قالبی هەلبەستێکی داڕێژراودا نێوەڕۆکی ئەولاواندنەوەی کردۆتە هەوێنی ئەم پارچە هەڵبەستەی:

ڕابە دە ڕابە برهۆ دە ڕابە
بۆ چ ئارارات تە هشت خەرابە
ئیرۆ دیسا هات ڕۆما بێ ئەمان
گوند شەوتاندن نەهشت خوەدی جان
گەلیێ زیلان سۆتن وەک رژی
پێ را شەوتن چار کوڕێن من ژی[42]

لە شوێنێکی دیی هەمان هەڵبەستدا دوای کورتە ئاماژەیەک بۆ کوشتنی تەواوی رەگەزی نێر لە دەڤەری زیلان ئینجا ئاماژە بۆ دەستدرێژیی سەربازەکانی تورک دەکات، کە چۆن دوای نەمانی پیاوەکانیان دەست بۆ سەر ناموسی کچان و ژنانی دەڤەرەکە و بردنی جوان و شەنگەکانیان دەکەن:

مێرێن مە کوشتن بێ باڤ نەیاران
ئەم تەڤ رەڤیان ل شوونا واران
ب سەرێن مە ڤا نەما تێلەک پۆر
شوونا تاژانگان تەڤ دابوون ڕەش مۆر
کەچ و بووک نەمان بێ نامووس کرن
هەرچی کو چاک بوون ژ خوەرە برن[43]

هەروەکوو پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد، کە هەرکام لەو چوار شاعیرەی، کە وەک نموونەیەکی دیاری ئەو دوودەیەی سالانی سیی و چلەکان، کە خاوەنی ستایل و ڕێبازی ئەدەبی سەربەخۆی خۆیانن گەلێک شیعریان لەگۆشەنیگایەکی خۆیانەوە تراجیدیاکانی نەتەوەی کوردیان کردۆتە تیم و بابەتی هەندێک لەشیعرەکانیان و هەر بەو گۆشەنیگایەیانەوە ڕووانیویانەتە ئەو هەموو کوشتار و زولم و ستەمانەی ، کە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان دژ بە نەتەوەکەمان لە دوو پارچەی باشوور و باکوری کوردستان کرابوون، هەرلەم سۆنگەیەوە

[42] عوسمان سەبری ، شینا ژنەکی لەسەرگۆڕا برهۆ ، گۆڤاری ڕۆناهی ، ژ ٢١ ، شام ،١٩٤٣، ل ٦،٥ .
[43] س ، پ ، ل٦

دێینە سەر چوارەمین شاعیر، کە ئەویش (جگەر خوێن)ە، و لای زۆرێک لە لێکۆلەوەران و رەخنەگرانی کورد بە شاعیرێکی زێتر میللی (شەعبی) ناسراوە، هەروەک چۆن (قانع) لە شێوەزارە ئەدەبییەکەی کوردیی ناوەندیدا بەهۆی پەیامداریی شیعرەکانی، کە زێتر دەچێتە نێو شیعری فێرکاری و سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە و لەپاڵ ئەمەدا زمانی شیعرییەکەی سادە و ساکاروڕەوان بوو تا ئەو ئاستەی وەک پەیامێک بیگەیێنێتە گوێی هەموو تاکێکی کورد بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە، (جگەرخوێن)یش هاوشێوەی (قانع) میللی وستایڵ و زمانی شیعرییەکەی سادە وساکار و بە کوردییەکی پەتی نووسیوەو، واتە دەتوانین بێژین دوور لە گرێوگۆڵە و وێنەی هونەری باڵا شیعرەکانی دادەڕشت، ئەوەتا شاعیر (قەدریجان)، کە هاوڕێ و هاوکاری یەکدی بوون لە شام و لە کارە ڕۆشنبیرییەکانی ئەودەمدا، لە پێشەکییەکدا، کە بۆ یەکێک لە دیوانە شیعرییەکانی شاعیر دەنووسێت سەبارەت بە ستایلی شاعیردا دێت و، کە چۆن وەک شاعیرێکی میللی دەیناسێنێ و دەبێژێ: ((ئەم دیوانە ئەو جێیەی گرتووە ، کە لە پاش مەم و زینی خانی و دیوانی مەلای جزیری بەجێماوە، هەروەها بەهۆی شیعرەکانییەوە، سەرلەنوێ چێژ و ئاوازی شیعرەکانی جزیری و خانی جارێکی دی بەڕەنگێکی نوێ دەداتەوە بەر گوێمان))[44].

دواتر دێتەسەر ئەوەی زمانی شیعریی شاعیر بناسێنێت ودەڵێت: ((جگەرخوین هەرگیز نەیویستووە، کە دەستەواژە و زاراوەی بییانی بخاتە نێو دیڕە شیعرییەکانییەوە، بەڵکو تەواوی شیعرەکانی بە زمانێکی سادە و ساکارنووسیون))[45]، لە کورمانجییەکەیشدا بەمشێوەیە: ((ڤێ جار مە دی، ژنشکا ڤە، دیوانا جەگەر خوین، ب چاپەکە پر قەنج کەتە مەیدانێ. ئەز باوەردکم کۆ دیوانا جەگەر خوین دەوسا کو مەم و زین و دیوانا جزەری ڤالا هشتنە ئەوی تژە بکە. خوندەڤانێن دەلال، ئەوی تێدە زمان و رووحێ جەنابێ خانی ئێ خورت و نەزما دیوانا جزەری ئا ئاهەنگدار ببینین، جەگەر خوین، پرسێن بییانی ژ پر نەخستنە ناڤ شهرێن خوە، ب زمانەکە سادە ئو سەلس نڤسینە .

قیمەتا شەهرێن وی ئا مەزن ژی ئەڤە، ب رووحەکی نوو ئاژۆتیە سەر فکرێن کەڤنارە ئو ب زمانەکی شێرن و شەعبی تەوش بوون و زەرەرا وان نیشان کریە))[46].

هەر سەبارەت بە ستایڵ و زمانی شیعریی سەردەمەکەی شاعیر (پرۆفیسۆردکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول) دەبێژێ: ((کارێکی تری ئەم بەدوادا گەڕانە ئەوەبوو ، کە

44 مەریوانی عومەر دەوڵەت ، قەدری جان ، ل 308 - 309 .
45 س،پ ....هەمان لاپەڕە .
46 س ، پ ، ل٣١١ .

شاعیرخۆی بەدیالێکتێکی قسەکردنەوە نەدەبەست ، بەڵکوهەموو دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی موڵکی شاعیر بوون ...)) [47].

جگەرخوێن بۆ کارەساتی کۆمەڵکوژی و بە کۆمەڵ لە سێدارەدانی شێخ سەعید و دکتۆر فوئاد وهەڤاڵەکانی لە بەرهەمێکی شاکارە شیعر و نایابیدا بەناوی (شەهناما شەهیدان) ناو بە ناو وەسفی قارەمانێتی وگیانی نەمریی هەر ٥١ سەرکردە و فەرماندە عەگیدەکانی کورد دەکات و دەیانخاتەڕوو، لەسەرەتای هەلبەستەکەیدا داوای هەستانەوەیان لێدەکات لە گۆڕەکانیاندا و مژدەی ئازادییان دەداتێ و دەبێژێ ڕۆژمان دەرکەوت:

دخوازم ئەی دلۆ ژارۆ ب چاکی
هەری میرێن وەلاتێ مە تو ڕاکی
بێژن ئەی شەهیدین دین و میللەت
بەسە ڕابن سەری ڕۆژا مە دەرکەت48

لەشویەتێکی دیکەی ئەم شاکارە شیعرییەیدا بانگ لە یەکێک لە فەرماندە شەهیدەکانی ئەودەم دەکات بەناوی: (حەقی بەگ) و دەبێژێ :

کوردێن تەڤ دکن قیرین و هاوار
ژ کوردا رە هەموو بوونە فەداکار
لجی ڕابە ژ جی ڕابە حەقی بەگ
ل شون بازان دخوینن حاجی لەکلەک49

لە هەڵبەستێکی دیکەی شاعیر ، کە لە دووەم دیوانە شیعرییەکەیدا: (ئاگر و پرووسک)دا جێی گرتووە و لە ژێر ناوی: (تاریخا شێخ سەعیدێ ڕەحمەتی )یە، کە چۆن تورکی داگیرکەر تێکرای توێژە جیاوازەکانی جڤاکی کوردەواریی باکوری کوردستان ، هەر لە مەلا و بەگ و شێخ و پیر و لاو و ژن ومنداڵ بە ئامانج دەگرێ و دواتربێبەزەییانە کۆکوژیان دەکات:

دەنگێ تڤنگ و تۆپان گەها سەمایێ بانی
خوین بوو سەروان ژ خۆرتان زاب و فەرات و جۆ جۆ50

لە دوو بەیتی ناوەراستی شیعرەکەیدا درێژە بەو تاوانە کۆکوژییانەی داگیرکەری تورک دەکات و دەبێژێ :

---

[47] عیزەدین مستەفا ڕەسوول (د.) ، شیعری تازەی کوردی ، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژمارە ١٠٥ ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغداد ،١٩٨٥ ، ل٢٠٠ .

[48] جگەر خوێن ، شەهناما شەهیدان ( شیعر) ، گۆڤاری هاوار ، ژ ١٨ ، شام ، ١٩٣٣ ، ل٣٣ .

[49] س،پ ، هەمان لاپەڕە .

[50] جەگەر خوین،ئاگر و پرووسک ( دووەم دیوانە شیعر) ، تاریخا شێخ سەعیدێ ڕەحمەتی ، ئاڤێستا،چاپی چوارەم ، بایۆغڵوو -ئیستانبوول ، ٢٠٠٣ ، ل٥٢ ـ ٥٣ .

مەلا و شێخ و بەگلەر، کوشتن ، سەرێ دوانا،
ل بەر تفنگ و تۆپان مانەندی گۆگ و کاشۆ
پیر و جوان و بوکان بسکێن درەش قوساندن
وان شەنگ و شۆخەقامەت،ئەبروهیلال و ڕوورۆ 51

شاعیر لەبەیتێکی پێش ئەو بەیتەی سەرەوە ئاماژە بە ئازایی کوردە زازاکان دەکات و وەک پلنگ دەچوێنێ :

زازا وەکی پلنگان ب دار و شوور و کۆپال
ب دەنگ و قیر و هالان ، ئێرش دبنە ترکۆ52

لەکۆتایی توێژینەوەکەماندا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکوێت ، کە هەمیشە شاعیران و ئەدیبانی گەلەکەمان لە ئاست تاوانە بچووک و گەورەکانی دوژمنان و داگیرکەرانی کورد رانەوەستاون و هەمیشە لە هەرکوێیەک ئاهێک ناڵەیەک فرمێسکێک یان دڵۆپە خوێنیکی مرۆڤێکی کورد لەسەر کوردبوون ڕژابێت ، ئەوا ئەوان بە بەرهەمە گڕین و بەپێزەکانیان بەرسڤیان داونەتەوە و هەر بە هۆی ئەو هۆنراوانە ش پەیامێکی هۆشیاریی و لە خەو ڕابوون و پەنابردنە بەر یەکێتیی نەتەوەیی ئەرک ئامانجی بەرهەمە شیعریی و ئەدەبییەکانی ئەوان بوون بۆ هاولاتییانی نەتەوە .

**ئەنجام**

١- بەدرێژایی دیرۆکی مرۆڤایەتی ، ئەدەب بۆتە ئاوێنە و گەواه و دیکۆمێنتە جێگرەواکان بۆ ئەو ڕووداوە کۆکوژییانەی لێرە و لەوێی جیهان ، کە بەجۆرێک یان بەهۆکارێک شوێن بزر وبێ مێژوون .

٢- هیچ سەردەمێک وەک سەدەی پێشوو نەتەوەکەمان بەوڕادەیە دووچاری جینۆساید و کۆکووژی نەهاتوون ..وەک ئەوەی ، کە هەر لە پێش و نێوان و دوای یەکەم جەنگ ودووەم جەنگی جیهانی ، کە تووشی هات و بەهۆیەوە بەسەدان هەزار مرۆڤی بێ تاوانی کورد هەر لەسەر کورد بوون کۆکووژکرابوون .

٣- بەدرێژایی توێژینەوەکەمان ئەوراستییە حاشا هەڵنەگرە بوونی خۆی هێنایە پیش ، کە ئەدیبان و شاعیرانی هەردوو شێوە زارەئەدەبییەکەی کوردیمان( کوردیی ژووروو)و (کوردیی ناوەند) بەهەست و هۆشیاریی نەتەوەییان لە بەرهەمەکانیاندا گوزارشتیان لەو کارەساتانە کردووە ،کە لەلایەن داگیرکەران و خۆفرۆشانی کوردەوە لە پارچەکانی کوردستان بە گشتی و لە باکوور و باشوور بەتایبەت ... ئەنجام درابوون .

[51] س ، پ ، ، ل٥٢ - ٥٣ .
[52] س ، پ ، هەمان لاپەرە .

٤-لەماوەی توێژینەوەكەماندا چەند شاعیری ستایل جیاواز بە بەرهەمەكانیان كاریان بۆ خستنە ڕووی واقعی تاڵی ژیانی كوردەكان كردووە ، كە چۆن لە خاك و زێدی خۆیان لەلایەن هێزی بێگانەی داگیركەرەوە تەواوی مافە سەرەتاییەكانیان لێ زەوتدەكرێ وپاشتر بە چەندین شێوە كۆكوژ دەكرێن .

٥- لەماوەی دیاریكراوی توێژینەوەكەمان ، كە سالآنی سیی و چلەكانی سەدەی پیشووی دەگرتەوە ، ئەوەمان بەدی كرد ، كە لەپاڵ ناوەڕۆك و تیم یان بابەتی شیعرەكان ، كە تاوانی (جینۆساید )ە ...، گەلێك فۆرمی جیاواز وناوازە هەر لە پارچە شیعر تا چیرۆكە شیعر و یان ئەو بەرهەمانەی ، كە چیرۆكن و لەلایەن خاوەنەكانیانەوە چەند كۆپلە شیعریان تێدا تێهەڵكێش دەكرد و بەرهەم دەهێنا، وەك ئەوەی ( عوسمان سەبری )، كە لە كورتە چیرۆكەكەی ( شینی ژنێك لەسەر گۆڕی براكانی ) دەردەكەوێ .


**سەرچاوەكان**

**یەكەم :**

**أ /كتێبە كوردییەكان**

1. حوسەین حەبەش ، ڕاپەرینا چاندا كوردی د گۆڤارا هاواری دە ، بۆن ، ١٩٩٦ .
2. حەمەكەریم هەورامی، درامای كوردی لەناودرامای جیهاندا ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠١ .
3. مارف عومەر گوڵ ، پۆلێنكردنی تاوانەكانی ئەنفال بەپێیجۆرەكانی ئەنفال ، بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیر و هۆشیاری(ی.ن.ك) ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ .
4. مەریوانی عومەر دەوڵەت ، قەدری جان ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ،٢٠٠٢ .

**ب / دیوانەكان**

1. دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ ، چ١ ،چاپخانەی ئەسعەد ، بەغداد ، ١٩٥٧ .
2. دیوانی پیرەمێرد ، فائیق هوشیار وكۆمەڵێك نووسەر ، بەرگی یەكەم ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی ، بەغدا ، ١٩٩٠ .
3. دیوانی جەگەر خوین ، ئاگر و پرووسك ( دووەم دیوانە شیعر ) ، تاریخا شێخ سەعیدێ ڕەحمەتی ، ئاڤیستا،چاپی چوارەم ، بایۆغلوو -ئیستانبوول ، ٢٠٠٣ .

**ج/ فەرهەنگ**

١- هەژارموكریانی ، هەنبانە بۆرینە- فەرهەنگی كوردی - فارسی ،چاپی یەكەم ، چاپخانەی سروش ، تهران ، ١٣٦٩ .

**د / گۆڤارەكان**

1. ڕۆناهی - RONAHI، عوسمان سەبری ، شینا ژنەكی لەسەرگۆرا برهۆ ، ژ٢١ ، شام ،١٩٤٣ .
2. رۆشنبیری نوێ، عیزەدین مستەفا ڕەسوول (د.) ، شیعری تازەی كوردی ، ، ژمارە ١٠٥ ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی ، بەغداد ،١٩٨٥ .

3. ڕۆژنامەنووس ، ژ (6) , زستانی ٢٠٠٥ .
4. هاوار ، جگەر خوێن ، شەهناما شەهیدان ( شیعر ) ، ، ژ ١٨ ، شام ، ١٩٣٣ .

**دووەم**

**أ / کتێبە عەرەبییەکان**

1. احمد عطيه الله ، القاموس السياسي ، دارالنهظة العربية ، طبعة الاولى ، القاهرة .
2. جون رسل تيلر ، الموسوعة المسرحية ، ت . سمير عبدالرحيم الچلبي ، ج٢ .
3. رشاد رشدي (د) ، نظرية الدراما ، مطبعة هلال ، القاهرة ، ٢٠٠٠ .
4. سمير عبدالرحيم الچلبي ، معجم المصطلحات المسرحية .
5. عبدالواحد ابن ياسر، المأساة و الرؤية المأساوية في المسرح العربي الحديث ، مطبعة(دار و مكتبة عدنان)، بغداد،٢٠١٣ .
6. قدري جميل پاشا (زنار سلوپی) ، مسألة كردستان ، تنقيح و تقديم الدكتورعزالدين مصطفى رسول،طبعة عربية ثانية منقحة، بيروت ، ١٩٩٧ .
7. مارى الياس (د.) و حنان قصاب حسن (د.) ، المعجم المسرحي ، مكتبة لبنان ، ط٢ ، بيروت ، ٢٠٠٦ .
8. ويليام جێمز دورانت ، مێژووی شانۆ ، و . پێشڕەو حسەین ، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی ، ٢٠١٠ .

**ب / سەرچاوەی ئینتەرنێتی**

-- ابادة الجماعية ، الموسوعة الحرة - ويكيبيديا .

**نتائج البحث**

1. على مر الزمن للحياة البشرية ، أصبح الأدب مرآة عاكسة واسانيد ومستمسكات واقعية لأحداث الإبادة الجماعية في العالم ، والتي أصبحت بشكل من الأشكال مفقودة الأثر والتأريخ .
2. لم نجد عصر من العصور كالقرن العشرين تعرض شعبنا للقتل والإبادة الجماعية ، مثلما حصلت قبل وبعد وأثناء الحربين العالميين الأولى والثانية ، ومن جراءها تعرضت مئات الالاف من الكرد الى القتل والإبادة الجماعية (جينوسايد)، وذلك لكونهم من القومية الكردية .
3. في بحثنا تطرقنا الى الحقيقة الدامغة وهي أن الشعراء والأدباء الكرد (الكرد الشمالي) و (الكرد الوسط) ومن منطلقهم القومي عبروا من خلال نتاجاتهم لهذه المأساة التى تعرضوا لها من قبل المحتلين و مرتزقة الكرد في كافة أجزاء الكردستان ، وعلى وجه الخصوص في شمال وجنوب كردستان .
4. وتناول البحث مجموعة من الشعراء الذين تطرقوا الى الكشف عن الواقع المريرالذي مر به الشعب الكردي آنذاك وبأساليب مختلفة ، وكيف سلبت منهم أبسط حقوقهم على أرضهم و وطنهم من قبل المحتلين ، وكيف تعرضوا للإبادة الجماعية .
5. قي المدة التى تناولها البحث وهي الثلاثينات والأربعينيات من القرن الماضي ، لاحظنا كيفية تناول الأدباء والشعراء لموضوعات الإبادة الجماعية (جينوسايد) ، و توظيفها بأساليب متنوعة في قصصهم وقصائدهم ومقطوعاتهم الشعرية ، كما نراها في قصة قصيرة بعنوان (رثاء الامراة على قبور اخوانها) لـ (عثمان صبري) .

**Summary**:

- Throughout the history of humanity, literature became mirrors, witnesses, and alternative documents for those genocides, brutal catastrophes, and inhumane incidents throughout the world that somehow and for a reason got lost and had no archives.
- Not any century was like last century for our nationality because of facing lots of sufferings especially genocides. As we saw before, the middle, and after First and Second World Wars that caused lots of deaths and lots of innocent civilians died, more than thousands of innocent Kurds got killed because of being Kurds.
- Along our research and experiment, this factual truth appeared to us that poets and authors from both two Kurdish dialects Middle Kurmanji and Internal Kurmanji had mentioned those catastrophes nationalistically that were caused by the traitors and enemies of Kurds from the four Parts of Kurdistan especially Southern and Northern parts of Kurdistan.
- During our research, we discovered some poets with different style and type of poetry had big roles of mentioning and explaining those horrible facts of Kurds' life when they were unjustified and mistreated by enemies and their rights were taken and killed in their lands by the hands of conquerors and enemies.
- As our research date was about to 30$^{th}$ and 40$^{th}$ of the last century, we found out that within the themes or subjects of the poetries which were genocide crimes so many different and unique forms of verse poems up to anecdotal poems were published and appeared, and some of those works that are stories were mixed with poem verses by their authors. For example, the short story *A Woman's Pity on Her Brothers' Graves* by Osman Sabri is written as documentary films.

# كاریگه ری جینۆساید له سه ر ئاوەزی منداڵ

**شیلان ئه حمه د ئیسماعیل**
**ماسته ر له زمانی كوردی**

## پوخته

ئەم لێكۆلینەوەیە، به شێوەیەكی زانستی له چواچێوەی زانستی دەروونی ولێكۆڵینەوه سایكۆ–زمانییەكان، خۆخەریكردنه به دەرەنجامەكانی لێكەوته دەروونی وفسیۆلۆجییەكانی دیاردەی جینۆساید،دەركەوتەی ئەم لێكەوتانەو كاریگەرییه كانی له سەر ئاوەزی منداڵ پەیوەست به تێكچوونه دەروونی و زمانییەكان له چواچێوەی زانستی نه خۆشه زمانییەكان و زانستی زمانی كلینیكی لێكدەدرێتەوە،دواتر دەرەنجامی ئەو نه خۆشییه زمانییانه ولاوازبوونی ئاستی فێربوونی زمانی و وەرگرتنی زمانی دەخرێته روو، هەنگاوی كۆتایی كارەكەش خستنه رووی ئەو فه زایه كه له كوردستاندا جینۆسایدی تێدا خولقێنراوه، چ به شێوەیەكی راستەخۆ، یان به شێوەیەكی ناراستەخۆ بەرێگەی راگەیاندنەوه بێت، كه ئەو فەزا یه كارەساتێكی مرۆییه ودەبێته كێلگەی گه شەكردنی نەخۆشییه دەروونی و زمانییەكان له منداڵدا.

## پێشەكی

ئەو شەڕو نه هامەتیانەی به سەر میللەتانی دنیادا هاتووه ،بۆته هۆی سەرهەڵدانی سایكۆلۆجیای شەڕوكارەساته مرۆییەكان به مەبەستی لێكۆلینەوه له لێكەوتەی كارەساته مرۆییەكانی دوای جەنگ[1]، میللەتی كوردیش به بەردەوامی به و بارودۆخه نەخوازراوانەدا تێپەڕیووه ،كه دیاردەی جینۆساید به درێژایی مێژوو زیانی مادی و مەعنەوی به جێهیشووه [2]لەم بارەوه لێكەوتەی نەخوازراوی سایكۆلۆجی و كۆمەلآیەتی له كۆمەلگای كوردیدا بەرچاودەكەوێت، به تایبەتی له قۆناغی منداڵیدا، كه مرۆڤەكان تووشی ستریسێكی شۆك ئامێز دەبن و دەبێته هۆی بەرزبوونەی ئاستی تێكچوونه دەروونی و ئاوەزییەكان وله نێو ئەوانەدا دیاریكردنی تێكچوونه زمانییه كان له منداڵدا ناوەرۆكی باسەكه دەبێت، كه له بواری لێكۆلینه وه سایكۆ –زمانییەكانەدا،دەچێته چوارچێوەی زانستی نەخۆشییه زمانییەكان (language pathology) وزانستی زمانی كلینیكی(Clinical linguistice).

---

[1] وەكو كارەساته مرۆییەكانی دوای شەڕی جیهانی یەكەم دووەم ( نزیكەی پەنجاو حەوت ملیۆن بوونه قوربانی )،شەری ڤیتنام ،هۆلۆكۆستی نازییەكان و به كارهێنانی چەكی ئەتۆمی له یابان و................تاد.

[2] غسان یعقوب (1999:17)

پەیوەست بە کارەساتە مرۆییەکان، کە بە سەر کوردستاندا هاتووە لەوانە جینۆساید ،دەکرێت گریمانەی لێکۆڵینەوەکە لە شێوەی پرسیار بخەینە ڕوو بەمشێوەیە، ئایا گرنگترین ئەو سترێسە شۆك ئامێزانە، کە لە دوای کارەساتێکی مرۆیی وەکو جینۆساید، دەبێتە هۆی تێکچوونی دەروونی وکار دەکاتە سەر ئاوەزی منداڵ کامانەن ؟ ئایا کاریگەرییە نێگەتیڤییەکان، کە وەك پەرچە کردار لە شێوەی ڕەفتارێك لە لایەن منداڵەوە دەنوێنرێت چیین؟ ئایا هەڵچوون و تێکچوونە دەروونی و کۆمەلایەتییەکان کاردەکاتە سەر هەڵسووکەوتی زمانی لە منداڵدا؟ پەیوەندی نێوان لێکەوتەکانی دیاردەی جینۆساید و نەخۆشییە زمانییەکان چییە؟ گرنگترین گرفتە زمانییەکان کە دوای کارەساتێکی مرۆیی وەکو دیاردەی جینۆساید دروست دەبێت چۆن دەستنیشاندەکرێت؟

## 1/1) لێکەوتەی دەروونی دیاردەی جینۆساید

ئەوەی لە کوردستاندا نزیکەی چارەکە سەدەیەکە دەگوزەرێت، لە پرۆسەی ئەنفال وگۆڕی بە کۆمەڵ وبە کارهێنانی چەکی کیمیاوی و چەوساندنەوەو داهێنان لە جۆری کوشتن وەکو سەربڕین وبەکارهێنانی بۆمبی چێنراوو.......تاد، زۆر زیاترە لەو کارەساتانەی بە سەر میللەتانی تردا هاتووە،هەرچەندە تا ئێستاش کارەساتە مرۆییەکان بەردەوامە و ئە گەری دووبارە بوونەوەیان لە کوردستاندا زۆرە،کەچی پێداویستی وخزمەتگوزاری پزیشکی وچارەسەری دەروونی پێویست لە لایەن نێوەندی لێکولینەوە نێودەوڵەتییەکان وزانکۆییەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی نابینرێت.[3] لە بەر ئەوەی کۆمەلگەی کوردی یەکێکە لەو کۆمەلگانەی، کە ڕۆژانە ڕووبەرووی ڕووداوە شۆك ئامیزەکان دەبێتەوە، بۆیە خۆخەریککردن بە شێوەیەکی زانستی بەم جۆرە لێکۆلینەوانە گرنگە،بە تایبەتی لە بەرکەمی ژمارەی ئە ولێکۆڵینەوانەی، کە بۆ دەستنیشانکردنی لێکەوتەی دەروونی لای منداڵ تەرخانکراون، لە ساتە وەختی ڕوودانی کارەساتەکان،چ بە رێگەی بەرکەوتنی راستەخۆ ،وەکو ترساندن و تۆقاندن وکوشتن...تاد، یان بە شێوەی بەرکەوتنی ناراستەوخۆ، کە بە رێگەی ڕاگەیاندنەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ئاوەزی منداڵ و وردە وردە لێکەوتە دەروونیەکان بە تێپەربوونی کات لای منداڵ زۆردەبێت،[4] دەبێتە هۆی تێکچوونی دەروونی،بڕوانە(1-1/1).

## 1-1/1) تێکچوونە دەروونییەکان

شەرو کارەساتە نە خوازراوەکان کاریگەری خراپی درێژخایانی دەبێت بۆ سەر ژیانی مرۆڤایەتی، کە منداڵ زۆربەی کات گەورەترین سووتەمەنی ئە وکارەساتانەن، کە تا ئەمرۆش بە شێوەیەکی سەرەکی لێکۆڵێنەوە لە دەرەنجامی راستەقینەی کارەساتەکان و کاریگەری لە سەر ژیانی داهاتووی منداڵدا نابینرێت[5] ، بە تایبەتی لە کوردستاندا، بەربلاۆترین جۆری تێکچوونی دەروونی بە تایبەتی لە ومیللەتانەدا، کە سیستەمی حوکمرانی تێدا دکتاتۆرییە و بە

---

[3] قاسم حسين صالح(2008:16)
[4] شاكرمبدر جاسم ،اشواق سامي لموزة(1-6)
[5] انظر مجموعة الباحثين( 1-:1989:5)

بەردەوامی لە حاڵەتی شەڕدان وبە چەندەها كارەساتی مرۆیی دا تێپەڕبوون، بریتییەلە(تێكچوونی دەروونی دوای قۆناغی ڕووداوە شۆك ئامێزەكان)، دۆزینەوەو دیاریكردنی ئەم جۆرە تێكچوونە دەروونییە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی ڤێتنام لە ساڵانی حەفتای سەدەی رابردوو، لیكۆڵینەوە دەروونییەكان لە م بارەییە وە باس لە نیو ملیون سەربازی ئەمریكی دەكەن، كە دوای تێپەربوونی (15) ساڵ بە سەر تەواو بوونی شەڕەكەدا تووشی ئەو نەخۆشییە بوون وزیاترلە (20٪)یان نیشانەی تێكچوونە دەروونییەكان لە سەریان دەركەوتووە،وەكو (خەمۆكی، دڵەڕاوكی و،تووڕەبوون و هە ڵچوون و توندوو تیژی و ڕەفتاری شەڕخوازانەوكاردانەوەی جەستەیی و بە كارهێنانی هێز یان بە كارهێنانی زاراوەی نەشیاو، گۆشەگیری ،گرفتی كۆمەڵایەتی ودووركەوتنەوە لە گۆمەڵگا, گرفتی زمانی ......تاد).[6]

بە هۆی پێشكەوتنی زانست و تەكنەلۆجیا لە بواری پزیشكی دەروونی وسایكۆلۆجیا، دەتوانرێت( هیستریا) بە یەكەم تێكچوونی باری دەروونی دابنرێت لە نێو ئە و تێكچوونە دەروونیانەی، كە هاوكاتە لە گەڵ ئەو ڕووداوو كارەساتە كوت و پڕانەی وەكو (جینۆساید)، هەروەها تێكچوونی باری دەروونی دوای تووشبوون بە سترێسە شۆك ئامێزەكان(PTSD-post-traumatic stress Disorder) لە پۆلێنكاری پزیشكی دەروونیدا بە كۆتا جۆری ئەو كۆمەڵەیە دادەنرێت.[7]

هەرچەندە پێشتر چەند بیرۆكەیەك دەربارەی ئەم حاڵەتە وەكو تووشبوون بە شۆك لە ئەنجامی تەقینەوەو بۆمبەوە (shell shock)، یان شۆكی دەماری(nervous) بەرچاودەكەوێت، بە لاّم لە ساڵی 1980بۆ یەكەم جار ئەم نەخۆشییە لە پۆلێنكاری پزیشكی دەروونیدا ناسێنراوەو بەم شێوە باسی لێوەكراوە( بریتییە لە هەر ڕووداوێك لە دەرەوەی توانای وەلاّمدانەوەی تاك بێت،ببێتە هۆی حالەتی نەخوازراوی وەك(distress)، كە وەلاّمدانەوە ی كەسی توشبوو بریتییە لە هەستكردن بە ترسێكی زۆرو بێ توانایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوەكە)، راوێژكاری پزیشكی دەروونی جیاكاری دەكات لەنێوان دوو جۆر تێكچوونی باری دەروونی ،یەكەمیان تێكچوونی سترێسی بە هێزە (acute stress disorder)، لە م حاڵەتەدا چارەسەركردنەكە خێراترە، بەلاّم لە دووەمیاندا، واتە(PTSD)نیشانەكانی نەخۆشییەكە تاماوەیەكی زۆر دەمێنێتەوە،[8]كاریگەری خراپ لە سەر ئاوەزی منداڵ بە جێدەهێڵێت، بڕوانە(2-1/1).

## 2-1/1) كاریگەری تێكچوونە دەروونییەكان لە سەر ئاوەزی منداڵ

تێكچوونی دەروونی شۆك ئامێز(PTSD)، گرنگترین وترسناكترین لێكەوتە ی كارەساتە مرۆییەكانە، كە بریتییە لە سترێسی دەروونی، دەركەوتنی هەندێك نیشانەی جیاكارلە كاتی تووشبوون بە ڕووداوەكە، یان دوای سێ مانگ، یان

---

6 شاكرمبدرجاسم اشواق سامي لموزة (3-7)
7شاكرمبدرجاسم اشواق سامي لموزة (7-9)
8عبد عساف،وائل ابو الحسن (2007: 70-69)

زیاتر، گرنگترین نیشانەكانی لە وەدەستهێنانەوەو وەبیرهاتنەوەی بەردەوامی رووداوەكە پێكدێت و زۆرجار نەخۆشەكە تووشی حاڵەتی سڕبوونی كاتی دەبێت.(Feldman) تێكچوونی دەررونی (ptsd) بەم شێوە پێناسە دەكات (تووشبوونی منداڵە بە شووكێكی دەروونی یان جەستەی ،كە مەترسی دەخاتە سەر ژیانی منداڵەكە).[9] لەقۆناغی بنەرەتیدا ئەگەر زانیارییەكان لەشێوەی پرسیار بخرێتە روو،دەتوانرێت كاریگەری توونـدو تیژی پەیوەست بە كارەساتە نەخوازراوەكان بە سەر منداڵەوە دیاربێت، بۆنموونە:-

1-ئایا ئەندامی خێزانەكەت لە شە ردا كوژراوە؟

2-ئایا ئەندامی خێزانە كەت لە شەردا بەركەوتووە یان كەم ئەندام بووە؟

3-ئایا راستەوخۆ جەستەت بەركەوتووە،بە فیشەك یان هەر چەكێكی تر؟

4-ئایا كەسێك لە ئەندامانی خێزانەكەت بێ سەروو شوێنە؟

5-ئایا كەسێك لە ئەندامانی خێزانەكەت گۆری نادیارە؟

6-ئایا ئەندامانی خێزانەكەت تووشی ئەشكەنجەو توندوتیژی جەستەیی بوون؟

7-ئایا تا ئیستا گوێت لە دەنگی تەقینەوە بووە؟

ئەمانەو دەیان پرسیاری تر لە و جۆرە ،كە سەرەرایی جیاوازی ناوچەی جوگرافی (هەڵەبجە، شنگال، گەرمیان ...تاد) لە كوردستاندا یان قە بارەی دیاردەكە، منداڵێك بە بەڵی وەلامدەداتەوە،ئەمەش كاریگەری جینوساید بە سەر هەموو ناوچەكانی كوردستان دەردەخات.

تێكچوونی دەروونی وزۆربوونی سترێسەكان لە دوای رووداوە شۆك ئامێزەكان(PTSD)،لێكەوتەی كۆمەلایەتی و تەندروستی و رەفتاری لێدەكەوێتەوە ،بۆیە زۆرجار لە رووی پزیشكییەوە باس لە دۆخی متبوونی نەخۆشییەكە دەكرێت،كەناتوانرێت بۆ ماوەیەكی درێژخایەن دەستنیشان بكرێت وهەندێك جار دەگاتە پەنجا ساڵ،كە كەسێكی تووشبوو لە تەمەنی (67)ساڵیدا لە لایەن پزیشكەوە تووشبوونی بە حاڵەتی (تێكچوونی دەروونی لە ئەنجامی سترێسە شۆك ئامێزەكان)دۆزرایەوەو،كە تێپەربوونی بە ئەزموونە شۆك ئامێزەكان لە حاڵەتی چەپاندن ودۆخی متبووندا بووە، ئە م حاڵەتە لە كتێبی حاڵەتەكان (DSM-iv case book) لە ژێر ناونیشانی یادكردنەوە(memories) دادەنرێت[10]، چونكە لێكەوتەی سترێسە شووك ئامیزەكان، كە لە تەمەنی منداڵیدا (1-18) ساڵیدا روودەدات ،نیشانەكانی بەردەوام دەبێت وكاردەكاتە سەر چالاكی وتوانای منداڵەكە بۆ ماوەیەكی درێژخایەن و بە تێپەڕبوونی كات نەخۆشەكە چارەسەر نابێت، بەڵكو دەبێت ئەو لێكەوتانە ئاشكرا بكرێت وبدۆزرێتەوەو، بە بەكارهێنانی شێوازی ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەروونی گونجاو چارەسەربكرێت، بۆیەلەم بارییەوە لێكەوتەی دیاردەیەكی شۆك ئامێزی وەكو جینوساید لە جۆرەكانی تێكچوونی دەروونی دوای دیاردە شۆك ئامێزەكان،

[9] بلقيس عبد حسين(2013 :43)

[10] حمود فهد القشعات(2009: 3-6)

بەرجەستە دەکرێت، گرنکترین کاردانەوەو کاریگەری نێگەتیفی لە ئاوەزو رەفتاری منداڵدا دەخرێتە ڕوو، بڕوانە خشتە ی (1):-

| جۆرەکانی تێکچوونی دەروونی(ptsd) پەیوەست بە دیاردەی جینۆساید | کاردانەوەی نێگەتیفی درووستبوو لە ئاوەزی منداڵ | کاریگەری نێگەتیفی لە سەر رەفتاری منداڵ |
|---|---|---|
| 1-سڕبوون و نکۆڵی کردنی دیاردەی جینۆساید | پاشەکشی لە نواندنی پەرچە کرداروسڕبوونێکی کاتی و سڕینەوەی دیاردەکە | کێشەی دەروونی بۆ منداڵەکە دروست دەکات وەکو هەڵچوونێکی زۆرو ،چەپاندنی بەردەوام |
| 2-دووبارکردنەوەی بیرۆکەکان دەربارەی دیاردەی جینۆساید(-Intrusive repetitive Ideation) | وەبیرهاتنەوەی بەزۆری ئەو بیرۆکانەی پەیوەستن بە دیاردەکە،کە لەشێوەی وێنەی بینراو ،وەکو تروسکایەك لە ئاوەزی منداڵ ئامادە دەبێت،ئەو(رەنگ و دەنگ وبۆن و بەرکەوتن)ەی نووساوە بە دیاردەکە. | منداڵەکە وێنە چەپێنراوەکان ،دەگوێزێتەوە بۆ تیشکۆی بە ئاگایی ودەبێتە هۆی دروستبوونی هەستکردن بە دڵتەنگی وڕاکردن لە واقیع(ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان) و حەزی تۆڵە سەندنەوە.[11] |
| 3-أ-بیرکردنەوە لە مردن( Death Imprint) | ئاوەزی منداڵ لەم حاڵەتەدا سنووری نێوان مردن و ژیان دەبەزێنێت وقۆربانی رووداوەکە لە ریزی کەسێکی لە ژیاندا نەبوو دەژمێرێت | منداڵەکە بە دوای (دۆزینەەی هەستکردن sensation seeking–)دەگەرێت،لە لاساری و ئەنجامدانی شتی نایاسای ودژایەتی کردنی دام ودەزگا ئە منییەکان ،بەرجەستە دەبێت |
| 3-ب-هەستکردن بە تاوانGuilt | هەستکردنی منداڵەکە بە تاوان بە دووبارەکردنەوەی ئەم بیرۆکانە لە مێشکیدا(بێ توانایی قوربانێکە لە پاراستنی کە سانی دەورووبەری لە مردن،دەبوو زیاتر لێهاتوویی و ئازایەتی بنوێنێت بۆ رزگارکردنیان) | دروستبوونی بیرۆکەی خۆ خواردنەوە( in trusive thought)بەم شێوەی لای خوارەوە لە شێوەی پرسیار (ئە گەر ئەو شتەم ئەنجام بدایە ،ئیستا ئەو شتە رووی نەدەداو،تووشی ئەو کارە ساتە نە دەبووم)دەیخاتە ڕوو. |
| 3-پ-کوژانەوەی هەست وسۆزی منداڵەکە وچوونە دۆخی مت بوونەوە | منداڵەکە ئاکارێکی کپ و بێدەنگ دەنوێنێت وهیچ سۆزو هەستێکی بەرانبەر کەسانی دەورووبەری نامێنێت. | دڵەراوکیی وخەمۆکیی و حاڵەتێکی شەرانگێزی وتورەیی دەنوێنێت. |

[11] ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان حاڵەتی خەمۆکی وشەرانگێزی ودڵەراوکی کەمدەکاتەوە ،بەلأم نەخۆشەکە دەچێتە بازنەیەکی بەتاڵ وخراپە کاری لە نێو بێ ئاگاییدا دەمێنێتەوە.بڕوانە:- حمودالفهد القشعان(2009 :5)

| | | |
|---|---|---|
| 3-ت-هەستكردن بە جیاوازی و نامۆبوونی منداڵەكە(Estrangment) | منداڵەكە بیر لە وە دەكاتەوە كە پەیوەندییە كۆمەڵایە تییەكان لە گەڵ هاورییەكانی ببچرێنێت. | قوربانی رووداوەكە(victimization) بەشێك دەبێت لە نامۆبوون ،ئەگەری ئەوە هەیە دیسان ببێتەوە بە قوربانی( secondvictimization)بە هۆی نەبوونی چاودێری كۆمەڵایەتی و دەروونی پێویست،بۆ جاری سییەم بە هۆی كەمتەرخەمی خێزان وشوێنی كاركردن و....تاد.لە ئەنجامدا دەبێتە هۆكاری چەند نەخۆشییەكی لاوەكی(الزهان،العصاب) |
| 3-ج-جەقبەستوویی باری سۆزداری منداڵەكەو هەوڵی دووركەوتنەوە لە دیاردەكە( Emotional enmeshment) | بە بەردەوامی هەوڵدەدات بچێتە دەرەوەی بازنەی رووداوە شۆك ئامێزەكان. | كاریگەری خراپ دەبێت بۆ سەر ژیانی خێزان. |

**كاریگەری (ptsd)لەسەر ئاوەزی منداڵ ............................................خشتەی (1)**

**لە دوای حەوت ساڵ لە دیاریكردنی نەخۆشی (PTSD)لەلایەن دەستەی پزیشكی دەروونی ئەمریكیەوە،لە چەند ڕوویەكەوە فراوانكرا:**

**یەكەمیان: جەختكردنەوە بوو لەسەر پرۆسەی دوورە پەرێزی(AVOID ANCE)كە ئاماژەیەكی بنەڕەتییە بۆ دەلالەت كردن بە تێكچوونە دەروونیەكانی دوای دیاردەیەكی شۆك ئامێز(دوورە پەرێزی لەو بیرۆكەو هەست و سۆزە پەیوەستدارەكان بە دیاردەكەو بۆئەوەی قوربانییەكە بەدوور بێت لەو بارودۆخانەی كە یادكردنەوەی ڕووداوەكەی تێدایە).**

**دووەمیان: بۆ یەكەم جارە باسی ئەوە دەكرێت كە نیشانەكانی تێكچوونی دەروونی منداڵ بریتییە لە وەدەستهێنانەوەی یادكردنەوەی ڕووداوەكە بەڕێگەی یاریكردنی بەردەوام و وەبیرهاتنەوەی ڕووداوەكان،كە دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی حەزوو ئارەزووی منداڵ بۆ ئەنجامدانی هەندێ چالاكیی و لێهاتوویی بەتایبەتی ئەو چالاكیانەی كە پەیوەستن بە زمانەوە.[12]**

[12] غسان يعقوب (1999: 38 )

لێکۆڵەر لەم بارەوە کارەکەی بەشێوەیەکی زانستیانە خۆخەریککردن دەبێت بە کاریگەری فاکتەری دەرەکی و ناوەکیی لەسەر ئاوەزی منداڵ، کاریگەری ئەم فاکتە رانە لە درووستبوونی تێکچوونە زمانییەکان وپەیوەندی ئەم دوو حاڵەتە بە یەکەوە لە چواچێوەی دەستنیشانکردنی نەخۆشییە زمانییەکان لای منداڵ لە قۆناغی بنەرەتیدا دەخرێتەڕوو.بڕوانە پاری دووەم (2/2)،جگە لەئەم لێکەوتە دەروونیانە ،کە راستەخۆ کاریگەری دەبێت بۆ توانستی گەیاندن لە منداڵدا ، هەندێك لێکەوتەی فسیۆلۆجی کارەساتە مرۆییەکان کاریگەری دەبێت لەسەر ئاوەزی منداڵ و توانستە زمانییەکان لە منداڵدا،بڕوانە (2/2).

## 2/2) کاریگەری لێکەوتە فسیۆلۆجییەکان لە سەر ئاوەزی منداڵ

راستەخۆ کاریگەرییەکانی لێکەوتە فسیۆلۆجییەکانی دیاردەی جینۆسایەد ، لە سەر ئاوەزی منداڵ دەردەکەوێت بە تایبەتی لە قۆناغی بنەرەتیدا،کە بە هۆی بەرکەوتن و بە کارهێنانی هێز توانستی گەیاندن لە منداڵدا زیانی پێدەگات و چ بە رێگەی بەرکەوتنی راستە وخۆی مێشك بێت ،یان بە هۆی تێکچوونی ئۆرگانە هەستییەکان و ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە بێت ،دەتوانرێت تێکچوونی لەیەکگەیشتن لە منداڵدا وەکو نەخۆشیەکی کاتی و لاوەکی(عرضي)،چ ئەندامی بێت یان دەماری بێت دیاریبکرێت، واتە تووشبوون بە نەخۆشییەکە بە هۆی بەرکەوتنەوە دەبێت لە ڕووداوێکی کوت و پڕو لەناکاودا وەکو بەرکەوتنی سەری منداڵ بە فیشەك یان هەربەرکەوتنێکی تر کە لە ساتەوەختی شەڕو ڕووداوە نەخوازراوەکان ڕوودەدات،هەربۆیە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە سایکۆ _زمانییە لە چوارچێوەی زانستی نەخۆشیە زمانییەکان (language pathology[*])دا ،بەم جۆرە نەخۆشیانە خۆخەریکدەکات و بەتایبەتی لە دوای ئەو شەڕوو نەهامەتیانەی بەسەر ئەورووپادا هات، توانرا دووناوچەی سەرەکی لە مێشکدا بدۆزرێتەوە ،کە ئەویش فرنیکا(wernickes zone) و برۆکا(brocas area)یە،ئەو کەسانەی کە مێشکیان بەرکەوتووە لەم شەڕەدا بە هەزارەها ئەژمار دەکرێت ،کە بواری لێکۆڵینەوەوکاری ئەزموونبەندانە و تێبینی زانستی زانایان بوون ولە ئەنجامی کاری توێکاری دەرکەوت ،کە بەهۆی ئەم بەرکەوتنانەوە ئەندامە دەمارییەکان لە مێشکدا زیانی پێگەیشتووە و بۆتە هۆی تێکچوونی توانستی گەیاندن/لەیەکگەیشتن و کەمکردنەوەی توانا زمانییەکان ،چونکە زۆر جار کەسەکە بەتەواوی لەدەستی دەدات وەکو بێ توانایی لە نوتقکردنی ئاستێکی دیاریکراوە لە زماندا ،بەتایبەتی بێ توانایی لە خوێندنەوەی ڕستەیەك کە بەچاو دەبینرێت،کەچی درککردنی ئاوەزی نەخۆشەکەلاوازە بووە و

[*] زانستێکی نوێیە و لەسەرەتای سالاّ نی حەفتای سەدەی ڕابردوو سەری هەڵداوە و گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لە نەخۆشیە زمانییەکان وەکو تێکچوونی نوتقکردن و نوسین و چۆنێتی گونجاندنی داتاکان بەمەبەستی دەربڕین و ڕێکخستنی برگەکان لە وشەو هەروەها وشەکان لە ڕستەدا و خوێندنەوەو تێگەیشتن و شیکردنەوە و چارەسەرکردن و پۆلێنکردنی ئەو جۆرە نەخۆشیە زمانییانە.

لەتوانایدا نیە ڕستەكە بخوێنێتەوە. زانستێكی تر بەشێوەی تیۆری كاردەكات و بریتییە لە زانستی زمانی كلینیكی(Clinical linguistic) لقێكی لاوەكییە لە زانستی نەخۆشیە زمانییەكان ،هەموو ئەم كارانە بە شێوەیەكی زانستی لەدیاریكردنی نیشانەكانی ئەم نەخۆشیە و چارەسەركردنی دەكۆڵنەوە،چونكە تێكچوونە زمانیەكان بەشێوەیەكی نێگەتیڤی كاردەكاتە ژیانی منداڵ و توانایی فێربوونی لە قوتابخانە و پەیوەندیە كۆمە لأیەتیەكانی لەو ژینگەی كە تێیدا دەژی .[13]

بەگشتی زانایان،كاتێك دەربارەی تێكچوونە زمانییەكان لێكۆڵینەوە دەكەن ، باس لە جۆرەكانی و هۆكاری ناوەكی و دەرەكی دروستبوونی ئەم نەخۆشییە دەكەن، هۆكار دەرەكییەكان حاڵە تێكی كت و پرو لە ناكاوەوە یە كە تووشی نەخۆشەكە دەبێت چ فسیۆلۆجی بێت، یان هۆكاری كۆمەلأیەتی و دەروونی بێت( وەكو بەركەوتنی مێشك و ئەندامەكانی ئاخاوتن لە ساتەوەختی كارەساتە مرۆییەكان ویان هۆكاری دەروونی و كۆمەلأیەتی وەكو لێكەوتەی كارە ساتەكان )[14]، هۆكارە فیسیۆلۆجییەكان،وەكو بەركەوتنی ئەندامەكانی دەماغ و ئەندامەكانی ئاخاوتن ، لاوازبوونی ئۆرگانە هەستییەكان ،لاوازبوونی عەقڵی ،بەلأم هۆكاری دەروونی و كۆمەلأیەتی بە هەمان شێوە دەبێتە هۆی تێكچوونی زمانی لای منداڵ،لەم بارەیە وە(سبین)پێیوایە (دڵە ڕاوكی ترس و تۆقاندن وچەپاندن وتووشبوون بە شۆك لە رووی سۆزدارییەوە ،باوەربە خۆ نەبوون ،كەمتەر خەمی و هەندێك هۆكاری دەروونی و كۆمەلأیەتی تر ،دەبێتە هۆی تێكچوونی نوتقكردن و ئاخاوتن )، هەروەها (میللە ر) پێیوایە (پەیوەندییەكی ئاشكرا لە نێوان نە خۆشی زمان گیران /ئەفازیا و ئەو نە خۆشییە دەروونیانەی،كە تووشی منداڵ دەبێت وەكو چەپاندن و دڵەراوكی ،بە دی دەكرێت)[15].بروانە وێنەی (1):-




وێنەی (1) ...........................

هۆكارە ناوەكییەكان بەهۆی نەخۆشی گەشەییەكانەوە درووست دەبێت (زۆرجار هۆكاری دەرەكی لە درووستبوونی نەخۆشییە گەشەییەكان ئامادە دەبێت وەكو بە كارهێنانی چەكی كۆمەلگوژی لە هەندێك ناوچەی جوكرافی، كە لێكەوتەی ئەو حاڵەتە لە منداڵی تازە لە دایك بوو، تا چەند ساڵێك دوای كارەساتەكە بەرچاو دەكەوێت)كە بریتییە

[13] صادق یوسف الدباس،(2013: 296)

14 لێكۆڵەر كارەكەی لە چوارچێوەی هۆكارە دەرەكیەكان دەبێت،چ دەركەوتنی نەخۆشیەزمانییەكان بێت بەهۆی بەركەوتنەوە،یان بەهۆی كاریگەری سایكۆلۆجی و كۆمەلأیەتی لەسەر ئاوەزی منداڵ.

15 Miller G.(1990:142)

لە نەخۆشی ئەندامی ،وەکولاوازبوونی توانستی گەیاندن/لەیەکگەیشتن لە منداڵدا ، یان لاوازبوونی ئاستی وەرگرتنی زمانی دایك،یان زمانی دووەم، یان دواکەوتنی گەشە کردنی زمانی بە هۆی کە م عە قلّییـەوە[16] کە بە پێچەوانەی جۆری یەکەم کە بەهۆی هۆکارێکی لاوەکییەوە دەبێت ،لێرەدا هۆکارەکە ناوەکییەو بەهۆی کەم وکورتی ئەندامییـەوە دەبێت لە منداڵدا وەکو ئۆرگانەکانی ئاخاوتن و بیستن یان نەخۆشیە دەماغییەکان کە دەبێتـە هـۆی ڕێگریکـردن لـە پرۆسـەی لەیەکگەیشتن و بەسبوون/عجز هـەموو ئاسـتەکانی زمـان دەگرێتـەوە چ نوسـین بێـت، یـان ئاخـاوتن و هەروەها توانایی تێگەیشتن و گوێگرتن و خوێندنەوە...تاد،لاواز دەبێت،کە زانستی نەخۆشییە زمانییـەکان بـۆ هـەر حاڵـەتێکی دیـاریکراو زاراوەیـەکی زانسـتی بـۆ دەستنیشانکردووە،نەخۆشـیە زمانیـەکان پەیوەسـت بـە هۆکـاری درووستبوونی بۆ دووجۆر پۆلێندەکرێت:بڕوانە هێڵکاری(1):-




**هۆکارەکانی نەخۆشییە زمانییەکان ، ......................هێڵکاری (1)**

## 1-2/2/ پۆلێنکردنی تێکچوونە زمانییەکان

زمـان میکـانیزمیکی لـە ئـارادابووە ،کـە بەهۆیـەوە زانیـاریی و کۆزانیـاری پێویسـت خەزنـدەکرێت، وێنـەی ئاوەزییـەکان بـە هێمـا و دەلالەتـەکان دەگۆدرێتەوە،هەربۆیـە ئـامێرێکی پێـواژۆکردن /پرۆسێسـکردن و بیرکردنەوەیـە، مـرۆڤ لـە ئـاوەزدا هـەموو جـۆرە بیرکردنـەوە لـە خـودو گرنگـی پێـدان و هەسـت و سـۆز بـەهۆی زمانـەوە دەپارێزێـت و هـەروەها لەیەکگەیشـتن وگەیانـدن لـەنێو تاکـەکانی کۆمـەڵگا ڕوودەدات، پرۆسـەی تێکچـڕژانی کۆمەلایـەتی جـێ بەجێدەبێت،کـە بەهۆیـەوە پرۆسـەی فێرکـردن و فێربـوون دێتـە ئـاراوە ،هەربۆیـە بەنیسـبەت هەرمیللـەت و کۆمەڵگایەکـەوە زمـان بەشـێکی سـەرەکییە لـە پێکهاتـەی ناسـنامە و پێکهاتـەی شارسـتانی و ڕۆشـنبیری[17] هـەر گرفتێـك ڕوو بـەڕووی زمـان ببێتـەوە ،زیـانی دەبێـت بـۆ سـەر کۆمەڵگاوپەیوەندییـە کۆمەلایەتیـەکان لـە کۆمەڵگادا.سۆسـێر پێیوایـە توانسـتگەی/فاکوڵتی ئاخـاوتن،

[16] عبدولواحید موشیر دزەیی (2014: 114)
[17] سامیة عرعار،اکرام هاشمي،(2016 :1)

دەکەوێتە بەشی چەپی پێشەوەی مێشکی مرۆڤ،ئەم بەشە تایبەتە بە زمان و نووسین،[18]کە پرۆسەی ئاخاوتن کاتێك دەستپێدەکات ،لەکاتێکدا کە دەماغ فەرمان دەنێرێت بۆ ئەندامەکانی نوتقکردن/دەربرین و ئەم فەرمانانە لە ناوچەی برۆکاوە(BROCK)دەردەچێت ودەکەوێتە بەشی چەپی لە درزی پێشەوەی دەماغی مرۆڤ (بەشی چەپی دەماغی مرۆڤ بەرپرسە لە زمان و پێرەوە زمانییەکان وبەرکەوتنی ئەم ناوچەیە (برۆکا)دەبێتە هۆی لاوازبوون و بێ توانای زمانی بە تە واوەتی)[19]،واتە زیان پێگەیشتنی ئەم ناوچەیەی کە تایبەتە بەزمان ،دەبێتە هۆی گرفتی زمانی، زانایان لە بەرانبەر گرفتی زمانی ،کە تووشی منداڵ دەبێت زاراوەی جیاواز بە کا ردەهێنن وەکو ،بێ توانایی زمانی Languge defict، دواکەوتنی زمانی Languge delay، خاوەن پێداویستی تایبە تی زمانی Languge handi capped، تێکچوونی زمانی ، یاسای ئە مریکی تایبەت بە خاوەن پێداویستە تایبەتەکان ،ئە م جۆرە نەخۆشییە بە خاوەن پیداویستی زمانی و بێ توانایی زمانی(بەسبوونی زمانی/عجز اللغوي) ئەژمار ناکات ،چونکە پێیان وایە ئەم جۆرە مرۆڤانە خاوەن بەهای مرۆیی ودەروونی و کۆمەلأیەتیین،کە دەبێت رچاو بکرێت.[20]

تێکچوونە زمانییەکان لەلایەکەوە پەیوەستە بە مەدلوولی ئاخاوتنەکان و واتای دەربردراوەکان لە دەورووبەری زمانی دا و پێکەوەهاتنی فۆرمە زمانییەکان لە گەڵ بیرۆکەی شتەکان، بەدیهێنانی پرۆسەی تێگەیشتن ،لە لایەکی ترەوە ،دەستنیشانکردنی کەمو کورتییە زمانییەکانە لە هەندێك رووەوە وەکو لادانی دەنگی لە هەندێك جێکەوتەی فۆرمە زمانییە کان ، کرتاندن و یان زیادکردنی هەندێك دەنگی ناوازە و خێرایی قسە کردن .....تاد، لە بەر ئەوە تێکچوونە زمانییەکان لە دەورووبەری ناوەرۆکی ئاخاوتنەکان و واتای ئاخاوتنەکان و پێکەوە گونجاندنی لە گەڵ بارودۆخی کۆمەلأیەتی ودەروونی وعەقلی تاکی قسە کەردا دە سووڕێتەوە.

جیاکاری دەکرێت لە نێوان تێکچوونی زمانی و تێکچوونی ئاخاوتن،چونکە تێکچوونی ئاخاوتن (speech disorder)بریتیە لە نەخۆشیەك کە تووشی ئەندامەکانی نوتقکردن دەبێت یان کەموکورتیەکە لە زمان بەربوونی منداڵەکە، بەلأم تێکچوونی زمانی (language disorder)بریتییە لە لادان و بێتوانایی زمانی(بەسبوونی زمانی\عجز اللغویی)،کە کاردەکاتە سەر تێگەیشتن و بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی زمانی چ زمانی نووسین بێت یا ئاخاوتن،واتە کاردەکاتە سە ر پێرەوی گەیاندنی هێمایی

---

[18]دي سوسير،علم اللغة العام(1984 :28)
[19] انظر عبد الوهاب كامل(1991 :123-160)
[20]صادق اليوسف الدباس(2013 :297)

لە منداڵدا[21].بەگشتی تێکچوونی زمانیی و دەربڕاوەیی و ئاخاوتنی بۆ چەندجۆرێك پۆلێن دەکرێت،بڕوانە خشتەی (2):-

| جۆری تێکچوونی زمانی | پۆلێنکردنی جۆرەکانی تێکچوونە زمانییەکان | نیشانەکانی نە خۆشییەکە |
|---|---|---|
| 1-تێکچوونی زارەکی \نوتقی[22]. | 1-1)لابردن(omission) منداڵ پیتێك یان زیاتر لە وشەکان لادەبات ،کە حاڵەتێکی سروشتیە هەتا کاتی چوونە قوتابخانەو تەمەنی شەش ساڵی. | هەلگری نیشانەکانی تێکچوونی زمانییە، کە بریتییە لەلابردنی هەندێك دەنگ لە کۆتای وشەکان ،بە تایبەتی لە ئەو وشانەی کۆتاییان بە پیتی کۆنسنانت هاتووە[23]،بۆ نموونە: دان ———— دا |
| | 2-1)زیادکردن(addition) منداڵ پیتێك یان زیاتر زیاددەکات بۆ وشەکان،ئەم حاڵەتە سروشتیە تا تەمەنی شەش ساڵی. | هەلگری نیشانەکانی تێکچوونی زمانییە،کە بریتییە لە زیادکردنی هەندێك دەنگ : لە بیرنجم چوو———لەبیرم چوو |
| | 3-1)لەبری یەکدانان(substitution) منداڵ پیتێك بە پیتێکی تردەگۆڕێت. | هەلگری نیشانەکانی تێکچوونی زمانی نییە و بە نەخۆشی زمانی دانانرێت ،وەکو: شەحن-حەشن ئاسایش —ئاشایس فیتە-تیفە |
| | 4-1)تێکدان(distoration) منداڵ وشەکان بە شێوازێکی ئاسایی نوتق دەکات ،بەلاّم بۆ گوێگر نامۆیە،چونکە هەندێك دەنگ لە شوێنی دروستی خۆی نوتقنەکراوە.[24] | هەلگی نیشانەکانی تێکچوونی زمانییە،نموونە ئەم حاڵەتە: کیپە———کۆمپیوتەر |

[21] سامية عرعار،اكرام هاشمي (2016 :8)

[22] احمد نايل الغرير و الاخرون(2009 :133)

[23] یان گۆرینی دەنگیك ،کە لە پشتەوە دروست دەبێت،بە دەنگیك لە پێشەوە(fronting)وەکو:کور—تور،کڕی—تری ،یان بە پێچەوانەوە ،دەنگیك لە پێشەوە دروست دەبێت بە دەنگیگ لە پشتەوە(backing)،یان نەخۆشەکە لە بری دەنگێکی خشۆك دەنگێکی تەقاوە دەردەبرێت وەکو :زام———دام،یان هەندێك دەنگ دەگۆرێت بە دەنگی لووتی(denasalization)،یان بە پێچەوانەوە ،وەکو:مەیمون——— بەیبون.بڕوانە :ابراهيم عبد الله الزريقات (2005،257-256)

[24] سەرەرایی ئەو جۆرانەی تێکچوونی نوتقی ،هەندێك جۆری تر بەرچاو دەکەوێت ،ئەو دەنگانەی مەلأشوویی بێت ،ناتوانرێت بە ئاسانی دەرببرێت وەکو دەنگی( ل،ر)،هەروەها لە حاڵەتی نەخۆشی Dygrammatism،واتە فف فسەکردن و دووبارەکردنەوەی دەنگی (ف)،یان هەندێگ نەخۆش ناتوانێت بە تەواوەتی وشەکان دەرببرێت ،یان دەنگەکان بە روونی دەرنابرێت ،واتە منجە منجکردن/المجمجە/anarthia ،بە گشتی باسی ئەوە دەکرێت ،کە هۆکاری بۆماوەیی پەیوەندی نییە بە تێکچوونی نوتقی.فیصل الزراد(1990 :234)

| | | |
|---|---|---|
| 2-تێکچوونی دەنگی( voice disoder)لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەوروبەردا لێکەوتەی ئەم نەخۆشیە بەرچاودەکەوێت. | ئەم تێکچوونە زمانییە پەیوەستە بە پلە و بەرزونزمی دەنگەکان و جۆری دەنگەکان....تاد | هەندێك كەس لەتۆنی دەنگیان گرفتیان هەیە، بەدەنگی بەرز قسەدەکەن ،یان بەدەنگی نزم ،یان زیقەزیق کردن لە تۆنی دەنگیاندا هەیە،یان بە لووت قسە دەکەن (مگاندن)،یان دەنگی زبرو ناخۆشیان هەیە.......تاد.[25] |
| 3-تێکچوونی ئاخاوتن( speech disorder) | 1-3)تەتەڵەی زمانی(stuttering)* | منداڵی توشبوو ناتوانێت، یان بەگرانی دەتوانێت وێنەی ئاوەزی و بیرۆکەکان بگۆڕێتەوە بە دەربڕدراو و ئاخاوتنەکان. بۆیە لە ئەنجامی ئەو سترێسە پیتەکان دووبارە دەکاتەوە ،بۆ نموونە: ددددددددان،تتتتتتتتە ماتە. |
| | 2-3)خێرایی قسەکردن(logorrhea)* | هەندێك نیشانە لەگەڵ خێرایی قسەکردندا دەبینرێت[26] |
| | 3-3)وەستان: دیاردەی وەستان لە کاتی ئاخاوتندا،واتە قسەکەر لە دوای دەربڕینی وشەیەك یان ڕستەیەك بۆماوەیەکی نائاسایی دەوەستێت و گوێگر واهەستدەکات کە قسەکانی | 1-سێو..........میوەیەکی خۆشە.<br>2-باران............. دوێنێ باری. |

[25] Van Ripper(1997:145)

*ئەم حاڵەتە لەناو خەڵکدا پێیدەوتریت تەتەڵەی زمانی یات تت قسەکردن،بە سێ قۆناغدا تێپەڕدەبێت،لەقۆناغی یەکەمدا منداڵەکە بەگرانی وشەکان دەردەبڕێت،هەندێکجار جوڵەی جەستەیی لەگەڵدا بەکار دەهێنێت،لە قۆناغی دووەمدا لەسەرەتادا منداڵەکە ناتوانێت بەهیچ شێوەیەك وشەکان دەربڕێت بۆیە پەستانێك دەخاتە سەر هەردوو لێوی و لەئەنجامدا دەنگی یەکەم لە وشەکە (دددددان)دووبارە دەکاتەوە،کە ئەم قۆناغە لەدوای(6-12)مانگ دوا قۆناغی یەکەم دروستدەبێت.لە قۆناغی سێیەمدا لچ و لێوی منداڵەکە دەچێت بەیەکداو کرژبوونەوەیەك ڕوودەدات وشەکان قەتیس دەبن و لەناکاوا دەتەقنەوە لەگەڵ جوڵەیەکی زۆر لەبرۆو زمان و دەستەکان و جوڵانەوەی سەر بۆدواوە بەمەبەستی ڕزگاربوون لە تەتەڵەی زمانی،کە ئەم حاڵەتە بە( stammering )ناودەبرێت.بەگشتی دوو جۆر تەتەڵەی زمانی دیاریدەکرێت:1-تەتەڵەی زمانی لەگەڵ لەرینەوە:بریتییە لە دوبارەکردنەوەی یەکەم پیت لە وشەو یەکەم وشە لەڕستە لە هەندێك مەوقیف و بارودۆخدا کە لەبارودۆخێکی تردا ئاسایی دەریدەبڕێت،ئەمەش بە هۆی شەرمکردن و گفتوگۆکردن دەبێت لەگەڵ کەسانی نامۆ،کە کرژبوونەوەیەك لە ماسولکەی ئۆرگانەکانی ئاخاوتندا ڕوودەدات.2- تەتەڵەی زمانی کرژبوونەوەیی(tonic-stammering)ئەم حاڵەتە بە شێوەیەکی کتوپڕ ڕوودەدات خراپترە لەجۆری یەکەم ،کە نەخۆشەکە هەندێك وشەودەنگ دووبارە دەکاتەوە بەبێ ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە دەربڕاوەکانەوە ،دواتر دەبێتە هۆی زمان گیران(ئەفازیا)لەگەڵ کرژبوونەوەو لەرینەوەیەکی زۆری ماسولکەکان:بڕوانە:صادق یوسف الدباس(2013 :302)،هەروەها فیصل الزراد(1990 :162).

* قسەکەر بەخێرایی وشەکان نوتقدەکات و هەندێك جار هەڵچوون وجوڵەی جەستەیی بەشێوەیەکی نائاسایی دەبینرێت ،دەبێتە هۆی لێك تێنەگەیشتن،درووستبوونی گرفت لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی،دەبێت جیاکاری بکرێت لە نێوان زۆر بڵێی و خێرایی قسەکردن چونکە لە حاڵەتی زۆربڵێی قسەکەر لە ناوەڕۆکی بابەتەکە دووردەکەوێتەوە،بەڵام لە حاڵەتی خێرایی قسەکردن کە بەزۆری توشی کەسان بیرمەند و چالاك و ژیر دەبێت وشەو دەربڕاوەکان پەیوەندیان بە ئاخاوتنەوکەوە هەیە.بڕوانە: مصطفى فهمي(1976:224-222)

[26] ئەم نیشانانە بریتین لە :1-دووبارەکردنەوەی هەمان ئاخاوتن.ئەم حاڵەتە بە(echolalia)ناو دەبرێت .2- بچڕاندنی لەناکاوی ئاخاوتنەکان و بێدەنگبوون،ئەم حاڵەتە بە (mutism)ناودەبرێت.3-پەرش و بڵاوبوونەوەی ئاخاوتنەکان،ئەم حاڵەتە بە (scallering)ناودەبرێت.4-بەکارهێنانی زمانێك،کە پێشکەوتوو نییەneologism . بە گشتی هۆکاری سەرەکی خێرایی قسە کردن نەبوونی رێککەوتنە لەنێوان بیرۆکەکان وجووڵەی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن . مصطفى فهمي(1976:224-222)

| | | |
|---|---|---|
| | تەواوكردوە. | |
| | 3 -4)سەرزمان گرتن (stigmatism)/الثأثأة:- بەكارهێنانی پیتی(ث) ،ئەم جۆرە بەربلاوترین جۆری كەم و كورتی زارەكییە لە منداڵدا، كە لەنێوان تەمەنی 4-7 ساڵ بە شێوەیەكی فراوان بەرچاو دەكەوێت. | گۆڕینەوەی پیتی(س)بە(پ)بە هۆی بەرزبوونەوەی لایەكی زمان لە نێوان ددانەكان بۆ دەرەوەی دەم: سۆندە ـــــث ـۆندە<br>2-گۆڕینەوەی پیتی( س) بە (ش)بەهۆی تێپەڕبوونی هەوا لە نێوان زمان و بەشی سەرەوەی دەم(مەلاشوو)لەكاتی نوتقكردندا.<br>ماسی-ماشی<br>سی وسێ-شی وشێ<br>3-گۆڕینەوەی پیتی(س)بە پیتی(د).[27] |
| 4-پۆلێنكردنی گرفتە زمانییە كان | 4–1)دواكەوتنی زمانی( langyage delay)،لەئە وقۆناغەدا كە زمانی ئاسایی منداڵ گەشەدەكات،هەندێك منداڵ دوادەكەوێت یان زۆر بەهێواشی وەرگرتنی زمانی ڕوودەدات،هەربۆیە دەربڕینی وشە لەلایەن منداڵەوە لە تەمەنێكی ئاساساییدا روونادات. | لێكەوتەی ئەم نەخۆشیە لە گرفتەكانی خوێندنەوەونووسین لای منداڵ دەردەكەوێت. |
| | 4-2) ئەفازیا(aphasia) / زمان گیران/الحبسة:ئەم جۆرە نەخۆشیە دەكرێت بە چەند جۆرێكەوە:- | بێتوانایی منداڵە لە تێگەیشتن لە زمان و بەكارهێنانی زمانی زارەكی و لاوازبوونی هەردوو بەشی زمانە،یان یەك بەشی زمان بە تەنها(هەردوو بەشەكە بریتییە لە وەرگرتن و بەرهەمهێنان)* |
| | 4-2-1)ئەفازیای /زمانگیرانی جوڵەیی/ (motor verbal).* | نەخۆشەكە بەبەردەوامی یەك وشە و دەربڕاو دووبارە دەكاتەوە و گۆرانكاری ناكات لە ئاخاوتنەكانی. |
| | 4-2-2) -2-2)ئەفازیای/زمانگیرانی هەستی/ (sensory aphasia)* | نەخۆشەكە ناتوانێت مەدلولی دەنگەكان وەربگرێت و یان ناتوانێت فۆرمەكان بكاتە خاوەن دەلالەتێكی زمانیی،جەند جۆرێكی هەیە:<br>1-كوێربوونی زارەكی(alexia) نەخۆشەكە دەتوانێت |

[27] ) احمد نایل الغریر و اخرون(2009:115-116 )

* ئەم نەخۆشیە بەهۆی بەرككەوتنی نێوەندی نوتقكردن و ئاخاوتن دەبێت لە مێشك دا،واتا بەرككەوتنی نێوەندە زمانییەكان لە دەماغ دا وەكو بریندداربوونی سەر،یان هەندێك حاڵەتی دەروونی زۆر خراپ.بڕوانە:-احمد نایل الغریر واخرون (2009 :124)

* بەم جۆرە ئەفازیایە دەوترێت ئەفازیایی برۆكا ،ئەم ناوەشی ئاماژەیە بۆ نەشتەرگەری فەرەنسی(پۆل برۆكا)یەكێك لە نەخۆشەكانی بەدەم گیرانی قسەكردنەوە دەینالاند كە بەشی پێشەوەی مێشكی زیانی بەركەوتبوو،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:عبدالواحید موشیر دزەیی (2014 :117 ).

* ئەم جۆرە ئەفازیایە بە ئەفازیایی/ زمانی گیرانی فرنیك ناودەبرێت،كە ئەم زانایە گەیشتە ئەنجامی ئەوەی نێوەندێكی بیستن لە توێ لاجانە پڵ(فص صدغی)لە دەماغدا هەیە،كە بەركەوتنی ئەم بەشە دەبێتە هۆی نەبیستن،كە گرفتەكە لە درككردنی/پەیبردنی بیستەنی( auditory perception) نەخۆشەكەیە نەك توانایی بیستەنی نەخۆشەكە .بڕوانە:صادق یوسف الدباس(2013 :205)

| | | |
|---|---|---|
| | | وشەکە بخوێنێتەوە،بەلاّم ناتوانێت لێی تێبگات،یان دەنگەکان دەگۆڕێتەوە بەیەکتری(س،ت)(ج،ح،خ). 2ئەفازیایدووبارەکردنەوە(echolalia)،دووبارەکرنەوەی ئەو وشانە ی کە لە قسەکەرەوەگوێی لێدەبێت. 3-ئەفازیای تێگەیشتنی:-بێتوانایی لە تێگەیشتن لەو ووشانەی کە دەردەبڕێت،کە نەخۆشەکە هەندێك وشەو ئامراز لادەبات لە ئاخاوتنەکانی وەکو جێناوەکان،ئامرازی پەیوەندی،ئامرازی ناساندنەکان،ئامرازی نیشانە....تاد. |
| | 4-2-3)ئەفازیای لە بیرچوونەوە( Amnestic Aphasia) | نە خۆشەکە لە ناولێنانی شتە کانی دوروبەریدا گرفتی هەیە،بۆیە زۆرجار پەنا دەباتە بەربە کارهێنانی وشەیەکی نزیك لە وشەکە،یان شتێکی نزیك وەکو : ران__________لان،یان لە بری ئەوەی بڵێت کتێب دەڵێت دەفتەر یان پێنووس......تاد.[28] |
| | 4-2-4)زمان گیرانی /ئەفازیای گشتی( Total Aphasia) | بریتییە لە گیرانی زمانی ،بێ توانایی لە تێگەیشتنی واتای وشەی نووسراوو دەربڕاو، کە بەشێك لە بەسبوونی زمانی دەبینرێت ،یان هەموو نیشانەکان پێکەوە ئامادە دەبن.[29] |
| | 4-3)گرانی نووسین(Dysgraphia) | لە م حاڵەتەدا ،منداڵەکە گرفتی هەیە لە نووسیندا. |
| | 4-4)گرانی خوێندنەوە | لە بەر ئەوەی خوێندنەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە،پێویستی بە (تێگەیشتن و پێکەوە بەستنەوەودەرەنجامگیری )هەیە ، بەزۆری منداڵ گرفتی خوێندنەوەی هەیە. |
| | 4-5)گرانی تێگەیشتن لە واتای رستەو وشەکان (Aguosia/Echolai) | دووبارەکردنەوەی وشە و رستەکان بە بێ تێگەیشتن لە واتاکەی .[30] |
| | 4-6)گرانی وەبیر هاتنەوەو دەربرین( Dysgraphia et apraxia) | نەخۆشەکە توانای وەبیرهاتنەوەی وشەیەکی گونجاوی نییە لە رستەدا ،کە لە بری ئەو وشەیەوشەیەکی تر بە کاردەهێنێت ودەبێتە هۆی پێکەوە نە گونجاندنی ئاخاوتنەکان. |
| | 4-7)گرانی زمانی ( Languge deficit) | بریتییە لە گرفتی زمانی ،چونکە نەخۆشەکە گرفتی هە یە لە پێکهاتنی رستەکان لە رووی رێزمانی و واتاییەوە ،بۆیە رستەکان واتا دروست دەرنابردرێت.[31] |

[28]فیصل الزراد(1990: 226)

[29]یسن عطوف (/:16-19)

[30]احمد نایل واخرون (2009:126)

[31]احمد نایل واخرون( 2009:124)

**مەرج نییە ئەو نەخۆشییە زمانییانەی لە و خشتەی سەرەوەدا خراوەتە روو، هۆكاری بۆماوەیی تێدا ئامادە بێت، بە لكو زۆر جار هۆكاری دەرەكی فسیۆلۆجی، یان دەروونی تێدا ئامادە دەبێت، كە فاكتە رە دەروونییەكان بریتییە لە حاڵە تی دووركەوتنەوە لە ئاخاوتن و بێدەنگ بوون و قسە نەكردن، بە بێ دەركەوتنی نیشانە سەرەكییەكانی نەخۆشی زمانی، یان بوونی بەركەوتنی دەماغی ،هەربۆیە هۆكارە كەی دەگەرێتەوە بۆ تێكچوونی ئاوەزی منداڵ و گرفت لە كەسایەتی منداڵەكە، ڕەفتاری ئاوەزی منداڵە كە، كە ئەم حاڵە تانە هاوكاتن لە گەڵ نەخۆشییە دەروونییەكان وەكو هیستریا وخەمۆكی و ptsd.....تاد ،هەردوو حاڵەتەكە، واتا تێكچوونە دەروونی و زمانییەكان، وەكو لێكەوتەی دیاردەی جینو ساید پە یوەندیە كی پتە ویان پێكەوە هەیە، ئە گە ر جینو ساید ئەو فەزایە بێت، كە لێكەوتە كانی كار بكاتە سەر ئاوەزی منداڵ، ئەوە تێكچوونە دەروونی و زمانییە كان لە نێو ئەو فەزایەدا دە سوورێتەوە،بروانە وێنەی (1)[32]:**




**كاریگەری لێكەوتەكانی دیاردەی جینوساید لە سەر ئاوەزی منداڵ............................وێنەی (2)**

**ئەنجام**

**1-لێكەوتەكانی كارە ساتی جینۆساید،چ دەروونی بێت،یان سایكۆلۆجی بێت ،یان جەستە ی وفیسیۆلۆجی بێت،دەبێتە هۆی تێكچوونی دەروونی و زمانی و كار دەكاتە سەر توانای فێربوونی منداڵ لە قوتابخانەو لاوازبوونی پەیوەندییە كۆمەڵایە تییەكانی لەو ژینگەیەی تێدا دەژی.**

---

32 ئەم وێنەیە وەكو دەرەنجام لە لایە ن لێكۆلەرەوە خراوەتە روو

2- جیاوازی لە نێوان منداڵێك ،كە بۆتە قوربانی كارەساتی جینۆساید ،لە گەڵ منداڵی ئاساییدا ئەوەیە،كە منداڵی نە خۆش ناتوانێت بە ئاسانی وێنە ئاوەزی و بیرۆكەكا ن بگۆرێتەوە بە ئاخاوتنێكی دروست،بە هۆی سترێسی دەروونییەوە بێت یان هۆكاری فسیۆلۆجییەوە بێت.

3-مەرج نییە هەموو ئەو تێكچوونە جەستەیی و دەروونیانە ،كە ئەمرۆ لە كوردستاندا بەرچاو دەكەوێت ،بە هۆی هۆكاری بۆماوەییەوە بێت ،بۆیە دەبێت لە م بارەییەوە بەركەوتووانی كیمیا بارانی هەڵەبجەو ئەنفال و كۆرەوو كارەساتی شنكال ، بە شیوەیەكی زانستی لە لایەن نێوەندە زانستییە كانەوە لێكۆڵینەوەی لێبكرێت ،چونكە زانینی قە بارەی كارەساتە كەو دەستنیشانكردنی لێكەوتەكانی بە شێوەی زانستی ،مەرجی بە جینۆساید ناساندنی كارە ساتەكانە.

4-رێگریكردن لە پیشاندانی بەردەوامی كارەساتەكان وەكو وێنە ی بینراو (مردنی بە كۆمەڵ و كوشتن ،تەقینەوە ،تووندوتیژی...)،یان وێنەی بیستراو دەربارەی كارەساتەكان،كەلە لایەن كەناڵەكانی راگەیاندنەوە دەخرێتە روو ،چونكە بە شێوەیەكی ناراستە خۆ دەبێتە هۆی تێكچوونی دەروونی.

5-چارەسەركردنی تێكچوونە زمانی و دەروونییەكان ،پێویستی بە كارێكی دەستە جەمعی هەیە ،كە دەبێت زۆربە ی پسپۆرییەكان تێدا بە شدار بن،پسپۆری دەروونی،دەماری و پزیشكی شارەزا لە بوارەكەداو پسپۆری زمانی لە بوارەكانی نوتقكردن و گرفتە زمانییەكان،دواجار هەوڵی چارەسەركردنی بدرێت.


## الملخص

أن هذا البحث وفق المنهج العلمي ،تدخل في الأطارعلم النفس وسايكولوجيا اللسانيات ،وتبحث في آثارالنفسية والفسيولوجية والسلوكية المترتبة آبان العمليات الأبادة الجماعية،في هذا الصدد يقوم الباحث بتفسيروتوضيح تأثيراتها على الذهن الطفل والسلوك الطفل التي تتمثل في الأضطرابات اللغوية والنفسية لدى الطفل،حيث يدرس تللك الحالات في مجال علم الامراض اللغوية وعلم اللغة السريري،ويأخذ بالعين اعتبارتأثير الامراض اللغوية والنفسية على تعلم اللغوي واكتساب اللغة لدى الطفل،وأن تللك الفضاء الذي حدثت فيه الكوارث الانسانية ،تعتبر الحقل الذي ينمو فيه الاعراض النفسية واللغوية الذي يعاني منه الطفل في كوردستان .



## Abstract

This study about the effects of the genocidal processes. In this regard, the researcher explains effects on the child's mind and child behavior, which are the linguistic and psychological disorders of the child. In the field of linguistic pathology and clinical linguistics, and takes the eye as the impact of language and psychological diseases on language learning and acquisition of language in the child, and that the space in which human disasters occurred, is the field where the symptoms grow Language and language that child suffers from it in Kurdistan.

## لیستی زاراوەكان

| كوردی | عەرەبی | ئینگلیزی |
|---|---|---|
| زیادكردن | الاظافة | Addition |
| منجه منجكردن | المجمجة | Anarthia |
| زمان گیران/ئه فازیا | الحبسة | Aphasia |
| ناوچەی برۆكا | منطقة بروكا | Brocas area |
| زانستی زمانی كلینیكی | علم اللغة السريري | Clinical linguistice |
| بیركردنەوە لە مردن | تفكير في الموت | Death imprint |
| تێكدان | التحريف | Distoration |
| فف –قسه كردن | الفأفأة | Dysgrammatism |
| جەقبەستنی باری سۆزداری | التثبيت النفعالي | Emotional enmeshment |
| نامۆ بوون | شعور بالغربة | Estrangement |
| تاوان | الذنب | Guilt |
| زانستی نەخۆشییە زمانییەكان | علم الامراض اللغوية | Languge bathalogy |
| گرانی زمانی | الصعوبة اللغوية | Languge defict |
| تێكچوونی زمانی | الاظطرابات اللغوية | Languge disorder |
| خاوەن پێداویستی زمانی | ذوي الاحتيلجات اللغوية | Languge handi capped |
| خێرا قسه كردن | السرعة في الكلام | Logorrhea |
| لابردن | حذف | Omission |
| تێكچوونی دەروونی دوای رووداوە شۆك ئامێزەكان | الاظطرابات مابعد الاحداث الصدمية | Ptsd |
| دووبارەكردنەوەی بیرۆكەكان | تكرار الافكار | Repetitive Ideation |
| تێكچوونی ئاخاوتن | الاظطرابات الكلامية | Speech disoder |
| سەرزمانگرتن | الثأثأة | Stigmation |
| تەتەڵەی زمانی | التأتأة | Stuttering |
| لە بریەكدانان | الابدال | Substitution |
| تێكچوونی دەنگی | الاظطرابات الصوتية | Voice disorder |
| ناوچەی فرنیكا | منطقة فرنيكا | Wernicks zone |

### سەرچاوەكان

1-كتێب:

1-1)بەكوردی:

1-عەبدولواحید موشیر دزەیی،زمانەوانی دەروونی ،بەرێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان،هەولێر،چ1،2014.

**2-1)بەعەرەبی:**

2-ابراهيم عبداللة الزريقات،اظطرابات الكلام واللغة والتشخيص والعلاج ،دارالفكر ،الاردن،2005.
3-احمد نايل الغرير ،احمد عبد اللطيف ابو اسعد،اديب عبداللة النواسية،النمو اللغوي عالم الكتاب الجديد،عمان،ط1،عمان،2009.
4-حارث عبد الحميد حسن،الاظطراب مابعد الصدمية عند الاطفال-المراهقين-الكبار،وزارة التعليم العالي والبحث العلمي،2004.
5-عبد الوهاب كامل،علم النفس الفسيولوجي،دار الكتب الجامعية الحديثة ،القاهرة،1991.
6-غسان يعقوب ،سيكولوجيا الحروب والكوارث ودور العلاج النفسي(اظطراب الظغوط مابعد الصدمة)،دارالفارابي ،لبنان ،بيروت،ط1999،1.
7-فرديناندي سوسير،علم اللغة العام ،بيت الموصل،العراق،1984.
8-فيصل الزراد،اللغة واظطراب النطق والكلام،دار المريخ للنشر،السعودية،1990.
9-مجموعة الباحثين ،الحروب والكوارث وآثارها على اوضاع الطفل العربي ،دار النشربالمركز العربية للدراسات الأمنيةوالتدريب بالرياض،1989.
10-مصطفى فهمي ،امراض الكلام ،دار مصرللطباعة،القاهرة،1976.

**3-1)به ئينگليزى**

11-Van Ripper ,speech correction,An Introduction to speech pat hology and Auditor ,on Emerick, prentice hall ,1997.
12-Miller,G-A,Languge and communication ,m,Gras hill,hall book,co,INC U,S,A.

**2-بلاّوكراوه**

13-بلقيس عبد حسين، اضطرابات ما بعد الضغوط الصدمية وعلاقته بالقلق بالقلق الاجتماعي ،مجلة الفتح،عدد(55)،2013.
14-حمود الفهد القشعان،معالجة الصدمات النفسية اثناء الكوارث،الحلقة العلمية ،مكتبة الانماء في دولة كويت لمواجهة الصدمات النفسية،الرياض،2009.
15-سامية عرعار،اكرام هاشمي ،اضطرابات اللغة والتواصل(التشخيص والعلاج)،مجلة العلوم الانسانية والاجتماعية ،الجزائر،عدد(24)،2016.
16-شاكر مبدرجاسم،اشواق سامي لموزة ،الضغوط الصدمية وعلاقتها بالتحصيل الدراسي لدى تلاميذة الصف الخامس الابتدائي ،مجلة البحوث التربوية والنفسية ،عدد(19)،2000.
17-عبد عساف،وائل ابو الحسن،آثارالضغوط الصدمية المترتبةعلى فعل الاجتياحات العسكرية الاسرائلية،دراسة حالة ،مجلة جامعة الازهر-غزة ،سلسلة العلوم الانسانية،المجلد 9،عدد(1)،2007.
18-صادق يوسف الدباس،الاضطرابات اللغوية وعلاجها،مجلة جامعة القدس المفتوحة للابحاث والدراسات،عدد(29)،2013.
19-قاسم حسين صالح،اضطراب مابعد الضغوط الصدمية،مجلة الثقافة النفسية،مجلد (13)،عدد(49)،2008.
20-يسن عطوف،نوعية ونماذج الافيزيا،مجلة اصدقاء المعاقين،عدد(277)،2000.

http://garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.80

# جینۆسایدی هەڵەبجە
# تابلۆیەک بە خامەی شاعیرانی کورد

د. ناز ئەحمەد سەعید
پەیمانگای ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی
nazkurdy@yahoo.com

م.ی.صدیق اورحمان علی
پەروەردەی دوکان
Sdiq.talani@yahoo.com

## پوختەی توێژینەوەکە

گەلی کورد لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە و بەدیاری کراوی دوای پێکەوە لکانی ویلایەتی موصڵ بەم وڵاتەوە بەشێوەو هەنگاوی جۆراوجۆر جینۆسایدی بەرامبەر کراوە،بەڵام تائێستا بەشێوەیەکی زانستی و وەکو پێوست باس لەم تاوانە نەکراوە، لەناو ئەم تاوانە یەک لە دوای یەکانەش جینۆسایدی هەڵەبجە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان کە تەواوی مرۆڤایەتی سەرسام کرد، بۆئەم مەبەستە دەمانەوێت لەڕێی ئەم توێژینەوەیەوە لە دەروازەیەکی زانستی ئەدەبییەوە کاریگەری وگەورەیی ئەو تاوان وکارەساتە پیشان بدەین لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا بەگشتی وبەتایبەتی چۆن کاری لەشاعیرانی کورد کردوە؟ چۆن بۆتە ئیلهامی شیعر و وروژاندنی بیروئەندیشەیان؟ چۆن و بە چ جۆرێک وێنەی واقیعی ئەو کارەساتە وێنەی شیعریی خوڵقاندوە؟ دیمەنەکانیان چۆن تەوزیف کردوە؟ تا دواجاریش شیعر دەبێتە ئەو بڵندگۆیەی چاونەترسانە قسەی دڵی هەموان دەکات، لەپاڵ کەناڵەکانی تری گەیاندندا شیعر کاریگەرترینیان دەبێت بۆ بەنەمری هێشتنەوەی ڕووداوەکان و گەیاندنیان بە نەوەی نوێی نیشتیمانەکەمان.

## پێشەکی:

لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە جینۆسایدی گەلی کورد بە شێوە و هەنگاوی جۆراو جۆر دەستی پێکردووە، لە پرۆسەکانی بەعەرەبکردن، ڕاگواستن، گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە، دواتر تاوانەکانی دژ بەکوردانی فەیلی، ئەنفالی بارزانییەکان، تا شاڵاو بەرفراوانی بەدناوی ئەنفال، کیمیابارانی شار و گوندەکانی کوردستان و بەتایبەت کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید.

بۆیە ئێمە ئەم توێژینەوەیەمان تەرخانکردووە بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو کارەساتە لە شیعری شاعیرانی کورددا و جیهانبینی تێڕوانینی ئەوان بۆ کاریگەری و لێکەوتەکانی دوای کارەساتەکە بەو پێیەی ئەدەب و بەتایبەت شیعر یەکێکە لەو هۆکارنەی کە دەتوانێت کاریگەری هەبێت لە

گەیاندنی پەیام و هێشتنەوەی زانیارییەکان بۆ نەوەی نوێ و داهاتوو تا مێژووی ڕووداوەکانی ئەم نیشتیمانە بزانن و لە یادی نەکەن.

## هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

گەورەیی تاوانەکانی جینۆسایدی گەلی کوردە کە دەرهەق بەنەتەوەی کورد کراوە، دەرخستنی ڕۆڵی شیعرە لە چۆنییەتی وێناکردنی ڕووداوەکان نەخشاندنی تابلۆی مەرگەسات و نەهامەتییەکانی نەتەوەیەک، تابتوانین لە ڕێگەی شیعرەوە جارێکی تر حکایەتی مەرگی ئازیزانمان بۆ نەوەی نوێ بگێرینەوە.

## گرفتی توێژینەوەکە

هەر توێژینەوەیەکی زانستی هەوڵدەدات بەرێگای دیاریکردنی کێشەیەکی دیاریکراو لەسەر پرسێکی گرنگ هەنگاوەکانی توێژینەوەکەی دەستپێبکات، ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا دەمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە.

ئایا لە ڕابردوودا توانراوە گەورەیی ئەم ڕووداوانە و دزێوییان بۆ دنیای دەرەوە بخرێتە ڕوو ئایا توانراوە لە ڕێگەی فیلم و هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە نەوەی نوێی پێ ئاشنابکرێت، ئایا دەکرێت شیعر هۆکارێک بێت بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی ئەم کارەساتانە و خستنە ڕوویان بۆ نەوەی نوێ ئایا دەکرێت لە ڕێگەی شیعرەوە جارێکی دی ڕووداوەکان بگێرێنەوە؟

## بایەخی توێژینەوەکە

گومان لەوەدا نییە لە ئێستادا لەهەمووکات زیاتر پێویستمان بەوە هەیە کە ڕووداو و مەینەتییەکانی ڕابردوو بهێنینەوە یادی هەموون تاپێکەوە دەست بەدەستکەوتەکانمانەوە بگرین کە لە سایەی خوێنی شەهیدان و قوربانیدانی پێشمەرگەوە بەدەستمان هێناون، تا زیاتر هەستی نیشتیمانیمان پتەو بێت بایەخی ئازادی و تەبایی و پێکەوەژیان بزانین.

## ئامانجی توێژینەوەکە

خستە ڕووی گۆشەنیگایەکە لە ڕوانگەی شیعرەوە کە چۆن شاعیرانی کورد لە شیعرەکانیناندا تابلۆی تاوانەکانی ڕژێمێکمان بۆ دەکێشن، کە بەچەکی کۆکوژ هاوڵاتیانی بێگوناهی خۆی دەکوژێت و لەناویاندەبات، دواجار شیعر دەبێتە ئەو بڵنگۆیەی کە قسەی دڵی هەموون دەکات.

## ڕێبازی توێژینەوەکە

بۆ ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی شیکاری وەسفییمان گرتۆتەبەر

## پێکهاتەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکەمان جگە لە پیشەکی لە دووبەشی سەرکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم: تایبەتە بە شیکردنەوەی چەمکی جینۆساید و پۆلێنکردنی جۆرەکانی، بەشی دووەمیش جینۆسایدی هەڵەبجە تابلۆیەک بە خامەی شاعیرانی کورد خستنە ڕووی گەورەیی کارەساتەکە و هەستی شاعیرانە بەرامبەر بە کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید، دواتریش چەند ئەنجامێکی بەدەستهاتوو لەم توێژینەوە خراوەتە ڕوو، جگە لە ڕاسپاردە و پێشنیاز. ئەو سەرچاوانەی بەرکار هاتوون لەم توێژینەوەیەدا ڕیزکراون و لە کۆتاییشدا پوختەی توێژینەوەکە بەهەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم/ چەمکی جینۆساید و جۆرەکانی

جینۆساید لەڕووی زمانەوانییەوە (لە دوو وشە پێکهاتووە جینۆ (Geno) بەواتای ڕەگەز یان بنەچە دێت، (Caeders) بەواتای کوشتن و لەناوبردن یان پاکتاوکردن دێت، هەردوو وشەکە پێکەوە بەواتای پاکتاوی ڕەگەزی یان کۆمەڵکوژی دێت).
1

ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لەلایەن شارەزای یاسایی پۆڵەندی (ڕافائیل لیمیکن) (لەمەدرید لە کۆنفرانسێکدا لە ساڵی 1933 بەکارهاتووە و دواتر لە ساڵی 1942 بەنووسین تۆماری کردووە)[2] لەدوای بەر بڵاوی کردەکانی جینۆسایدی گەلان لە دونیادا ئەم زاراوەیە لە لایەن گەلی کەس و دەزگای جۆراو جۆرەوە پێناسەکراوە، جینۆساید (پرۆسەیەکە بۆ لەناوبردنی پێکهاتەیەک کە لەناوچەیەکدا دەژین یان ڕاگواستنیان بە زۆرە ملێ بۆ ناوچەیەکی تر لەگەڵ سڕینەوەی کەلتوری(نەتەوەیی، ئاینی، ئاینزایی) و تێکدانی ئاسەوار و شوێنەوار، ئەم پرۆسەیەش بە بەرنامە ئەنجام دەدرێت)[3] کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە پێناسەی جینۆساید دەکات کە لە پەیماننامەی ژمارە (260) ی خولی ئاسایی سێیەم لە ڕێکەوتی 1948/12/9 لە بەندی دووەمی دا هاتووە (هەرکارێک بەمەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێک لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێت لە ڕووی سیفاتی نەتەوەیی، ڕەگەزی، نیشتیمانی و ئایینی)[4] بۆیە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین چەمکی جینۆساید بریتییە لە قڕکردن و کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی بەهۆکاری ئاینی یان نەتەوەیی یان هەر هۆکارێکی تر.

بەشێوەیەکی گشتی جینۆساید دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە، کە ئێمە جۆرە بڵاوەکانی ئەم ئەم پرۆسەیە بە کورتی دەخەینە ڕوو:

### 1-جینۆسایدی جەستەیی:

ئەم جۆرەیان ئاشکراترین جۆری جینۆسایدە، کە بریتییە (لە کوشتن و لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەو خۆ وەک( گولله بارانکردن، زیندە بەچاڵکردن، شوێنبزرکردن، لەسێدارەدان، بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ...هتد)[5]

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە شاری هەڵبجە لەساڵی 1988 دا و شەهیدکرنی پێنج هەزار مرۆڤی بێگوناە و برینداربوونی دەهەزاری تر نموونەی زەقی ئەم جۆرە تاوانەیە کەتا ئێستاش کاریگەری لەسەر ئەو شارە ماوە.

### 2-جینۆسایدی بایۆلۆژی:

ئەنجامدەرانی ئەم جۆرە تاوانە ڕێگری دەکەن لەگەشەسەندن و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەیەک یان نەتەوەیەک (بەهۆی نەزۆک کردن و لەباربردنی ئافرەت و خەساندنی پیاوان یاخود لە ڕێگای دابڕینی پیاوان لە ژنان، دابڕاندنی ئەندامانی خێزان بۆ ماوەیەکی درێژ لەیەکتری، کەمەرام و نیاز فەوتاندنی وەچەی داهاتووی ئەو نەتەوە یان کۆمەڵەیە)[6] نموونەی زەقی ئەم تاوانەش دەرکردن و ڕاگواستنی کوردانی فەیلی و ئەنفالی نێرینەی بارزانییەکان لە ساڵی 1983 و تاوانەکانی تری شاڵاوی ئەنفال لە ساڵی1988 کە بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامدران و تائێستاش کاریگەریی تاوانەکە هەرماوە. وەک نووسەر و لێکۆڵەر (دلارا ئاند لاوەرا) بۆ ڕوونکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەم جۆرە تاوانە دەڵێت: (منداڵانی فەیلییەکان دەبوونە دوو بەش دایک و باوکیان لە ئێران و خۆیان لە عێراق لای خزم و ناسیاوەکانیان، منداڵی بارزانییەکان لای داپیریان و خوشکەکانیان و دایکیان دەچووە سەرکار، ئەنفال و کیمیا باران منداڵان لە گەڵ دایک و باوکیان لەناوبران)[7]

### 3-جینۆسایدی کلتوری:

بەمەبەستی سڕینەوە و نەهێشتنی سیمای نەتەوەیی و کولتوری پیادە دەکرێت، کە وێرانکردنی ژینگە، جێگە و ڕێگە، شوێنەوارەکان، دێهات)[8] نموونەی ئەم تاوانەش زۆرە کە لەلایەن ڕژیمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقەوە بەرامبەر بە گەلی کورد کراوە لە ڕووخاندنی مزگەوت و کڵێساکان و شوێنەوارە دێرینەکان و گۆڕینی ناوی قوتابخانە و گەڕەک و شار و شارۆچکەکان بۆ ناوی عەرەبی شێواندنی مێژووی گەلی کورد بە هەموو شێوەیەک.

### 4-جینۆسایدی ئابوری:

جۆرێکی تری جینۆسایدە کە لە ڕێگەی ڕیشەکێشکردنی سەچاوە ئابورییەکانی ئەو نەتەوەیەوە دەبێت و دواجار دەبێتە هۆی برسیکردنی واتە بریتییە لە (برسی کردنی دانیشتوان لە ڕێگەی

تەختكردنی كێڵگە كشتوكاڵییەكان و لەناوبردنی سەرچاوە ئاوییەكان و ڕێگری كردن لەكاركردن بۆ بژێوی ژیان)[9] نموونەی ئەم تاوانەش دەركردن و دەستگرتن بەسەرماڵ و سامانی كوردە فەیلییەكان و ئەنفالی بارزانییەكان و شاڵاوەكانی تری ئەنفال و ڕووخاندنی 4500 گوند و دەستبەسەراگرتنی ماڵ و سامانەكانیان، كۆكردنەوەیان لە كۆمەڵگا زۆرەملێ كاندا بەبێ هیچ سەرچاوەیەكی داهات و بژێوی ژیان.

بۆیە جیبەجێكردن و پراكتیزەكردنی هەرجۆرێك لەم جۆرانەی جینۆساید دەبێتە هۆی لەناوبردن و فەتاندنی كۆمەڵێك خەڵك (هەر تاوانبارێك چ ڕاستەوخۆ ئەنجامدەربێت یان پلاندانەربێت یان هاوكاربێت ئەوا بەتاوانكاری جینۆساید دەناسرێت، تێپەڕبوونی ڕۆژگاریش نابێتە هۆی لێخۆشبوون و دەربازبوونیان لەسزا و بەرپرسیارێتی لە یاسا)[10] بەمەبەستی ڕێگری كردن لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانە لەسەرانسەری جیهاندا ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان لە 1946/12/11 بڕیاری ژمارە 96ی دەركرد، سەبارەت بەوەی، كە (جینۆساید تاوانێكە بنەماكانی یاسای نێو دەوڵەتی دەبەزێنێ و دژی ئامانجەكانی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكانە، هەربۆیەش لەلایەن شارستانییەتەكانی جیهانەوە مەحكوم دەكرێت)[11] دواجار ئەمەش كاریگەری هەبوو لە پەیماننامەی تایبەت بەقەدەغەكردنی تاوانی جینۆساید كە پێشتر ئاماژەمان پیكرد، كە ساڵی 1948 لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكانەوە دەرچوو.

مێژووی پەیڕەویكردنی سیاسەتی پاكتاوی ڕەگەزی لەلایەن ڕژێمە یەك لە دوای یەكەكانی حوكمڕانی عێراق لە مێژەوە دەستی پێكردووە بەتایبەت لەوناوچانەی زۆربەی دانیشتوانەكەی كوردبوون لە كەركوك و موسڵ و بەعقوبە كە سەرەتاكەی دەگەڕێتەوە بۆ (دروستبوونی دەوڵەتی عێراق بەتایبەتیش دوای لكاندنی ویلایەتی موسڵ بەم دەوڵەتە لە ساڵی 1925 و دۆزینەوەی نەوت لەكەركوك ساڵی 1926)[12] كە ئامانجیش لێی بەدەستهێنانی دوومەبەستی سەرەكی بووە: (گۆڕینی واقیعی دیمۆگرافی كورد لەناوچە كوردنشینەكان و سڕینەوەی سیمای نیشتیمانی و نەتەوایەتی كورد بووە)[13] ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەم توێژینەوەیەدا بیخەینە ڕوو ڕەنگدانەوەی ئەم بابەتەیە بەتایبەت تاوانی جینۆسایدی هەڵەبجە (كیمیا بارانی هەڵەبجە)یە و ڕەنگدانەوەیەتی لە ئەدەبی كوردیدا، بەو پێیەی جگە لە شوێنەوارە كانی تری ئەم كارەساتە وێرانكەرە، كە تا ئێستا دەبینرێن و كاریگەرییان لەسەر كۆمەڵگا ماوە، شیعر پایەیەكی بەهێزە بۆ بە زیندوو هێشتنەوەی تاوانەكە و سەرلەنوێ خستنەڕووی بۆ بەرچاوی نەوەی نوێ و داهاتوو تا مێژووی خۆیان بزانن و بیریان نەچێتەوە.

**بەشی دووەم/ جینۆسایدی هەڵەبجە تابلۆیەک بەخامەی شاعیرانی کورد:**

بەهۆی ستراتیژیەتی شوێنی جوگرافی پارێزگای هەڵەبجە، کە هاو سنووری ئێرانە و ڕێگایەکی بازرگانییە و مێژووی دوور و درێژی بەرهەڵستی دانیشتوانەکەی لە دژی ستەمی بەعسییەکان نیشانەی خۆڕاگری و لە خۆ بوردەیی دانیشتوانەکەی بووە، هەموو ئەم هۆکارانەش وای لە ڕژێمی بەعسی کرد چاوی زیاتر بخاتە سەردانیشتوانی ئەم شارە، تا سەرەنجام کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەی لێکەوتەوە، بەپێی ڕاپۆرتێکی تایبەت کە پێشکەشی (کۆنفرانسی جینۆساید و تاوانەکانی ڕژێمی عێراق دژی گەلی کورد)[14] کراوە هاتووە:

لە ڕۆژی 1988/3/16 دا ڕژێمی فاشی لەناو چووی صدام حسێن لە کاتژمێر 11ی سەرلەبەیانی بەهۆی فڕۆکە جەنگییەکانەوە کەوتە بۆردومانکردنی ناو شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بەخەستی، ئەم بۆردوومانە بەردەوامی هەبوو تا ئێوارە و لە نێو باراندنی چەکەکانی ناپاڵم و بۆمبی جۆرا و جۆردا چەکی کۆکوژی کیمیایش بەکارهێنرا کە ئاکامەکەی بەم شێوەیە بوو:

1-کوشتنی پێنج هەزار هاوڵاتی بێگوناه.

2-بریندار بوونی زیاتر لە دەهەزار هاوڵاتی.

3-کوشتنی چەندین سەر مەڕ و ماڵات و پەلەوەر.

4-وشککردنی چەندین باخ و باخات و بێستان.

کاردانەوەکانی دوای کارەساتەکە بەم شێوەیە بوون: (لە 24ی ئاداری 1988 ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆست و نیۆیۆرک تایمز بۆ یەکەمجار لاپەڕەی یەکەمیان بۆ ئەو ڕووداوە تەرخانکرد و کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی ئەمریکاش بۆ ماوەی چەند ڕۆژ وێنەی قوربانییەکانیان بڵاو دەکردەوە)[15] هەر لەهەمان ڕۆژدا سکرتێری گشتی نەتەوەیە یەکگرتووەکان (پرێز دکۆئیار ڕایگەیاند بەڵگەی تەواو و حاشا هەڵنەگری بەدەستەوەیە کە عێراق لە هەڵەبجە چەکی کیمیایی بەکارهێناوە، کە ژمارەیەکی زۆر لەوانە خەڵکی سڤیلی بەرکەوتوون و هەر زووش ڕووبەڕووی ڕەخنە بۆوە لەسەر ئەم لێدوانەی)[16] بێگومان هەموو ئەم هەوڵانەش بۆ هێنانی ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنە جیهانییەکان لەڕێگای کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بوو، کە ڕووداوەکەی بە دنیای دەرەوە گەیاند هەر لەمیانی گەیاندنی ئەم کارەساتە بە دنیای دەرەوە بەڕێز مام جەلال لە حوزەیرانی 1988دا سەردانی واشنتۆنی کرد و هەوڵیدا مەسەلەکە بخاتە ڕوو، بەڕێز مام جەلال بە ڕۆژنامەی واشنتۆن تایمزی وت: (بۆ یەکەمجارە لە مێژوودا کە حکومەتێک کیمیایی دژی هاوڵاتیانی خۆی بەکاربهێنێت لەکاتێکدا کە لەبەرەی جەنگدا نەبوون)[17]

بەوپێیەی کە ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانەو جگە لەوەی گەورەیی کارەساتەکە کاریگەری قوولّی لەسەر شاعیرانمان بە جێهێشت هەر سالّێک دوای کارەساتەکە لە دوو توێی کتێبێکدا بەناوی (شیوەنی ئینسانی)[18] بەرهەمی زیاتر لە پەنجا شاعیری کورد کە نزیکەی سێ سەد لاپەڕەیە چاپکراوە, ڕەنگدانەوەی هەستی شاعیرانە بەرانبەر بەکارەساتەکە و بەخامەی پڕ هەست و سۆزیان تابلۆی شارێکی وێرانیان دوای کارەسات بۆ کێشاوین کە ئێمە زۆربەی شیعرەکانمان بۆ توێژینەوەکەمان لێوەرگرتووە لێرەدا بەشێوی چەند تابلۆیەک دەیانخەینە ڕوو:

**تابلۆی شاری هەڵەبجە بەرلەکارەسات ودوای کارەساتەکە:**

شێرکۆبێکەس لە شیعری (یەکەم دەنگ و دوا دەنگ)[19] دا دیمەنی بەرلەکارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجەمان بۆ دەخاتە ڕوو ژیانی ئاسایی ئەو شارەمان بۆ دەنەخشێنێ چ وەک ژینگەی پاک و سروشتی بێدەنگ چ وەک گوزەران و ژیانی ئاسایی دانیشتوانەکەی و دەڵێت:

دەقیقەیەک، نیو دقیقە، چەند چرکەیەک
بەر لە یانزە
ئاسمان وەک گیانی مەولەوی
ساف و ڕوون بوو
لە بژوێنی شارەزوردا
جوانووی بەهار بەکۆڕ ژن بوو ...
خێزانێ بوون دایکە و باوکە و زەڕنەقووتە
چەند چرکەیەک بەر لە یانزە
دایک بێشکەی ڕائەژەن و
ساوا بزەیەک ئەیگرت و
باوک گوێی لە کاسێت ی ئەگرت و
پاڵ کەوتبوو!

دەبینین چ وێنەو تابلۆیەکی شیعریی سەرنجڕاکێشمان پیشان دەدات، کەرەستە بەکارهاتووەکانی ئەو وشانەن کەلەخەیاڵ ودەرونی شاعیردا هەن لە ئەنجامی بینین وبیستن وبەریەککەوتنی لەگەڵ ڕوداوەکاندا بەشێوەی تابلۆیەکی شێوەکارییانە بە وشە دایاندەڕێژێت وتێیدا تێڕوانینی بۆ کارەساتەکە وئەزمونی ئەدەبی دەخاتەڕوو، کۆمەڵێک لێکچواندنی خوڵقاندوە کە وەسفی ئاسمانی وڵات دەکات پێش کیمیابارانەکە بەگیانی مەولەوی دەچوێنێت لەساف وڕونیدا چواندنی بەهاریش وەک ئەسپەکەی ئەحمەدموختار کۆڕژن بوون، شاعیر تابلۆی خێزانێکی کوردمان

پیشان دەدات، هەریەکە سەرقاڵی کارێکن، وەسفی دیوی دەرەوەی وێنەکەدەکات لەپڕ هەموو شتەکان هەڵدەگەڕێنەوە ، وێنەکەش ئاوەژوو دەبێتەوە،هەموو ئەم دیمەنانە لە دوای چەند خوولەکێک و دوای بۆمبی کیمیایی تەواو پێچەوانە بوونەوە و سروشت شێواو ژیان و گوزەرانی هەزاران خێزانی ئەم شارە سوتماک بوو هەموو ئەو شتانەی مانای ژیان و بەردەوامی دەبەخشن بەهۆی چەندگرمەیەک دوکەڵێک وەکو دڵی کوڕی (عۆجە)کە ئاماژەیە بە(صدام) بڵاودەبێتەوە هەوا دەرگای لێ داخرا و مرد،ئاسمان مردو وبەهاریش مرد وێنەی بەکەسکردن دەبینین سیفەتی مردن, کەتایبەتە بەمرۆڤ دراوەتە پاڵ لایەنەکانی سروشت(هەوا ،ئاسمان، بەهار) وەکو مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ دەکات ، دواتر وێنەیەکی شیعریی ترمان بۆ دەکێشێت بەپێچەوانەی چواندنەکەی پێشوو مرۆڤەکان دەبن بە تەن، تەنێکی بێگیان مرۆڤ دەمرێت کەچی شاعیر دەڵێت: هەرسێکیان(دایک وباوک ومناڵە) باوەشیان کرد بەیەکدا وبوون بە پەیکەرێکی بەردی، ئەوەتا شاعیر لە درێژەی خستنە ڕووی تابلۆکەدا دەڵێت:

بوو بە یانزە
گرمەیەک دووان و سیان و
دوکەڵێک وە کو دڵی کوڕی عۆجە
هەوا مردوو
بەهار مردوو
دایکە و باوکە و زەڕنەقووتە
لە یانزەدا
لە ژێر بنمیچی ژوورێکی بێ هەتاوی
هەڵەبجەدا
بوون بە سێ بەردە پەیکەری
باوەش کردوو بەیەکتردا!

**تابلۆی بەهارێکی پێچەوانە:**

ئەگەر وەرزی بەهار وەرزی بووژانەوە و سەوزبوونی دار و درەخت و هاژەی ڕووبار و ئاو و کانی بێت و سرووشت بەرگی نوێ و ئاڵاو واڵا ببۆشێت، ئەوا حەقیقی شاعیر لە دوای کارەساتی هەڵەبجە تابلۆی بەهارێکی پێچەوانەی ڕەوتی سروشتمان بۆ دەکێشێ و ئەم شارە هاوتا دەکات لەگەڵ شاری هێرۆشیما، لە شیعری (بەهاری کوردەواری)[20] دەڵێت:

بەهــارە و کــاتی زیـندوو بــوونەوە و ڕازانــەوەی عــەرزە
بەڵام چەل چەل لە ڕووی حیکمەت قەزا بەر عەکسی مەعنایە

بە بـۆمی شـیمیایی و مـووشەک و ئـەبزاری وێـرانکەر
وڵاتـی نیشـــتیمـانی ئـێمە وێـنەی هێـــرۆ شـــیمایە........

لەچەند دێڕێکی دواتردا بەهار کە هێمای سەرسەوزی وجوانییە  بووبەپاییزی گەڵا ڕێزان نەمامە نوێیەکان نەمان ،مانی یش نەماوە هەتا وێنە ونەخشی ئەوانە بکێشێت ، دەڵێت :

بەهـــارە وەک گـــەڵا ڕێـــزانە تـەرمی نـۆ نەمامانی
نەمـا مـــانی هـــەتـا ڕەسـمی نـەمـامـانی بکێشـایە

هەموو جوانییەکانی شار وڕازاوەییەکانی بەهار پێچەوانە بوونەتەوە ، خۆشی وشادی بوون بەشین وگریان ، تا دەگاتە ئەو ڕادەییەی بە زەلزەلەی ڕۆژی دوایی وەسفی دەکات ودەڵێت : ئەگەر دەتەوێت لە زەلزەلەی ساعەت حاڵی بیت وتێبگەیت  بڕۆ بۆ هەڵەبجە زەلزەلەی خستۆتە دنیاوە ، کە دەڵێت :

ئەگەر پێت خۆشە حاڵی بی لەمانای زەلزەلەی ساعەت
بڕۆ شاری حەڵەبجە زەلزەلەی خستۆتە دنیایە
تەواوی تێکستەشیعرییەکە لەم هێڵکارییەدا ڕوون دەکەینەوە:




### تابلۆی بێدەنگی جیهانی:

شاعیر لە شیعری (پرسە و ساڵ گەردی هەڵەبجە)[21] بە خامەی دەستی تابلۆی بێدەنگی هەموو ئەو لایەن و ناوەند و دەزگا و دەوڵەتانەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە لە ڕووی دەسەڵاتی سیاسی، دیپلۆماسی، ئاینی، مرۆڤایەتییەوە دەبووایە هەڵوێستیان هەبووایە و بەڵام لەوکاتەدا

جگە لە بێدەنگی چیتریان هەڵنەبژارد بۆیە شاعیر یەک بەیەکیان دەخاتە ژێر پرسیار،شاعیر ناترسێت و دێتە دەنگ لە ئاست ئەو بێ دەنگییەی ئەوان دەیچوێنێت بەپرسەیەک کە هەموان ئامادەن و دەبینن کە پرسەیە وشەهید هەیە کەچی کەسیش سەرخۆشی لەخاوەن ماڵ ناکات واتە ناوێرن باس لە تاوانەکە بکەن، و  دەڵێت:

بۆ ساڵێکە
لە پرسەتا دانیشتووم و
کەسێ نییە سەرخۆشیم کا
لە کاتێکا
چی ئاژانس و
گەروو دڕاوی دنیایە پێ ئەزانێ
چەند شەهیدی بێ تاوان لەکۆشتایە

بۆیە شاعیر ڕوو دەکاتە وڵاتی زلهێزی فەرەنسا و لە پای بێدەنگی ئەو وڵاتەدا دەنووسێ:

مەرج وابوو:
کفنی سووری خوێناوی تۆ
بکرێ بە باڵای ،،ئیڤلا،،
هەزارەها دەست و مەچەک
وێنەی شەهیدت هەڵگرێ
لەگەڵ گوڵا

دواتر ڕوو دەکاتە وڵاتی فەلەستین و پێیان دەڵێت: شەڕوشۆڕی نێوان خۆتان ڕاگرن ، ئینجا چاوەڕێی هەڵوێستە لە هەموو شوێنکەوتووانی ئاینە جیاوازەکان داوای کاردانەوەیان لێدەکات نەک بێدەنگی و دەڵێت:

مەرج وابوو:
لەفەلەستین
شەڕی خشت و گوللەباران
ڕابگیرێ
لە سەر سنگی عیسا و مووسا
نوێژی ئیستیقات بۆ بکرێ

شاعیر بەوەوە ناوەستێ ڕاستەوخۆ ڕوو دەکاتە هەردوو ناوەندی ئاینی موسوڵمانان و مەسیەحییەت و سەر سوڕمانی خۆی لەم بێدەنگییەیان نیشان دەدات و دەنووسێ:

مەرج وابوو:
خزمەت گوزاری (حەرەمەین)
دەنگی گەرووی نەخواتەوە
پەردەی ڕەشی تۆخی تاوان
لەڕوو سەددام هەڵباتەوە........
ڤاتیکانیش بەنە بەر بەرد
تاکوو پاپا سەری ئەشکێ و
دان بەم تاوانەدا ئەنێ

بۆیە لێرەدا تەواوی تێکستە شیعرییەکەی شاعیر لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو کە شایەتی ڕووداونی کارەساتێکی وا گەورەبوون و جگە لە بێدەنگی لەو کاتەدا هەڵوێستێکی مرۆڤانەیان نەخستۆتە ڕوو:




**تابلۆی بێدەنگی شوێنکەوتووانی بیر و باوەڕە جیاوازەکان:**

شاعیرانی کورد لە ڕێگای ناو هێنانی پێغەمبەران و فەیلەسوف و کەسایەتییەکانی مێژوو، کە خاوەنی پێگەی بەهێزی گۆڕانکاری بوون لە ڕابردوودا، هەموو ئەمانە دەخاتە ژێر پرسیار و بە شوێنکەوتووانی ئاینە ئاسمانییەکان دەڵێت: کە بۆ بێدەنگن لە ئاست کارەساتێکی ئاوا گەورە

و ویرانکەر، پرسیار دەکات کوا پێغەمبەران (مووسا، عیسا، محەمەد)بەشێوازێکی نوێ تەوزیفی کردون بۆخزمەتی بیرۆکەکەی وناساندنی بەهەموو جیهان ، بەمجۆرە شاعیر دیمەنەکانی بۆ ئێمە تۆمارکردووە لە شیعری (ژیلەمۆی هەڵچوونی مەرگ)[22] دەڵێت:

کوانێ مووسا..؟
بەسەرهاتی شەهید بوونت
لەهەزار و یەک وشەدا
لەکێوی توور بۆ باس کات
کوانێ عیسا...؟...
خاچ لە دوای خاچ
لەسەر دڵی خاچەکەی خۆی
خاچێکی دیش بۆ تۆ بکات.....
کوا محمد..؟
نوێژی شەهید
لەسەر تەرمی ڕەش هەڵگەڕاوی
دەهەزار قوربانی بکات

دواتر شاعیر دێتە باسی کەسایەتییەکانی مێژوو وەک پرسیارێک بۆ شوێنەکەوتووانی بیر و باوەڕییان، ئازادی خوازان بە ترسنۆک و دەبەنگ ونوستوو ناودەبات و بێدەنگیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە دەنووسێ:

کوا ئیفلاتوون...؟
پەڕە، پەڕەی کۆمارەکەی لەچاڵ بنێ و
دەوڵەتەکی بەسەر خۆیا خاپور بکا....
کوانی مارکس...؟
بنەمای دی بۆ ئەم کۆمەڵگای دانێ و
تف لە هاوبیری...
دەبەنگ و ترسنۆک و بوودەڵەکان
کوا ماوتیستۆنگ...؟
جارێکی تر
خەبات دژی تلیاک بکات

تەواوی تێکستە شیعرییەکەی لەم هێڵکارییەدا دەخەینەڕوو بە نیشاندانی ئەوانەی کە شاعیر پێی وایە دەبوایە هەڵوێستیان هەبێت و بێدەنگ بوون، دەبوایە بەئاگابوونایە ونوستبوون ،بۆیە بەزمانی شیعر پێمان دەڵێت ئێمە لەدوای کارەساتێکی گەورە بە تەنها جێماوین.




### تابلۆی بێدەنگی شوێنکەوتووانی ئاینە ئاسمانییەکان:

شاعیر لە ڕێگای ناو هێنانی پەرتووکە ئاسمانییە کانەوە هەموو ئەو کەسانە دەخاتە ژێر پرسیارە کە هەڵگری بیر و باوەڕی ئاینین و بەو پێیەی خاوەنی بیری مرۆڤایەتی و شوێنکەوتەی ڕێبازێکی ئاینی و ئاسمانین و لە پێناو پاراستنی مرۆڤایەتیدا تێدەکۆشن بۆیە (ڕەفیق سابیر) لە کۆمەڵە شیعری (وەرزە بەردینە)[23] دا دەڵێت:

وێنەی ئەم کۆچە لە لاپەڕەی:

قورئان؟

ئینجیل؟

مەسحەف؟

تەورات؟

لەکام پەڕەی زەرد هەڵگەڕاوی مێژوودا

بخوێنمەوە؟

ئەو پەرتووکە ئاسمانییانە بۆ خۆشبەختی مرۆڤایەتی هاتوون ، خزمەت بە مرۆڤ دەکەن و مافی مرۆڤ دەپارێزن، بەڵام کوان هەموو بێ دەنگن ، بێ باکن ، لاڵن لەئاست ئەم کارەی دژ بەمرۆڤایەتی کراوە.

دواتر شاعیرێکی ترمان هەمان تابلۆمان بۆ تەواو دەکات و دەپرسێ؟

کوانێ تەورات؟

کوانێ زەبوور؟

کوانێ ئینجیل؟

کوا قورئانی دوا پێغەمبەر؟

چ داستانێ نغرۆ بوونی

هاو ڕەگەزی وا لێ ئەکات؟...[24]

پوختەی تێکستە شیعرییەکە کە تابلۆی بێدەنگی شوێنکەوتووانی ئایینە ئاسمانییەکانمان بۆ دەنەخشێنێ لەم هێلکارییەدا دەخەینە ڕوو:




**تابلۆی لەناوبردنی کلتور:**

سەرجەم ئەو دیمەنانە لە شیعری کوردیدا بەتۆمارکراوی دەبینین، کە چۆن لە ئەنجامی ئەم تاوانی جینۆسایدەدا کلتوری شارێک و دواجار نەتەوەیەک وێراندەکەن و مەبەستییانە چی شوێنەواری پێکەوەژیان و شارستانییەتە لەناوی بەرن، ئەوان تەنیا ئامانجیان لەناوبردنی

مرۆڤەكان نەبوو، مەبەستیان خاپووركردنی شارێك وسڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیەك ولەگۆڕنانی كلتور و ژیاری گەلێك بوو. (جەوهەر كرمانج) لە شیعرێكیدا دەڵێت:

تەماشاكەن
ئەمە بووكی یەك شەوەیە
خوێن و خەنەی پەنجەكانی
واباوەشیان لەیەك داوە
ئەوە جەستەی منداڵێكی ناو بێشكەیە
بە دەسترازەوە خنكاوە
ئەوەی ئەولاش،
تەرمی لەت لەتی قورئانە
لەناو خوێنی مزگەوتێكی دێرینەدا ڕاكشاوە....[25]

لەتەواوكردنی ئەم تابلۆی وێرانكردنی شار و تێكدانی كلتور و بنەمای پێشكەوتن و شارستانییەتەدا شاعێرێكی ترمان دیوێكی تری ئەم وێرانكارییەمان بۆ دەخاتە ڕوو دەڵێت:

یەكە...یەكە شەقامەكان
دانە...دانە درەختەكان
كووچە و ماڵ و دوكانەكان
قوتابخانە و كارێزەكان
مزگەوت و كانی و ڕێگاكان
ماشێنەكان... دەروازەكان
بە بێ دەنگی خۆیان وتیان:
بەهاری چی ...نەورۆز كامە
لە كوردستان هەر پاییزە
بست بە بستی وڵات زیزە...[26]

**تابلۆی لێكدابڕانی كۆرپە و دایك:**

یەكێك لە ئامانجە نەگریسەكانی جێنۆساید پەرتەوازكردن و هەڵوەشاندنەوەی خێزان و لێكدابڕاندنیانە و بەمەبەستی لەناو بردن و قڕكردن و بەربەست دانان لە زۆربوونیان ، كارەساتەكە سەرتاپای دیمەنی جەرگبڕ وهەست بزوێنە ،بەڵام لەهەموویان كاریگەرتر بە ئازارو بە سوێ تر دیمەنی كۆرپەی بێ دایك ودایكی جەرگ سووتاوە، كە بوونە سەرچاوەی ئیلهامی

شیعریی شاعیران و خولْقاندنی وێنەی شیعریی وبەخشینی شیعرییەت بە دەقەکان، ئەوەتا شاعیرانی کورد لە ڕێی شیعرەکانیانەوە ئەم دیمەنە تراژیدیانەمان بۆ دەگوازنەوەو دەنووسن:

کۆرپەی ون بووی بێ باوک و
برا کوژراو
بزەی دوێنێی سەربەستیت و
کلۆڵی ئەوڕۆی ئۆردوگات
لەپریاسکەی دوا چارەگی
سەدەی بیستا گرێ داوە...[27]

دواتر شاعیر بەردەوام دەبێت و نەفرەت دەکات لە هەموو ئەوانەی بەتەکنیکی چەکی کۆکوژ تاوانی مرۆڤ کوژیان ئەنجامدا و بەڵام نەیانتوانی بەر لە فرمێسک هەنسکی منداڵێکی بێ دایک بگرن و دەڵێت:

نەفرەت لە تەکنیک و بەرەی مرۆڤ کوژ کەن
نەیانتوانی...
بەر بەستی هەنسکی کۆرپەی بێ دایک کەن...[28]

**لەناوبردنی سەرچاوەکانی داهات و گوزەرانی هاوڵاتیان:**

(حەقیقی) شاعیر لە چەند دێڕێکی شیعریی دا ئاماژە بە جۆرێکی تری جینۆساید دەکات لە شاری هەڵەبجەدا، کە ئەویش جینۆسایدی ئابورییە واتە لەپاڵ کوشتن و لەناوبردن و ئاوارەیی سەرجەم سەرچاوەکانی دارایی وبژێوی ژیانیان دەبرێت، باغ سوتان وپیس بوونی ئاو و ژەهراوی بوونی خاک و..هتد ،کەبێگومان نەک تەنیا بۆ ئەو کاتە بەڵکو کاریگەری وزیانی ئەو ژەهرە تا چەندین ساڵ ماوەتەوە ، شاعیر دەڵێت:

دێهاتی لێ ڕماندن، باغی سوتاند، ئاوی خنکاندن
بە سووتان و ڕمان بەرجە بە خنکانوو دەکا کایە
دەبێ کێ بێ ڕەز و کۆخی نە سووتابێ و نە ڕووخابێ
چ کوردێ بوو ئەوەی زیندان و تەبعیدی نەدیبایە...[29]

**تابلۆی خستنە رووی جۆری چەکی کیمیایی:**

شاعیران لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە جۆری ئەو چەکە کۆ کوژانەمان بۆ دیاری دەکەن کە ڕژێمی بەعسی دڕندە بەرامبەر بە خەڵکی بێتاوانی هەڵەبجەیان بەکار هێناوە بەمەبەستی

جینۆسایدکردنیان ، هەروەها وەک وێنەگرێکیش وەسفێکی فۆتۆگرافی ئەو سات وکاتەمان بۆ دەکەن .شاعیر دەڵێت:

هەورێکی قورس و بارگران
ئاسمانی شاری داگیرکرد
لێزمەی خەردەل
کڕێوەی سیانید
باڵای شاریان بە باوەش گرت...[30]

شاعیران لە زۆربەی شیعرەکانیاندا ئاماژە بە بەکارهێنانی جۆری چەکە کۆکوژەکانی ئەوکات دەکەن وەک: سیانید، خەردەل، فورجین،...هتد
شاری ژێر بۆمبای
بارانی زەرد
سیا نووژک
خەردەل، فۆرجین
شاری کیژۆڵانی قژ زەرد...[31]

**تابلۆی هەستانەوە و بەرخودان:**

دوای خستنە ڕووی سەرجەم ئەو تابلۆیانەی کە چۆنیەتی هەنگاوەکانی جینۆسایدی شارێک و گەلێکمان تێدا خستە ڕوو بەخامەی شاعیرانی کورد، بەڵام دواجار شاعیران نا ئومێد نابن و شیعر پەیامی ڕاستەقینەی خۆی دەگەیەنێت، کە پەیامی بەردەوامی و خەبات و تێکۆشانە بۆ هێنانەدی ئازادی و پشتگیری بەرخودانی پیرۆزی پێشمەرگە و دەڵێن:

کۆرپەی ساوامان لە بێشکەی مەرگا
فێردەبێ بڵێ: بژی پێشمەرگە
یان لە سەنگەرا، یان بن سێدارە
هیوای ئازادی کوردمان لێ دیارە...[32]

ئەم ئومێدی ئایندەیە ئەم هیوای کۆڵنەدانە لای شاعیرانی ئێمە هیوا دەبەخشنە داهاتووی گەلێک و پێمان دەڵێن: خەونی لەناو بردنی نەتەوەیەک مەحاڵە و نایەتە دی، پێمان دەڵێن: ئەگەر گوڵێک وەری هەزاران خونچە دەپشکوێت ، مەلی خۆزگە و ئاواتەکان زۆر بەرز دەفڕن، هەوڵ و خەونەکانمان بێ سنوورن، بۆیە شاعیر (ک.د.ئازاد) دەڵێت:

هەتا گوڵێک پەڕ پەڕ دەبێ
دەیان غونچە دەپشکوێ
هەتا دارێک ڕادەنێشێ
دارستانێک لە نوێ دەڕوێ
کە دەهەزار
کوردی شاری هەڵەبجەشم
بەکیمیایی خنکێندرا
سەدان هەزار منالّی کورد
لە کوردستان هاتە دنیا...[33]

دواجار لە دوای هەموو ئەم تاوانانەی دەرهەق بە شارێکی زیندوو کرا، هەڵەبجە لە پەیامی ئاشتیخوازی و کرۆکی پێکەوە ژیان دوورناکەوێتەوە و دەبێتە تۆوی ئاشتی هەروەک چۆن لە ئێستاشدا بە پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە شاعیری خامە ڕەنگینی کورد نزیکەی بیست ساڵ بەر لەئێستا لە کاتێکدا داگیر کەران خەونیان بە لەناوبردنی نەتەوەی کوردەوە دەبینی ئاماژەی بە ئاشتی خوازی ئەم شارە کردووە و دەڵێت:

هەڵەبجە تۆوی ئاشتییە
هەتا لەخاک نغرۆ بکرێ
ڕەگ و ڕیشەی قوڵتر دەبێ
لە بەهاری ئایندەدا
پتر گوڵ و چرۆ دەگرێ...[34]

**ئەنجام:**

لەم توێژینەوەیەماندا بەم ئەنجامانەی لای خوارەوە گەیشتین:

1-شاعیرانی کورد لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە زۆر بەوردی هەنگاوەکانی جینۆسایدی هەڵەبجەیان بۆ تۆمارکردووین، بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ کردوە،بۆتە ئیلهامی شیعر و سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنەی شیعرییان، جیا لە جینۆ سایدی جەستەیی ئاماژەیان بە جۆرەکانی تری جینۆساید کردووە وەک: بایۆلۆژی، کلتوری، ئابوری.

2- دەکرێ شیعر ببێت بەو پردەی کە ڕووداوە تراژیدیەکانی گەلەکەمانی لێوە بگوازینەوە و بە نەوەی نوێی ئاشنابکەین تا ڕابردووی نەتەوەکەیان بزانن.

3-ئەوەی کەناڵەکانی تری گەیاندن نەیاتوانیوە یان نەیان ویستوە دەنگی مەزڵومی گەلی کورد بەدنیا بگەیەنن ئەوا شیعری کوردی ئەو بۆشاییەی پڕکردۆتەوە، پەنجەی خستۆتە سەر بێ هەڵوێستی هەموو ئەوانەی کە دەبوو لەم کارەساتەدا هەڵوێستی ڕوونیان هەبووایە.

4-بۆ گێڕانەوە و بە زیندوو هێشتنەوەی ئەم جۆرە تاوانانە لە یادەوەری هەمووماندا شیعر کاریگەرترینیانە، کە دەتوانی سۆز و هەستی خوێنەر بجوڵێنێ و زانیارییەکانی باشتر پێبگەیەنێ.

## پێشنیاز:

پیشنیاز دەکەین لە پرۆگرامەکانی خوێندندا لە پاڵ خوێندنی مەبەستە شیعرییەکانی (دڵداری، وەسف، لاوانەوە، سروشت....هتد) بابەتی شیعری جینۆسایدی گەلی کورد لە تاوانەکانی (ئەنفال، ئەنفالی بارزانییەکان، کیمیا بارانی هەڵەبجە...هتد) وەک مەبەستێکی نوێی شیعری بخوێنرێت، تا خوێندکاری کورد لە ڕێگەی شیعرەوە بەم ڕووداوانە ئاشنا بکرێت، نەک گێڕانەوەیەکی وشکی مێژوویی.

## سەرچاوەکان:-------------------------


[1]-چنار سعد عبدالله(د): بابەتی جینۆساید وەک میتۆدی خوێندن لە سیستمی پەروەردەی کوردستان، توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنفرانسی پرۆگرامەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2016.

[2]- تەنیا: شیوەنی ئینسانی بۆ شەهیدانی هەڵەبجە، چاپی یەکەم، ئورمییە، 1368هەتاوی.

[3]- ڕێکاری مزویری: جینوسایدکرنا کوردان ب دیتنا بیانییان، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولیر،2013.

[4]-ڕەفیق سابیر: دیوانی ڕەفیق سابیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، بڵاوکراوەی ناوەندی غەزەلنووس، تاران، 2014.

[5]-سهیل خورشید عزیز: پرۆسەکانی پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچەی کفری، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، 2013.

[6]-عەباس حەقیقی: کۆلکە زێڕینە، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، ورمیە، 1374هەتاوی، ورمیە.

[7]- محمد ڕەوف: ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی،2005.

[8]-وریا ڕەحمانی: هەڵەبجە و ئەنفال لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، چاپی یەکەم، ژاپخانی ڕۆشنبیری، هەولێر،2013.

[9]- ویسی ساڵح محمدامین و نووسەرانی تر: جینۆسایدی گەلی کوردستان،چاپی یەکەم، چاپخانەی جیم ئۆفسێت، تورکیا،2013.

10 - یوسف دزەیی: ئەنفال کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2001.

11-یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان: جینۆساید و تاوانەکانی ڕژێمی عێراق دژ بەگەلی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، 2011، هەولێر.

## پەراوێزەکان:

[1]-چنار سعد عبدالله(د): بابەتی جینۆساید وەک میتۆدی خوێندن لە سیستمی پەروەردەی کوردستان، توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنفرانسی پڕۆگرامەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2016، ل14.

[2]-ویسی سالح محمدامین و نووسەرانی تر: جینۆسایدی گەلی کوردستان،چاپی یەکەم، چاپخانەی جیم ئۆفسێت، تورکیا،2013، ل89.

[3]-سهیل خورشید عزیز: پرۆسەکانی پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچەی کفری، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، 2013،ل13.

[4]-یوسف دزەیی: ئەنفال کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2001، ل40.

[5]- ویسی سالح محمدامین و نووسەرانی تر: جینۆسایدی گەلی کوردستان،چاپی یەکەم، چاپخانەی جیم ئۆفسێت، تورکیا،2013، ل89.

[6]- یوسف دزەیی: ئەنفال کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2001، ل44.

[7]-ڕێکاری مزویری: جینوسایدکرنا کوردان ب دیتنا بیانییان، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولیر،2013، ل 82.

[8]-محمد ڕەوف: ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی،2005، ل35

[9]- ویسی سالح محمدامین و نووسەرانی تر: جینۆسایدی گەلی کوردستان،چاپی یەکەم، چاپخانەی جیم ئۆفسێت، تورکیا،2013، ل92.

[10]- محمد ڕەوف: ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی،2005، ل36.

[11]- یوسف دزەیی: ئەنفال کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2001، ل39.

[12]-یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان: جینۆساید و تاوانەکانی ڕژێمی عێراق دژ بەگەلی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، 2011، هەولێر، ل91.

[13]-هەر ئەو سەرچاوەیە:ل 91.

[14]- هەر ئەو سەرچاوەیە:ل 72.

[15]-وریا ڕەحمانی: هەڵەبجە و ئەنفال لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، چاپی یەکەم، ژاپخانی ڕۆشنبیری، هەولێر،2013،ل12.

[16]- هەر ئەو سەرچاوەیە:ل 13.

[17]- هەر ئەو سەرچاوەیە:ل 16.

[18]-تەنیا: شیوەنی ئینسانی بۆ شەهیدانی هەڵەبجە، چاپی یەکەم، ئورمییە، 1368هەتاوی.

[19]- هەر ئەو سەرچاوەیە:ل 8.

[20]-عەباس حەقیقی: کۆلکە زێڕینە، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، ورمیە، 1374هەتاوی، ورمیە،ل24.
[21]- تەنیا: شیوەنی ئینسانی بۆ شەهیدانی هەڵەبجە، ل 158.
[22]- هەر ئەو سەرچاوەیە:ل 184.
[23]-ڕەفیق سابیر: دیوانی ڕەفیق سابیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، بڵاوکراوەی ناوەندی غەزەلنووس، تاران، 2014، ل 559.
[24]- تەنیا: شیوەنی ئینسانی بۆ شەهیدانی هەڵەبجە، ل 186.
[25]- هەر ئەو سەرچاوەیە:ل 48.
[26]- هەر ئەو سەرچاوەیە:ل 22.
[27]- هەر ئەو سەرچاوەیە:ل 182.
[28]- هەر ئەو سەرچاوەیە:ل 183.
[29]- عەباس حەقیقی: کۆلکە زێڕینە، ل 26.
[30]-تەنیا: شیوەنی ئینسانی بۆ شەهیدانی هەڵەبجە، ل 136.
[31]- هەر ئەو سەرچاوەیە:ل 227.
[32]- هەر ئەو سەرچاوەیە:ل 75.
[33]- هەر ئەو سەرچاوەیە:ل 77.
[34]- هەر ئەو سەرچاوەیە:ل 50.

## جينوسايد حلبجة لوحة بقلم شعراء الكرد

**د. ناز احمد سعيد** **م.ى. صديق اورحمان على**

قد تم تطبيق (الآبادة) جينوسايد على الكرد منذ بداية تأسيس دولة العراق لاسيما بعد التحاق ولاية الموصل بالعراق،بأشكال وخطوط مدبرة ومرسومة لها سابقا من قبل أعداء الكرد، ولكن لحد الان وبشكل علمي لم تذكر هذه الجريمة ,ومن ضمن سلسلة الجرائم هي جريمة جينوسايد حلبجة، وهي من الجرائم الكبرى التي اذهلت العالم، ولهذا الغرض نريد عرض حجم وتأثير هذه الجريمة من جانب علمي ادبي في الادب الكردي بشكل عام وبالأخص كيف تأثرت على شعراء الكرد؟ وكيف الهمهم فن الشعر وحرک عواطفهم؟ كيف وبأي طريقة خلقت من هذه الصورة الواقعية المأساوية صورة فنية شعرية رائعة؟ كيف وظفوا الاحداث و المناظر؟وفى النهاية اصبح الشعر تتكلم نيابة عن قلوبنامع القنوات الإعلامية الأخرى,وسيظل الشعر أقوى مؤثر لابقاء هذه الاحداث حية وايصالها للاجيال القادمة في وطنناالعزيز.

# Halabja Genocide
# A portrait by Kurdish Poets pen

**Dr. Naz Ahmed Saed** **Sdiq Aurahman Ali**

## Abstract

In the beginning of foundation of Iraqi country; especially, after linking Mosul state to this country, Kurdish nation faced to various kinds of genocide; but, till now there is no an academic talk about these crimes. Among these subsequent crimes, Halabja genocide is one of the biggest crime which shocked humanity. For this purpose, via this research we want to show impacts and traces of this crime and event in Kurdish literature in general, and in particular, how reflex on Kurdish poet's sensation? How it makes source of revelation and inspiration of their poems? How does real picture of this event create and visualize poetry sensation? How do they describe scenes of the event? Finally, poem is being the platform which says what is inside of consciousness of all, and poem is being the most important channel among communication channels to keep this genocide in our memory and convey it to coming generations.

http://garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.81

# نادادپەروەری میدیا لە ڕوماڵی مافی قوربانیانی ئەنفالدا

عومەر محەمەد

## پێشەکی

پەیمانی لۆزان مافی کوردی دابین نەکرد، بەڵکو بووە مایەی کێشەی قوڵ بۆ کورد و ئەو دەوڵەتانەش کە کوردستانیان خرایەسەر، دەوڵەتەکان لە سۆنگەی دیدی رەگەزپەرستانەیانەوە هەمیشە کێشەکەیان وەک کێشەی کورد بینیوە، نەک هی وڵاتەکانی خۆیان ! بۆیە تا دێت قەیرانەکان قوڵ دەبنەوەو سنوری ناوخۆ دەبەزێنن،مەترسیدارترین دەرئەنجامی ئەو کێشەیەو بەدبینی جەنگی خوێناوی نێوان ئێران وعێراق بوو، کە ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ و شکستی بزوتنەوە چەکداریەکەی کورد، ناوەرۆکی رێکەوتنەکە بریتی بوو لەوەی ئێران چیدی پشتیوانی مەلامستەفا نەکاو لەبەرانبەریشدا عێراق دەست لە نیوەی دورگەی عەرەب هەڵگرێ، بەڵام کێشەکە نەبرایەوەو سەری کێشا بۆجەنگێکی درێژخایەن.

ڕاستە لە میانەی جەنگەکەدا هێزە ئۆپزسیونەکانی کوردی عێراق بوونە هاوپەیمانی ئێران و کوردستانی باشوریش، بووە مەیدانی جەنگی هەردوو وڵات، بەڵام ئەوە نابێتە پاساو بۆ عێراق لە ناو تەپ وتۆزی جەنگدا شاری هەڵەبجەی گاز بارانکردو خەیاڵی لە مێژینەی (جینۆسایدی کورد) بەتۆمەتی بەکرێگیراوی ئێرانی لە تاوانی ئەنفالدا جێبەجێ کرد، ئەنفال وهەڵەبجە تاوانی سەدەی بیستەم بوون، بەڵام سەدەیەکی تریش کاریگەرییە سیاسی وکۆمەڵایەتی و دەرونیەکانی بەزەقی دەمێننەوە،لەو تاوانەدا میدیای بەعس ڕۆڵێکی فاشیانەی لە هاندانی جەلادو ڕەشکردنی قوربانیدا بینی و سوپای عێراق بە پشتیوانی گاز، جەنگی بردەوە، بەڵام ئەخلاقی دۆڕاند.! دەبوو ئەمە لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ ەوە ببێتە پەند بۆ میدیای کوردی. چونکە ئەرکی میدیای دوای جەنگ، پشتیوانی کردنی بەعەدالەتی ئینتیقالی و رێکخستنەوەی وڵات و گەرانەوەی شکۆیە بۆ دادگاکان بەمەبەستی دادگایی کردنی تاوانباران، هەتا وەک ئامرازێکی کاریگەر ڕۆڵی هەبێت لەهەستانەوەو بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەو گەرانەوەی شکۆ بۆ هاوڵاتیان . بەڵام ئەفسوس نەک ئەوەی نەکرد بەڵکو زۆرجار هەتا ئاستێکی مەترسیدار پێچەوانە جوڵاوەتەوە .

## ئامانج

ئامانجی ئەم بابەتە ئامارو چۆنێتی کۆمەڵکوژیەکە نی یە، بەڵکو ڕۆڵی میدیای پاش جەنگ و چیرۆکی قوربانیەکانە کە ئێستاش حکومەت و کۆمەڵگە پێوەی گیرۆدەن، تیشک

خستنە سەر ڕۆڵی خراپی میدیاو نا دادپەروەری وبێباکی لە روماڵدا. هەتا میدیا ئەرکی گەرانەوەی شکۆی قوربانی لەئەستۆ بنێت و چیدی دەست وپێ سپی نەمێنێتەوەو بە نەشارەزایی روماڵ نەکات. چونکە حیکمەتی میدیای دوای جەنگ لەوەدایە، ئومێد بەخشبێ و قوربانی لەناو تراژیدیادا نەهێڵێتەوەو هەڵیستێنێتەوە سەرپێ.

### چەند نمونەیەک لە تایتڵی ڕۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕەکان .

بەڵام میدیای کوشندە تاوانی گەورەی جینۆساید لە ناموسی کەسەکاندا کورت دەکاتەوەو قارەمانەکان و شایەتحاڵە زیرەکەکان فەرامۆش دەکاو، شاشەکان پردەکات لە وێنەی ترسناک و ئێسکەکانی ناوگۆری بەکۆمەڵ بەمەش منداڵان دەتۆقێنێ . مانشیت وهەواڵی تەمومژاوی لە پێناوی فرۆشتندا بڵاودەکاتەوەو بێباکە لە بێ ئومێد بوونی خەڵک . باسەرنج بدەینە چەند تایتڵێکی میدیایی :

1. ژنانی کورد لە مەلهاکانی مصرن ! رۆژنامەی میدیا ژمارە (٢٧٩)
2. قێزم لەو کەسانە دەبێتەوە کەکار بۆ دۆسێی ئەنفال دەکەن ماڵپەڕی ئاوێنە رۆژی جاشەکان لە دادگا نێودەوڵەتیەکان دەدرێنە دادگا ! ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٤٥٠) رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٠ (لەکاتێکدا هەموو کەسێکی شارەزا لەیاسا دەزانێت ئەمە درۆیەکی گەورەیە لەگەڵ خوێنەردا دەکرێت چونکە دادگای نێودەوڵەتی بۆ دادگایی کردنی جاش دانەمەزراوە بەڵکولە دۆسێی نێوان وڵاتان دەکۆڵێتەوە).
3. شایەتحاڵەکانی ئەنفال لەدادگای باڵای تاوانەکان لاوازن و نازانن قسە بکەن ! ڕۆژنامەی هەواڵ ٢٣٧ ٢٩ی ئاب ٢٠٠٦ . هەروەها رادیو نەوا ٣٠ ئابی ٢٠٠٦ .
4. منیان نەبرد بەڵام ژنێکی دەمخواریان بردووە بۆ دادگا، نازانێ قسە بکات (ڕادیۆنەوا– ٢٠٠٦/٨/٣٠)

### میدیا وەک مینبەرێک بۆ بازرگانی وساختەکارانی دۆسێی ئەنفال

میدیا بووەتە مینبەریبازرگان و ساختەکاران، کە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا سڵ لەهیچ ناکەنەوە. بێگومان هیچ دەزگایەکی میدیایی نیە هەڵەی پێدا تێنەپەڕێ بەڵام میدیای کوردی لەدوای دەرکەوتنی راستیش ئامادەی پۆزش هێنانەوەنییە.

### دوو چیرۆک بۆ نمونە باس دەکەین :

**(١)**

**رۆژنامەنوس فەرمان عەلی :** چیرۆکێکی ساختەی لەبارەی ١٨ کچە ئەنفالکراوەکەوە داتاشی و هەفەنامەی میدیا ژمارە (٢٦٧) بە مانشێتێکی گەورەو کەرامەت شکێن بلاوی کردووەتەوە .

**(٢)**

**روشدی سەعید جاف** خاوەنی کۆمپانیای عادل ئەلموتەحیدە، لە هەڵای راگەیاندن ودرامای نیران صدیقەی کەناڵی ( CBC)ی قۆستەوەو هەوڵیدا بازرگانی بە دۆسێی (١٨) کچ و ژنی ئەنفالکراوی کوردەوە بکات، چەند گرتەیەکی ڤیدۆیی ساختەکردو دوای گرێبەستی نێوانیان پیشانی وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوانی دا، بەڵام سەرئەنجام دەرکەوت راست نیە .

بەداخەوە نەمیدیا پۆزشی هێنایەوەو نە حکومەتلێپرسینەوەیان لەم بێرێزیە کرد، هەڵبەت لە ناو میدیای کوردیدا نمونەی تر زۆرن، کە لە پێناوی پارەو ناوبانگدا چیرۆکی بێ بنەمایان بڵاوکردووەتەوەو گورزی کوشندەیان لە دۆسێکەو مافی قوربانیەکان داوە.

**فەرامۆشکردنی قارەمانەکان**

(حاجی ڕەحمانی نارنجەڵە) جوتیارێکی گوندی نارجەڵەی ناوچەی هەورامانە ساڵی ١٩٧٦ راگوێزران بۆ ناحێی سیروان لە ١٩٨٨/٣/١٦ هەموو خانەوادەکەی بەرچەکی کیمیایی کەوتن و برینداربوون، تەنانەت زۆربەی منداڵەکانی بیناییان لەدەستدا، لەوکاتەدا کە سوپای عێراق شکستی هێنا، سەربازێکی عیراقی بەناوی (خالید عبدالکریم علوان) چەکەکەی فڕێداو خۆی بەماڵی حاجی رەحماندا کردو (خاتر الله خاترالله) داوای هاوکاری لێکرد حاجی نەک بیری لە تۆڵەکردنەوە نەکردەوە بەڵکو دەستیک جلی کوردی لەبەرکردو کردی بەکوڕی خۆی و لەگەڵ خۆیدا گەیاندیە کەمپەکانی ئێران و دوایی گەڕانەوە بۆ عێراق، ئێستاش خالید لەنەجەف دەژی ئەمە پەندێکی گەورەیە بۆ لێبوردەیی و ئاشتی نێوان نەتەوەکان و ڕەتکردنەوەی بەکردەوەی فاشیزمە ئەم چیرۆکە هەم ڕێزگرتنێکی بەکردەوەی قوربانیەکانمانە و هەم شانازییەکی گەورەیە بۆ هەمووومان. کەچی عەجایەب ! میدیا بایەخی پێنەدا. ؟!

چەند جوانە لە رۆژی ١٦/٣ دا هەموو تەلەفزیونەکان پێکەوە خالید بخەنە سەرشاشەکانیان و چیرۆکی خۆی بگێڕێتەوە. بروانە ئەنفالستان ژمارە ١١

**شێخ حوسێنی هەزارکانی**

شێخ حسێنی هەزارکانی پیاوێکی ناسراوی گەرمیان بوو، خۆی و هەردو ژنەکەی و ١٠ کوروکچی ئەنفالکران، پێش پەلاماری ئەنفال، هەندێک سەرۆک جاش هەوڵیان لەگەڵدا کە گوندەکەی بەجێبهێڵێت و بچێت لەکەلار دابنیشێت بەڵام ئەو داواکەی رەتکردنەوە، کە دەستگیرکران و گەیەنرانە قەڵای قۆرەتوو، هەر ئەو دۆستانەی هەواڵەکەیان گەیاندە عزەت دوری، دوری بۆخۆی چووەتەلای سەدام و داوای ئازادکردنی کردووە، سەدام بروسکەی کردبوو بۆ پێشەوای فیرقەی ٢١ کە شیخ حوسێن ومنداڵەکانی ئازاد بکەن، بەڵام شێخ حوسێن مەرجی هەبوو، گوتبووی هەموو ئەوخەڵکەی لە قەڵای قۆرەتوو گیراون، ئازاد بکرێت، تەنانەت

ئەفسەرەكە پێی گوتبوو ئەوە ئەمری سەرۆک سەدامەو دەبێت ئازادت بکەین و ئێرە بەجێ بهێڵیت، خۆت و هەردو ژنەکەت ومنداڵەکانت سواری سەیارەیەک دەکەم و دەتانبەم بۆکەلار، بەڵام شێخ وتبوی سەدام ئەمری بەئێوە کردووەو منیش ئەمر بەخۆم دەکەم مردن وژیانم لەگەڵ ئەم خەڵکەیە .

ئەوان مەرجەکەیان قبوڵ نەکردو ئەمیش بە بریارەکەی سەدام قایل نەبوو، بۆیە خۆی و هەردووهاوژین ومنداڵەکانی هەمووئەنفالکران . کەچی میدیا ئەم قارەمانەشی فەرامۆش کردووەو ئەگەر باسی بهێننە پێشەوە باسی دیوەخان و تەکیەو دەروێشەکانی دەکەب، نەکهەڵویستە بەرزەکەی.!

لەوە کوشندەتر کەناڵی پڕ بینەری (ڕوداو) لێرەوە چووبوون بۆئەردەن هەتا " شێخ جەعفەر بەرزنجی" تۆمەتباری ئەنفال قسە لە ڕۆڵی ئازایانەو نیشتمانپەروەری ئەم مرۆڤە بەهەڵویستەیان بۆ بکات !

**ناداد پەروەری لە رومانَدا**

لێرەدا گلەیی و قسە بەهادارەکەی عارفی گوندی کلێسە پێویستە، کە لەدیدارێکی نێوانماندا گوتی: ئێمە بەهای چپسی پەتاتەمان نیە، چونکە ساڵی جارێک یادی ئەنفال دەکرێتەوەو تەنها دوو دەقە مافی قسەکردنمان پێدەدەن، بەڵام چپسی پەتاتە هەموو سەری سەعاتێک پێنج دەقە لەسەر شاشەیە.

**چیرۆکی بوخچەکان**

مرییەم وفریا دوو کەنیشکی گوندی تیلەکۆی گەرمیان وئامۆزای یەکترین،بە دابونەریتی کۆمەڵایەتی ژن بە ژنیان پێکراوە. مریەم بۆ ئەنوەرو فریاش بۆ کەریم، بەرلە پەلاماری ئەنفال مەلای گوند لەمایسی ساڵی ١٩٨٧ ڕەوایی بە ڕێکەوتنی دەستگیرانەکانداو شیرینیان خواردەوە. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ بریاری گەمارۆی سەرگوندەکان،لەلایەن نوسینگەی باکوری حزبی بەعسەوە کە هاتوچۆ لەشارەوە بۆگوندو بەپێچەوانەوە قەدەغە بوو.

مریەم ساڵح لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٩ ساڵی ٢٠٠٩ کۆچی دوایی کرد.

فریا سابیر کەریم لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٨.

لەدۆخێکی تەواو ئاڵۆزدا، بە زەحمەتێکی زۆرجلی بووکێنیەکانیان گەیەنرایەوە گوندی تیلەکۆ. باوکی فریا دەڵێت : بەنیاز بووین ئەم (هەفتەنا،ئەوی تر) زەماوەند بکەین"

بەهاری ساڵی ١٩٨٨ تیلەکۆ کەوتە بەرپەلاماری ئەنفال،ئەنوەرو کەریمیش لەگەڵ گوندنشینەکاندا گیران و ئەنفالکران و ئیتر جارێکی ترنەبینرانەوە،(فریاومرییەم) بەرێکەوت ڕزگاریان بوو، ئیدی خەونی دەستگیرانەکان هەرلەدڵاندا مایەوە و هەرگیز نەگەیشتە ئاکام و چیرۆکی بوخچەکەی مریەم درەنگانێک گەیشتەناو میدیای کوردی.

فریاو مریەم كە سالانێكی زۆر چاوەڕوانی دەستگیرانەكانیان بووم. زۆر دڵخۆش بوون بە ڕاپەڕین، بەڵام هەر چاوەڕوانی بوو، ساڵی ٢٠٠٣ كە پەیكەرەكانی دیكتاتۆر روخان جارێكی تر ئومێدیان پەیدابووەوە، بەڵام هەر زوو هەڵدانەوەی گۆڕی بەكۆمەڵ ئومێدەكانی كوشتن و كۆتایی بە چاوەڕوانی هێناو بە دڵشكاوی بوخچەكانیان وا پێچایەوە كە بۆ هەتا ئەبەد نەیكەنەوەو لە دوای ئامۆزاكانیان هاوسەرگیری لەگەڵ كەسی دی نەكەن.

(فریا)یش وەكو (مرییەم) هەتا ساڵی ٢٠٠٦ جلەكانی بوكێنیەكەی وەك یادگارییەكی بەنرخ لەلای خۆی پاراست، بەڵام كاتێك نەخۆشی و هەژاری تەنگی پێیهەڵچنی، ناچار بەشێك لە جلی بوكێنیەكەی بۆخەرجی نەشتەرگەری جەستەی فرۆشت!

یاسای ماف وئیمتیازی كەسوكاری شەهیدان وئەنفالكراوان، هیچ برگەیەكی تێدانیە بۆ مافی كەسانی هاوشێوەی ئەم دوو مرۆڤە. بەڵام میدیا لێی بێئاگایە . گرفت چی یە؟ لەبەرئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیرییان لەدادگادا نیەو مەلایەک پێکی هێناون هیچ ماف وئیمتیازێكی ئەنفالكراوان نایانگرێتەوە.

بەڵام میدیا ناداد پەروەرانە مامەڵەی لەگەڵدا كردوون یەكێكیانی كردووە بەئەستێرەو ئەوی دی فەرامۆش كردووە. كەچی لە چیرۆكدا یەكسانن .

دەرئەنجام :

بە گەرانێكی كەم بەناو میدیادا ( بینراو بیستراو نوسراو) دا دەیان تایتڵ لە ( هەژاری نوسین، كەرامەتشكاندنی ئاگایانەو نائاگایانە، بەقارەمانكردنی جەلادو بێبەهاكردنی قوربانی، بەكەل وپەلكردنی قوربانی و بێ بەهاكردنی ئینسان تا دەگاتە پەلاماردانی فاشیانەی مافی ئەوی دی ) هەموو ئەمانە لە میدیای كوردیدا بە زەقی بەرچاو دەكەون . كەلێرە بەدواوە نمونەیان لە دەخەمە ڕوو، لەم سەرەتایەوە چەند خاڵێك دەكەمە دەروازە :

1. میدیای كوردی ڕۆڵێكی خراپی بینی لە ناساندنی دۆسێی ئەنفالدا، خواستی دادپەروەری لە ئیمتیازو موچەدا كورتكردەوە.
2. لە خستنەروی چیرۆكەكانی ئەنفالدا، هێندەی تێكۆشاوە سۆز بكاتە بنەما بەو ئەندازەیە لە لۆژیكی هەستانەوە دوركەوتووەتەوە، لە جەنگی دژی داعشیشدا نەیتوانی ئەم چەوتی تێگەیشتنەی راستبكاتەوە، بەڵكو بەناراستەوخۆ بووەوە بە مینبەری داعش. بە پێشاندانەوەی قوربانیەكان وەك زەلیلێكی هەمیشەیی و دوبارە پیشاندانەوەی هەمان ئەو وێنانەی داعش بە دیجیتاڵ دەیگرتن و بەمەبەستی جەنگێكی دەرونی وشكستپێهێنان بڵاوی دەكردنەوە، كەچی میدیای كوردی لە تویتەرو تۆری كۆمەڵایەتی فەیسبوكەوە دەیخستەوە سەر شاشەی تیڤیەكان و ڕوپەری ماڵپەرو رۆژنامەو گۆڤارەكان ! بێ ئاگا لەوەی ئەم وێنانە هەتا كەسێك رادەچڵەكێنن بۆ بەرەنگاری سەدكەس بەچۆكدا دەهێنن.

3. لەدروستکردنی یادەوەری دەستەجەمعیدا کەم تەرخەم وبێباک بووە، چونکە ئاستی تێگەیشتنی هەرمیللەتێک بەوەدا دەردەکەوێ کە تاچەند یادەوەری بالاَی کردووە..؟ بەداخەوە خاوەنی مێژوویەکی خوێناوین بەلاَم یادەوەریی سەراسەریمان نیە.
4. میدیای کوردی ڕۆنەچووەتە ناو دۆسێی جینۆسایدەوە،بەڵکو بە خوێنساردی و بێباکییەوە بەلایدا گوزەری کردووە، بۆیە هەرگیز لەوەشی نەپرسیوەتەوە کەوا دۆسێی ئەنفال لەبری دەستکەوتی سەراسەری کراوەتە کەلوپەلو کارتی بەرژەوەندی تایبەتی.
5. میدیای حزبی بۆ بەرژەوەندی حزبومیدیای ئۆپزسیون و ئەهلیش لەدژی دەسەلاَت بەکاریان هێناوە.

## سەرچاوەکان :


1. ماڵپەڕی ئاوێنە ڕۆژی www.awene.com/DirejeyGoshe.aspx?Jimare=827http://
2. ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٤٥٠) ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٠
3. (ماڵپەرو ڕۆژنامەی ئاوێنە، ماڵپەری سبەی، ماڵپەری پێنوسەکان،لڤین)
4. ڕۆژنامەو ماڵپەڕی هەواڵ بەنمونە هاوکات .
5. ڕادیۆ نەوا٣٠ /٢٠٠٦/٨ ( بۆ ماوەی نزیکەی هەفتەیەک ئەم قسەکەرامەتشکێنانەی لێدایەوە)
6. ڕۆژنامەی میدیا ژمارە (٢٧٩) ٢٠٠٦/٤/١٨
7. گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (٧. ٨. ٩. ١١)
8. بروانە ئەنفالستان ژمارە ١١ دیدار لەگەڵ ڕۆژنامە نوس ئەرسەلان رەحمان
9. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٤٠٢١) ڕۆژی ٢٠٠٦/٧/١٦ ل٥
10. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٤٠١٩) ڕۆژی ٢٠٠٦/٧/١٣
11. فیلمی دۆکۆمێنتاری (عەلقەی بوکێنیم) دەرهێنانی محەمەد سەید .

http://garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.82

# کۆمەڵکوژی ئێزیدیەکان و کەوتنی شەنگال

فەرەیدوون سامان

## پێشەکی:

ئێزیدییەکان گروپێکی ئیتنیکی کوردین بە زۆری لە دەڤەرەکانی باشووری کوردستان و بەتایبەتیش لە کاڤاری شەنگال و شێخان، هەروەها ژمارەیەکیشیان لە باکور و رۆژاوای کوردستان، لە ئەرمەنستان و گورجستان دەژین، ژمارەیەکی بەرچاویش ئێستا نیشتەجێی ئەلمانیان، بەگشتی لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەی دانیشتوانیان نزیکەی 650000 کەس دەبێت، تا وەکو رۆژی 3-8-2014 ئێزیدییەکان تاوانی کۆمەڵکوژی شەنگالیان لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامیی ناسراو بە داعشەوە لەهەق ئەنجام نەدرا، بەتەواوی نەدەزانرا تا چەند پەراوێز خراون، توێژینەوە مێژووییەکان لە کۆندا ئاماژە بە (شالاوی 72 کۆمەڵکوژی) جینۆسایدی ئێزیدییەکان دەکەن، کە زۆرینەیان بە هۆکاری ئایینی و ئیتنیکی بووە، ئەم کۆمەڵکوژیانە هۆکاری کارەسات بوون بۆیان، کە دواترینیان لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) کە ئەوانی کردە ئامانج، ساڵی 2007 لە (کۆمەڵگەی سیپا شێخ خدرو گر عوزێر) لە رێگای تەقاندنەوەی تانکێکی بۆمبرێژکراو، بووە هۆی کوشتنی پتر لە 500 کەس و بریندارکردنی ژمارەیەکی زۆر لەوە زێتر، دواجاریش لە مانگی ئابی 2014 تیرۆریستانی داعش هێرشێکی بەرفرەوانیان کردە سەر کاڤاری شنگال (توندوتیژترو خوێناویتر)، کە لە راپۆرتە دیکۆمینتاری ومیدیاییەکان و کۆمیتەکانی مافی مرۆڤ جەخت دەکەنەوە، لەشەوی 3 ی تەباخی 2014 لەگەڵ هاتنی داعش بۆ ناو شنگال، پیاوان و منداڵانی کۆمەڵکوژ کردو بە زیندوویی لەگۆڕە بەکۆمەڵەکاندا ناشتنیانی، ژنان و کچآنیان سەبی کران و بەسەر تیرۆریستەکانیانی خۆیانی دابەشینەوە، هێشتاش هەواڵەکان ئەوە دەسەڵمێنن کە لە بازارەکانی رەقە و موسڵ و مەیادین و ئەلبوکەمال و شەدادی سەودایان پێدەکرێت، لە شارۆچکەی سنونی و کۆمەڵگای خانەسۆرلە شنگال کە زێدی رەسەنی ئێزیدیەکانە و کە ئێستا ژمارەیەک لە کۆچبەرە گەڕاوەکان لەوێ نیشتەجێن هەندیک لەو ژن و کچانە لەدەست رێکخستنی تیرۆریستی داعش هەڵاتوون.

ئێزیدیەکان بەبەرچاوی هەموانەوە تووشی هەڕەشەی قڕبوون و لەناوبردن کرانەوە، بەپلەی یەکەم بەهۆی کوردبوونیان و هۆکاری دووەمیش ئاینەکەیان و هۆکاری سێیەم ستراتیژییەتی ناوچەی جێ نفوزیی ئەوان بوو، کە لە لایەن وڵاتانی هەرێمیەوە جێی بایەخی جیۆپۆلەتیکی خۆی بووە،ئەوان سیمبولێکی دێرین و نوێی قوربانین لەناوچەکەدا، پێویستە

هەموو لایەک بە ڕێزەوە بڕوانێتە ئەو توێژە گرنگەی کوردەواری، بەدڵنیاییەوە پێویستە هەر ئەو ڕۆژەی پەرلەمانی کوردستان کەوتەوە سەرکاری خۆی، پرۆژە بڕیاری تاوانی شەنگال بکاتە بڕیارو ڕۆژی 3-8ی هەموو ساڵێک بەفەرمی بکاتە ڕۆژی جینۆسایدی ئێزیدیەکان.

بەمەبەستی نیشاندانی هاوپشتی وهاوسۆزی لەگەڵ کەسوکاری قوربانیانی ئیزیدی و تەواوی قوربانیانی دەستی دڕندایەتی و چەتەگەریی تیرۆریستانی داعش و هاوکاتیش بۆ دەربڕینی ڕق وناڕەزایەتی بەڕووی ئەو گروپە مرۆڤکوژە و هەل ومەرجێکی خوێناوی کە خوڵقاندوویەتی بەسەر کۆمەلگای کوردستاندا. بۆیەش گەرەکە هەرچی زووتر ئەم تاوانە پرۆتستۆ بکرێت.

**ئێزیدی وەک ئایینێکی ڕەسەنی کوردی:**

جگە لە یارسانەکان، ئێزیدییەکان وەک ئایین، ئاینێکی جیاوازیان هەیە و بە ڕەسەنترین ئایینی دێرینی کوردی دەژمێردرێت، هەرچەندە لەسەرئەو باوەڕەی زۆر چەوساونەتەوە، بەڵام بەردەوام داکۆکیان لەناسنامەی ئایینی خۆیان کردوە، بەگوێرەی شێوازی باوەڕی و پێوانەکانی پەرستن و شوێن و پەرستگاکانیان و شێوازی ژیانیان، بێگومان دەتوانرێ وەک تیرە یان پاشماوەی ئایینی زەردەشتی بەناو بکرێن، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 3000 هەزارساڵ بەر لەئەمڕۆ، زۆرترین هەڕەشەی لەناوچوون لەلایەن هێزە دەسەڵاتدارەکانی ئیسلامەوە لە ئێزیدییەکان کراوە، چ لەسەردەمی زەیدی کوڕی مەعاوییە، تا ئێستاش عەرەب ناوەکەیانی چەواشەکردوە و پێیان دەڵێن"یەزیدی" واتا بە درۆو چەواشەکاری دەیانگەڕێننەوە بۆ یەزیدی کوڕی مەعاوییە، بەڵام بێگومان ئەوە هیچ پەیوەندی بەڕاستیەوە نییە، بەڵکو پارچەیەکە لە پرۆسەی ئاسیملاسیۆن. بەهەمانشێوە ئەوەی بە زەبری چەک نەیتوانیوە لەگەڵیان بکرێت، بەتایبەت لەلایەن تورکە عوسمانییەکان لە 400 ساڵی ئیمپراتۆریەتەکەیان، ئەوا هەوڵیاندا لەڕێگای ریفۆرم گۆڕانکاری لە ئایینی ئێزیدی دروستی بکەن، هاتنی شێخ ئادی، هەمانکات دروست بوونی ریزبەندی و سیستمی هیرارشی لەنێو ئێزیدییەکان" شێخ، میر، فەقیر، مرید، قەوال....هتد" هەروەها دروست کردنی پەرستگا و ناولێنانی ئیسلامیانە بەناوی حەج، سەفاو مەروا...هتد، کۆتایش گۆڕ و جل و بەرگ و شوێنی پەرستنی شێخ ئادی بووەتە نەزرگای هەرە سەرەکی ئێزیدییەکان، بە واتایەکیتر، شێخ ئادی لاسای پێغەمبەری ئیسلام محەمەدی کردوەتەوە و خۆی کردوەتە ناوەندی پەرستن و سازشی نێوان تاک و کۆمەڵی ئێزیدی"ڕێوڕەسمی پەرستگای لالەش وەک نمونە". ناتوانین بڵێین ئێزیدییەکان لە ڕێگای شێخ ئادی لە ڕاستەهێڵی خۆیان دەرچوونە، بەڵام ناشتوانرێن بڵێین وەک خۆیان ماونەتەوە. ئەوەی لە ئەمڕۆدا گرنگە بۆ ئێزیدییەکان و شەنگالییەکان، ئەویش مانەوەیانە بەناسنامەی نەتەوەیی و ئاینی خۆیان و پاراستنی ناسنامەکەیان. بوونی ئێزیدییەکان و ئایینی ئێزیدی، سیمای

دەوڵەمەندی کەلتوورو فرەیی و مێژووی ناوچەکە و گەلی کوردستانە، کوردانی ئێزیدی لە رووی ئاینیەوە خودان جەژنێکی تایبەت بە خۆیانن. بە چارشەمە سۆر ناسراوە، بە پێی رۆژژمێری رۆژهەڵاتی دەکەوێتە یەکەم چوارشەممەی مانگی نیسانەوە، ئەمەش جەژنی ساڵی ئەوانە، لەم رۆژەدا بەکارهێنانی هێلکە و رەنگکردنی یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی و جێ بایەخیانە. ئەویش بەو مانایەی هێلکە لەزەوی دەچێت، هەروەها رۆح و توخمی تێدایە. لەخوێندنەوەی تریشدا دەڵێن زەردێنەکەی لەزەویی و سپیاییەکەی لەئاو یان لەبۆشایی گەردوون دەچێت، ئەم جەژنە لەسەردەمی بابلی و تەنانەت ئاشوریی و سۆمەرییەکانیشدا هەبووە. بەپێی کۆنی ئاینەکەو بەرفراوانی ئاینەکەش لەسەردەمی خۆیدا وایی بووە لەجێگای زۆرو بەرفراوانتردا جەژنەکە بکرێت بەجیاواز لەسەردەمی ئێستا. هەموو ئاینێک تایبەتمەندی خۆی هەیە بێگومان، دەوترێت لەناو ئێزیدیەکاندا لەمانگی نیساندا ژن هێنان و بەشوودان نییە. چونکە نیسان خۆی بووکی ساڵە و زەوی ئاوسە، چەند سەرچاوەیەکیش باس لەوە دەکەن ناوی (نیسان) لە (نوێ ساڵ)ەوە هاتبێت. لەم رۆژەدا ئێزیدیەکان روناکی زۆر بەکاردێنن و تاریکایی رووناک دەکەنەوە. وەکو خۆیان گوتەنی لەتاریکیەوە بەرەو رووناکی. دیارە لەئاینەکانی ناوچەی میزۆپۆتامیا و ئاینی تریش بابەتی رۆژپەرستی و رووناکی پەرستیش هەبووە، هەروەها گوڵی سووریش (کولیلکا نیسان) لەتاقی پەرستگا و شوێنە تایبەتەکانیان دادەنێن.. هەرچەندە بەهۆی ئەو تاوانانەی لەهەقیان کراو بەهۆی بردنی ژن وکچەکانیان و منداڵەکانیان وکە هێشتا لەدەستی تیرۆریستانی داعشدان جەژن ناکەن.

### هەڵوێستی پارت و لایەنە کوردستانیەکان لەمەڕ فڕکردنی ئێزیدیەکان:

دۆزی ئێزیدیەکان و هەر دۆزێکی تر بەشێک یان گروپێکی دیکەی گەلی کوردستان لەلایەن لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەپارتە عیلمانی و ئیسلامیەکانەوە، شرۆڤەو هەڵوێستی جودای لێبۆتەوە، بۆ نموونە کاتێ کاریکاتێرێک لەئەوروپا لەسەر پەیامبەری موسلمانان کرا، لەهەموو کوردستان لایەنگرانی پارتە ئیسلامییەکان خۆپێشاندانیان سازکرد. کاتێک لەغەزە و بورما کوشتار بەرامبەر موسلمانان کرا، هەموو جیهانی موسلمان ئیدانە و هاوخەمی و هاریکاریان کردن، لەگەڵیاندا ئیسلامییە کوردەکان. کاتێک لە میسر دەسەڵاتی ئیسلامییەکان وەلانران، لەکوردستان خۆپیشاندان و ئیدانەی دەولەتی میسر کرا. کاتێک بارەگاکانی یەکگرتوو سوتا، کادیرەکانی کۆمەڵ و بزوتنەوە زیندانی دەکران ئیسلامییەکان چەندان رۆژ کەمپینیان راگەیاند و نارەزایەتیان دەردەبری. لەسەر رەخنەگرتن لەمەسەلەی ژن لە ئاینی ئیسلامدا ساڵی 1997 دوو کادیری کۆمەنیستی کرێکاری (شاپور و قابیل) بەپێی دانپیانانی بکوژەکان ئەندامی پەرلەمانی پێشوو بیلال سلیمان فتوای شەهیدکردنی دابوون. تادەگاتە خۆپێشاندانی نارەزایی سەدان کەسی دژی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، قوباد جەلیزادە، کاتێک چەند شیعرێکیان لەسەر ئایین نووسی، ئیسلامییەکان سەنگەریان لێگرتن و کەمپین و سکاڵایان لەسەر ساز و تۆمارکردن،

لەسەر دەرکردنی پەرتوکێک لەلایەن مەریوان هەڵەبجەیی ئیسلامییەکان فتوای کوشتنیان بۆدەرکرد. لەسەر قسەکردن لەسەر واتاو چەمکی جیندەر لەناو پەرلەمانی کوردستان و کردنەوەی چاڤی لاند و تیکەڵ بوونی مەلەوانگەی ژنان و پیاوان خۆپیشاندان و دەیان بەرنامە و هەواڵیان دروست کرد. ئەو هەموو هاتوهاوارەی لەمیدیا و لێدوانەکانیاین لە دژی دەسەڵاتی هەرێم لەسەر تیرۆری سیاسی، کەچی ئەو هەموو کوشتار و کۆمەڵکوژییەی ئاست ئێزیدیەکان و هەروەها لە شارەکانی باکوورو رۆژاوای کوردستان ئەنجام دران و رۆژانەش ئەنجام دەدرێن نە نووزەیەکیان لێوە دێت نە هەڵوێستێکی وەها دەنوێنن کە هاوبەشی بێت بۆ تراژیدیای گەلەکەمان و ئیدانەکردنی داگیرکاری گەلەکەمان.

راستە داعش رەفتارەکانی بەراورد بە دەزگا ئەمنیەکانی هەرییم ناپێوریَ. پرسیار ئەوەیە تۆ بڵێیت تاوانە درندەیەکانی داعش، کە لەئاستی جینۆسایدی کوردی ئێزیدییە لەدەڤەری شەنگال لەو هەموو ئەوانە بچوکتر و لاوازتر بیت و شایستەی ئیدانەیەک نەبێت ؟

ئیسلامیەکانی کوردستان، پێچەوانەی هەموو ئیسلامیەکانی تری رۆژهەلات لاوازترین هەستی نەتەوەییان بەرامبەر بە گەلەکەی خۆیان هەیە، بەردەوام هەستە ئایینەکەیان زالتر و تۆخترە لەهەستە نەتەوەیەکە، باشترین نمونەش هەرچی تاوان لەجیهانی ئیسلامی روودبدات ئەوان بەهەزاران ئیسلامی کورد دەهێننە سەر شەقام و میدیاکانیانی چەندان رۆژ بۆتەرخان دەکەن، بەلام کورد لەرۆژئاوا و باکور بەهەزاران تاوانی بەرامبەر کرا، لەرۆژهەلاتی کوردستاندا دەیان کەسایەتی کورد لەسێدارە دران، بچوکترین ئیدانەی ناکەن، کەچی هیزە ئیسلامیەکان (کۆمەل، یەکگروو، بزوتنەوە) ئامادەییان تیا نیە ، لاوازترین هەڵویست ئیدانەی داعشە بەهیزیکی تیرۆریست و هاوسۆزی دەرببرن لەگەڵ کوردانی ئیزیدی لەدەڤەری شەنگال، لەمیدیا و لیدوانی فەرمی بدەن. ئەم بێدەنگییەی لایەنە ئیسلامیەکان ئەوە دەردەخات ئەوان دژی رەفتارە فاشی و بەربەریەتی داعش نین بەرامبەر بە کوشتار و پاکتاوی کوردە ئێزیدییەکان، تەنیا بەهۆی ئەوەی ئاینیان جیاوازە ؟ . لەکاتێکدا ئەو تاوانانە لەپال دروشمەکانی ئیسلامدا دەکرێ و وێنەیەکی زۆر ناشیرینی داوە بەئیسلام کە خودی ئاینی ئیسلام بەربەرییە، هەموومان دەیان نمونەی دوو روویی ئیسلامیەکانمان لە 23سالی رابردوومان لەبەردەستە لەسەر مافی ئازادی و داکۆکی لەقوربانی، کە لەکوردستان و ئەورپا لەسەر بچوکترین سوکایەتی و لێکدانەوە بەئایین چالاکی هەمە جۆریان دژی ئەنجام داوە.

خەیری بۆزانی نوێنەری ئێزیدیەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت؛ تا رادەیەک هەڵویستی یەکگرتووی کوردستان ئەرێنی بوو لە پرۆتۆستۆ کردنی تیرۆریستانی داعش لە دۆزی کۆمەلکوژی ئێزیدیەکانی شەنگال. حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانیش بەشێوازی جۆراوجۆر ئیدانی ئەو کردەوە تیرۆریستیەی

داعشیان کرد، بۆیە کاتی ئەوەیە دەزگا ئیدارییەکانی هەرێم مەسەلەی ناسینی داعش وەک هێزێکی تیرۆریست و جینۆسایدکردنی کوردانی شەنگال بکەنە یاسا بەسەر هەموو لایەنێکدا، وەک ئەوەی هەندێ وڵاتی ئەوروپی لەبەرامبەر دان پیانەنانی هەر کەسایەتی و لایەنێک بەجینۆسایدی ئەرمەنەکان رووبەروی لێپێچینەوەی یاسایی دەکەنەوە.

**کورد و داعش :**

مێژوی نزیکی خەباتی گەلی کورد لە باشوری کوردستان بۆ هەشتا ساڵ پتر دەگەڕێتەوە، لەو ماوەیەدا هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە، کۆسپ و تەنگژەی زۆری دیوە، نسکۆی 1975 و کیمیایی باران و ئەنفال لە ساڵی1988، دواجار رووبەڕووی دڕندایەتی رێکخراوی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بووینەوە. رێکخراوی داعش کە لەسایەی دەزگا موخابەراتییە عەرەبیەکان و بە هاوکاری دەوڵەتی تورکیا و بە هاندانی بانگخوازە ئیسلامییە توندرەوەکانی میسر و سعودیە و قەتەر، بەشێک لەخاکی عێراقی داگیرکرد و خێڵە سونەکان پشتیوانیان لێکرد، لە سەرەتاوە سەرانی کورد وەک دەوڵەت حسابیان لەسەر کرد و وتیان (عێراق ناگەڕێتەوە بۆ پێش 9 حوزەیران و ئێستا ئێمە هاوسێیەکی نوێمان هەیە کە ناوی داعشە) و هێزی پێشمەرگەیان ناردە ناوچە کێشە لەسەرەکان، داعش هێرشی لەسەر بەغدا و دیالە چڕکردەوە و بەر ڤیتۆی ئێران کەوت، رووی کردە کوردستان، لەجەلەولا شەڕ هەبوو لە موسڵ نەبوو، یەکیەتی پارتی تۆمەتبار دەکرد کە شەڕ لەگەڵ داعش ناکەن، کاتێک شەڕەکە گشتگیر بوو سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت خەڵکیان دڵنیا کردەوە لە توانای بەرگری، بەڵام لە شەنگال پێمان وترا نەک بەرگری لاوازە، بەڵکو هەر نییە، سەرکردایەتی کورد باش دەیانزانی کە چەکی داعش چیە و توانای چەندە؟ و چۆنە؟ بەڵام پێش کارەساتی شەنگال ئەم سەرنج و گازندەیان نەدەکرد، هێزەکانیان لە شەنگال بێبەرگری شارەکەیان چۆڵکرد و منداڵ و ژن وکیژی شەنگالیان کردە خۆراکی ئەژدیهاکانی داعش، رێکخستنەکانی پارتی لەشەنگال لە ماوەی دوو مانگدا نەیانتوانیوە هێزی بەرگری دروستبکەن ئامادەیان بکەن بۆ هەر رووداوێک تا لاوە ئێزیدییەکان چەکدارکەن، ئێزیدیەکان خۆشیان خەمسارد بوون بەرگرییان نەکرد! شەڕی ماڵ بە ماڵ و جادە بە جادەیان نەکردو شارەکەیان چۆڵکرد، ئەمە گازندەیەکی جدیە لە لاوانی ئێزیدی، ئایا باشتر نەبوو لەبری ئەوەی دایک و خوشک و منداڵەکانیان بە برسێتی و تینوێتی لەشاخی شەنگال بمرن و کیژە پاکیزەکانیان بێبەرگری جێبهێڵن بیاندەنە دەست داعش، لەناو ماڵ و شەقامەکان و سەربانەکانی خۆیاندا شەهید بین و داعشەکان بە دۆزەخ بسپێرن؟! بۆ نموونە شاری ئامرلی تورکماننشین دوو مانگە لەگەمارۆی داعشدابوو و بە هەلیکۆپتەر خواردنیان بۆ بەردەدەنەوە و بەرگری دەکەن، سەرنجی کۆبانی، حەڵەب، قامیشلو، غەزە بدەن چۆن شەهید دەدەن و شاریان چۆڵ نەکرد، ئەم راکردن و شار چۆڵکردنە لەناو کوردا بووەتە کلتور و شانازیشی پێوە دەکەن، دواجار لەسەر ئەتککردنی شەرەفی ژن وکیژانی ئێزیدی و جینۆسایدی

ئێزیدیەکان ئەمریکا هاتە دەنگ و هەولێری پایتەختی پاراست و هاوکاری مرۆیی و سەربازی نارد و یەکیەتی ئەوروپاش ئەنجومەنی ئاسایشی هاندا بۆ هاوکاری، ئایا دەکرێت ئێمە تەنێ چاوەڕێی کارەسات بین بۆ ئەوەی وڵاتان بێن بە هانامانەوە؟ ئەی بوێری و گیانفیدایی کورد چی لێهات؟ لەگەڵ ئەو هەموو پێشمەرگە بوێرانەی کە کورد هەیەتی نەتوانراوە سوود لە وزەو توانایان وەربگیرێت، ئایا کورد سیاسەت نازانێ یان دوژمنی زۆرە یان هەردووکیان، لەسەرەتادا داعشیەکان شەڕی کوردیان نەکرد، کورد هەڕەشەی گشتپرسی و سەربەخۆیی کرد، سەرۆکی هەرێم چووە پەرلەمان و داوای دەرکردنی یاسای هەڵبژاردن و راپرسی لێکردن، لێرەوە ئێران و میسر و کۆمکاری عەرەبی و ئەمریکا و عێراقی شیعە هەڕەشەیان کرد، یاساکە دەرچوو، بە داعش گوترا رووی چەکەکانتان لە شیعەوە بۆ کورد وەرگێڕن، کورد لە سەرەتاوە خراپ هاتە دەست و لەولا شەنگال و لەملا جەلەولای لە دەستدا و هەولێر و خانەقین و کەلار کەوتنە بەر هەڕەشە، هەندێ لە هاووڵاتیانی هەولێر و هەندێ لە خانەقین چۆڵیانکرد، ئێران و تورکیاش بێدەنگ بوون، ئەمریکا هاتە دەنگ بەو مەرجەی کورد بچێتەوە بەغدا، ئێستا سەرانی کورد لە بری دەوڵەتی کوردی کێشمەکێشی گەڕانەوە ی بەغدایانە، پێدەچێت مەرجی شاراوەی ئەمریکا بۆ پاراستنی هەولێر، گەڕانەوە بۆ سنوری پێش9 ی حوزەیران و وازهێنان لە گشتپرسی و دەوڵەتی کوردی بێت و ئەمە مەرجی شیعە و سونەش دەبێت، لەئەنجامدا کۆمەڵکوژی شەنگال کرا، ژن و کچانی ئێزیدی ئەتکران و شەهیدێکی زۆرمان دا، ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە دەبێ پێشمەرگە بگەڕێتەوە شوێنەکانی پێش 9 ی حوزەیران، ئەمەش هەمووی لەئەنجامی سیاسەتی ناحەکیمانەی سەرکردایەتی کوردە لە ماوەی 13 ساڵدا لەپاش روخانی سەدام و سیاسەتی پەنجا بە پەنجای 25 ساڵەی دوو حیزبی باڵا دەستی ئەم هەرێمە بەش مەینەتە، بۆ جاری سێهەم لەماوەی بیست ساڵدا هەلی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لەباربرا .

**رێکخراوی ئێزیدی بۆ بەڵگەکردن:**

بە هاوکاری دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، راپۆرتێکی تیروتەسەلی لە بارەی "کۆیلایەتی کردن بە ئافرەتان و کچانی ئێزیدی لە ژێر جەنگی داعش" ئامادەکردوە و بڵاوی کردوەتەوە. راپۆرتە زۆر لایەنی بەڵگەنامەیی و دۆکۆمێنتکردن و یاسایی و رەهەندە جیاجیاکانی تاوانەکە و گونجاندنی لە چوارچێوەی یاساورێسا نێودەوڵەتیەکان تێدایە.

سەرەتای راپۆرتەکە کۆمەڵێک داتاو ئاماری وردی تێدایە و بەم شێوەیە خراونەتە ڕوو "لە بەر ئەوەی راپۆرتەکە تایبەتە بە کۆمەڵگەی ئێزدی لە عێراق، ئەوا ئێزدییەکان دووچاری درندانەترین شێوازی تاوان و پێشێلکاری بوونەتەوە، لەلایەن بەناو "رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی-داعش"، بە تایبەتی لە قەزای شەنگال و گوندەکانی لە 3ی ئابی 2014، کە لەناوبردنیان

حەلاڵ کرابوو، وە بوە هۆی رفاندن و کوشتنی هەزاران و دەربەدەربوونی هەزارانی تر، بەرەو خاکی دەوڵەتی سوریاو چیای شەنگال.

هەر لە راپۆرتەکەدا بە وردی هاتووە کە بە پێی نوسینگەی رفێنراوانی دهۆکی سەر بە وەزارەتی کاروباری ئاینی، بەم شێوەیە تۆمارکراوە. ژمارەی رفێنراوە ئێزدییەکان لە ژن و منداڵ و پیاو، "6404" شەش هەزارو چوارسەدو چوارکەس بوون. لەنێویاندا "3538" سێ هەزارو پێنج سەدو سی و هەشت کەس لە رەگەزی مێ و "2866" دووهەزارو هەست سەدو شەست و شەش کەس لە رەگەزی نێر. بە وردی و بە ژمارە باسی ئەوەش دەکات کە "2640" دوو هەزارو شەش سەدو چل کەس، لە نێویاندا "953" نۆسەدو پەنجاو سێ کەس لە رەگەزی مێ و "328" سێ سەدو بیست و هەشت کەس لە رەگەزی نێرو "675" شەش سەدو هەفتاو پێنج منداڵ لە رەگەزی نێرو "684" شەش سەدو هەشتاو چوار مناڵ لە رەگەزی مێ، رزگار کراون.

هەروەها باسی ئەوەش دەکات، بە پێی ئامارو بەڵگەنامەکانی بەردەست، ژمارەی ئەوانەی لەلای داعشن و دەستبەسەرن، "3770" سێ هەزارو حەودسەدو حەفتا کەسن.

### لیژنەی باڵای ناساندنی جینوسایدی ئێزیدییەکان:

### چەندین بەڵگەی تاوان رادەستی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەکەن

بەمەبەستی تیشک خستە سەر دوایین کارەکانی لیژنەکەیان، ئێوارەی ڕۆژی هەینی 2014/10/17 لیژنەی باڵای ناساندنی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی تر لەدیوانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیان سازکرد، لەسەرەتای کۆنگرەکەدا مەحمود حاجی ساڵح وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان سەرۆکی لیژنەکە رایگەیاند، کە دوای ئەوەی بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران بەر لە دوو مانگ لیژنەکەمان پێکهات لەو ماوەیەدا بەشێوەیەکی چڕ کارمان لەسەر دۆسیەی جینۆساید کردووە و چەندین بەڵگە و وتەی شاهیدحاڵمان کۆکردۆتەوە، سودمان لەو بڵاوکراوانە وەرگرتووە کە تیرۆرستانی داعش تیایدا دانیان بە تاوانەکانیان ناوە هەروەک وتەی رزگاربووانی تاوانەکانی داعش وەرگیراوە. زیاتر گوتی: لە ئێستادا بۆ هەنگاوی داهاتوومان ئەو بەڵگەنامانە پێشکەش بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای دەکەین بەو هیوایەی بتوانین کەیسی گینوسایدی کوردانی ئێزیدی لە ناوەندە نێو دەوڵەتیەکان بجولێنین، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەکەمان لەچەند رۆژی دادێ سەردانی لاهای دەکات و دواتریش بۆ هەمان مەبەست سەردانی پەرلەمانی یەکێتی ئەروپا دەکەین و لەوێشەوە سەردانی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە جنیف دەکەین تاکو ئەو راپۆرتانەیان پێشکەش بکەین کە لیژنەکەمان ئامادەی کردووە. سەرۆکی لیژنەی باڵای ناساندنی گینوسایدی کوردانی ئێزیدی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی تر ئەوەشی روون کردەوە کە لیژنەکەیان لە ریگەی ئەو سەنتەرەی لەدهۆک

دایانمەزراند، چەندین لێکۆلینەوەیان ئەنجام داوە و چەندان شاهیدحاڵ وتەیان لێوەرگیراوە و کراوەتە بەڵگەی یاسایی بەو هیوایەی پشتیوانی باش بێت بۆ ئەوەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئەو کەیسە بجولێنێ. لەوەلامی ئەوەی کە عیراق ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی نییە لیژنەکە چۆن دەتوانێ کار لەسەر ئەم بابەتە بکات: سەرۆکی لیژنە گوتی: ناکرێ ئێمە دەستەوەستان بین تا عیراق دەبێتە ئەندامی دادگا، بۆیە ڕێگای یاسایی ترمان دۆزیوەتەوە بەو هیوایەی بتوانێ قەناعەت بە داواکاری گشتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بهێنین. پاشان فەلاح مستەفا بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەت لە وەڵامی ڕۆژنامەنووسان وتی: لەسەر ئاستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و وەزیرە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ شاند و میوانانی بیانی ئەم کەیسە باسکراوە، بەش بە حاڵی خۆمان وەک فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەت لە کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ کونسوڵ و باڵیۆزی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان و بەغدا و لە ماوەی سەردانەکانمان بۆ دەرەوە جەختمان لەسەر ئەم پرسە کردۆتەوەو پێمان ڕاگەیاندوون کە پشتیوانی لە هەنگاوەکانی ئەم لیژنە باڵایە بکەن، ئێمە گەشبیین بە بەئەنجام گەیاندنی ئەم پرسە ئەویش دوای ئەوەی لێژنەکە توانی بەڵگەنامەیەکی زۆر کۆبکاتەوە و دەتوانین لەم 3 ناوەندە گرینگە ئەم پرسە بخەینەڕوو.

هەروا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەت ئاماژەی بەوەدا کە ئەم پرسە دوولایەنی هەیە، لایەنی سیاسی و لایەنی یاسایی، وەک لایەنی سیاسی ئێمە لەکۆبوونەوەکانمان لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتان ئەو کارەساتەمان خستۆتەڕوو کە بەسەر کوردانی ئێزیدیدا هاتووە و هەوڵی پاکتاوی ڕەگەزیان درا لەلایەن تیرۆرستانی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی، ئەوانیش پشتیوانی خۆیان نیشانداوە بۆ سەرخستنی ئەو هەوڵە. بەڵام لەڕووی یاساییەوە پێویستە دادگای تایبەت بڕیار لەسەر ئەم پرسە بدات و وەک جینۆساید بیناسێنێ. شایانی باسە لیژنەی باڵای ناساندنی جینۆسایدی کوردانی ئێزید و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی تر بە سەرۆکایەتی مەحمودی حاجی ساڵح و ئەندامیەتی د. محمد قادر وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و فەلاح مستەفا بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەت و ئامانج ڕەحیم سکرتێری یاسایی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و حسێن قاسم حەسون کەسایەتی ئێزیدی پێکهاتووە.

### زیاتر لە 200 بەڵگە لەسەر کەیسی جینۆسایدی ئێزدییەکان کۆکراوەتەوە:

سەنتەری لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی سەر بە لیژنەی باڵای ناساندنی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی تر، زیاتر لە 200 بەڵگە لەسەر تاوانەکانی داعش لە دژی کوردانی ئێزیدی بەشێوەی زانستی کۆکردوەتەوە.ڕۆژی پێنجشەممە 15ی کانوونی دووەمی 2015، مەحمودی حاجی ساڵح، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، لەگەڵ پڕۆفیسۆر مایکل نیوتن سەردانی پارێزگای دهۆکی کرد و سەنتەری لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوانەکانی داعشیان بەسەر کردەوە و لە نزیکەوە هەندێ

نمونەی ئەو بەڵگانەیان بینی کە لەلایەن سەنتەرەکەوە کۆکراوەتەوە وەرگیراوە. وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکاراوان مەبەستی سەردانەکەی بۆ دهۆک روونکردەوە و رایگەیاند، ئەوان هاتوون تا لەنزیکەوە مەرگەساتی کوردانی ئیزیدی بە پرۆفیسۆر مایکل نیوتن نیشاند بدەن و بە چۆنیەتی کۆکردنەوەی بەڵگە و دیکۆمێنت ئاشنای بکەن، کە لەسەنتەری لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی تاوانەکانی داعش کۆکراونەتەوە، هەروەک کورتەیەکی لەبارەی کارەکانی مایکل نیوتن پێشکەش کرد. دوای ئەوە فەرهاد ئەتروشی، پارێزگاری دهۆک کورتەیەکی لەبارەی مەرگەساتی کوردانی ئێزیدی و پێکهاتە نەتەوایەتیەکانی تر پێشکەش کرد و تیشکی خستە سەر پێداویستی ئاوارەکانی شنگال و رایگەیاند: ئەوان 16 کەمپیان بۆ ئاوارەکان لە سنورەکە کردۆتەوە، بەڵام لەبەر سەرمای زستان و زۆری ژمارەیان پێداویستی زۆریان هەیە و داوای لە مایکل نیوتن کرد بە شارەزایی خۆی هاوکار بێت بۆ ناساندنی مەرگەساتی کوردانی ئێزدی.هەر لەمیانەی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەدا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان رایگەیاند: تیمەکانی گۆڕی بەکۆمەڵ ئەمرۆ لەکۆباشی لەو گۆڕە بەکۆمەڵەدا کە دوێنێ کاریان لەسەر کردوە چەندان روفاتیان دۆزیوەتەوە تا ئەو کاتە ژمارەی رووفاتەکان گەیشتوەتە 21 روفات و تیمەکان درێژە بە گەڕان و پشکنین دەدەن لەو سنورە.ئەوجا لەسەنتەری لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانی سەر بە لیژنەی باڵای ناساندنی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی تر، لە کۆبوونەوەیەکدا بە وردی باس لە شێوازی کارکردن سەنتەرەکە کرا.مایکل نیوتن دوای ئەوەی گوێی لە شێوازی کۆکردنەوەی بەڵگەکان گرت، دەست خۆشی لە کارەکان کرد و پێی راگەیاندن ئەگەر بتوانرێت ئەو وتانەی کە سەرکردەکانی داعش سەبارەت تاوانەکان کە لە گۆڤار و پێگە ئەلکترونییەکانی خۆیاندا بڵاویان کردوەتەوە لەگەڵ ئەو بەڵگانەی کە کۆکراونەتەوە هاوتا بکرێت ئەوە دەبێتە بەڵگەیەکی زیندوو لەسەر تاوانەکان.راشیگەیاند، ئەو هاوکار دەبێت بۆ رێکخستنی ئەو بەڵگانە تا پشتی پێ ببەسترێت لە دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی و کاری لەسەر بکرێت.پاشان وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دادوەرانی سەنتەرەکە بەشەکانی سەنتەرەکەیان بە مایکل نیوتن ئاشنا کرد و چەند نمونەیەکی زیندویان لە شێوازی وەرگرتنی زانیاری و لێکۆڵینەوە لە قوربانیانی دەستی داعش لە سنووری شنگال نیشاندا.لە سەنتەری لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە و دیکومێنتەکانی سەر بە لیژنەی باڵای ناساندنی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینەکانی تر، زیاتر لە 200 بەڵگە لەسەر تاوانەکانی داعش لە دژی کوردانی ئێزدی بەشێوەی زانستی کۆکراوەتەوە.

**بڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان:**

سەرەتایەک بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و راستی، داعش تەنیا لایەنێکی ئەنجامدەری ئەم تاوانەیە، لایەنەکانی تر دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەتوانێت ئاشکرایان بکات.

ڕۆژی 3ی ئابی 2014 هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیسی ناوچەکە لەناکاو لە شەنگاڵ کشانەوە و سەدان هەزار منداڵ و ژن و کەسانی مەدەنییان بۆ داعش بەجێ هێشت. سەرەنجام تاوانە مەزنەکە، جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان، دەستی پێ کرد، کە گەورەترین تاوانی سەدەی بیستویەکەمە. ئەو ڕۆژە ڕەشە میری ئێزیدییەکان، بەڕێز میر تەحسین، بە هاوارێکی خەمناکانە و پڕژانەوە گوتی: ئێمە فرۆشراین.

ئەم ڕستە کورتە دوو وشەییە، کە زایەڵەکەی بە دنیادا بڵاو بۆوە، دەیان پرسیاری گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، کە تا ئێستا بێ وەڵام ماونەتەوە: چۆن ئەو سەدان هەزار ئێزیدییە فرۆشران؟ بۆچی و بە چ نرخێک و لەپێناو چ دەستکەوتێک و بە قازانجی کێ فرۆشران؟ ئایا ئەو دەوڵەت و هێز و لایەنانەی لە پلاندانان و فرۆشتن و کڕینی ئەواندا بەشدارن کێن؟ بە چ ئامانجێک ئەم تاوانەیان ئەنجام دا؟

نزیکەی دوو ساڵ بەسەر ئەم تاوانە گەورەیەدا تێپەری کەچی هێشتا لێکۆڵینەوە لەم تاوانە نەکراوە، تا هەقیقەت و هۆکاری ڕاستەقینەی تاوانەکە بۆ خەڵک و دنیا ڕوون بکرێتەوە! هەروا هیچ کام لەو فەرماندە سەربازی و ئەمنی و حکومی و حیزبییانەی بەرپرسی ئەو ناوچەیە بوون و ئێزیدییەکانیان بەجێ هێشت، نەرەوانەی دادگا کراون، نە لەلایەن لیژنەی سەربەخۆوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە. ئەم تاوانە سروشتێکی جیهانیی هەیە و بە تاوانێک دژی تەواوی مرۆڤایەتی دادەندرێت و برینێکی گەورەی خستۆتە جەستەی مرۆڤایەتییەوە. بۆیە دەسەڵاتیکی لۆکاڵی ناتوانێت تاسەر هۆکار و حەقیقەتی ئەم تاوانە لە میللەت و لەجیهان بشارێتەوە. ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان هاتۆتە دەست بۆ ئەوەی داکۆکی لە داد و ماف و کەرامەتی دەیان هەزاران کچ و ژن و منداڵ و سەدان هەزار قوربانی  ئێزیدی بکات، کە تا ئێستا بەپێی کولتوور و نەریتی کۆنی عەرەبی و شەریعەتی جەنگەڵ، لە بازاڕەکانی عێراق و تورکیا و هەندێ وڵاتی کەنداودا وەک کۆیلە و کەنیزە دەفرۆشرێن.

نەتەوە یەکگرتووەکان، دوای لێکۆڵینەوە لە سروشت و ناوەرۆکی تاوانەکە، کوشتاری بەکۆمەڵی ئێزیدییەکانی وەک جینۆساید ناسی. لە هەمان کاتدا داوای لە ئەنجومەنی ئاساییشی نێودەوڵەتی کرد کە کەیسی جینۆسایدی ئێزیدییەکان ڕەوانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە هاگ بکات، بۆ ئەوەی ئەم دادگایە لەم تاوانە مەزنە بکۆڵێتەوە.

جینۆسایدی ئێزیدییەکان ئەوەندەی تاوانی ئەنفال گەورەیە. هەردوو تاوان جارێک بە ناوی عروبە و جارێکی دی بەناوی خوا و ئیسلامەوە لەلایەن هێزی عەرەبی سوننەوە ئەنجام دراون. بەڵام ئەوەی تاوانی ئێزیدییەکان گەورەتر دەکات و برینەکەی بۆ کورد قووڵتر و پڕژانتر دەکات ئەوەیە، کە پێشمەرگە لەبری ئەوەی، وەک پیشەی دەیان ساڵەی خۆی، بەرگری لە گەلەکەیان بکەن و ژیان و خاک و کەرامەتییان بپارێزن، ئەوانیان بۆ ڕەحمەتی داعش بەجێ هێشت و

تەنانەت تاکە سەعاتێک بەرگرییان لێ نەکردن. راپۆرتەکە، لەم بارەیەوە، بە زەقی ئاماژە بە کەمتەرخەمی و هەڵاتنی هێزی پێشمەرگە، لە شەنگاڵ، دەکات. لە راپۆرتەکەدا، کە نزیکەی چل لاپەڕەیە، نووسراوە:

(رۆژی 3ی ئاب 2014 کاتێک چەکدارانی -داعش- بەرەو شەنگاڵ چوون و رووبەڕووی هیچ بەرگرییەک نەبوونەوە. ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە جێیەکانی خۆیان چۆڵ کرد و لە بەرامبەر پێشرەویی داعشدا، بەبێ هیچ بەرگرییەک کە شایەنی باسکردن بێت، کشانەوە و زۆربەی ناوچەکانی شەنگاڵیان بەجێ هێشت. دانیشتوانی ناوچەکە لە بڕیاری کشانەوەی پێشمەرگە ئاگادار نەکرانەوە، هەروا هیچ بڕیارێک بۆ دەربازکردنی خەڵکی مەدەنی لە ناوچەکە نەدرا و زۆربەی گوندەکان ئاگاداری تێکچوونی باری ئەمنیی ناوچەکە نەبوون).

کەچی لە بەرامبەر ئەمەدا، راپۆرتەکە باس لە جوامێریی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دەکات، کە لەگەڵ خۆبەخشانی ئێزدی بەرەنگاری هێرشەکەی داعش بوونەوە و توانییان لە سوریاوە رێڕەوێک بکەنەوە و خەڵکی گەمارۆدراوی ئێزیدی، لە چیای شەنگاڵ بپارێزن و بەرەو ناوچەیەکی ئارام دەربازیان بکەن.

راپۆرتەکە بەوردی کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان باس دەکات، جیهان و مرۆڤایەتی لەگەورەیی و سامناکیی ئەم تاوانە ئاگادار دەکاتەوە، داواش دەکات هێزە نێودەوڵەتییەکان ئەو 3200 ژن و منداڵەی، کە هێشتا لەلای داعش راگیراون، رزگار بکەن . هەروا راپۆرتەکە داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش دەکات کە ئەم کەیسە رەوانەی دادگای تاوانی نێودەڵەتی بکات، تا ئەوان لەم تاوانە بکۆڵنەوە، سەرانی داعش و هەموو ئەو لایەنانەی دەستیان لە پلاندانان و کۆمەککردن بەم تاوانە هەیە راپێچی بەردەم دادگایان بکەن. چونکە داعش تەنیا لایەنیکی ئەنجامدەری ئەم تاوانەیە، لایەن و ئەکتەرە سەرەکییەکانی پشت پەردە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەتوانێت ئاشکرایان بکات.

ئەم بڕیارە گرنگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بردنی ئەم کەیسە بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە زۆر لایەنەوە پڕبایەخە و شایەنی ئەوەیە لە رووی قانوونی، سیاسییەوە بە فراوانی باس بکرێت. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ هەندێک لەو لایەنانە دەکەم:

**یەکەم:**

کەیسی جینۆسایدی ئێزدییەکان، لە رووداوێکی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و عیراقەوە، دەگۆڕێت بە کەیسێکی جیهانی. واتا لەدەست دەسەڵاتی خۆماڵی دەردەهێندرێت و دەدرێتە دادگایەکی جیهانی، کە خۆی بەدوای هەقیقەتی مەسەلەکە دەکەوێت.

تاوانی جینۆساید، لە هەر وڵاتێکدا روو بدات بە تاوان بەرامبەری تەواوی مرۆڤایەتی دادەندێت. بۆیە ئەرکی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەزگا و داگا و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤە کە

داکۆکی لەم کەیسە بکەن، بەرپرسانی ئەم تاوانە رەوانەی دادگا بکەن و بە سزای خۆیانیان بگەیەنن. لەم بیست ساڵەی دواییدا دەیان سەرۆکدەوڵەت و گەورەبەرپرسی سیاسی و سەربازی چەندان وڵات، تومەتی کۆمەڵکوژی و تاوانی شەڕیان دراوەتە پاڵ، بەشێکیان لە دادگای نێودەوڵەتیدا، دادگایی کراون و سزا دراون، بەشێکی تریشیان لە وڵاتانی خۆیاندا، بە چاودێریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، دادگایی کراون، ئەو دەوڵەتانەش بە قانوون ناچارکراون کە بڕیاری دادگا جێ بەجێ بکەن. بۆ نموونە سەرۆکی پێشووی یۆگۆسلاڤیا سلوبۆدان میلۆسۆڤیچ و چەند بەرپرسێکی سەربازی و سیاسیی ئەو وڵاتە، بەپرسانی جینۆسایدی رواندا، کەمپۆدیا و سیرالیۆن...تاد.

**دووەم:**

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە دیاردەی داعش دەکۆڵێتەوە و ئەو هێز دەوڵەت و لایەنانە ئاشکرا دەکات کە کۆمەکی سەربازی و ئابووریی داعشیان کردووە، رێگایان بۆ خۆش کردووە کە بگاتە عێراق و کوردستان و ئەم تاوانە ئەنجام بدات. هەروا رەنگە دادگا وەڵامی ئەم پرسیارەی دەست بکەوێت کە بۆچی داعش بەگژ کورددا کرا؟ چۆن و بە کام مەبەست و ئامانج پەلاماری شەنگالی دا؟ دادگا دەبێت لە رێی بینینی بەپرسانی حکومەت لە شەنگال ئەو فەرماندە سەربازی و ئەمنیانەی لە شەنگال بەرپرس بوون، وەڵامی ئەو پرسیارەی دەست بکەوێت کە بۆچی ئەو هێزە پڕچەک زەبەڵاحەی (پێشمەرگە) کە بە هەزاران بوون، هەڵاتن و داکۆکییان لە خەڵک نەکرد، یان تەنانەت خەڵکە مەدەنییەکەیان ئاگادار نەکردەوە تا ناوچەکە بەجێ بهێڵن، وەک لە راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە روونی باس کراوە؟ ئایا بەرگرینەکردن و بەجێهێشتنی خەڵکی مەدەنیی شەنگال بڕیاری خودی ئەو بەرپرسانەی شەنگال بووە، یان ئەوان بە بڕیاری سەرووی خۆیان شەنگالیان بەجێ هێشتووە؟ هەروا دادگا دەتوانێت بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئایا ئەم تاوانە گەورەیە، کە بەرامبەر ئێزیدییەکان و مرۆڤایەتیی کراوە، لە چوارچێوەی پلانێکی سیاسی- موخابەراتیی کۆمەڵێک دەوڵەت و لایەنی ناوچەییدا بووە، یان نا؟ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، ئەگەر ئەم کەیسەی بۆ رەوانە بکرێت، دەتوانێت، دوای لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن، وەڵامی ئەو پرسیارانە و زۆر پرسیاری تریش بداتەوە، ئەو کەس و لایەنە بەرپرسانەی لەم تاوانە گەورەیەدا بەشداربوون، لە هەر پۆست و پلەیەکدا، بن. بهێنێتە بەردەم دادگا و سزایان بدات.

**سێیەم:**

قوربانیانی ئێزیدی دەبێت لە رووی مادی و مەعنەوییەوە قەرەبوو بکرێنەوە. دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەتوانێت ئەو دەوڵەت و لایەنانەی دەستیان لەم کوشتارەدا هەبووە، یان کۆمەکیان بە داعش کردووە، ناچار بکات قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکەنەوە.

**چوارەم:**

ئێزدییەکان دەتوانن، بۆ ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی جینۆسایدی تر، داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان بکەن کە خۆیان، لەژێر چاودێری و پارێزگاریی ئەواندا، ناوچەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن و چیتر بندەستی هیچ هێز و لایەنی تر نەبن، چونکە دەوڵەتی عێراق و حکومەتی هەرێم (پارتی) نەیانتوانی لە تەنگانە و کاتی لێقەوماندا، بەرگریان لێ بکەن، لە جیاتیان روو بەرووی ئەم کوشتارەیان کردنەوە. بەمەش بۆ خەڵکی ئێزیدی و دنیایان سەلماند، کە ئەوان شایەنی ئەوە نین حوکمڕانی ئێزیدییەکان بکەن. داننان بەکۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە تاوانی جینۆساید، دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ئێزیدییەکان و هەموو کورد، هەروا بە قازانجی داد و عەدالەتە لەجیهاندا. بۆیە پێویستە یاساناسان و ڕێکخراوە سیاسی، کۆمەلایەتی و کولتووریەکانی کورد، لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات، بەتەنگ جێبەجێکردنی ئەم بریارەوە بن و پشتگیری و کۆمەکی پارێزەرانی ئەم کەیسە جیهانییە بکەن، ریگەنەدەن ئەنجومەنی ئاسایش، بە هەر بیانوو و بەهانەیەک بێت، ئەم کەیسە رابگرێت و رەوانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی نەکات. لە هەمان کاتدا پێویستە بە رێز و حورمەتێکی زۆرەوە چاو لە رەنج و ماندوبوونی یاساناسی جیهانی و داکۆکیکاری مافی مرۆڤ خاتوو ئەمەل کلونی، هاوسەری ئەکتەری ناسراوی سینەما جۆرج کلونی بکرێت، کە خۆی کردۆتە خاوەنی ئەم مەسەلەیە و لە نەتەوە یەکگرتووەکان و جیهاندا داکۆکی لێ دەکات. ئەم خانمە پسپۆری یاسای نێودەوڵەتییە و تا ئێستا، وەک پارێزەر، داکۆکی لە کۆمەڵێک کەیسی گەورەی جیهانی کردووە، لەوانە کەیسی داهێنەری ویکیلیس جولیان ئەسانج و سەرۆکوەزیری پێشووتری ئۆکراینا خاتوو تیمۆشینکا.

هیوادارم دادگای تاوانی جیهانی بتوانێت، لە رێی دەرخستنی راست و سزادانی تاوانبارانی ئەم جینۆسایدەوە، داد و ماف بۆ قوربانیان و حورمەت بۆ عەدالەت و مرۆڤایەتی و ژیان بگێڕێتەوە.

**راسپاردەکان:**

- هەنگاوی خێرا بگیرێتە بەر بۆ یارمەتیدانی هەموو ئەوانەی کە ئاوارە و بێخانە ولانە بوون بە هۆی جەنگێکەوە کە بەسەریاندا سەپێندراوە، بە جیا لە دین و ڕەگەزیان. هاوکاتیش دەبێت خووشکان و دایکانی بەکۆیلەکراوی ئێزیدیەکان ڕزگار بکرێن.
- ئەو وڵاتانەی کە هاوکاری داعشیان کردووە، نەک هەر دەبێت سەرکۆنە بکرێن بگرە دەبێت بەرپرس بکرێن بۆ ئەو هاوکارییە سەربازی و داراییەی کە پێشکەش بە داعشیان کردووە.

• ئەو لایەن و حزبە سیاسیانەی کە لەو بارودۆخەوە گلاون کەوتوونەتە هەڵخڕاندنی هەستی ڕەگەزپەرستی و تایفی، عەرەب لە دژی کورد و بە پێچەوانەوە وە سوننی لە دژی شیعە و بە پێچەوانەوە. ئەم سیاسەتەش بۆتە مایەی کارەسات و هەل ومەرجێکی نامرۆڤانە و ڕەگەزپەرستانە لەعێراق و کوردستاندا. پێویستە فشار بخرێتە سەر پارتە سیاسیەکان بۆ کۆتایی هێنان بەو سیاسەتە.

• هەرجۆرە هەڵسوڕان و چالاکییەک لەلایەن لایەنگرانی داعشەوە لەئەوروپا دەبێت قەدەغە بکرێت. ئەوەی ئەوان پیادەی دەکەن بەشێک نییە لە ئازادی بیروڕا و ئازادی هەڵسووڕانی سیاسی، بگرە بانگەشەیە بۆ چاندنی ڕق و کوشتار. بۆیە دەبێت وەک نازییەکان تەماشا بکرێن. لەلایەکی تریشەوە، دەرکەوتنی ئەوان بارودۆخ دەخوڵقێنێ بۆ سەر بەرزکردنەوەی گروپ و مەیلە ڕاسیست و ڕەگەزپەرستەکان لەئەوروپادا لەدژی هەر هاوولاتییەکی غەیرە ئەورووپی یان ئەوانەی کە بە ناو لەوڵاتە ئیسلامیەکانەوە هاتوون. ئەمەش پشێویەک دەنێتەوە کە ئەوروپا نیەتیەتی خۆی لێ لابدات.هەروەها لەم کەمپینانەدا  چەندان دروشم بەرزکرابوونەوە لەوانە" جیهان پێویستە سنوریک بۆ گینوسایدی ئێزیدیەکان دابنێت" ،

• "پیویستە ئیزدییەکان ڕزگار بکرین" ئاوارەکان ژیانیان دابین بکرێت"،" بەڵی بۆ عێراقێکی سکولار نا بۆ توند و تیژی وسەرکوت"، "داعش یەکسانە بە فاشیزمی نوێ، دەستی خوێناویتان لەسەر گیانی منداڵان و خەڵکی عێراق لەکوردستان هەڵگرن، ئەوەی داعش بەرامبەر کوردانی دەڤەری شەنگال ئەنجامیدا، تاوانی ئەنفالی بەعسیەکانیشی تێپەراند، چونکە ئەوان بەئاشکرا وێنەی کوشتارەکان، سەربرینی مرۆڤەکان، فرۆشتنی ژنان بە پاساو دەهیننەوە و بڵاویشی دەکەنەوە. رەوشی  ژیانی سەختی ئیزیدیەکان لای هەموو جیهان ئاشکرابوو ئەویش سەبارەت بە چالاکی کەسایەتی و رێکخراوەکان و میدیاکاندا، بەتایبەت لە کۆژانی ئیزیدیەکان لەکەمپەکانی ناو هەریمی کوردستان  و سوریاو تورکیا وگرفتی لاوان و ئاستی بەرزی ریژەی بێکاری   بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و وازهینان لەخویندن. هەروەها رەوشی هەڵایساوی پەنابەران لە یۆنان و سربیا، ژنە ئیزیدییە رزگاربووەکان نموونەی نادیا موراد و لەمیا بەشآر، رۆڵێکی کارایان گێڕا لەگەیاندنی رووی راستینەی ئەو ستەم تاوانەی کە ژنە رفێنراوەکانی بەر دەستی تیرۆریستانی داعش بە سەکۆی میدیاکان و وڵاتانی خاوەن بڕیار لەجیهاندا.

• منداڵی زەوتکراو لەسایەی داعشدا, دوای داگیرکردنی موسل لە ناوەرەراستی 2014 کە کاریگەری زۆری هەبوو لە هەڵوەشاندنەوەی بونیاتی کۆمەڵایەتی لەئەنجامی تاوانکردنی بەرفرەوانی لەدژی مافەکانی مرۆڤدا،لەهەقی مەسیحیەکان، شەبەک، تورکمانی شیعە، کاکەیی و سابیئەکان، کە ئیزیدیەکان بەشی شێریان بەرکەوتبوو لەتاوانی کوشتن ورفاندن و لاقەکردن و کۆیلەداری سیکسی و بەزۆر مسولمان کردن، بەسەربازکردنی منداڵان و بەزۆر

دەرکردن، کەبووەی هۆی پەیداکردنی درز لەبونیاتی کۆمەڵایەتی و پاشەکشێی بەها پەروەردەیی و کۆەڵایەتیەکان.

منداڵی زەوتکراو لە ناو خێوەتی پەنابەران لە ژیانێکی تاڵ و پاشەرۆژێکی نادیاردا، بەو رستەیە رەوشی منداڵە رزگاربووەکانی بندەستی داعش لەناو خێوەتی پەنابەران چڕ دەکەینەوە کە لەکەمترین پێداویستیەکانی ژیان بێبەشن، کە رەوشی خراپی تەندروستی و چاوددێری پزیشکی تێدا بەدی ناکرێت. کە 2745 منداڵی هەتیو هەن، کە دوای داگیرکردنی داعش بۆ ناوچەکە لە خێزانەکانیان دابڕاون وحکومەتی عێراقی و رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگ رتووەکان فەرامۆشیان کردوون لە چوونە خویندنگاولو ئامێزکردنیان، لەرەوشێکی نالەبارو تراژیدی دەژین.

- کەم ئەندامە تایبەتە سەختەکان کە بە گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی ونەبوونی فێرکردن و کێشەی خێزانییەوە دەناڵێنن، ئەو منداڵانەی کە بە گشت سرووتە مەحاڵەکانی کات و شوێن گەمارۆدراون، لەسایەی ئاڵای رەشی داعش کەبەسپیتی لەسەری نووسراوە **لا الە الا اللە محمد رسول اللە** کە لەسەر پانتایەکی جوگرافی توندوتیژی و مەرگ دەشەکێتەوە ، منداڵەکان بە زۆری و بەمەبەستی پیشەسازی خۆکوشتنی دوارۆژ لەسەر چەک و سەربڕین رادەهێنرێن، ئەوانە هەمووی بەبەرچاوی جیهانەوە دەکرێن و بێهەبوونی هیچ هەڵوێستێکی جیددی بۆ بەهانا هاتنیان و پاراستنیان، هەروەها نەبوونی ناوەندێکی رەچاوکردن و راهێنان.
- دواجار داوا لە رای گشتی جیهان دەکەین لەرزگارکردنی ئەوەی لە توانادایە رزگار بکرێن و دداننان بە جینۆسیادی ئێزیدیەکان و دیارکردنی ناوچەیەکی پارێزراوی نێودەوڵەتی بۆ ئێزیدیەکان تا دووبارە تاوانی کۆمەڵکوژی لەیادەوەری گەلی کوردستان و عیراق و جیهاندا بەردەوام ودووبارە نەبێتەوە.

**ئەنجام:**

لە 3ی ئابی 2014 چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە تیرۆریستانی داعش یەکێک لە هەرە قێزەونترین تاوانەکانی سەردەمیان بەرامبەر بە هاووڵاتیانی ئێزیدی دەڤەری شنگال و پێشتریش هاووڵاتیانی کریستان و شەبەک و تورکمانە شیعەکانی ناوچەی موسڵ ئەنجامدا، کە نموونەی ئەم تاوانانە لە 100 ساڵی رابردوودا لەجیهاندا نەبووە. بۆیەش داوا لەکۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و کوردستانی دەکرێت بەرەو رووی تاوانەکە ببنەوە، لەیادی ئەم تاوانە قێزەونەدا داواکارین، حکومەتی هەرێمی کوردستان فشار بخاتە سەر حکومەتی بەغدا بۆ ئەوەی پەیماننامەی رۆما واژۆ بکات و ببێتە ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی نیازپاکی خۆی لەرێگای بە ئەندامبوونیەوە لەدادگاکە بۆ پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەی مەڵبەندی جینۆساید

رابگەیەنێت، کە دژ بە دووبارەبوونەوەی تاوانەکانی رابردووە، کە بەسەر گەلەکەماندا هاتووە (هەڵەبجە، ئەنفال، بارزانییەکان، فەیلییەکان، تەعریب، شنگال، بالیسان و شێخوەسانان، سمێل..)، کە دواجار تاوانەکانی شنگال سەلماندییەوە بە ئەندام بوونی عێراق زامنی دووبارە نەبوونەوەی ئەم جۆرە تاوانانەو سزادانی بکەرانی و ناساندنی حەقیقەتی یاسایی تاوانەکەیە لەئاستی نێودەوڵەتیدا، داوا لەدەسەڵاتدارانی کوردستان دەکەین، داواکاری بە ئەندام بوونی عێراق لەدادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکەنە یەک لەداواکارییەکانی خەڵکی کوردستان لەدانوساندنەکانیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا، لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان و سازشی لەسەر نەکەن، هەر کەس و لایەنێک لەکوردستانەوە ریکلام بۆ داعش بکات، پێویستە بە تاوانی هاوکاریکردنی تیرۆر و بانگەشە بۆی دادگایی بکرێت، هەر کەس و لایەنێک نکوڵی لەجینۆسایدی ئێزیدی و کریستان و پێکهاتەکانی دیکە بکات لەلایەن داعشەوە، پێویستە سزابدرێت و ئینکارکردنی تاوانەکانی جینۆساید وەک تاوان سەیر بکرێت لەهەرێمی کوردستاندا، بە یاسا رێکبخرێت.هەر پارت و لایەنێکی سیاسی ئینکاری جینۆسایدی ئێزیدی و کریستان و شەبەک و .... بکات ، یاخود برەو بە سیاسەتی جیاکاری بەرامبەریان بدات لەئاستی خوارەوە پێویستە قەدەغە بکرێت، پێویستە ئەو چەکدارە کوردستانیانەی لەریزی داعش بوونە، لەکاتی وازهێنانیان دادگایی بکرێن لەبەرامبەر بەشداریکردنیان لەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە.

هەروەها پێویستە ئەو تاوانانەی لەرابردوودا لەرێگای 72 فەرمانەکەوە بەرامبەر بە ئێزیدی و کریستان و پێکهاتە ئاینییەکانی کوردستان کراوە، تۆمار بکرێن وەک مێژوو و بچێتە بواری مێتۆدەکانی خوێندنەوە.دەبێت سنورێک بۆ تەجاوزات بۆ سەر ناوچەکانی ئێزیدی و کریستان و پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان دابندرێت، تایبەتمەندی ناوچەکانیان بپارێزرێت و لەدەسەڵاتدارێتی کوردستاندا رۆڵی زیاتریان پێ بدرێت.

داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکەین، هەر دیلێکی داعشی هاووڵاتی 124 وڵاتەکەی ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیان لایە، رادەست بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکەن، بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن. هەروەها داواکارین لەهەردوو لایەن بڕیار بەدەستان و تاوانبارانی داعش دیار بکەن، ئەوانەی لەبڕیاردان و تاواندا رۆڵیان هەیە، ناوەکانیان بدەنە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی. پێویستە هەمووان خۆمان ئامادە بکەین بۆ قۆناغی دوای هەرەسی داعش و گروپە تیرۆریستەکانی دیکە، بڕیار بەدەستان و تاوانبارانیان بدۆزینەوە و سکاڵایان لەوڵاتەکانیان لەسەر تۆمار بکەین، یاخود ناوەکانیان و شوێنی ژیانیان بدەینە دادگایی تاوانی نێو دەوڵەتی، داواکارین ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەهۆکاری داگیرکردنی شنگال لە 3-8 لە لایەن داعشەوە بۆ رای گشتی ئاشکرا بکرێت، ئەگەر شکستی سەربازییە ئەوانەی هۆکاری شکستەکەن سزا بدرێن و لەبەرپرسیارێتی سەربازی دوور بخرێنەوە، ئەگەر کارئاسانیکردنێک هەبووە بۆ لایەنی بەرامبەر، ئەوا بە تاوانی هاوکاریکردنی

جینۆساید سزا بدرێن.دواجار داواكارین حكومەتی هەرێمی كوردستان بودجەی زیاتر تەرخان بكات بۆ ئاوەدانكردنەوەی شنگال و ئازاد كردنی دایكان و خوشكانی ئێزیدی و قەرەبووكردنەوەیان بۆ قۆناغی دوای گەڕانەوەیان. راپۆرتێكی گرنگ لە بارەی جینۆسایدی ئێزدییەكانەوە.

ئەم راپۆرتە لە ساڵی 2016 بڵا وكراوەتەوە و بێگومان رەنگە ئێستا كۆمەڵێك گۆڕانگاری نوێ لە ئارادابن، بەڵام هیچ كات نرخی ئەم بەڵگەنامەیە و زانیارییەكانی كەم نابنەوە و بگرە بە یەكێك لە راپۆرتە باش و زانیاریدەرەكان دادەنرێت.

**سەرچاوە:**


- راپۆرتی نەتەوە یەكگرتووەكان لەسەر كەیسی جینۆسایدی ئێزیدیەكان.
- راپۆرتی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوانی حكومەتی هەریمی كوردستان.
- ویكپیدیا لەبارەی ئیزیدی...داعش و الفرمان الاخیر،حسو هورمی،داعش والاباده الجماعیه للایزیدیین-دار المسارات-2016 .
- دلیل الصحفیین للكتابة عن قضایا الاقلیات- مقومات عملیة- اسس مهنیة. خضر دوملی- مطبعة ماردین اربیل-2017
- ویبسایتی دەزگای جینوساید و ئەنفال .
- الكرد آمة البادات الجماعیة- كرستینا كویفلن.ترجمة حسین ملا محمود.ط. الاولی 2017 مركز القاهرة للدرتسات الكردیة.

- فەرەیدون سامان :سەرۆكی رێكخراوی خانی بۆ لێكۆڵینەوەی هزری.

http://garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.83

# جینۆسایدی مۆدێرن

د.تارا عبدالله سعید
مامۆستا لە بەشی کوردی /زانکۆی سلێمانی

## پێشەکی

هەر کە ناوی جینۆساید ئەبرێت ، ئەوکەسەی مچڕکە بە گیانیا نەهات، ئەوە یان ئاگای لە دنیا نیە ، یان بونەوەرێکی بێویژدان و دورە لە هەمو گیانێکی مرۆڤایەتی و گوناهە لە پۆلی مرۆڤ دابنرێت .

ئەم باسە هەوڵێکە بۆ رونکردنەوەی زۆر لایەنی شاراوە لەو کارەساتە بەدناوە بۆ هۆشیارکردنەوەی نەوەی ئێستا و داهاتو،و سنوردانانێکە بۆ بەردەوامبونی کارەساتەکە ، لەو روانگەیەوە کە تێگەیشتنی پرسیار نیوەی وەڵامە ، هەر کێشەیەک یان کارەساتێک ، ئەگەر بە تێگەیشتنەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت ،ئەوا زیانەکانی کەمتر ئەبێت و بگرە ئاسەوارەکانیشی بنەبڕ دەکرێت، زانین نیوەی چارەسەرە هەر وەک چۆن دەستنیشانکردنی نەخۆشی لەلایەن پزیشکەوە نیوەی چارەسەرە و دەرمانیش نیوەکەیترێتی .

لەم باسەدا هەوڵدراوە کە سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی پێناسەی جینۆساید بکرێت ،پاشان بەکورتی ئاماژە بۆ جینۆسایدی میللەتی کورد کراوە.

وا بە باش زانرا کە قۆناغەکانی جینۆساید دیاری بکرێت و لەسەر هەر قۆناغێک رونکردنەوەیەکی کورت پێشکەش بکرێت ، ئینجا ناوۆڕۆکی باسەکە دەستپێئەکات کە جینۆسایدی مۆدێرنە ، مەبەستیش ئاماژە کردنە بۆ ئەو دیاردانەی ئەمڕۆ لەپێشچاوی هەمو کەسە و بەڵام کەم کەس درکی پێئەکات و ئە کەمانەش کە درکی پێئەکەن ،تارادەیەک بە نامۆیی و هەندێ جاریش بە نەفامی و بێئاگاییانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەکەن .

دوا بەشیش ئەو ئەنجامانەن کە نوسەر لە ئەنجامی باسەکەی پێیگەیشتون .دواتر سەچاوەکان ڕیز کراون.

ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایان و مێژونوسان و زانایان پێناسەی جینۆسایدیان کردوە ،بەڵام هیچکامیان نەیانتوانیوە وەک ئەو میللەتانە ،کە خۆیان جینۆسایدیان پێکراوە ، بەتەواوی پێناسەی پڕ بە پێستی خۆی بۆ بکان .

یەکەمین جینۆسایدی سەدەی بیستەم ساڵی (١٩١٥-١٩١٨) لەلایەن تورکەوە، بەسەر ئەرمەنییەکاندا ،ئەنجامدرا. ساڵی (١٩٨٠) شدا ،کارەساتی ئەنفالی بەدناو ،لەلایەن ڕژێمی

(صدام حسين) ەوە ،دژی میللەتی کورد ،ئەنجامدرا، کیمیاوی و گازی خەردەل و گازی سارین و ئەعساب و هەندێکی تریش.......

ئەمەو چەندین کارەساتیتری هاوشێوە ، بە درێژایی مێژو ،ڕویداوە ،هەموی بە ئاشکرا ئەنجامدراون و لەلایەن خەڵکەوە بیستراون و بینراون ،ئەم باسەی ئێمە هەوڵدانێکە بۆ خستنەڕوی ئەو جینۆسایدە هێواش و نەبینراو و نائاشکرایەی لەسەر هەمو مرۆڤی ئەم سەرزەمینە ئەنجامدەدرێت .

ئەم جینۆسایدەش چەند جۆرێکە ،جۆرێکیان بە بێئاگایی بەسەر مرۆڤدا سەپێنراوە ،بە پلانێکی زۆر بە زیرەکانە داڕێژراو ،لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە ،جۆرێکیتریان بەئاگاوە لەلایەن سەرۆکی وڵاتە چەوساوەکانەوە بە ناچاری جێبەجێئەکرێت .

جۆریکیشیان پلانی وڵاتە خزلهێزەکانە و بەشێوەیەک داڕێژراوە کە خەڵکی وڵاتە قوربانییەکان خۆیان بەبێ ئاگا و بەناچاری جێبەجێی ئەکەن .

ئەو جۆرانەی ئاماژەمان بۆ کردن و چەندین جۆریتریش لە جینۆسایدی مۆدێرن ، ئەمڕۆ بەسەر هەمو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستان بە تایبەتیدا ،سەپێنراوە .

(Population Reduction Organization) ڕێکخراوێکی ئۆرگانی نێودەوڵەتییە ،لە ژێر ناوی پاراستنی مرۆڤ و تەندروستی مرۆڤدا و لەژێر ڕۆشنایی بیروڕاو بۆچونی چەند زاناو شارەزایەکدا ،ئەو جۆرە جینۆسایدە ،پراکتیزە ئەکەن ، و بەڕای ئەوان ئەمڕۆ گونجاوترین گۆڕەپان بۆ بە دیهێنانی مەبەستەکانیان ،وڵاتە پڕ سامانە سروشتییەکان و ئیسلامەکانەوە ،کە زۆربەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و بە وڵاتەکانی جیهانی سێیەم ،ناودەبرێن .کەواتە لەپشت کارو بڕیارەکانی ئەم ڕێکخراوەوە ،کۆمەڵێک هۆکاری ئاینی و سیاسی هەیە کە لە درێژەی باسەکەدا ئاماژەی پێئەکەین .

زۆربونی بێسنوری ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوی ،هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ دامەزراندنی ئەمجۆرە ڕێکخراوانە ، بەڵام نەفامی و ناهۆشیاری مرۆڤ هۆیەکی سەرەکیترە بۆ دیاریکردنی سنوری جێبەجێکردنی پلانەکانی ڕێکخراوەکان .

کەواتە تاکە چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ئەمجۆرە جینۆسایدانە ، هۆشیاری و ڕۆشنبیری وزانستە ، نمونەش وڵاتی جاپانە ، لەدوای کوشتنە بە کۆمەڵەکەی بۆمبی ئەتۆمی هیرۆشیما و نەکەزاکی .

**جینۆسایدی مۆدێرن** Modern Genocide

**جینۆساید :**

هەر لە سەردەمی کۆنەوە، لە زەمانی (هابیل و قابیلەوە) ەوە، مرۆڤ، مرۆڤی کوشتوە، تەنانەت برای خۆشی، و لە بەر هەر هۆیەکیش بووبێت ، هەر ئەم هێزە شەڕەی لە هزری مرۆڤێکدا هەبووە، بووە بە هێزی گەورەتر و لە هزری کۆمەڵدا و بە جۆری جیاجیا پراکتیزە کراوە. زاراوەی (Genocide) پێش ساڵی (1944) بوونی نەبوە، ئەم زاراوەیە واتایەکی زۆر تایبەتی هەیە

كە ئاماژە بە كوشتن و لە ناوبردنی كۆمەڵێكی دیاریكراو دەكات، لە ناوبردنێكی تەواو، بە واتای نەمانی هیچ مرۆڤێك لەو كۆمەڵە، جا بەهەر هۆیەک بێت و لەبەر هەر هۆیەک بێت.

ژمارەیەكی زۆر لە فەیلەسوف و زانا و مێژونوس و رۆژنامە نوس(•)، پێناسەی جینۆسایدیان كردوە، بەڵام باشترین و تەواوترین و روونترین پێناسە ئەوەیانە كە لەلایەن كەسێكەوە كرابێت كە خۆی و گەلەكەی تراجیدیاكەیان بەسەردا هاتبێت و بوبنە قوربانی. هەر بۆیە لە ساڵی (1944) دا، پارێزەر و یاساناسی هۆڵەندی بەڕەگەز جو، هەوڵیدا كە پێناسەیەک بۆ سیاسەتی نازییەكان بەرامبەر جوی ئەوروپا، دابنێت لە دوای ئەوكۆمەڵكوژییەی جوەكانی ئەوروپا دوچاری بون ، لە ئەنجامدا زاراوەی( Genocide)ی داهینا لة ریكەی لیكدانی وشەی(Geno) یۆنانی بەواتای ( كۆمەڵ، هۆز، خێل، ڕەگەز) لەگەڵ وشەی (cide) ی لاتینی بە واتای (كوشتن)، كاتێك (رافائیل) ئەم زاراوەیەی دانا، لەو ڕوانگەیەوە بو كە جینۆساید دانانی پلانێكی ڕێكوپێكە لەسەر بنەمای ڕوخاندن و لەناوبردنی بناغە سەرەكییەكانی ژیانی ئەندامانی كۆمەڵێك بە تەواوی.

دوای ساڵێك لە هەوڵەكانی ڕافائیل، دادگای سەربازی نێودەوڵەتی لە (تورمبرگن) تاوانی ئەو بە كۆمەڵكوژییەی دایە پاڵ گەورە سەركردەكانی ( نازییەكان ) و بە (تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی) لە قەڵەمیدا.

هەوڵە بەردەوامەكانی پاش كۆمەڵكوژییەكەی (هۆلۆكۆست – Holocost) – بوە هۆی ئەوەی كە نەتەوە یەكگرتوەكان ریكەوتننامەیەک واژو بكات. لە (9)ی دیسەمبەری (1948)، و تیایدا (كۆمەڵكوژی) بە تاوانی نێودەوڵەتی، لە قەڵەمدرا؛ و بڕیاری قەدەغەكردنی لەو وڵاتانەدا كە واژۆی ڕێكەوتننامەكەیان كردبو، هەروەها بڕیاردرا بە سزادانانی هەر لایەنێكی بەشداربو، لە كاتی سەرپێچی كردنیان بۆ ئەم بڕیارە *1* بەڵام مێژو نیشانمان ئەدات كە پاش ئەم ڕێكەوتننامەیە، چەند جارێك كاری كۆمەڵكوژی دوبارە بۆتەوە، كە میلەتی كورد پشكی شێری تیادا هەبووە (ئەنفال، هەڵەبجە، بارزانییەكان، فەیلیەكان ، ... هتد)

جینۆساید، بە هەوڵدان بۆ بنبڕكردنی سیستماتیكەو بە مەبەستداری، بەشێكە یان تێكڕای ئەندامانی گەلێكە، ڕەگەزێكە، نەتەوەیەكە، یان گروپێكی ئایینی یان سیاسی، دەوترێت. (جۆزێف كونراد) بە لوتكەی تاریكی پێناسەی دەكات، (ئادەم جۆنز) یش، بە وشەیەكی زۆر ترسناک ناوی ئەبات كە هەستی كەمی و نائومێدی بە مرۆڤ دەبەخشێت.*2*

.................................

- 1984 - yahuda Bauer
  1987 - I sidor Wallimann
  1988 - Henry Huttenbaeh
  1988 - Helen Fein
  1990 - Frank chalk and
  1990 - Kurt Jonassohn
  1993 - Helen Fein
  1994 - Steven T. Katz
  1996 - Irving Louis Horowitz
  2003 - Barbara Harff.

**1*** لە نێوان ژەهر و ئومێددا، روخۆش عەلی، **2012**، چاپی یەكەم

**2* The origins of Gen** ، جۆنز، **2004**، لا **2**

بە کۆمەڵ کوشتنی گروپێکی تایبەت، لێدانی زەبری توندی دەرەکی یان دەرونی، گوشار خستنەسەر گروپێکی دیاریکراو بە مەبەستی بنبڕکردنیان؛ دابڕانی ئەندامانی کۆمەڵێک و دوورخستنەوەیان لە یەکتر، بە مەبەستی فەوتانیان و پێشگرتن لە زاوزێ گروپێکی تایبەت؛ ئەمانە جینۆسایدن.

جینۆساید نەک هەر کردەوەیەکی نا مرۆڤانەیە بۆ پاکتاوکردنی جەماوەری نەتەوە یان ڕەگەز یان ئایین، بەڵکو تاوانێکی گەورە و زەبرێکی توندە لە لایەن تاوانبارەوە، لە کۆمەڵی مرۆڤ، دەدرێت.

جۆرەکانی جینۆساید بریتیین لە کوشتنی جەستە (گولەباران کردن ، بەکۆمەڵ لە سێدارەدان ، هێرشی سەربازی ، بە کۆمەڵ کوشتن، هەروەها دڕندەترین شێوازیان بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئەتۆمی، خەردەڵ... هتد.

زۆر نەتەوە جینۆساید کراون، بەناو بانگترینیان , پاکتاوکردنی بە کۆمەڵی خەڵکی رەسەنی هەردو ئەمەریکایەکە، ئەرمەنییەکان، یۆنانییەکان، ئاشورییەکان، سربەکان، هۆلۆدۆمۆر، بەنگلادشییەکان، کەمبۆرییەکان، گوایتمالییەکان، بۆسنییەکان، کورد، و رواندییەکان.

قوربانییەکی زۆر لە ئەنفال کەوتەوە و ئیتر قوربانی گەیشتە لوتکە لە ساڵی هەشتاکاندا، کە ئەم کۆمەڵکوژیەی دووەم تەواوکەری ئەنفالی یەکەم بو. بەڵگەنامەکانی دوای ڕوخانی بەعس، قوڵایی و بەربڵاوی هێرشەکانی ئەنفال دژی گەلی کورد، ئاشکرا دەکات. بەرپرسانی رژێمی بەعس پلانی گۆرینی دیموگرافی(Demography) باشوری کوردستانیان دانابو، بێجگە لە کوشتاری سیستماتیکی و گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە سەرتاسەری عێراقدا. کیمیا بارانی هەڵەبجە کە (5000) خەڵکی سڤیلی بێتاوان بونە قوربانی، ئەمەش دیسان بەشێک بو لە پرۆسەی جینۆسایدی ڕژێمی بەعس دژ بەگەلی کورد کە کەوتە پەراوێزی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانەوە.

پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان و قازانجی سیاسی وڵاتە زلهێزەکان کە هەر یەکەو بە جۆرێک لە شەڕەکەدا تێکەڵ بون، بوونە لەمپەر لەوەی کە ئەو کوشتارە ئاشکرایە بە جینۆساید لە قەڵەم بدرێت و بکەرانی کوشتارەکەشی،بڕیاردرا سزا بدرێن. سزاکەش لە سنوری ئەوەدا بو کە هەندێک لەو کۆمپانیایەی کە کەرەسەی کیمیاوییان بە ڕژێمی بەعس فرۆشتوە. دۆسێکانیان خراونەتە دادگاکانی ئەڵمانیا و یەکیەتی ئەوروپا.

کورد زۆرجار جینۆساید کراوە، دوا جینۆسایدیش، جینۆسایدی کوردە ئێزەدییەکان بو؛ گەورەترین کۆمەڵکوژی ئەم ساڵانەی دوایی بو کە تا ئیستا تەواو نەبوە و بە هەموو شێوەکانی بەردەوامە. لە ناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەپێندرا بە سەر کوردا، بەڵام هیچ یەک لە وڵاتە عەرەبەکانی دراوسێ و دەوروبەر نەهاتنە قسە و هیچ هەڵوێستێکیان نیشان نەدا, هەر یەکە و لە بەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی.

شارەزایان و پسپۆرانی بواری جینۆساید، دە قۆناغیان دیاری کردووە، بۆ بە ئەنجامدانی جینۆساید، لە وانەیە ڕودانی هەمو قۆناغەکان حەتمی نەبێت لە کات و شوێنی ئەنجامدانی جینۆسایدەکەدا، چونکە ئەگەری هەوڵدان هەبێت بۆ پوچەڵ کردنەوەی قۆناغێک یان زیاتر لە لایەن لایەنە زوڵم لێکراوەکەوە.

قۆناغەکانیش بە دوای یەکدا، ئەمانەی خوارەوەن :

1- پۆلێنکردن Classification .
2- دەستنیشان کردن Symbolization .
3- جیاوازی کردن Discrimination .
4- لە مرۆڤایەتی خستن Dehumanization .
5- ڕێکخراوی Organization .
6- دور خستنەوە Polarizations .
7- ئامادەکاری Preparation .
8- سەرکوتکردن، چەوساندنەوە Persecutions .
9- لەناو بردن Extermination .
10- -نکوڵی، ڕەتکردنەوە Denial .[(1)]

ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید لەناو کۆمەڵی دواکەوتودا ئاسانترە ، بە تایبەتی لە کۆمەڵێکدا کە هەمە ڕەگەز و هەمە ئایین و هەمە نەتەوەدا ، کە ئەم هەمە جۆرییە بووبێتە هۆی درووستکردنی ململانێ ، دەروونناسەکان دەڵێن ئەمە یەکەم قۆناغە بۆ دەستپێکی جینۆساید، نمونەشی زۆرە وەکو : ئەڵمانیا وجولەکە ، هۆزەکانی ڕواندا ، توتسی و هوتر ، کورد و عەرەب ، کورد و فارس ، کورد و تورک ... هتد . ئەمە لە کاتێکدا یەکێکە لە نەتەوەکان خۆی بە باڵادەست دەزانێت و ئەوانی دیکە بە لەخۆی نزمتر دەزانێ و هەر بۆیە دەیانچەوسێنێتەوە . یان ئایینی باڵادەست هەوڵ ئەدات ئایینەکانی تر بسڕێتەوە ، یان هۆزێک خۆی بە باڵاتر و جوانتر ئەزانێت و هۆزەکانی تر ئەچەوسێنێتەوە .

ئەگەر ڕۆشنبیری پێکەوە ژیان، لە ناو ئەو جۆرە کۆمەڵە هەمە جۆرەدا بڵاوکرێتەوە و هەوڵی لە یەکتر نزیکبونەوەیان، بدرێت، ئەوا کێشەی تێدا نامێنێت: بەڵام زۆربەی جار ئەم ڕێخستنە لە بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان نابێت بۆیە ڕێگری لێئەکەن. ئەم پۆلینکردنە لەسەر کورد پراکتیزە کرا دوای دەسەڵات وەرگرتنی ڕژێمی بەعس لە عێراق لە (17 /1968/7) دا.

ئەم ڕژێمەگرنگی زۆری بە عەرەبی ئەدا و میللەتی کوردی پشتگوێ خستبو. هەتا لە ناو عەرەبەکانیشدا گرنگی بە تیرەی خۆی و خزمەکانی زیاتر ئەدا، پاش ئەوانیش شیعە مەزهەبە عەرەبەکان.

لەگەڵ ئەمەشدا کە کورد هاونیشتمانی دوەمیش نەبو، هێشتا کوردە فەیلیەکانیش گومانیان لەسەر بو کە بە ڕەگەز ئێرانین و هەمیشە لە ژێر هەرەشەدا ون. دیسان لە دوای شکستی شۆڕشی 1975 پلانی ڕاگواستنی گوندە سنوییەکان و کۆکردنەوەیان لە ناو ئوردوگا زۆرەملییەکاندا، نمونەیەکی دیاری پۆلینکردنە.

دوای پۆلینکردن، قۆناغی دەستنیشانکردن دەستپێدەکات، ئەو پۆلانەی دەستنیشاندەکرێن، پێیان دەوترێت, ئەندامانی بە ئامانج گیراو جا بە هۆی ڕەنگ، ئایین، ڕەگەز، دەبێت و پاشان هێمایەکیان لە سەر دائەنرێت، بۆ نمونە : ئەڵمانیای نازی ئەستێرەیەکی زەردی لە سەرشانی جولەکەکان دائەنا، هەروەها لە کەمبۆدیا (خەمیری مور) ملپێچی شینیان دەکردە ملی قوربانییەکان، تاوەکوو بە جوانی بناسرێنەوە، جلوبەرگی زیندانییەکانی (گوانتانامۆ بەی) ،

........................................
1: دوكتور ناجح گوڵپی ، 16 ئازاری 2017

بەرگی پرتەقاڵی قوربانییەکان و زیندانییەکانی داعش.هەردو قۆناغی پۆلێنکردن و دەستنیشانکردن، زۆر سامناکن، چونکە لەم قۆناغانەدا مرۆڤەکان جیادەکرێنەوە لە کۆمەڵ، مافەکانی هاوڵایەتیبوونیان لێدەسێنرێتەوە و لە جێگەی ئەو نیشانەی ڕقلێبوونەوەیان پێدەبەخشن.

نمونەش لە سەر دەستنیشانکردن لە تاوانی جینۆسایدی کورددا دوای ڕاگواستن گوندە سنورییەکان بۆ ئوردوگا زۆرە ملییەکان، کە دەوریان گیرابو و ئازادی دەرچوونیان لێ زەوت کرابو، و بە پێی یاسای سەربازی هەر کەسێک لە دەرەوەی ئوردوگاکە ببینرایە، گولە باران دەکرا بەبێ دادگایی کردن.

هەرچی قۆناغی سێیەمە، قۆناغی جیاکارییە، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێ خاوەن دەسەڵات کە حوکمیان لە دەستە، هەمو یاسا و ڕێساکانی وڵات بە شێوەیەک دادەڕێژن کە تەنیا لە بەرژەوەندی خۆیان بەرامبەر بە زەوتکردنی مافی کەمینە لاوازەکان. ئەم جیاکارییەش لایەنی کایەکانی ژیان ئەگرێتەوە :لە ڕوی ئابوری و بازرگانی و ڕۆشنبیرییەوە، لە لایەن دەسەڵاتەوە قۆرخ دەکرێت و لە روانگەی (ئێمەی بەهێز و ئەوانی لاواز )ەوە، لاوازەکان دەچەوسێنرێنەوە. بۆ نمونە : بێبەشکردنی کەمینە ئیسلامییەکانی بورما لە ناسنامە، بێبەشکردنی کورد لە ناسنامە و ڕەگەزنامە لە وڵاتی سوریا و بێبەشکردنی کوردی فەیلی لە ڕەگەزنامەی عێراقی لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا.

قۆناغی داماڵین لە مرۆڤایەتی، جۆرێکی ترە لە ئازاردانی مرۆڤ، لە ڕێگەی دروستکردنی سیستەمێکی فیکری گونجاو بۆ لاینگرانی خۆیان (کە تاوانباری جینۆساید) ن بۆ هاندانی بیری جینۆسایدی دژ بەو کۆمەڵەی کراون بە ئامانج، لە ئازادەکان و دەستگیرکراوەکان و ئەوانەش کە لە کەمپی زۆرەملیدا دانراون.

لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی ئێمە باش و هەڵبژێردراو و پاک خاوێنین، بەڵام ئەوان پیس و خراپ و دواکەوتون ... بە مەبەستی سوککردنیان لە چاوی خەڵکانی ناو هەمان کۆمەڵگا تاوەکو وەک ئاژەڵ و مێرو سەیر بکرێن و لە سەر ئەو بنەمایە هەڵس و کەوتیان لە گەڵ بکەن. بەم شێوەیە وردە وردە هەرچی سیفاتی مرۆڤایەتی هەیە لێیان دادەماڵن و ئەگەر واش نەبن وردە وردە وایان لێدێت.

نمونەی ئەم قۆناغاش لای کورد ئەوە بوە کە ڕژێمی بەعس لە هەمو دەزگاکانی ڕاگەیاندا ناوی کوردی بە (مخرب، خائن، عصاة، جيب العمل) واتە : تێکدەر، خۆ فرۆش، یاخی بو، بەکرێگیراو . ئام وشانە تا ئێستا لە گوێی زۆربەی عەرەبی بێ ویژداندا دەزرنگێتەوە، بۆیە ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە هاتونەتە کوردستان ، بازرگانی ئەکەن، باشترین ڕێگە و شوێنیان هەیە، ئەخۆن و ئەنون بە ئاشتی بەڵام هێشتا پێیان کەمە فێری زمانی کوردی ببن.

هەر ڕژێمی بەعس بۆ هانی مێژونوسە بێویژدانەکانی دەوروبەری خۆی ئەدا کە کتێب بڵاو بکەنەوە لە سەر مێژووی کورد تاکو ڕەگەزی کورد بگەڕێنەوە بۆ جنۆکە، نەک مرۆڤ. بێجگە لەوەی هەر کەسێک لە شتێک تێنەگەیشتایە لە باتی پێنی سێلێن، (تۆ کەریت) ئەیانوت (بۆ تا تێناگەیت، بۆچی تۆ کوردیت؟)

لە توركیاش بە شۆڕشگێڕە كوردەكان دەوترێت تیرۆریست، و مەلاكانیشیان فەتوای كافربونی كوردیانداوە.

**قۆناغی ڕێكخستن:**

بەرنامە ڕێژی دەسەلات بەرانبەر كەمایەتییەكان، بە شێوەی ڕێكخراو ئەنجام دەدرێت بە تایبەتی لەو ولاتانەدا كە فرە نەتەوە و ئایینن بۆ ئەوەی تاوانەكە نەچێتە ئەستۆی دەسەلات. لەم ولاتانەدا دەسەلات هەلئەسێت بە ڕێكخستنی گروپ كە لە كەمایەتییەكەن و، بەلام بە ڕێنمایی دەسەلات و لە بەرژەوەندی ئەو كار دەكەن، دژ بە نەتەوە یان ئایینەكەی خۆیی، نمونەش چەكدارەكانی جەنجەوید لەدار فور ولای خۆیشمان ئەو كوردانەی لە لایەن ڕژیمی بەعسەوە چەكداركرابون بۆ ئەوەی دژی خەلكی كوردستان و پێشمەرگەكانیان چەكەكانیان بەكار بهێنن، كە بە (جاش، خۆفرۆشی) ناودەبران چونكە بەشداری تاوانی كارەساتی ئەنفالیان كرد.
هەروەها ئەوان بون بەشدارییان ئەكرد لە هێنانی پاسەوانی كۆماری بۆ دەستگیركردنی خەلكی سیڤیل لە بەرزاییەكان و لە ناوچەی قوشتەپەو بەحركە و حەریر و دیانا. نمونەی تر زۆرە,بەلام لێرەدا ئەوەندەمان بە باش زانی.
قۆناغی دوورخستنەوە، شەشەمین قۆناغە كە بلاوكردنەوەی پڕوپاگەندەیە بە جۆرێك كە خەلك ئەخاتە ئەو باوڕەوە كە تاوانی كۆمەلكوژی لە كاتێكی زۆر نزیكدا ڕو ئەدات، لێرەدا دەسەلات تاوان و خیانەت ئەداتە پال كۆمەلێ زولم لیكراوە و یاسای تایبەت دائەنێ بۆ قەدەغەكردنی ژن هێنان و تێكلاو بون و هاتوچۆكردن لەگەل گروپێكی دیاریكراودا و لە هەمان كاتدا تیمی تایبەت دەردەكات بۆ پشكنین و گەڕان بە دوای چەك دا لە مالی ئەوگروپەدا بۆ ئەوەی كاتێك دەسەلات دێتە سەریان و پەلاماریان ئەدات، نەتوانن بەرگری لە خۆیان و خیزان مال و مولكیان بكەن ئەمانە هەوی ئەبنە هۆی ئەوەی خەلك بە چاوێكی سوك سەیریان بكات، نمونەش لە كوردستان، پێشمەرگە و كەس و كاریان بو.
ڕژیمی بەعس هەر پێشمەرگایەتی نەكەوتایە بەردەست، دەكەوتە سوكایەتیكردن بە كەس و كاری یان زیندانیكردنیان و یان دور خستنەوەیان بە هێزی سەربازی و بێ هیچ شتێك لە پێویستییەكانی ژیان و بێ پارە، دەیانگواستەوە بۆ باشوری عێراق و لەوێ فڕێیان ئەدان، و عەرەبی ئەو ناوچانەش باوەڕیان بە پرۆپاگەندە خراپەكانی ڕژێم هەبو، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایەش هەلسوكەوتیان لەگەل ئەو كوردانە دەكرد و بەچاوی سوك سەیریان ئەكردن.
قۆناغی ئامادەكاری، لەم قۆناغەدا، بۆ ئەنجامدانی تاوانە كە سەركردەكانی تاوان هەولی پاساو هێنانەوە بۆ تاوانەكەیان، ئەهێننەوە لە ڕێگەی پاكتاوی ڕەگەزیی، پاكتاوی پاككردنەوە، بەڕەنگاربونەوەی تیرۆر، ... هتد.
لە ژێر دروشمی (پرۆپاگەندەی ئەگەر ئێمە ئەوانمان نەكوشتایە، ئەوان ئێمەیان دەكوشت) تاوانەكەی خۆیان ئەنجامئەدەن.
گوایە گروپی زولم لێكراو دەستپێشخەر بوە لە هێرش كردندا بۆ سەر دەسەلات , لە دەزگای ڕاگەیاندنەكانی دەسەلاتیشەوە قسەی تۆقێنەر لەسەر ئەو گروپە زۆلم لێكراوە، بۆ خەلكی

ئاسایی بڵاوئەكرێتەوە، نمونەش لە جینۆسایدی كورددا، ئەنفالكردن و ڕاگرتنیان بو لە كەمپەكانی(قۆرەتو، تۆپزاوە، نوگرە سەلمان و قلای نزاركی.

سەركوتكردن قۆناغێكی تری جینۆسایدە، لەم قۆناغەدا دەسەڵات قوربانییەكان بە پێیی ڕەگەز و تەمەن جیادەكاتەوە و لە یەكیان ئەترازێنێت، ژن بە جیا و پیاو بە جیا و منال بە جیا و پاش زەوتكردنی ماڵ و زێڕ سامانیان. و نیشتەجێكردنیان لە شوێنی جیا جیا، و چەوساندنەوەیان و برسی كردنیان بۆ ئەوەی نەخۆشیان لە ناودا بڵاوبێتەوە و خۆیان وردە وردە بمرن و بە مجۆرەش دەنگە و ڕەنگی ئەو گروپە زوڵم لێكراوە، سەر كوت ئەكرێت.

قۆناغی لە ناوبردن , سەرەتای قۆناغی لە ناو بردن یان قەلاچۆكردن زۆر بە خێرایی دەگۆڕدرێت بۆ كوشتنی بە كۆمەڵ، چونكە بكەرانی تاوانەكە ئەو گروپەیان بە مرۆڤ لە قەڵەمنەداوە و پێیان وایە كە ئەم گروپە شایانی ژیان نین بە پێی یاسا.

زۆر جار دەسەڵات، بە هاوكاری هێزی سەربازی یان دەستەی چەكداری تایبەت و ئامادەكار و بۆ ئەو مەبەستە، جینۆساید دژی گروپێك ئەنجامدەدات، كە هەندێك جار گروپی زوڵم لێكراو بۆ تۆڵە سەندنەوە لە ئەنجامدەرانی جینۆساید، هێرشی بەرامبەر دەكات و لە ئەنجامدا ژمارەیەكی یەكجار زۆر لە هەر دو لایەن لە ناودەچن.

ئەم كردەوەیە، پیشانی ئەدات كە چۆن مرۆڤ لە مرۆڤایەتی و لە مرۆڤبون، ئەخەن و جۆرێك دوای تەواو بونی كوشتار جەستەی كوژراوەكانیش ئەشێوێنوێت، و شوێنە پیرۆز و ئایینیەكان و ڕۆشنبیرییەكان، هەمویی وێراندەكرێت ، تەنانەت شوێنە مێژووییەكانیش، شتە گرنگەكانی دەدزرێن و ئینجا كاولدەكرێت.

دوا قۆناغیش نكۆڵیكردنە ؛ لەم قۆناغەدا تاوانبارانی جینۆساید، هەموو توانایان دەخەنە كار بۆ شاردنەوە و سڕینەوەی پاشماوەی هەمو تاوانەكانی لە قۆناغەكانی پێشتردا، ئەنجامیانداوە ، وەك : شاردنەوەی جەستەی قوربانییەكان لە شێوەی گۆڕی بە كۆمەڵدا، یان سوتاندنی لاشەكان و فڕێدانیان بۆ ناو دەریا، و تۆقان و هەڕەشە و دواتریش، كوشتنی شاهێد حاڵەكانی كارەساتەكە.

ئەم تاوانانەی جینۆساد كە بە درێژایی مێژو ئەنجامدران، كەمێكیان نەبێت هیچیان نەدراون بە دادگای نێودەوڵەتی، ئەو كەمەش كە كەیسەكانیان دراون بە دادگی نێودەوڵەتی ، تا ئیستا شتێكی ئەوتۆیان بۆ نەكراوە.

**بەشی دوەم:**

ئەو جۆرە جینۆسایدەی ئاماژەمان پێكرد و قۆناغەكانیمان بە كورتی خستە ڕو تا ئێستا، ئەتوانین ناوی بنێین (جینۆسایدی كۆن یان تەقلیدی) ، ئەوەی لە مەودوا باسی ئەكەین (جینۆسایدی نوێ یان مۆدێرن) ە.

سەرەتا پێویستە بزانین مەبەست چییە لە زاراوەكە : – مەبەست ئەوەیە كە تاوانی جینۆساید لە گەڵ ئەوەشدا كە دادگای نێودەوڵەتی بڕیاری قەدەغەكردن و دادگایی كردنی بكەرەكەیان داوە،

بەلام جینۆساید هەر بەردەوامە، بەلام لە بەرگێکی نوێدا خۆی دەردەخات , کە لە گەڵ زەمانی تەکنەلۆجیا وعەولەمەدا گونجاو بێت.
جینۆسایدی مۆدێرن ئەگەرچی زاراوەکە واتای پلانی نویَ ئەگەینێت بەلام لە زۆر کۆنەوە کاری بۆ کراوە بە پاساوی جیاواز لە جینۆسایدی کۆمەڵکوژی.
ئەگەر پاساوی کۆمەڵکوژی پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، پاکتاوکردن رەگەز، ئایین یان رەنگ بوبێت، ئەوە پاساوی جۆری دوەم لە کۆمەڵکوژی زۆر بونی بێ ئەندازەی ژمارەی مرۆڤە لە سەر زەوی.
وەک پێشتر وتمان، مێژوی جینۆسایدی مۆدێرن زۆر کۆنە، بەلام پێشتر مەبەست و رێچکەی جیاواز بو و هەروەها لە ژێر پەردەی کۆنترۆڵکردنی ژمارەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی بو، بەلام وردە وردە رێچکەیەکی تری جیاوازی دور لە مرۆڤایەتی گرتەبەر.
مێژووی کێشەی زۆر بونی دانیشتوان دەگەرێتەوە بۆ سالآنی (1834- 1766) دا ،کاتێک Thomas (Robert Malthus) زانای ئینگلیز، بیردۆزەکەی، بە ناوی
(Malthusion Theory of Population) دانا و بڵاویکردەوە.
تیایدا ترسی خۆی پیشان ئەدات بەرانبەر زۆربونی ژمارەی دانیشتوانی سەرزەوی، بە پلەیەک کە لەوانەیە سامانە سروشتیەکان بەشی هەمو مرۆڤەکان نەکات , ئەگەر ئەم زۆربونە بەردەوام بێت.
سالتۆسی کێڵگەی کارکردنی لە بواری ئابوری سیاسی و دانیشتواندا بو. لە زانکۆی Jesus (College) کامبرج سالّی (1784) خوێندنی تەواو کردوە پەیوەندی لەگەڵ زانا فەیلەسوفەکاندا هەبو، ناودارترینیان (جان جاک رۆسۆ) بوو. ئەم زانایە کە بیردۆزەکەی خستەرو، هەرایەکی زۆری لەسەر پەیدا بو. لە گەڵ ئەوەشدا کە کەسانێکی زۆر ناوەرۆکی بیردۆزکەیان رەتکردەوە، بەلام بە دوای ئەوەدا زانایانێتر لەسەر ئەم بابەتە زۆر لێکۆڵینەوەی تریان کرد. بگرەچەندین رێکخراوی جیهانی لە سەر رێچکەی ئەو دامەزرێنران، وەک :
(Population Connection – Americas Voice For population Stabilization) ، 1968
ئەندامانی ئەم رێکخراوە گەیشتە( 500000 )پێنجسەد هەزار ئەندام لە هەمو ولآتانی جیهانەوە.
هەروەها رێکخراو ( زیادبوونی نێگەتیڤی دانیشتوانی سەرزەوی ) کە رێکخراوێکی ئورگانیە لە (1964) دامەزێنرا، بۆ هۆشیار کردنەوەی خەڵک لە ئەمەریکا.
مەبەستی ئەم رێکخراوە ، بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری تاک بو ، لەروی چۆنیەتی کەمکردنەوەی زاوزێ ، تاوەکو ژمارەی دانیشتوانی سەرزەوی زیادبونی لەپڕ بە خۆیەوە نەبینێت ، بەرادەیەک کە سامانە سروشتییەکان بەشیان نەکات بە پلەیەک کە نەخۆشی و برسییەتی بلاوبێتەوە .
لەو روانگەیەوە کە خەڵکی تێگەییشتو یارمەتی جێگیربونی ژمارەی دانیشتوان ئەدەن . (1)
رێکخراوێکی تر کە بەناوی وشیاری تەندروستییەوە ، دامەزرێنراوە ، زۆربەی زۆری ولآتانی جیهان ، ئەندامن تییایدا (Population reduction organization) .

..................
1: سایتی www. Npg. Org , 201

بە ڕوكەش هەمو ئەو زانا و فەیلەسوفانەی ڕێكخراوەكە لەسەر بیروڕایان كار دەكات ، بەو ڕێچكەیە كار دەكەن كە هەوڵەكانیان بۆ هوشیاری تەندروستی مرۆڤ و ڕاگرتنی زیادبون یا هەڵاوسانی مرۆڤی درووست بێت ، بەڵام ئەوەی دەر ئەكەوێت ، ئەم ڕێكخراوە چەند ئەركێكی تری خستۆتە ئەستۆی خۆی ، ئەویش دانانی پلان بۆ كەمكردنەوەی ژمارەی مرۆڤ لەسەر ئەم پلانەیە . پلانەكانیان جینۆسایدی بەخشكەییە لەهەر ناوچەیەك بیانەوێت و لەبەر هەر هۆیەك دەست پێ بكەن ، چەند بناغەیەك دائەنێن و دەست پێ ئەكەن ، بەڵام بە شێوەیەكی زیرەكانە و پلانێكی ژێر بە ژێری نادیار وا لە خەڵكی ئەو ناوچەیە ئەكەن كە خۆیان هەڵسن بە ئەنجامدانی ئەوەی ماوە ، لە پلانی جینۆساید .

كەواتە جینۆسایدی مودێرن ئەو پلانە جیهانییە نهێنییەیە كە لە هەمو دونیادا زۆر تاكەم پەیڕەو كراوە ، بەڵام لەو وڵاتانەدا كە بە (وڵاتانی جیهانی سێ) یان (دول النامیه) ناسراون ، خێراتر كار دەكات و پلانەكە بە پێی پێویست لە لایەن وڵاتە زلهێزەكان و وڵاتە قوربانییەكاندا ، جێبەجێ ئەكرێت .

نەبوونی وشیاری و نزمی ئاستی رۆشنبیری مرۆڤی ساكار ئەهێنێتە بەرهەم ، مرۆڤی ساكاریش وەك هەویر وایە ، هەر شێوەیەك ئارەزووت لێبێت ، لێی دروست دەكەیت , لە كاتێكدا لە ولاتانی پێشكەوتوودا كات و پارە و وزەی زۆری ئەوێت .

بیردۆزی مالتۆز لە سەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، توماس رۆبێرت ماڵتۆز ئەو زانا ئینگلیزییە بو كە بە دواداچونی بۆ زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوی دەكرد، ئەم بیردۆزە دواخستنی ژن هێنانی وەكو چارەسەرێك بۆ كەمكردنەوەی ژمارەی دانیشتوان داناوە.

بۆ نمونە : وڵاتی ژاپون هەرچەندە قوربانی جینۆسایدی جۆری یەكەمی بۆمبی ئەتۆمی (هیرۆشیما و ناكازاكی)– ساڵی 1945/8/6 ، بەڵام بە زانست و زیرەكی و دانایی دەسەلاتدارانیان بە هوشیار كردنەوەی نەوەكان و بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبرییان ، زۆر ستەمە پلانی جینۆسایدی مودێرن بتوانێ پێی بوێرێت ، وەك چۆن بە وڵاتەكانی جیهانی سێ ئەوێرێت . ئەمرۆ ژاپون پێشكەوتووترین وڵاتی سەر زەمینە لە ڕووی تەكنۆلۆجیاوە .

(جولەكە) ئیسرائیل یەكێكی ترە لە قوربانیان جینۆسایدی تەقلیدی هۆلۆكۆست ، 20 / 1/ 1922 ، ژمارەی قوربانیانیان (9–11) ملیۆنە بەڵام ئەمرۆ ئەندامێكی كارای ئەو ڕێكخراوانەیە ، بەهێزترین وڵاتی سەر زەوینە لەڕووی سیاسەتەوە ، بۆیە ئەم پلانە لە ئیسرائیل زۆر سەر ناگرێت ، ئەمە لە لایێك ، لە لایەكی تریشەوە ، چونكە ئەم وڵاتە ئەندامێكی كارایە لەو ڕێكخراوانەدا ، هەوڵ ئەدات كەمترین زیانی بەر كەوێت ، لەوانەشە هەر هیچ زەرەمەند نەبێت ، چونكە زۆر هوشیارە.

**جۆرەكانی جینۆسایدی مودێرن :**

**1. بڵاوكردنەوەی نەخوێندەواری :**

چەمكی كۆنی نەخوێندەواری ، ئەوە بو كە مرۆڤێك نەیەزانی بنووسێت و بخوێنێتەوە ، بەڵام چەمكی نوێ ، ئامادەكردنی مرۆڤێك كە ئەزانێت بنوسێت و بخوێنێت بۆ ئەوەی ببێت بە خوێندەوار ، واتە ئاگای لە ڕوداوەكانی دەوروبەری نییە ، ئەگەر ئاگاشی لێبێت ، لێی تێ ناگات.

ئەمڕۆ ژمارەیەکی کەم نەخوێندەوار هەیە بە چەمکی کۆنی نەخوێندەواری ، بەڵام ژمارەیەکی زۆر هەیە بە چەمکی نوێ .

بڵاوبونەوەی ئەمجۆرە نەخویندەوارییە (2) ، بە دو لایەن جێبەجێ کراوە ، یەکێکیان ولاتە زلهێزەکان کە ناوچەیەک دیاری دەکەن و پلانی بۆ دادەڕێژن و سەرەتا بناغەی بۆ دا ئەنن ، دواتر لایەنی دوەم کە قوربانییەکانن ، خۆیان تەواوی ئەکەن جا بە ئاگاوە بێت یان بێ ئاگا .

بڵاوکردنەوەی نەخوێندەواری (2) لە وڵاتە دواکەوتوەکاندا زۆر ئاسانە ، چونکە خۆیان زەمینەیەکی باشیان ڕەخساندووە بۆ تاوانکارەکان .

ئەو وڵاتانەی فرەنەتەوە و فرە ئایین و مەزهەبن ، وەک وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، گۆڕەپانێکی فراوانن بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەشە لە پلانی جینۆسایدی مودێرن .

بۆ نمونە : لە وڵاتەکانی باکوری ئەفریقا بەربەر و عەرەب هەن ، ئیسلام و مەسیحی و جولەکە هەن ، شیعە و سوننەش هەن . لە وڵاتی شام دیسان کورد و عەرەب و دورزو هەن ، دیسان ئیسلام و دیان و جولەکە هەن . شیعە و سوننەش هەن .

هەمان دەستور لە عێراق و تورکیا و سوریا و ئێران و لوبنان هەروەها بونی عەرەب و (قبطی) و ...هتد ، لە میسر کە گەورەترین دەوڵەتی عەرەبییە ، پلانی تاوانبارەکان ، بە شەڕدان .

ئەم پێکهاتانەن ، کۆمەڵی مرۆڤایەتی کە خەریکی شەڕ و ئاژاوە و کوشتار بو ئیتر ئاگای لە هوشیاری نامێنێت ، وردە وردە ئەر ڕۆشنبیرییەی کە هەشە بیر ئەچێتەوە ، تەنانەت بەشداریش ئەکات لە شەڕەکاندا بە بێ ئەوەی بزانێت بۆچی شەڕ ئەکات . گوڵی ئەم پلانە ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆر وشیاری نامێنێت بەشێوەیەک هەرچیەکی پێ بڵێن بە بێ بیرکردنەوە جێبەجێی ئەکات ، لەهەمان کاتیشدا خەڵکێکی زۆر ئەکوژرێن ، لە ئەنجامدا ژمارەی دانیشتوان چەند زیاد ئەکات ئەوەندەش کەم دەکات لە هەمان کاتدا .

### (2) : هەژاری :

نەخوێندەواری و هەژاری لەیەک بدەن ، ئەمە کارەسات ئەخاتەوە . بڵاوکردنەوەی هەژاری پلانە ، ئەگینا ئەبێ پرسیار لە خۆمان بکەین ، چۆن وڵاتێکی پڕ لە سامانی سروشتی ئەبێ هەژار بێت ؟ ، ئاشکرایە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕە لە سامانی سروشتی ، هەر نەوتی سعودییە و وڵاتانی کەنداو ، ئەتوانێ هەمو جیهان بەڕێوە بەرێ . بە هەرزان کردنی نرخی نەوت هەژاری بڵاو دەبێتەوە ، بۆ نمونە : وڵاتە زلهێزەکان هەر جاری هێزێکی چەکدار درووست دەکەن هەر جارێ لەژێر ناوێکدا ( وەک : قاعیدە ، داعش ) کە هێرش ئەکەنە سەر بیرە نەوتەکانی هەندێ وڵاتی لاوازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پلانێکی ژێر بە ژێر بە ڕێکەوتنی لەگەڵ سەرۆکی ئەو وڵاتە لاوازانە ، ئەو هێزە چەکدارە هەمو نەوتەکە بە خۆڕایی دەبەن ، وڵاتە زلهێزەکان بەشی زۆری بۆ خۆیان دەبەن و بەشێکیش بۆ بەخێوکردن و دابینکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ ئەو چەکدارانە و لە ئەنجامیشدا نرخی نەوت لە جیهاندا دێتە خوارەوە و دانیشتوانی وڵاتی خاوەن نەوتەکە دوچاری هەژاری دەبنەوە و بۆ ئەوەی پێویستییەکانی ژیانیان دابین بکەن هەمو کارێکی خراپی وەکو بازرگانی بە قاچاخ و بە دەرمانی بێهۆشکەر و چەندین جۆری دەرمانی

